


Raman

# ڕامان RAMAN

134

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ساڵی سێزدە/تەمموزی ٢٠٠٨

خاوەن ئیمتیاز

شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر

ئازاد عەبدولواحید

بەڕێوەبەری هونەری

سەرکەوت وەلی

مۆتیف و پۆرتریت

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر - تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

خەت: محەمەد زادە
چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ / ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


● **سەروتار**

- داگیرساندنی مۆمی سێزدەمین ساڵەی تەمەنی ڕامان/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

- لەنێو دەنگی ڕەنگ بەدواتدا گەڕام/ زانا خەلیل/ 5
- ناڤێ دەلالێ من ئۆغرە/ خەلات ئەحمەد/ 7
- تیڤاڵی زەرد/ هاشم سەڕاج/ 8
- پڕ چاوانم وەرزی تازەم لە بۆ بێنە/ چنوور نامیق حەسەن/ 10
- یازدە شیعری سەرگۆن پۆڵص/ لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادی/ 12
- سیمای وەچەکانی مەولانا/ جەلیل کاکەوەیس/ 17
- پڵنگێک لە گەڤەجاڕدا/ سەعید سلێمانی/ 21
- ل شیشلیێ باران/ مگردیچ مارگۆسیان/ 27
- ڕاسپاردە/ ئازاد ئەرگوشی/ 30
- ڕووپۆشی مەرگە سوورەکە/ لە ئینگلیزییەوە: پشتیوان موبارەک کەریم/ 40

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ مامۆستا «کامیل ژیر»ی شاعیر و نووسەر/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 44
- دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەند «یەدوڵلای ڕەحمانی کرماشانی»/ ئا: دڵشاد خۆشناو/ 63

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- تەلیسمی ناو ئاوێنەکان/ سەلاح حەسەن پاڵەوان/ 67
- نیما یوشیج و دۆستێکی کوردی تاقانە/ ئامر طاهر/ 74
- ئەدەبیاتی ئیتاڵیا لە سەردەمی ڕێنیسانسدا (١٣٢١ - ١٦٠٠)/ لە فارسییەوە: حەمە کەریم عارف/ 80

● **وتار**

- هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک لە ژیان و جیهانی شیعریی فازڵ عەززاوی/ کەمال غەمبار/ 93

● **بیرەوەری**

- نالی و گۆرانی محەمەد عەبدولوەهاب و سیمینارەکەی سلێمانی/ مارف خەزنەدار/ 98

● **یاداشت**

- باسێکی ئەوین و تاریکی/ لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس/ 102

● **هزر و فەلسەفە**

- فەلسەفە و تیۆری ڕەخنەگرانە/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 114

● **مێژوو**

- هۆزی هۆرمزیار لە مێژوودا/ عەباس سلێمان سمایل/ 128

● **هونەر**

- یارییە خەونێک لە ڕەباتەوە بۆ زانستگەی کەمبریا/ د. فازیل جاف/ 132
- گەمە، یان ئامادەبوونەوەی یادەوەرییەکان/ وەهبی ڕەسووڵ/ 139
- گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 143

● **خوێندنەوەی کتێب**

- ڕێگا دوورەکانی چاومان/ سەباح ڕەنجدەر/ 148
- کتێبی ڕۆژی کورد لە مێژوودا و چەند تێبینییەک/ کەریم شارەزا/ 150

● **زاراوەسازی**

- بوای لێکسیکی/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 155

● **بەدواداچوون**

- ڕاست کردنەوەی چەند هەڵەیەک/ دڵزار/ 157

● **ئێستێک**

- کە دەمانەوێ گۆرانی بڵێین، دەبێ لە خۆمان بپرسین گۆرانی چییە؟/ ئەحمەد حەقناس/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# داگیرساندنی مۆمی سێزدەمین ساڵەی تەمەنی ڕامان

* ڕۆژی ١١/ ٦/ ١٩٩٦ و هەمـــــوو ڕۆژێکی وەک ئەو ڕۆژە بۆ هەر ساڵێک، گۆڤاری ڕامان دەبێ ئێستێکی تێدا بکات، ئنجا ئەو وێستگەی وەستان و ئێست کردنەمان بۆ «بەخۆداچوونەوە» بێ، یان بۆ دانیشتنێکی برایانە و دۆستانە بێ لەگەڵ ستافی کار و هەندێ لە هاوکارە دڵسۆزەکانی دەرەوەی ڕامان. ئەوەی جێی خۆشحاڵی و مایەی بەختەوەرییە بۆمان ئەم کۆبوونەوە فەرهەنگییە بۆ ئێمە لە هەموو ساڵێکدا هەست کردنە بە جۆرێک لە سەرکەوتن کە بە بۆنەی کۆتایی هاتن بە گەڕی ساڵێک و دەست پێکردنی ساڵێکی دی دەیکەین، چونکە بە لانی کەمەوە هەست دەکەین لە ماوەی ئەو ساڵەدا کە ئاوڕ بۆ دواوە دەدەینەوە ئێمە بۆ دواوە نەگەڕاوینەتەوە. لە ماوەی ئەو ساڵەدا کە چاومان لە ئاسۆ بڕیوە چەندین ناوی نوێمان لە هەموو بوارەکاندا پێشکێش کردووە، یان هیچمان پێ نەکرا بێ نەمانهێشتووە ڕامان پشتی بەر ئەرز بکەوێ، بەردەوامیش خۆمان بۆ گوڕ و تینی دەستپێکردنەوەیەکی نوێتر گورج کردووەتەوە و بە بەرنامەیەکی دیکەوە هاتووینەتە پێشەوە و لە قاڵبی بەرنامەیەکی نوێوە هاتووینەتەوە مەیدانی کار و لە پاش دەستنیشان کردنی خاڵە گەش و بەهێز و لاوازەکانمان و تاووتووکردنی نێوەڕۆک و تەکنیکی گۆڤارەکەمان چاومان لە داهاتوو و لەو ئاسۆ گەش و ڕووناکە ناترووکێنین.

* ئێمە لە کار کردنی خۆماندا لە ڕامان نەک هەر ساڵانە، بگرە لە هەموو ژمارەیەکی نوێدا هەست دەکەین یەکەمین ژمارەیە دەری دەکەین و ئەوەی پێشتر کردوومانە دەبێتە بەشێک لە ڕابردوومان، بۆیە بە نەفەس و حەماسەت و گەرموگوڕییەکی نوێوە قۆڵ و باسکی لێ هەڵدەماڵین و دەکەوینە کارکردن بۆ دەرکردنی ژمارەیەکی نوێ. هەموو ژمارەیەکی نوێ بۆ ئێمە لاپەڕەیەکی نوێ و کار و پرۆژەیەکی نوێیە، بۆیە سەرکەوتنی ئێمە نابێ بۆ کەسانی دی بە شکست حسێب بکرێ، ئەوەندەی سەرکەوتنی ئێمە تەواوکردنی کار و پرۆژەکانی دیکەیە کە لەم وڵاتەدا هەن، هەروەک چۆن شکستی ئێمەش هەرگیز سەرکەوتنی خەڵکانی دیکە نییە، ئەگەر شەرمەزاری نەبێ بۆیان.

* ئێمە لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ گۆڤارێکی ئازاد بووین و هەر بە ئازادیش دەمێنینەوە، بێجگە لە سانسۆری خودی خۆمان کە ویژدانمان تێدا کردووە بە دادوەر و سەرپشک، هیچ سانسۆرێکی دیکەمان بەسەرەوە نەبووە و نییە، واتە نە بە فلتەری حزب و نە فلتەری حکومەتدا تێنەپەڕیوین، بۆیەش ڕۆژ دوای ڕۆژ نووسەران و ڕۆشنبیران و خوێنەران متمانە و باوەڕی زیاتریان بە

**سەرنووسەر**

گۆڤارەکەمان قایم و پتەوتر دەبێ، ئێمە لەو ڕووەوە هیچ کێشەیەکمان نییە، واتە کاری ئێمە زیاتر لە کاری NGO نزیک دەبێتەوە، چونکە وەک شێوەی ڕێکخراوێکی ناحکوومی کارمان کردووە، بۆیەش نووسەران خۆیان لە پرۆژەکەمان دوورەپەرێز و لاتەریک ناگرن و بە بەشێک لە خۆیانی دەزانن.

* لەوەتەی لەو گۆڤارەدا کار دەکەین، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسێک لە هیچ ئاست و پلەوپایەیەکدا سنووری ئازادییەکانی نووسین و بیروڕا دەربڕینی لێمان بەرتەسک نەکردووەتەوە، هێڵی سوور و ناوچەی قەدەغەکراو و حەرامیان بۆ دەست نیشان نەکردووین، ئێمەش لە لای خۆمانەوە بۆ سوود و قازانجی زمان و کولتوور و هزر و ئەدەبیاتی میللەتەکەمان چیمان بە چاک و بە پێویست زانیبێ، لە بڵاوکردنەوە و کار بۆ کردنی سڵمان نەکردووەتەوە.

* حزب و حکوومەتی ئێمە، دوو کەناڵی نامۆ نین بەم میللەت و وڵاتەی ئێمە و لە ئەستێرە و دوورگەیەکی ترەوە بۆمان نەهاتوون، ئەوانە دوو دەزگا و کەناڵی نەتەوەیی و نیشتمانین کە کەشوهەوای سازگار و گونجاویان بۆ ئەو جۆرە کار و پرۆژانە ڕەخساندووە و لە پێناوی گەشەکردن و نەشەی ڕۆشنبیری کوردی نەک زۆریان بۆ نەهێناوین و تەنگیان پێ هەڵنەچنیوین و پەراوێز نەخراوین، بگرە لەگەڵ قەڵەم بەدەستان و کەشوهەوای ئازادی، تەواو هاودەم بوون، بۆیەش ئێمە وەک بنکەیەکی مەدەنی خۆ دەنوێنین، زیاتر لەوەی بنکە و سەنتەرێکی ڕۆشنبیری حزبی، یان حکوومی بین، ئەمەش سەروەرییەکە بۆ کاربەدەستانی سیاسیی وڵاتی خۆمان دەنووسرێ کە زەمینەسازی و خوڵقاندنی کەشی لەبار بۆ مومارەسەکردنی کاری ڕۆشنبیری و بۆ ڕۆشنبیران بە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان دەزانن، نەک تەنیا وەک دروشمێک ئەمەیان بەرز کردبێتەوە.

* ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی و گەشبینی زیاترە کاتێ دەستمان کرد بە جێبەجێ کردنی پرۆژەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی ڕامان، لە بارودۆخێکی زۆر نادیار کەوتینە دەرکردنی ئەو گۆڤارە، ئەو کاتە داوودەزگای سیاسی بە پێچەوانەی تەماشاکردنی ئەوەی ئەو پرۆژەیە چەند لە بەرژەوەندی ئەوە، یان نییە، هەلی بۆ ئەو چالاکییە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فیکرییە ڕەخساند و بە مەبەستی گەشەکردنی بنکەیەکی ڕۆشنبیری و مەدەنی هانی داین، لەمەدا نەک هەر بەربەست و کۆسپ نەبوو، بگرە ئەوەی کۆسپ و لەمپەر بوو لەسەر ڕێ لابران، چونکە لەو کاتانەدا کە ڕامان دەرچوو دەکرا برووبیانووی سیاسی بهێنرێتەوە و پرۆژەکە دوا بخرێ و جێبەجێ نەکرێ.

* ئەو پرۆژە ڕۆشنبیرییەی ئێمە وەک کارێکی ناحزبی و ناحکوومی خۆی نیشان داوە و زیاتر وەک کارێکی کوردانە دەرکەوتووە و لە چوارچێوەی هەست کردن بە پێداویستی قۆناغەکە دەرکەوتووە، ئەو پرۆژەیە لە قۆناغێکی سیاسی شڵۆق سەری هەڵداوە، لەگەڵ بەرەوپێشڤەچوونی بارودۆخی سیاسی وڵاتی خۆمان و دەوروبەرمان گەشەی کردووە، ڕاستە سیاسەت زۆر جار دەتوانێ و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئابڵوقەی داهێنان و ڕۆشنبیری جدی بدات و لە قاڵب و مەنگەنەی بدات، بەڵام بۆ ئەو پرۆژەیەی ئێمە دەسەڵاتی سیاسی بە پێچەوانەی ئەمەوە هەل و دەرفەت و کەشوهەوایەکی گونجاوی خوڵقاند بۆ لەدایک بوون و گەشەکردنی کارێکی لەو جۆرە، ئەگەر ئەو کەشوهەوا و پشتگیرییە نەبوایە ئەوە هەرگیز ئەمڕۆکە ڕامان نەیدەتوانی بەردەوام بێ و بە پێوە بوەستێ و قەت نەدەبووە ئەو دیاردە جوانەی ناو دنیای ڕۆشنبیری و ئەدەبیمان کە ئەمڕۆکە بە نەمانی ئەو گۆڤارە لەسەر گۆڕەپانی ڕۆشنبیری، کەلێنێکی گەورە دروست دەبێ کەوا بە ئاسانی پڕ نابێتەوە.

* هەڵبەتە ئەگەر ئەو گۆڤارە لە ناو کاری NGO تەماشا بکەین دەکرێ بڵێین بۆ ئامانجێکی دیاریکراو هاتووەتە پێش و سەری هەڵداوە کە خۆی لە خزمەت کردنی زمان و ئەدەب و هزر و کولتووری کوردیدا دەبینێتەوە و هەر ئەو ئامانجەش یەکەم ئامانجی سەرەکی گۆڤارەکەیە، تارادەیەکی زۆریش ئەو ئامانجەی (ڕامان)ی لە پێناودا دامەزراوە هاتووەتە دی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خودی گۆڤارەکە و ئامانجەکەی هەڵقووڵاوی ناو واقیعی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی بووە، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕامان کوڕی سەردەمی خۆی بووە و زادەی پێداویستییەکانی قۆناغی مێژوویی خۆیەتی، بۆیە بە زیندوویی و ڕەسەنایەتی خۆی دەمێنێتەوە، چونکە گۆڤاری هەموو ڕۆشنبیرێکی جدی ڕاستەقینە و نوێنەری هەموو دەنگێکی داهێنەرانە و نوێخوازێکی کوردە.

# لەنێو دەنگی ڕەنگ بەدواتدا گەڕام

زانا خەلیل

لە هەموو شوێنێک بەدواتدا گەڕام
یەکەمین جار: لەنێو دەنگی کەوتنە خوارەوەی دڵۆپەکانی فرمێسک
دووەمین جار: لەنێو ڕەنگی شکانی ئاو
سێیەمین جار: لەنێو دەنگی ڕەنگ
چوارەمین جار: لەنێو دەنگی ڕەنگ نا.. بەڵکو لەنێو ڕەنگی -با-
پێنجەمین جار: لەنێو گەڕان و لەنێو ونبوون
شەشەمین جار: لەنێو درەوشانەوەی گەشانەوە و لەنێو گەشانەوەی گەشانەوە
لە هەموو شوێنێک بەدواتدا گەڕام
نەمدیتییەوە
زۆر هیلاک بووم، کەچی هێشتایش هەر نەمدیتییەوە
لەناکاو گوێم لە دەنگی درەوشانەوە و گەشانەوەی لێوەکانت بوو
ئینجا تێگەیشتم کە تۆ لەنێو مندا خۆت حەشاردابوو
ئاه.. بەختەوەریی من



## کیمیای عیشق

هەندێ حەرفی شینم لە هاوین وەرگرت
هەندێ حەرفی سەرەڕۆم لە ئاگرەوە بۆ هات
هەندێ حەرفی فراوانم لە دارستان و ئۆقیانووسەوە پێگەیشت
هەندێ حەرفی بە ئەزموونم لە بیابان کڕی
هەندێ حەرفی باسک کوترام لە شەقامەکانی ئەورووپا دۆزییەوە
هەندێ حەرفی پیر و بەرەڵڵام لە پارکەکانی بیلەفێلد لەگەڵ خاکدا جووت کرد
حەرفەکانم ئاوێتە کرد و کتێبێکم نووسی
کتێبی ژیان، بەقەڵەمی کیمیا
کیمیای عیشق

**ئاوێتەبوون**

لەدەستپێکدا تەنیا ئاوێتەبوون هەبوو
دواتر لێکجیابوونەوە و پەرتبوون و عیشق و
گەڕانەوە بەرەو هەوڵدان لەپێناو ئاوێتەبوون
لەدەستپێکدا پەرتەوازەیی هەیە
دواتر عیشق و هەوڵدان لەپێناو ئاوێتەبوون
ئاوێتەبوون.. هونەری خوا

**شەیتانی مەست**

بەرەو کوێ بەو درەنگە؟
لەوێ لەپشت دەریا، ژوانم هەیە لەگەڵ ژیان
بڕیاریدایە ڕوحی مەرگم نیشانبدا

بەرەو کوێ بەو درەنگە؟
لەوێ لەپشت بیابان، ژوانم هەیە لەگەڵ ڕوحی مەرگ
بڕیاریدایە ڕوخساری ژیانم نیشانبدا.

بەرەو کوێ بەو درەنگە ئەی شەیتانی مەست؟
لەوێ لەپشت دەریا و بیابان
ژوانم هەیە لەگەڵ مەرگ و ژیان
ژیان دەیەوێ مەرگ و
مەرگیش دەیەوێ ژیانم نیشانبدا

**ماڵێک لە لم**

ئێمە ماڵێکمان هەیە لە لم
لەو نزیکانەش گەردەلوولێک هەڵیکردووە
ئایا دەتوانین تا سەر
لەژێر ئەو سەقفەدا، خەونەکانمان بخوێنینەوە؟

**دەبێ دوژمنەکانمان خۆشبوێ**

لێم مەپرسن: بۆچی هێندە
ژنەکەی خۆتت خۆشدەوێ؟
مەگەر نازانن کە مەسیح دەڵێ:
پێویستە هەمووومان دوژمنەکانی خۆمان خۆشبوێ

**کە لێت نزیک دەکەومەوە**

کە دەتبینم
دڵی شەقار شەقاربووی خۆم لەنێو لەپەکانم دەبینم
کە دەگەمە کەنارت
دڵەڕاوکێ و ترس و مەرگ دەبینم
تێناگەم!
من مرۆڤم خۆشدەوێ یا حەقلی ئەلغام؟

**بۆچی خوا دڵی پێداوین**

بۆچی خوا ئۆقیانووس و دارستان و
ژن و دڵی پێداوین
ئەگەر عاشق نەبین؟
ئەی بۆچی منی داوە
ئەگەر لەگەڵ تۆدا هی یەک نەبین؟

**کارەسات**

کارەساتی گەورە ئەوەیە
هەمموو کەسێک بە تۆ تێدەگەم
لەوەش کارەساتتر
بڕیارمداوە جگە لە تۆ لەهیچ کەسێکیتر تێنەگەم.

**بزەیەک.. زیاتر نا**

مەدوێ
مۆرفیم و وشەی سیحراوی لێوە پڕەکانتم ناوێ
هەرگیز مەدوێ
تەنیا بزەیەکی سووری لێوە پڕەکانتم بدێ
چونکە بزەیەک بە قەد هەزاران وشە مەعنای هەیە
ئاخر تەنیا تاکە بزەیەکی تۆ
بەقەد هەمموو زمانی تورکمانی مەعنای هەیە.

# ناڤێ دەلالێ من ئۆغرە

**خەلات ئەحمەد**
**(سويسرا)**



**(١)**

دار دحەرکن خەونان
نالينا نفشێن بريندار دەرباس دبە
ئەز ژ دەنگێ خوە دوەرڤم
و زەمين د لاشێ من دە دچە خوار.
❊ ❊ ❊
رەنگ، د بەيبۆکێن من يێن بزدايی دە سپی دبوون
و هين
د پێلا خوينا هەر تم دە دهاتن
ب سێزدەهـ گولەيان
د همبێزا بابێ خوە دە
قوربانا ناڤێ ئامەدێ دبوون
❊ ❊ ❊
رۆناهی تژە خەو دبوو
چاڤێن من بێريا لەهيستۆکێن دوهـ دکرن
وەک برادۆستەکی
خومێنێ دەستێ خوە د ستويێ من رە ئانی
هێدی هێدی
باژار و دەنگێ باڤێ من دوو دکەڤن
زيقين ژ چاڤێن من هات
تاری يە، تاری...
❊ ❊ ❊
چاڤێن من کل بکن
گولێێن من هوور هوور بهوونن
سۆسنان د کێليێن سينگا من دە بچينن
ميرێ خەونا خوە مە.

**(٢)**

کەڤانێن دەرگەهان، مێوەيێن هلپەرکين پەنجەرەيان و
چەمێ کەڤۆک
هش بوون
ئاسۆ رژيا خوار
سيهکێن سورهێ لەرزين
و برووسکێن سێزدە زايينان
د خوينا زارۆک دە
تەقييان
..........
چ دەمەکە پەنچەشێرە

**(٣)**


– وا پرۆ پروانۆ
– ها!!!
– تو چاوايی
– ئەز باشم
– مرنێ گۆتيە کا بەرخەکی
– نادم تە بشکولەکێ

**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆمەلە شيعرا (کەچێن دێرکێ يێن سەرسەری) رووپەلێن (٤٥–٤٧) هاتيە وەرگرتن، کو سێيەم بەرهەمێ شاعرێ يە و ل سالا (٢٠٠٧)ێ ژ ئاليێ وەشانخانەيا ئاڤەستا ڤە ل ستەنبۆلێ هاتيە چاپ و بەلاڤکرن.**

**(رامان)**

# تیڤاڵی زەرد

**هاشم سەڕاج**



(١)

زەمەن زریزەیەکی زیوینی باریک و درێژکۆلەیە و
لە هەزارپێییەکی لەنجەداری دەریایی دەکات
قەف قەف ئەڵقە ئەڵقە
گەوی مووڕووە نەرم و زەردەکانی
هەڵدەداتە
نێو ئینجانەیەکی شین و بەتاڵ
لە پڕێکا
تێدەپەڕێ!

(٢)

چواری دەویست بۆ بیست
سرووش پێی گوتم فوو لە ڕستی وشە بکە
با گیانی بەبەر بکرێ
بە نەوایەکی سپیش ئیقاعەکانی
گوڵەگەنمی پرچە بەرباکەوتووەکەت بنووسە
دواتر غوباری ئێوارەی تەمەنت
بە جەنگەڵی جبەخانە و وێستگەی قاوە و
بازاڕی کەوڵی کەڵەکێوی و میسکی سینە و
باخەڵی سۆزانییەکی حەبەشی بسپێرە!

(٣)

زۆر جار دووریت دووچاری
خەمۆکییەکی کوشندەی دەکردم و
سەوداسەر و سەرگەردان
بە شەقامەکان دەکەوتم و
دانە دانە فستقی فیراقم دەترووکاند و
بە ڕۆحی نیگەرانی خۆم پێدەکەنیم!

(٤)

خەریکە بەفرە ئەستوورەکەی نێوان
شیعر و دڵ
ڕەش دەبێتەوە
بەڵکو شالیسێکی تر لەسەر سینەی
زەردی زەمەندا ورد و خاش کەم!

(٥)

چەند خۆشە
لە باغی ئاوەڵناودا بەدەوری
ئاگری تیشاڵە زەردەکەدا بگەڕێی و
منیش چنگ چنگ زێڕبارانت بکەم!

(٦)

من هەر ئەوەندە دەزانم
ژیان لە ئاوازێکی ئاڵۆزی ئاڵتووناوی
زیاتر نییە!

(٧)

کە ڕەنگی ڕوومەتی دیاری دا
سەڵتەنەتی زەین داڕما!

(٨)

ئەمشەو بانوو مەشکە شەرابێکی ئاڵی
پێبەخشیم و لەسەر پەردەی سووری
پەنجەرە کراوەکەیدا نووسیم
چەند پایەدارە جوانی!

(٩)

کە سێلاوێکی سەرشێتی ناگەهان بەڕێوەبێ
ژیان چ پێویستی
بە چاپلووسی و کلکەسووتەییە!

(١٠)

شەیتان ئۆتۆمبێلێکی مۆری جام ڕەشە
کە شەو دادێ بە شەقامە سپییەکەی
نێوان تێکستی دەقەری ڕاڤەی
بونیادگەری و میتۆدی
هەڵوەشانەوەگەرییا
تێدەپەڕێ!


(١١)

ئێستا
لە باسکە سەگێکی هار و سەرکزی
کوڵکنی سپی دەکەی
وا بە چڵێسی
قەپ لە باسک و کەفەڵ و مەرمەڕی
سینەی سۆزانییەکی سەلار دەگری!

٢٠٠٧/٤/٣٠

# پڕ چاوانم وەرزی تازەم
# لە بۆ بێنە

**چنوور نامیق حەسەن**



هەریەک لە ئێمە بەجۆرێ
ناپاکیمان بە عەشق کرد
هەریەک ڕەنگێکی سروشتمان
ئەدایە دەم ماچەکانی دوودڵییەوە
ئاڵیی لێوم کاڵ چووەوە
هەر وشەکانی ڕاڕایی ئەخۆمەوە
گۆنام لیمۆیی چووەوە
تامی زەمەنم نەناسی
سورمەکانم
لە شەوی چاوم کردەوە
تامی ڕۆژم تێکەڵاو کرد
لەگەڵ ڕۆیینی ڕەنگەکان
حەسرەتی ڕووم پاییزی تر
دائەباری
هەریەک لە ئێمە بەجۆرێ
عەشقمان پاییز باران کرد
بێ پەنجەرە لە ڕەنگی خوامان ئەڕوانی
بەبێ ژووان نمەی ئاسمانمان خواردەوە
برژانگم نمەی ژیانی تەڕ ئەکرد
ئەوین لێوی کاڵ کردمەوە
هەریەکەو بەڕەنگی خودایەک
مەست ئەبین
ئاسمان وەکو ڕاڕایی چاوانم
زوو دائەکا
ڕیتمە نماوییەکانی نێوانمان
فێری درۆی پاییزییانەی کردین
فێری فرمێسکی ناوادە و
وەرینی ناوەختی کردین
هەریەک لە ئێمە بەجۆرێ
ساڵەکانی عەشقمان وەراند
هەر یەکە و بەشەریعەتێک
فەتوای مەرگی عەشقمان دا
* * *

لە بۆ پرسەی چرکەیەکی وەک ڕۆحم وێڵ
باخێک ئۆغری لیمۆیی و
بزەی ژاکاو و
ڕەنگی زەرد لە ڕوو ئەدەم
هەریەک بەجۆرێ
تامی وەرزەکانمان لێ گۆڕا
هەر پایزە و عەشقێکی وێڵ
وەرزێک لە سیمام ئەخوازێ
کە پرسەی وەرزێک دائەنێم
چاوم بە پرشە خەمی خەواڵوو و
لێوم بەدروودەکانی دوعا
ئەنەخشێنم
کە عەشق چوو
پێکەوە بوون
کوشتنی ساتە جوانەکانە
لە دووتوێی بیرەوەریمان
دابڕان
جوانبوونی عەشقە
ئاوێتە بوون
مەرگی هەناسە جوانەکانی
پێکەوەبوونە
تا چەندی تر پێکەوەبوون
تەنیا وەهمە ئاڵەکانی لێومان
ئەخواتەوە
خۆ ئێستا
زەمەن چاوەڕێی
هەڵوەرینی گوڵ و نمە و
ڕەنگەکانە
دوای هەرەسی عەشق و
ئۆغری ڕەنگەکان
ئەو ڕەنگانەی خۆشمان
چاوێکم لەناو پێکی دەسگیرانە نەفامەکانم
لێ جێما و
ئەوی تریشم
هەر لە ڕێ
لێوم بەلێوی ئادەمەکانەوە و
ڕەنگم بە ڕەنگەکانی وەرزی پێنجەم
هەموو ڕۆژێ
ڕەنگێک ئەبەخشم بەپاییز
لێوم بەلێوی ئادەم و
چاوم لە پێکدا جێ دێڵم
هەموو ڕۆژێ سەر ئەکەمە

باخە دوورەکانی دیدار
ڕەنگێکی تازەتر ئەگرم
وەلێ ئەسەف کە دێمەوە
لێوم لای تۆ و
چاوم لە پێکدا بیر ئەچێ
سیمام ئەڕژێتە ناو دەستت
ڕوخسارم هەورێکی وێڵە و
لێم ئەتۆرێ
لە پرسەی هەموو دوعایەک
ئەمە وەرزێکی لیمۆیی
هاوماڵی پاییزێکی دوور
پڕ بەدەمت
ماچی پاییزییانەی ڕۆحم ئەوەرێنم
پڕ بە نیگات
درۆکانت ئەخۆمەوە
لێوان لە لێو لە بارانی ئەو خوایەی
چاوەکانم خومار ئەکات
لێت ئەبوورم
هاوڕێ بۆ ماچەکانی ئەمڕۆمان و
وەکو دوا ترووسکەی چاوی دوعا
ساردوسڕن
بۆ تاموبۆی چرپەکانمان
نماوییە

* * *

بڕۆ پڕ بە چاوانم زستان و
پڕ بە لێوم وەرزی تازەم لە بۆ بێنە
ئۆغر لە عەشق بخوازە
نمە حوزن لە چاوانمدا بەجێ بێڵە
تۆش هەروەکو ئەوانی تر
پرشێ ئاهی وەنەوشەی
لە دیدارم بکەرەوە و ئەوسا بڕۆ
تۆش وەکو تۆرانی عەشق
چەپکێ ئازار
لەسەر سینگم بەجێ بێڵە
تۆش هەر وەکو ئادەمی ناو وەرزەکانم
یەک دوو نمە
چاوەڕوانی بڕژێنە چاوەکانمەوە و
ئەوسا بڕۆ

**٢٠٠٨/٢/٢٨**

# یازده شیعری سەرگۆن پۆڵص

لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادی

### خودا

خودا ویستی
بۆ جیهانی ژێرین بجڵوێ:
کۆڵانانێکی تاریک، غەمگین
لە یازیی تیرەی بەشەرا نویسیایە
تێدا وێڵ بن هەتاهەتایە.

### پێغەمبەرێک

خۆم خڕدەکەمەوە
ڕووم پیشانی برووسک دەدەم
لە چاوەڕوانی شەپۆلێکا
وڕێنە دەکەم
لە ڕۆخێکی نادیارا
بەندکراو بە کەڤرێکەوە
بەجێم بێڵێ

### (تۆفۆ) لە تاراوگەدا

«دووکەڵی جەنگ شینە
ئێسقانی بەشەر سپییە»
تۆفۆ دەگەیەتە گوندێ
کوانوویەک ئاگری تێدا خەریکە دەکوژێتەوە
دەگەیەتە ئەوێ،
دەزانێ پەیڤ وەک ئەسپە تۆپیوەکەی،
بێ مشتێک وێنجە،
ڕەنگە پاش ئەم هەموو کارەساتانە
گوڵگەشانە نەمێنێتەوە!
بە چەندان شەڕگەدا تێپەڕی
کە (با) تێیاندا دەفیکێنی!
ئێسقانێن شاسوار و ئەسپەکەی
تێیاندا تێکەڵ بوونە و
گیاش بلەز پاشماوەکانی شاردەوە!



ئاگرێک دوو دەست خۆیان پێ گەرم دەکەنەوە
گاڤا سەر شۆڕدەبێتەوە و دڵ چیلکەی
ئەو بوو لە بیست ساڵییەوە
ملی ناوەتە وێڵبوونەوە
تا کۆتاییش شوێنێکی نەدۆزییەوە
تێدا بگیرسێتەوە
ڕوو لە هەر کوێیەکی دەکرد،
هەر جەنگ و وەیشوومەکانی بوو
کچەکەی لە ڤاتوقڕییەکدا مرد،
لە (چین)یشدا ئێژن:
– مینا خواوەندەکان دەینووسی!
تۆفۆ دەگەیەتە گوندێکی تر
دووکەڵی چێشتگەکانی بڵند دەبێتەوە
برسییەکانیش لە دەرگەی فڕنێکا چاوەڕێ دەکەن
ڕوخسارێن نانەواکان کە جواناو دەرێژن
درندەیی ئاگرەیل دەگەواهێنن
ئەرێ تۆفۆ، تۆ، ئەی مەزن
ئەی سەروەری تاراوگە!

## میراتێک بە چێژی خۆڵ

پەرتووکانێکی داخراو لە ڕووی جیهانا
ئازارەکامان، چێژی خۆڵ، ئەم میراتە، ئاسمانێکە
چاو ناپاکی لەگەڵدا کردووە، خواوەندێک پۆستاڵەکەی
فەرامۆش کردووە
لە بان ملانمانەوە لە ئەزەلەوە
ئاهەنگە ڕەشەکەی
بە (هاربسیکۆرد)ی ئێستانان دەژەنێ،
لە حزووری شەودا
سەرێک لەگەڵ هەر نەغمەیەکا دەوەرێ
ڕۆژێک دێ.. وڵات چۆڵ دەبێ
ڕۆژێکیان جگە لە تەلێن درکینی داگیرکەرەیل
هیچ نامێنێتەوە
ڕۆژێکیان بیابان نزیک دەبێتەوە
تەنیا (با) دادەبەزێ
مینا دایک دەنزیفێ و دەچریکێنێ و دەزێ
– بشبە، پێشمان کێ لێرە بوو، پێش ئەوەی بێین؟
– ماڵ، ئەوانەش لە ماڵا بوون
ئەم بایەش.

## جەللاد

هۆ
جەللادۆ
بۆ دێ چکۆلەکەت بگەڕێوە
تۆمان ڤاودا ئەمڕۆ
ئەم پیشەیەشمان فت کردەوە.

## پەیڤینێک ژ لێزانەوە

(بۆ لەدایکبووی کەلووی سەتڵ)

هەر چیت دەوێ بیکە...
ڕووبکە لایەکی نادیارەوە
لە گشت ڕووبارەکان مەلە بکە
گەر ویستت ببە بەخششێک بۆ هەموو تەوژمێ،
بەڵام لە دەرگای ئەفسوونبازدا کاوەخۆ مەبە
بەدوای بریسکەی ئاوێنە غارمەدە..
کازیوەت کوڵ و چەسپیوە
خۆرت خۆی بە پتر لە پەردەیەک دەپارێزێ
هەر مەبەستێک شەوان لە پێناوی نەنووستی و
هەر مەحاڵێک نەۆ چاوەڕێی ئاسانە
پاش ئەوەی پەتی داماویت بڕی و
لەنگەر گەیشتە بن..
لێرەدا سەفەرێک بۆ دوور دەبینم
وەلێ ئەو دەریایە کە دەتەوێ لێی بپەڕیتەوە
جگە لە باهۆزێک هیچ ناشارێتەوە
چورتم بۆ ئەوەی بەتەنیا لە چۆڵەوانی ڕووبەڕووی دەبێتەوە
وا تۆش تەنیای لە کەشتییەکاو
برِوات پێ دەکەم
ڕۆڵە!
بێ گومان هەمرە برووسک تژی ئاسۆکان دەکا
بەڵام هەرگیز کۆڵەکەکانی کەشتیگەل ناشکێنێ.

## دەلتا

لە هەموو شوێنێ
جگە لە شێوە ڕاستەڤینەکەی خۆی
بە هەموو شێوەکان خۆی دەنوێنێ
مینا گەواڵە هەورێک ژ لۆچان
لە دمی گرکانێکەوە بەیانیان هەڵدەسێ
یاخود

چنگاڵێكی خۆراكە
ئەستوونیانە دەچەقێتە خوانچەی جیهان
یان زناكێكی پرسیارە لەسەر ئاو هەتاهەتایە
بە پەرجوویەک هاوسەنگە لەسەر گۆی زەمین
وەک تیغێكی پێچخواردوو یا (كۆبرا)یەک دەنوێژێ
وەلێ بە هەر چوار ئاراستەدا
بە جۆرە هەیڤپەناگرتنێ پژگاڵە
جگە لە پشیلەو كوێرە زگماكەكان
هیچی تری تێدا نابینرێ
لە خەونەكانیا گوللەدەنێ
بە كێڵی حەمۆرابییەوە
كەچی لە سبەینێاندا كە بێدار دەبێتەوە
ملكەچی دەبێ
بە چەقیش ئاگات (بەخۆیشی نایەوێ زوو بگا)
مەگەر یەكجارەكی بڕیار بدا
كە:
١- پێست و چەقۆ بزەوجێنێ
٢- چەقۆ و ئاوێنە بزەوجێنێ
٣- ئاوێنە و چاو بزەوجێنێ
٤- چاوو هەور بزەوجێنێ
٥- هەور و دەڤ بزەوجێنێ
٦- دەڤ و تیر بزەوجێنێ
٧- تیرو قوللە بزەوجێنێ
٨- قوللەو زایین بزەوجێنێ
٩- زایین و سێڵ بزەوجێنێ
١٠- سێڵ و گوللە بزەوجێنێ
١١- گوللە و بەلەپیتكە بزەوجێنێ
١٢- بەلەپیتكە و دەست بزەوجێنێ
لە بنەتای ١٢مانگ
مێشكی دەبێتە مشتەكۆڵەیەک
گاڤا جیهان بگۆشێ
لە پەنجەكانییەوە
مینا ڕووبارێكی دەلتادار
ڕاستییەكی جفت ڕەسەن بازرەقە دەبەستێ.

### هۆلاكۆ خۆی دەپەسنێنێ

ئەز هۆلاكۆم
دەریایەكی گژوگیا
ئەسپەیل خامۆشانە تەیی دەكەن
سمگەلێكی ئاگرین شەوگاری شاران دەكوتن
ئەز هزرۆكەیەكم لە سەری كەڤرا
زمانی قەدەر و ئەسپێی خودا
جەنگ كیژۆڵەیەكە لە دەوارێكی شڕوپڕا
خامۆشیش یەكێكە لە دژمنانم
ئەز هۆلاكۆم
دەریایەكی گژوگیا
ئەسپەیل خامۆشانە تەیی دەكەن
شمشێرێک ڕقی لە چاوەڕوانییە لە ناو كێلانا
لە ژێر شوورەگەلی خەون بە قەلەڕەشانەوە دەبینێ
شوورەگەلێ، شوورەگەلانێ...
پەناهەندەكان لە خەونانی نێو كەلاوەكانا دەمبینن
دیلەكانیش سواڵی پووشۆڵەیە لە ئەسپەكەم دەكەن.

### ستران

(گاڤا دێی)
سترانێكی بی شوورەیە بمانخاپێنێ
بیرووخێنین یا چێی كەنەوە، دەرگاشی نییە
كوچكیش،لێ هەمیشە
بە هەسكە هەسكە خنكاوەكەیەوە دێ
ئەوەی شەوانە لە دەرگایەكی نەبینراو دەداو
ئەوەی كەسێک (لە میان دیكەیان نەماوە) دەگازێ
تا وڵنگەـەـەـەی لێ بمێنێتەوە
تا وڵنگەی نزیک و دووری لێ بمێنێتەوە....
تۆ
كە دێی
لە پشتی تخووبە نادیارەكانتەوە بۆ ڕێڤگە
كە پێشەكی برینێک بەرین دەبێتەوە
وەک گۆمێک كەڤرێكی تێ فرێدرابێ
لەم كەشە ناهەمواریەدا
چ دەمێک هەمرە ڤایلت دەكا، چ ژەنیارێ
لە ژێیەكانی دەتكاتە مارێ
تەنانەت گەر پێژەنینەكەی ژ شاپەڕی داڵیش بێ
مینا زەریاب؟
جگە لەم خامۆشییە
كە بە تیاچوونییەوە مەرجبەندە هیچی تر نیت و
ئایا تۆ مەگەر ڕوخسارێكی گۆزەر نیت كە
ئەوەی هاوار دەكاو ئەوەی ئاوات دەخوازێ و دەستڕێ
پشتگوێ دەخەی لێرە لە تازە تاراوگەدا،یا لەوێ

لە سنووری ئەو گوندە کە تێدا هەموو ڕۆژێ
دەمرێ و ڤەژێ...

### ۷ پێناسە

دڵ:
دەلاقەیەکە لەژێر دووەم پەراسووەدا
مەگەر بەس بۆ شکاندن بەکاربێ
زەمین:
چاوەڕێی ئاگرکەوتنێن دەکا
هەمیشە بۆ پیتین وازە
ئاسمان:
جۆرە کەڤرێکە
کانێکی وەهمییە
بۆ بەرهەمسازیێن بێ سنوور
ڕۆژگار:
ڕەنگی نهێنی زەمینە
دەست:
کانیاوی نامەگەل و ئاماژەکانە
مەنجەنیقێکی زیندووە لە دۆخێن لێقەومانا
هەڵوەست:
هەرچەند دوورکەویتەوە
ئەرا چ وڵاتێکی دوور، لە کۆتاییا
هەر دەگەیتە دڵت
کە برینداران لە پەنجەرەکانەوە شۆڕدەبنەوە
کە برین ڕق و قێزی لە گوللە دەبێتەوە
ئەوانیش:
نیشتمانێکی هەمیشە گەڕۆکن
بێ بەهانە نییە
تا بە هەزار جەڵوەی
لە هەموو شوێنێ
بە زیللە داتگرێ!

### ناو

«بۆ ئەوانەی ناوی خۆیانیان گوم کردووە، با بگرین»
پەندێکی ئاشوورییە

هەموو دەگوزەرێن وەلێ ئەو دەمێنێتەوە:
ناو..
ژەنینێکی خامۆش لە بنەتای فەرامۆشی
بە گوزەری گاف کۆن دەبێ
بەڵام دەمێنێتەوە.
هەرچەند دەئەندێشام
کە هەرگیز نایە، بۆم هات،
بە ڕوخسارێکی تەوتەمی، جارجاریش
بێ لاقە
بەڵام هەر دێ.
جارێکیان لە دێیەکی چۆڵا
تەنانەت لە سایکیش (چونکە خۆر نییە!)
قاوەخانەیەکی زمسانەی هەس و
تەنیا سەگێ
بۆ خودانی خۆی دەگەڕێ
لە دێیەکی میان کۆساری ئەلبدا..
لەو کەشکەڵانە
(چۆن، نازانم
بەڵام لە زەمانێکەوە، لە دێر زەمانێکەوە)
جارێکیان لە بیابانێن جەمسەرا
کە خۆر مەگەر ئابوورییانە هەڵبێ
سپییاتی ناکۆتاییەکان سەلارە وەک ڕاگەیاندنێ
بگرە بە بەفریش
سەرمایەئاسا سەودا دەکرێ
لە دێیەکا گەریدەیێن نووستوو
یان شێتانێک شەبەنگ ئاسا
خلیسکامێرەکانیان دەئاژوون
لە خەونێکی ناخۆش و
ڕوخساری سەهۆڵ ئەدگارێن کۆتاییەکان دەبینن
بەفرم لەسەر خوانچەیەک لادا
لە بانێژەیەک بە پەلوپۆی هەورانا دەخشێنێ
ناوەکەم دۆزییەوە، هەڵکۆڵراو بە چەقۆ
(دەستی ئەوەی پێشی من لێرە بوو
قووڵ هەڵیکۆڵیبوو)
قووڵ...
لە دارا.

**فەرهەنگیلە:**

نویسیایە: نووسراوە

یازی: قەدەر

گاڤا: کاتێ

هەمرە: (سوف)

هەیڤپەناگرتن: (محاق)

زەوجێن: هاوسەرگیری

سێڵ: شانە

خاپاندن: فریودان

دەپەسنێنی: مەدح دەکا

کوچک: بەرد

ولنگە: زایەڵە

دەگازێ: بانگ دەکا

رێڤگە: مونتەلەق

دەئەندێشام: خەیاڵم دەکرد

ژ: لە/ پژگاڵ: سەرقاڵ

خلیسکامێر: (زلاجە).

**سەرگۆن پۆلس**

*هۆزانڤـان، چیـرۆکنووس و وەرگـێـرێکە لە رۆڵـەکـانی گەلی کلدانی - سریانی - ئاشووری.

* بە زمانی سریانی دەستی بە نووسین کردووە و پاشڕا چووە گــۆڕەپانی زمــانی عــەرەبی و بووە یەکــێک لە مــەزنتــرین هۆزانڤــانێن نوێخــوازی دیمەنی هۆزانی هاوچەرخی عەرەبی.

* لە ســاڵی ١٩٤٤دا لە شــارۆچکەی حـەببــانیــیــە هاتووەتە دنیا، لە ساڵی ١٩٥٦چووەتە شاری کەرکووک و لەوێ دەستی بە چالاکی وێژەڤانی کردووە.

* لە رێڤەدا لە ساڵی ١٩٦١ەوە چامەکانی لە گۆڤاری (شیعر)ی بەیرووتی پەخش کردووە و رۆژنامەی (النهار) بە دەنگێکی شیعری نوێ هەڵیسەنگاندووە. پاش ئەوە چالاکانە بەرهەمەکانی (شیعر، چیرۆک وەرگێڕدراو) لە رۆژنامە و گۆڤارە عیراقییەکاندا، نەمازە (العاملون في النفط) و (ملحق الجمهورية الادبي) بڵاوکردووەتەوە، بۆیەش بە یەکێک لە شاعیرانی وەچەی شەستەکانی عـیـراق و جیـهـانی عـەرەبی ژمـێـردراو بە یەکـێک لە ئەندامـانی کۆمـەڵەی کـەرکـووک لە گـۆڕەپانی شـیـعـری عیراقیدا ناسراوە.

* لە سـاڵی١٩٦٧دا سـەفـەری بۆ بەیرووت کـرد و لە رۆژنامـەی (النهـار) و گـۆڤـاری (شـعـر) چەند سـاڵێک کـاری کـرد و پێـوەندی باشی بۆ رەخسـا لەگـەڵ گـەورە شـاعـیـراندا مـینا: ئەدۆنیس، یوسف الخال و غـادة السمان.

* لە ساڵی ١٩٦٩دا رووی کردە ئەمەریکا و لە شاری سان فرانسیسکۆ گیرسایەوە و نزیکەی بیست و هەشت سـاڵێک لەوێ ژیاو لەو شـارە کـراوە و فـرە کـولتـوورەدا گـەیشـتـە ترۆپکی چالاکی وێژەڤـانی خۆی کـە گـۆڤـاری (دجلة)ی دامــەزراند و بڵاوی دەکــردەوە و کــۆمــەڵـە شیعرێکی ئەمەریکی و ئەورووپی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی.

* یەکـەمین کـۆهۆزانی (الوصـول الی مـدینة این) لە ساڵی ١٩٨٥دا لە (قبرص) بڵاوکردەوە و پلەوپایەیەکی بڵندی لە شیعری عەرەبیدا وەدەست هێنا.

ئەمانەش کۆهۆزانەکانی دیکەین:

- الحياة قرب الاكوبول.
- الاول والتالي.
- اذا كنت نائماً في مركب نوح.
- حامل الفوانيس في ليل الذئاب.
- عظمـة أخـرى لكلب القـبـيـلة (بەم زووانە پەخش دەبێتەوە).

* چەند خەڵاتێکی لە ئەمەریکا و ئەورووپا وەرگرتووە.

لە رۆژی ٢٢ تشـرینی یەکـەمی ٢٠٠٧دا لە ئەڵـمـانـیـا کـۆچی دوایی کـرد و تەرمـەکـەی لە ئەمـەریکا بە خـاک سپێردرا.

**ژێدەر:**

**١- الوصـول الی مـدینة این، منشـورات الجـمل، کـولونیـا ٢٠٠٣.**

**٢- الاول والتالي، منشورات دار الجمل ١٩٩٢.**

**٣- ئینتەرنێت/ سایتی(کیکا).**



# سیمای وەچەکانی مەولانا

**جەلیل کاکەوەیس**
**(کەرکووک)**

هەرکەسە و حەکایەتی خۆی هەیە و تەمەنی لەچەندین حەکایەت پێکهاتووە، ئاوهاش شاکەسی ئەم چیرۆکە حەکایەتی خۆی هەیە. بەرلەوەی بەتانی سەربردەی ئەم کەسەدا بچم، لەوێوە دەست پێدەکەم، کە ئەم شاکەسە ناوێکی جێگیری نییە و لە هەر وێستگە و دۆخێکدا ناوێکی تازەی هەیە.

ناوی ڕاستەقینەی کەسەکە قابیلە، ڕەنگە هەر بەناوی قابیلی کوڕە گەورەی ئادەمەوە ناونرا بێت، ئەو قابیلە بە ئالۆش و چلێسەی کە دەستی چووە خوێنی برا بچووکەکەی خۆی. کاتێ لەم و لەو، لەگوزارشت و ڕەگ و پەرگەمای ناوەکەی خۆی گەیشت، ویستی لەناوێکی بکوژ و دزێو خۆی ڕزگار بکات، بۆیە ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە تەیموور، ئەو تەیموورەی هەموو حەکایەتەکانی سەردەمی خۆی بەخوێن نووسی.

سەربردەی ناو گۆڕینەکانی قابیلم دەمێکە لەسێ دەفتەرچەدا نووسیوەتەوە، لێ بەرلەوەی دەفتەرچەکان دەور بکەمەوە، لەمەولا من تەنیا گێڕەرەوەیەکم و دەستی خەیاڵ و گەمەی پێوەنان لەم گێڕانەوەیەشدا نییە.

وەک لە دەفتەرچەی یەکەمدا نووسراوە قابیل هەر لەتەمەنێکی زووەوە خولیای لاسایی کردنەوەی پاڵەوانی نێو حەکایەتەکانی کەوتە سەر، ئەو ئەڵهایەشی هەبوو، کە زوڕبییەت و وەچەیەکی زۆر بخاتەوە، بۆیە بەردەوام نێرینەی کۆڵانەکەی بە نەیاری خۆی دەزانی و هەڵپەی ئەوەی دەکرد بە پەنهانی تۆڵەیان لێ بکاتەوە و گەرای نێرایەتی خۆی تێکەڵی گەرای ئەوان بکات. لەمەشدا لەهاوشیری خۆیشی نەدەپرینگایەوە. قابیل لەدڵەوە لافی ئەوەی لێ دەدا، کە گوایا توانای پیاوەتی و نێرایەتی بەقەد هەزار پیاوی جحێڵە و خۆ ئەگەر نێرینەی تێکڕای کۆڵانەکە لەجەنگدا، یان بە پەتای کوشندە قڕ بکەن، ئەوە ئەو دەتوانێت جێگەی هەموویان بگرێتەوە و نەهێڵێت مێینەی کۆڵانەکە لە زاووزێ بکەون. هەر لەم باوەڕەوە وای بە خەیاڵدا دەهات، کە ئەو باوکی هەموو منداڵانی سەردەمی خۆیەتی و هەر

هەمووشیان لەخۆی دەچن و بەموو لێی لانادەن.

کاتی خۆی کە ئەم سەربردانەم تۆمار دەکرد، وەک خەون و خەیاڵێک دەهاتنە بەرچاوم، باوەڕم نەدەکرد، کە خودا خەڵقندەیەکی ئاوها نەفرینی دروست کردبێت و بتوانێت ڕەگ و ڕیشەی وەچەیەک گوماناوی بکات، بۆیە سەربردەی نێو هەر سێ دەفتەرچەکەم ناونا (کۆڵانی ئەفسانەکان). ئەوسا ئاگام لەوە نەبوو سەربردەی نێو ئەم دەفتەرانە دەبنە مایەی بەدبەختی و برین کولانەوەی وەچەکانی قابیل. نەمدەزانی ئەم سەربردانە دەبنە زەنگێک و بێداریان دەکاتەوە و دواجاریش لەوە بێدار دەبنەوە، کە ئاخۆ سەر بە چ ڕەگ و ڕیشەیەکن و باوکیان کێیە و سەر بە چ بستە زەویەکن!؟ بەڵام گیانێکم بەوەبوو هەمیشە دڵی خۆم بەوە دەدایەوە، کە من هیچ دەستێکم لە چارەنووسی ئەو زوڕییەت و وەچانەدا نییە و تەنیا نووسراوی ئەو سێ دەفتەرچەیە دەگێڕمەوە. سەیرم بەخۆم دەهات کە ئەو هەموو دڵەڕاوکێ و پەژارەیە لەکوێوە ڕووم تێدەکات! دواجار هەر بۆ تەسەللای خۆم بەوە خۆم قایل دەکرد، کە ئەوەی لەم کۆڵانەدا بێت، یان ڕەوتەنیش پێیدا گوزەر بکات، تووشی ئەم پەژارەیە دەبێت، بەڵام ئەوەندە هەبوو پەژارەکەی من بۆ ئەمێستای کۆڵانەکە نەبوو، بەڵکو بۆ ئەو بانەڕۆژە بوو کە وەچەکانی قابیلم تێدا دەبینی، سیماخەماوی و چاو مات و سەرکز، نامۆ و تەریک لە دنیای ئاوەدانی ئازار زەدەی دەستی بێ باوکێتی و سەرگەردانی. بەخەیاڵ ئەو بانەڕۆژەم دەبینی کە ئەو وەچانە تووک و نەفرەت لەو ڕۆژە دەکەن کە چاویان لە کۆڵانیکی وا هەڵێنا، نەفرەت لەو ئاوە لێڵ و لینجەی قابیل بکەن، کە بوو بە هەوێنی دروستبوونی خەڵقندەیەکی وەک ئەمان. بیر لەو پارچە زەوی و لەتە ئاسمانە بکەنەوە کە ئەوان و قابیلی کۆکردۆتەوە. پەژارە و دڵەڕاوکێیەکەم لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو، بۆیە لەدوا دێری دەفتەری یەکەمدا نووسیبووم: وەچە کلۆڵ و داماوەکان، ئێوە لە ڕۆژگارێکدا پێتان نایە ئەم کۆڵانەوە خودا ئاگای لە هەموو کەین و بەینەکان هەبوو، ئاگای لەو شەوە ئەنگوستە چاوانەش هەبوو، کە قابیل دزەی دەکردە نێو پێخەفی دایکە کاڵفام و نابالقەکانتانەوە. ئا.. ئا، ئێوە بە بەرچاوی خوداوە خولقان، هەر بۆیە خولقان تا کۆڵانی ئەفسانەکان ببێتە هێمای بێ باوکێتی و سەرگەردانی.

لێرە بەدواوە چارەنووسی قابیل بۆ وەچەی وەچەکانی جێ دەهێڵم، تا ئەوان سەرپشک بن لە گێڕانەوەی، دڵنیاشم تا ئەم دەفتەرچانە دەگاتە ئەمان، چەندین دەست دەکات و گۆڕانێکی زۆری بەسەردا دێت، بۆیە دڵنیام ئەوان بە جۆرێکی دیکە سەربردەکە دەگێڕنەوە.

لە دەفتەرچەی دووەمدا ئاوهام نووسیبوو: ماوەیەک بوو ناوی قابیل لە کۆڵانەکەدا بەسەر زاری کەسدا نەدەهات، وەک ئەوەی نەبووبێت و نەکرابێت، ئاوهاش نە ترسی ناوهێنانی وەچەیەکی بێ باوک مابوو، نە کیژۆڵە نابالقەکانیش ترسی ئەوەیان هەبوو تا چاوەڕوانی ئەو چارەنووسە بن، کە لەشەوی بووکێنییان نەبنە خاوەنی تیلماسکە پەڕۆیەکی خوێناوی، بەڵام کۆڵانی ئەفسانەکان وەک بوونەوەرێکی جادوولێکراو بێت و بە فەرمانی جنۆکە و دێو و درنج هەڵبسووڕێت، هیچ شتێکی تا سەر سەقامگیر نەبوو، بەجۆرێ هەر ڕۆژە و جۆرە بایەک بەسەریدا هەڵی دەکرد، ڕەشەبا، سەبوون، گەردەلوول، هەر لەو بێ دەنگییەی کۆڵانەکەدا جارێکی دی ناوی قابیل کەوتەوە سەر زاران. هاو تەمەنێکی قابیل ئاوهای گێڕابووەوە؛ «یەکێ لە وەچەکانی خۆی شوێن پێی هەڵگرتووە و لەنێو پاپۆڕێکی بێ ئاڵا و لە ڕۆخی وڵاتێکی دوور کوشتوویەتی!». کەسێکی دیکەی کۆڵانەکە ئاوهای وتبوو؛ «ماوەیەکە قابیل لە یەکێ لەکیشوەرە دوورەکان کۆمپانیایەکی دامەزراندووە و خەریکی هێنانی ئەو کرێکارە تاریک پێستانەیە، کە لە برسان لاکەی سەریان دێت!». هەر لەو ماوەیەدا سەردەرکردوویەکی کۆڵانەکە لە ئەنتەرنێت ئەمەی خوێندبووەوە؛ «من کە دایک و باوکێکی نەفام و کورت بین ناویان ناوم قابیل و بیریان لەوە نەکردوبووەوە، کە ئەم ناوە دەبێتە گرێکوێرەی ئایندەم، بۆیە بەم ناوە بکوژەی خۆم قایل نیم و ناوی خۆم دەگۆڕم بۆ تەیموور... ئەمەش پەیامێکە بۆ زێدی ئازیزم... تەیموور.».

دوای ئەم پەیامە ناوی قابیل بەجارێ سەنگ و بەرد کراو بیرچووەوە، بەتایبەتی لای ئەو وەچەیەی کە بەزوڕییەتی قابیل ناسرابوون، ئەوەیان بەخەیاڵدا نەدەهات، کە دەبێت هەر بنیادەمێک باوکێکی هەبێت و خۆی پێوە هەڵبنێت، بۆیە ناوی قابیل تەنیا لەزەینی ئەو تاک و تەرایە مابوو، کە هاوتەمەنی بوون و پڕیشکی ڕەوتارەکانی ئەمانیشی گرتبووەوە، کاتێکیش سەربردەی حەکایەتەکانی تەیموورم لە دەفتەرچەی دووەمدا تۆمار دەکرد، وام بە باش زانی تاقیبی هاوکووفێکی خۆی بکەم، بۆیە ڕووم کردە ئەو چایخانەیەی کە کەوتبووە هاچەی کۆڵانەکەوە، کە کاتی خۆی ڕووگەی قابیل و هاوکووفەکانی بوو. ڕووم لە چایچییەکە ناو پرسیاری قابیلم لێی کرد. چایچییەکە ڕووی گەشایەوە و چاوە

کزەکانی لەبن هەردوو برۆ سپییەکەیەوە درەوشانەوە و ئاهێکی هەڵکێشا:

– ئاه لەبێ وەفایی ئێوە! چۆن دەمت دێنێت بەناوێکی بکوژ و قێزەونی ئاوها ناوی بێنیت. ئاخر ئەگەر ئاوەزی ئەو نەبووایە، چۆن لە کۆڵانێکی کوێرەوەبووی ئاوها گوزەران دەکرا!؟ من و تۆش لە سایەی ئەوەوەیە تیکە نانێک دەخۆین. پێت ڕادەگەیەنم ئیدی لەمەولا ئاگات لەوە بێت ناوێکی بکوژی ئاوها بەزارتدا نەیەت، چونکە ئێستا ناوی مەولانا تەیمووری بیریارە. دەی ئەمەت لە بێ ئاگاییە و بنیادەم شیری خاوی خواردووە و زمانی زەللە دەکات!

ویستم لەچایچییەکە بپرسم ئاخۆ مەولانا تەیمووری بیریار لەکوێیە؟ لێ ئەو لە مەبەستەکەم گەیشت و چاوە مەکراوییەکانی تێبڕیم:

– بنیادەمی وەک مەولانا تەیمووری بیریار لەنێو زەلکاوی ئەم ڕۆژگارەدا هەڵناکات و عەوداڵی دۆزینەوەی شوێنێکە، کە پێی بنیادەمی گوناهکاری نەکەوتبێتە سەر. ئێ جگە لەمەش هەر سەردەمێک پێویستی بە مەولانایەک هەیە تا پەیامی پیرۆزی خۆی بەخەڵکی ڕابگەیەنێت. کاتی خۆیشی مەولانای گەورە لە شوێنێک تۆتکەی نەدەگرت. دڵنیابە مەولاناکەی ئێمەش ڕوو لە هەر شوێنێک بکات، ئیدی هەموو نەیار و قین لەدڵێک چەشنی مەلۆتکەی تازە لەدایکبوو لەگوناه پاک دەبنەوە، ئەو لەسەر هەر بستە زەوییەک بێت مەڕ و گورگ لەیەک دەراو ئاو دەخۆنەوە. مەولانای کۆڵانەکەی من و تۆش ئەو کەسەیە هەزاران دەردەدار و خەڵکی دەغەزار بە ئاوەز و میهرەبانی خۆی تیمار دەکات.

هێشتا پرسیاری زۆرم مابوون لەچایچییەکەی بکەم، مەکری چاوە کزەکانی ئەو زاتەیان تێدا کوشتم و زانیم ئەوەی لە مشکە جەوالّ دڕە. ئیدی ئەو دەمەی چایخانەکەم جێ هێشت وام بە باش زانی چیتر ناوی قابیل بە دەمدا نەیەت و لە هەموو شوێنێکی کۆڵانەکەش بەمەولانا تەیمووری بیریار ناوی ببەم و هەرکەسێکیش ناوی هێنا دەست لەسەر سینگ ملی بۆ لار بکەمەوە.

لەم غایلانەدا بووم و تازە چایخانەکەم جێ هێشتبوو، لەناکاو تووشی مامۆستایەکی خانەنشین بووم، کە کاتی خۆی وانەی کۆمەڵناسی پێ دەوتین. بێ ئەوەی سێ و دوو بکەم و قافی قسە هاتبێت، وەک ئامێرێکی قورمیشکراو ملم لارکردەوە و وتم: «مەولانا تەیمووری بیریار!»، ئەمیش وەک جاران زەردەیەکی هاتێ و دەستێکی بەرزکردەوە و گازاندەیەکی سۆفیانەی کرد:

– خودایەساڵەکانت چەند کورت بوونەتەوە! دیارە هەر لەبەر ئەوەشە تا هەموو کڵۆڵی و بەدبەختییەکانی ئەم کۆڵانە ببینین.

وتم: مامۆستا مەبەستت کۆڵانی ئەفسانەکانە؟

– ئا.. ئا، ئەو کۆڵانەی کە تۆ ئەم ناوەت لێناوە؛ «ئاه! کۆڵانی ئەفسانەکان هەموومانی لەناکاو پیر کرد.»

ویستم بڵێم مامۆستا شتێکت لەبەرخۆتەوە وت و تێی نەگەیشتم، کەچی ئەو لەمەرامەکەم تێگەیشت و پاشماوەی خۆ دواندنەکەی ڕوون کردەوە:

– وەک من ئاگادارم، تۆ دەمێکە خۆت گرفتاری واتە واتی کۆڵانی ئەفسانەکان کردووە! ئاخر ئەم کۆڵانە ئەو کێوەیە خوداوەند ڕۆژانە تەماشای دەکات و هەڵی دەسەنگێنێت و دیقەتی ئەم وەچە بێ باوکانە دەدات، لە نێر و مێی ورد دەبێتەوە، ئینجا بەفری بەسەردا دەکات. لەتۆش ورد بوومەوە، هەر کە ناوی مەولانا تەیمووری بیریارت هێنا، ملکەچیت نواند تۆ لای خۆت وابێ واتە وات نووسیت، ئیدی چۆن وا خۆش باوەڕ دەبیت.

مەولانا دەمێکە سەردەمی نێرایەتی و بەزینی بەسەر چووە، ئەمێستا ئەو سەکسارێکی پیرە، بەڵام گەمەکانی نوێن، ڕەنگە بەشێوەیەکی تر لەم کۆڵانە ڕۆژانە ئامادە بێت، ڕەنگە لەنێو ڕۆحی بنیادەمەکانی ئەم کۆڵانە خۆی حەشار بدات و لەشێوەی من، یان تۆ، یان چایچییەکە سەر بە هەموو ماڵێکدا بکات، بەشداری ژاوە ژاوی نێو چایخانەکەش بکات، ڕەنگە بەفوویەک، یان هەناسەیەک، یان هەروا ڕەوتەنی بە تەماشا کردنێک وەک جاری جاران مێینەکانیش دوو گیان بکات. ڕەنگە مەولانا تەیمووری بیریار مردبێت و بۆی هەیە ئێسک و پرووسکیشی نەمابێت، بەڵام ڕۆحی، یان بێژم تۆوەکەی هێندە چیرو چاو قایە، وا بە ئاسانی ئەم کۆڵانە جێ ناهێڵێت. ئەو خو و خدەی ئاوهایە، توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە و خۆی دەکاتە مێشەنگێک، یان مێشوولەیەک و بە گیزەگیز لە کەلەبەرێکی جەستەی هەرکەسێکی ئەم کۆڵانەوە دەچێتە نێو کرکراگەی لووت، یان گوێوە و لەوێوە هەست لەبیرکردنەوەت ڕادەگرێت و نیازەکانت دەخوێنێتەوە. ئەمێستا تێکرای خەڵکی ئەم کۆڵانە مەژگیان پڕ بووە لە گیزە گیزەکانی، ئەی نابینی هەرزەکارەکان، تازە باڵق بووەکان. کتومت وەک ئەو ڕێ دەکەن و وەک ئەو دەنگ هەڵدەبڕن.. دەتۆ تەماشای چاوی مات و نیازی نهێنگریان بکە، تەنانەت دەڕواننە نافەکی مێینەی هاوشێری خۆیشیان! «هێی واتە واتنووسی بێ ئاگا و گێل، فەرهەنگی زمانی تۆ کەی

دەتوانێت دەردی وەچەیەک تیمار بکات، کە نەیانزانی باوکیان کێیە، باسی ئاه و نزای ئەو دایکانە بکات، کە لەگەڵ ناوهێنانی مەولانا تەیموورردا نەفرەت لە هەموو نێرینەی دنیا دەکەن، نەفرەت لەو چرکەساتە ئالوشاوییەی مەولانا بکەن، کە ئەمانی خستە سەر بێزوو کردن. نا.. نا، فەرهەنگی زمانی تۆ ئەو برشتەشی نییە باسی سەربردەی ئاسکەشێت بکات، کاتێ هەرزە سەرەڕۆکانی کۆڵان دەستیان لەسکە هەلاوساوەکەی دەدا، دەیوت ئەمەم بۆ مەولانا تەیمووری بیریار هەڵگرتووە.. ئاه ه ه!»

بەدڵێکی پڕ لە جەخارەوە ویستم بڵێم ئەوانەی لەبەرخۆتەوە دەتوت لەگەڵ منت بوو، یان... بەڵام تەقێم کرد و ملم بۆی لار کردەوە و لێی جوێ بوومەوە. ماوەیەک بیرم لە وتەکانی مامۆستا خانەنشینەکە کردەوە، بۆیە ئەرشیڤ کردنی ئەتوارەکانی مەولانام تووڕەهات هاتە بەرچاو و تادەهات ژێوان دەبوومەوە، بۆیە ماوەیەکی زۆر قورقوقەپم لێی کرد و لەبیری خۆمم بردەوە، ئیدی نە توخنی ناو هێنانی دەکەوتم، نە پرسیاریشم لە چاپچییەکە دەکرد، بەڵام سەرم لەوە سوڕما ئەو ماوەیە کۆڵانەکەش مناسا کشومات بوو، کەسێک ناوی مەولانای نەدەهێنا، دڵ پڕ لە قینێک تووکی نەدەکرد، کەچی لە نکاو خولیای گۆڕین سەری هەڵدایەوە و وای لێکردم ڕووداوی ناو دەفتەرچەی سێیەمیش دەوربکەمەوە.

دوای خامۆشییەکە ڕوخسارەکانی کۆڵانەکەش گۆڕابوون؛ بەتەمەنەکان هەندێکیان مردبوون و ئەوانەی مابوون تووشی دەردی بیرچوونەوە هاتبوون و نە ناوی مەولانایان بیرمابوو، نە ڕۆژگاری نێرایەتییەکەی. جحێڵەکانیش هیچ یادەوەرییەکیان لەگەڵ مەولانادا نەبوو، نەشیان دەزانی زادەی وەچە و زادەی حەزە ئالوشاوییەکەی ئەون، تەنیا شتێک کە لە هزری ئەواندا دەقی گرتبوو وتەکانی واعیزی کۆڵانەکە بوو، کە لەکاتی ناشتنی مردوویەکدا ئامۆژگاری مردووەکەی دەکرد و بەناوی دایکییەوە ناوی دەبرد، ئەمەش وای کردبوو باوکێک لەهزری ئەواندا نەبێت و خوخدەی دایکانیان هەڵبگرن، بۆیە لە پۆشاک و ڕەفتاردا مێینە ئامێز دەهاتنە بەرچاو ئیدی هەر لایدەیەک ڕووی بکردایەتە کۆڵانی ئەفسانەکان وای بە خەیاڵدا دەهات، کە ئەم کۆڵانە پاشماوەی جەنگێکی بێ ئامانە و نێرینەکان قڕیان کردووە.

بە ئاوەژووی بوونەوەرەکانی کۆڵانەکە ناو و ئەتواری مەولانا تەیمووری بیریار لەزەینی مندا نەدەسڕایەوە و بەردەوام لەگوێمدا دەزرنگایەوە، بۆیە بەهەمان خولیاوە بۆ گوێ تەقێ و سۆسەکردن ڕووم کردەوە چایخانەی هاچەی کۆڵانەکە. بە جۆرە سڵ کردنێکەوە لەچاپچییەکە چوومە پێشێ، لێ ئەو بەرلەوەی دەم هەڵێنم گوتی:

– لەوە دەچێت کپی و خامۆشی کۆڵانە ئازیزەکەمان پرسیاری لا دروست کردبیت، ڕەنگە تۆ ئاگات لە گۆڕانی شەو و ڕۆژەکانیش نەبێت و تەنیا پرسیار بکەیت، ئەی نازانیت پرسیاریش باجی خۆی هەیە و گومان پەیدا دەکات!؟

بە وشەی گومان داچڵەکیم و هەستم کرد لەم کۆڵانەدا تەنیا منم بەدووی شتێکەوە وێڵم، کە لە یادی کەسێکدا نەماوە، لە حەژمەت تەنیایی خۆم ئەوکم پڕ لە گریان بوو؛ چونکە هەموو شتێک گۆڕابوو، تەنانەت چاپچییەکەش بە بنیادەمێکی ئاسایی نەدەچوو، بەڵکو پتر لەسەگسارێکی پیر دەچوو، هەموو جووڵەیەکی لێوان لێو بوو لە گەمە مەکر. ویستم پێی بڵێم هاتنی ئەم جارەشم هەر دەربارەی مەولانا تەیمووری بیریارە، لێ مەعلانانە بەری لێ گرتم و وەک ئاماژەیەک پەنجەی دۆشاو مژەی خستە سەر لێوە نووقاوەکەی، کە نابێت ئەوەندە بەتانی پرسیاردا بچم؛ «بە دووی چوواندا مەچۆ، ئێستا ئەو نەقابیلە و نە مەولانا تەیمووری بیریار، بەڵکو تەنیا بیریارە، بیریاری شاعیر! هەر ڕستێک لە شیعری ئەو گەوهەرێکە و ماکێکی لە حوجرەکەی نالییە و ماکێکی ها لە خانەقاکەی مەحوی!»

بەم وتانەی چاپچییەکە هەموو شتەکانم لێ تێکەڵ و پێکەڵ بوون، بەجۆرێ نەمتوانی ئەم هەموو ناوگۆڕینەش بەمەوە دۆخی خۆیان. ئیدی زانیم نە ڕابردوو دەبنە یادەوەرییەک، نە ئێستاش دادێکم دەدات، تەنانەت ئەوەی لە دەفتەرچەکانیشدا تۆمارم کردووە، کات بەفیرۆدانێک بووە و لەتەمەنی خۆمی خواردووەتەوە، چونکە نە قابیل دەمرێت و نە مەولانا تەیمووری بیریار! ڕەنگە ئێستا پیرو کەنەفت بووبێت و لە گەمەی باوکایەتی و وەچە خستنەوە و دزینی پاکیزەیی کیژۆڵە نابالقەکان کەوتبێت، بەڵام وا خووی داوەتە دزینی پاکیزەیی شیعر.

بەدڵێکی پڕ لە جەخارو کەسەرەوە بێ ئەوەی پرسیاری دیکە لە چاپچییەکە بکەم، پشتم لە کۆڵانی ئەفسانەکان کرد و بڕیارم دا پاشماوەی ئەم گێڕانەوەیە بۆ ئێوە جێ بهێڵم.

**ئادار و نیسانی ٢٠٠٨ هەولێر**



# پڵینگێک له گه‌نمه‌جاڕدا

سه‌عید سلێمانی
(تاران)

که سه‌فه‌ر ده‌ست پێده‌کات، دڵته‌نگییه‌کان ده‌ست پێده‌که‌ن. که بۆ سه‌فه‌ر ڕێ ده‌که‌وم دڵته‌نگترینم. ئه‌مه ماهیه‌تی خودی سه‌فه‌ره. شێوه‌یه‌ک له هه‌ست، له نه‌ستی ئینساندا سه‌رهه‌ڵده‌دات که پێوه‌ندی ڕاسته‌وخۆی هه‌یه به سه‌فه‌ره‌وه. واته خودی بزووتنه‌وه و ڕۆیشتن هاوڕێیه له‌گه‌ڵ شێوه‌یه‌ک له دڵته‌نگی که دواجار به‌یه‌که‌وه، یه‌که‌یه‌کی گشتی ته‌واو ده‌که‌ن که پێی ده‌گوترێ: سه‌فه‌ر!

که یه‌که‌مین بزووتنه‌وه له‌م کائیناته‌دا شکڵی گرتووه، بێ گومان یه‌که‌مین دڵته‌نگیش خوڵقاوه. واته یه‌که‌مین ئینسان که ده‌ستی کردووه به ڕۆیشتن، دڵته‌نگییه‌کان به شوێنیدا هاتوون. ئێستاکه بڕیار نییه که هه‌ر ده‌بێ که‌سی سه‌فه‌رچی بکه‌وێته ئه‌و دۆخه‌وه، به‌ڵکو ئه‌م ئه‌نجامه له لای یه‌کێک دروست ده‌بێت. گرنگیش نییه ئه‌و که‌سه کێ بێت، هه‌ندێک جار یه‌کێک ده‌چێته سه‌فه‌ر و شێوه‌یه‌ک له دڵته‌نگی بۆ ئه‌به‌د له لای یه‌کێکی دیکه دروست ده‌کات، هه‌ندێک جار دڵته‌نگییه‌کانی سه‌فه‌ر دوای ماوه‌یه‌کی درێژ تازه خۆ ده‌رده‌خه‌ن و هه‌ندێک جاریش له سه‌فه‌ردا ڕووداوێکی وا ڕووده‌دات که ڕه‌نگدانه‌وه‌یه‌کی هه‌میشه‌یی له‌سه‌ر زه‌ینی ئینسان داده‌نێت که مرۆڤ تا دواچرکه‌ی زه‌مان فه‌رامۆشی ناکات و هه‌ندێک جاریش حه‌سره‌تێکی ئه‌به‌دییه که ئینسان ته‌نیا کارێک که له ده‌ستی دێت ئه‌وه‌یه که ده‌بێ بۆ هه‌میشه هه‌ڵوه‌دا بێت به شوێن شێوه‌یه‌که‌وه که بتوانێت هه‌ر نه‌بێ بۆ چرکه‌یه‌کیش بێت ئه‌و ڕووداوه له بیر خۆی بباته‌وه و زۆربه‌ی جاره‌کانیش مرۆڤ له‌م هه‌وڵه‌یدا سه‌رکه‌وتوو نابێت و هه‌ربۆیه‌ش ده‌که‌وێته دۆخێکه‌وه که زیندووبوون به ئاقاری تراژیدیایه‌کی نادیاردا ده‌بات، تراژیدیایه‌ک که له ڕواڵه‌تدا ڕه‌نگدانه‌وه‌ی نییه، به‌ڵام ئه‌وه‌نده واقیعی و ڕاسته‌وخۆ و به‌رده‌وامه که مرۆڤ هه‌رده‌م له‌گه‌ڵیدا ده‌ژی و دواجاریش وای به‌سه‌ر دێت که وا هه‌ست ده‌کات بێ ئه‌و دۆخه هیچ بوونێکی نییه و هه‌ر بۆیه‌ش زیندووبوونی ڕاسته‌وخۆ گرێ ده‌درێت به‌و دۆخه‌وه تا ئه‌نجامێک که زه‌ینی ده‌بێته: زه‌ینێکی تراژیدیادۆست!

ئەوەی کە من لەو شەوە بەهارییە قەترانییەدا هەستم پێکرد شایەد شێوەیەک بێت لەو دڵتەنگییەی کە دواجار ڕەنگی دایەوە لە لام. شێوەیەک لە دڵەخورپە و نیگەرانی کە دڵنیام تا ئێستا هیچ سەفەرێک لە لای هیچ کەسێک بەجێی نەهێشتووە، حەسرەتێک ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە هیچ کەسێک نە بڕوای بە سەفەر و نە بڕوای بە ڕووداو و نە بڕوای بە دڵتەنگی نامێنێت، کەچی تۆش دڵنیای لەوەی کە سەفەرێک هەبووە و ڕووداوێک هەبووە و دڵتەنگییەکیش کە ئێستاکە هەیە و خۆی لە چەشنی ئەم حەسرەتەدا دەرخستووە. حەسرەتێک وەک ئەوەی کە تاسەی گەوزێکی ناو گەڵا بتگرێت و ئەوکات پایز نەبێت و ئیتر تۆش دیق بکەیت لە حەسرەتا، پایزێکی ئەوەندە دڵگیر کە حەسرەت بێت جگەرەیەک دانەگیرسێنیت تێیدا. ئەوانەی کە سەفەریان نەکردووە و لە ماهیەتی تێناگەن، هیچ لە ماهیەتی ئەو حەسرەتەش ناگەن کە دواجار ڕووبەڕووی کەسێکی سەفەرچی دەبێتەوە و هەربۆیەش ئەگەر تەنانەت تۆ جارێکیتر بەو سەفەرەدا لەگەڵ خۆت بیانبەیتەوە، بڕوا بەوە ناکەن کە لەم جیهانەدا شێوەیەک لە دڵتەنگی هەیە کە لە هیچ دڵتەنگییەکی تر ناچێت و ئاوێتەیە لەگەڵ تراژیدیایەکی دەروونی بێ وێنە کە تەنیا سەفەرچییەکان هەستی پێ دەکەن و هەربۆیەش ئەمان بە وەهم و ئەفسانە ناوی دەبەن.

دڵتەنگییەکانی سەفەر لەو شێوەیەن: هیچ کامێکی ناچێتەوە سەر ڕەگەزی هیچ دانەیەکیتر. هەربۆیەش هەر دڵتەنگییەک تەنیا یەک جار ئەزموون دەکرێت و تەنیا یەک کەس گێڕۆدەی دەبێت و تەنیا یەکجاریش دەگێڕدرێتەوە هەروەک چۆن ئێستاکە ئەمە بە خەیاڵی مندا گوزەر دەکات کە ئەمەش پێوەندی بە ناوازەبوونی هەر سەفەرێکەوە هەیە چونکە هیچ سەفەرێک لە ڕەگەزی سەفەرێکی دیکە نییە، بەڵکو خۆی بوونێکی جیاوازی هەیە لە تەواوی بزووتنەوەکانی جیهان، لە تەواوی سەفەرەکانی زەوی، لە هەموو ڕەوتەکانی ڕابردوو.

هەندێک جار سەفەرەکان هەر ناوی سەفەریان بەسەردا نابڕێت، بەڵکو تەنیا بزووتنەوەیەکن و بەس، چونکە سەفەر خۆی لە خۆیدا هەندێک پێوەری تایبەتی هەیە کە هەمووان لەسەری کۆکن، بەڵام کێ لەم پێناسەیە دڵنیایە؟! ئایا کەسێک هەیە کە بە ڕاستی پێشانت بدات کە سەفەر مانای چییە؟! سەفەر شایەد هەر ئەوە نەبێت کە لە وڵاتێکەوە ڕوو بکەیتە دەڤەرێکی دیکە، بەڵکو چوون لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی دیکە وێدەچێ خۆی شێوەیەک بێت لە سەفەر، چونکە هەمیشە لەو نێوەدا ئەگەری دڵتەنگ بوونێک هەیە کە ڕەنگە درێژترین سەفەریش بەرەو ڕووی پیاوی نەکاتەوە. بێ گومان ئەمە شتێکی زۆر ئاڵۆزە، هەربۆیەش دەبێ تەنیا متمانە بکەیت بەوەی کە لە لای خۆت و لە کونجە نادیارەکانی خۆتدا ڕوودەدات و هەستی پێدەکەیت، چونکە ئەوەی ڕاست بێت چوونەدەرەوەیەکی شەوێکی بەهار – ئەگەر لە دەرەوە سەیری بکەیت – ناچێتەوە سەر ڕەگەزی سەفەر، بەڵام ئینسان لەوە دڵنیایە کە بزوتنەوەیەک لە کاردا بووە و ڕۆیشتنێک هاتۆتە ئاراوە کە تەنیا بە سەفەر پێناسە دەکرێت.

سەفەر تەنیا یەک پێناسەی هەیە: دەبێ ببزویت، هەمیشە! دڵتەنگیش تەنیا یەک پێناسەی بۆ دەکرێت: دەبێ تەحەمولی بکەیت، هەتا ئەبەد! کە ئەمەش بە لای کەسانی دیکەوە واتە وەهم و خەیاڵ. ئا لێرەدایە کە دڵتەنگییەکانت دووهێندە دەبنەوە، کە دەزانی شتێک لە ناوتدا هەیە کە لە هیچ شتێکی دیکە ناچێت و هەر تەنیا خۆت هەستی پێ دەکەیت و هەستت جیاواز دەکاتەوە لە هەر چەشنە ئاوێتەبوونێکی واقیعیانە و ئیتر ئەوکات خۆت و دڵتەنگییەکانت بەشێکن لەو وەهم و خەیاڵە خۆنەویستە!

هیچ دڵتەنگییەک لەوە گەورەتر نییە کە کەسێکت بۆ هەمیشە لێ ون ببێت. کە ئەمەش بێ گومان پێوەندی هەیە بە سەفەرەوە چونکە ونبوونیش بەستراوەتەوە بە سەفەرێکی بێ کۆتایی کە تەنیا یەک سەری دیارە و ئەوسەری ئەوەندە لێڵ و تەماوییە کە هیچ کات ئەوەت بۆ لێک نادرێتەوە کە مانای چی دەگەیەنێت؟ ونبوون سەفەرێکی تاک جەمسەرە کە ناچێتە ڕەگەزی سەفەرەکانی دیکەوە. ونبوون شایەد خۆی سەفەر نەبێت، بەڵکو یەکێک بێت لەو دڵتەنگییە ناوازانەی کە تەنیا سەفەر لە دەستی دێت دروستیان بکات. ئیتر تۆش دەبێ تەنیا بیری لێ بکەیتەوە، بۆ هەمیشە!... کاتێک ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕوودەدات کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە چۆن دڵتەزێنە و بۆچی جەرگبڕە، بەڵکو هەموو لە فکری فەرامۆش کردنیدان، بەڵام کە کەسێکت ون کرد هەرگیز ناتوانی فەرامۆشی بکەیت، چونکە لە هیچ ڕووداوێکی دڵتەزێنی تر ناچێت. ئەمەیە کە بە شێوەیەک

هەر بەڕاست تۆ بۆ هەمیشە دەبیتە دڵتەنگترین مرۆڤی ئەم جیهانە و غوربەتیترین ئینسانی سەر زەوی!

بەڵام من لەو شەوە قەترانییەی بەهاردا کەسم لێ ون نەبوو، من لەو شەوەدا تەنیا پڵێنگێکم ون کرد. ئەمەیە کە دەڵێم ئەگەر تەواوی خەڵکانی زەوی ئەو شەوە لەگەڵتدا بوونایە، بڕوایان بەوە نەدەکرد کە سەفەرێک هەبووە و ڕووداوێک هەبووە و دواجاریش دڵتەنگییەک هەیە کە تۆ هەستی پێدەکەیت. ونکردنی پڵێنگێک کە تەنیا یەک جار دەیبینی ڕەنگە زۆر کاریگەرتر بێت لە ونکردنی کەسێک کە بەدرێژایی لەگەڵیدا بوویبیت و دواجار شوێنەواریت بزر کردبێت. ئاخر ونکردن خۆی شێوەیەکە لە مردن، کە ئینسان. بێ گومان ڕۆژێک تەجرەبەی دەکات، بەڵام ونکردنی پڵێنگێک کە هەر تەنیا جارێکت بینیبێ، کاریگەرییەکی وا لەسەر زەین و ڕۆح و یادەوەری دادەنێت کە ڕەنگە بیرەوەری تەواوی کەسەکانی دیکە لە یادەوەریت پاک بکاتەوە. ئەمەیە کە خۆشم هەندێک جار لە خۆم دڕدۆنگ دەبم و دەچم بە گوماندا لەوەی کە ئایا من ئەزموونێکی لەم شێوەیە ژیاوم، یان هەر تەنیا وەهمێک بووە کە مرۆڤ لە هەندێک سات و چرکەی تایبەتدا بەرەو ڕووی دەبێتەوە و هەستی پێ دەکات، بەڵام چ فەرقێک دەکات؟! گرنگ ئەو کاریگەری و شوێنەوارەیە کە دواجار ئەو چرکە نەگریسە لە لات بەجێی دێڵێت و بۆ هەمیشە دەتداتە دەست دڵتەنگییەکی نەبڕاوە و زیندووبوونت بە ئاقارێکدا دەبات کە زەینت دەبێتە زەینێکی تراژیدیادۆست!

پیاوان کە دڵتەنگ دەبن، یان پەنا دەبەنە بەر شیعر، یان دووکەڵی جگەرە. پیاوان کە مات و کپ دەبن دڵتەنگترینن. ئێمە دڵتەنگ نەبووین کە پەنا ببەینە بەر مەستی، ئێمە مات و کپ نەبووین کە ڕەنگەکانی دڵتەنگی بە ڕوومانەوە ڕەنگی دابێتەوە یان بە نیگەرانییەکی ئەوتۆدا ڕۆچووبین، کە هەر تەنیا ساتەکانی مەستی سارێژی بکات و ئەوکات بکەوینە ساتەکانی فەرامۆشی کە زەمانیش فەرامۆش بکەین و بکەوینە بۆشاییەکی ئەوتۆوە کە هیچ هەستێکی تێدا بەدی نەکرێت. ئێمە دڵتەنگ نەبووین، بەڵام دڵتەنگیش هەروەک مەرگ و شتانی دیکە لەناکاو پەیدا دەبێت و کەچی لەناکاو بەرت نادات. سەفەری ئەو شەوەمان – ئەگەر ناوی سەفەری لێ بنێین – سەفەری دڵتەنگی نەبوو، تەنانەت ئێستاش کە باسی سەفەری ئەو شەوەمان دەکەم ئەوان بە گومانەوە لێم دەڕوانن، چونکە چوونەدەرەوەی شەوێکی بەهار ناچێتەوە سەر پێوانەکانی ئەوان لەسەر سەفەر. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ دەست لە تەواوی شتەکانی ئەم جیهانە بشۆیتەوە و باسی ون کردنی پڵینگێکیان بۆ بکەیت کە هەر بە خەیاڵیشدا نایەت شتێکی لەو شێوەیە بوونی هەبێت، چ بگات بەوەی کە خەم بۆ دڵتەنگیت بخۆن، ئەی چۆن تووشی گومانیان ناکات و تۆش نابیتە پڵێنگێک بۆ ئەوان؟!

دانیشتنەکەمان بە تاریکی دەستی پێکرد. ئەو شەوە شەوێکی قەترانی بوو هەروەک شەوی پێش دروستبوونی زەوی. شەوێک لەو شەوە دەگمەنانەی کە تاریکی هەموو شتێک دەتەنێتەوە و لە خۆیدا ونیان دەکات. ئێمە یەکترمان نەدەبینی هەر تەنیا دەنگی یەکترمان هەست پێدەکرد. خولیاکانی کاتی سەرخۆشی و مەستیش ئەم کەشوهەوایەی دووهێند ئاڵۆز و تاریکتر کردبوو، بەڵام لەو کاتەدا ئێمە هیچ کە بیرمان لە تاریکی ئەو شەوە قەترانییە نەدەکردەوە، بەڵکو هەر هەستیشمان بەوە نەدەکرد کە لە جەرگەی سەفەرداین و دڵتەنگ نین. ئاخر مەستی هەموو شتێک زەوت دەکات و هەموو شتێکیش دەبەخشێت.

ساتەکانی مەستی ساتەکانی ڕۆشناییین. ئەو چرکانەن کە خەیاڵ نەک تاریکی، بەڵکو هەموو جیهانە ئەستەمەکان و هەموو ئەستێرە نەدیتراوەکانی ئەو شەوە و هەموو مەودای سەفەر و دواجاریش هەموو دڵتەنگییەکان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ئینسان لە کاتی سەرخۆشیدا هەموو شتێکی هەیە، خاوەنی تەواوی شتە نەدیتراوەکانە. وا هەست دەکات کە دەستی بە تەواوی شتەکانی ئەو جیهانە ڕادەگات، هیچ شتێک نییە کە بەدەر لە ڕکێفی خۆی بزانێت، بەڵام چرکە بە چرکەی ساتەکانی سەرخۆشی خاڵییە لە شتێک، بەدەرە لە حوزوورێک، هەستکردنە بە چۆڵی شوێنی ڕەگەزێکی دیکە لە دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ خۆیدا، ئەویش دروست لەو کاتەدا کە سنوورێک لە نێوان دەرەوە و ناوەوەدا نامێنێت و هەموو شتێک سایەی خەیاڵ دایدەپۆشێت. لە بەستێنی ئەو کاتە خەیاڵ ئامێزانەدا، چرکە بە چرکەی ئەو نوقسانە هەست پێدەکەیت. ئەو شەوە هەموومان خۆنەویستانە لەوە دەگەیشتین کە لەو جیهانە وەهمیەماندا، لەو چرکە خولیاڕێژەدا ڕەگەزێکی

ونبوو هەیە کە شایەد هەریەک لە ئێمە هیچ کات نەتوانێت بیدۆزێتەوە. ئەمەیە کە تەنیا ژن دەتوانێ خۆی بکات بە بەستێنی ساتەکانی مەستیدا و بەتاڵیان بکاتەوە، بۆیە ئینسان لە کاتی سەرخۆشیدا بە ناو خەیاڵەکانیدا دەگەڕێت بەشکەم شوێنەوارێکی بچووک لەو ڕەگەزە بدۆزێتەوە. ئێمە ئەو شەوە هەموومان لە ئەفسوونەکانی مەستیدا شوێنەواری ژنمان گرتبوو و لەو جیهانە وەهمییەماندا ژنێکمان بۆ خۆمان دروست کردبوو کە قەت بۆمان نایەتە جیهانی دوای تێپەڕینی وەهم!

بەرواڵەت هەریەک لە ئێمە لەگەڵ یەکدا دەدواین و دەکەوتینە جیهانی واقیعی یەکترەوە، بەڵام هەریەکەمان بە جیاواز هەودای خەیاڵی ئەو بوونەوەرە ئەفسانەییەمان گرتبوو و لەو کونجە نادیارانەدا کە ئەوانی دیکە قەت نایبینن، چاوچنۆکانە بە شوێنیدا دەگەڕاین. تەنانەت ئینسان لە کاتی مەستیدا خۆی دەزانێ کە دەستی بەو مەحاڵ و ئەستەمە ڕاناگات، بەڵام ئەگەر ئەو چرکانەش لە پیاو بستێننەوە، یان دەست لەو بەدواداچوونە سیحراوییە هەڵگرێت کەوابێ ئیتر ئەوسەری چرکەکانی مەستی بە کوێوە گرێ بدات؟!

ئەوە بوو کە ئیتر لەو شەوەدا کە هەر بەڕاست ئەگەر ئەنگوستیان لە چاوت ڕاکردبایە، هەستت پێ نەدەکرد، هەر لە ناو ئەو گەڕانە خەیاڵیانەدا – کە هەر بەڕاست گەڕانە بە شوێن ژندا – هەموو دۆستان تا کۆتایی ڕۆیشتبوون، واتە تا ئەو شوێنە کە دەگەنە مەنزڵ. ئاخر دواجار مەنزڵی هەر خەیاڵێک خەونە. ئیتر ئەوانیش لەو خولیایانەدا تا ئەوسەری خەو ڕۆیشتن و بەدەم چرکەکانی مەستییەوە خەو هەڵیگرتن و بەدەر لە هەر دڵتەنگییەکی سەفەر، جیهانی مەستی و خەویان تێکەڵ کرد و ئارامیان گرت. کە من دەمزانی چرکە بە چرکەی ساتەکانی خەویان تژی بووە لە ژن و ئەوکات لە ناو خەودا هەرکامیان خەریکی دروستکردنی پەیکەری ژنێکی دڵخوازە و بە وەهمەوە سەیری دەکەن و ئەوکات هەر لە خەودا خۆشیان دەزانن کە ئەمە وەهمە و ئەوکاتیش وەهم خۆی شێوەیەکە لە لەزەت کە هەر تەنیا ئەوان هەستی پێدەکەن و ئەوکات ئامادە نین هەرگیز لەو جیهانە وەهم و حەقیقەتە بێنەدەر و ئەوکات ئەو چرکانەی کە بە دەگمەن دەست دەدەن قەت لە یەکتر نەپچڕێن و ئەوکات هەر مەستی بێت و خەو بێت و وەهم بێت و دواجاریش هەموو چرکە نەپچڕاوەکان پەیکەرێکی دەستکرد بێت لە ژن!

لە نێوان ئەو چرکانەی ئەواندا، ئەو ساتە ژنئامێزانەی کە ئیتر دەست نادەنەوە، خەیاڵ منی تا کۆتایی نەبردبوو و ئەوکات لە نێوان خەو و بێداریشدا جگە لە تاریکی هیچی دیکەم نەدەبینی، کە تاریکیش هەر بینین نییە، بەڵکو نەبینینێکی تەواوە، بەڵام هەر ئەو چرکانەی نێوان خەو و بێداری بوو بە دەسپێکێک بۆ ئەوەی دواتر هەست بکەم بەوەی هەر سەفەرێک خۆی شێوەیەک لە دڵتەنگی دروست دەکات کە دواتر لە ناو زەینتدا تراژیدیایەک دەخولقێنێ کە زیندووبوون بۆ هەمیشە سەراپا دەکاتە دڵتەنگی و دواجاریش تێدەگەیت بوونت بێ ئەو دڵتەنگییە هیچ مانایەکی نامێنێت.

هەموو دڵتەنگییەکان هەروا دەست پێدەکەن، لە چرکەیەکدا شکڵ دەگرن کە لە چرکەکانیتر ناچێت. ئاخر لە نێوان خەو و بێداریدا چرکەیەک هەیە کە نە خەوە و نە بێداری. ئەو کاتەی کە پێ دەنێیتە بیرۆشەخەو، چرکەیەک هەیە کە لەودا خۆنەویستانە زەینت لە ناکاو پەرشوبڵاو دەبێت و پێکهاتەی وشیاری زەینت لێک هەڵدەوەشێت. ئەو چرکەیە نزیکترین ساتە لە مەرگ، ڕەگەیەکی تێدایە لە مردن.

لە بەستێنی ئەو چرکە دەگمەنانەدا بوو هەستم کرد پەیکەرێکی ڕەش هەیە کە لەو تاریکییە قەترانییەی شەوەدا دەدرەوشێتەوە و ئەوکات ڕەنگ لە تاریکی شەو دەستێنێ و سێبەر دەکات بە سەر تەواوی ڕەشایی شەوەدا. سەرەتا هەستم بە چاوەکانی کرد ئاخر چاوەکانی لە تاریکی تاریکتر بوون. لە دوو ئەستێرەی ڕەشیان دەکرد کە نەک هەر هەموو ڕۆشنایی جیهان، بەڵکو دەکرا تەواوی تاریکایی شەویش لە خۆیاندا بتوێننەوە.

پڵینگەکە ڕەشێکی قەترانی بوو وەک ئەوانەی کە پیاو، یان لە فیلمدا دەیانبینێ، یان لە ناو خەودا دێنە خەیاڵی. پێست و پەشمی دەبریکایەوە وەک پێستی ژنێکی تازە لە حەمام دەرچوو. ئەوەندە بریکەدار کە پیاو حەز دەکات وەک خەرمانەیەک بە دەورییەوە داگیرسێ، یان حەز دەکات لە باوەشی بگرێت و تا ئەبەد بەری نەدات. من ئەوەم بە خەو دیت، یان لە واقیعدا؟! نازانم، گوتم هەندێک جار خۆشم دەچم بە گوماندا، بەڵام دیمەنەکەم هەردەم لە بەرچاوە: پڵینگێکی ڕەشی بریکەدار، چاوەکانی لە پێستی لەشی قەترانیتر، لەو چاوانە کە ئینسان هەر تەنیا جارێک بەسە بیانبینێت و

ئیتر هیچ کات فەرامۆشیان نەکات.
گوتم پێستی لەشی ئەوەندە ڕەش بوو و چاوەکانیشی ئەوەندە ڕەشتر کە پیاو قەت لە زەینیدا ئەو هەموو ڕەشاییەی بۆ ناشوبهێت. من تەنیا یەک شتی دیکەم دیوە کە لە ڕەشایی پێستی ڕەشی ئەو بکات ئەویش جلی تەنکی ژێرەوەی ژنێکی هاوڕێم بوو کە تەنیا یەک جار ئەویش چەندین ساڵ لەوەوبەر رووتم کردبۆوە. نازانم جلی ژنە هێندە ڕەش بوو، یان بەسەر پێستی سپی لەشییەوە وەها ڕەش دەینواند. ئاخر پێستی ئەویش لە ڕووناکی ڕووناکتر بوو. تاپۆی ژنە لە پەیکەرێکی گەچین دەچوو کە ڕۆشنایی سەدان گڵۆپی کەوتبێتە سەر و کارەبایی بنوێنێت. ئەوکات تۆ حەز نەکەیت هیچ کەس چاوی بەم دیمەنە بکەوێت هەر بۆ ئەوەی تەنیا خۆت بە دەوریەوە دابگیرسێیت. ئاخر پیاو تا کەسێکی زۆرتر خۆش بوێت زۆرتریش ئێرەیی و بەخیلی پێ دەبات. ئەم دوو مەسەلەیە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە یەکەوە کە لە ناخ و دەروونی مرۆڤێکی ڕاستەقینەوە دێن. هەربۆیەش هیچ پیاوێک نییە - تەنانەت ئەگەر بۆ جارێکیش بووبێت - بیری لە خەیانەتی ژنەکەی نەکردبێتەوە. ئیتر منیش هێندە بەخیل و پڕ ئێرەییم کە ئەگەر ژنێکم هەبێت، هەرگیز حەز ناکەم بۆ کڕینی جلی ژێرەوە بچێتە لای هیچ پیاوێک، هەر لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە جلە ڕەشەکان لەبەری ژنەکەمدا نەهێنێتە پێش چاو و زەینی خۆی. شایەد من گەوجترین پیاوی دنیا بم، بەڵام بەم شێوەیەم.
ئەو جارەش کاتێک ژنەم رووت کردەوە زانیم کە ئەستەمە دەست بدەم لەو پێستە پڕشنگدارە پڕ بڵێسە و بریکە و تروسکەیە و ئەوکات هەستم کرد کە ئەمە تەنیا بۆ ئەوە خولقاوە کە ڕووناکی لە ڕۆشنایی ببڕێت و ئەوکات من تەنیا دەبێ حەسرەتی بخۆم و بتاسێم و ئەم ڕەش و سپییە ئاوێتە بێ وێنەیە جارێکی تر نەبینمەوە و ئەوکات وێدەچێت لەوە بەدوا کەسانێکیتر چاویان بەو جلە ڕەشە بریکەدارە بکەوێت کە تەنیا بەسەر پێستێکی لەو چەشنەوە ئاوا ڕەش دەنوێنێت و ئەوکات وێدەچێت ئەستەم نەبێت ئەو کەسانە دەستی لێ بدەن و هەست بەو هەموو ڕەشاییەی ئەو جلە بکەن کە بەسەر ڕۆشنایی ئەو پێستەوە دەدرەوشێتەوە و ئەوکات من تەنیا دەبێ حەسرەت بخۆم و حەسرەت بمخوات و دیق بکەم لە حەسرەتا، یان هەندێک جار کەسێکت هێندە خۆش دەوێت کە ناتوانی تەنانەت بۆ چرکەیەکیش لێی نزیک ببیتەوە و هەندێک جاریش خۆشەویستی ئەوەندە تۆخ دەبێتەوە کە دەگاتە ئاستێک کە حەز دەکەیت تا دوا سنوور ئەو کەسە برەنجێنی و ئازاری بدەیت. ئەمە بوو کە من بێ بیرکردنەوە ئەو ژنەم کوشت و لە لای کەس باسم نەکرد هەر بۆ ئەوەی دیمەنی ئەو جلە ڕەشە بریکەدارە و ئەو پێستە درەوشاوەیە نەچێتە ناو زەینی کەسەوە و تا ئێستاش بە هیچ کەسێکم نەگوتووە.
من لەو سەردەمانەوە بۆم دەرکەوتبوو کاتێک ژن بە وردی لە گلێنەکانت ورد بۆوە، کە سەیری ناو چاوتی کرد، دیارە تکایەک لە ڕۆحیدایە، داوایەکی هەیە لێت، بە خواستێکەوە سەیرت دەکات... ئەو شەوەش پڵینگەکە زەق زەق دەیڕوانییە گلێنەم، بەڵام من هیچ خواستێکم لە گلێنەکانیدا بەدی نەکرد، یان ئەگەر بوو من هیچ هەستم پێ نەکرد و کەچی دەشمزانی کە هیچ ڕوانینێک بێ تکا نییە و ئێستاش زۆر بۆ ئەوە دڵتەنگم کە من ئەو تکایەم دەرک نەکرد و هەروا وەک گرێیانەیەک ماوەتەوە، بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێکی ئەو مەسەلەیە، بەڵکو زۆر جاریش هەر لە دڵتەنگی خۆم تێناگەم، واتە دەگەیتە ئاستێک کە تۆ هەر تێناگەیت کە بۆچی دڵتەنگیت و بۆچی دەبێ بووبێتە بەشێک لە تۆ؟!
بەم شێوەیە بوو ئیتر: سەرەتای دڵتەنگییەکانی من ئەو شەوە بەهارییە قەترانییە بوو نەک پێشتر، واتە بە شوێن کوشتنی ئەو ژنەدا، چونکە من لە دوای لەناوبردنی ئەو، لەوە دڵنیا بووم کە کەسێک چاوی بەو ڕەش و سپییە ئاوێتە بریکەدارە ناکەوێت و ئیتر ئەوە تەنیا منم کە ئەو دیمەنەم لە ڕۆحمدا هەڵگرتووە کە ئەمەش هیچ دڵتەنگییەک بە شوێنیدا نایەت، بەڵام ئەوەش تا سەر ناخایەنێت بەڵکو لەناکاو شەوێکی بەهاری دێتە پێش و دڵتەنگییەک بە شوێنیدا کە تەنیا دۆزینەوەی دووبارەی پڵینگێک دەتوانێ ساڕێژی بکات کە ئەمەش واتە ئەستەم و مەحاڵ!
هەندێک چرکە هەن کە حەز دەکەیت هیچ کات تێپەڕ نەبن و هەرگیز برانەوەیان نەبێت، بەڵام تف لەم ژیانە کە هەمووی هەر گوزەرە! هەر بۆیەش هەندێک جار زیندووبوونت دەبێتە بیرکردنەوە لە ئەفسانەی چرکە جاویدانەکان کە هەر تەنیا خەیاڵن و بەس. منیش ئەوکات کە سەیری پەیکەری بریکاوەی ئەو ژنەم دەکرد دەمزانی کە ئەم ساتە درەوشاوانە گوزەرین و جاویدان نین


و تاکە ڕێگاش بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە لە یادەوەریمدا بۆ هەمیشە نەمر و جاویدان بمێنێتەوە، لەناوبردنی ئەو ڕەش و سپییە ئەفسووناوییەیە کە تا سەر ئێسقان پڕت دەکات لە ئێرەیی، تەنانەت ئەگەر کوشتنی ئەو کوشندەترین دڵتەنگیش لە لات دروست بکات، کە دواتریش زانیم ئەوە تەنیا دڵتەنگییە ژیان جاویدان دەکات نەک دڵخۆشی و شادی!

لە بەستێنی ڕوانینەکانی ئەو پڵینگەدا من بێ ئەوەی دۆستان لە خەو بکەم ڕاپەڕیم و بەهەڵوەدا بەرەو لای پڵینگەکە ڕۆیشتم، چما هەودایەکی نادیار لەو ڕەشێنکە چاوانەوە دەردەکەوت و منی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا و لەو بەستێنەشدا چما پڵینگەکە هەستی بەوە کردبوو کە من لەوەوبەر ژنێکم کوشتووە و ئەم ئەگەرەش وێدەچێ بەرەوڕووی ئەو ببێتەوە و ئیتر بە ناو گەنمەجاڕەکەدا دوور دەکەوتەوە، بەڵام مەودامان هەر ئەو مەودایەی پێشوو بوو کە سەرەتا هاتبووە بەرچاوم، بەڵام من هیچ کە بە نیازی کوشتنی ئەو نەبووم، بەڵکو هەر لە ڕاستیدا نەمدەزانی چ هۆکارێکە وادەکات من بەهەڵوەدا بەرەو ئەو تارماییە تاریکییە بکشێم و ئەوکات پڵینگەکەش هەروا بە گەنمەجاڕەکاندا سوێسکەی دەکرد و منیش دیسان بە بەستێنی تاریکایی ئەو شەوەدا گەنمەجاڕەکانم ژێر پێ دەنا و تاسەی ئەو هەموو تاریکییە و ڕەشاییەم دەکرد کە وێدەچوو هەرگیز لە هیچ شەوێکی قەترانی دیکەدا بەرچاو نەکەوێتەوە و ئیتر بۆ هەمیشە ببێتە ونبوویەکی هەمیشەیی کە گەورەترین دڵتەنگییەکان دروست دەکات و ئیتر ئەم هەڵوەدابوونە هەروا درێژەی هەبوو و نەدەبڕایەوە و پڵینگەکەش هەروا سڵی دەکردەوە لێم و چاوشارکێی لەگەڵ من و لەگەڵ تەواوی ڕەشایی شەودا دەکرد و هەروا دوور و دوورتر دەکەوتەوە و ئەوسا دیسان من چاوەکانیم بەدی دەکردەوە کە لە تاریکی تاریکتر بوون و ئەوسا ئەویش زۆرتر بە ناخی تاریکیدا ڕۆدەچوو و ئیتر ئەمە هەر بڕانەوەی نەبوو تاکو ڕەشایی شەو کاڵ دەبۆوە و ڕەشایی پڵینگەکەش کاڵتر و ئیتر تا وای لێدەهات کە شەو بە تەواوی لە ڕەنگ و ڕوو دەکەوت و ئەوسا نەک ئەو پێستە بریکەدارەی پڵینگەکە، بەڵکو هەر بوونەوەرێکی لەو شێوەیەش بوونی نەدەما و ئەوسا لەناکاو هەستم دەکرد کە ئیتر پڵینگێک لە کاردا نەماوە و تازە بە ئاگا دەهاتمەوە کە بەرەبەیانە و سپێدەی داوە و منیش تازە خۆم لە ناو گەنمەجاڕێکی دووری دووردا دەبینییەوە کە تاک و تەریک ماومەتەوە و ئەوسا هەروەها تازە هەستم دەکرد کە پڵینگەکە بۆ هەمیشە بووەتە ونبوویەکی ئەبەدی و هەر بەو پێیەش دڵتەنگییەکی بەردەوام و هەمیشەیی لە دەروونەوە سەری هەڵداوە کە لە ناو هیچ گەنمەجاڕێک و لە هیچ سپێدەیەکی دیکەدا دانامرکێتەوە و ئەوسا دەمزانی کە دڵتەنگیش خۆی چیرۆکێکی جیاوازی هەیە کە هەر تەنیا سوێسکە کردن و چاوشارکێی پڵنگێکی لە تاریکی تاریکتر ئەویش لە شەوێکی قەترانی دەگمەندا و لە ناو گەنمەجاڕێکی بەهاردا دەتوانێ بیهێنێتە دی.

بەڵام دڵتەنگیش شێوەیەک لەزەتی نادیاری هەیە کە دواتر هەستی پێدەکەیت، هەربۆیەشە کە دەڵێم دواجار دەگەیتە ئاستێک کە وا هەست دەکەیت ئەم دڵتەنگییە شێوەیەک ئاڵۆزی دەروونییە کە بێ ئەوە زیندووبوونت هیچ مانایەکی نامێنێت و زەینت دەبێتە زەینێکی تراژیدیادۆست.

چیرۆکەکانی دڵتەنگی کە دەستیان پێکرد ئیتر قەت کۆتاییان نییە و ئەم خولانەوەیە هەروا بەردەوامە و شایەدیش هەر سووڕ و خولانەوەیەک لە کاردا نەبێت و هەر تەنیا هەستێکی نامۆ بێت کە دڵتەنگی دروستی دەکات و ئیتر تۆش هەر چاوەڕوان بمێنیتەوە کە دیسان سەفەرێکی دیکە دەست بداتەوە و چرکەیەکی دیکە بخولقێت کە پڵینگێک بە ناو گەنمەجاڕێکدا و لە شەوێکی لەو شێوەدا خەریکی سوێسکە کردن بێت و کەچی بشزانی کە ئەمە شتێکی ئەستەمە، یان تەنیا خەویک بووە کە هەر تەنیا جارێک دەبیندرێت، بەڵام ئەم چاوەڕوانییە قەت کۆتایی نایەت، ئەمەیە کە ئینسان هەمیشە زیندووە، بەڵام زیندووبوونێک کە لە ڕابردوو جیاوازە و گۆڕانێکی وای بەسەردا هاتووە کە هەرگیز بۆ گەڕانەوە نابێت و هەندێک جاریش وات لێ دێت کە هەموو شتێک لە لات یەکسان دەبێت و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نامێنێت. ئەمەیە کە ئێستاکە جگە لەمە، هیچ دڵتەنگییەک لە لام ئەوەندە گەورە نەماوە کە خەمگینم بکات، هەربۆیەش کەوتوومەتە ئەم دۆخەوە کە هیچ ناوێکی بۆ دەستنیشان ناکرێت و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەس و هەندێک لە دۆستانی ئەو شەوە پێم دەڵێن: نەخۆش!

**زستانی ٢٠٠٨**



# ل شیشلییێ باران

مگردیچ مارگۆسیان
(ئامەد)
و: ژ ترکی: رووکەن باغدو کەسکین
(ستەنبول)

ل بن وێ بارانا همبزی کو تە دگۆت قەی ئەزمان قول بوویە گاڤا مە دیبیا من تەڤی دعاییێن کەشە مۆڤسەس بەر ب دنیا وی ئالی دە ڤەرێ کر، من هێ ژی دگۆت قەی وێ رۆژەکێ دیا من ڤەگەڕە وەرە. لێ نەبوو ڤەنەگەری ب قاسی نڤشتەکێ ژی کاغەزەک نەنڤیساند و نەشاند. ژ خوە بخوەستە ژی نکاربوو بنڤیساندا رەبەنێ، وی و خوەندن و نڤیساندن چ فێم دکرن ژهەڤ؟ دایکا من یەکە گوندی بوو. بەلا کو دبستان ل دۆرا وان تونەبوونە وێ ژی نکاربوویە بخوینە. لێ ل گۆری خوە دیسا ژی هینی تشتێن بکێر بووبوون. مەسەلا کاربوو هەڤیر پڕ باش بسترێ. پشتی کو هەڤیرێ خوە دکر، ڤێجا ڤی هەڤیری دخست ناڤ تەشتەکە سفر و بۆتەکی ستوور پێ دادکر کو ترش ببە. لێ بەری ڤێ، دهانی ل سەر هەڤیر ب تلیا دەستێ خوە یێ راستێ شکلێ خاچێ چێدکر و دگۆت: «بەرەکەتا براهیم خەلیل ل سەر تەبە.»

هوون براهیمخەلیل ناس دکن گەلۆ؟ من بخوە جارا یەکەم وی د ناڤ تەشتا هەڤیر دە ناس کر. پاشی ژی ل دەردۆرا ماسا مە یا خوارنێ.

بلا کەس شاش فێم نەکە ژ ماسێ مەبەستا من بەرۆشا سفری مەزن یا کو مە داتانی سەر سێنیەکێ یە. قووشخانە هەتا ب دەڤ تژە بوو شۆربەنیسک. ئەم، تەڤی کالکێ من، پیرا من، باڤێ من، دیا من و خوشک و برایێن من، مە دۆر ل سێنییێ دگرت و د دەستێن مە دە کەڤچییێن داری مە خوە زەر دکر سەر شۆربەنیسکا گەرم گەڤچی ل دووڤ

کەڤچییێ هەتا ژ مە بهاتا.. گاڤا براهیم خەلیل تەڤی بەرەکەتا خوە ب ڤی شکلی دکەتە ناڤ شۆربێ و دو سەری پیڤازێن هشک و نانێ تەنووریێ ئێدی نەما کاربوو ژ دەستێ مە خەلاس ببە، ئەم دفلتن سەرێ. دەما مە خوارنێ دخوار چتێ ژ کەسی دەرنەدکەت ژ خوەبێ بخوەستا مژوول بوونا وێ برچی بمایە. وەکی دن ژی مە زانبوو کو ل سەر خوارنێ گونە یە مرۆڤ خەبەر بدە.

ب ئاوایەکی دن ژی مە براهیم خەلیل دناڤ لبێن گەنم دە ناسکر. گاڤا پشتییێن تەلیسێن گەنم دکشیان مالا مە ئەز و خوشک و برایێن خوە ئانگو تابوورا خوشک و برا، مە ددا سەر ریا مالێن جیرانان و هەریەک ژ مە ب دەنگەکی مە گازی وان دکر.

«خوشکا هچێ، مە زاد کریە، وەرن ئالی مە ئەم ببژێرن.»

«خوشکا سەنەم دیا من دبێژە بلا بێ زەبارێ.»

«خوشکا ساریک بەرۆش و سینیێن خوە یێن مەزن باڤێژن سەر پشتا خوە بازدن وەرن ئالی مە!»

خوشک و مشک هەموو دهاتن کو ئالی مە بکن. یێن کو سینییێن وان یێن مەزن هەبوونا ب خوە رە دئانین. تەڤ دە ل دۆرا وان سینیان یێ کو ژ قولووسکا یێ کو چارمێرگی ڤەددا وەک زبارێ زاد دبژارتن. گەنم ددان ئالییەکی خیچک و زخوورکا داڤێتن ئالییێ دن.

براهیم خەلیل یەکۆ یەکۆ، لبۆ لبۆ، ژناڤ کەڤران دهاتە بژارتن ل کێلەکەکێ کۆم دبوو. کو دبوو ئێڤار خوشک تەڤدا خوە ددان هەڤ بەرۆش و تەشت سێنیکێن خوە ل پشتا خوە دکرن تەڤی ڤێ دعایێ ددان سەر رێییێن مالێن خوە.

«گەنمێ تە ژ یێ باش دەرکەت خانمێ، ب خێر و خوەشی بخون خوەدێ بکم بەرەکەتا براهیم خەلیل ژێ کێم نەبە». وەکی کو هوون ژی دزانن ژ بۆ کو گەنم ب بەرەکەت بە دڤێ مرۆڤ ببە سەر ئاش بدە هێراندن دا ببە ئارڤان (ئارد).

گاڤا وەختێ وێ دهات مە ڤێ ژی دکر. ژخوە هەیا قەراشێ کورد ئووسۆ ژ هەموو تشتی هەبوو. زانبوو بێ کێ ژ کودەرێ، ب چقاسی و چقاس گەنم کریە و کیژان خوشکێ گەنمێ کێ کەنگی د چەند رۆژان دە ژ هەڤ بژارتیە و ئەو گەنم ژ یێ باشە ئان خەرابە. کەسی نزانبوو ڤان تشتان ژ کێ و کەنگی هین دبە. ئا راست ئەڤ شغولێ وی بوو، نەدبوو ژ کەسی رە بێژە. قەراشێ پۆرسپی یێ سالان ڤی ژی نزانبوونا وی چ زانبوونا فەقیرۆ. هەروها وی ئەو پۆر هەموو نە ل ئاش ل تاخا فللا سپی کربوو.

برپارێن کارێ ئاش و ئارد د سەری دە تەڤ دە ئووسۆ ددا.

خوشک تەڤدە وێ کارێ هێراندنا زادێ خوە بکرانا تەڤا بخستانا تەلیسان و بسپێرتانا ئووسۆ. ئەڤ ژی تو جاران دەرەنگ نەدما د عەینی رۆژێ دە تە هەو دی ئووسۆ ل بەر دەری دا دەر. ئووسۆیێ من و وە ڤان تەلیسان قەراسە ب دۆرێ یەکو یەکو ل پشتا هێسترا خوە یا سپی کو ئێدی ب قاسی وی پر داهات، بکرا؛ ب وەیسەکی هێستر و تەلیسان ب هەڤ دە هشکۆ کرۆکێ عاسێ بکرا و بەرێ خوە بدا ریا ئێش. بەری ئەو بدە رێ وێ دایکان ب دوو دە گازی بکرانا: «ئووسۆ زوو بینە ها!»

زاهفتر ل خوەشا وی دچوو کو تە پێ رە ب زمانێ وی خەبەر ددا. ژ وێ یەکێ دیا من ب کورمانجی دگۆتێ زوو بینە. ئووسۆ زوو ب زوو پۆز ب گۆتنێن وسا نەددا، وەکە خوە دکر. لێ کو کێفا وی ل جی بوونا، هێسترا وی نەهەرمیا گوهـ ددا شیرەتێن وی یێن کورمانجی وکایا کو ژێ رە خستبوو جوهارێ بەر دڤێ وی عەجبا دبە خواربە، زیتکا ژی نە ئاڤێتبە ئانگۆ حەیوانی نەکربا وەک ئینسانا بووبە، وێ ئووسۆ ژی سەرێ خوە د بەر خوە دە بهەژاندا بگۆتا:

«هەرێ، هەرێ!»

من و هەفت خوشک و برایێن خوە مە یێ بدا دووڤ ئووسۆ.

ئووسۆ وێ ژ دو گاڤان جارەکێ سەرێ شڤا خوە یا تووژ بنچکاندا هێسترێ.

«دەهـ مراتێ دەهـ!»

خرە خر ب هێسترا رەبەن دکەت دبن وی بارێ کو ب بەرەکەتا براهیم خەلیل بێهتر گران بوو بوو. دیسا ژی نە بەربایی مێشێن کەران یێن کو ب کێلەکا چاڤێن وی ڤە زەلقی بوون دکەت نە ژی گوهـ ددا دەهە دەها ئووسۆ، راست ب هەڤراز ڤە هلدکشی.

بەربووریێن ئووسۆ ئانگۆ ئەز و خوشک و برایێن خوە، ئەم هەتا بەر دەڤێ کانیا کو جیرجیسێ دەرمانفرۆش یێ کەلدانی و مێرێ خوشکا ئارشالوویس کو ب خێرا سەرێ وێ ژێ رە چێکربوو دچوون.

گاڤا ئەم دگەهیشتن بەر دەڤێ کانیێ ئووسۆ ب قیرین دکر کو دەنگ هەرە هێسترا کەرِ دگۆت «شۆۆۆ!» ب زمانێ هێستریێ «شۆۆۆ» یانی «بسەکنە!» هێستر ژ زمانێ خوە تێدگەهیشت گوهێن خوە یێن درێژ دلەبتاند، ب خەبەرا ئووسۆ دکر و دسەکنی. لێ دەنگێ شۆۆۆ یێ ب ئووسۆ دو مانیێن وێ هەبوون. ئا یەکەمین تەڤی فیکینەکێ گازی دکر. هێستر پێ دچوو سەر ئافرێ، چاوا کو هێستر دەنگێ فیکینێ بکرا وێ سەرێ خوە یێ قەراسە درێژی درێژی سەر ئاڤێ بکرا. پشتی دو سێ جاران بێهن بکرا وێ هێ ژێ ڤەخوارا. دکر نەدکر ژێ تێر ڤەنەدخوار. من کەس نەدی کار بە ب قاسی هێسترا ئووسۆ ئاڤێ ڤەخوە. وە دیتیە گەلۆ؟ گاڤا جارا دووەمین ئووسۆ بگۆتا شۆۆۆ! دڤیا کو ئێدی ئەم و زارۆکان ژ دووڤ وان بقەتیانا. ئەمێ ڤەگەریانا.

دو رۆژ ب شوون دە براهیم خەلیل ب شکلەکی نوو دبوو مێڤانێ کیلەرێن مە دبن کەڤرێ گری سپی یێ گرانی ئاشێ ئووسۆ دە هاتیە هێراندن، پۆرێ خوە یی سپی شەهـ کریە، بوویە ئارد، هنەکی ژێ ل خوە زێدە کریە و هاتیە کەتیە ناڤا دیزکێن ل کیلەرێ، ب هەسرەت ل هێڤیا رۆژا یەکشەمێ یە کو هەرە هەمبێزا نانێ پیرۆز یێ کەشە ئارسەن.

خودێتەعالا وی ژ سەرێ مە کێم نەکە، براهیم خەلیل تو جار ژ ناڤ مال و کیلەرێن مە دوور نەدکەت.

تەڤی ڤێ یەکێ ل ئالیێ دن ئەو دبوو بەرەکەت و خوە بەردا ناڤ مالزارۆکێن دیێن مە ژی. ما کی ژ مە کارە ژبیر بکە کو هەر یەک ژمە ب خوە ل بەر بەرەکەتا وی رابوویە!..

هەر سالا کو یەک ژ مە ل خوشک و برایێن خوە زێدە دبوو وێ پیرکا من بازدا کیلەرێ دو کولم ژ براهیم خەلیل بئاڤێتا ناڤ تاوێ و بدا سەر ئێگر.

وێ ئارد د روون دە باش بقەلاندا تاسەک ئاڤ ژی رووکرا سەر و ئاڤ و ئارد ل هەڤ بپرپشیا هەتا کو ژ تاوێ بفووریا. پیرکا من جارنا ژی قاوێتێ دپژاند. قاویت نێزیکی پژاندنێ پەق پەقۆک ب سەر دکەت دبوو پت پتا وێ. کو پتە پت پێ دکەت دڤێ ئێدی ژ سەر ئاگر بهاتا هلاندن.

ڤێجا دۆر دهاتە روونێ نڤیشک و دمسێ کو قەنج ل سەرێ بهاتا رووکرن. ئەم ب کێف دفلتین سەر براهیم خەلیلێ کو کەتبوو شکلێ قاویتێ. براکێ مە یێ نوو بەرەدایی ب قاژە واژ خوە ب دەنگێ کەڤچییێن مە رە دوەستاند.

لێ ئێدی مە ژبەر کربوو، مە زانبوو کو سالەکە دن ئەو ژی وێ تەڤی کەڤچییێن قاویتێ ببە و مینا مە و ڤێگا گوهـ نەدە قاژە واژا برایێ مە یێ نوو یێ کو وێ وەرە.

ئەز نزانم چاوا چێببوو ب چ ئاوایی بوو من هەو دیت کو ئەم هاتن «پاژارێ مەزن و باش» ستەنبۆلێ.

ئەز نزانم چاوا پێکانی لێ دیا من دناڤ لبکێن برنج، گەنم، نیسک، هوورک، نۆک، ساڤار و فاسوولیان دە بەرەکەتا براهیم خەلیل ژی ب خوە رە ئانی ستەنبۆلێ. ژ وێ وە یە کو ئانیبوو. لێ مخابن نا...

براهیم خەلیلێ مە یێ ئەنەدۆلی هینی مالا مە یا کەفکی نەبوو بوو. براهیم خەلیلێ کو قەترەمیزێن قەراسە یێن ل کیلەران تێرا وی نەدکرن چاوا کاربوو ب قەوانۆزێن پلاستیک دەبار بکە؟ هەوە کاربوو بدەبراندا؟

نەما. رابوو بارکر ژ مالا مە یا نوو.

پشتی وێ دیا من بەرەدایی خوە ب قاویتێ رە وەستاند. ئێدی تاما پاستا ژ قاویتا مە دهات. گاڤا کو قاویتا براهیم خەلیل ئا ب دمس و نڤیشک تاما پاستا و چقۆلاتا ژێ هات ئەڤ پێ نەخوەش بوو. هەو ل بەر خوەدا، نەکاری بژی و داوی ژی مر.

من براهیم خەلیل جارا داوی ل شیشلی ل سەر مەزەلکێن ئەرمەنیان دیت. هەیلا من چاڤێ براهیم خەلیلێ دیاربەکری خواری، چاوا بوو بوو باران و تابووتا دیا من دشووشت.

دەما براهیم خەلیل ب تەمامێ بەرەکەتا خوە تابووتا دیا من دشووشت فکرێن وی ژی تەڤی دوعایێن کەشە مۆڤەس ل هەوایێ دبوون پرس و بەلاڤ دبوون:

«زۆ* ژنێ، ما ئەڤ رۆژا مرنێ بوو!؟»

*** زۆ: ب زمانێ ئەرمەنی ب واتەیا (لێ) تێ بکار ئانین (-ن. و.).**

**- ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (ل با مە ل وان دەران) رووپەلێن (٣١-٣٥) هاتیە وەرگرتن کو (رووکەن باغدو کەسکین) ژ زمانێ تورکی وەرگەراندییە زمانێ کوردی و، وەشانخانەیا ئاڤەستا ل سالا (١٩٩٩)ی ل ستەنبۆلێ چاپ و بەلاڤ کرییە.**

**(رامان)**

# ڕاسپاردە

ئازاد ئەرگوشی

ماوەیەکە تووشی ژانەسەرێک هاتووم، لە سەر ڕاسپاردەی برادەرەکەم سەردانی دکتۆرێکم کرد. عیادەکەی زۆر قەرەباڵغ بوو، لە سکرتێرەکەی چوومەپێشەوە، کابرایەکی ورگنی سەر ڕووتی سمێڵ فش پێشوازی لێ کردم کە پێم گوت فلاّن کەس منی ناردووە بە چاوە بۆق ئاساییەکانی سەر و بچمی پشکنیم، پاشان وەک بلێی چاوەڕێی نەدەکردم بە جۆرە سووکایەتییەکەوە گوتی: تۆی برادەری..... پێش ئەوەی قسەکەی تەواو بکات، ناوی کابرا بلێ قسەم پێ بڕی و گوتم: بەڵێ منم.

هەستم کرد برادەرەکەم پێی نەگوتووە کەمن چ جۆرە گیانەوەرێکم، لە دەموچاوی دیار بوو چاوەڕێی جنسێکی ناسکتری دەکرد. کە لە بەختی ڕەشی کابرا من دەرچووم. لە ناچاری لە شوێنی خۆی هەستا و بە نابەدڵی پێکەنینێکی کرد و ددانە دارِماوەکانی ڕیزی پێشەوەی کە دەتگوت شوورەی وشکە بەردە بە سەر یەکدا ڕووخاون، بەدەر خست، بە پێکەنینەوە گوتی: یاخوا بە خێل بێی. شوکر بۆ خوا زمانیشی تەواو نەبوو. کورسییەکی پێ پێشاندام و گوتی: فەلموو مامۆستا گیان فەلموو. لە بەر خۆمەوە گوتم: دەڵێن ساڵی باش لە بەهارەکەی دیارە، ئەگەر سکرتێرەکە ئەمە بێت، دەبێ دکتۆرەکە چۆن بێت. کابرا خێرا خۆی گەیاندە ئاو ساردکەرەکەی، پەرداغێکی پڕ لە ئاو کرد و دایە دەستم، گوتی: فەلموو مامۆستا. کە لە پەرداغەکە ورد بوومەوە، پەرداغێک لە جنسی فافۆن یەک شوێنی ساخی پێوە دیار نەبوو، منی خستەوە یادی تاسە فافۆنەکەی داپیرەی ڕەحمەتیم کە بۆ خەنە شێلان بەکاری دەهێنا. لەگەڵیشیدا هەر جارە و ئاخێکی هەڵدەکێشا و دەیگوت: ئەمە یادگاری خوالێخۆشبووی باپیرتانە. تاسەکە ئەوەندە بەکار



هاتبوو کە گشت گیانی بە سەر یەکدا قۆپابۆوە. وەک قاپێکی پلاستیکی کە لەبەر گەرما توابێتەوە وابوو. ڕۆژێکیان لە ڕووی چەتوونییەوە تاسەکەم لێشاردەوە، کارێکی کرد کارستان. لە دڵی خۆمدا گوتم: تۆ بڵێی ئەم پەرداغەش هی داپیرەی دکتۆرەکە نەبێت؟ هەر چونێک بوو بێزم نەدەهات ئاوەکەی بخۆمەوە، بەڵام نەمدەزانی چی بکەم، باش بوو لەم سەینو بەینەدا ئافرەتێک خۆی کرد بە ژووردا. لەو کاتەی چاوی سکرتێرەکە وەکو ڕادار بۆ لای ئافرەتەکە سووڕایەوە، منیش ئەم هەلەم قۆزتەوەو خێرا پەرداغەکەم گەڕاندەوە شوێنی خۆی. لە گەڕانەوەیدا، سکرتێرەکە چاوێکی لێکردم ناچار بووم پێی بڵێم: زۆر سوپاس، بەڕاستی ئاوێکی سازگار بوو.

نۆشی گیانت بێ بلا گیان.

لە پڕێکا بەرەو دەرگە وەرچەرخانێکی کرد. ئافرەتێکی جوان و جحێڵ هاتە ژوورەوە، کاغەزێکی بە دەستەوە بوو، بە لەنجە و لار خۆی لە سکرتێرەکە نزیک کردەوە ئەویش بە دەست پاچەی کاغەزەکەی وەرگرت. نەیزانی چۆن چۆنی تەماشای کاغەزەکە بکات، بە ڕەنگی سوور هەڵگەڕاوی چاوی لە ئافرەتەکە هەڵنەدەگرت، زەردەخەنەیەکی گاڵتە جاڕی هاتە سەر لێوی ئافرەتەکە بەزەیی بە کابرادا دەهاتەوە. سکرتێرەکە کەللە ڕووتەکەی ئارەقەیەکی لێ نیشتبوو، کۆنە دەسماڵێکی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێنا و ئارەقەکەی سڕییەوە پاشان وەک سپرینگ لە شوێنی خۆی دەرپەڕی و چووە ژووری دکتۆر. ئەوەندەی پێ نەچوو دەرگای ژووری دکتۆرەکەی کردەوە لە دەرازینەوە گوتی: فەرموو خاتوون. ئافرەتەکە خێرا خۆی کرد بە ژووردا، سکرتێرەکە هێدی هێدی دەرگەی داخست و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لە شوێنی خۆی دانیشت. پاشان پێکەنینێکی سەرکەوتووانەی کرد و گوتی: چ بکەین لاسپالدەی سەلەوەیە. بە دەست ئاماژەی بۆ کردم، گوتی: وەکو بەڕێزتان. هەر چەند لە دڵی خۆمدا پێکەنینم بە قسەی کابرا دەهات، چونکە برادەرەکەی من تەنیا سوپەرمارکێتێکی هەبوو و بەس، ئەوجا نازانم لە سەرەوە بوو، یان لە خوارەوە. کاتێ لە سکرتێرەکەم پرسی: مەبەستت لە سەرەوە چییە؟

کابرا تەماشایەکی فەیلەسووفانەی کردم، هەستم کرد بە چاوەکانی پێم دەڵێ بە ڕاستی تۆ زۆر گەوجی دەڵێی لەم وڵاتە ناژی، بە پێکەنینێکی شارەزایانەوە گوتی: مەبەستت ئەوەیە کە نازانی سەلەوە چییە؟ باش دەزانم مەبەستت چییە، بەڵام برادەرەکەم کە تەلەفۆنی بۆ ئێوە کردووە تەنیا سوپەرمارکێتێکی هەیە.

سکرتێرەکە دەمە گەورەکەی کردەوە و دایە قاقای پێکەنین وەک بڵێی کەس لەوێ دانەنیشتبێ دوو سێ جار دەستی بە ڕانەکانی دادا، پاشان لە پڕێکا بێدەنگ بوو، بە شەرمەوە تەماشای دەوروبەری کرد. بە هێمنی لێم نزیک کەوتەوە، لەبنا گوێمدا چرپاندی و گوتی: دەڵێی لەم وڵاتەدا ناژی، ئێستاکە پالە لە سەلەوەی هەموو شتێکەوەیە ئەی ناڵێن هەبە کولی کەلی بە.

دەنگی زەنگی دکتۆرەکە وەخۆی هێنایەوە. خێرا خۆی کرد بە ژووری دکتۆرەکە. زۆری پێ نەچوو گەڕایەوە، بە هەمان لێوولوچە سەیر و سەمەرەکەی لێم نزیک بۆوە، بە جورێ کە ئامادە بووان گوێیان لێ نەبێت، گوتی: جەنابی دکتۆر فەرمووییەتی هەلچەند زۆر قەلەبالغە، بەڵام شوێنێکی بۆ دەکەمەوە نزیکەی شەست کەس ناویان نووسیوە تا ئێستا نزیکەی دە کەس چوونەتە ژوورەوە دەتوانم ژمالەی بیست و پێنجت بدەمێ، دوای پازدە کەسی تل، بەسەلی تۆ لەبەل بەلێزتان نەبێت زۆل زەحمەتە، خەڵک هەیە دوو سێ مانگە لە سلە دانە.

ئەوجا زیاتر لێم نزیک کەوتەوە و بە دەنگێکی حیزانەوە گوتی: بە سەلی تۆ نە بە سەلی خۆم لە شێوەی قسە کلدنی دکتۆلەکە بۆم دەلکەوت ئەو خاتوونەی لە ژوولەوەیە دەبێ زۆل مهیم بێت وەکو دیالە زۆل دەستی دەلوا. دووبارە تەماشای دەوروبەری کرد کە بینی سەرنجی کەسی ڕانەکێشاوە هەرکەس خەریکی دەست و پەنجە نەرم کردنن و لەگەڵ نەخۆشیەکەیتی، بە هێواشی گوتی: بەینی خۆمان بێت منیش ئەوەندە جوان بم دەستم دەلوات. بە لاستی بەلێزتان نەتانگوت چ کالەن؟

پێش ئەوەی وەڵامی بدەمەوە پیاوێک کە منداڵێکی لە باوەش بوو بەسکرتێرەکە دەڵێ: زۆر درەنگە کاکە گیان.

سکرتێرەکە بە بێزارییەوە گوتی: من چی بکەم کاکە گیان ئەوە دەبینی نەخۆش لە ژوولەوەیە.

دووبارە پیاوەکە بە تووڕەییەوە گوتی: بەڵێ لە دەموچاویڕا دیارە زۆر نەخۆشە، ئێ کاکەگیان خۆ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی نییە ئەوەندە درێژەی پێ دا. لەم سەینو بەینەدا پیاوێکی پەنجا و دوو سێ ساڵە بە کورتەک و شەروالی کوردییەوە خۆی کرد بە ژووردا و

تەسبیحێکی دانە سەوز و گیفک زەردی بە دەستەوە بوو، دەستی بردە باخەڵی، پارچە کاغەزێکی دایە دەست سکرتێرەکە. دوای چەند سات‌ێک سکرتێرەکە سەری بەزرکردەوە و تەماشایەکی سەرکەوتووانەی پیاوەکە دەکاو دەڵێ: خۆیەتی، هەڵەت نەکلدووە، پاشان شتێکی بە گوێیدا چرپاند. پیاوەکە بە دەم پێکەنینەوە گوتی: خوابکەم وا بێ.

خەمت نەبێ بە گیانی تۆ وەک تۆپی لێدێ، دەیکات بە فیشەی بەداله... خەمت نەبێ باشتلین حەبت بۆ دەنووسی.

کابرا هات لەسەر کورسییەکەی تەنیشت من دانیشت. تەسبیحەکەی دەرهێناو دوو سێ جار چەرخاندی و سووڕاندی، ئەوجا ڕووی تێکردم، گوتی: بەڕێزتان چ نەخۆشییەکتان هەیە؟

گوتم: ژانە سەرم هەیە.

یەکەم جارە دێیە لای ئەم دکتۆرە؟

بەڵێ یەکەم جارە.

دکتۆرێکی باشە؟

منیش وەکو تۆی لێ دەزانم.

برادەرێک پێی ناساندم.

منیش هەر وا.

ئەگەر برادەرەکەت باش بێ، دڵنیابە دکتۆرەکەشت باش دەبێ، بە سەری تۆ نە بە سەری خۆم درۆت لەگەڵ ناکەم برادەرێکی کلاوچیم هەبوو هەرچی دکتۆری پێ پێشاندام، هەموویان کلاوچی دەرچوون.

ببوورە نەخۆشییەکەت چییە؟

پیاوەکە تەماشایەکی کردم و دوای کەمێک هێنان و بردن تەماشایەکی ئامادەبووانی کرد کە سات بە سات زیاتر دەبوون، پاشان بە جۆرێ کە دەوروبەرمان گوێیان لێ نەبێت گوتی: هەڵناستێ کاکەگیان هەڵناستێ...

چی هەڵناستێ؟

بەڕاستی لێی تێنەگەیشتم... سەرەتا وامزانی باس لە فشاری خوێن دەکات کە ڕەنگە لە خوارەوە بێت، بۆیە لێم پرسی: چەند لە سەر چەندە؟

چی چەند لە سەر چەندە؟

فشاری خوێنتان.

کابرا وەک پیاوێکی زانا کە تەماشای پیاوێکی گەوج و نەفام بکات تەماشایەکی کردم. ئەم جارە بە دەنگێکی گڕەوە گوتی: مەبەستم کابرایە، هەڵناستێ و ئا...

دیسان وەرم نەگرت، منیش کەمێک خۆم لێ گرژ کردەوە، گوتم: باشە بۆ ئەوەندە بە پێچو پەنا قسە دەکەی، بەبێ ئەم لاو ئەو لا کردن بڵێ نەخۆشیەکەت چییە، شەرمی پێ ناوێ ئەی چۆن دکتۆرەکەت تێ دەگەینی؟

پیاوەکە وەک بڵێی لە دەست گەوجێکی وەک من بێزار بووبێ کە نازانێ چۆن چۆنی تێی بگەینێ، دووبارە چاوێکی بە ژوورەکەدا گرت و سەری هێنایە بنا گوێم، گوتی: مەبەستم کابراکەیە، پەنجا ئافرەت بە ڕووت و قووتی بە دەوردا بسووڕێنەوە هەر تەقەی سەری دێ، هەڵناستێ کە هەڵناستێ.

ئەوجا تێگەیشتم مەبەستی پیاوەکە چییە، نەمزانی چی بڵێم، کابرا ویستی درێژە بە قسەکانی بدات کە سکرتێرەکە لە ژووری دکتۆرەکە هاتە دەرەوە پیاوەکە لە شوێنی خۆی ڕاچڵەکی و بەرەو سکرتێرەکە ڕۆیشت و گوتی: بەڕێز کەی سرەمان دەگاتێ؟

سکرتێرەکە دەستێکی بە سمێڵە فشەکانیدا هێنا و وەک ئەوەی کارێکی گرنگی بە دەستەوە بێت تەماشایەکی کردم و گوتی: مامۆستا لە مێژە دانیشتووە، چەند کەسی تل ماون، پشووت دلێژ بێ، بەلاستی بەختت هەبوو ئیملۆ لەگەڵ مامۆستا ئاشنا بووی، پیاوێکی قسە خۆشە. پیاوەکە تەماشایەکی کردم. ئەم جارە شێوەی قسە کردنی گۆڕی، دەتگوت فەرمانبەرێکە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی قسە دەکات، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: نەتان فەرموو ئەمڕۆ بەختی ئاشناییم لەگەڵ کێدا هەیە؟ بەڕێزتان چ کارەن؟

مامۆستام.

پیاوەکە دوای کەمێک خۆ هێنان و بردن بە گومانەوە گوتی: مامۆستای زانکۆ؟

بە پێکەنینەوە گوتم: لێم دێ.

ئەی کە بەرازەندەی بەڕێزتانە، هەر لە خۆتان دەوەشێتەوە.

منیش بەبێ ئەوەی بایەخ بە قسەکانی بدەم بە هەناسە ساردییەوە گوتم: نا کاکە گیان مامۆستای پۆلی یەکەمی سەرەتاییم.

پیاوەکە جرتێکی بۆ لێدام و بە بێ دواکەوتن گوتی: ترحێو، کوڕەکەم مامۆستای سەرەتایی بوو وازی لێ هێنا،

ئێستا لە سەر عەرەبانە تەماتە و خیار دەفرۆشێ. مووچەکەی بەشی یەک شەو مێوانداربیەکی هەژارانەی نەدەکرد.

پیاوەکە رووی لە سکرتێرەکە کرد کە خەریک بوو لەگەڵ ئافرەتێک قسەی دەکرد، کاتێ قسەی بە سکرتێرەکە بری، سکرتێرەکە ئارەقی نێوچاوانی سڕییەوە و بە تووڕەیی گوتی: خاڵەگیان وا دەبینی خەلیکم لەگەڵ ئەم خانمە بەلێزە قسە دەکەم. پیاوەکە بە تووڕەییەوە گوتی: بۆ دیارە ئێمە بێ ڕێزین. سکرتێرەکە تەماشایەکی ئافرەتەکە دەکاو بە هێمنی دەڵێ: بە سەل چاوم فەلموو دانیشە. کە ئافرەتەکە بینی پیاوەکەی لای من شوێنەکەی جێ هێشتووە، لە تەک مێزی سکرتێرەکە وەستاوە ئەم هەلەی قۆزتەوە و خێرا خۆی گەیاندە شوێنی پیاوەکە، لە شوێنی ئەو دانیشت. تەماشایەکی کردم منیش بەسەری لێوەوە گوتم: بەخێر بێی.

پێش ئەوەی وەڵامم بداتەوە، بە چاوە خڕەکانی سەرو بچمی پشکنیم، ئەوجا بە جۆرێک کە دەڵێی چەند ساڵێکە قەرزداری ئەوم، ئەویش وەک من بە بێزارییەوە گوتی: سوپاس.

گەرچی من هێشتا مێشکم لای سکرتێرەکە و پیاوەکە بوو کە بەردەوام لەسەر بەرێزی و بێ ڕێزی قسەیان دەکرد. سکرتێرەکە دەیگوت: کاکە گیان مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم خانمە بەلێزەو خوا نەخواستە بەلێزتان بێلێزن. بەداخەوە بمانەوێ و نەمانەوێ لە وڵاتی ئێمەدا ئەگەر لە لێزێکدا شوێنت نەبێتەوە سیل بخۆ و زو لنای لێدە!! چونکە هیچت پێناکلێ!!

پیاوەکە دوای چەند ساتێک بێدەنگی پرسی: مەبەستت چییە؟

مەبەستم ئەوەیە ئەگەل لەم سەل دەمە سەل بە لێزی دەسەلاتدالێک نەبی، شوێنت نابێتەوە، جا چەند لە لوتکەی دەسەلات نزیکتل بێ باشتل، کولد گوتەنی لێدە عەلۆ بلنجە.... هەڵبەت ئەگەل پیاو ماقولیش بێت خلاپ نییە! پیاوەکە پێکەنی و گوتی: باشە مامۆستا گیان مرۆڤ چۆن دەبێتە پیاو ماقول؟

خزم و کەسوکالت زۆل بن، دەبی بە پیاو ماقول. پیاوەکە ویستی پرسیارێکی تر بکات کە سکرتێرەکە تەماشایەکی دەوروبەری کرد، گوتی: بلۆ کاکە گیان تاقەتی دەلدەسەلمان نییە، دیوال مشکی هەیە مشکیش گوێی هەیە، ئەویتل بزانە چی دەبێ.. واز بێنە با کاسبی خۆمان بکەین. پاشان بە دەنگێکی بەرز گوتی: ژماله دە کێیە؟ ئافرەتەکەی تازە لە تەک من دانشتبوو گوتی: منم کاکەگیان.

خاتوون ئامادە بە هەل کە نەخۆشەکە هاتە دەلەوە دەتوانی بلۆیە ژوولەوە. کاتێ پیاوەکە گەڕایەوە ویستی بێت لە شوێنی خۆی دانیشێ چاوی بە ئافرەتەکە کەوت کە لە شوێنی ئەو دانیشتووە بە بۆڵە بۆڵەوە گوتی: ئەمەش سەرەنجامی چیڕەدرێژەییە، دە ئێستا خەریکی پیاسە کردن بە تا نۆرەت دێ.

سکرتێرەکە تەماشایەکی کردم، پاشان بە زەردەخەنەوە گوتی: وادیالە مامۆستا پشوویان زۆل دلێژە، نهێنی سەلکەوتنی هەل ملۆڤێک لە ژیاندا پشوو دلێژییە، بە لاستی چەکێکی کالامەیە. لەم سەین و بەینەدا ئافرەتەکە هاتە دەرەوە، ئارەقەیەکی کردبوو کە نەگوترێ. بەبێ دواکەوتن چووە دەرەوە، سکرتێرەکە وەک گورگێکی برسی بە دوای کەوت، ئەوەندەی پێ نەچوو بە شڵەژاوی گەڕایەوە، رووی لە ئافرەتەکە کرد و پێی گوت: دادە گیان نۆلەی تۆیە بۆ نالۆیتە ژوولەوە؟

سکرتێرەکە بە ماندوبوونێکەوە تەماشایەکی کردم، منیش ویستم کەمێک دڵی خۆش کەم، گوتم: کارێکی دژوارتان هەیە، بەڕێ کردنی ئەم هەمموو نەخۆشە کارێکی ئاسان نییە. بەتایبەتی نەخۆشێکی وەک ئەو ئافرەتەی کە ڕۆیشتە دەرەوە! بینیت چ ئارەقەیەکی کرد بوو؟

سکرتێرەکە بەبێ ئەوەی خۆی تێک بدات، گوتی: بەڵێ دیال بوو بەستەزمانەی تای گەلی لێ بوو.

پیاوێکی قوتەو خڕەی دەمو چاو پانی مل ئەستوور کە چەند ساتێک بوو هاتبووە ژوورەوە، خۆی هەڵقورتاندە ناو قسەکانمانەوە،گوتی: ئینشائەڵڵا خوا تای گەرمی گشت موسڵمانان دادەبەزێنێ، ئینشائەڵڵا هیچ موسڵمانێک بە ئاگری جەهەنەم ناسووتێ، پاشان وەک قەنینە غازێک خۆی سووڕاندەوە یەکڕاست بەرەو ڕووم هات و لە سەر کورسییەکەی تەنیشتم دانیشت کە چەند ساتێک لەمەوبەر ئافرەتەکە لە سەری دانیشتبوو. نازانم بۆ لەو هەمموو کورسییانە تەنانەت کورسییە چۆڵەکەی تەک من دەبوایە پڕببێتەوە، نەخۆشەکان بێ ئۆقرە چاوەڕێی نۆرەیان دەکرد کە بەپێی ڕاگەیاندنی ژمارەکان لەلایەن سکرتێرەکەوە تەنیا دە کەس چووبونە ژوورەوە

منیش ژماره بیست و پێنج بووم. به قسەی سکرتێرەکە، دکتۆرەکە ڕۆژانە نزیکەی شەست هەفتا نەخۆش دەبینێ.

هەرکەسیش دەڕۆیشتە لای دکتۆر و دەچووە دەرەوە، پاشان بە تووڕەگەیەک دەرمان دەگەڕایەوە، بۆ ئەوەی دەرمانەکان پیشانی دکتۆرەکە بدات، نەک خوا نەخواستە لە دەرمانخانە دەرمانەکانیان بەهەڵە پێدرابێت، لە دڵی خۆمدا گوتم تۆ بڵێی شێوازی کارکردنی دکتۆرەکان شێوازێکی زانستی بێت؟ من کە لە مێشکمدا خەریکی هەڵسەنگاندنی کاروباری دکتۆرەکان بووم، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستێوەردانە لە کاروباری خەڵک، بەڵام بە شێوەیەکی نهێنی. چی بکەم ئەمەش قەدەری وڵاتەکەمە کە هەموو هەڵسەنگاندنێک دەبوایە شاراوە بێت! هێشتان زەمینە بۆ قسەی ڕاشکاو و بێ پێچ و پەنا نەڕەخساوە. هەرکەس لەو چوارچێوەیە دەرنەچێت کە بۆی دیار کراوە کەس کاری پێ نییە، بە مەرجێک کە فێری وشەی بۆ و بۆچی نەبێت!!! وەکو ئەو کابرایەی لەتەک من دانیشتبوو، لەوەتی هاتبوو دەمی لە جوولە نەوەستابوو، بە دەنگێکی بەرز ئەستەغفیروڵایەکی کردو دەستێکی بە ڕیشە تەنکەکەیدا هێنا و ڕووی تێکردم و گوتی: بەڵادووره ئینشائەڵڵا نەخۆشی بەرێزتان چییە؟

یەکەم جار ویستم پێی بڵێم ئەو خوایەی کە تۆ شەو و ڕۆژ کڕنۆشی بۆ دەبەی لە عەیب و عاری خەڵک ناکۆڵێتەوە، بەڵام پەشیمان بوومەوە، دوای چەند تاوێک، گوتم: ژانە سەرم لێیە، ماوەیەکە تووشی ژانەسەرێک هاتووم. پیاوەکە بەردەوام بوو لە هاویشتنی تەسبێحەکەی لەپێناوی زکری خوای گەورە. دوای ئیستغفارێک تەماشایەکی دانە تەسبێحەکەی کرد. وەک بڵێی نایەوێ قەرزدار بێتەوە، دانەیەک بەدوای خوا دا بڕوات، دەتگوت بە قۆنتەرات گرتوویەتی. کاتێ لە حسێبەکەی دڵنیا بوو، گوتی: خوا شیفات بدا براگیان، خوا هیچ موسڵمانێک لە سەلامەتی بێبەش نەکات.

دووبارە دەستی بە کاسبییەکەی کردەوە. پاشماوەی تەسبێحەکەی هاوێشت، ئەوجا لە ناو لەپی دەستیدا پەرخاندی و فوویەکی لێ کرد و دوای یەک دوو سەڵەوات لە ناو باخەڵەکەی دانا. وەک بڵێی لە کارێکی زۆرەملێ قورتاری بووە، خێرا ڕووی تێکردم و گوتی: برای موسڵمان خۆت دەزانی پرسیار کردن عەیب و عار نییە جا سەبارەت بە هەر چییەک بێت.

گوتم: بێ گومان.

دەڵێم شارەزاییت لەم دکتۆرە هەیە؟ باش دەیناسی؟

ئەگەر ڕاستییت دەوێ نا، بۆ خێرە؟ نەساخییەکەت چییە؟

نەساخییەکی وام نییە.

ئەی چی؟

پیاوەکە دەنگی هێنایە خوارەوە، گوتی: ئەگەر خوا یار بێت بە تەمای کاری خێرم.

کاری خێر؟ مەبەستت ئەوەیە کە تا ئێستا ژنت نەهێناوە؟

نا.

ئەی چی؟

پیاوەکە بە پێکەنینێکی حیزانەوە گوتی: دەمەوێ سێبارەی بکەمەوە، سێبارە.

لێی تێنەگەیشتم، بۆیە بە شەرمەوە گوتم: مەبەستت چییە؟

پیاوەکە وەک بڵێی تووشی گەوجێک هاتبێ بە بێزارییەوە گوتی: بە تەمامە ژنی سێیەم بێنم.

وادیارە لەم دوو ژنە منداڵت نییە؟

وەک بڵێی کەس لە ژوورەوە نەبێ بە هەموو هێز و توانایەکییەوە، دایە قاقای پێکەنین تا بە نەعرەتەی سکرتێرەکە وەخۆ هاتەوە کە پێی گوت: بەلێز لەچاوی بالی نەخۆشەکان بکەن تکایە.

پیاوەکە هەر ئەوەندەی پێما سەری شۆڕکاتەوە. یەک دوو جار ئیستغفارێکی کرد و چەند جار بە نەعلەت بێ شەیتان، خۆی هێور کردەوە. پاشان بە شەرمەوە سەری بەرزکردەوە، تەماشایەکی ئامادەبووانی کرد، ئەو جا گوتی: خوشک و برایانی موسڵمان داوای لێبووردن دەکەم، شەرمەزارم، ئەوجا ڕووی تێکردم، بە مەبەستی تەوقە کردن دەستی بۆ درێژ کردم و گوتی: ببوورە برای موسڵمان. پاشان لەگەڵ یەک یەکی پیاوانی ئامادە لە ژوورەکەدا بە تەوقە داوای لێبووردنی لێکردن. ئەوجا گەڕایەوە شوێنی خۆی. بە هێمنییەوە گوتی: دەبینی شەیتان چی بە مرۆڤ دەکات! ساتێک لێی غافڵ بی تەواو دەتخاتە داوەوە.

منیش کە تا ئەو کاتە تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆ ئەم کابرایە بە تەمایە ژنی سێیەم بێنێ، بۆیە لێم دووبارە

کردەوە: بە ڕاست نەتان فەرموو بۆ دەتانەوێ ژنی سێیەم بێنن؟

ئەم جارە کابرا کۆکەیەکی کرد و دەستێکی بە ڕدێنە تەنکەکەیدا هێنا. تەسبێحەکەی دەرهێنا، چەند جارێک سووڕاندی، پاشان ڕووی تێکردم، بە بچووک کردنەوەی چاوەکانی و گرژ کردنەوەی برۆکانی، گوتی: هەر وەکو بەڕێزتان ئاگادارن لە شەرعی پیرۆزی ئیسلامدا تا چوار ژن حەلاڵە، دوو ژنم هێناوە، لە یەکەمیان شەش منداڵم هەنە، لە دووەمیان چوار، ئێستاش بە یارمەتی خوا ئەگەر ڕەزای لە سەر بێ بە تەمای هێنانی ژنی سێیەمم.

لە دڵی خۆمدا گوتم: ژن هێنانەکە سەرت بخوات، پرسیم: بیر لەوە ناکەیتەوە چۆن دە سەر خێزان بەخێو دەکەی؟

کورد گوتەنی ئەوەی ددان دەدات نانیش دەدات، ڕزق لەدەستی خوایە کاکەگیان. لە سایەی سەری گەل و نیشتیمان بە پلەی ڕائید خانەنشین کراوم، پێشتریش پلەی موستەشاریم هەبوو، لەو ماوەیەشدا یەک دووجار داوایان لێکردم ببم بە ئەندام پەرلەمان، بەڵام قبووڵم نەکرد. کاکەگیان لە سیاسەت بێزارم، بێزار. سوپاس بۆ خوا مووچەی پیاوماقووڵیش وەردەگرم. نازانم ئەگەر گەورە پیاوانی ئەم وڵاتە نەبوونایە، هی وەکو ئێمە چییان دەکرد؟ خەریک بوو مەرزی نێوان ماقووڵ و ناماقووڵ تێک دەچوو، ئەگەرچی بە بڕیارێکی گەورە پیاوان ئەم نەریتە کۆنە دووبارە زیندوو کرایەوە، دیوانخانەکان بەردەوامن، بەندەی موخڵیسیشتان پارەی دیوەخانەش وەردەگرێ، یاخوا بەزیاد بێ، ئەوها بڕوات دەتوانم سێ ژنی تر بێنم. سوپاس بۆ خوا لە ژیاندا لەهیچم کەم نییە.

منیش خێرا گوتم: کە هیچت کەم نییە، ئەی بۆ بەتەمای ژنی سێیەمی؟ بۆ دەتەوێ سەردانی دکتۆر بکەی؟

سەری هێنایە بنا گوێم و گوتی: دەمەوێ هەندێک فەحس و فحوسات بکەم، بۆ ئەوەی بزانم تاقەتی ژنی سێیەمم ماوە یا نا!؟

ئەوجا پێکەنینێکی بۆ کرد، بەڵام بە جۆرێ کە نەیهێشت دەنگی دەربچێت. دەنگی پێکەنینەکەی لە قوڕگیدا خنکاند، بە شێوەیەک کە دەتگوت دەوارە فراژە دەکات، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، بە بێ دەنگی خۆی بە تەسبێحەکەیەوە خەریک کرد... چاوەڕێی کاردانەوەی قسەکانی بوو لە سەرم. لە ڕاستیدا من هیچم پێ نەبوو بیڵێم، تەنیا لە دڵی خۆمدا گوتم: تۆ بڵێی ئەگەر منیش داهاتی ئەم کابرایەم هەبووایە، لە جیاتی سێ ژن شەش ژنم نەدەهێنا. مرۆڤ گیانەوەرێکی بێ ڕەزایە، هەموو شتی لە دەست دێ، کێ دەڵێ حەرەمسەرام دانەدەنا؟ دەڵێن مرۆڤی باش ئەوەیە کە لە دەستی بێت و خراپە نەکات، نەک لەبەر لاوازی و بێ دەسەڵاتی..

دەنگی گریانی ئافرەتێک سەرنجی ڕاکێشام کە لەگەڵ سکرتێرەکە مشتومڕی بوو، سکرتێرەکە دەیگوت: ناکلێ بلۆیتە ژوولەوە بێسوودە، مەگەل دوێنێ دکتۆل نەیگوت تەنیا لێگا چالەسەلی کچەکەت گۆلینی گولچیلەکانیتی دەبێ هەوڵ بدەی بۆ دابین کلدنی دوو گولچیلە. لەم بگرە و بەردەیەدا چاوم بە کچێکی چاو شین کەوت کە لەگەڵ ئافرەتەکەدا بوو. لە خۆمەوە لێی نزیک کەوتمەوە،لێم پرسی: ناوت چییە؟

کچەکە گوتی: نارین.

نارین بەڕاستی ناوێکی خۆشە.

کچەکە بە چاوەشینەکانی تەماشای دەکردم. لە وتووێژی نێوان سکرتێر و ئافرەتەکە بۆم دەرکەوت کە نارین نەخۆشەکەیە.

بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر باوکی ئەم چاوشینە جوانە دەست ڕۆیشتوو با، تۆ بڵێی چارەسەر نەکرابا؟ نازانم ئەگەر یەکێک لە وانەی کە هەموو شتیان بە دەستە کاتێ منداڵێکیان تووشی نەخۆشییەکی ئەوها ببێ، چەندی پێدەچێ تا ڕەوانەی دەرەوە دەکرێ؟ تۆ بڵێی بیست و چوار ساعەتی پێ بچێ!!؟ شەوێک منداڵی یەکێک لە بەرپرسەکان نازانم مار پێوەی دا بوو، یان دووپشک، کاکم پێرانگەیشت بوو پانتۆڵەکەشی لەبەر کات بە بێجامەوە خۆی گەیاندە نەخۆشخانە.

ئافرەتەکە زۆری هەوڵ دا ئەگەر بۆ دواجاریش بێ، بڕواتە لای دکتۆر، کە بینیم سکرتێرەکە ناچێتە ژێر بار، داوام لێ کرد لە شوێنی من ئەو بڕواتە ژوورەوە و گوتم: پارەی دکتۆرەکەشی دەدەم. ئافرەتەکە بە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی تەماشای کچەکەی دەکرد کە لەسەر چۆکم دانابوو. زەردەخەنەیەک کە پڕ بوو لە نائومێدی هاتە سەر لێوی، دەستی کچەکەی گرت و خستییە باوەشی سکرتێرەکە، بە دیتنی ئەم دیمەنە هەستی جووڵا و بە ئافرەتەکەی گوت: بلو ژوولەکەی ئەودیوی چاوەلێکە

بانگت دەکەم.

ئافرەتەکە دەستی کچەکەی گرت و بەرەو ژوورەکەی تر ڕۆیشت. پێش ئەوەی بڕواتە ژوورەوە کچەکە ئاوڕێکی لێدامەوە و بە دەنگە ناسکەکەی گوتی: بای بای خاڵە. ئەم بای بای خاڵە گوتنەی بیرەوەرییەکی لە مێشکمدا زیندوو کردەوە کە بۆ سەردەمی پێشمەرگایەتی دەگەڕایەوە. کچێکی وەکو خۆی چاوشین کە لە خۆشەویستییان پێم دەگوت پشە. بە دوای ڕابردوومدا وێڵ بووم کە پیاوەکەی تەنیشتم بە دربێک منی وەخۆ هێناوە، گوتی: چەند کەست لە پێشە؟

گوتم: بیست و چوار کەسم لە پێشە، ئەی بەڕێزتان؟

ژمارەکەی پێ پیشان دام، ژمارەی پەنجا و دوو بوو، گوتم: زۆرت ماوە. هێشتان قسەکەم تەواو نەببوو، هەر ئەوەندەم بینی دوو گەنج، پیرەمێردێکیان هێنایە ژوورەوە کە هەر یەکەیان ژێر پیلێکیان گرتبوو. خێرا لە شوێنی خۆم هەستام. پێم گوتن: با لە شوێنی من دانیشێ.

تەماشای دەموچاوی پیرەمێردەکەم کرد، لە یەکەم نیگادا ناسیمەوە. بە لای خۆمەوە گوتم: ئای ئای زەمانە بەزەیی بە کەسدا نابەی، ئەم کابرایە ساڵی ١٩٤٣ بریندار بووە، لە ڕووباریش پەڕیوەتەوە، تا هێزی لەبەر بوو هەر پیشمەرگە بووە، ئێستاش پیر و پەککەوتوو لەو دکتۆر بۆ ئەم دکتۆر. کاتێ سکرتێرەکە گوتی: ژمالە بیست و پێنج. لێی چوومە پێشەوە، گوتم: دەکرێ ئەم پیرەمێردە لە جیاتی من بڕوات؟

سکرتێرەکە تەماشایەکی ماناداری کردم! ئەوجا لە یەکێک لە گەنجەکانی پرسی: ژمالەتان چەندە؟

گەنجێک گوتی: بیست و حەفت.

زۆلیان نەماوە دوو نەفەلیان لەپێشە.

گوتم: با ئەوان لە جیاتی من بڕۆن، من ڕادەوەستم.

پیرەمێردەکەیان بردە ژوورەوە. ئەمە دواجار بوو پیرەمێردەکەم دەدیت، زۆری پێ نەچوو دوای چەند ڕۆژێک کۆچی دوایی کرد. کە زۆر بە بێدەنگی ناشتیان، تەنانەت لە برووسکەی ماتەمینیش بێبەش کرا!!! گوایە لەبەر سەرقاڵی برووسکەیان لەبیرچووە. بیرم لەوە دەکردەوە و دەمگوت دەبێ منداڵەکانی بەرانبەر بەم هەموو بێوەفاییە چۆن بیر بکەنەوە؟ ئاخر بێوەفاییش سنووری هەیە!!

گەڕامەوە شوێنی خۆم. پیاوەکەی تەنیشتم گوتی: خێرێکی گەورەت کرد. ئەمەیە نیشانەی برایەتی موسڵمانان، کە لە تەنگانەدا بە هانای یەکترەوە بێن، وەک بەڕێزتان. بڕوا بکە ئەگەر سرەی من لە پێشتر با نۆرەی خۆمم دەدانێ، بەڵام دیارە خوای گەورە ئەم خێرەی بە نسیبی تۆ کردووە. منیش گوتم: مەبەستت ئەوەیە، ئەگەر خوا نەیەوێ چاکە بە نسیبی کەسێک بکات، هەوڵیشی بۆ بدات بە نسیبی نابێت؟

بێ گومان هەموو شت لە دەست خوایە.

کە بینیم لەلای ئەم برادەرە هەموو شت بە خوا کۆتایی پێدێت، زانیم مۆڵەتێک بۆ قسەکردن نەما، مرۆڤ نابێ دەست لە کاروباری خوا وەربدات. مانەوەی پیرەمێردەکە لای دکتۆر زۆری پێ نەچوو، دوای ئەوەی هەردوو گەنجەکان سوپاسیان کردم، ڕۆیشتنە دەرەوە. سکرتێر ژمارە بیست و شەشی خوێندەوە، چەندجار بە دەنگی بەرز دووبارەی کردەوە، وادیار بوو ژمارەی بیست و شەش ئامادەنەبوو، بۆیە ڕووی تێ کردم، گوتی: ژمالەی بیست و حەفت.

هێدی هێدی چوومە ژوورەوە. دکتۆرەکە سەری بەرز کردەوە، پیاوێکی تەمەن چل و هەشت- نۆ ساڵە لەودیوی چاویلکەکەی بەژن و باڵامی پشکنی، کاتێ دانیشتم چاویلکەکەی لەچاوی کردەوە و بە وردی لێم ڕاما، وەک بڵێی منی لە شوێنێک بینیبێ، گوتی: بەخێر بێی.

دوای چەندێک وەستان وەک بڵێی بیەوێ بە چاوەکانی ناوەوەی بپشکنێ بۆ ئەوەی بزانێ نەخۆشییەکەم چییە، بەڵام هەستم کرد ئەم تەماشاکردنە، تەماشاکردنی دکتۆرێک نییە، تەماشاکردنی ئاشنایەک بوو کە بەدوای ونبوویەکدا دەگەڕا. نازانم منیش هەستم دەکرد! منیش ئەم کابرایەم لە شوێنێکدا بینیوە. کچە نەخۆشەکە و وێنەی ئەو کچەی لە ژووری دکتۆرەکە بوو گشتیان پێکەوە دربێک لە مێشکیان دام و هەژاندمیان، وایان لێکردم بۆ چەند ساڵێک بەرەو دواوە بگەڕێمەوە. من کەخەریکی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردنی بیرەوەرییەکانم بووم، دکتۆرەکە بە جیرەی کورسییەکەی تێی گەیاندم ئێرە شوێنی پێداچوونەوەی بیرەوەرییەکان نییە. قەڵەمەکەی هەڵگرت و بە وردی تێی ڕوانیم. سەرەتا هەستم کرد بە تەمای پرسیارێکە کە هیچ پێوەندی بە نەخۆش و دکتۆرەوە نییە، بەڵام دوای هەڵوێستێکی کورت لێوی

خوارەوەی گەست و قەڵەمەکەی گرتە دەست. دوو پەنجەی ناوەندیی دەستی ڕاستی دکتۆرەکە سەرنجی ڕاکێشام، هەردووکی پێکەوە نووسابوون. خەریک بوو دەشڵەژام لەلای خۆمەوە گوتم: خوای گەورە تۆ بڵێی ئەم هەموو ڕووداوانە بە شێوەیەکی ڕێکەوت بن؟ یەک لەدوای یەک ئەویش لە پێناوی زیندووکردنەوەی ڕووداوێک کە بیست و شەش-حەوت ساڵ بە سەریدا تێپەڕیوە!!!!

هەستم کرد دکتۆرەکەش دەیزانی کە من نەخۆشێکی ئاسایی نیم. چاویلکەکانی هێنایە خوارەوە و تەماشایەکی کردم و پاشان گوتی: دەزانی چەند کەس لە دەرەوە چاوەڕێت دەکەن جەناب؟

گوتم: بەڵێ جەنابی دکتۆر، بەڵام...؟

بەڵام چی؟ مەگەر نەخۆش نیت؟ دەی پێم بڵێ چیتە؟

بەبێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە دەستم بۆ وێنەی کچەکە برد، زۆر بە وردی تەماشام کرد. دکتۆرەکە بە گومانەوە گوتی: خێرە دیارە بە کچەکەت دەچێ؟

گوتم: نە، بەڵام بێگانەش نییە. لە مێژە نەمدیتووە، ڕەنگە ئێستا مێردی کردبێ، یان مردبێ، کێ دەڵێ ئەوە، ئەوە، ئەوەی من دەیڵێم خۆ زۆر کەس وێک دەچن، ئەوەی من دەڵێم هی بیست و شەش-حەوت ساڵ پێشە.

نەمویست چیتر درێژە بە قسەکانم بدەم، حەزم دەکرد کاردانەوەی قسەکانم لە سەر دکتۆرەکە ببینم. بۆیە چاوم بڕییە نێو چاوەکانی. دکتۆر خێرا چاوەکانی داخست، وەک بڵێی بیەوێ ڕاستییەک لەناو چاوەکانیدا بشارێتەوە، دوای چەند ساتێک چاوەکانی کردەوە، دەستی لە سەر زەنگەکە دانا، خێرا سکرتێرەکە خۆی کرد بە ژووردا، دکتۆرەکە بە نیگەرانییەوە گوتی: ئەمە دوا نەخۆشە دەیبینم، چیتر تاقەتم نییە، زۆر ماندووم.

سکرتێرەکە سەری لە قسەی دکتۆرەکە سوڕما و گوتی: بەڵام خەڵکێک....

دکتۆرەکە بە تووڕەییەوە قسەی پێ بڕی و گوتی: بەڵامی ناوێ بڕۆ چیتر درێژەی مەدێ، ئەوانەی ماون با سبەینێ بێنەوە، پێیان بڵێ دکتۆر نەخۆشە.

سکرتێرەکە ڕۆیشتە دەرەوە، دکتۆر تەماشایەکی کردم، بە پێکەنینێکی تاڵەوە گوتی: مرۆڤ کە نەخۆش دەکەوێ، دەڕواتە لای دکتۆر، ئەی کە دکتۆر نەخۆش کەوت بڕواتە لای کێ؟

نەمدەزانی چی بڵێم، وەڵامی پرسیارەکە لای خۆی بوو.

گوتم: بەڕێزتان دەزانن.

ئاخێکی هەڵکێشا، دەستی بۆ وێنەی کچەکە درێژ کرد و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: دەیناسی؟ لە کوێت بینیوە؟

هێشتان دڵنیا نەبوو کە ئەوەی بینیومە بەشێکە لە ژیانی ڕابردووم، بۆیە بۆ ئەوەی دڵنیابم کە هەڵەم نەکردووە لێم پرسی: کچتە؟

پیاوەکە دوای چەند ساتێک بێدەنگی، دەستێکی بە وێنەکەدا هێنا و لە شوێنی خۆی داینایەوە، گوتی: خوشکمە..

تەمەن درێژ بێ.

بەداخەوە درێژ نەبوو.

دکتۆر لە شوێنی خۆی هەستا و بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیی، پشتی تێکردم، شانەکانی هەڵتەکاند و وەرچەرخانێکی کرد و گوت: خۆ دەمناسییەوە؟

سەرەتا کەهاتم هەستم کرد تۆم لە شوێنێک بینیوە، بەڵام بە دیتنی ئەم وێنە و دوو پەنجەی ناوەندیی دەستی ڕاستت، ئیتر دڵنیابووم کە تۆ کێی، پێم سەیرە دکتۆرێکی وەک تۆ بۆ تا ئێستا چارەسەری دەستی خۆت نەکردووە، خۆ ئێستا ئەمە لە بەرانبەر زانستی پزیشکیدا کارێکی زۆر ئاسانە.

دەزانم زۆر ئاسانە، بەڵام ئەمانە تەنیا یادگارییەکن کە لە خوشکەکەم بۆم بەجێ ماون. هەمیشە پێی دەگوتم کاکە: ئەم دووپەنجەیە هی منن، ئەوانی تریش بۆ خۆت.

بۆیە هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە لێکیان جیا بکەمەوە. چونکە هەست دەکەم بە لێک جیاکردنەوەی پەنجەکان، پێوەندی نێوان من و خۆشکەکەشم نامێنێ.

دکتۆر لە قسەکردن وەستا، تەماشایەکی مەبەستداری کردم، وەک ئەوەی بیەوێ بزانێ لەودیوی چاوەکانم چی شاراوەم هەیە. هەستم کرد نیگەرانە نەشیدەتوانی نیگەرانییەکەیم لێ بشارێتەوە بۆیە لێی پرسیم: کێ عیادەکەمی پێ پێشان دای؟

گوتم: پێت سەیر نەبێ کورد گوتەنی کێو بە کێو نەکەوێ چاو بە چاوان دەکەوێ جەنابی دکتۆر.

شێوەی قسەکردنم دەموچاوی گرژ کرد و گوتی: مەبەستت چییە؟

لە ڕوخساری دیاربوو کە هەست بە ترسێک دەکات،

ترسێک کە نهێنییەکی لە دەروونیدا حەشار داوە. ویستم خەیاڵی دکتۆرەکە ئاسوودە بکەم، پێی بڵێم کە منیش کابرایەکی بێ دەسەڵاتم وەک هەزاران بێ دەسەڵاتی ئەم وڵاتە، گوتم: ئەگەر حەزت لێ نییە وەک نەخۆشێک تەماشام بکەیت، باشە دەڕۆم، دەڕۆمە لای دکتۆرێکی تر، چی زۆرە لەم وڵاتەدا دکتۆر زۆرە. هەر ئەوەندە دەڵێم من مامۆستایەکی نەخۆشم، ئەویش مامۆستایەکی ئاسایی و خانەنشین کراو. ئێستاش شوفێری تەکسیمە، خۆتان دەزانن ژیان سەختە.

کە دکتۆرەکە بینی هیچ لە گۆڕێ نییە، لە زیندووکردنەوەی چەند بیرەوەرییەکی سەردەمانێک کە زۆر جار شانازی پێوە دەکەم و زۆر جاریش لەهەست بە شەرمەزاری زیاتر نییە!! بەتایبەتی ئەوکاتەی کە چاوم دەکەوێتە چاوەکانی خێزانم! بەم قسانەی من زانی کە ئیتر من ئەو پیاوە گەرموگوڕەی پێشان نیم کە لەپێناوی ئارمانجەکانم ئامادە بووم خۆم لەنێو چاوانی شێر بدەم. دوور لە رووتان ئیتر منیش فێری ئەوە بوومە حیزی و سەلامەتی. هەستم کرد دکتۆرەکەش ئەوەی لە چاوەکانمدا خوێندەوە. دەستێکی بە وێنەی خوشکەکەیدا هێنا، ئاخێکی هەڵکێشا، گوتی: ناتەوێ بزانی ئەم چاوە جوانانە چۆن مردن؟

گوتم: ئەگەر بزانم خراپ نییە.

دکتۆر پێنووسی هەڵگرت و دەستی کرد بە کێشانی چەند هێڵێک بەسەر کاغەزەکەدا، دیاربوو تەنیا ڕەنگدانەوەی باری دەروونی خۆی بوو! نائارام و بێ ئۆقرە بەتەمای گێڕانەوەی تراژیدیایەکە. تەماشایەکی کردم، بە پێکەنینێکی تاڵەوە گوتی: ڕۆژێکیان زۆرت برسی بوو، دیاربوو چەند ڕۆژێک بوو نانت نەخواردبوو، کە خۆت گەیاندە ماڵی ئێمە تەنیا من و خوشکم لە ماڵەوە بووین، دەتوانم بڵێم سەرەتا تۆ بە دیتنی من کەمێک نیگەران بووی، چونکە یەکەم جار بوو یەکترمان دەبینی. نان و تەحینمان بۆ هێنای....

چاکم لە بیرە لە مەفرەزەکەم دابڕابووم، دوای سێ ڕۆژ خۆم گەیاندە ماڵی باوکی دکتۆرەکە. ئەوکات دکتۆر گەنجێکی حەڤدە هەژدە ساڵە بوو ، هەڵبەت یەکەم جار کە چاوم پێی کەوت، جەنابی دکتۆر هەڵوێستێکی زۆر ناشیرینی هەبوو، قەت ئەوە لەبیر ناکەم، بە دیتنم زۆر تێک چوو، کە داوای نانم لێ کرد بەڕوو گرژی و بۆڵەبۆڵەوە گوتی: شۆڕش بە دەرۆزە کردن ناکرێت.

بە پەلە خۆی کرد بە ژوورەکەدا، کە هەندێک نان و تەحینی دابووە دەست خوشکە حەوت هەشت ساڵەکەی. منیش ئەوەندەم برسی بوو کە نەمدەزانی چی دەخۆم، گرنگ ئەوە بوو ورگم پڕ ببێت. لەو ماوەیەدا کچەکە بەسەر سوڕمانەوە تەماشای دەکردم! کچێکی پرچ زەردی چاوشینی دەموچاو سپی. جار بەجار لە خۆشەویستیدا پێم دەگوت پشەگیان چۆنی، ئەویش لە وەڵامدا پێدەکەنی. کە تێرم خوارد، لەگەڵ کچەکە دەستم بە یاری و گاڵتەکردن کرد پرسیم: ناوت چییە؟

گوتی: سێوێ

بە گاڵتەوە پێم گوت: ئەوە هەموو تەحینەکەشم خوارد، دایکت دێتەوە پێت دەڵێ کێ ئەم هەموو تەحینەی خواردووە.. لێت تووڕە دەبێ.... کچەکە بە پێکەنینەوە گوتی: نە خاڵە گیان تووڕە نابێت، چونکە دوێنێ دایکم گوتی... پێش ئەوەی کچەکە قسەکەی تەواو بکات کوڕە گەنجەکە خێرا خۆی گەیاندە کچەکە، بە هەموو هێزوتوانای زللەیەکی سرەواندە بنا گوێی بە جۆرێ کە خوێن لە دەم و کەپووی فیچقەی کرد. ئەوەندەم پێکرا کچەکە بگرمە باوەش. گەنجەکە دیسان بە مەبەستی لێدان دەستی بەرزکردەوە، من توند دەستیم گرت، ئەوکاتە بوو کە بینیم دوو پەنجەی ناوەندیی دەستی ڕاستی پێکەوە نووساون. هەر وازی نەهێنا، کچەکەی بە خورتی ڕاپێچی ژوورەوە کرد. خێرا بە تووڕەیی گەڕایەوە، گوتی: چیت دەوێ ئیتر تێر نانت نەخوارد؟ بڕۆ تا ماڵت کاول نەکردووین، ئەگەر کەسێک بزانێ تۆ لێرە نانت خواردووە دەزانی چیمان پێدەکەن؟!

هەڵبەت ئەو ڕۆژە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، ئێستاش کە ئێستایە کردەوەی دکتۆرەکە وەک نهێنییەک بۆم ماوەتەوە، تا ئەو ساتەی کە لە عیادەکەی دانیشتووم. دەمویست بزانم بۆ ئەو ڕۆژە بەو شێوە زاڵمانەیە لە خوشکەکەی دا؟ کە هۆی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیم لێ پرسی لە جیاتی وەڵامدانەوە بە بێ دەنگی تەماشایەکی کردم، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ڕەنگی مردووانی بە خۆوە گرت، بە ماندوویی لەسەر لێوی مێزەکە دانیشت، بە ترسەوە تەماشایەکی کردم، پاشان وەک تاوانبارێک سەری شۆڕکردەوە و بە شەرمەزارییەوە گوتی: دەزانی ئەو تەحینەی تۆ خواردت چی لە ناو بوو؟

هەرچییەک بوو خواردم، ئەو کات بۆ من نیعمەتێکی گەورە بوو.

دکتۆرەکە لە مێزەکە هاتە خوارەوە، پشتی تێکردم، زۆر ئاسایی گوتی: تەحینەکە مشک کەوتبووە ناوێ. لەگەڵ ئەوەی گوتی مشک کەوتبووە ناوی، خێرا خۆم کرد بە ناو ئاودەستەکەو ڕشامەوە. ئەویش چ ڕشانەوەیەک....!! هاتمە دەرەوە بە توورەییەوە گوتم: تۆ دەتزانی کە تەحینەکە......

بەڵێ دەمزانی، چونکە خوشکم لە ژوورەوە پێی گوتم. نەمزانی چی بڵێم! لە دڵی خۆمدا گوتم: باشە بۆ؟ خۆ ئێمە لەپێناوی مافی ئەوان ڕوومان لە شاخ کردووە و لە هەموو خۆشییەک بێبەشین بۆ ئەوەی ئەوان بە ئازادی بژین، کەچی حەقی ماندوو بوونمان بەم شێوەیە دەدرێتەوە. دەبێ ئەوکات لە کوێ هەڵەمان کردبێ کە ئەوها بەرخوردیان لەگەڵ کردین؟ نەمویست لێی بپرسم هۆی ئەم ڕەفتارەت چ بوو، چونکە دەمزانی ئەم هەویرە ئاوێکی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام خوازیاری ئەوە بووم بزانم چارەنووسی خوشکی بە کوێ گەیشت، لێم پرسی: نەتگوت خوشکت چۆن چۆنی مرد؟

دکتۆر بە ڕووقاییەوە گوتی: دوای ڕۆیشتنی تۆ چوومە ژوورەوە بینیم خوشکم لە شوێنی خۆی بووراوەتەوە تەنیا....

پێش ئەوەی قسەکەی تەواو بکات، چووە ناو ئاودەستەکەوە منیش بێ ئۆقرە دەمویست بزانم کچەکە چۆن مرد، کە گەڕایەوە دیار بوو سەری لەژێر بەلوعەی ئاو گرتبوو، گوتم: نەتگوت تەنیا چی؟ چی بەسەر هات؟

تەنیا سێ ڕۆژ زیندوو بوو ، خوێن لە دەم و کەپووی ڕانەدەوستا، بەگریانەوە درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی: من تاوانبارم، شەرمەزاری تۆشم، نەدەبوایە ئەو کارە بکەم، ئێستاش ئامادەم، ئەوەی داوای دەکەی من لە خزمەتدامە.

گوتم: زۆر سوپاس تەنیا دەمەوێ پێم بڵێی نەخۆشییەکەت چییە، بێجگە لەمەش ئەگەر دەتەوێ شتێک بکەی، بۆ خۆتی بکە، بەشکەم کەمێک لە باری گوناهەکانت کەم دەکەیتەوە.

من دکتۆرم، کارم ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤەکانە نەک شتێکی تر.

زۆر سوپاس چی زۆرە لەم وڵاتە دکتۆر زۆرە، من بە شوێن مرۆڤێکدا دەگەڕێم کە لەگەڵ تای خەڵکیدا تای بێتێ، لەگەڵ سەمایان سەما بکات. تۆش کەمێک چاوەکانت بکەرەوە، بەشکەم بتوانی کارێک بکەی.

چاوەڕێی وەڵامم نەکرد، خێرا ڕۆیشتمە دەرەوە، ئافرەتەکە هێشتان نەڕۆیشتبوو، خەریک بوو لەگەڵ سکرتێرەکە مشتومڕی دەکرد.

سکرتێرەکە دەیگوت: خوشکم چەند جال پێت بڵێم دکتۆل گوتی کەسی تل نابینم، بلۆ سبەنێ وەلەوە قسەی لەگەڵ بکە هەل چەند قسە کلدنیش بێسوودە مەگەل نەیگوت بلۆ پالە بێنە با نەشتەلگەلی بۆ کچەکەت بکەم...

کچەکە بە بینینی من زەردەخەنەیەک هاتە سەر لێوەکانی، خۆم پێڕانەگیرا دەستی کچەکەم گرت و بەرەو ژووری دکتۆرەکەم برد. دەتگوت کچەکە بە درێژای تەمەنی لەگەڵ من ژیاوە، بە دەنگە ناسکەکەی گوتی: خاڵە نۆرەی ئێمەیە بڕۆینە لای دکتۆر...

دکتۆر بە هەردوو دەست سەری گرتبوو، سەری بەرزکردەوە، وێنەی خوشکەکەیم هەڵگرت و پێم گوت: تەماشاکە چەند بەیەکتر دەچن! چۆنە تا ئێستا هەستت پێ نەکردووە!؟

دکتۆرەکە بە دیتنی ئەم دیمەنە سەری سوڕما، دایکی کچەکە کە تا ئەوکات نەیدەزانی چی ڕووی داوە، کچەکەی گرتە باوەش. چاوەڕێم نەکرد بۆ ئەوەی بزانم چی ڕوودەدات، تەنیا بە دکتۆرەکەم گوت: خوشکت نەمردووە، دەی بزانم چی بۆ دەکەی؟

**٢٠٠٧/٨/٢٠ پیرمام**



# ڕووپۆشی مەرگە سوورەکە

**ئێدگار ئالان پۆ**
**لە ئینگلیزییەوە: پشتیوان موبارەک کەریم**
**(دەربەندیخان)**

بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەموو شوێنێکی ولاتدا بوو. هەرگیز تاعوون و ڕشانەوەیەکی وەها نەبوو کە ئەوەندە خەڵک بکوژێت. هەرگیز مەرگێکی هێندە سامناک ڕووی نەدابوو. سەرەتا، هەستت بە ئازار و سووتانەوە دەکرد لە ورگتدا، پاشان هەموو شتێک لەبەرچاوت دەسووڕایەوە و سەرت لەگێژەوە دەچوو ئینجا خوێن لە پێستتەوە دەردەچوو- بەڵێ، هەموو جەستەت خوێنی لەبەر دەچۆڕا- بەڵام زۆربەی لە ڕوخسارتەوە دەچۆڕا و بێ گومان کاتێک خەڵکی ئەمەیان دەدی دەسبەجێ لێت دوور دەکەوتنەوە. کەس نەیدەوێرا یارمەتیت بدات. ڕوخساری سوور هەڵگەڕاوی تۆقێنەرت بە هەموو کەسی دەوت کات بەسەر چووە. بەڵێ، مەرگە سوورەکە نەخۆشییەکی زۆر کورت خایەن بوو. تەنیا لەماوەی نیو کاژێردا، لە تووشبوونەوە تا مردن.

بەڵام میرزا پرۆسپیرۆ میرزایەکی ئازاو بەختەوەر و ژیر بوو. کاتێک نیوەی خەڵک لە ولاتەکەیدا مردن، هەزار هاوڕێی لەش ساغ و دڵخۆشی هەڵبژارد و لە شارەکە بردنییە دەرەوە. بەسەر گرد و تەپۆڵکەکاندا بردنی و بۆ قەڵاپەسەندەکەی خۆی، لە ناوەڕاستی دارستانێکدا دووری خستنەوە کە قەڵایەکی گەورە و جوان بوو، کە بەدیواری بەرز و تۆکمە پەرژین کرابوو. دیوارەکە تەنیا یەک دەرگای هەبوو: دەرگایەکی کانزای زۆر تۆکمە و بەهێز. تەنیا یەک کلیلی هەبوو. کاتێ میر و هاوڕێکانی بە سەلامەتی ڕۆشتنە ژوورەوە چەند خزمەتکارێک دەرگا گەورەکەیان داخست. دڵیان بەخۆیان خۆش بوو، میرزا دەرگاکەی کلیل دا و لەسەر دیوارەکە کلیلەکەی هاوێشتە ناو گۆمێکەوە لەدەرەوە. کاتێک کلیلەکە لەناو قووڵایی ئاوەکەدا لەبەرچاو ون بوو، میرەکە سەیری بازنەی شەپۆلی ئاوەکەی کرد و پێکەنی. ئێستا کەس ناتوانێت لە قەڵاکە بچێتە دەرەوە، یان بێتە ژوورەوە.

لەناوەوە برێکی زۆر خۆراک هەبوو، کە بەشی زیاتر لە ساڵێکی دەکرد. میرزاو هاوڕێ بەختەوەرەکانی هیچ نیگەرانی مەرگە سوورەکەی دەرەوە نەبوون، بەڵام خەڵکی دەرەوە نیگەرانی خۆیان بوون. لەبەر ئەوە هەموو کەس هەر زوو مەترسی پەتاکەیان لەبیر چووە. لەناو کۆشکە جوانەکەی میرزادا سەلامەت بوون، هەروەها هەموو شتێکی پێویستیان هەبوو بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش بەسەر بەرن. چەندین سەماکەر و مۆسیقاژەنی لێ بوو، ئافرەتی جوان و شەرابی لێ بوو. هەموو ئەمانە و زیاتریش لەناوەوە هەبوون، تەنیا مەرگە سوورەکە لەدەرەوە بوو. پێنج مانگ دوای ئەوە تاعوون هێشتا لە هەموو شوێنێکی وڵاتدا بوو، میرزا پرۆسپیرۆ ئاهەنگێکی زۆر تایبەتی بۆ هەزار هاوڕێکەی ڕێکخست، نائاساییترین جۆری ئاهەنگ بوو، هەموویان ڕوخساریان داپۆشیبوو. میرزا پرۆسپیرۆ ئەم ئاهەنگەی لە نوێترین بەشی خانووە گەورەکەیدا سازکرد. لە حەوت ژووردا کە هەرگیز بەکاری نەهێنابوون. بە شێوەیەکی ئاسایی تەنیا گرنگترین میوانەکانی ئەم ژوورانەیان بەکاردەهێنا، بۆ نموونە میرزاو شازادە بیانییەکان. چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەم حەوت ژوورە بۆ ئاهەنگەکە زۆر نائاسایی بوو. میرزا پرۆسپیرۆ زۆرجار بیرۆکە و پێشنیاری زۆر سەیری هەبوو. کەسێکی دەگمەن و سەیر بوو. پێش هەموو شتێک، ژوورەکان لەسەر ڕێڕەوێکی ڕاست و هاوڕێک نەبوون. بۆ ڕۆشتن بەناویاندا دەبوو لە هەموو بیست، یان سی یاردێکدا بەرەو دواوە وەرچەرخابای، لەبەر ئەوە لەیەک کاتدا دەتتوانی تەنیا یەک ژووری تر ببینیت. بەڵێ، ئەمە بەشێکی سەیری خانووەکە بوو، هەروەها کەلوپەلی ناو ژوورەکان لە یەکتر جیاواز بوون. لەگەڵ هەر وەرچەرخانێکدا هەمیشە هەندێک شتی نوێ و جوان و سەرنج ڕاکێشت دەبینی. لەهەر ژوورێکدا دوو پەنجەرەی درێژ و بەرتەسک هەبوون، کە یەکێکیان لەلایەکی ترەوە بوو. ئەم پەنجەرانە شووشەی ڕەنگاو ڕەنگی تێگیرابوو، لە هەر ژوورێکدا ڕەنگی جیاوازیان هەبوو. بێ گومان ئەمە و هەموو شتێکی تر بیرۆکەی میرزا بوون «لەبیرم چوو پێتان بڵێم کە خودی جەنابی میرزا نەخشەی بۆ ئەم بەشەی کۆشکەکەی خۆی کێشابوو».

بێ گومان میرزادە ژوورەکانی بۆ ئاهەنگەکە ڕازاندبووەوە، ئەمەش وەک هەمیشە بە ڕێگا سەرسووڕهێنەرەکەی بوو، وەکو شووشە، کە هەر پەنجەرەیەک ڕەنگێکی جیاوازی هەبوو. هەروەها لە هەر ژوورێکدا هەموو شتێک هەمان ڕەنگی هەبوو.

یەکەمین ژوور لە کۆتایی ڕۆژهەڵاتەوە بوو، ڕەنگێکی شین و گەشاوە و بریقەدار، هەردوو پەنجەرەکەشی شین بوون، لەدووەمین ژووردا ڕەنگی هەموو شتێک تەنانەت شووشەی پەنجەرەکانیش ئەرخەوانی بوون. لەسێیەمین ژووردا هەموو شتێک سەوز بوو. چوارەم پرتەقاڵی بوو، پێنجەم سپی بوو، شەشەم زەرد بوو. لە حەوتەمین ژووردا هەموو شتێک ڕەش بوو، هەموو شتێک جگە لە پەنجەرەکان کە ڕەنگێکی سووری زۆر زۆر تۆخی وەک خوێنی هەبوو. چرا لە هیچ شوێنێکی حەوت ژوورەکەدا نەبوو. ڕووناکی لە پەنجەرەکانی لاتەنیشتی ژوورەکانەوە دەهاتن. لە دەرەوەی هەر پەنجەرەکیش ئاگرێک هەبوو، لەناو قاپێکی کانزایی گەورەدا بوو. ئەم ئاگرانە ژوورەکانیان ڕووناک کردبووەوە. ڕەنگی جوان و سەرنج ڕاکێش و تۆخ بوون، بەڵام لە ژوورەکەی ڕۆژئاواوە- ژوورە ڕەشەکە بریقەی ڕەنگە خوێناوییەکە سامناک بوو. ترس و تۆقینی لێ دەباری. ئەو کەسانەی کە دەچوونە ژوورەوە ڕوخساریان تووڕە و دڕندە دەردەکەوت.

خەڵکێکی کەم ئەوەندە ئازاو بە جەرگ بوون کە تاقە یەک پێیان بخەنە ناو ژوورەکەوە. کاژێرێکی زۆر زەبەلاح بەرانبەر دیوارەکەی ئەوپەڕی ژوورە ڕەشەکە هەڵواسرابوو. مەکینەیەکی گەورەش هەموو کاژێرێک یەک جار زرم... زرم.. دەنگی تەقەتەقێکی نزم و سامناکی دروست دەکرد کاتێک کە میلی دەقیقە ژمێرەکە دەچووە سەر دوازدە، دەنگێکی دروست دەکرد کە زۆر بەرز بوو، هەراو هۆریایەکی زۆری دەنایەوە، هەموو قەڵاکەی دەگرتەوە، زۆر بە ئاسانی بە هەموو ژوورەکاندا تێدەپەڕی، ئاوازێکی هێندە سەیری هەبوو کە میوزیک ژەنەکان لە میوزیک ژەنین دەکەوتن تاوەکو گوێیان لێ بێت. هەموو سەماکاران لە سەماکردن دەوەستان. هەموو ئاهەنگەکە دەوەستا. هەموو کەس گوێی لێ دەگرت، هەروەها کاتێک گوێیان دەگرت، ڕوخساری هەندێکیان سپی هەڵدەگەڕاو ڕەنگیان لە ڕوو نەدەما.. ئەوانی تریش سەریان لە گێژەوە دەچوو... دەستیان بەسەریانەوە دەگرت، پێیان سەیر بوو بەهۆی ڕووداوێکی کتوپڕەوە خەونێک وەک خەیاڵ..

کاتێک دەنگەکە کپ دەبوو، بێ دەنگییەکی سەیر هەبوو. ڕووناکی بێ دەنگییەکەی شکاند و خەڵکەکە لەسەرەخۆ پێکەنین، مۆسیقاژەنەکان بەخێرایی سەیری یەکتریان کرد و دەستییان بە پێکەنین کرد. بەڵێنیان دا کە سەری سەعاتەکەی تر هاتەوە ئەوەندە دەبەنگ نەبن. نەوەستن و ئاوا گوێ بگرن، بەڵکو بەبێ هیچ گوێگرتنێک لە ژەنینی ئاوازەکەیان بەردەوام بن، بەڵام پاش سێ هەزار و شەش سەد چرکەی تر، کاژێرەکە دووبارە هەمان دەنگی لێ بەرز بووەوە. دیسان هەموو شتێک وەستا، دووبارە ڕوخساری خەڵکەکە سپی هەڵگەڕا. دیسانەوە بیرو خەیاڵی سەیر سەیر بە مێشکی خەڵکەکەدا ڕۆشت. هەمان کپی و بێ دەنگی، ئەو پێکەنینە بێ ڕۆحە. هەمان زەردەخەنە و بەڵێن، بەڵام جگە لەمە، ئاهەنگێکی خۆش و سەرنجڕاکێش بوو. بەڵێ، دەتوانین بڵێین کە میرزادە بەڕاستی چاوێکی هەستیار و بەهێزی هەبوو بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگەکان، هەروەها هەموو هاوڕێکانیشی کاتێکی خۆشیان لەگەڵ ئەم دیمەنە سەیر و سەرنجڕاکێشەدا بەسەر برد.

بێ گومان هەندێک کەس وایان دەزانی کە شێت بووە، تەنیا هاوڕێکانی نەبێت کە باشیان دەناسی، دەیانزانی کە وانییە و شێت نەبووە، بەڵام ئەو تەنیا هەر دیکۆری ژوورەکانی دیاری نەکردبوو، بەڵکو دیسان ڕێگای خۆگۆڕینی هەریەک لەمیوانەکانیشی دیاری کردبوو. ئۆ، بەڵێ، دەتتوانی دڵنیا بیت کە جلوبەرگی سەیرو ناوازەیان لەبەر کردبوو. هەروەها زۆربەیان زیاتر لە بێگانەیەک دەچوون، بەڵێ، لەم ئاهەنگەدا هەندێک لە شتەکان جوان و هەندێکیشیان ناشیرین و دزێو بوون، هەروەها سامناک و تۆقێنەر بوون لە خەونگەلی پیاوێکی شێت دەچوون. دەمامکی سەیر و ناوازەی ئەم خەڵکە. سەماکردن و هەڵبەز و دابەز بە مۆسیقایەکی شێتانەوە. گۆڕینی ڕەنگی جلوبەرگەکانیان کاتێک سەمایان دەکرد و لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر دەچوون.. هەتاوەکو میلی دەقە ژمێرەکە دەچووەوە سەر کاژێری دوازدە.. پاشان هەرکە گوێیان لە یەکەمین دەنگی کاژێرەکە دەبوو، وەکو جاری پێشووتر هەموو شتێک دەوەستا. ئاهەنگەکە کپ و بێ دەنگ دەبوو هەتاوەکو دەنگی بەرز و ناخۆشی کاژێرەکە نەدەما. پاشان هەمان کپی و بێ دەنگی و ڕووناکییە کز و پێکەنین و زەردەخەنانە دەستی پێدەکردەوە. ئینجا مۆسیقاکە دووبارە دەستی پێ دەکردەوە. جارێکی تر سەماکردن دەستی پێ دەکردەوە، سەمایەک بە خۆشحاڵییەکی زیاترەوە لە جاران، بێ وچان سەمایان دەکرد و هەڵدەپەڕین، بە هەموو ژوورەکاندا جگە لە یەک ژووریان نەبێت. چیتر کەس نەدەچووە ژوورەکەی لای ڕۆژئاواوە. ڕەنگە خوێناوییە ئاڵەکە سات دوای سات بریقەدارتر و سامناکتر دەبوو، بەڵام لە ژوورەکانی تردا ئاهەنگەکە لەجاران گەرمتر بوو، سەمایەکی خێرا و توند و سەرشێتانە بێ وچان بەردەوام بوو، هەتاوەکو دووبارە میلی دەقیقە ژمێرەکە گەیشتەوە سەرکاژێری دوازدە. ئینجا بێ گومان هەر کە یەکەمین دەنگی کاژێرەکە بیسترا، مۆسیقاکە وەستا، سەماکەران بێ دەنگ بوون، هەموو شت بێ دەنگ بوو.

نیوە شەو بوو، یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج... دوازدە کاژێر. کاژێرەکە هەمان دەنگی سەیر و چڕی لێ بەرز بووەوە کە دەنگێکی خۆش و مۆسیقی بوو. نیوەشەو... حەوت، هەشت.. وادیار بوو کە ئەم جارەیان دەنگەکە کۆتایی نایەت. لێدانی هەر دەنگێک وا دەردەکەوت کە بۆ هەتا هەتایە بەردەوام بێت. هەروەها ئەو دوازدە دەنگە هەر بەردەوام بوون... خەڵکی سپی هەڵگەڕان... سەریان دەسووڕاو لەگێژەوە دەچوون.. سەیرتر بیریان دەکردەوە و خەیاڵاتی زیاتر لەجارانیان بەبیردا دەهات، هەروەها هەندێکیان پیاوێکی باڵابەرزیان بینی کە ڕوخساری خۆی داپۆشیبوو، بەهێواشی و بێ دەنگی لە نێوانیاندا دەگەڕا. هەواڵەکە بەخێرایی بەناو ژوورەکاندا بڵاوبووەوە، یەکسەر هەموو کەس لە ئاهەنگەکەدا قسەیان لەبارەی پیاوە باڵابەرزکەوە دەکرد کە ڕوخساری داپۆشیبوو. هەر کە بێگانەکە بە بێ دەنگی لەناویاندا دەگەڕا، خەڵکی بەترس و تووڕەییەوە لێیان دەڕوانی. تووڕە لە هەڵبژاردنی ئەو جلوبەرگانە! ترس لە هەڵبژاردنی ئەو ڕووپۆشەی ڕوخساری! ئەگەر ئەمەی بۆ ئەوە کردووە کە بیانهێنێتە پێکەنین، لەم کاتەدا پێکەنیناوی نییە! هەرچەندە میرزا هەرگیز حەزی بە لەبەرکردنی ئەو جلوبەرگانە نەدەکرد.

بێگانەکە جلوبەرگی ڕەشی لەبەر کردبوو. ڕووپۆشەکەی ڕوخساری کەللەسەری مرۆڤێکی مردوو بوو. بەڵێ، ڕوخساری مەرگ بوو، بەڵام ڕەنگی ئەو ڕووپۆشە بوو کە هەموو کەسی بەترسەوە دەهەژاند. ڕووپۆشەکە سوور بوو.

رووپۆشی مەرگە سوورەکە بوو.

میرزا پرۆسپیرۆ بێگانەکەی بینی کە کاتێک لەناو سەماکەراندا دەگەڕا، لە پڕ شێتانە هەڵچوو، بەتوورەییەوە دەستی ڕاوەشاند و دەستبەجێ مۆسیقاکە وەستا.

هاواری کرد: «کێ؟» کێ ئەو شتە تۆقێنەرانە دەکات! ئەو پیاوە بگرن، ئەو رووپۆشەشی لە ڕوو هەڵماڵن! سبەی لەگەڵ بەرەبەیاندا سەری دەبڕین!»

هەر کە میرزا وای وت بێگانە ڕوخسار داپۆشراوەکە بەهێواشی و لەسەرخۆ دەستی کرد بەڕۆیشتن بەرەو لای میرزا. هەمووکەس تەنانەت میرزا پرۆسپیرۆی ئازاو بە جەرگ لەپڕ ترسان. هیچ کەس هێندە بە جەرگ نەبوو دەست لەمیوانەکە بکاتەوە و بیوەستێنێ.

تا زۆر نزیک بووەوە لە میرزا، کاتێک بەهێواشی لە ژووری شینەکە ڕۆیشتە دەرەوە، هەموو کەس لە هەموو شوێنێک گەڕانەوە دواوە بەرانبەر دیوارەکان، پاشان ڕۆیشتە ناو ژوورە ڕەنگ ئەرخەوانییەکەوە. لە ژووری ڕەنگ سەوزەکەوە ڕۆیشتە ناو ژوورە ڕەنگ پرتەقاڵییەکەوە، لە ژوورە ڕەنگ سپییەکەوە ڕۆیشتە ناو ژوورە ڕەنگ زەردەکەوە.. کتوپڕ، میرزا پرۆسپیرۆ لەخۆی توورە بوو بۆ ئەوەی بۆچی هێندە بە گەمژەیی و نەفامی دەترسێت؟. لەدوای بێگانەکە بەناو هەر شەش ژوورەکەدا ڕای کرد، بەڵام هیچ کەس لەگەڵیا نەڕۆیشت. چەقۆکەی دەرهێنا و ڕایکردە ژوورە ڕەشەکەوە. پیاوە ڕوو داپۆشراوەکە کە بەرەو سووچەکەی بەرانبەری دەرۆیشت وەستا. میرزاش لە دووری نزیکەی مەترێکەوە لێوەی وەستا. پیاوە دەمامک دارەکە کتوپڕ رووی وەرچەرخاند و هاوارێکی تۆقێنەر و پچڕپچڕ بیسترا، چەقۆ بریسکەدارەکەی میرزا کەوتە سەر زەوی، بەبێ ئەوەی هیچ دەنگێک لە زەوی ژوورە ڕەشەکەوە بێت. میرزا کەوتە سەر زەوییەکە بەبێ ئەوەی هیچ دەنگێکی تری لێوە بێت. مردبوو- کەس نەیزانی بۆچی. لەناکاو سەماکەران کە چیتر نەدەترسان. کۆبوونەوە و ڕایان کردە ژوورە ڕەشەکەوە. پەلاماری پیاوە غەریبەکەیان دا کە لە سێبەری کاژێرە زەبەلاحەکەدا وەستابوو. کاتێک گرتیان، رووپۆشەکەی ڕوخساری و پۆشاکێکی بەتاڵ کەوتە سەر زەوییەکە. هەموو کەس لە ترسان هاواریان لێ هەستا. هیچ کەس لەناو جلوبەرگەکەدا نەبوو! کەس لەوێ نییە.

جەستەی پیاوەکە هیچ نەبوو جگە لە هەوا. هەموو کەس تێگەیشت کە (مەرگە سوورەکە) ئێستا لە ناویاندا بوو. وەکو دزێک لە شەودا هات. پاشان وەک چرکە ساتەکان تێپەڕی.

تەپە تەپ... تەپە تەپ.. تەپە تەپ... یەک بەیەک، خەڵک بەمەرگێکی سامناک دەمردن، یەکسەر هەموو شوێنێک، زەوی هەر حەوت ژوورەکە بەخوێن سوور بوون. کاتێک دوایەمین کەس مرد، دوایەمین چراش خامۆش بوو. هەرکە دوایەمین چراش خامۆش بوو کاژێرەکەش لەگەڵیدا وەستا و هەمووشتێک بێ دەنگ و تاریک بوو.

**سەرچاوە:**

The black cat and other stories



# کامیل ژیر:
# بارودۆخی ڕۆشنبیری لەچاو جاران زۆر پێشکەوتووە، هانی خەڵکیش نادەم ڕوو بکەنە هۆنراوە نووسین

مامۆستا کامیل ژیر لەناو دنیای شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا ناوێکی دیار و ناسراوە، زیاتر لە نیو سەدەیە خەریکی نووسینە و بڵاو دەکاتەوە و کتێب لە چاپ دەدات. ئەگەرچی وەک شاعیر ناسراوە، بەڵام شیعر لە لای ئەو زیاتر ئامرازێکە بۆ گەیاندنی هەست و بیروباوەڕی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆی، واتە شیعر بۆ خۆی نەبووەتە ئامانج لەلای، ئەوەندەی وەک هۆکارێک ماوەتەوە.

بێجگە لە شیعر نووسین کاری ڕۆژنامەوانیشی کردووە و لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیدا کاری کردووە، وێڕای نووسینی زۆری خۆی لە بواری جۆراوجۆردا، بەتایبەتی بواری سیاسی کە بە لای ئەوەوە زیاتر لە هەموو بوارەکانی دی حەزی لێدەکات و پتر خۆی بۆ تەرخان کردووە، ئەو نووسینانەش لە شیکردنەوە و بۆچوونەکاندا زیاتر بە مۆرکی نەتەوەیی دەناسرێنەوە کە هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە کاری بۆ کردووە، ئەو بۆچوونە کوردانە و نەتەوەییانەش بۆ ئەو کات و سەردەمە زۆر گرنگ و بایەخدار بوون، چونکە ئەو کات و سەردەمە «بیری نەتەوەیی» تووشی شاڵاوی دڕندانە دەبووەوە و تۆمەتی نارەوای دوا دەخرا، مایەی بەختیارییە ئەمڕۆکە پاشساڵانێک بیروباوەڕی نەتەوەیی سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە کەسانی وەک ئەو خەباتیان بۆ سەرخستنی کردووە، تەنانەت ئەوانەی دوێنێ تەقەیان لەو بیروباوەڕە دەکرد و لە دژی دەوەستانەوە، ئەمڕۆکە ئەوانیش هاتوونەتە سەر ئەو بەرەیە و ڕۆژگار بۆچوونی هەڵەی ئەوانیشی بەدەرخست.

لەم گفتوگۆیەدا بەڕێز کامیل ژیرمان دواند و هەوڵمان داوە لە بواری شیعر و نووسین و ڕۆژنامەوانی بەسەری بکەینەوە و بیروڕای ئەو لەبارەیانەوە وەربگرین.

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید**

**رامان:** سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەین بۆ ئەم دیدارە.

**کامیل ژیر:** سوپاستان دەکەین و بەخۆتان بەخێربێن سەرچاوان. سلێمانیتان ڕووناک کردەوە.

**رامان:** زۆر سوپاس، پێم باشە لە پێشدا باسی سەرەتایەکانی نووسین و چوونە ناو دنیای خوێندنەوەمان بۆ بکەی کە چۆن بوو کەوتنە ناو ئەو دنیایەوە، ئایا بە ڕێکەوت بوو، یان هەر ژینگەی بنەماڵەی ئێوە لەبار بووە بۆ ئەوەی لەو دنیایەدا خۆتان بدۆزنەوە؟

**کامیل ژیر:** ڕەنگە هەردوو لایەنەکە کاریگەری هەبووبێ. یەکەم وەک بنەماڵە، بنەماڵەیەکی ڕووناکبیرین. شێخ سەلامی شاعیری گەورەی ناسراو خاڵی باوکمە. آ.ب هەوری مامە، کە شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆشنبیر بووە. برای خوالێخۆشبووم فازڵ نیزامەددین فەرهەنگساز بوو. چەندین فەرهەنگی کوردی- عەرەبی هەیە. خەزوورم شێخ حەسەنی شێخ حەمە مارف ئەویش ڕووناکبیرێکی ناسراو بوو، کاتی خۆی لەبەغدا (دەنگی گێتی تازە)یان دەردەکرد، هەروەها لە ڕادیۆی دەنگی کوردی بەغداش وەرگێڕ بوو. لەوەوە، من لەوەتی ڕاست و چەپی خۆم دەناسم لەنێو ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرەدا گەورە بووم. بارودۆخەکەی کورد و مەسەلە سیاسییەکەشی کارێکی وای کرد کە هەر لەمنداڵییەوە و لەتەمەنی سێزدە- چواردە ساڵییەوە، تێکەڵ بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی ببم. من ساڵی ١٩٣٤ لەدایک بوومە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٨ و لەچواردە ساڵییەوە خولیای سیاسەت کەوتە سەرم، هەروەکو منداڵێک بێ ئەوەی بزانم شیوعییەت چییە و ناوەرۆکی شوعییەت چییە؟ کۆمەڵێک مامم هەبوو سەید تەها، سەید نووری و سەید مەجید و ئەوان هەموویان لەو حیزبەدا ئیشیان دەکرد، منیش وەکو چاولێکەرییەک لەوان شوێن ئەو ڕێبازە کەوتم. دوایی بۆم دەرکەوت کە ڕێبازێکی هەڵە بوو و لە ساڵی ١٩٥٨ تا ئێستا لێی کشامەوە و هەرچۆنێک بێ ئەوەش وای کرد ڕووبکەمە سیاسەت و بەخۆشت دەزانی ئەوەی کە هەم لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر بێ و هەم تێکەڵی سیاسەتیش بێ ئیتر ڕوودەکاتە خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیر کردن. لەبەر ئەوە هەر لەو تەمەنەوە خولیای خوێندنەوە و نووسین بووم، بەتایبەتی گۆڤاری گەلاوێژ کە پێشتر ئەو برایەم تێیدا بەشداربوو، من هەر لە منداڵییەوە کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم ئەو گۆڤارەم دەخوێندەوە و



**ئازاد عەبدولواحید، کامیل ژیر**

شیعری زۆر لە شاعیرەکانی کوردم تێدا دەخوێندەوە. ئەوانە وایان کرد وردە وردە دەست بدەمە قەڵەم و بنووسم، بەڵام وەکو منداڵێک باوەڕم بەخۆم نەبوو کە بابەتەکانم بۆ بڵاوکردنەوە بشێن و بەنیازی بڵاوکردنەوەش نەم دەنووسی، تا ساڵی ١٩٥٤ دەمنووسی و دوای ماوەیەک دەمدڕاند، لە ١٩٥٤ەوە کەوتمە ئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا، بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی (ژین)دا کە ئەو سەردەمە مامۆستا (گۆران) سەرپەرشتی دەکرد دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانم.

**رامان:** یەکەم بەرهەمت ساڵی چەند بوو بڵاوکرایەوە.؟

**کامیل ژیر:** یەکەم بەرهەمم ساڵی ١٩٥٤ بوو. هۆنراوەیەک بوو بەناوونیشانی (هەژار لە جەژنا)، ئەوە یەکەم هەڵبەستم بوو کە بڵاوم کردەوە. بەدوای ئەوەدا کورتە چیرۆک و نووسینم بڵاو کردەوە، هەر لەو ڕۆژنامەی (ژین)ەدا وتارێکم بە ناوونیشانی (کۆ زمانی کوردی) نووسی مەبەستم لەکۆڕێکی زمانی کوردی بوو کە داوام کرد دابمەزرێت. یەکێک لەو وتارانە بوو کە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاو خەڵک پشتگیرییان لێ کردم. تا ساڵی ١٩٥٦ بەم شێوەیە بەردەوام بووم، لەساڵی ١٩٥٦وە یەکەم شانۆنامەی کۆمێدی کە چاپ کرا بێت شانۆگەری من بوو، حەمە کەریم هەورامی لەکتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، ئەو شانۆنامەیەم نووسی و لەسەر شانۆش پیشان درا.

**رامان:** ئەمە ساڵی چەند بوو؟

**کامیل ژیر:** ئەمە ساڵی ١٩٥٦ بوو. هەر لە ساڵی ١٩٥٦شیشدا مامۆستا عەلائەدین سوجادی لە بەغدا بۆی چاپکردم و سەرپەرشتی چاپەکەی کرد. لە ساڵی ١٩٥٧دا یەکەم دیوانی هۆنراوەکانم بەنێوی (نازەنین)

چاپ کرد. ئەوانە تێکڕا نووسینەکانی من بوون. لە ساڵی ١٩٥٧دا دائیرەی ئەمن کە ئەوسا (التحقیقات الجنائیة)یان پێ دەگوت، لەبەر ئەوەی چالاکی سیاسیم زۆر بوو، بۆ (ئەبو غرێب) دووریان خستمەوە. هەموو ڕۆژێ دەبوایە بچوومایەتە لای پۆلیس و خۆم پیشان بدابان و ئیمزام بکردایە، بەڵام ڕۆژنامەی (ژین)م بۆ دەهات، ئەو کاتە چاوم بە نووسینێک کەوت کە ئیعلانی پێشبڕکێیەکی تێدا ڕاگەیەنرابوو، پێشبڕکێی شیعری بوو، شیعرێکم بەناوونیشانی بەهاری کوردستان نووسیبوو. لیژنەیەک بەسەرپەرشتی ڕەشید عارف و ئەنوەر سائیب و شەماڵ سائیب بۆ ئەو مەبەستە پێک هێنرابوو. ئەوکاتە ئەو لیژنەیە سەرپەرشتی ئەو گرەوەی دەکرد. منیش وەکو گوتم زۆریش نەبوو دەستم بە شیعر نووسین کردبوو، ئەوە لە ساڵی ١٩٥٧دا بوو. ئەو شیعرەم بە پۆستە بۆیان نارد. لیژنەکە لەبەغدا بوو.

کاتێکم زانی بە پۆستە نامەیەکم بۆ هات دەڵێ پیرۆزباییت لێ دەکەین هۆنراوەکەی تۆ بە یەکەم دەرچوو. ئەوە هانی دام کۆششی پتر بکەم، ئەوکاتە ئەو هەموو شاعیرە هەبوون وەکو گۆران و دیلان و کامەران و بەختیار زێوەر و هەردی و گەلێ شاعیری دیکە، بەلامەوە سەیر بوو کە هۆنراوەکەی من یەکەم دەرچوو. بەهاری کوردستانیش لەبەرهەمەکانی مندا چاپ کراوە.

**ڕامان:** ئەوانیش لەو کێبەرکێیەدا بەشدارییان کردبوو؟

**کامیل ژیر:** نازانم کێ و کێ بەشداربوون، بەڵام ئەوانەی بەمنیان گوت، گوتیان زۆربەی زۆری شاعیرەکان بەشدارییان تێدا کردووە. ئەوە کاری لیژنەکە بوو، کاری من نەبوو. منیش مەبەستم نەبوو تا هەموو شتێک بپرسم. لەوێ ئەو هۆنراوەیە بوو بە دەرگایەک بۆ من، هەرچەندە من دوور خراوەیەکی سیاسی بووم، بەڵام بەدزییەوە جارجار دەهاتم بۆ بەغدا. کە هۆنراوەکە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا چاپ کرا، ئەو کاتە یانەی سەرکەوتن لە بەغدا هەبوو کە ئەو برادەرانە سەرپەرشتییان دەکرد، گوتیان ئێمە ئیمتیازی گۆڤارێکمان بەنێوی گۆڤاری (هیوا) وەرگرتووە تۆ مادام ئەو توانایەت هەیە بۆ نایەی سەرپەرشتی بکەی. گوتم: باشە خۆشحاڵیش دەبم. گۆڤاری هیوام وەرگرت تا سەرپەرشتی بکەم. دوو کەسم لەگەڵدا بوو. مامۆستا کەریم زانستی و د. محەمەد

## لەناو نەتەوەیەکی داگیرکراوی ماف خوراو، ڕۆشنبیر هەر دەبێ ڕوو لە سیاسەت بکات

نووری عارف کە ئێستا لە هەولێر مامۆستای زانکۆیە. ئێمە بەسێ قۆڵی خەریکی دەرکردنی گۆڤاری هیوا بووین. هەموو مانگێ ژمارەیەکمان لێ دەردەکرد. بەینێکیش د. نەسرین فەخری هات لەگەڵماندا ئیشی کرد، بەڵام زۆری نەخایەند کشایەوە.

**ڕامان:** ئەمە یەکەم ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیت بوو؟

**کامیل ژیر:** بەڵێ، یەکەم ئەزموونم بوو. نزیکی دوو ساڵ من ئەو گۆڤارەم دەرکرد، ساڵی ١٩٥٧ و ١٩٥٨.

**ڕامان:** وەک دەستەی نووسەران، یان وەکو سەرنووسەر؟

**کامیل ژیر:** ئەوکاتە وەکو ئێستا نەبوو کە ناوی هەموو ئیشەکەرەکان لەسەر لاپەڕەی یەکەمی چاپکراوەکە بنووسرێ. ئیمتیازەکەی هی یانەی سەرکەوتن بوو، بەرێوەبەری بەرپرس حافز مستەفا قازی بوو، بێجگە لەو دوو ناوە ناوی کەسی دیکە نەدەنووسرا، بەڵام لەڕاستیدا من سەرنووسەری گۆڤارەکە بووم. نەک سەرنووسەر بگرە هەموو شتێکی گۆڤارەکە بووم. مامۆستا کەریم زانستی بە زۆری ئیشی سەرپەرشتی چاپی دەکرد، د. محەمەد نووری تاڕادەیەکی زیاتر لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی دەهاتن بەشداری دەکرد.

ئیتر زۆر لەنووسینەکان وەکو پێشەکی و هەندێک نووسین کە بەبێ ناو بڵاوم دەکردنەوە و دەمنووسین، یان نووسینی خەڵک کە دەهاتن دەستکاریم دەکردن. بەو جۆرە گۆڤارەکەمان دوو ساڵێک بەرێوەبرد.

ئەوە یەکەم تاقیکردنەوەی ڕۆژنامەنووسیم بوو، لە هەمان کاتیشدا هەر شەماڵ سائیب کە لە ڕادیۆی کوردی بەغدا ئیشی دەکرد پێی گوتم، مادام تۆ ئەو توانایەت هەیە بۆ نایەی لەڕادیۆی کوردیدا ئیش بکەی. گوتم زۆر باشە. من لەو کاتەدا هەم دوورخراوەیەکی سیاسی بووم و هەم هەژارێکیش بووم و ژیان و گوزەرانم زۆر خراپ بوو. لە گۆڤاری هیوا مانگێ بیست دیناریان دەدامێ و لە ڕادیۆی کوردیش هەموو حەفتەیەک بەرنامەیەکم بەناوونیشانی (لە هەر تەلەی دەنگێک) هەبوو.

**ڕامان:** ئەوکاتە گۆڤاری هیوا لە بەغدا دەردەچوو؟

**کامیل ژیر:** بەڵێ

**ڕامان:** ماڵی خۆت بردە ئەوێ؟

**کامیل ژیر:** من سەڵت بووم، بۆ ئەبوغرێب

دوورخرابوومەوە. بەیانیان دوای ئەوەی ئیمزام دەکرد بەقاچاخی دەهاتم بۆ بەغدا و بە شەو دەگەڕامەوە، لەبەر ئەوە یانەی سەرکەوتن ژووریکیان بۆ تەرخان کردم بۆ ئەوەی تێیدا بحەوێمەوە. لە یانەی سەرکەوتنیش کە ئەو گۆڤارەم وەرگرت هەرچی قوتابی کوردی بەغداش هەبوون روویان دەکـــردە لای من، بۆیە تێکەڵاویم لەگـــەڵ کـوردەکانی بەغدا پەیداکرد بوو. لەساڵی ١٩٥٩شدا داوایان لێ کردم ڕۆژنامەی خەبات کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکرد، سەرپەرشتی بەشە کوردییەکەی بکەم و بۆیان ڕێک بخەم. هەرچەندە من قایل نەبووم، بەڵام هاتن تەکلیفیان لە بەشیر موشیر کرد و ئەویان ڕاسپارد کە پێم بڵێ، هەروەها بە مامۆستا جەمال نەبەزیان گوتبوو، ئەوانیش هەموویان ڕوویان لێ نام کە ئەوە خزمەتێکە بۆ نایکەی. پاشان بڕیارم داو کردم، ماوەیەکیش خەریکی ئەو ڕۆژنامەیە بووم. تەنیا حیلمی عەلی شەریف جار جار یارمەتی دەدام و ماوەیەکیش بەوەوە خەریک بووم. ئیتر ئەوەبوو ساڵی ١٩٥٨ی بەسەرداهات و پرسی دوورخستنەوەکەم نەما. ئیتر هاتمە بەغدا و لەوێ ژوورم بەکرێ گرت و درێژەم بە خوێندندا، بەم جۆرە تا قۆناغی پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووز و سەرەتای ئەو شۆڕشە بەردەوام بووم.

**ڕامان:** ئەی دوای ئەوە جارێکی دی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا کارت نەکرد؟

**کامیل ژیر:** دوای ئەوە وەک کاری ڕۆژنامەگەری تاقیکردنەوەم هەیە. تاقیکردنەوەی سێیەم لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ڕۆژنامەی سەربەخۆیی (پاسۆک) بوو کە لەدوای ڕاپەڕین و کاتی کۆڕەوەکەیە، کاتێ چووینە دەرێ و ماوەیەک لە بیارە و ماوەیەک لە قەڵاچوالان ماینەوە من ئەو ڕۆژنامەیەم بە یارمەتی چەند هاوبیرێکی دیکە دەردەکرد، ئەوەبوو دوو ساڵێک سەرپەرشتی دەرکردنی ڕۆژنامەی سەربەخۆیی (پاسۆک)یشم کرد. ئەوە تاقیکردنەوەی سێیەمم بوو. دوای ئەوە کەمتر بەلای کاری ڕۆژنامەگەریدا چوومەوە. پیشەی نووسین و هۆنراوە و چاپی بەرهەمەکانم گرتەبەر، بێجگە لەکاری پارێزەرایەتی.

**ڕامان:** ئەو هاوسەنگی دروست کردنە تۆزێک زەحمەتیشە، لەبەر ئەوەی تۆ لە (هیوا) کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیریت کردووە، لە ڕۆژنامەی (خەبات) و (سەربەخۆیی) کاری سیاسیت کردووە، ئەو هاوسەنگی دروست کردنە چۆن بوو؟

**کامیل ژیر:** هەروەک لەسەرەتاشەوە گوتم لەنێو نەتەوەی ئێمەدا، نەتەوەیەک کە بەو جۆرە بێت و داگیرکرابێت و مافی خورابێت، ڕۆشنبیر هیچ چاری نییە هەر دەبێ ڕوو لە سیاسەت بکات. کەم دەبینی باسە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان لەنێو ڕۆشنبیرانی کورددا لەیەکتر جیابکرێنەوە. زۆربەی شاعیرە کۆنەکانیش، یەکێکی وەک (نالی) بە (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور، ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو دەشتی شارەزوور) هەر جۆرێکە لە سیاسەت. بەو جۆرە تەماشای هەردی بکە، شیعرەکانی باسی ئازادیخوازی کوردە و لە هەمان کاتدا ئەو شیعرە جوان و ناسک و ڕۆمانسیانەشی هەیە. گۆران بە هەمان شێوە کە لە وەسفدا ئەو باڵا دەستەیە. هات خۆی تێکەڵ بە سیاسەتیش کرد و کۆمەڵێک هۆنراوەی سیاسی گوت. ئەو هاوسەنگییە شتێکی ناچارییە و بمانەوێ نەمانەوێ خۆی دروست دەبێ.

**ڕامان:** واتە دەتەوێ بڵێی هاووڵاتی کورد کە لە دایک دەبێ بوونەوەرێکی سیاسییە؟

**کامیل ژیر:** هەر زۆر وایە و قسەکەی تۆ ڕاستە.

**ڕامان:** ئەی بۆ شیعرت هەڵبژارد و بۆ لایەنێکی دیکەی هونەرت هەڵنەبژارد؟ شیعر سیمای زەقی نووسینەکانی تۆیە، دەتوانم بڵێم زۆربەی زۆری کارەکانت لە مەیدانی شیعر تاقیکردووەتەوە، بۆ پەناتان بردە بەر شیعر، پەناتان نەبردە بەر هۆیەکی دیکەی وەک چیرۆک نووسین، یان بوارێکی دیکە؟

**کامیل ژیر:** ڕاستە شیعر یەکەم دەستپێکی من بوو و دوای ئەوەش چەند دیوانێکی هۆنراوەم چاپ کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا لە لایەنەکانی دیکەش دانەبڕابووم. کۆمەڵێک چیرۆکێکیشم لە ڕۆژنامەی ژیندا لە پەنجاکان بڵاو کردووەتەوە. بێجگە لەوە من ساڵی ١٩٥٦ شانۆنامەیەکم نووسیوە.

**ڕامان:** ناوی چی بوو؟

**کامیل ژیر:** (ئافرەت و نووشتە). بێجگە لەوە نووسینی دیکەم لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا وەک گوتم لە گۆڤاری (هیوا) و لە ڕۆژنامەی (خەبات) و (سەربەخۆیی) و شوێنەکانی دیکە زۆرێک لە نووسینەکانی منیان تێدایە. گەلێ بەرهەمی دیکەی چاپکراوم هەیە کە هۆنراوەن و زۆری تریشیان نووسین.

لەوانە (ئافرەت و نووشتە) کە ساڵی ١٩٥٦.

**ڕامان:** شانۆنامەی دیکەت هەیە؟

**کامیل ژیر:** شانۆنامەی دیکە بەناوی (گەورە پیاو)، سێ شانۆنامەی شیعرییە، ساڵی ١٩٩٢ لەسوێد چاپکراون.

**ڕامان:** چ ساڵێک نووسراون؟

**کامیل ژیر:** ڕەنگە هەر ساڵێک دوو ساڵ پێش چاپکردنیان نووسرابن. دوای ئەوانە نووسینێکم هەیە بەناوی (أفکار) بە عەرەبی کە لە ٢٠٠٢ چاپکراوە. ئینجا کتێبێکی دیکە بەناوی (کوردایەتی و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ) لە ١٩٩٤دا چاپکراوە. بەرهەمێکی دیکەم هەیە بەناوی (کوردایەتی و سەربەخۆیی) ئەوەش لە ٢٠٠٢دا چاپ بووە. ئینجا ئەم کتێبەی لەبارەی (مەحوی) لووتکەوە بڵاوکرایەوە وتارێکی سیاسی دوور و درێژی منی تێدایە، ئەویش هەر هۆنراوە نییە. ئیتر کۆی بەرهەمەکانیشم لە سوێد بەناوونیشانی هەڵبەستەکانی ژیر چاپکراوە، نزیکەی ٥٠٠ لاپەڕەیەک دەبێ. بێجگە لەوانەش دیوانی (نازەنین و کوردایەتی) لە ١٩٦٠دا چاپکراوە.

**ڕامان:** حەز دەکەیت بە چ سیفەتێک شاعیر، یان نووسەری سیاسی، یان شانۆنامەنووس ناوزەد بکرێیت؟

**کامیل ژیر:** ئەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگران بەجێ دەهێڵم، با ئەوان چۆن ناوم دەنێن، بینێن.

**ڕامان:** تۆ بە خۆت کامیانت بەدڵە؟

**کامیل ژیر:** من لەنێو هەموو ئەوانەدا کارم کردووە، لەڕاستیدا من نووسەرێکی سیاسیم پێم خۆشترە، چونکە زۆربەی نووسینەکانم سیاسین. لە بارەی هۆنراوە و شیعرەوە، بەڕاستی من هانی خەڵک نادەم رووبکەنە هۆنراوە، چونکە ئێستا هۆنراوە دەتوانم بڵێم بووەتە دیاردەیەک لە دیاردەکانی دواکەوتوویی نەتەوەیەک، بە تایبەتی لەناو ئەو کوردەی ئێمە هەرچی هەڵدەستێ دەبێتە شاعیر و شتێک دەڵێ، بەڕاستی شیعرنووسین بێ لەزەت بووە و یەکجار زۆر بووە. کوردیش لە شیعر تێری خواردووە، لەبەر ئەوە من ماوەیەکی زۆرە وازم لە هۆنراوە نووسین هێناوە، بەڵام سەیرەکەی لەوەدایە هۆنراوە وازم لێ ناهێنێ، من لایەنی هۆنراوەم زۆر کەم کردووەتەوە، ئێستاکە پتر خەریکی نووسینی سیاسیم، بەتایبەتی من لەو یەک دوو ساڵەی دواییدا لە ڕۆژنامەی (هەواڵ) کە لە کەرکووک دەردەچێ ژمارەیەکی زۆر نووسینم بەناوی (ڕامیارییە چیرۆک) هەیە، واتە چیرۆکی سیاسی کە هەم سیاسییە، هەم چیرۆکە، هەم گاڵتەچییە و هەم ڕەخنە ئامێزە. خەریکی ئەوانەم و ڕەنگە لەماوەیەکی نزیکدا چاپیان بکەم. لەبەر ئەوە ئێستاکە کەمتر بەلای هۆنراوەدا دەچم، خۆم پتر حەزم لە نووسینی سیاسییە.

**ڕامان:** واتە ئەمڕۆ کەشوهەوایەکە بۆ نووسینی سیاسی زیاتر لەبارە؟

**کامیل ژیر:** چاریشمان نییە.

**ڕامان:** جاران پێش ڕاپەرین وانەبوو، نەتدەتوانی ئازادانە باسی هزر و بیروبۆچوونی خۆت بکەیت؟

**کامیل ژیر:** نەتدەتوانی دەریان ببڕی

**ڕامان:** من واتێدەگەم کە سیاسەت ئامانجێکی گرنگی کاروبەرهەمی تۆیە و زۆرجار ویستووتە بیروڕایەکی سیاسی بەناوی ئەدەبەوە دەربڕی؟ پێت وانییە ئەم کارەت زۆرجار لایەنە هونەرییەکەی لە کیس داوی؟

**هۆنراوە نووسین بووەتە هۆیەک لە هۆیەکانی دواکەوتووی نەتەوەیەک**

**کامیل ژیر:** بێ گومان دەست بە هەر ئەرکێکەوە بگریت، دەرگایەک دەکەیتەوە، بەڵام دەرگایەکی دیکەت لێ دادەخات، خۆ ئەو وڵاتەی ئێمە دەناسی، وڵاتی ئەوە نییە کەسێک خۆی بۆ یەک بواری تایبەتی تەرخان بکات. واتە ئەو تێکەڵاوییە هەیە و ڕەنگە باشیش نەبێ. مرۆڤ بایەخ بە یەک هێڵی ڕۆشنبیری بدات، ڕەنگە پتر قووڵ بیتەوە باشتر بێ، بەڵام وەک گوتم بارودۆخی نەتەوەکەی ئێمە وات لێدەکات بە هەموو لایەکدا پەل بهاوێی و لە دەرگای هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری بدەیت.

**ڕامان:** بەتایبەت لەو سەردەمەدا کە سەردەمی پسپۆرییە لە تەنیا بوارێکدا.

**کامیل ژیر:** زۆر ڕاستە. من ئێستا بە پلەی یەکەم هەوڵ دەدەم شارەزاییم لە بواری سیاسیدا هەبێت.

**ڕامان:** لەداهاتوودا ڕەنگبێ گۆڤاری (هیوا) یەکێک لەو گۆڤارانە بێ کە چاپ بکرێتەوە، بۆیە پێم خۆشە پتر لەسەر ئەزموونی ڕۆژنامەگەریت بوەستین. باسی هێندێک لایەن بکەین کە پەیوەندی بە باکگراوەندی دروست بوونی ئەو گۆڤارەوە هەیە کە تا چ ڕادەیەک توانی خزمەت بە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بکات و ئەو ئەزموونەی لەوێ

بەدەستت هێنا باس بکەیت. حەز دەکەم پتر باسی ئەمەمان بۆ بکەیت؟

**کامیل ژیر:** دەتوانم بڵێم دوای گۆڤاری گەلاوێژ کە لە چلەکاندا دەردەچوو، گۆڤاری هیوا بەدوای ئەودا دێت، کە بۆ نەتەوەی کورد لە ئاستی یەکەمدا بوو، چ لەلایەن رۆشنبیرییەوە چ لە ئاستی خزمەتگوزارییەوە.

چۆنیەتی پێوەندی کردنی من بە گۆڤاری هیواوە بۆ ئەو پێشبرکێیە دەگەڕێتەوە کە پێشتر باسم کرد، ئەوکاتە لە (ئەبوغرێب) دوورخراوەیەکی سیاسی بووم لە رۆژنامەی ژین-دا هەواڵەکەم خوێندەوە و پاشان کە بەشدار بووم و بە پۆستەدا نامەیەکم بۆ هات کە بە یەکەم دەرچووم و نامەکە خەم و پەژارەی دوورخراوەییمی رەواندەوە، بەتایبەتی بۆ ئەوسای من کە تەنیا سێ ساڵ بوو ئاشنایەتیم لەگەڵ شیعردا پەیدا کردبوو.

لیژنەی گرەوەکە بەڕێزان رەشید عارف و عەلائەدین سوجادی و شەماڵ سائیب بوون. دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە رووی ئەوەشیان لێنام کە سەرپەرشتی و سەرنووسەری گۆڤاری هیوای یانەی سەرکەوتن بکەم کە تازە رەزامەندی بۆ وەرگیرابوو. دواتر کاک شەماڵ رووی ئەوەی لێنام کە لە رادیۆی کوردی بەغدا گۆشەیەکی وێژەیی وەرگرم. داوام کرد و داواکەم پەسندکرا، بێ ئەوەی ئەوە بدرکێنم کە من دوورخراوەیەکی سیاسیم. کاتێک گۆڤارەکە دەست بەکاربوو روانیم مامۆستا کەریم زانستی بۆ هەمان مەبەست رووی لێنراوە، پێکەوە نەخشەی کارمان کێشاو مانگی تەمووزی ١٩٥٧ ژمارەی یەکەمان خستە بەر دیدی خوێنەرانی ئازیز. مامۆستا کەریم بەزۆری کاری ئیداری و ژمێریاری و سەرپەرشتی چاپی گۆڤارەکەی لە ئەستۆ گرت بوو. دوای ماوەیەک دکتۆر محەمەد نووری عارف هاتە پاڵمان و ئەویش لەگەڵماندا دەستبەکاربوو، چەند مانگێکیش خوشکی بەرێز دکتۆر نەسرین فەخری کاری لەگەڵدا کردین، بەڵام مامۆستا کەریم زانستی لەدوای ژمارە یازدەی ساڵی یەکەمەوە کشایەوە. مامۆستا حافز مستەفا قازی بەڕێوەبەری بەرپرسی گۆڤارەکە بوو. ئەو خۆی لە کۆمپانیاکەی مامۆستا رەشید عارف ژمێریار بوو کە ئەوسا ئەو لە دەرچووانی کۆلێژ بوو و کرابوو بە بەڕێوەبەری بەرپرس و هەندێ یارمەتیشی دەداین، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی ئەو نووسینانەی کە بە کرمانجی ژووروو بۆمان دەهات. خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە یانەی سەرکەوتن بوو لەبەغدا. ڕاستییەکەی یانەی سەرکەوتن نێوەندێکی رۆشنبیری کوردی بوو، زۆربەی ئەو کوردانەی لەخۆ گرتبوو کە لە بەغدا دەژیان. رۆڵێکی گرینگی لە پەرەپێدانی هەستی کوردایەتیدا هەبوو. بێجگە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، قوتابخانەیەکیش بوو بۆ گوتنەوەی زمانی کوردی. بێجگە لەو کوردانەی کە زمانەکەی خۆیان لە بیرنەمابوو، هەندێک عەرەبیش دەهاتن، یانەکە جێگەی کۆبوونەوەی قوتابییە کوردەکانی بەغداش بوو، کۆبوونەوە سیاسییەکانی خۆیان بە هۆی یانەوە لەوێ ئەنجام دەدا. کوردە فەیلییەکانیش لە بەغدا بە کوردانی سۆران و بادینان ئاشنا دەبوون. گۆڤاری هیواش بۆ ئەو رۆژە قوتابخانەیەکی کوردایەتی گشتی بوو. نووسەرە ناودار و بە برشتەکانی ئەو سەردەمەی لەخۆ گرتبوو. نووسەرانێکی وەکو (عەبدولقادر قەزاز، جەمیل رۆژبەیانی، أ-ب. هەوری، شاکر فەتاح، محەمەد مستەفا کوردی، ئەحمەد خواجە، شێخ حەسەنی شێخ حەمەمارف، محەمەد تۆفیق وردی، کاکەی فەللاح، عوسمان رەزا، عەلی کاردۆخی، محەمەد سەعید جاف، شێخ محەمەدی خاڵ، ت.ب مەریوانی، جەمال بابان، کەریم شارەزا، حەوێزی، سەعید ناکام، محەمەد غەفوور.

**ڕامان:** ئەم حەوێزییە کێیە؟

**کامیل ژیر:** نایەتە خەیاڵم کام حەوێزییەیە. بەس بەناوی حەوێزی رووتەوە بەزۆری شتمان بۆ بڵاودەکردەوە.

نووسەرە لاوەکانیش شەماڵ سائیب و مستەفا ساڵح کەریم و فازڵ نیزامەددین و عەبدوڵڵا میدیا و کەماڵ غەمبار و غەمگین و محەمەد نووری تۆفیق و مەمی چیرۆکنووس و نووری تاڵەبانی کە ئێستاکە لە پەرلەمانە، هەروەها محەمەدی مەلا کەریم و فاتیحی برای و بەناوی (پرشنگ)ەوەش گەلێ شتمان بۆ یەکێک بڵاودەکردەوە نەمان دەزانی کێیە. عەبدولرەزاق بیمار، هۆشیار نازانم ئەم هۆشیارە کێیە. دکتور محەمەد نووری عارف.

**ڕامان:** هۆشیار، مەسعوود محەمەد نییە؟

**کامیل ژیر:** دەبێ، چونکە بەینێک ئەو بەناوی هۆشیارەوە شتی دەنووسی. ئێمە گوێمان نەدەدایە. شتێک مەعقوول بوایە بۆمان بڵاودەکردنەوە. بەتایبەتیش چونکە شتەکان سیاسی نەبوون، چەقۆی لەسەر نەبوو.

**ڕامان:** دیسان لە کاتی ساخ کردنەوەی ئەو گۆڤارە ئەو ناوانە بزانرێن کێن باشترە.

**کامیل ژیر:** وەکو گوتم ساجید ئاوارە، عەبدولڕەزاق بیمار، فوئاد عیزەت، ئەمینی میرزا کەریم، لە شاعیرانیش کامەران و کاکە شوان کە (د. ئیحسان فوئاد)ە، دلزار، سالح یووسفی، أ. ب هەوری، شارباژێڕی، خالید دلێر، حەمە سالح دیلان، نەسرین فەخری، دکتۆر ڕەسووڵ، مەدهۆش، لە پزیشکەکانیش کە شتیان بۆ دەناردین دکتۆر عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا بوو، دکتۆر نامیق نادر، دکتۆر مەریوانی، دکتۆر ئەنوەر کەریم مەسرەف، دکتۆر وریا ڕەواندزی کە ئێستاش هەر لە ڤیینانیە، ئەوانە و ژمارەیەک نووسەر و شاعیری تریش کە بەناوی خوازراوەوە دەیاننووسی، یان بە پیتێک بەرهەمەکانیان بڵاودەکردەوە. نووسەر و شاعیری تریش هەبوون کە کەم کەم بەرهەمیان لەهیوادا بڵاودەکردەوە. منیش بەناوی ژیر و هەندێ جار بەناوی (هێمن)ەوە شتم بڵاو دەکردەوە و زۆرجاریش بەبێ ناو شتم بڵاودەکردەوە. داخم ناچێ هەر جارێ بەناوی (هێمن)ەوە کە دەمنووسی لەئێران شاعیری گەورە (هێمن مەهابادی)یان دەگرت و تووشی لێدان و ئەشکەنجەیان دەکرد، پێیان دەگوت ئەوە هی تۆیە، هەرچەندە هاواری دەکرد هی من نییە سوودی نەبوو، ئینجا کە هاتە ئەو دیو بە شەڕەوە یەکترمان ناسی، بەڵام من داوای لێبوردنم لێکرد. بەدەم نیمچە شەڕێک و خۆشییەوە لەگەڵ یەکتر ئاشنا بووین و بووین بە برادەر. هیوا گەلێ بابەتی لەخۆ گرتبوو وەکو ئەدەب، زانست، زمان، کشتوکاڵ، کۆمەڵایەتی، مێژوو، چیرۆک، توێژینەوە، هونەر و...تاد. هیوا گەرچی گۆڤارێکی سیاسی نەبوو، کەچی ئێمە لەو دەرگایەشمان دەدا. هەندێ جار شتی وامان دەگوت و دەنووسی، ئێستاش هەموو نووسەرێک زات ناکات بیانڵێ. بۆ نموونە من لە پێشەکی ژمارە دووی ساڵی دوو نووسیبووم «پێویستە ئەدەبەکەمان تەرخان بکەین بۆ سوودی شۆڕش و ئازادکردنی کوردستانی تورکیاو ئێران و سوریا و یەکخستنی ئەم پارچانە» ئەوکاتەی من ئەوەم نووسیوە، هەر بەپێی قانوونی ئێراق سزاکەی ئیعدام بوو، چونکە ئەوە جیابوونەوەی باشووری کوردستان دەگەیەنێ لەعیراق و یەکخستنی ئەم پارچانەیە لەژێر ئاڵایەکی یەکگرتوودا. لە هەڵبەستی کوردستانی مندا لاپەڕە شەست و سێ، ژمارە چوار، ساڵی دوودا دەڵێم: (ئەمڕۆ دەبینم نیشتیمان وەک گوڵاڵەی بەهاری جوان، کوڵمی سوور و چاوی گەشە، تومەز بیرێکی بێ غەشە، تێیدا بڵاوە و دەڵێ دەی زوو بۆ کوردستانی یەکگرتوو)

کە ئەمانەم لەگۆڤاری هیوادا بڵاودەکردەوە لەکاتێکدا کە گۆڤارەکە سیاسیش نەبوو. لە هەڵبەستێکدا گوتومە:

(چار نییە دەبێ پڕ بەدەم بەنەڕەی پڵنگ شار و دێ پڕ بکەم بۆ ڕاپەڕینێ، هەوڵ و کۆششێ لە خەو هەستانێ، دەنگی جۆششێ، بۆ ئازادبوون و مافی کوردستان، زۆردار، دەرەبەگ لە گۆڕ و چاڵ نان)

کە لە ژمارە سێی ساڵی یەک لاپەڕە سی و شەشدایە. هەڵبەستی بەهاری کوردستانیش ئەگەرچی دوای سەرکەوتنەکەی لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوکرایەوە، بەڵام لەسەر داخوازی لیژنەکە و لەسەر داخوازی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی سەرکەوتن لە ژمارە(١)ی ساڵی (١)ی هیوا دا جارێکی دیکە بڵاوکرایەوە، واتە تەمووزی ١٩٥٧ کە لەو هەڵبەستەشدا هاتووە.

**(زرمەی پێ بێ و چریکەی دەنگ**
**دەنگی بیرێ قووڵ و زۆر مەنگ**
**لێی بێتە دەر ئاوازێ خۆش**
**ئاوازێ گشت بێنێتە جۆش**
**زەماوەندێ وەها سازکەن**
**داڵە کەرخۆر پەرەوازکەن**
**تاکو ئەو ساتە کوردستان**
**بۆ خۆمان بێ و هەر بۆ خۆمان)**

بێجگە لەوانە لەناوئاخنی هەندێ گۆشەدا وەکو گۆشەی (چیت نەزانی پرسیار بکە؟) کە من سەرپەرشتیم دەکرد، بۆ ئەوەی کوردایەتییەکەی دڵداری هەستیار بخەمەوە یادی خوێنەران پرسیومە (ئەو هۆنراوەیە ئی کێیە؟)(ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەوی کوردزمان) کە لەلاپەڕە سێزدە، ژمارە دوو، ساڵی دوو بڵاوکرایەوە. هیوا بایەخێکی زۆری بە ڕەخنەسازی دەدا، لە ژمارە(١)، ساڵی دوو، لاپەڕە هەشتدا، گۆشەیەکی تازەی بەناوونیشانی (لە ژمارەی پێشوودا) کردەوە ژمارەی پێش ئەم ژمارەیەی بە ژمارەیەک نووسەر و ڕەخنەگر دەسپارد بۆ ئەوەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بنووسن. مامۆستا سەعید ناکام ڕەخنەی لەو هەڵبەستەی من گرتبوو کەوتبووم

**(من کە دیم لەرەی شەپۆلی شنەی ئاڵای کوردستان**
**تێکەڵاو دەبێ لەگەڵ جریوەی ئەستێرەی بەیان**
**ئەوکاتە هیواو ئامانجی دوورم هەردوو پێکەوە**
**دەبن بە پرشنگ گوڵاڵەی سوورم دەگەشێتەوە)**

لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەمانەت و بەسینگێکی فراوانەوە

ڕەخنەکەی سەعید ناکام-م بڵاوکردەوە، ئەگەرچی ڕەخنەکەش لەجێی خۆیدا نەبوو. گۆڤاری هیوا بۆ هاندانی نووسەران و هەستیاران گرەوی سازدەکرد، لە ژمارە دوازدە، لەلاپەڕەی حەفتاویەکدا مەدالیای زیوینی هیوا بۆ یەکەمی ئەو نووسەرانە تەرخان کرا کە لەگرەوی هیوادا سەردەکەون.

خەلاتی دووەمیشی بۆ نووسەرەکان تەرخان کرد. لەو ژمارەیەدا گرەوێک بۆ شانۆ بڵاوکرایەوە. بۆ جوانترین شانۆنامەی خۆماڵی و شانۆنامەی وەرگێڕاو. ڕاستییەکیش هەیە دەبێ بیڵێم، هیوا دەتگوت لەکوردستانی ئازاددا بڵاودەکرێتەوە، هیچ وێنەیەکی مەلیکی تێدا بڵاونەکراوەتەوە. لەکاتێکدا هەبوو لەلاپەڕەی یەکەمی کتێبێکی زمانەوانیدا، یان مێژووییدا وێنەی مەلیکی ئێراقی بڵاودەکردەوە. هیچ وشەیەک، یان دێڕیک لەهیچ بۆنەیەکی ئەو ڕژێمە لە هیوادا بڵاونەکرایەوە. یانەی سەرکەوتن لە گۆڤاری هیوادا چەندین جار سەرەڕای دەستکورتییەکەی ئەوەی بڵاوکردەوە کە ئامادەیە کتێبی نووسەران لەسەر ئەرکی یانەکە خۆی چاپ بکات. ئەوە بوو مێژووی کورد و کوردستان دانەری شێخ محەمەدی مەردۆخ و وەرگێڕی محەمەد فیدا، یانە بۆی چاپکرد و بۆی بڵاوکردەوە. بیرەوەری من بۆ گۆڤاری هیوا و یانەی سەرکەوتن تەنیا بۆ دوو ساڵی ١٩٥٧ و ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە. دوای ئەوە من لە گۆڤار و لە یانە کشامەوە.

**ڕامان:** دوای تۆش بەردەوام بوو؟

**کامیل ژیر:** دوای منیش گۆڤاری هیوا بەردەوام بوو، بەڵام لەوێوە سیاسەتی تێکەوت. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٨ و ساڵی ١٩٥٩ ببووە کێبەرکێ لەنێوان حزبی شیوعی و ژمارەیەکی وەک موکەڕەم جەمال تاڵەبانی و حەمەی مەلا کەریم و ئەمانە هاتن تێکەڵ بەیانەکە بوون و لە هەڵبژاردنێکدا کە بەڕێوەچوو، شیوعییەکان زۆربەی دەنگیان هێنا. ئیتر من بەلامەوە خۆش نەبوو، بە تایبەتی موکەڕەم جەمال تاڵەبانی هات قسەیەکی کرد، ئەوکاتە موکەڕەم جەمال تاڵەبانی لە حزبی شیوعیدا مەرکەزێکی گەورەی هەبوو، هەرچەند خۆی نەدەبوایە ئەو مەرکەزیەتەی هەبوایە.. لە کۆبونەوەیەک دانیشتبووین قسەیەکی کرد، گوتی گۆڤاری هیوا تائێستا سومعەی باش نەبووە، دەبێ لەمەودوا سومعەیەکی باشی بۆ پەیدا بکەین. ئیتر من بەگژیدا چووم و زۆر خراپیش لێی ڕاپەریم و وەڵامێکم دایەوە کە دەماری گرت. پێم گوت گۆڤاری هیوا سومعەی باش نەبوو، یان جەنابت سومعەت باش نەبوو کە لە سجندا لە زەمانی پاشایەتی خەڵک بە سێ دێر بەرائەی دەنووسی تۆ بەشازدە لاپەڕە بەرائەی خۆتت نووسی. مادام کەسانی وەک تۆ هاتووە ئیتر من خوداحافیز. دوای ئەوە ئەو برادەرانە حەمەی مەلا کەریم و چەند کەسێکی دیکە خەریک بوون. وابزانم دوو ساڵێکی دیکە درێژەیان بەدەرکردنی گۆڤارەکە دا. دوایی گۆڤارەکە نەما.

**ڕامان:** ئەی ئەزموونی ئیشکردنت لە ڕۆژنامەی خەبات چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**کامیل ژیر:** ئەزموونی ئیشکردنم لە ڕۆژنامەی خەبات وەکو گوتم زیاتر لە بەشە کوردییەکە بوو.

**ڕامان:** ساڵی چەند تا چەند بوو؟

**کامیل ژیر:** ساڵی ١٩٥٩ چەند ژمارەیەکم لێ دەرکرد و لێی کشامەوە. ئێستا ژمارەکانم لەبیر نەماوە، بەڵام وەکو تاقیکردنەوەیەک سوودم لێ وەرگرت و سوودم لەوە وەرگرت کە شەو بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەکە و هەندێ جار بۆ هەڵەچنی ژمارە عەرەبییەکە لە چاپخانە تا بەیانی دەماینەوە. لە چاپخانەیەک چاپمان دەکرد کە چاپخانەی شاعیری گەورەی عەرەب جواهیری بوو. جەواهیری خۆشی ئەوکاتە ڕۆژنامەیەکی دەردەکرد، لەبەر ئەوە زۆر شەو لەگەڵ جەواهیریدا دادەنیشتم تابەرەبەیان پێکەوە موناقەشەی ئەدەبی و باسی ئەدیبان و شیعر و سیاسەتمان دەکرد. برادەرایەتیم لەو ڕێگەیەوە لەگەڵ (محەمەد مەهدی جەواهیری) پەیدا کرد و لە گەڵێ بواردا بیروڕامان ئاڵوگۆڕ دەکرد. ئەوە هەلێکی باش بوو بۆ من، قەدەریش وای کرد هەر ئێستا دوو سەد مەترێک لە خوار ئەو ماڵەی ئێمەوە کە لێی دانیشتووین پەیکەرێکی جەواهیری دانراوە.

منیش لەیەکێک لە نووسینەکانمدا نووسیومە ئەگەر منیش بەختەوەر بم لەپاڵ ئەو پەیکەرەدا، پەیکەرم دانێن، کە برادەری یەک بووین. ئەگەر کەللە سەرێکی منیش دروست بکرێ، ئەوە بۆ ئایندە و تەقدیری ئەو میللەتە دەمێنێتەوە.

**ڕامان:** لەژیانی نووسەرایەتی و شاعیرایەتیتدا تووشی زۆر موناقەشات و ڕەدەڵو و بەدەڵی ڕەخنە هاتوویت، ئێستا چۆن لەو ڕەخنانە دەڕوانیت؟ تا چ ڕادەیەک بابەتیانە بوون و ویژدانی تێدا بووە؟

**کامیل ژیر:** لەڕاستیدا هیچ شتێ لەژیاندا بەبێ ڕەخنە پێش ناکەوێ. ڕەخنە دەرگایەکت بۆ دەکاتەوە تا لەناتەواوییەکانی خۆت تێبگەی. وات لێدەکات کە تۆ هەم ئەو ڕەخنانە دووبارە نەکەیتەوە، هەم زیاتریش بایەخ بەخۆت بدەی شتێکی تر بلێیی ئەم جارە لە ئاستێکی بەرزتردابێ و هەوڵ دەدەی ئەو ناتەواوییانە دووبارە نەبنەوە تا شتێکی کاملتر و بەپێزتر پێشکەش بکەی. تەنانەت لە بواری پیشەسازیشدا کۆمپانیایەک کە ئۆتۆمبێل دروست دەکات، دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە دەکەوێتە سەر شەقام کۆمەڵێک کەس تێبینی و سەرنجیان لەبارەوە دەبێت و دەڵێن فلان شتی خراپە، ئەگەر وانەبوایە وادەبوو، ئەو کۆمپانیایە ئەگەر کۆمپانیایەکی زیرەک بێ، ئەوە سوود لەو ڕاو بۆچوون و ڕەخنانە وەردەگرێ و هەوڵ دەدات بۆ ساڵی ئایندە ئۆتۆمبێلێکی باشتر بەرهەم بێنێ.

نووسینیش هەروەهایە، سیاسەتیش هەر بە هەمان شێوە، بەبێ ڕەخنە لە شوێنی خۆیدا دەمەیێت و پێش ناکەوێت، لەبەر ئەوە هەموو کاتێک ڕەخنەم پێ خۆش بووە، تەنانەت ئەگەر ڕەخنەکان لە منیش گیرابن. لەو ڕەخنانەی کە مشتومڕێکی زۆری لەسەر بوو و دوای ئەوەی دووەم دیوانی هۆنراوەکانم بەناوی (کوردایەتی) لە ساڵی ١٩٦٠دا چاپ کرد، حەمەی مەلا کەریم کتێبێکی چکۆلەی چەند لاپەڕەیی لە دژی ئەو هۆنراوانەی من چاپ کرد. ئێمەش وەڵامان دایەوە، بەڵام وەڵامێکی دوورودرێژ بەناوی (کوردایەتی و نەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتیدا) بەو ناوەوە بڵاوکرایەوە. ئەوکاتە ئێمە ڕێکخراوی (کاژیک)مان هەبوو، لە ڕاستیدا وەڵامەکەی ئێمە ئەو کتێبە کارێکی بەکۆمەڵ بوو، بەڵام نووسینە سەرەتاییەکە و ڕەشنووسی نووسینەکە بەڕێز دکتۆر جەمال نەبەز دایڕشت. دوای ئەوە من و سەرکردایەتی (کاژیک) پێیدا چووینەوە و هەندێ شتمان لێ لابرد. ئەو مشتومڕ و وتووێژە لەلای زۆرکەس بوو بە دەرگایەکی فراوان بۆ ئەوەی لە شیوعییەکان بکشێنەوە و دواتر ڕوویانکردە کوردایەتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و قوتابیانی دیموکراتی کوردستان و بۆ ئەو سەردەمە هەڵێکی زێرینی باشی ڕەخساند، دەتوانم بڵێم ئەو مشتومڕە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرینگە، ساڵی پار جارێکی دیکە لێرە چاپمان کردەوە. هەموو هۆنراوەکان و پێشەکییەکەی کە جەمال نەبەز نووسیویەتی و ئینجا ڕای حەمەی مەلا کەریم-مان وەرگرت و پێمان وت دوای ئەوەندە ساڵ لەو نووسینە ئێستا چی دەڵێی؟ ئەویش لەو بارەیەوە شتێکی نووسیوە. هەروەها منیش لەدوای بەناوونیشانی (پێشبینییەکانمان لە ئەزموونی نیوسەدەدا) کە هەر لە بارەی ئەو ڕەخنانەوە بوو، وتارێکم لەو بارەیەوە نووسیوە. هاوبیری بەڕێزمان فوئاد محەمەد ئەمین سەرپەرشتی چاپکردنی ئەو بەرهەمانەی کردووە، خۆشی وتاری هەیە و کتێبەکە هەموو هۆنراوەکانی دیوانی کوردایەتی تێدا دووبارە بووەتەوە، هەروەها ئەو کتێبەی کە لەوەڵامی حەمەی مەلا کەریمدا نووسرابوو دیسان لێرە لە ساڵی ٢٧٠٦ کوردیدا چاپکرایەوە.

**ڕامان:** سوور بوون و پێداگرییەک لە قسەکانی حەمەی مەلا کەریم دەبینی؟

**کامیل ژیر:** هیچ نەگۆڕاوە، سەیر ئەوەیە ئەو نووسینەی کە نووسیویەتی و لەو کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە، لەوە دەچێ سوور بێ لەسەر ئەو ڕایانەی خۆی و ڕایەکانی خۆی بەڕاست دەزانێ. کاک فوئاد وەک حەکەمێک بەراوردێکی کەمی لەنێوان نووسینەکاندا کردووە و حەقی بەیەکێک لە لایەنەکان داوە، کە پتر بەلای مندا دایشکاندووەتەوە. من لە نووسینەکەمدا لەو نیوسەدەیەدا کۆمەڵێک پێشبینیم کردووە، چ لەو کتێبەدا و چ لە وتارەکانی دیکەدا، ئێستا و ئەمڕۆ هەمووی هاتووەتە دی. من بە بەڵگەوە قسەم کردووە و هەروا بەگۆترە قسەم نەکردووە، هەموو بەڵگەکانیش نووسراون. ئەگەر بوار هەبێ پێشکەشتانی دەکەم.

**ڕامان:** بەشێوەیەکی گشتی باسی شتەکان دەکەین. جارێ لەپێشەوە حەز دەکەم وەک کەسێکی نەتەوەیی کە لە دەمێک ساڵەوە خەریکی خەبات کردنی لەو سەنگەرەدا، ئەگەر کوردایەتی پێناسە بکەیت بەلای تۆوە کوردایەتی چی دەگەیەنێت؟ ئایدۆلۆژیایە؟ فەلسەفەیە؟ یان بزاوتێکی جەماوەری و دیموکراتیکە؟ ڕێبازی کوردایەتییە چۆن شی دەکەیتەوە؟

**کامیل ژیر:** لە ڕاستیدا پێناسەم بۆ کوردایەتی هەیە و نووسیویشمە. کوردایەتی هەست و سۆز و بیروباوەڕ و خەبات و بزووتنەوەی کوردە لە پێناوی بەرگری کردن لە کوردستان و لە بوونی نەتەوایەتی کورد و ڕزگاربوون و یەکپارچەیی کوردستان و سەربەخۆیی و ئازادی و

بەختیاری نەتەوەیی کورد و ڕەخساندنی هەلی لەبار بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری و بۆ بینینی دەوری مێژوویی خەڵکی کوردستان لە شارستانیەتی کاروانی گەلاندا و چەسپاندنی مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا و گەشەپێدانی کۆمەڵگەی کوردەواری و چەسپاندنی بنەماکانی مرۆڤایەتی لەسەرتاسەری جیهاندا. من کاتێک دەڵێم کوردم، واتە هەست دەکەم لە نەتەوەیەکم کە پێی دەگوترێ کورد، ئەم هەست کردنە یەکەم پاڵپشتی نەژادنامەی نەتەوایەتی منە. بێ ئەو پاڵپشتە کوردبوونی من ناتەواو دەبێ. نەژاد و زمـــــان و زەوی و ئابووری و دەوڵەت مەرجی سەرەکی نین. ئەوە بە پێچەوانەی بیردۆزەکەی ستالینەوەیە کە کۆمەڵێک مەرجی داناوە بۆ نەتەوە کە من لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەودا نیم، هەستەکە بنچینەیە و ئەوانی دیکە، لقن. هەستەکە بەلای منەوە مەرجی سەرەکییە. بێ ئەو هەستە مرۆڤ لە نەتەوایەتی بێ بەری دەبێ. ئەوسا یان ئەو مرۆڤە دەژی بۆ ئەوەی بخواو بنوێ، یان ڕێبازێکی نانەتەواوانە دەگرێتە بەر لە ژیانیدا و دەگونجێ هەندێک جار دژی ڕەگەزەکەی خۆشی بوەستێتەوە و کار بکات. هەروەها دەشێ کەسی وا کاڵایەک بێ بۆ کڕین و فرۆشتن. کە هەستم کرد کوردم، سۆزیشم بۆ نەتەوە و نیشتمانم دەبێ. ئەگەرچی نیشتەجێی وڵاتێکی دووریش بم، یان کەوتبێتمە کونجێکی وەها کە بێجگە لە خۆم کوردی دیکەی لێ نەبێ، ئیتر بەو جۆرە من پێناسەی کوردایەتیم کردووە، هەروەها پێناسەی کورد و کوردستانم کردووە.

**ڕامان:** تەوژم و ڕێبازی کوردایەتی ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو ڕۆژێک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، جاران ئەوانەی کە ئەو بیروباوەڕەیان بڵاودەکردەوە و لەو سەنگەرەوە قسەیان دەکرد زۆرجار بە بیر تەسک و کۆنەپەرست و شۆڤێنی و کۆمەڵێک تانە و تەشەر ڕووبەڕووتان دەبووەوە، ئەمڕۆ ئەم کوردایەتییە سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، ئەوانەی کە ناحەز بەو ڕێبازەش بوون ئێستا پەشیمان بوونەتەوە، یان هاتوونەتە هەمان سەنگەرەوە؟

**کامیل ژیر:** بێ گومان ئێمە کە لە ١٤/٤/١٩٥٩وە ڕێکخراوی کاژیکمان دامەزراند، کاژیک وەک قوتابخانەیەکی بیری نەتەوەیی و ڕێکخراوێکی سیاسی بوو. لەوکاتەدا کە ئێمە بیروباوەڕی کوردایەتیمان بڵاودەکردەوە وەک بیروباوەڕ و فەلسەفە و وەک عەقیدەیەکیش هەروا سۆز و عاتیفەنەبوو. پێشتر چونکە کوردایەتی تەنیا سۆز و عاتیفە بوو و نەکرابووە ئایدۆلۆژیا. ئێمە ستراتیژیەتی نەتەوەیی کوردیشمان دیاری کرد. ئەوکاتە بەرانبەر بەوانە خەڵک زۆربەخراپ ناوی ئێمەی دەبرد و بەکۆنەپەرست و بە پیاوی بێگانە دەیان ناساندین. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لەسەردەمی باڵا دەست بوونی شیوعییەکاندا ماڵی ژمارەیەک لەسەرکردایەتی کاژیک-یان خەتی سوور لێدەدا بۆ ئەوەی لە پڕ هەڵکوتنە سەریان و بیانکوژن و بیان گرن. تاوانەکەشمان ئەوە بوو کوردایەتیمان دەکرد و پێچەوانە و دژی شیوعییەت و مارکسییەت بووین. مرۆڤ ئازادە بیروباوەڕێکی لەلاپەسند نەبێ، بەڵام ئەوان وانەبوون. بە زۆر دەیانویست بیروباوەڕەکەیان پەسند بکەین، لەبەر ئەوە بەرەنگاری زۆر هەڕەشە و گوڕەشەی ئەوانە بووینەوە و ناو و ناتۆرەی خراپمان دەخرایەسەر. بۆ نموونە نووسینەکەی حەمەی مەلا کەریم بە هاندانی حزبی شیوعی بوو، هەرچەند خۆی ئێستا لاری لەوەیە، بەڵام ئێمە دەزانین کە وابوو و ئەوهایە کە ئێمە دەیڵێین. ئێستا بارودۆخەکە زۆر گۆڕاوە. نموونەمان هەیە کە ئەوەی ئەوسا ئێمە دەمانگوت و بەکفر دەزانرا، ئێستا زۆر لەوانە دەیڵێنەوە کە ئەوسا ڕەخنەیان لە ئێمە دەگرت و دژی ئێمە وەستابوونەوە. لەوانە بۆ نموونە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کورد) لەدوای بیست ساڵێک لە دروست بوونی (کاژیک)داهاتنە سەر ڕای ئێمە کە مەرج نییە هەموو کاتێک بەرژەوەندی پرۆلیتاری هەموو دنیا وەکو یەک بێ. ئەوە ڕای ئێمە بوو، ڕای شیوعییەکان وانییە. بەپێی چەمکی مارکسێتی بەرژەوەندی چینی کرێکاری هەموو دنیا یەک بەرژەوەندییە. ئێمە بە بەڵگەوە سەلماندمان کە هەموو کات بەرژەوەندی چینی کرێکاری تورک لەگەڵ بەرژەوەندی چینی کرێکاری کورد جیاوازە، یان عەرەب لەگەڵ کورد جیاوازە. ئەوان وەکو داگیرکەر کە خوێنی وڵاتی ئێمە دەمژن، کە نوتی ئێمە تاڵان دەکەن، بەشێکی دەچێتە گیرفانی پرۆلیتاری عەرەبەوە، لەبەر ئەوە بەرژەوەندی ئەوان جیاوازە لەبەرژەوەندی ئێمە، کەچی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) کە خۆی کۆمەڵەیەکی مارکسی- لینینی بوو هاتە سەر قسەی ئێمە و لە بڵاوکراوە و لە ئەدەبیاتی خۆیاندا ئەو ڕاستییەیان نووسی و هاتنە سەر ئەو باوەڕە. بێجگە لەوە لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە ماوەیەکدا کە باڵی شیوعی هەر

یەکجار بالاّ دەست بوو، بەرادەیەک کە ترسی ئەوەمان لێ نیشت ئەوکاتە پارتیش ببێتە فۆتۆکۆپییەکی حزبی شیوعی (بەرەی میللی) لە جەزائیر، بەرەی کوردستانی خۆمان کە سەردەمێک هەبوو، ئێستا بەرە نەماوە و پێناسەی بەرەش پتر بۆ حزبەکانە، کۆنگرە گشتی ترە، هەر هەموو ڕێکخراو و تاکەکەس و تاکە ڕۆشنبیرانیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوەمان کرد ئەو حزبانە و خەڵکەکانیش لەژێر چەتری کۆنگرەیەکدا کۆببنەوە بۆ ئەوەی لەیەک نزیک ببنەوە و کوردایەتی پتر گەشە بکات.

**ڕامان:** ئەو کۆنگرەی نیشتمانییە کە باست لێوە کرد، ئەمە پاڵپشتی مەعنەوی و ماددی لە هیچ لایەنێک، شوێنێک وەرناگرێ؟

**کامیل ژیر:** نەخێر ڕێکخستنێکی سەربەخۆیە و تا ئەم چرکەیە هیچ جۆرە پشتگیرییەکی مادی نەکراوە و لە هیچ لایەنێکەوە هیچی وەرنەگرتووە. ئەندامەکانی کۆنگرە خۆیان ئەو کارە دەکەن و بەڕێوەی دەبەن. تەنیا یەک شت هەیە کە تۆزێک یارمەتییان دەدا ئەویش لەشاری لەندەن سەرۆکی کۆنگرە دکتۆر جەواد مەلا کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژئاوایە (سوریا)، ڕێکخراوێکی ئەدەبی بەناوی ڕۆژئاواوە بۆ کوردەکانی سوریا دامەزراندووە، بۆ ئەوە حکومەتی بەریتانیا مانگانە پشتیوانییەکی ماددییان دەکات، پشتیوانییەکەش هەر بەشی ئەوە دەکات کرێی ئەو بارەگایەی پێ بدەن کە گرتوویانە و خەرجی ئەو خەڵکانە بگرنە ئەستۆ کە دەچن و هاتوچۆیان دەکەن، ئەوە کۆمەڵێ شیوعی وەک سالح حەیدەری و جەمال حەیدەری و خەسرەو تۆفیق و ئەوانە کە چوونە سەرکردایەتی پارتییەوە کارێکی وایان کرد خەریک بوو ئەو حزبەش بەرەو شیوعییەت بەرن. ئەو ڕێبازی کوردایەتییەی کە لە سایەی ڕێبازی کوردایەتی کە لە شەخسی سەرۆک بارزانی-دا بەدی دەکرا و هەبووە. هەروەها لە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتیدا دەیان نووسی کە ئێمە سوود لە مارکسیێتی- لینینیێتی وەردەگرین. لە کۆنگرەی یازدەدا ئەو چەمکەش لابرا کە بەخۆم لەو کۆنگرەیەدا بووم و دەستی باڵام لەلابردنی ئەو بڕگەیەدا هەبوو. ئەوکاتە بێجگە لەو کۆمەڵە شیوعییەی تێکەڵ بەسەرکردایەتی پارتی ببوون زۆر لەکادیرەکانی سەرکردایەتی ئەوکاتە وەک برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی ئەوانیش ئاراستەکەیان، ئاراستەیەکی مارکسی بوو، ئەوانە کەمتر بەلای نەتەوایەتیدا دەچوون. کۆڵەکەی ئەستووری لایەنی نەتەوایەتی سەرۆک بارزانی خۆی بوو، لەبەرئەوە کە دووبەرەکییەکەی نێوان بارزانی و باڵی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دروست بوو، ئێمە وەکو (کاژیک) لایەنگری بارزانیمان کرد و زیاتر ڕەوایەتیمان بەودا، بە بەڵگە و نووسین شتمان نووسیوە و بلاومان کردووەتەوە. ئێستا کارەکان بە تەواوی گۆڕاون و خەڵکێکی زۆر ئەو شتانە دەڵێن کە ئێمە ئەو کات دەمانگوتن، کە ئەوسا لە لای خەڵکی کفر بووە، ئێستا بووەتە شتێکی زۆر پیرۆز.

کوردایەتییەکە زۆر فراوان بووە و کێشەی سەرەکی کورد کە تائێستا نەبووەتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ نزمی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی دەگەڕێتەوە. هۆشیاری نەتەوەیی لەنێو کورددا هەر یەکجار کەم بووە، لەگەڵ ئەوەش ئێستاکە وەکو گەشبینییەک من دەیڵێم ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەو ڕێبازەیان گرتووەتە بەر. بەهیوام کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لایەنگرانی کوردایەتی پتر بن و کەشتی کوردایەتی بگەیننە ڕۆخی دەریای ئارامی سەربەخۆیی کوردستان.

**ڕامان:** بەڕای ئێوە دوای ئەزموونێکی دوور و درێژ ئێستا بۆ هەڵکشانی بیری نەتەوەیی و بلاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی چ بکرێ باشە کە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بگونجێ؟

**کامیل ژیر:** چەند جار قسەم لەگەڵ ئەو نووسەرانەدا کردووە، کە لە دەرەوەی ولاتدا دەژین و داوام لێ کردوون، یان بێنەوە کوردستان، یان هەموویان لە دەوری شتێک کۆ ببنەوە، لەژێر چەترێکدا کۆببنەوە، ئێمە بۆ ئەو چەترە شتێکمان دروست کردووە ناومان لێ ناوە (کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان) کە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لقی هەیە.کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان هەوڵدەدات هەموو باڵە سیاسییە جیاجیاکانی کوردستان لەژێر چەترێکدا کۆبکاتەوە، کە ئەو چەترە وەکو بەرەیەک بێ. چۆن عەرەب (ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین)یان دروست کردو جاریش ئەگەر کۆبوونەوەیەکی گشتی هەبێ، دکتۆر جەواد لەپارەی ئەو ڕێکخراوەی دیکە کۆنگرەی نیشتیمانی بەڕێوە دەبات، بێجگە لەوەی ئەندامەکانیش هەریەکە و لەلای خۆیەوە ئەوەی لەتوانایدا بێ دەیکات، ئەگینا هیچ جۆرە پاڵپشتێکی نییە، بۆ زانیاری سەرکردایەتی کۆنگرەی

نیشتیمانی بەنیازن لەو ماوەیەدا سەردانی برای بەڕێزمان کاک مەسعوود بارزانی بکەن.

**ڕامان:** بێینەوە سەر دنیای ڕۆژنامەگەری و نووسین و شیعر و ئەدەبیات، لە ساڵی ١٩٦٠ بەدواوە گۆڤارێک لەسلێمانی دەرچووە بەناوی (ڕۆژی نوێ) کە ئەم گۆڤارەش هەر بەرێچکەیەکی نەتەوەییدا تێپەڕیوە، ئێوە چۆن بوو لەو گۆڤارە نزیک نەبوونەوە و بەشداریتان تێدا نەکرد؟

**کامیل ژیر:** لە ڕاستیدا گۆڤارەکە لە سلێمانی دەردەچوو، من لە سلێمانی نەبووم، ئەوکاتە من لە بەغدا دەژیام. لەوکاتەدا من کۆمەڵێک کارو ئیشم لە بەغدا هەبوو، هەم کاری سیاسی و هەم کاری ژیان و هەم کاری فەرمانبەری و خوێندن لە کۆلێژی ماف، لەبەر ئەوە من ئەو ماوەیە لە سلێمانی دووربووم و ئینجا ئیش و کارەکانی خۆشم هێندە زۆر بوون کە بە ڕاستی فریای ئەوە نەدەکەوتم بێم بەشداری لەو گۆڤارەشدا بکەم، هەرچەندە ڕێزێکی زۆرم بۆ گۆڤارەکە هەیە کە شتی باشی بڵاو دەکردەوە. ئەوسا هەر فریای ئەوە دەکەوتم جارجار ژمارەیەکی بگەیشتبایەتە دەستم دەمخوێندەوە. لە دوورەوە دەست خۆشیم لێ دەکردن.

**ڕامان:** ئێوە تا چ ڕادەیەک لا لەبەرهەمی لاوەکان دەکەنەوە و بایەخیان پێ دەدەن و ئەوەی لە بەرهەمی لاوەکان بە هەموو لقەکانی ئەدەبەوە دەیخوێننەوە، کامەیان پتر سەرنجی ئێوەی ڕاکێشاوە؟

**کامیل ژیر:** لەڕاستیدا لاو، یان بایەخدان بەلاو، ئەرکێکی مێژوویی و نەتەوایەتییە، چونکە ئەوانن دەبنە پیاوی ئایندە و دواڕۆژ و دەبنە بیرمەند و بیریار و پێشەوا و ڕابەری ئەو نەتەوەیە، لەبەر ئەوە هەرچەندی بایەخ بەلاو و بەرهەمی لاو بدرێت کەمە، بەڵام من وەکو جارێک خوالێی خۆش بێ دکتۆر کەمال خۆشناو کە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بوو، لە بۆنەیەکدا دوای ئەوەی کۆبوونەوەکە تەواو بوو سەیرم کرد بە هەڵەداوان هات بۆ لای من و بانگی کردم، برادەرایەتیمان بەهێز بوو، گوتی بۆ خاتری خودا فریامان کەوە، من زۆرم لەلا سەیر بوو، وامزانی شتێکی لێ قەوماوە، گوتم کاک کەمال چی بووە؟ کاکە جا چی لەوە خراپتر، ئەوەتا بووم بە سەرۆکی زانکۆ، سەرنجم داوە قوتابییەکانی زانکۆ هەموو شتێک دەکەن کوردایەتی نەبێ. گوتی فریامان کەوە چی بکەین باشە و منیش گوتم بەڕاستی جێگەی داخە و ئەمە دیاردەیەکە هۆیەکەی دیسان بۆ ئەو کێشە حزبیانە دەگەڕێتەوە کە گەلێ شتیان تێکداوە و وایان کردووە خەڵک کەمتر بەلای کوردایەتیدا بچن و پتر بەلای شتی خودی خۆیاندا بچن، بە پێچەوانەوەی ڕێکخراوە ئیسلامیەکانەوە کە زۆر زیرەکانە و زۆر بە وردی لەناو زانکۆ و داموەزگەکاندا چوونەتە ناو لاوەکان و بە ئافرەت و بە کوڕەوە ڕایاندەکێشن و ئاراستەیان دەکەن و بەو چەمکەی خۆیان پەروەردەیان دەکەن، کەچی ئەوانەی ئێمە بەداخەوە. لەبەر ئەوە من هەر لەم پرسیارەی بەرێزتاندا بە هەلی دەزانم داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەم ئەو پشتگوێ خستنەی لاو بەتایبەتی لە بواری کوردایەتیدا کە بە تەواوی پشتگوێ خراوە، نەمێنێ و کاری بۆ بکرێ و کۆبوونەوە و سمینار بۆ ئەوانە بکرێ کە خاوەن تاقیکردنەوەن، تا دانیشن و بیرێک لە چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەنەوە، یان کارێکی وابکەن لاوانی کورد بەرەو لای ڕۆشنبیری بەرن و لە پرسی دیکەیان دووربخەنەوە کە زیان بە نەتەوەکەمان دەگەیەنێت، چ لایەنی سیاسی بێ، یان غەیری سیاسی، چونکە ئێمە نەتەوەیەکین تا ئەم کاتەش لە قۆناغی ڕزگاری نەتەوایەتیداین و پێویستیمان بە وزەی لاوان زۆرە، نابێ وابکەین وزەی لاوانمان لە کیس بچێ، یان لایەنێکی دیکە بێن و بۆ خۆیان بیان قۆزنەوە و دوایی پەشیمانی چارەسەری ئەوکێشەیە ناکات، لەبەر ئەوە من زۆر بایەخ بەلاوان و نووسینی لاوان و ئەدەبی لاوان دەدەم، وەکو ڕاستیش شتێک هەیە دەمەوێ بیدرکێنم، دیسان بەهۆی هەندێ کێشەوە. چاک و خراپ تێکەڵ بووە، وای لێهاتووە خراپ جێی بە چاک لێژکردووە. گەلێ لاو هەن کە بەرهەمی زۆر چاکیان هەیە، بەڵام چونکە خاوەنی نیازێکی چاکە و کەسێکی پاکە، ئەو پەلەقاژەیەی کەسێکی خراپ دەیکات، یان کەسێکی دیکە کە چاوی لە مادە و پارەیە، ئەو بەو جۆرە نایکات، لەبەر ئەوە کە دەبینێ بەرهەمی خراپەکان بەردەوام لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە و ئەوانەش کە چاکن، چونکە خۆیان نەفسییەتیان بەرزە، دەبینی بەرهەمەکانیان ون دەبێ و دەشاردرێنەوە، بۆیە من دووبارەی دەکەمەوە، بەتایبەتی ئێوە کە لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا ئیش دەکەن کارێکی وابکەن کە بگەنە شوێن ئەو لاوانەی هەڵکەوتوون و بیانهێننە پێشێ و یارمەتیشیان بدەن و بەرهەمەکانیان بۆ بڵاوبکەنەوە،

بەڵام بەگشتی هەرچەندە کاتم کەمە و ئیشم زۆرە، ناپەرژێمە سەر ئەوەی هەرچی گۆڤار و ڕۆژنامەیە بخوێنمەوە تا ئێستا پێت بڵێم کێ باشە و کێ خراپە، بەڵام بەگشتی ئەوە دەڵێم کە وزەی داهێنەرانە دەبێ لە لاوەوە دەست پێبکات.

**ڕامان:** پێتان وایە زمانی کوردی بەپێی پێویست خزمەت کرابێ، ئەگەر نەکراوە چی بکرێ باشە؟

**کامیل ژیر:** زمانی کوردی زۆر خزمەت کراوە. ئێستاکە من وەکو پارێزەرێک لە دادگادا هەندێ بڕیار و لەوائیحی قانوونی هەیە کە وەختی خۆی بە کوردی نووسراون، بەڵام کە دەیخوێنیتەوە سەیر دەکەی یەکپارچە عەرەبییە و تەنیا بە ئیملایەکی کوردی نووسراون، کەچی ئێستا دەبینی بەکوردییەکی پاراو دەنووسرێن و زمانەکە تاڕادەیەک لە وشەی بێگانە پاک بووەتەوە و دەبینی لە دروست کردنی وشە و زاراوەدا داهێنان هەیە و هەوڵێکی زۆر هەیە و ئێمە وامان کرد کە دادگاکان بکرێن بە کوردی. لەبەرهەمەکانمدا بەتایبەتی لە کتێبی (افکار)دا چەند وتارێکم نووسیوە کە پێویستە زمانی دەزگەکان بەخێراترین کات بکرێن بەکوردی. تاڕادەیەک ئەو ئاواتەی من هاتە دی و ئێستا زۆر لە نووسین و نووسراوی ئەو دەزگا و دادگایانە کراونەتە کوردی، ئەوانە هەموویان خزمەتن بەزمان. ئەوە جگە لەوەی ئێمە هەر لە پەنجاکانەوە کۆمەڵێک نووسەر بووین بایەخمان بە وشەی کوردی دەدا، ئەگەر لە شێوەزارەکانیشدا نەبێ، با ئێمە دروستی بکەین، یان سوود لە وشەیەکی دیکە وەربگرین، هەرچۆنێ بێ توانیمان سەرکەوین و ئێستا زمانەکە باش پێشکەوتووە، بەڵام هێشتا ئەوە نییە، چونکە زۆرمان ماوە. بەر لە هەموو شتێک پێویستمان بەزمانی یەکگرتووی کوردی هەیە کە هەموو زاراوەکان کۆ بکەینەوە تا ببێتە زمانێکی ئەدەبی. کاتی خۆی لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا هاتن نووسینەکانی شکسپیریان کرد بە بنچینە بۆ ئەوەی زمانی ئینگلیزی بکرێتە زمانێکی ئەدەبی بۆ ئەو وڵاتە. هەروەها لەناو عەرەبدا زاراوەی قورەیش و زمانی قورئانیان بۆ زمانی عەرەبی هەڵبژارد، کوردیش پێویستی بەشتێکی وەها هەیە. لەڕاستیدا ئەوە هێشتا بۆ ئەوە دەست نادات، چونکە دەبینین دوژمنەکانی کورد بەشوێن ئەوەدا دەگەڕێن کێشەی بادینانی و سۆرانی و هەورامی و ئەمانە زیندوو بکەنەوە، لەبەر ئەوە ئەو ئاراستەیەی ئێستا خراپ نییە.

تۆ دەبینی لە تەلەفیزیۆنەکاندا کە دەنگ و باس بڵاودەکرێتەوە هەندێکی بەسۆرانییە و هەندێکی بە بادینانی دەخوێنرێنەوە، ئەمە باشە و کارێکی وای کردووە ئێستە خەڵکێکی زۆر لەناوچەی سۆران لە بادینانییەکە تێ دەگەن و خەڵکێکی زۆریش لە بادینان، لە سۆرانییەکە تێدەگەن.

ئەمڕۆکە دەبینم زۆر لە زاراوەکانی دیکە وەکو ئێمە قسە دەکەن و دەنووسن، ئەوانە هەموویان خزمەتن و وا دەزانم ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەوەی بڵێم زمانەکەمان پێشکەوتووە، بەڵام ئومێدم وایە پتر پێشکەوێ، بە تایبەتی کۆڕی زانیاری کوردستان ئێستا لە هەولێرە، ئەوانیش گۆڤاریان هەیە. هەرچەندە لە ئاستی پێویستدا نییە، بەڵام ئەویش هەر لایەنێکە و دەتوانێ کاری باش بکات.

**ڕامان:** وەک بەدی دەکرێ زۆرجار وابەستەییەک لە ڕۆشنبیری کوردیدا هەیە، بەتایبەتی بۆ نەتەوەی سەردەست، لێرە ڕۆشنبیری عەرەبی، لە ڕۆژهەڵات فارسی و لە باکوور تورکی، بۆ ئەوە هیچ قسەیەکت هەیە، بەتایبەتی بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین لەو وابەستەییە دەربچین، چی بکەین و چ ڕێگاو شوێنێک بگرینەبەر باشە؟

**کامیل ژیر:** ئەوە یەکێک لەو کێشە گەورانەیە کە ئێمەی نەتەوەیی جاران وەک (کاژیک) و ماوەیەک وەکو (پاسۆک) و ئێستاش وەکو (کۆنگرەی نیشتمانی) بەردەوام لەو دەرگایەمان داوە کەوا بە زووترین کات سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان دروست ببێ، ئەوەش بەو گرانییە نییە وەک هەندێ لایەن لێکی دەدەنەوە و کردوویانەتە شێر و دەڵێن واقیع لەبار نییە. واقیع چییە؟ واقیع مرۆڤ دروستی دەکات، واقیع ئەگەر هەشبێ هەر مرۆڤ دەیڕووخێنێ و دەیگۆڕێ بەواقیعێکی دیکە. ئێمە دەتوانین ئەو بەستەڵەکەی هەیە بیشکێنین. ڕۆژانە دەبینین چەندین نەتەوە کە دابەش بوون ئەمڕۆ یەکیان گرتووەتەوە و بوونەتە وڵاتی سەربەخۆ. یەکێک لەو خراپیانەی پارچە پارچە بوونی کوردستان و ژێر دەستەییەی کوردستان و لکاندنی پارچەکانی کوردستانە هەریەکی بە نەتەوەیەکی وەکو عەرەب و فارس و تورکەوە، ئەمە وای کردووە وەک بەرێزتان دەڵێن ڕۆشنبیرییەکە شێواوە و کورد نەژادی خۆی ون کردووە و ڕۆژهەڵات وەکو فارس بیر دەکاتەوە و

ئێمەش وەکو عەرەب و باکوور وەکو تورک، ئەمە ڕاستییەکە کە بە پرسگەلی سیاسییەوە بەستراوەتەوە. سەربەخۆییەکە، یان ئەو ئاراستەیەی کە وابکات پارچەکانی دیکەی کوردستان لەیەک نزیک بخاتەوە. قسەیەک هەیە کەوتووەتە ئەو ناوە و دەڵێن با هەر پارچەیەک بەشێوازی خۆی خەبات بکات و هەر پارچەیەک هەوڵ بدات لەو وڵاتەی تێیدایە وەک تورکیا و ئێران و سوریا و عیراق خۆی بۆ خۆی ئۆتۆنومی، یان شتێک بۆ خۆی بکات، ئەگەر بێتو ئەوە بچەسپێ و بمێنێتەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. ئەو دید و بۆچوونەی بەڕێزتان باستان کرد خراپتر دەبێ و ئەوسا ڕۆشنبیری کوردی بە ڕۆشنبیری عەرەبی و تورکی و فارسی پەیوەست دەبێ. سوود وەرگرتن شتێکی باشە، بەڵام تۆ بێنی کورد بە پاشکۆیەتی ون بکەی ئەوە کارێکی زۆر خراپە، بەڵام خۆ سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان بە پەلە دروست نابێ، لەبەر ئەوە هۆکاری دیکە هەیە بۆ ئەوەی لەیەکتر نزیکیان بخەینەوە لەو هۆکارانەش بانگهێشتی کوردی پارچەکانی ترە، هەرچەندە من دەبینم لە هەولێر ئەو هەوڵانە جارجار دەدرێن، کوردی پارچەکانی دیکە بۆ فستیڤاڵ و سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی بانگ دەکرێن، بەڵام دەبێ پتر بێ لەوەی ئێستاکە هەیە، هەروەها ئەو بابەتە ئەدەبییانەی کە لە باشووری کوردستان چاپ دەکرێن و پارەیان بۆ خەرج دەکرێ بگەنە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەناویاندا بەخۆڕایی بڵاوبکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش ئاگاداری ئێمە بن. ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوەی کە لەباشووری کوردستاندا هەیە تروسکەیەکە ئەوان لێی بێ بەشن، با ئەوان سوود لەو تاقیکردنەوەیە وەرگرن، نەک هەر سوود لە لایەنە سیاسییەکە، بەڵکو لایەنە ئەدەبییەکەش وەرگرن و وابکرێ زوو زوو ئەو خەڵکانە بێن ئێرە. بەڕای من ئەگەر لە بودجەی ئەم کوردستانە پارەیەک بۆ ئەوە تەرخان بکرێ و ڕۆشنبیرەکانی کوردستان بانگ بکرێن و قوتابی زۆر لە کۆلێژەکانی باشوور وەربگیرێن و بە ڕۆشنبیری ئێرە پرچەک بن و پێکەوە کار بکەن و وردە وردە کوردەکە یەک بگرێتەوە، ئەوسا لەو کولتووری سەپێنراوانە ڕزگارمان دەبێ.

**ڕامان:** بارودۆخی ڕۆشنبیری کوردی ئەمڕۆ چۆن دەبینن؟ بەڕای ئێوە ئێستا چۆنە؟ هەندێک دەڵێن پاشاگەردانییە، هەندێک دەڵێن بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، هەندێک دەڵێن پێوەر نەماوە. هەر کەس شتێک دەڵێ، بەڵام حەزدەکەم بۆچوونی تۆش بزانم؟

**کامیل ژیر:** دەبێ مرۆڤ بەویژدانەوە قسە بکات، بارودۆخی ڕۆشنبیری لە چاو جاراندا زۆر پێشکەوتووە، ئەوە بەرهەمێکی زۆری نووسەران چاپ دەکرێن و گۆڤار و ڕۆژنامەی زۆر هەیە. ئەو هەموو کەناڵە تەلەفیزیۆنییە هەیە، ئەمانە هەمووی وای کردووە بارودۆخی ڕۆشنبیریمان لەچاو جاران چەندین هەنگاو لەپێشەوەبێ، بەڵام ئەوەش وەنەبێ لە ڕەخنە، یان لەکەموکوڕی خاڵی بێ، یەکێک لەو شتانەی کە زیانی بەو لایەنە گەیاندووە بەڕای من ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەیەیە کە دەردەکرێن و تارادەیەک زیان بەباری ڕۆشنبیریمان دەگەیەنێت، چونکە ئەمە کارێکی وای کردووە، چاک و خراپ تێکەڵ بن. هەر بۆ ئەوەی کابرا ڕۆژنامەکەی خۆی پڕ بکاتەوە هەرچی خراپ بێ، چاک بێ تێی دەئاخنێ و تێیدا دەنووسێتەوە. خوێنەری کوردیش ناتوانێت ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامانە بخوێنێتەوە. لەبەر ئەوە سەیر دەکەی وەکو خراپەکە ناخوێنێتەوە، چاکەکەشی پێ ناخوێنرێتەوە، ئەوە وادەکات بزاڤە ڕۆشنبیرییەکەت تووشی نسکۆ بێ. جاران کە گۆڤاری گەلاوێژ دەردەچوو دەخوێنرایەوە، ئەوە جگە لەوەی هەرچی ڕۆشنبیری کورد هەیە گۆڤاری گەلاوێژی دەخوێندەوە، یان کە هیوا، یان ڕۆژی نوێ دەردەچوو دەیخوێندنەوە، دەبێ ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەی هەن ژمارەیان کەم بکرێنەوە. گرفتەکە لەوە دایە حزبایەتیشی تێکەڵ بووە، من زوو زوو باسی حزبایەتی دەکەم، حزبایەتی شتێکی خراپە، بەڵام تووشی بووین و دەبێ لانی کەم ڕۆشنبیرییەکەی لێ دەرباز بکەین، لایەنی زمانەوانییەکەی لێ دەرباز بکەین، بۆ ئەوەی باری ڕۆشنبیریمان پتر گەشە بستێنێ.

**ڕامان:** ئێوە ساڵانێکە خەریکی کاری ڕۆشنبیرین، ئەو سەردەمانە ڕەنگە دیاردەی واهەبووبێ کە جێی دڵخۆشی ئێوە بووبێ و هەندێک دیاردە ناهەمواریش هەبووبێ، ئەگەر بەراوردێکی لەگەڵ ژیانی ڕۆشنبیری ئەمڕۆدا، یان ئەو دیاردە سلبیانەی ئەمڕۆ لەگەڵ لایەنە ئیجابییەکانی دوێنێ بەراورد بکەی، ئێوە چی دەست نیشان دەکەن؟

**کامیل ژیر:** ئەم بەراورد کردنە تۆزێک گران و زەحمەتە. بۆ؟ چونکە ئێمە ئەو سەردەمانەی لاوێتیمان، یان پێش ڕاپەڕین کە ئەوە وەرچەرخانێکە لە مێژووی

کورددا، ئەوانیش پێش ڕاپەڕین جیاوازە، لەبارودۆخێکدا بووین، ژێردەستەی عەرەب بووین، ژێر دەستەی حکومەتی بەغدا بووین، ئەوکاتە سەرەڕای ئەوە هەر هەوڵمان دەدا و شتمان دەنووسی و بڵاودەکردەوە و شتەکانیشمان ئەگەرچی بەرەمزەوە بوو و هەندێک جاریش ڕاستەوخۆ دەرمان دەبڕین، بەڵام ئەمە کاریگەرییەکی باشی هەبوو و ئازایەتیشی تێدا دەنوێنرا و چەندین کەس لەو پێناوەدا تێدا چوون وەکو دڵشاد مەریوانی و شاکر فەتاح، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەر کۆڵمان نەداو هەر بەردەوام بووین. لەبەر ئەوە بەراوردەکە زەحمەتە، چونکە ئەوکاتە بارە سیاسییەکە جۆرێکی دیکە بوو، لە دوای ڕاپەڕینەوە بارە سیاسییەکە جۆرێکی دیکەیە. واتە ئەگەر بەراوردیشی بکەین بەو وەزعەشەوە و بەو پاڵەپەستۆیەشەوە کە لەلایەن ڕژێمی بەغداوە لەسەرمان بوو، ئێمە چالاکییە ئەدەبییەکانمان لەهی ئێستا باشتر بوون. ئێستا زۆری خەڵکەکە خەیاڵی داوەتە مادە و دەسکەوت و ئەرز وەگرتن و دزین و ئەمانە باڵی بەسەر بارە ڕۆشنبیرییەکەدا کێشاوە. مەسەلەی گەندەڵی زۆر گرنگە، ئەمڕۆکە دەبێ دەسەڵاتدارانی کورد بەزووترین کات هەوڵ بدەن نەیهێڵن. تۆ بەراوردی ئەوە بکەی لە زەمانی حکوومەتی بەعسەوە هاتووینەتە سەر ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ هەیە دەبوایە ئێستا بارە ڕۆشنبیرییەکە سەد جار پێشکەوتووتر بوایە، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو پێشکەوتنە بەرچاوە بەدی ناکرێ.

**ڕامان:** با بێینەوە سەر هۆنراوەکانت، یەکێک لەو هۆنراوانەت کە ناوبانگی هەیە و باس دەکرێ (خاڵۆ خاڵۆ)یەکە شیعرێکی مەولەوییە، وابزانم تۆ چەند بەیتێکت بۆ زیاد کردووە و ئاوازی بۆ دانراوە و لەلایەن هونەرمەندی گەورە عەلی مەردانەوە گوتراوە. حەز دەکەم باسی ئەو شیعرەمان بۆ بکەی.

**کامیل ژیر:** ئەو هۆنراوەیە کورتە چیرۆکێکیشی لەسەرە. لە ساڵی ۱۹٦۰دا بوو، نەجمەدین مەلا کە نووسەرێکی کورد بوو، ئەو چوارینە یان ئەو چوار دێرە هۆنراوەیەی مەولەوی دۆزیبووەوە و لە ڕۆژنامەی ژین-دا بڵاوی کردبووەوە و گوتبووی جێی داخە کە من لەو هۆنراوەیە هەر ئەوەندەم دەسکەوتووە، ئیتر نازانم هەر ئەوەندەی گوتووە، یان هەر ئەوەندەی لێ ماوە، بەڵام خۆزگە هەستیارێکی ئەم سەردەمە هەڵکەوتایە و ئەم هۆنراوەیەی تەواو بکردبایە. من کە ئەوەم خوێندەوە، قسەکانی نەجمەدین مەلا کاری تێکردم و ئەوەم بەخەیاڵدا هات تەواوی بکەم. ئەوە بوو هۆنراوەکەم تەواو کرد و نووسیمەوە و بۆ ڕۆژنامەی ژین-م نارد و بڵاوکرایەوە، کە بڵاوکرایەوە نەجمەدین مەلا خوێندبوویەوە، ئەوسا نەجمەدین مەلا لە شەقامی سابوونکەران شتێکی هەبوو، ناوی نابوو کەشتی نووح کە لەو سەری شەقامی سابوونکەران بوو، کاتێ ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە یەکسەر وەکو شێتی لێدێ و لەبارەگاکەی خۆیەوە بەرەو بەردەرکی سەرا دەڕوا و غار دەدا و دەڵێ مەولەوی زیندوو بووەتەوە، پیرەمێرد زیندوو بووەتەوە. خەڵکەکە لێی کۆدەبنەوە و دەڵێن مامۆستا تێکچووە. مەولەوی چۆن زیندوو دەبێتەوە، پیرەمێرد چۆن زیندوو دەبێتەوە.. ئەو قسەیە چییە؟ خەڵکێکی زۆر لەخۆی کۆدەکاتەوە. دەڵێن مامۆستا تۆ باسی چی دەکەیت؟ دەڵێ کاکە خۆ من لەخۆمەوە وانالێم فەرموون ئەوەتا ئێستا شاعیرێکی ئەوڕۆمان ئەو هۆنراوەیەی مەولەوی تەواوکردووە کە لەئاستدا لەگەڵ ئەوەی مەولەوی هیچ جیاوازییەکی نییە. کە بۆیان دەخوێنێتەوە، خەڵکەکە چەپڵە لێدەدەن. لەمێژووی ڕۆژنامەگەریدا کەم ڕێککەوتووە بەرهەمێک زیاد لە جارێ لە هەمان سەرچاوەدا بڵاوبکرێتەوە. ئەو هۆنراوەیەی (خاڵۆ خاڵۆ)یە بێجگە لە جاری یەکەم، دووجاری دیکەش لەسەرداخوازی خوێنەران هەر لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە. جا نازانم پێویست دەکات هۆنراوەکەتان بۆ بخوێنمەوە، یان نا.

**ڕامان:** ئەگەر کۆپلەیەکی بخوێنیتەوە باش دەبێ؟

**کامیل ژیر:** مەولەوی گەشتێک دەکات لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لە گوندێک کانی و ئاوێکی لێ دەبێ، دەبینێ کچێکی جوان لەسەر کانییەکە خەریکی ئیشکردنە، مەولەوی دەبینێ بەو شکڵە و هیلاک و ماندووە پێی دەڵێ (خاڵۆ ماندوونەبی، خاڵۆ بەخێرهاتی- خاڵۆ تینووت نییە) کچەکە دۆی پێدەبێ، جامێک دۆی بۆ ئامادە دەکات و دەڵێ فەرموو خاڵۆ بیخۆرەوە.

مەولەوی بە وشەی خاڵۆی ئەو کچە جوانە زۆر دڵگران دەبێ، ئەگەرچی پێشوازییەکەشی زۆر پێخۆشە، بەڵام وشەی خاڵۆکە وەکو بزمارێک وایە کە کرابێ بەدڵیدا، چونکە خاڵۆ لەنێو کوردەواریدا مانای پیری دەگەیەنێ، ئەویش هەمیشە خۆی بەلاو زانیوە، لەبەر ئەوە بەم

هۆنراوەیە وەڵامی کچەکە دەداتەوە.

**«خاڵۆ خاڵۆتە بەس بڵێ خاڵۆ**
**خاڵۆ دەم بەبان خاڵانتا ماڵۆ**
**شەرت بێ لە داخی خاڵەخاڵی تۆ**
**خۆم بکەم بەکوڕ چواردە ساڵ لەنۆ»**

مەولەوی هۆنراوەکەی بە هەورامی گوتووە.

**«خاڵۆ خاڵۆتەن بەس واچە خاڵۆ**
**خاڵۆ دەم وەبان خاڵانتا ماڵۆ**
**شەرت بۆ جەداخی خاڵە خاڵی تۆ**
**وێم کەم وە کوڕ چواردە ساڵ لەنۆ»**

ئەو بە هەورامی گوتوویەتی من کردمەوە شێوەزاری سۆرانی. ئەو هەر ئەوەندەی گوتووە. لەسەر داخوازی نەجمەدین مەلا و کاریگەری هۆنراوەکەی مەولەوی کە زۆر بەرزە من هاتم بەم جۆرە بۆم تەواو کرد.

**«مەمکە بەخاڵۆی خاوەن خاڵان**
**دێم زێڕێکە نایدەم بەتاڵان**
**نەمداوە بە کەس هێشتا ساوایە**
**تازە خاڵێکی خاڵی تۆی تیایە**
**پێم ئەڵێی خاڵۆ گوایە من پیرم**
**ژاراوی نەشتەر ئەیەی لەبیرم**
**من نە خاڵۆم نە خاڵۆ منم**
**دێوانەی خاڵ و گۆناو گەردنم**
**بەڵێ خاڵۆ نیم هێشتا مناڵم**
**شۆڕەسوارێکم ڕاوکەری خاڵم**
**هاکا خاڵەکەت کەوتە بەرتیرم**
**بەدەستڕێژی ماچ بوویتە نێچیرم**
**بەڵێن بێ تۆڵەی خاڵە خاڵەکەت**
**لەبانی خاڵی کوڵمە ئاڵەکەت**
**بسێنم بە لێو بەمژینی خاڵ**
**من وایدەسێنم تۆڵەی وشەی تاڵ**
**پێم ئەڵێی خاڵۆ بەخاڵ دەمکوژی**
**مەرج ئەگەر هاتوو خاڵانم مژی**
**تاوەکو کۆرپەی مەمک لەناودەم**
**چاو نەچێتە خەو لەمژکۆڵ نەدەم**
**ئاوێنەی دڵم خاڵی تۆی تیا بێ**
**شالاوی پیری با بەڕووما بێ**
**من هەر مناڵم گڕوگاڵ دەکەم**
**داوای مژینی گۆناو خاڵ دەکەم**
**نەکەی گیانەکەم پێم بڵێی خاڵۆ**
**خاڵۆ وا ئیتر بۆ خاڵانی تۆ**
**بوو بە غوڵامی بێ خاڵ سەرگەردان**
**ئامانەتی تۆ و خاڵۆی پەرێشان»**

ئەمە چیرۆکی ئەو هۆنراوەیە بوو کە بۆم باس کردن، ئینجا بەدوای ئەوەدا برامان خوالێخۆشبوو (لەتیف قەرەداخی) کە بەناوی (ب. هەندرین)وە کتێبێکی بڵاوکردەوە (کامیل ژیر و هۆنراوەی نەتەوەیی و هەڵوێست و ڕەخنە) زۆر تەرکیزی کردووەتە سەر ئەو هۆنراوەیە کە بەناحەق و بەناڕەوا گوتبوویان ئەوە هی پیرەمێردە و هی فلان و فیسار کەسە، ئەو بە درێژی مەسەلەکەی ڕۆشن کردەوە کە ڕاستی مەسەلەکە بەو جۆرەیە.

**ڕامان:** ئەی جوانترین شیعری خۆت ئەگەر بۆمان دەستنیشان بکەی؟

**کامیل ژیر:** باوەڕ بکە ئەوە پرسیارێکە من ناتوانم وەڵامی بدەمەوە.

**ڕامان:** جوانترین شیعر، یان شاکاری ئەدیبێکی کورد کە بەردەوام لەبەر چاو و زەینت بێ چییە؟

**کامیل ژیر:** تاقە هۆنراوەیەک کە من بەجوانترین شیعری بزانم و لە هەموو هۆنراوەکانی تر بەرچاوتر بێ ئەوە بڕیارێکی گرانە و ناکرێ، بەڵام هۆنراوەی ژمارەیەک هەستیار هەیە کە کاری تێکردووم و بەلامەوە بەرزن و هەمیشە دەیانخوێنمەوە، لەوانە هۆنراوەکانی (مەولەوی، مەحوی، نالی) جارجاریش دەگەڕێمەوە سەریان و دەیانخوێنمەوە، بەڵام هێندێک هۆنراوەی دیکە هەن و هەر لەمنداڵییەوە خۆشم ویستوون لەوانە هەندێک هۆنراوەی (فایق بێکەس)، هۆنراوەکانی (گۆران) بەگشتی، ئەگەرچی لە هۆنراوە سیاسییەکاندا سەرنەکەوتووە و ئەو ڕابەرایەتییەی خۆی دۆڕاندووە. لە هەمووشیان پتر دەتوانم بڵێم هۆنراوەکانی (هەردی) زۆر کاریان تێکردووم و لەئاستێکی زۆر بەرزدان. یەکێک لەو هۆنراوانە کە کاتی خۆی (فایق بێکەس) گوتوویەتی و من منداڵ بووم لە بیرمە، لە پۆلی دووی سەرەتاییدا بووم کە ئەو هۆنراوەیەم لەبەرکرد ئەویش ئەوەیە:

**«مامە سۆفی وای تەمایە هەر بە ڕیشی پانەوە**
**قەسری بۆ حازر کرابێ پڕ بە حۆری جوانەوە**
**ئەو دەڵێ جەنەت بە ڕیشە چی بەسەر عیرفانەوە**
**سەد سەلاحەددین و دارا قیمەتی یەک عانەیە**
**گەر بە هەشت هەربێتە جێی شێت و جاهیل و کەران**

**دۆزەخیش مەخسوسی زانایان و فامیدەی جیهان**
**خوایە بم خەیتە جەهەندەم نەچمە ڕیزی وەحشییان**
**جەنەتی چی بێت و وابێ عەینی تیمارخانەیە**
ئینجا دەڵێ:
**«چاوەکەم بەخوا خەیاڵتان خاوە چاکی تێبگەن**
**خوا یەکێکی خۆش دەوێ دانابێ خاوەن عیلم و فەن**
**کەڵکی بۆخۆی و بۆ بەشەر بێ خادمی ڕاستی وەتەن**
**های و هووی بێ سەمەر هەر کردەوەی شێتانەیە»**

ئەمـە هۆنراوەیەکـە کـە لە پۆلی دووی سـەرەتاییـەوە لەبەرم کـردووە و تائێسـتـاش هەر لەبەرمـە. هۆنراوەکـە بەڕاسـتی هەروەکـو واتا و هەم وەکـو داڕشتن بەشـتـێکی چاکی دەزانم، ئیـتـر هۆنراوەکـانی هەردی و گـۆران و بەگشتی هۆنراوەی باشمان زۆرە، ناشکرێ تۆ بڵێی ئەمە لە هەموویان باشترە.

**ڕامـان:** بێـجگە لەوەی پتـر مـەیلت بەلای نووسـینی سـیـاسـییـەوەیە، شـیـعـرەکـانیـشت زۆریان ناوەڕۆک و ناواخنی سـیـاسـیـیـان هەیە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا تۆ لایەنی ئافرەت و جـوانی و خۆشـەویسـتـیت فـەرامـۆش نەکردووە، کـە ئەوەش پانتـاییـەکی پان و بەرینی لەنێـو شیعرەکانتان داگیرکردووە، بەتایبەتیش دیوانێکت هەیە بەناوی (جـوانی) حەزدەکـەین بزانین تۆ لەمبـارەیەوە چی دەڵێیت؟

**کامیل ژیر:** جوانی بەشێکە لەژیان و ئافرەتیش نیـوەی ژیانە، نیوەی کەون و مرۆڤایەتییە و مرۆڤ بەبێ جوانی و جـوانی پەرستن، دەتوانم بڵـێم لەگـەڵ ئاژەڵدا جیـاوازی نابێ، لەبەر ئەوە هەر هۆنراوەیەک کە بۆ جوانی بگوترێ ئەوە گـوزارشت لە ڕاسـتی مـرۆڤ دەکـات. ئەمـە مـەسـەلەیەکـە من هەر لە کـۆنەوە باوەڕم پێی هەبووە و باوەڕم بەوە هەبووە کـە ئافـرەت نیـوەی ئەو کـۆمـەڵەیە و ئافرەت دەبێ هەمـوو مـافـێکی هەبێ و ئافرەتیش ئەو جوانییـەی کـە پەروەردگـار پێی بەخـشـیـوە دەبێ نرخی بزانێ، لەبەر ئەوە تۆ ئەگەر سەرنج بدەیتە ئەو هۆنراوانەی من لە دیوانی (جوانی)دا بێ پەردە دەرم بڕیون، لەهەندێ شـوێندا ئافـرەتم وەکـو گـیـانلەبەرێکی ڕووت بەبێ هیچ جلوبەرگێک وەسف کردووە. وەسفی هەموو شوێنەکانیم کردووە لە تەوقی سەرییەوە تا پەنجەکانی پێی، بۆ هەر ئەندامـێکی لەشی هۆنراوەیەکم گـوتووە. یەکـێک لەو مەبەستانەی کە لە تاقە بەیتێکی هۆنراوەدا دەرم بڕیوە، دەڵێم:

**(لەجوانیدا جوانی ئافرەت هەندە مەودای فراوانە**
**ئەگەر ژیر بێ هەموو جوانن هەر ئافرەتەی جۆرێ جوانە)**

بەڕای من ئافـرەتی ناشـیـرین لەدنیـادا نیـیـە، هەر ئافرەتەی بەجۆرێک جوانە، بەڵام هاتم بۆ ئەوە مەرجێکم دانا کـە ئەویش مـەرجی ژیرێتـیـیـە. بەڕای من ئەگـەر ئافرەت ناشیرینیش بێ، بەڵام ئەگەر ژیر بێ ئەوە دەتوانێ خۆی جـوان بکات، چونکە مـەرج نییـە هەر دەمـوچاوی جـوان بێ، ئافـرەت هەیە دەمـوچاوی جـوانە، هەیە لەشی جوانە، هەیە مـەمکی جوانە، هەیە قـاچی جـوانە. هەیە هەڵسوکەوتی جوانە. هەیە جوان نییە، بەڵام جوان پۆشە. لەبەر ئەوە ئەگـەر ئافـرەت ژیر بێ، ئەگـەر ناحـەزیش بێ بەعـەقڵـەکـەی خۆی، خۆی جـوان دەکـات. بەپێـچەوانەوە ئافـرەتی وا هەیە وەکـو ئەندام زۆر جـوانە، بەڵام چونکە عـەقڵـەکەی لەگەڵدا نییە، سەیر دەکەی هەمیشـە لەلای خەڵکی بێزراوە و وەکو کائینێکی ناشیرین سەیر دەکرێ، لەبەر ئەوە ئافـــرەت لەلای من پانتـــاییـــەکی زۆری گرتووەتەوە و زۆر هۆنراوەم بۆ گوتووە، بێجگە لە دیوانی جوانی کە لە ساڵی ١٩٨٣دا چاپم کردووە. دوای ئەوەش چەندین هۆنراوەی دیکەم هەیە کـە لەسـەر ئافـرەتن و گـرنگیـیـان بە هزر و جـوانی ئافـرەت داوە، من ئەوە بە پێویستی مرۆڤایەتی و مێژوویی دەزانم، بەبێ ئەوەی سڵ لە ڕەخنەی هیچ لایەنێک بکەمەوە.

**ڕامـان:** بۆ ڕیتـمی شـیـعـر چۆن دەڕوانی؟ لە ڕیتـمی شیعری خۆت ڕازیت؟

**کـامـیل ژیر:** ناتوانم بڵـێم ئا، یان نا، بەڵام لە خـەڵکم بیستووە گوتوویانە ئێمە ئیلقاکەی تۆمان پێ خۆشە. ئەو ئیـــقـــایەش وەنەبێ لە خـــۆمـــەوە بێ، من ســاڵـێک لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە بەغدا، لە بەشی نواندن و دەرهێنان خوێندم، لەو سـاڵەشدا ئەو دەرسانەی پێـیـان گـوتم، یەکـێکیـان هونەری ڕێتم و هونەری دەربڕین بوو. لەوە سـوودم وەرگـرتووە، کـاتێ کـە لە تەلەفـیزیۆندا، یان لەســەر شــانۆ هۆنراوەیەک دەخــوێنمـەوە بەو ســادە و ساکارییە نایخوێنمەوە کە خەڵکی دیکە دەیخوێنێتەوە، بەڵکو لەسەر بنچینەی ڕێنماییەکانی هونەرە جوانەکان و هەروەها خـۆشم زوو لە قـوتابخـانەی ناوەندیدا چەند جـار دەورم لە نـواندندا بینیــوە، ســوودم لـەوەش وەرگــرتووە. لەبەر ئەوە کـاتێک هۆنراوە دەخـوێنمەوە، بە ئیلقـایەکی هونەرییەوە دەیخوێنمەوە. من خـۆم نـاتوانم بڵـێم باشـە، یان خراپە، بەڵام خەڵک پێیان باشە.

**ڕامان:** ئەو شـانۆنامـانەی نووسـیـوتن، خـۆشت دەورت

تێیاندا دیوە، یان دەرت هێنابن کامانەن؟

**کامیل ژیر:** ئەوانەی کە خۆم نووسیومن، خۆم دەورم تێدا نەبینیون، بەڵام لەشانۆنامەی دیکەدا دەورم بینیوە.

**رامان:** وەکو؟

**کامیل ژیر:** شانۆنامەی عوتەیل لە ئۆتێلۆ.

**رامان:** ساڵی چەند؟

**کامیل ژیر:** ساڵی ١٩٥٥، یان ١٩٥٦بوو. من دەوری یاگۆم تێدا بینی کە دەوری یاگۆ دەورێکی سەرەکییە. لە تەمسیلێکی کۆمیدی تردا بەناوی (عەلی ورگەی نەخۆش) کۆمەڵێک هونەرمەند بووین بە ئیرتجالی شانۆکەمان دروست کرد. ئەوکاتە واباو بوو لەگەڵ هەر شانۆنامەیەکی گەورە شانۆنامەیەکی کۆمیدی پێشکەش دەکرا. ئێمەش لەگەڵ شانۆنامەی عوتەیل ئەو شانۆیەمان بەرێوەبرد و خەڵک پێیان خۆش بوو، لەوەشدا من دەوری سەرەکیم بینی کە دەوری عەلی ورگەی نەخۆش بوو. هەروەها لە نواندنی دیکەشدا بەشداربوومە، ماوەیەکیش لە بەغدا کۆمەڵەیەکمان بەناوی کۆمەڵەی (ئاوازی کوردی) دروست کرد کە کۆمەڵەیەکی هونەری بوو، لەو کۆمەڵەیەشدا کە شەماڵ سائیب و دکتۆر محەمەد نووری عارف و ئەحمەد دەنگ گەورەمان لەگەڵدا بوو، لەوێشدا من چەند شانۆنامەیەکی (یووسف عانی)م وەرگێڕا و خستمانە سەرشانۆ و دەورم لە هەندێکیاندا بینی.

**رامان:** لەژیانی ئەدەبی خۆتدا کۆمەڵێک نووسەر و شاعیری بەناوبانگت لەنزیکەوە ناسیوە، یان هاورێت بوون، حەزدەکەم ئەو ناوە دیارانەی لەنزیکەوە ناسیوتن و یادەوەریت لەگەڵیاندا هەیە لە هەندێک لەو یادەوەرییانەی کە لەبیرت ماون، ئەوانەمان بۆ باس بکەی؟

**کامیل ژیر:** پێشتر وەکو شاعیرێکی عەرەب باسی جەواهیریم کرد، لەکوردەکانیش لەگەڵ (گۆران) برادەرایەتیمان بەهێز بوو و ئەو زۆریشی هاندام، کە هۆنراوەم برد بۆ ڕۆژنامەی (ژین) گۆران ئەو وەختە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بوو، بابەتەکەی خوێندەوە و ڕێزێکی زۆری لێ گرتم و دایینیشاندم و بانگی کرد چا هات و گوتی من زۆر ئومێدم پێتە و ئەوە چەندەمین هۆنراوەتە؟ گوتم ئەوە یەکەمین هۆنراوەمە. گوتی زۆر باشە کەم کەس هەیە لەیەکەمین هۆنراوەدا بتوانێ ئاوها بوونی خۆی بسەلمێنێ.

ئەو هانی دام و لەوەوە بووین بە برادەر و گەلێ جار بەیەکەوە دادەنیشتین و وتوویژی ئەدەبیمان دەکرد. بێجگە لەو، مامۆستا و برای گەورەم ئەحمەد هەردی خوا لێی خۆش بێ، ئەو یەکجار یادەوەریم لەگەڵیدا زۆرە، چونکە هەردووکمان پێکەوە لەگەڵ چەند هاوبیرێکی دیکە کاژیکمان دروست کرد و پێکەوە سەرکردایەتی کاژیکمان دەکرد، لەبەر ئەوە هەمیشە لەگەڵ (هەردی)دا چ لە سلێمانی و چ ماوەیەکیش کە لەودیو بووین لە شاری شنۆ و نەغەدە، ئەو کاتە ماڵیشمان بە یەکەوە بوو و لە یەک خانوودا دەژیاین. هەمیشە شەوان پێکەوە دادەنیشتین و وتوویژی ئەدەبیمان دەکرد و باسی ئەدەبی هەموو دنیامان دەکرد. لەم ڕووەوە یادەوەرییەکی زۆرم لەگەڵیدا هەیە، هەروەها لەگەڵ ئەوانیشدا کۆمەڵێک خەڵکی دیکەی وەک (مستەفا ساڵح کەریم) و (دکتۆر فوئاد حەمە خورشید) لەودیو لەناوچەی نەغەدە بەیەکەوە بووین و جارێک سەردانی ماڵی (حەمەی ماملێ)شمان کرد و لەگەڵ حەمەی ماملێ-شدا یادەوەریم هەیە و ئەو هۆنراوەیەی من کە خاڵۆخاڵۆکەی تۆ باست کرد ئەو یەکەم جار ئاوازی بۆ داناو ئێستە لەسەر کاسێت بەدەنگی حەمەی ماملێ هەیە و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گوێگرەکانی هەیە، لەگەڵ ئەویشدا من برێک یادەوەریم هەیە. بەگشتی لەگەڵ گەلێ نووسەر و ئەدیبیدا برادەرایەتیم هەبووە کە لە ژمارە نایەن. یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆڕە ئەدەبییەکان و سەیرانەکان و ئەوانە زۆرن کە باوەڕ ناکەم دەرفەتی ئەوەمان هەبێ باسی هەموویان بکەم.

**رامان:** لەسەرەتای گفتوگۆیەکەمان باسی (بەشیر موشیر)ت کرد، حەز دەکەم بۆ کۆتایی دوو قسەش لە بارەی ئەوەوە بکەی؟

**کامیل ژیر:** لە ڕاستیدا بەشیر موشیر پیاوێکی زۆر پاک بوو، پیاوێکی زۆر کورد و دڵسۆز بوو، بەڵام من لە نووسینێکدا نووسیومە بەشیر موشیر ئەو کەسەیە کە لە ژیانیدا درۆی نەکردووە و هەرگیز قسەی ڕاستیشی نەبووە، بەڵام ئەمە بە ڕاستی لەو کابرایەدا کۆببووەوە. ئەو پیاوە دوو کەسایەتی هەبوو، ئەو حاڵەتە لە مێژوودا هەیە، لەوانەیە نموونەی بەشیر موشیر، دۆنکیشۆتی بەناوبانگ بێ. شەخسیەتێکیان ئەو بەشیر موشیرە سادەیە بوو کە خەیاتێک بوو لە بەغداو دوایی دوکانەکەی کرد بە کتێبخانەیەک و ژیانێکی سادەی تێدا بەسەر دەبرد. شەخسیەتی دووەمی ئەوەبوو کە خۆی بە گەورەی هەموو کورد دەزانی، خۆی بە قۆزترین کەس دەزانی، خۆی بە ئازاترین کەس دەزانی، خۆی بە باشترین

شاعیر دەزانی، خۆی بە باشترین فەیلەسووف دەزانی، ئەم زانینانەی خۆی وەنەبێ بەدرۆی گوتبێ، ئاخر خەڵکی درۆزن هەبووە کە خۆی زانیویەتی درۆ دەکات، بەڵام ئەو کە ئەو قسانەی دەکرد نەیدەزانی ئەمە درۆیە، لێی ببوو بە ڕاست. وایدەزانی ئەمە هەروایە و هەروابووە. بۆ نموونە ئەگەر خەونێکی بدیبایە، یان خەیاڵێکی بکردایە، پاشان دەهات دەیگوت دوێنێ ئەوەم کرد و ئەمەم کرد، وای دەیگێڕایەوە وەک بڵێیت شتەکە بە ڕاستی ڕوویدابێ، ئەمە زۆر لە مرۆڤێکدا ڕێک دەکەوێ، لەبەر ئەوە تۆ سەیر دەکەی ئەو شتانەی دەیانی گوت بەلای خۆیەوە هەمووی ڕاست بوون، بەڵام لە حەقیقەتیشدا ڕاست نەبوون و هەمووی درۆیە. بۆیە لە جێی خۆی بوو کە دەمگوت هەرگیز درۆی نەکردووە و قسەی ڕاستیشی نەکردووە.

**ڕامان:** ئەی چۆن لێی نزیک بوویتەوە؟

**کامیل ژیر:** لێ نزیک بوونەوەکە بەهۆی ئەوەوە بوو کە ماوەیەکی زۆر لە بەغدا بووم، لەناوەڕاستی پەنجاکانەوە تا کۆتایی شەستەکان من لە بەغدا بووم. ئەوکاتەی کە لە یانەی سەرکەوتن کارم دەکرد، هەر ئێشێکمان هەبوایە دوکانی بەشیر موشیر هەبوو، چونکە ئەو لەو دواییەدا دوکانەکەی کردبووە کتێبخانە. هەموو جارێ من گۆڤاری هیوام دەبرد بۆ دوکانەکەی و ئەو لە بەغدا بڵاوی دەکردەوە و دەیفرۆشت. هەروەها بۆ شارەکانی دیکەش کە گۆڤاری هیوامان دەنارد پارەکەیان بەهۆی دوکانی بەشیر موشیرەوە دەنارد و پارەکانمان لێ وەردەگرتن، لەبەر ئەوە من هەر لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە لەگەڵ بەشیر موشیر ئاشنابووم و زۆر خۆشم ویست. پیاوێک بوو هەڵدەگرێ بەچاکی هەرچەندی لەسەری بنووسرێ هێشتا کەمە. پیاوێکی هێجگار قسە خۆش بوو. لەو دوکانەی بەشیر موشیریشدا من سوودی زۆرم وەرگرت، خەڵکێکی هێجگار زۆری ڕۆشنبیرم ناسی، تەنانەت من بەهۆی دوکانەکەی ئەوەوە توانیم سوود لەو مامۆستایانە وەرگرم کە دەهاتن لە دوکانەکەی ئەو دادەنیشتن و پرسیارم لێ دەکردن لەوانە: دکتۆر جەمال نەبەز و دکتۆر عەلی تۆفیق و گەلێ مامۆستای دیکە. ئەو کاتە من هاتم هەموو کتێبەکانم کۆکردەوە و بەخاریجی ئیمتیحانێکم داو لە قۆناغی ئامادەیی دەرچووم. لەوێ زۆر کەسم دەبینی، خەڵکی وەکو ڕەفیق حیلمی، برایم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، جەمیل ڕۆژبەیانی، عەلائەدین سوجادی، شێخ محەمەدی خاڵ، شێخ سەلامی شاعیر کە خاڵی باوکمە دەهات و دادەنیشت، دوکانەکەی ببوو بەیانەیەکی ڕۆشنبیری بۆمان، کە هەم کاتمان تێدا دەبردە سەر و هەم لە باری سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە سوودمان وەردەگرت.


**ڕامان:** لەکۆتایی ئەم گفتوگۆیە قسەیەکت ماوە بیکەی؟

**کامیل ژیر:** لەکۆتاییدا هەر ئەوەم ماوە بڵێم دەستخۆشی لە بەڕێزتان دەکەم کە بەڕاستی دەوری تۆ لە بواری ڕۆشنبیریدا دیارە، لەم شتانەی کاتی خۆی لەسەر شێخ نووری شێخ ساڵح نووسیوتە، هەروەها موتابەعەی گەلێ بابەتی تۆم کردووە، پیرۆزباییت لێ دەکەم ئێستاکە سەرکەوتووانە گۆڤارێک بەڕێوە دەبەی، هیوادارم بەردەوام لەسەر ئەو گۆڤارە و بەو شێوە و بەو شێوازەی تاوەکو ئێستا ڕێچکەی بەستووە و هەوڵت داوە بەردەوام بن کە زیاترین ڕۆشنبیر لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە و دەرەوەی وڵاتیشەوە کۆبکەیتەوە، ئەوە شتێکی چاکە و دەستخۆشانەت لێ دەکەم. هیوادارم هەمیشە تەندروست و باش بیت و بەردەوام لەسەر ئەو کۆشش و خەباتە بمێنی.

**ڕامان:** زۆر سپاست دەکەین ماندوومان کردی. دەمەوێ بپرسم چەند لەو گفتوگۆیە ڕازی بووی؟ ئایا توانیت قسەی دڵی خۆت بکەی؟

**کامیل ژیر:** ئێمە بە ڕاستەوخۆ قسەمان کرد، بەڵام ئەوەم پێ خۆشترە کەسێکی وەکو بەڕێزت ئەگەر کۆمەڵێ پرسیار هەبێ، پرسیارەکانم لەلا بەجێ بێڵێ و داینێ و من بەشێنەیی جوابیان بدەمەوە باشترە، ئامانجەکە لەوەدا چییە؟ ئامانجەکە ئەوەیە کە تۆ خزمەتی خوێنەری پێ بکەی. کە خزمەتی خوێنەر لەوەدا زیاتر دەبینم تۆ بوار بدەی بەو کەسەو پرسیارەکانی بدەیتێ و ئەویش لەسەرخۆ و بەهێمنی دانیشێ، ئەوسا زیاتر تەرکیز دەکا و بیری بۆ گەلێ شت دەچێ و لەوانەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە تۆ بتوانی بەنووسین بە ئینشایەکی دەستووری بینووسی، لەبەر ئەوە من هەمیشە وام پێ خۆش بووە پرسیارەکانم بدەنێ و بەشێنەیی وەڵامیان بدەمەوە و تاڕادەیەکیش ئەوە کراوە، بەڵام هەندێ جاریش بەم شێوەیەی ئێوە چ بەکامێرای تەلەفیزیۆنی، یان بە ڕیکۆردەرێک وتووێژیان لەگەڵدا کردووم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لەم پێک گەیشتنەدا سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو پرسیارەکان کاریگەر بوون، بەڕاستی دەستی ڕۆژنامە نووسێکی بەتوانای پێوەیە، چونکە هەمیشە پرسیاری گرینگ وەڵامی گرینگ دروست دەکا و دەخولقێنێ، لەبەر ئەوە هەوڵەکەی بەڕێزتان شایەنی سوپاسە.

**ڕامان:** زۆر سوپاس. تەمەن درێژ بی.



# یەدوڵڵا ڕەحمانی کرماشانی:
# مەقام وتن بە شێوە و زاراوەی خۆی ڕەسەنە، فارسەکانیش لەژێر کاریگەریی مۆسیقا و ئاهەنگەکانی ئێمەدان

ئا: دڵشاد خۆشناو
(سلێمانی)

(یەدوڵڵا ڕەحمانی) مەقانخوێن و گۆرانیبێژی گەرمیانی، خەڵکی شاری سەرپێڵی زەهاوە، ساڵی ١٩٥٠ لە یەکێک لە هاوینەهەوارەکانی کوێستانی دالاهۆی ناوچەی گۆران لە دایک بووە.

لە ساڵی ١٩٧٠ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەو کاتەی کرماشان دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە، دوای ئەوە کەم کەم دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوە لەبارەی مەقامی کوردی و ڕەسەنایەتی مەقامی کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین مەقامی گوتووە، بەم جۆرە هەردوو مەقامی (ئای ئای) و (فەلای شاری خەم)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە بۆ گوتن، ئیتر وەکو مەقامخوێنێک ناسراوە.

ساڵی ١٩٧٣ هاوکات لەگەڵ کاری ڕۆژنامەگەری، لە قوتابخانە ناوەندییەکانی شاری سەرپێڵی زەهاو خەریکی مامۆستاییش بووە.

جگە لەم کارانە زۆر حەزیشی لە کاری ڕۆژنامەوانی بووە و لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە کاری ڕۆژنامەگەری کردووە، پاشان بۆتە پەیامنێری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کرماشان و بۆ ئەو مەبەستەش چەندین کاری ڕادیۆیی ئەنجام داوە و بۆ ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژی ڕادیۆیی سەردانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی کردووە، جگە لەوەش بەردەوام حەزی لە لێکۆڵینەوە بووە، تا ئێستاش لە لێکۆڵینەوە بەردەوامە و هەنووکە سەرگەرمی لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر هۆرە.

جگە لەم چالاکییانەش، خەریکی ئاواز و شیعردانان بۆ گۆرانیبێژانی تریش بووە و زۆربەی شیعرەکانی گۆرانییەکانی خۆیشی هی خۆی بووە.

* مامۆستا ڕەحمانی سەرەتای دەستپێکی کاری هونەری ئێوە چۆن بوو؟

– کاری هونەری من ئەگەر مەبەست گۆرانی گوتن و چالاکی نواندن لەڕادیۆی کرماشان بێ، لەساڵی ١٩٧٠وە دەستم پێکردووە. بەدوو شێوە من لەڕادیۆی کرماشان ئیشم دەکرد، سەرەتا بەناوونیشانی گۆرانیبێژ دەستم پێکرد. دەسپێکی کارم بەلاسایی کردنەوەی فۆلکلۆر و گۆرانیبێژانی باشووری کوردستان هاتمە نێوگۆڕەپانەکەوە. وردە وردە بینیم کە دەشێ شێوازی شیاوی خۆمم ببێ، چونکە خەڵکی گەرمیانم، بەدوای مەقامە گەرمیانییەکان کەوتم. بڕێک مەقام فێربووم. لەوانەش (ئای ئای) یەکەم مەقامم بوو کە پێشکەشی خەڵکیم کرد. مەقامێکی دیکە کە زۆر ناوبانگی ڕۆیشت و هێشتاش هەر ماوە (فەدای شاری غەم بوو) جا بەشێوەیەکی دیکە کە لەڕادیۆی کرماشاندا چالاکیم هەبوو، ڕۆژنامەگەری بوو. پەیامنێری ڕادیۆی کرماشانی ئەوکاتە بووم.

* باسی مەقامی گەرمیانتان کرد، مەقامی گەرمیان لەگەڵ مەقامەکانی دیکەی کوردی چ جیاوازییەکیان هەیە، یان جیاوازی لەگەڵ مەقامی فارسی و عەرەبی چییە؟ ئایا مەقامی گەرمیان تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیە کە پێی دەگوترێ مەقامی گەرمیان؟

– مەقامی گەرمیانی ئەو مەقام و ئاواز و ئاهەنگەیە کە تایبەتە بە دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان، جا بەو جۆرەی کە من تێی گەیشتووم، سەرچاوەی مەقامە گەرمیانییەکان لەناوچەی گۆران و دالاهۆوە دەست پێدەکات. گۆرانەکان کە دانیشتووی ناوچەی دالاهۆ و زنجیرە کێوی زاگرۆسن و لەسەرچاوەی ئەڵوەندا دەژین. لە دالاهۆ ئامێرێکیان هەیە بەناوی (تەمبوور)، یان (تەموورە)، تەموورە دوو شێوە مەقامی پێدەڵێن، بەشێکی (حەقانی) و بەشێکی (مەجازی). ئەمانەش دەبن بە حەفتاو دوو مەقامی گۆران، کە تایبەتی سەرچاوەی ئەڵوەندە، دەبینین لەکۆنەوە مەقاماتێکیان بووە کە ئەم مەقاماتە لەناو حەفتاو دوو مەقامەکانی گۆراندا هەیە کە پێیان دەڵێن مەقامی گەرمیانی.

شتێکی دیکە کە بەبیرم مابێ ئەوەیە پادشا ساسانییەکان لەهاوینەهەواری خۆیان لە ناوچەی (ڕێژاو) و (بان زەردە) زۆر حەزیان لە هونەر کردووە و لەدەرباری ساسانییەکاندا ژەنیار و گۆرانیبێژ و مەقامبێژی وەکو (باربەد) و (نەکیسا) و (ڕامکین) ژیاون.

بەتایبەت خەسرەو پەرویزیش لەوکاتەدا زۆر حەزی کردووە لەو مەقاماتەی کە دایان ناوە و بەتایبەت مەقامێک کە (باربەد) دروستی کردووە و زۆر حەزی لێکردووە لەنێو گۆرانەکاندا هێشتا بەشێکە لە حەفتا و دوو مەقام و بەناوی (باریە) ماوەتەوە. سینە بە سینە هاتووە.

دەبینین بڕێک لە مەقامەکان تایبەتی دانیشتوانی ناوچەی گەرمیانە، ئەم ناوچەیە دەبینین ڕووباری سیروان و ڕووباری ئەڵوەندی پێدا تێپەڕ دەبێ، کە بە مەقامەکانی (ئەڵوەناتی) بەناوبانگن، کە خودی مەقامی (ئەڵوەند)، مەقامی (ئای ئای)، (ئەڵلاوەیسی)، (خاوکەر)ە، (قەتار)ە. ئەو مەقامانە لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا زۆربەی خەڵک ئەو مەقاماتانەیان دەزانی، بەڵام بەداخەوە ئێستا لەبیرچوونەتەوە و فەرامۆش کراون. وردە وردەش لەناودەچن. دەشێ هەوڵێک بدرێ بۆ داهاتوو کە سەرمایەی کورد و کوردەوارییە، چونکە مەقاماتی گەرمیانی بەدڵنیاییەوە لە سەرچاوەی ئەسڵییەوە کە حەفتاو دوو مەقامی گۆرانە، سەرچاوەی گرتووە.

* ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەو حەفتاو دوو مەقامە خەریکە لەناو دەچن، بەڕای ئێوە چی بکرێ باشە، یان ئەهلی هونەر و فەرهەنگ چی بکەن، بۆ ئەوەی کە نەهێڵن ئەو حەفتاو دوو مەقامە لەناو بچن و پەرەیان پێبدرێ و نەوەی نوێ و نەوەی داهاتووی هونەری کورد، سوود لەو مەقاماتانە وەربگرێ و پەرەیان پێبدەن؟

– بەداخەوە ئێمە هەرچییەکمان کە هەیە بیری لێ ناکەینەوە، کە لەدەستمان ڕۆیشت ئەو کاتە داخی بۆ دەخۆین. ئێستاش دوایین دەرفەتە زۆربەی مەقاماتی کوردی لەبیر چوونەتەوە و فەرامۆش کراون. دەبێ هەوڵێک بدرێ کە ئەو مەقاماتە ئەوانەی کە ماون، کۆبکرێنەوە و بۆ ئایینده تۆمار بکرێن. بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەوانەی مەقامیان دەگوت، کۆنەکان بوون و نەوەی لاو بەشوێنیاندا ناچێ. بەداخەوە ئێمە مۆسیقای ڕەسەنی خۆمان لەبیرچووەتەوە. دەبینین لە کەناڵەکانی خۆشمان زۆرتر گۆرانی بیانی بڵاودەکرێتەوە. ئەو گۆرانییە ڕەسەنە کوردییانە ئەو بایەخەی کە دەبێ پێیان بدرێ، بەدی ناکرێ. لەکاتێکدا ئەرکمانە کە ئەو سەرمایە نەتەوەییە پەرەپێبدەین و بیپارێزین و بیگەیەنینە دەستی نەوەی داهاتوو. دەبێ هەوڵێکی ئەکادیمی بۆ بدرێ و هەروا بە ساناییش ئەو گرفتە چارەسەر ناکرێت، هەرکەس بەدڵی خۆی قسە بکات، یەکێ وەکو من هەر لەخۆوە بۆچوونی خۆی بڵێ و پێی ڕاست بێ. ئەو کارە دەبێ پسپۆڕەکان بەشێوەیەکی زانستی ئیشی لەسەر بکەن. لە گوندەکان کۆبکرێنەوە و ڕێک بخرێن و وەکو گەنجینەیەک بەیادگار بۆمان بمێنێ. ئەگەر کەسیش حەزی لێنەکرد، بەدڵنیاییەوە لەداهاتوودا خەڵک دەگەڕێنەوە بۆ سەر کولتوورو

ڕابردووی خۆیان و ئەوکاتە بایەخەکەی دەردەکەوێت.
✱ ئێوە دەڵێن نابێ گۆرانی کوردی بکرێ بەگۆرانی ڕۆژئاوایی، ئەوەی نوێ ئەگەرگۆرانییە کۆنەکان بلێتەوە کەواتە هیچی نەکردووە. پێتان وایە ئەوەی ئێستا لەسەر ئەو مەقاماتانە چی بکات تا بتوانێ بەشێوەیەکی نوێ و مۆدێرن دووبارە بیانهێنێتەوە گۆڕەپانی هونەری کوردی؟
– ئەگەر هونەرمەندی لاو کە بەشێوەیەکی ئەمڕۆیی بیردەکاتەوە، ئاگاداری هونەری ڕابردوو بێ و مەقامات بزانێ بێ گومان دەتوانێ گۆرانییەکی تایبەت و دەوڵەمەند بەمۆرکی کوردییەوە پێشکەش بەگوێگرانی بکات. نابێ بەگشتی ڕۆژئاوایی بێ. بەداخەوە لاوانی ئێمە بەرەو هونەری ڕۆژئاوا دەڕۆن و دووردەکەونەوە لە هونەری خۆماڵی. من کاری تازە ڕەت ناکەمەوە، بەڵام دەبێ هونەری ڕابردوومان گەشە بکات، نەک بەلاوە بنرێت. لەنێوان گەشە و بەلاوەنان جیاوازییەکی زۆر هەیە. دەبێ کولتووری خۆمان لەگەڵ هونەری نوێ ئاوێتەکرێ. کەڵک وەرگرتن لە ئامێرە کوردییەکان گەلێک لە ئامێرە بیانییەکان باشترە.
✱ بیروباوەڕێک هەیە کە دەڵێ «هەرکەسێک ڕابردووی خۆی نەناسێ ناتوانێ داهاتووشی هەبێ»، یان دەڵێن «هەر کەسێک ڕابردووی نەبێ داهاتووشی نابێ» پێتان وایە ئەوەی نوێ تێڕوانینی بۆ ڕابردووی ئەو هونەرە کۆنە، یان بڵێین کلاسیکە هەبێ تا بتوانێ هونەرێکی نوێ دروست بکات و بیهێنێتە کایەوە؟
– ئەوەی نوێ بێ تاوانە، چونکە ئێمە خزمەتمان نەکردوون. ئەگەر لەبەر دەستی بێ بەدڵنیاییەوە ئەویش هەڵیدەبژێرێت. فەرهەنگی خۆی بەجێ ناهێڵێ، بڕوا بەرەو فەرهەنگێکی ڕۆژئاوایی و نەناسراو. جا وەختێک ببینێ کولتوورەکە دەوڵەمەندە و بۆنی باب و باپیرانی خۆی لێدێ، لێی دوورناکەوێتەوە و خزمەتی دەکات. دەشێ ئێمە هەوڵ بدەین کولتووری خۆمان بە دنیا بناسێنین. نەک بێین بەدەستی خۆمان کولتوورەکەمان لەناو بەرین. ئێمە ئەگەر جلوبەرگ و کولتووری خۆمان بگۆڕین و هونەرەکانیشمان فەرامۆش بکەین، ئیتر چیمان بۆ دەمێنێتەوە.
✱ ئێوە جگە لەگۆرانی لەڕادیۆش کارتان کردووە. ئەگەر بکرێ باسێکی ئەوە بکەن کە چۆن لەڕادیۆ کارتان کردووە و ئەو کارانەی کە کردووتانە چی بوون و لەگەڵ کێ بوون؟
– لەڕادیۆی کرماشان کە ئەوکات بەکوردی سۆرانی بلاوەدەبووەوە. من بەناو هەواڵنێری ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئەوکاتە بووم کە بە فارسی پەیام و هەواڵم بەرێ دەکرد. دوایی لەسەردەمی کاک مەزهەری خالقیدا کە بوو بە بەرێوبەری ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی کرماشان. پێی گوتم: کاکەگیان تۆ ئەو ڕاپۆرتە فارسییانە بەکوردی بێژە. منیش وەک ئەزموونێک وام کرد، بینیم ئەزموونێکی سەرکەوتووە و ئیتر سوپاس بۆ خوا ئێستا لەتەواوی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکان هەواڵنێری کوردمان هەیە.
✱ لەگەڵ ئەوەی کە ئێوە تارادەیەک سەر لە مەقاماتی گەرمیان دەردەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین تۆ بیست و پێنج، بیست و شەش ساڵە لە گۆرانی و مۆسیقا دابڕاوی. هەست ناکەی ئەو دابڕانە کەمتەرخەمی جەنابتانی پێوە دیاربێ؟
– دیارە هەلومەرجەکە وابوو، بەڵام تەواو دانەبڕاوم. هەر دڵم بەلایەوە بووە و ئێستاش دووبارە دەستم پێکردووەتەوە. ئەو مەقامانەی کە لە ڕابردوودا گوتوومن دووبارەم کردوونەتەوە و ئینشائەڵڵا بەو زووانە دەکەوێتە بەردەستی خەڵک. چوار مەقام و سێ گۆرانیم بەناوی (ئەڵوەناتی) کە ناوونیشانی مەقامیشە تۆمار کردووە. کە لە داهاتووی نیزیکدا پێشکەشی ویستیارانی دەکەم.
✱ پێتان وایە سروشتی ئەڵوەند و ئەو ناوچانە تا چەندە کاریگەری لەسەر مەقاماتی ئەو ناوچەیەدا هەبووە؟
– مەقام قسەی دڵی خەڵکە، هەستی دەروونی خەڵکە بە درێژایی زەماندا بەدی هاتووە. وەکو (ئەڵوەناتی)، کاتێک دەڵێن ئەڵوەناتی دەبینین بەهاوارێکەوە دەست پێدەکات کە بەجۆرێک سکاڵایە و بەجۆرێک سوپاس و پێزانینە. سکاڵاکە لەوەیە کە ئەڵوەند هاتووە و بۆتە هۆی زەرەر و زیان لەخەڵکەکە. سێلاوی بەهاری هاتووە و ئەڵوەند زۆر بووە و خانووبەرەی کابرای لەناو بردووە کە قەراغ نیشینی ئەڵوەند بووە، یان بۆتە هۆی ئەوە کە پێوەندی نێوان خەڵکی ئەو بەر و ئەم بەری ڕووبارەکە بپچڕێ. ئەمە سکاڵایە کە ئەڵوەند بۆچی وام لێ دەکەی. لەوێدا دەڵێ:

**«ئەڵوەن هاتیە وە بەرزی داران**
**نیلد سەر بیەم لە قەوم و کاران**
**ئەڵوەن شێتەکەی سەرمەست ساڵان**
**بیلەم سەر بیەم لەقەوم و کاران»**

یان ئێژێ:
**«گێژ گێژ و مەوج و مەوج وە گێژاوەیا**
**ئەڵوەن دوور مەیە وە ڕێژاوەیا»**

لە ئەڵوەند سروشتێکی جوان هەیە کە ڕێژاوێکی جوانی هەیە و تاریفی لێ دەکات. هەر بەم شێوەیە کە نیشانەی ئەوەیە کە ئەمە وتوویژی خەڵکی ڕۆخ نشینی قەراغ ئەڵوەندە کە لەگەڵ ئەڵوەنددا ڕاز و نیازیان کردووە. دوای

مەقامەکانیش هەروان، بەتایبەت مەقامی قەتار کە ئیتر لە مەقامی گۆرانەکاندا دەڵێن ئەو «گاسەکانی زەرتوشت» بووە. گاسە بووە بۆتە گاتە بۆتە قاتە سەرەنجام بووە بەقەتار، بەڵام هەرچی بێ مەقام هەڵقوڵاوی دڵی خەڵکە و هەلومەرجی ژیان و تایبەتمەندی سروشت و جۆری ئیش، کاریگەری لەدروست بوونیدا هەیە.

* بەپێی ئەوەی کە کرماشان و خانەقین و بەگشتی گەرمیان لەناوچە فارس نشینەکان نزیکە، مەقام تا چەندە کاریگەری بووە لەسەر فارس زمانەکان و تا چەندە بەکاریان هێناوە؟

– مەقام بەزمانی کوردی و بەشێوەزاراوەی تایبەتی خۆی ڕەسەنە، بەڵام فارسەکانیش لەو ماوەیەدا زۆریان کەڵک لە گۆرانی و مەقامی کوردی وەرگرتووە. جا ناوچەی گەرمیان دەتوانین بڵێین تا سەرپێڵی زەهاو درێژەی هەیە، چونکە لە سەرپێڵی زەهاو و گەردەنەی پاتاق و شاخەکانی زاگرۆسەوە دەبێتە ناوچەی شاخاوی و جیاوازە لەناوچەی گەرمیان. ئەو مەقامانەش کە بۆتم باس کرد تایبەتن بە ناوچەی گەرمیان و ناوچەی دالاهۆ و گۆرانەکان.

* پێت وایە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر فارسەکان نەبووبێ؟

– ئەوە بەخۆی کولتوورێکی جیاواز و سەربەخۆیە و فارسەکانیش بەخۆیان کولتوورێکی جیاواز و سەربەخۆیان هەیە. مەقامات و دەزگای فارسی جیاوازە و ئەوەی ئێمەش جیاوازە، بەڵام شتی هاوبەشیشمان هەیە. بۆ وێنە لەفارسیشدا قەتار هەیە. ئەوەش لەکۆنەوە سەرچاوە دەگرێ.

* ئەو مەقامانە لەچیدا لەیەکتر جیاوازن؟ ئایا لەشێوەی گوتندا لەیەکتر جیاوازن، یان لە وشەدا، یان لە شێوەی فۆنەتێکدا مەقامەکان لەیەکتر جیاوازن؟

– زۆربەی ئەو شتانەی فەرمووتان دەوریان هەیە. جا دەنگی کوردی، مەقامی کوردی دیارە، بەگوێچکە ئاشنایە نەک بۆ کەسێک کە هونەرمەند بێ، تاکی ئاساییش دەزانن ئەوە کوردییە، یان فارسییە. جیاوازی نێوانیان بەگوێچکەش دەردەکەوێ.

* هەندێ لە هونەرمەندانی کورد دەیانەوێ و خەریکن مەقاماتی کوردی بۆ گۆرانیبێژە فارسەکان دادەنێن و بەشێوەیەک ناوی ئاهەنگدانەرەکەش دیارە، کەچی دەنووسن لە میلۆدی کوردی وەرگیراوە. لەکاتێکدا لەوانەیە پاش بیست ساڵی دیکە ئەوەش نەمێنێ ببێتە بەشێک لە گۆرانی فارسەکان. چ بەو کەسانە دەڵێی کە کارێکی ئاوا دەکەن؟

– ئەوکەسانەی کە وا دەکەن قەرزدارن، دەبێ هەر کەس کە ئیشێکت بۆ دەکات ناوی ببرێ، ئەوە ئەرکی هەموو مرۆڤێکە. زۆربەی مۆسیقادانەرەکان کە بۆ فارسەکان ئیش دەکەن کوردن. بەختەوەرانە لە ئێراندا مۆسیقای ئێران بەدەست کوردەوەیە. هەر لە ڕابردووەوە تا ئێستا هەم ژەنیاری، هەم گۆرانیبێژی ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە و ئەوەش جێگەی شانازییە و دەتوانین بڵێین فارس کاریگەرە بە مۆسیقامان و بەهونەرمەند و بەئاهەنگەکانمان.

* مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەوە جێگەی مەترسی نییە بۆ مۆسیقای کوردی لەداهاتوودا؟

– ئەگەر کوردی بڵاوبکرێتەوە و فارسەکە بڵێ ئەوە کوردییە و زۆرباشە، هەمووی خزمەتە بە کورد.

* ئێستا ئێمە لەسەر مەقامات قسەیەکی دیکەمان نییە، ئەگەر ئێوە لەسەر مەقامات و ئەو هونەرە قسەیەکی دیکەتان مابێ بیکەن؟

– پێویستە بۆ پاراستنی مەقامە کوردییەکان هەوڵێک بدرێ. بەتایبەت ئەو کارانە کە هونەرمەندانێکی بەرزی وەک (حوسێن عەلی) و (عەلی مەردان) کردوویە. بەداخەوە کەمتر لەسەتەلایتە کوردییەکان بایەخ بەهونەرمەندە کۆنەکانمان دەدەن. ئەو مەقاماتی حوسێن عەلییە ئەگەر کلیپی بۆ دروست بکرێ و بەشێوەیەکی نوێ ئیش لەسەر دەنگەکانی بکرێ، گوێچکەی لاوی ئێمە فێری دەبێ و حەزی لێدەکات.

هیوادارم دڵسۆزەکانی کورد لەو بوارەشدا ئیشی گەورە بکەن و ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە. مەقاماتی گۆران کە دابەش دەبێ بە (مەجازی) و (حەقیقی)، حەقانی، یان حەقیقی، حەقانییەکان ئەوانەن کە باسی ئادابی مەزهەبی (ئەهلی حەق) دەکەن. (مەجازی) ئەوانەی کە موجازن لەناو خەڵکیشدا بڵاوبکرێنەوە و ئەشعاری مەزهەبی نین و بەڵکو ئەشعاری ئازادن، بەڵام مەجازی بەمانای بەزمی و لەناو مەجلیسی خۆشی و شادیدا بیژنەوی نییە. مەجازی وەکو هیجرانی و قەتار و جلەوشایی. ئەمانە مەجازین، دەشێ لەدانیشتنە گشتییەکانیشدا بگوترێنەوە، بەڵام لەزەماوەندا ناگوترێنەوە، چونکە سازی تەمبوور سازێکی پیرۆزە بۆ ئەهلی حەق و تەنیا گۆرانیگەلێک کە تایبەتن بەخۆیان، پێی بەڕێوە دەبەن.

# تەلیسمی ناو ئاوێنەکان

**سەلاح حەسەن پاڵەوان**
**(هۆڵەندا)**

**(١ - ٢)**

فۆرمالیستەکان بڕوایان بە دوو شێوە بنیاد لە نێو گێڕانەوەدا هەبوو، بنیادی سەنتەر و بنیادی بنیاد، ئەمە مەسەلەیەکە لە نێو ئاوێنەو وێنەکانی (عەتا محەمەد)دا ڕەنگ دەداتەوە، بنیادی سەنتەر لەهەموو بەشەکانی ئەم چیرۆکەدا ڕەنگدانەوەو شکانەوەو پەرچبوونەوەی دیمەنەکانە، بریتین لەو بکەرو کارەکتەرو ڕووداوە ڕوحی و دەروونییەکان. مەسەلەی گێڕانەوە لە نێو ئەم چیرۆکەدا شێوازێکی تایبەت و پڕ دارشتن و چنینێکی تەون ئاسایە تەنیا ئەو دەستانە لە چنینەکانی دەگەن کە بە لاپاڵی دارتەونەکانەوە ڕاکشاون. شێوازی هونەری دارشتنی ئا لەم شێوەیە، کارێکە لە ڕەوەندی چیرۆکی کوردیدا ئامادەییەکی کەمی هەیە، مامەڵەکردن لەگەڵ هێڵ و مەوداکانیش مێژوویەکە لە هەڵچنین و وردبوونەوە، لە نێو بنیادی چیرۆکی کوردیدا هەموو ئەو هەوڵانەی دراون، تێکۆشاون تا دیمەن و تابلۆ و وێنە دەرەکییەکان لەنووسینی بابەتی چیرۆکەکانیاندا بخەنە کار، یان شێوەی سریالی و سیحرئامێزیان بەکارهێناوە، یان هەوڵیانداوە شێوەیەکی جیاواز لە شێوە باوەکەی چیرۆکی کوردی پێشکەش بکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوە، هێشتا کەلێنی گەورە لە نێو چیرۆکی کوردیدا هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی فۆرمەوەو بەبێ چارەسەرکردن ماوە.

کەسێک کە زیاد لە پێویست لە نێو چیرۆکی کوردیدا کاری لەسەر فۆرم کردبێت، چیرۆکنووس (عەبدوڵڵا سەڕاج) بووە، لە کۆ چیرۆکی «لاکێشە ڕووناکەکان-١٩٨٠» ئەو هەوڵانەمان بەرچاو دەکەون. پەنابردنە بەر تەوزیف کردنی ئەفسانەو بیری مێژوویی لە نێو چیرۆکدا شتێکی ئەوەندە نوێ نییە، نموونەمان لەم بارەیەوە زۆرە .

لێرەدا من نامەوێ باس لە شێوەی پێکهاتنی بنیادی چیرۆکی کوردی بکەم، ئەوەی من مەبەستمە بەراوردکارییەکە لە نێوان ئەو توانایەی چیرۆکنووس وەک فۆرم لەم چیرۆکانەدا بەکاری هێناون، لەگەڵ ئەو توانایانەی کە لە نێو مێژووی چیرۆکماندا هەن، کەواتە دەتوانم بڵێم عەتا ، لەو هەموو هەنگاوانەی کە تا ئێستا نراون هەنگاوێکی زیاتری ناوە، بیری چیرۆکنووسین لە وێنەو ئاوێنەدا سەرچاوەیەکی شێوەکاری و هێڵکاری و ڕوانبینی و بینیارییە، لەم نێوەندەدا وەک ئاراستەیەک تەماشای مەسەلەی ڕەنگدانەوە ناکات، بەڵکو هەموو پێوەندییەکان لە نێوان وێنەی واقیعی و خەیاڵ ئامێزدا کۆدەکاتەوە، مامەڵەیەکی هەستیارانەی ڕوانین ئامێز لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکات، زیاد لە پێویست تێهەڵکێشییەک لە نێوان کەسایەتی و تێکست و ڕووداو و بیری مێژوویی و کاراکتەری ئەفسانەیی دەخوڵقێنێ،

هەروەها لە وێنەی ئێستای بەردەوامدا مامەڵەیەکی ئاشقانەیان لەگەڵدا دەکا، وەک پارچەیەک لە ڕوحی خۆی، ئەو کۆرپانەی لێ دەخوڵقێنێ کە فێری زمانی خۆشەویستی و بەردەوامیبیان دەکات.

ئەو ئاوێنەی چیرۆکنووس وێنەکانی تێدا دەبینێ، تەنیا ئاوێنەیەکی ماتەریالی نین، ئاوێنەی ئەزەل و هەمیشەیی و حەزو ئارەزوو و چێژن، ئاوێنەی خەون و بیرکردنەوەو لێکدانەوەن، ئەوەی چاوی ئەو دەیبینێ، چاوەکانی تر نایبینن، ناسکی تواناو هێزی عەتا لە ڕوانینی نێو ئاوێنەدا ڕەنگدانەوەی چاوتیژی و عەقڵ تیژی و هێزی ڕوانینی ئەون، باس لە خەون و بێداری و گریانە پڕ هەنسک و چاوەڕوانی و زیندانییە خۆشمەزەکان دەکەن، ئاوێنەکان و پشتی ئاوێنەکان جیوەی نێو تاقیگەکان نین، شەپۆلێکن لە زاکیرەو وێنەی کەسانی بەرانبەر جوانتر دەکەنەوە.

## بۆ ئاوێنە؟

بۆچی چیرۆکنووس لەم چەپکە وێنانەدا پەنای بردووەتە بەر ئاوێنە، ئاوێنەکانی بۆ ئەوە نین تا بەرانبەر و ڕوح و ناخ بشکێننەوە، بۆ ئەوە نین تا واقیعێکی زیندوو بگوێزنەوە، بۆ ئەوە نین تا بەوێناکردنی مرۆڤ بن، بەڵکو ئەرکی سەرەکی ئەم ئاوێنانە بە مرۆڤ کردنی ئاوێنەن، ئەگەر مێژووی ئاوێنە لای ئۆرۆکسراتییەکان گرنگیدان بێت بە شێوەی دەرەوەو خۆجوانکردن و گۆڕینەوەی پرۆتۆکۆل و لە جەنگیشدا بریتی بووبێ لە پەیامبردن، یان شێوازی سووتاندن و ئازاردان «وەک بەکارهێنانی لە جەنگە کۆنەکان وەک شێوە چەکێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن،» . ئەوە لای ئەم چیرۆکنووسە بە تەواوی ئەرکێکی میتۆلۆژی و واقیعی دەگێڕێ. بۆ ئەوە نییە تا کەسایەتییەکان بشێوێنێ و سەری زل و جەستەی بچووک و مرۆڤی زلمان بۆ گرگن بکات، بۆ ئەوە نییە ڕوحە زلەکان بچووک بکاتەوە. ئاوێنەکانی ئەو، ئاوێنەی ژیان دەکەنە پەیام، کەسایەتییەکان لە واقیعەوە نابنە وێنەی ئاگری و گڵی ئەفسانەیی و نابنە جنۆکەو دڕندە، بەڵکو وێنەیەکی جێگیر و واقعین، بەڵام ئاوێنەکانیان دەگۆڕێن.

لای چینییەکان ئاوێنە ئەرکی ئەفسانەیی هەبووە، ئەرکی ڕەوشت و ئەستێرەناسی، یەکێک لەو چیرۆکانەی کە سەرنجی منیان ڕاکێشاوە، ئەفسانەیەکە باس لە بوونی وێنەی قەلەڕەشێک لەسەر ئاوێنەیەک دەکا، ئەو وێنەیە ئاماژەیە بۆ بێ ئەمەکداری ئاشق، چیرۆکەکەش بەم شێوەیەیە: «دوو ئاشق دەبن، یەکتریان زۆر زۆر خۆش دەوێ و ئاشق و شەیدای یەکترین، لە هێزێکی دەرەوە


عەتا محەمەد

ناچار دەکرێن لە یەکتری دوور بخرێنەوە، ئەو دوو ئاشقەش بۆ ئەمەکداری و بیرەوەری و لەیادنەکردنی یەکتری، بڕیاردەدەن وەفاداری یەکتر بن و ئاوێنەیەک دەکەن بە دوو کەرتەوە، هەر بەشەی یەکێکیان هەڵیدەگرێ، بەڵام کچە پەیمانەکە دەشکێنێ، بەم پەیمان شکاندنەی نیوەی ئاوێنەکەی ئەو دەبێتە قەلە ڕەشێک و دەفڕێ و لەسەر ئاوێنەی کوڕە دەنیشێتەوەو نهێنی بێ ئەمەکداری کیژە ئاشکرا دەکا.» . ئەم بەسەرهاتە نهێنی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بوونی ئاوێنە لە نێو ئەفسانەکان ئەرکێکی هەبووە، تەنیا ئاوێنەیەکی ماتەریالی نەبووە، لەخۆڕا نییە وتراوە، زەینی فەیلەسووفەکان وەکو ئاوێنەیە نە زیاد دەکات نە کەم. لای چینییەکان وێنەیەک هەبوو پێی دەوترا «چاو کوپاو» ئاوێنەیەک بوو ناوەڕۆکی لەشی مرۆڤی دەبینی. هەروەها ئاوێنە هەبوو ڕوحە شەڕئامێزەکانی دەدۆزییەوە. ئاماتراسیو دەڵێ : ئەوەندە ڕێز لە ئاوێنە بگرن، وەک ئەوەی ڕوحی بەنرخی خۆتان بێت...ئەگەر ئەمە وێنەی ئاوێنە بێت لە سەردەمە دێرینەکاندا، ئەوە ئاوێنە ئەمڕۆ لە نێو خەیاڵ و عەقڵی تەکنەلۆژیادا گەلێ سنووری بڕیوە، نەک ئەوەش زەوی بەجێ هێشتووە و لە فەزای دەرەوە

مەلە دەکات.

پێم وایە ئەوەی وای لە عەتا کردووە ئاوێنە هەڵبژێرێ کارتێکردنی ئاوێنە بووە لە توانا ڕوحییەکانی و واقورمانی بووە بەرانبەر بە وێنە کتوپڕەکانی ژیان و سامکردن لە تەماشاکردن بە چاوی واقیعی و لێڵی وێنە حەقیقییەکان. عەتا ئەم بەرهەمەی زادەی ئەو مەنگاوو باران و نسرمانەن کە لە قەراخ ڕێگاکاندا یادگارییەکانی ژیان دەکەن بە وێنە و لە ئاوێنەی ڕوحی پاراودا بەرووماندا دەیشکێننەوە. هەروەها ئەو ڕاستییەشی زانیوە کە ئێمە هەموو بە ئاوێنە ئابڵووقەدراوین، ئاوێنەی خودی خۆمان، دیوارەکان، کۆمەڵگا، سیاسەت، ژن، ڕوح، ئایین. ئەو ڕوو لە هەرکوێ دەکا ئاوێنە ئابڵووقەی داوە.

جار جار لە ئاوێنە هەڵدێین و جار جاریش ئاوێنە ئابڵووقەمان دەدا، ئاوێنە ڕاستەقینەکان وێنەی ڕاستەقینەی ئێمە ناگێڕنەوە، ئێمە وێنەیەکی ساختەی نێو ئاوێنەین، بۆیە چیرۆکنووسیش هەستی بەم ڕاستییە کردووە و هەردوو وێنەو ئاوێنەی بەرانبەر بە یەکتری داناوە تا وەک دوو ڕاستی بیانبینێ و بیانخوێنێتەوە، ئەو وەک میسرییەکان ئاو لە جیاتی ئاوێنە بەکاردێنێ وەک نێرسیس تەماشای وێنەی نێو ئاوێنەکانی ئاو ناکات.

بەکارهێنانی ئاوێنە بۆ نیشاندانی وێنەکان، ڕاکردن لە حەقیقەتی ژیان ناگەیەنێ، بەڵکو نیشاندانێکی تری ژیانە، ئاوێنە دەربڕینێکی ڕاستەقینەی ژیانە، دەربڕینی هەموو ئەو ساتانەیە کە دەست پێدەکەن و ئەو ساتانەشی کە لەناودەچن، هەموو ئەو ساتانەی کە چیرۆکی بوون و دابران دەگێڕنەوە، ئەو چیرۆکانەی تەنیایی و هەستەکان بە شێوەیەکی تر و بە وێنەیەکی تر دەردەخەن و دەبنە سەرەتاو لەشێوەی ڕەنگدانەوەوە دێنە سەر مەسەلەی نیشاندان.

کە وێنە دەمرێ، ئاوێنەش مەرگی خۆی دەنووسێتەوە، ئەوەی وای لە چیرۆکنووس کردووە پەنا بباتە بەر ئاوێنە ،کۆکردنەوەی پارچە شکاوەکانی ناخی خۆیەتی تا وێنەیەکی پێکەوەلکاو لە ئاوێنەیەکی سافدا ببینێ، تا ئەو ڕوحانە بێدارکاتەوە کە لەژێر تەمومژی ئێوارە ساردەکانی ژیانا ڕاکشاون، تا ئەو چاوانە بکاتەوە کە هێشتا بە ئازاری بێ دەنگییەوە دەناڵێنن، ئەوەی وای لێکردووە، وێنەکان لەبەردەم ئاوێنەدا دانێ، تەنیا هەوڵ نییە بە مەبەستی ناسینەوەی سیماو شێوەکان، بەڵکو شێوەبەخشینە بەو سیما نەزانراو و ناڕوونانەی کە شێوەیان دیار نییە، پێکهێنانی هەمیشەیی لە تاقانەکانی ژیان.

هەموو هەوڵەکانی وێنە و ئاوێنەکان، گێڕانەوەی ڕاستییەکانە، گێڕانەوەی ڕاستی بۆ تینا و هەموو ئەو ڕوحە پاکیزانەیە کە شتەکان بەچاوی پاکیزەیی و بەرائەتەوە دەبینن، ئەو چاوانەی کە نازانن بۆچی پیتەکان جار جار تووڕە دەبن و هەندێ جاریش بێ دەنگ، ئەو ڕوحانەی نازانن بۆچی وێنەکان لێڵ دەبن و ون دەبن.، ئەو چاوانەی بێ ئەوەی بانگکرێن ئاوڕ دەدەنەوە.

هەموو ئەم وێنەو ئاوێنانە بۆ گێڕانەوەی بێ دەنگی و لێڵییەکانن بۆ وتنەوەی ئەو وشکە وشانەن کە هەموو گەرووێک ناتوانێ هەڵیانبێنێ.

پێش ئەوەی بچمە نێو شیکردنەوەی سەرتاپای ئەم چیرۆکە، دەبێ ئەوە بڵێم لە بنیادی سەرتاسەری وێنەو ئاوێنەکاندا، دە وێنەو دە ئاوێنەی ستاندارمان هەن، هەر یەکەیان ئەرکێک و کاراکتەرێ بەرجەستە دەکەن، هەر وێنەیەک لە بەرانبەری ئاوێنەیەک هەیە. لێرە بە کورتی ئەو وێنەو ئاوێنانە دەخەمە ڕوو:

| **وێنە** | **ئاوێنە** |
| --- | --- |
| ١- ئیماندار | دۆزینەوەی خوا |
| ٢- خەیاڵ و خۆکوژی | ڕووداوەکان |
| ٣- فۆرمەکان | گۆڕان و ناجێگیری |
| ٤- مێژوونووس | گێڕانەوە |
| ٥- ونبووەکان | پەیام |
| ٦- شاعیرە لاوەکە | شیعری شکۆ |
| ٧- ئیبن سەبعین | خۆگرتنەوەی لەگەڵ خوا |
| ٨- پاشایەکی ئاریایی کۆن | مانگ |
| ٩- ناو | چێژ |
| ١٠- داهێنان | ونبوون |

**یەکەمین ئاوێنە و یەکەمین وێنە**

لە ئاوێنەدا سەرەتا هەیەو بێ کۆتاییبوون، بەڵام لە وێنەدا تەنیا بێ کۆتاییەکان هەن، لە ئاوێنەدا متبوونێکی کاتی و لە وێنەدا متبوونێکی هەمیشەیی هەیە، وێنە گوزارشت کردنە لە خودی خود، ئاوێنە گوزارشتە لە خودی ئەو. وێنە و ئاوێنە دوو دنیان مێژوویەکی دێرین کۆیان دەکاتەوە، مێژووی خۆویستی و خۆدۆزینەوەو خۆبینین، مێژووی خۆپەرستی و ڕاستی و دروستی. وێنە و ئاوێنەکانی عەتا جیهانێکن لە کۆمەڵێ وێنەو ئاوێنەی ڕووداوو کارەکتەر ـ بەسەرهات و وردبوونەوە، دەمامک و ڕووهەڵماڵراو.

لەیەکەمین ئاوێنەدا تەنیا وێنەیەک نییە، بڕێکی زۆر

وێنە هەن، پاشان لە وێنەکانی تردا دووبارە دەبنەوە، بەڵام لێرەشدا وێنەیەکی سەنتەرمان هەیە کە ئەویش «ئیماندارە»، ئاوێنەکەش «گەڕان»ە، واتە گەڕان بەدووی پڕکردنەوەی کەلێنەکانی مێژوو، وەدەست هێنانی وەڵامی ڕەها.

ئەم بەشە پڕە لە ڕووداو، کەچی بێ ڕووداویشە، پڕە لە گەڕان، کەچی بێ ئەنجامە، ڕووداوی کەشی ئیماندار پڕە لە تەلیسم و بینین، وێنەکان ئەوەندە گەورە دەبن، کەس تەحەمولی بینینی ڕووداوەکانی ناکات، بۆ ئەوەی ئەو بێ تەحەمولییە لای خوێنەر بشکێنێ، کرداری کوشتن دێتە ئاراوە.

چیرۆکنووس وەک چیرۆکنووسێکی تەقلیدی، مامەڵە لەگەڵ پاڵەواندا ناکات، لێرەدا بیری پاڵەوان ڕەت کراوەتەوە، هەرکەسێ بێ ئەوەی تێبینی ئەم چیرۆکە بکات، بۆی دەردەکەوێ کەسی ئیماندار کەسێک نییە، بۆ ناوو سامان و مێژوو، پایەو وەدەست هێنانی شتێکی ماددی کار بکات، ئەمەش بۆخۆی سیفەتی پاڵەوانی تەقلیدی نێو چیرۆکەکانە، ئیماندار کەسێکی یونیفێرسێڵە «واتە سەر بە هەموو زەمەن و کات و شوێنێکە» بۆیە نەبوونی ناو بۆ کەسێک واتە سڕینەوەی ئەو نییە وەک تاکەکەس، بەڵکو بەرجەستەکردنێتی لە هەموو جەستەو گیانێکی تردا.

گەشتی ئیماندار، مەبەستەکانی ئاشکران کە ئەویش دۆزینەوەی خوایە، هەرچەندە ئەو ڕاستییەش دەزانێ کە خوا لە هەموو شوێنێکە، کەچی هەر بەدوویدا دەگەڕێ، دیارە ئەمەش بیری بێ هوودەییە کە لە نێو زۆربەی ئەو وێنانەدا دەبینرێ کە باس لە گەڕان دەکەن، ئەمە بەردەکەی سیزیفمان وەبیر دێنێتەوە، گەڕان بەدووی خوا، هێمای سەرەکی چیرۆکەکەیە.

ئاوێنە هێمای بێ کۆتاییە، شکانی ئاوێنە نەمانی وێنە ناگەیەنێت بەئەندازەی ئەوەی مانای تێکشکانی وێنە دەگەیەنێت، لەم چیرۆکەدا وێنەی خوا لە ئاوێنەی هەمووواندا ڕەنگ دەداتەوە، ئیماندار وێنەی خۆی لەهەموو ئاوێنەکاندا دەبینێتەوە بە ئاوێنەی خەلیفەشەوە، بۆیە بڕیاری کوشتنی ئیماندار لەلایەن خەلیفەوە بڕیاری دڕاندنی وێنەی ئیمانداره تاوەکو لە ئاوێنەی هەمووواندا وێنەیەکی تر دەرکەوێ کە جیاواز بێت، ئەگەر وێنەی ئیماندار بمێنێتەوە، ئەوە هەموو شتەکان لە یەک دەچن، هەموو وێنەکان لە ئاوێنەی هەمووواندا یەک ڕەنگدانەوەیان دەبێت. کوشتنی ئیماندار، دڕاندنی وێنەی گشتە.

بە پێی یاساو ڕێسای خەلیفە نابێت هەموو شتەکان لەیەک بچن و ناشبێ خەلیفە هەموو شتێک لە شێوەی خۆیدا ببینێت.

کەواتە لەم بەشەدا پێوەندییەکان دەکرێ لەم ڕەنگدانەوەیەدا بەرجەستە بکرێت، واتە وێنەی ئیماندار وێنەیەکی دووبارەبوونەوەی مێژووە، ئیماندار بەدووی خوادا دەگەڕێ، بەڵام ئەنجامی سەفەرەکەی یەکبوونە لەگەشت بەخواشەوە، ئەمەش گەیشتنە بە موتڵەق، ئیماندار بەسەفەرەکەی دەگاتە کۆتایی، کۆتایی ئیماندار کوشتنیەتی. ئەم وێنەیە تەواو وێنەی دووەم و سێیەمی مێژووە .

مەسیح بەدووی دۆزینەوەو گەیاندنی بیری باوک ( کە خوایە ) دەگەڕێ، لە کۆتاییدا بەوە دەگات کە دەبێ لەگەڵ باوکی خوادا یەک بگرێ، بۆیە لە خاچ دەدرێ، لەخاچدانی مەسیح کۆتایی نییە، بەڵکو گەڕانەوەی کۆتاییە، لەبەرئەوەی بۆ هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدا دەمێنێتەوە، واتە وەک ئیماندارەکە ژیانی دووبارەی خۆی لە گشت مرۆڤدا دەبینێتەوە. ئەم وێنەیە لای حەللاجیش هەر هەمان وێنە و حاڵەتی دووبارەبوونەوەیە.

وێنەی ئیماندار و مەسیح و حەللاج سێ وێنەن لە ئاوێنەی بێ کۆتایی و گشت و موتڵەقدا یەک دەگرنەوە.

## دووەمین وێنە و ئاوێنە

لەوێنە و ئاوێنەی دووەمدا وێنەی زاڵ خەیاڵە، بەڵام وێنەی سەرەکی لەبیرچوونەوەیە. مرۆڤ بۆ ئەوە دەژی تا شتەکان لەبیر بکات، لەبیرکردن شێوازێکە بۆ بەردەوامی، یان شێوازێکە بۆ هەڵهاتن، هەر خودی فریانەکەوتنیش کە چیرۆکنووس ئاماژەی بۆ دەکات، شێوەیەکە لە هەڵهاتن.ئەو شتانەی باس دەکرێن – هەموو ئەو شتانە نین کە ڕوویان داوە، مێژوو شاردنەوەی ڕووە دزێوەکەی ژیانە، بیرەوەری پیاهەڵدانە بەخۆ – ئەوەی دەنووسرێ و دەوترێ، تەنیا خۆزل کردنەوەیەکی سادەیە، ئەوەی لە بارەی شتە جوانەکانەوە دەوترێ هەوڵە بۆ شاردنەوەی شتە دزێوەکان، سیاسییەکان ئاوێنەیەکی جوانن لەبەسەرهاتدا، بەڵام لە پشتەوەی ئەو بەسەرهاتانەدا وێنەیەکی ناشیرینی خۆیان ئارایشت دەکەن.دیارە ئەو ئارایشت کردنە خەیاڵێکە بۆ جوانکردنی مێژووی دزێوی خۆیان، کەسی داهێنەر پەنا دەباتە بەرخۆکوشتن، خۆکوشتنی جەستەیی یان ڕوحی .

لێرەدا وێنەی سەرەکی بریتییە لە خەیاڵ و خۆکوژی، ئاوێنەش ڕووداوەکانە. هەمەنگوای خۆی دەکوژێ تا بە کوشتنی خۆی جوانترین ڕۆمان بنووسێ، یەسنین بە کوشتنی خۆی جوانترین چوارینە، نیتشەش بە شێتبوونی

خـۆی جــوانتــرین کــتـێـبی نووســیــوه، هەروەک چۆن شـەڕکـەرەکـان بە شـەهیـدکـردن و سنگ نان بە گـوللەو خۆبەکوشتندانیان مێژووی جوانی خۆیان دەنووسنەوه، ئەو وێنە جـوانانـەی کە هەمیـشـە لە خـەیاڵدا دەمـێننەوە ئەو وێنانەن کە لە ئاوێنەی زاکیـرەمـاندا جـوانتـرین نهـێنی بەجێدێڵن، ئەو وێنانەی لە ئاوێنەی خەیاڵماندا هەمیشە شەوق دەدەنەوه.

لێـرەدا چیـرۆکنووس مـەسـەلەی جـوانی بە داهێنان دەبەسـتـێـتـەوه، بەسـتـنەوەیەکی باڵاو پاراو، لەو دیوی ژیانەوە دێتـــە دی. ئەم لێکدانەوەش بە پێی پەیڕەوی بریمون بەم شێوەیە دادەڕێژرێ:

**یەکەم**: داهێنانی جوانترین تێکست «کە هەمەنگوای و یەسنین و نیتشە» ئەنجامی دەدەن.

**دووەم**: جوانترین ژیان «شەهیدبوون»

بۆ بە ئەنجـامـدانی ئەم دوو حـاڵـەتەش دوو حـاڵـەتی ترسناک هەیە:

خۆکوشتن و کوژران

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەش دەبێ بەرگرییەک هەبێت کە ئەویش:

نیەتی خۆکوشتن بەرانبەر بە ترسناکی

نیەتی خۆکوشتن ئەنجامەکەی ناووناوبانگە

ئەگەر کـوشتن بە ئەنجام نەگـات ئەوەی کە ڕوودەدات: لەناوچوون و بیـرچوونەوەیە، بۆ ئەوەی ڕێ لە لەناوچوون و بیـرچوونەوە بگیرێ، دەبێ کرداری نەمـانی جەسـتـەیی ڕوو بدات.

بۆیە لە حاڵەتی شاعیرە کوێرەکە کە باسی شەڕەکانی سوڵـتـان سەلیـمی قـانوونی دەکـات، بەجـۆرێک باس لەو شـەڕانە دەکـات، سـوڵـتـان تووشی سـەرسـامی دەبێت، ئەوێک کـە هەرگـیـز شـەڕی وا سـامناکی نەکـردووه، بڕیاردەدات ئەو شەڕە خەیاڵییە کە شاعیرە کوێرەکە هەر هەمـووی لە خـەیاڵەوە هێنابوو، بیکا بە شەڕی ڕاستی و لەسەر زەمینەی واقیعدا جێبەجێی بکات.، یان نموونەی ئەو چیرۆکنووسەی کە کوشتنی خۆی دەکا بە شێوازێک بۆ ئاشکرابوونی ئەو کوشتنەی کە ئەنجامی دەدات.

کەواتە بەخەیاڵ کردنی ڕووداو، لەم چیرۆکـەدا گەڕانە بەدووی شتە نەوتراوەکان بۆ ئەوەی لە لەناچوون قورتاری بکات و لە مەودایەکی بێ کۆتاییدا بیژێنێ، مەرگی تاک لە نێـو ئەم چیرۆکـە، سیـمـایەکی مۆدێرنیـزمی چیـرۆکە، بارت وتەنی نائامـادەیی کـەسـایەتی لە نێـو ڕۆمـانی ئەم سـەردەمەدا، سیـمـای ڕۆمانی ئەم سەردەمەیە.کوشـتنی واقیع ڕێگایەکە بەرەو خەیاڵ، خەیاڵیش ڕێگایەکە بەرەو داهێنان. ئەوەی وای کـردووه، کـە هەمـوو دیاردەکـان بەدووی نەمریدا بگەڕێن، دەربازبوونە لە شتە باوەکان، لێــرەدا لە ئاوێنەو وێنەی دووەمــدا، خــەیاڵ دەتوانێ جوانترین خوێن بڕێژێ. ئیستێتیکای مەرگ لە ئاوێنەدا وا دەکات کە ئیستێتیکای هونەری بخوڵقێ.

## سێیەمین ئاوێنە و سێیەمین وێنە

دەکـرێ بە چەندین شـێــوە وێنەکــان لە نێــو ئاوێنەدا دەرکەون، ئەمـەش بە پێی شێوەی ئاوێنەکـان دەگـۆڕێن، نەک وێنەکـان، لەم چیـرۆکـەدا گـۆڕینی فـۆرم، گـۆڕینی وێنەیە، شێوەکان دەکرێ بگۆڕدرێن، بەڵام ماناکان وەک خۆیان دەمێننەوه، لەم بەشەدا فرەفۆرمی و فرە وێنەیی و فـرە شـێـوازی پانتـایـیـەکی فـراوانی داگـیـرکـردووه، فرەشێوەیی دەروازەیەکە بەرەو نزیکبوونەوە لە جیـهـانی جێگۆڕکێی فـۆرمەکـان. بۆ گۆڕان تـەنیـا گـۆڕانی دەرەکی مـەرج نییـە، بەڵکو هەندێ جار شێـوەی گـۆڕان لەناوەوە دەست پێ دەکات، ئەم گۆڕانانەش بە شێوازی جۆراوجۆر دێنەدی، لە باوەڕەوە بۆ بێ باوەڕی، لە هیــــچــەوە بۆ مەزنترین، لە ڕۆیشتنەوە دەبێ بە هاتن، لە گۆڕانکارییە دەرەکییەکانیش دەبینین، بازنە دەبێ بە سێگۆشەو ڕاستە هێڵ ڕۆڵی هەموو فۆرمەکان دەگرێتەوه.

بۆیە لێـرەدا مـێــژوو دەبێــتــە شــوێنی یاریکردن و ئاڵوگۆڕکردنی فۆرم و فگیورەکان، کەنیزە دەبێتە کارکەرو خەلیفـەش دەبێ بە دیکتـاتۆر. لەم بەشـەدا دوو شتی زۆر گرنگ یان دوو ڕێرەوی زۆر گرنگ پێکەوە کۆدەبنەوە کە ئەویش زانستی ئەندازەو هێڵکاری لەگەڵ فەلسەفەیە.

دیارە بیری سەرەکی لێرەدا توانەوەی شتـەکانە لە نێو یەکـتـری، وێنەی سـەرەکی «یەکـشـێـوەیی» و ئاوێنەش «ناخی شتـەکـان» ە، لێرەوە دەتوانین ئاماژە بە خـاڵێکی زۆر گـــرنـگ بـکـەیـن ئەویش ئەوەیە کـــە گـــۆڕان یان بەیەکـــچـــوونی شـــتـــەکـــان کـــارێکی ڕێژەییـــە و لە کارەکتەرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمـێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، لەم چیـرۆکـەدا چێژ لای یەکێک ئازارەو لای یەکێکی تر خۆشییە، هەر ئازارەو لە شوێنێک دەبێتە خۆشی و چێژ و لە شـوێنکی دی وەک خـۆی دەمـێنێـتـەوه. ئەمـەی لێـرەدا خـراوەتە ڕوو ڕوانینێکی سایکۆلۆژیانەو بایەلۆژیانەیە، عـەتا دەیەوێ بڵێ شـتـێـک نیـیـە لە مـانا ڕەها بێت، هەر حـاڵـەتەو پێوەندی بە سات و شێوەی وەرگرتنی ڕووداوەکەوە هەیە. ئازاری ئـایینپـــەروەر (چێــژه)، ئازاری ئایدیۆلۆژیخــواز (چێــژه)، ئازاری ئاشق (چێــژه). کــەواتە ئەمـــەش بەیەکـداچوون و تێکەڵبـوونی سیـفـەتە سـایکۆلۆژی و بایەلۆژییەکانی ڕوح لەبەرە، ئەم تێکەڵبوونی فۆرمە وای

لە عــەتا كــردووە تەنانەت هەمــوو شــتــەكــان وەك تێكەڵەیەك ببــینی، ئەو ناتوانێ هیچ شــتــێك وەك شــێــوەیەكی ڕەها لەقــەڵەم بدات. ، بەڵام پێی وایە لە فۆرمدا ڕاستـەهێڵ سەرچاوەی هەموو فۆرمـەكانە، بەڵام ئەوەی سـەیرە ئەو لە ڕوحدارانـدا یەكـێك بە سـەرچاوە دانانێ و ڕوحداران وەك شێوەیەك لە تێكەڵە دەیبینێ، بەڵام وەكو فـۆرم ڕوحـدارەكـانیش بە فـۆرمـێكی تێـكەڵە دەبینێ.

لێرەدا عەتا تاڕادەیەك لە عەبدوڵلا سەراجمان نزیک دەكـاتەوە، كـاتێ كـە لە كـۆمـەڵە چیـرۆكی «لاكـێـشـە ڕووناكـەكـان» ئەم شـێـوە تێكەڵبـوونی فـۆرمـانە دەخـاتە بەرچاو، دیارە خـاڵ سـەرەتاو دەسـپـێكردنە، بۆیە لێـرەوە دەچێتە نێو ململانێی «ئازار» و «بیركردنەوە»وە.

دیارە تێكەڵبـوونی بەرفـراوانی نێـوان ئازار و چێـژ ئەوەندە مەزنە، وای كردووە چیرۆكنووس بێ سڵكردنەوە بڵێ، هەموو شتەكان لە ڕوویەكەوە لە شتێكی تر دەچن، ئەگـەرچی زۆر جیـاوازیش بەدەربكەون، یان بەشـێك لە یەكـتـری هەڵدەگـرن. وەك پێـشـتـر ئامـاژەم بۆ كـرد، مــەســەلەی ئازار و چێــژ دوو مــەســەلەی زۆر گــەورەی فــەلســەفی و ئـاییـنین، لەڕووی خــۆشــەویســتی و خۆتەرخانكردن و خۆبەختكردن بۆ بەرنامەو مەبەستێك .لەو ساتانەدا هەموو شتەكان بۆ یەكتری دەگۆڕێن، ئازار دەبێ بە چێـژ و چێـژیش بە ئازار،چێـژوەرگـرتن لە ئازار حاڵەتێكە لە خۆشەویستی بەرانبەر بەو مەسەلەیەی كە لە پێناویدا تووشی ئازار دەبێ، ئاشق و ئاییـنیـپــەروەرو سیاسی هەڵگری خۆشەویستییەكن، ئازارەكانیان بۆ چێژ دەگۆڕێن، بەڵام بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، واتە گـۆڕینی چێژ بۆ ئازار.

دەكـرێ چێـژی دەسـەڵات، ئازاری ڕوحی هەندێ كـەس بدات، چێژی دەوڵەمەندی ئازارێكی درێژخایەنی لە دوو توێی خـۆیدا هەڵگرتبێ، بۆیە ئەگـەری تێكەڵبـوونی دژەكان لە نێو یەك ڕوحدا هەیە.

یان دەكـرێ ئەو ئازارانەی كـە دەبنە چێـژ، لە دووتـوێی خـۆیاندا خـۆشـیـیـەكـانیـان هەڵگرتبێ، كە چاوەڕوانی تێـدایە، واتە چاوەڕوانی بەرەو مـەبەسـتـێكی باش و ئامـانجـێكی دیاریكراو، هەروەها بەجـێـهـێنانی بەرنامەكانی ژیان.

شێوەی تێگەیشتن لەم تێكەڵكارییە بریتییە لە ڕوانین بۆ ژیان بە شێـوەیەكی ڕەنگاوڕەنگ نەك بە یەكـڕەنگی، نەمانی یەك مەودایی بۆ لێكدانەوە وای كردووە كە زۆر لە شـتـەكـان چەند ڕوویەكـیـان هەبێ، هەروەك چۆن ژیان بریتـیـیـە لە كـۆمـەڵێكی زۆر لە سـیـفـەتی ناچوونیـەك، كەواتە دەكرێ گۆڕانكاری تێگەیشـتنمان بۆ سیفەتەكان بگۆڕێ، لە باشەوە بۆ خراپ و لە خراپەوە بۆ باش، یان بە پێچەوانەوە.

**بیرچوونەوە و لەیادكردن**

هەروەك چۆن سـیـفـەتێكی ڕەها نییـە بۆ هیچ شـتێ، كـەواتە بیرچوونەوەی ڕەهاش نییـە، كـەس نییـە بتـوانێ شتـێك بۆ هەتایە لە ناخیدا بسڕێتەوە، لە میـمـۆرییاندا هەمـیـشـە پاشمـاوەیەك لەو بیـرەوەریانە دەمێنێـتـەوە كە لەگەڵیاندا ژیاوین و بەئەزموونیدا تێپەڕیوین. یادكردنەوە پێوەندییەكی پتەوە بە (بیستن و خەیاڵكردن و لەگەڵدا ژیان )، یادكــردنەوە، پەیوەســتــبــوونە بە زەمــەنەوە، لەیادكــردن داپچــڕانە لە زەمــەن، ڕووی ســایكۆلۆژی یادكردن، ڕوویەكی هەستییە و پێوەندی بەبواری هەست و زەین و هەڵچـوونەكـانەوە هەیە، كـاتێ پێـوەندی نێـوان كــەســایەتی و ڕووداوەكــانی زەین دروست دەبێت، مەسەلەی یادكردنەوە ڕوو دەدات، هەر لەهەمان كاتیشدا دەكرێ لەیادكـردنیش ڕووبدات، لێـرەدا ئەمـە دوو شـتـەو یەك ڕوانینیان بۆ هەیە، لەڕووی سایكۆلۆژی و زەینییەوە شتـێكی زانسـتی و ڕاسـتە، واتە دەتوانین لەهەردوو ئەو پێـوەندییـەدا ئەو دوو حـاڵەتە بەرجەسـتـە بكەین، بەڵام ئەمـە كـارێكە ئێـمـە بە ئەنقـەست دەبێ هەڵبـبـژێرین و لەخۆیەوە دروست نابێت، ناتوانین بە بێ كۆنترۆڵی عەقڵ یادكـردنەوە بۆ لەیادكـردن بگۆڕین یان بە پێـچـەوانەوە . كـاتێ یادی یەكێ دەكـەینەوە، ئەوە بڕیارێكمـان بە عـەقڵ داوە تا ئەم كارە بكـات، بەڵام دەكرێ ئێـمە بە شێوەیەك پرۆسەی یادكـردنەوە بكەین كە كەسی یادكراو لە ناخی لەیادكردنێكی هەمـیشـەییدا گۆڕبنێین. كەواتە ئەمە بە چ شێوەیەك پێوەندی بە پرۆسەی یادكردنەكەوە هەیە، دیارە لای چیــرۆكنووس، یادكــردنەوەی كــوشـتن و دووبارە زیندەبەچاڵكردنەوەی مــــردووەكــــان دەگــــەیەنێت، بەپەراوێزكردن شـێـوازێكە بۆ یادكـردنەوە، شـێوازێكە بۆ لەناوبردنی فۆرمـە ئەسڵـیـیـەكـان و جـێگۆڕكێ پێكردنی فۆرمە موزیبییەكان.

دیاردەی مـەرگ و زیندووبوونەوەی خـانە زیندووەكـانی لەش لە جێگای ئەواندا، شێوازێكە بۆ بەردەوامی ژیان، دیارە مــەرگی هەر فــۆرمــێكیش مــەرگی هەر شــێــوە فـۆرمـێكیش دووبارە زیندووبوونەوەی فـۆرمـێكی تـرە لە جــێگای ئەوان. بیــری مــەرگ جــێگۆڕكــێــیــە بە پێوەندییەكان، واتە كـاتێ ڕوحێ دەمرێ، جێگای ڕوحی خـۆی بە ڕوحێكی دیكە دەبەخـشێ، بەمـەش بەردەوامی خـۆی لەجـەسـتـەیەكی دیكەدا دەبینێـتـەوە، بۆیە ئەم

جەستەیە یادکردنەوەی ئەو لەیادچووەیە کە نەماوەو لە عەدەمدا دەژی، لە هەمان کاتدا بەردەوامی ئەو لەیادکردنەوەی ئەو دیسان شێوەیەکە لە لەبیرچوونەوەی ئەو.

کەواتە لێرەدا دەکرێ ئازارو لەیادکردن کە چیرۆکنووس لەدوو پەرەگرافی جیاوازدا ئاماژەیان بۆ دەکا، تەواوکەری یەکتری بن و یەکتریش ڕەت کەنەوە، ئازار وەبیرهێنانەوەی شتێکە لە پێوەندییەکی جەستەییەوە دەگاتە مێشک و لە مێشکەوە پرۆسەی ئازار دەست پێ دەکا، بۆیە کاتێ ئەو بیرکردنەوەیە دەربارەی ڕووداوێکی ئازاراوی بێ، ئەوە لەیادکردن هەوڵێکە بۆ هەڵهاتن لەو ئازارە. یان بە پێچەوانەوە. داڕشتنی ئەم چیرۆکە لەلایەن چیرۆکنووسەوە، تەکنیکێکی هونەری پڕ توانای تێدایە، کە کۆکردنەوەی دوو حاڵەتی ئازارو لەیادکردن لە دوو ئاستی جیاوازە کە دەبنە هۆی یادکردن و ئازار، یان کاری چێژو لەیادکردن ئەو ئازارە لەناودەبەن. هەر لەم ڕێگایەشەوە مرۆڤ دەگاتە ئاشکراکردنی تەلیسم و نهێنییەکانی خودی خۆی.

## چوارەمین وێنە و ئاوێنە

ڕووداو نهێنی ئاشکرا ناکات، ڕووداو نهێنی تر بەدووی خۆیەوە دەهێنێ.

لەم بەشەدا وێنە «مێژوونووسە»

ئاوێنەش «گێڕانەوەی ڕووخانی بەغدا» یە.

لێرەدا لە ئاوێنەی داگیرکردن و تالان کردندا وێنەی مێژوو دووبارە دەبێتەوە.کۆمەڵێ وێنەمان لەبەردەستدایە، بەڵام لە وێنەیەکی سەنتەریدا کۆدەبنەوە کە یەک جوگرافیاو یەک ڕووبەرە کە ئەویش وڵاتێکە کەوتووەتە نێو دوو ڕووبارەوە، جارێ دەبێ بە بابل و جارێک دەبێ بەبەغدا، لێرەدا نهێنییەکان لە مۆزەخانە و لەنێو مێژوودان. ( بابل ) ئاوێنەیەکە بۆ هەموو شارە خەیاڵییەکان، دیارە حەتمیەتی ڕووخانی بابل، وەک ئەوەی پێشبینی کەران پێشبینییان کردووە، حەتمیەتی شکانی وێنەی مێژووە، نەمانی خەیاڵە، ئەو بەردەی کە ون دەکرێت، ونکردنی ئاوێنەیەکە کە وێنەی خەیاڵی بابلی تێدایە. ئەوەی ئەم چیرۆکە دەیەوێ بیڵێ ئەوەیە، کە مێژوو خەیاڵێکەو خۆمان و خەیاڵ و ئاوێنەی خەیاڵمان وەسفی وێنەکانی دەکا. بابل خەیاڵێکە هەموو سەدەیەک لە شێوە شارێکی تردا بە دەردەکەوێ، بەغدا کە بەدەست داگیرکەرانی هەرەس دێنێ، هەرەسی ئەو شارە خەیاڵییەیە کە هەموومان لە واقیعێکی بەڵگەنەویستدا بینیومانە.

لە سەربەردێکی ونبوو، باس لە شارێکی خەیاڵی کراوە، گومان هەیە لەوەی خەیاڵی بێت، بەڵام پەیوەستبوونی وێنەی ڕووخان و بەرد و بابل، پێوەندییەکی ئارکیۆلۆژیانەیە کە چیرۆکنووس لە ڕووخاندنی سەرزەمینێکا بەدووی بەردێکدا دەگەڕێ کە وێنەو وەسفی شارێکی خەیاڵی لەسەرە، سێ جێگا لە نێو چیرۆکەکەدا وێناکراون: بەغدا، بابل، مۆزەخانە ... بەرانبەر بەم سێ جێگایەش دوو وێنەمان هەن، واقیع و خەیاڵ ... بەغدا دەڕووخێ واقیعێکی بەڵگەنەویستە، بەردێک لە مۆزەخانە دەدزرێ خەیاڵە، لەبەر ئەوەی کەس نازانێ ئەو بەردە چۆنەو چی لەسەر نووسراوە، باس لە شتێکی خەیاڵیش دەکرێ کە بابلە. گومان لەبوون، گومانە لە مێژوو، دڵنیانەبوون بەرانبەر بە بوونی بابل دڵنیانەبوونە بەرانبەر بە هەموو ئەو مێژووانەی نووسراونەتەوە.

شکاندنی ئاوێنە، لەم چیرۆکەدا شکاندنی خەیاڵ و واقیع پێکەوەیە، جارێک ڕووخانی بەغدا شکانی ئاوێنەی واقیعەو ونبوونی بەردی مۆزەخانەکەش ونبوونی مێژووە، واتە شکانی ئاوێنەی خەیاڵە کە لە مێژووی تۆمارکراودا بەرجەستە بووە. هەموو مێژوو دووبارەبوونەوەی ئەو شکانەیە، هەموو ئەو شارانەی لەم ڕووبەرەدا وێنەیان لە مێژووی واقیعیدا هەبووە، ئاوێنەکانیان شکاوەو تەنیا لە وێنەی خەیاڵدا ماون، بۆیە گومانی بوونی بەغداو بابلیش گومانی بوونی وێنەی ڕاستەقینەیانە، واتە نەبوونی ئاوێنەی نەشکاوی ئەوانە. وێنەی خەیاڵی لەنێو ئاوێنەکانی مێژوودا چیرۆکنووسی لەبەردەم گوماندا داناوە.

وێنەی مێژووی شارەکانی ئەو ڕووبەرە بە بابل و بەغداشەوە، لەبەرئەوەی بەرگەی لەناوچوونیان نەگرتووە، کەواتە بوون بە وێنەیەکی خەیاڵی لە نێو ئاوێنەیەکی لێڵدا، بۆیە گەڕانیش بەدووی خەیاڵ بێهوودەییە، بۆیە شایەنی گەڕان نییە.

# نیما یوشیج
# و
# دۆستێکی کوردی تاقانە

**ئامر طاهر**
**(پاریس)**

**پێشەکی**

ئەم بابەتەم وەڵامی پرسیارێکی ئەدەبی ناداتەوە، بەڵکو لایەنێکی باڵکێشی ژیانی شاعیری گەورەی ئێرانی "نیما یوشیج" دەخاتە ڕوو. ناوەرۆکی بە دەوری دۆستایەتی لاوێکدا دەسووڕێتەوە کە لە ژیانە پڕ مەینەتییەکەی نیمادا بێ وێنە بووە. یاداشتەکانی خودی شاعیر لەبارەیەوە سۆزناک و هەست بزوێن. پێم خۆش بوو لەلایەک خوێنەرانی گۆڤاری (ڕامان) لە ناسینی ئەم هاوڕێیەتییە بێ خەوشە بێ بەش نەبن، لەلایەکی دیکەش بەم وتارە ئەو لاوە ناوبزرە بە ڕۆڵەکانی گەلەکەی بناسێنم.

**نیما: ژیانی، هەڤاڵانی**

بۆ ئەوەی باشتر درک بە گرنگی و بەهای ئەم پێوەندییە بکەین، چاکتر وایە پێشتر بە کورتی باس لە کەسایەتی نیما، ژیانی تایبەتی و بیروڕای لەبارەی خەڵکی دەوروبەری و هەڵسوکەوتیانەوە بکەین.

نیما یوشیج شاعیربوو، شاعیرێک بە هەموو مانای وشە. هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەم هونەرە کەوت و پەرەی پێدا. لە ساڵی ١٨٩٧ لە گوندی "یوش"ی سەر بە ناوچەی "مازەندەران"ی کەنار دەریای قەزوین لەدایک بوو. بۆ درێژەپێدان بە خوێندنی نێردرا بۆ تاران و لە قوتابخانەی «سەن لووی – Saint Louis» فەرەنسی قۆناغی ئامادەیی تەواو کرد، بەڵام پاش دەرچوونی، هەر بە دوای شیعر و شاعیریدا دەگەڕا. شیعرە سەرەتاییە چاپکراوەکانی کە کۆنترینیان مەسنەوی "قصە رنگ پریدە" بۆ ساڵی ١٩٢١ی زایینی دەگەڕێتەوە، زیاتر ڕەنگوڕوویەکی کلاسیکیان پێوە دیار بوو، بەڵام هەمیشە بە دوای ڕێگایەکی تازەی داهێنانی شیعریدا دەگەڕا و زانینی زمانی فەرەنسی یارمەتیدەری بوو بۆ ئەم مەبەستە. بەهۆیەوە توانی لە ناو شیعری ئەوروپی و بەتایبەتی فەرەنسیدا بە دوای ڕێباز و شێوازی نوێی ئافراندنی شیعریدا بگەڕێت. هەرچەندە پێشتر لە ساڵی ١٩٢٢ بە لەچاپدانی بەشێکی شیعری "افسانە" ناوبانگی دەرکردبوو و هەر لەوکاتەوە بە شاعیرێکی خاوەن ڕێچکەیەکی جیاواز ناسرابوو، بەڵام ئاکامی ڕاستەقینەی هەوڵ و کۆششەکانی لە ساڵی ١٩٣٧دا بەدیار کەوت. لەو ساڵەدا بە لەچاپدانی شیعری

"ققنوس" کە بە کێشی عەرووزی ئازاد نووسیبووی، دەرگای ئاسۆیەکی تازەی بەرەورووی هونەری شیعری فارسیدا کردەوە(١).

بەداخەوە ئەم بلیمەتی و لێهاتووییە لە جیاتی ئەوەی ببێتە جێی ڕێز و ستایشی خوێنەرانی، بووە مایەی نەهامەتی و ئازارێکی زۆر بۆ شاعیر. ئەم شیعرە نوێیانە وەکو زۆرانبازییەک وا بوون کە ئاراستەی سامانی هەزار ساڵەی شیعری کۆنی فارسی دەکرا. پێگەی شیعری کۆن لە کۆمەڵگای ئێرانی ئەو کاتدا ئەوەندە بەهێز و پتەو بوو کە ڕەخنەگرتن، یان لادان لێی کارێکی زۆر ئەستەم بوو، هەر لەبەر ئەوەش شیعری نوێی نیما لە سەرەتای بڵاوبوونەوەیدا هەرایەکی زۆری نایەوە. لەو سەردەمەدا لایەنگرانی شیعری کۆن لە ڕووی ژمارە و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕامیاریشەوە زۆر بەهێز بوون. باشترین نموونەیان "ملک الشعرا بهار" کە ڕابەرایەتی ئەو تەوژمەی دەکرد و ماوەیەکیش بوو بە وەزیری فەرهەنگ، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ناوەندە شیعری و ئەدەبییەکانی ئێرانی ئەوکاتەدا هەبوو. لە گوتارێکدا بە ناوونیشانی "شیعری فارسی" کە لە گۆڤاری "پەیامی نوێ" چاپ بووە، بە کورتی باس لە جۆرەکانی شیعری فارسی و قۆناغەکانی گەشەکردنی و قوتابخانە جیاوازەکانی (بە شیعری تازەشەوە) دەکات و لە کۆتایی گوتارەکەدا لە ژێر ناوونیشانی "شعرای معروف هر دوره" لیستێ لە ناوی شاعیرە بەناوبانگەکانی هەریەک لەو قۆناغانە دەخاتە ڕوو. ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٤٦ واتا نۆ ساڵ دوای دەرچوونی یەکەم شیعری نوێی نیما "ققنوس" نووسراوە، کەچی لەدوا خاڵی ئەو لیستەدا کە تایبەتە بە شاعیرانی قوتابخانەی گەڕانەوەی ئەدەبی و شێوە ئازادەکانی شیعری هاوچەرخ، ناوی نیمای نەهێناوە(٢). تەنانەت پورزای نیما "پرویز ناتل خانلری" (٣) کە لە منداڵییەوە شەیدای شیعری نیما بوو و لە نیماوە فێری هونەری شیعر و شاعیری ببوو، دواتر تا پلەی وەکیل وەزیر بەرز بووەوە و وردە وردە لێی هەڵگەڕایەوە و دەستی دایە دژایەتی نیما و هونەرەکەی(٤).

جا ئەوانەی کە لەدژی بوون، لە بەکارهێنانی هەرچی ئامرازێکدا بۆ ناوزڕاندنی دریغیان نەدەکرد. لە ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە ئاشکرا دەیاندایە بەر هەڕەشە و جنێو و سووکایەتییان بە خۆی و شیعرەکانی دەکرد(٥). لەبەر ئەوەی لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە چەپڕەو و لەگەڵ بیروڕای ڕاستڕەوە دەسەڵاتدارەکاندا ناکۆک بوو، هەندێ جار بە کۆمۆنیست بوون، یان هاودەست بوون لەگەڵ حزبە چەپڕەوە بەرهەڵستکار و قەدەغەکراوەکاندا (بە تایبەتی حزبی توودە) تۆمەتبار دەکرا و بە هۆیەوە تووشی ڕاوەدوونان و زیندان دەبوو. هەندێ لەوانەش کە درکیان بە تازەیی هونەری شیعری نیما کردبوو، هەوڵیان دەدا بە نووسین و لەچاپدانی یەک دوو شیعری بەرواڵەت هاوچەشن، ناوبانگی ڕابەرایەتی ئەو ڕێچکە تازەیە بۆ خۆیان بەرن. لە یەکەمین کۆنگرەی نووسەرانی ئێراندا کە لە ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن "ئەنجومەنی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی ئێران و یەکێتی سۆڤیەت"ی جارانەوە ڕێک خرا و بە سەرۆکایەتیی "بهار" (وەزیری فەرهەنگی ئەو کات) بەڕێوە چوو، نیما تاکە بەشداربووی کۆنگرەکە بوو کە لە کاتی پێشکەشکردنی بابەتەکەیدا (ژیاننامەی خۆی لەگەڵ خوێندنەوەی چوار دانە لە شیعرە تازەکانی) کارەبا بڕا و ناچار بوو لە ژێر ڕۆشنایی مۆمێکدا بەردەوامی بە قسەکانی بدات.

ماوەیەکی زۆری خایەند بۆ ئەوەی شیعری نیما لە نێو شاعیران و نووسەراندا جەماوەر و لایەنگری خۆی هەبێت و دواتر وەکو باوکی شیعری نوێی فارسی بناسرێت. ئەمەش لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا و بە تایبەتی پاش مردنی هاتە دی. «جەلال ئال ئەحمەد» کە یەکێک لە لایەنگرانی شیعری نیما بوو، ڕێوڕەسمێکی ڕێزلێنانی لە ماڵی خودی نیما و بە بەشداری هەندێ لە برادەرانی بۆی ڕێک خست. نیما ئەو کاتە تەمەنی ٥٥ ساڵ بوو، بەڵام ئەم هەوڵە بچووکانە بە هیچ شێوەیەک نەبوونە هۆی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە ژیانیدا.

خراپی باری ئابووری و کەمی دەرامەت، باری مەینەتییەکانی نیمایان چەند ئەوەندە گرانتر دەکرد. لە گەنجێتییەوە جارجار لە بەڕێوەبەرایەتییەکاندا وەکو کارمەند کاری دەکرد، یانیش لە قوتابخانەکاندا وانەی زمان و ئەدەبی فارسی دەگوتەوە. هەندێ جاریش بابەتی ئەدەبی و ڕەخنەیی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەنووسی و شیعرەکانی خۆی چاپ و بڵاو دەکردەوە و ژیانی خۆی پێ دەگوزەراند، بەڵام هەرگیز لەسەر یەک کار بە بەردەوامی نەدەما و زیاتر بە مووچەی هاوسەری خۆی "عالیە" دەژیا

که مامۆستا و هەندێ جار بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچان بوو. زۆربەی هەرە زۆری کـاتی خـۆی بە خـوێندنەوەی کـتـێب و نووسین و داهێنانی شـیـعـر دەبردە سـەر، بەو ئومـێـدەی ڕۆژێ لە ڕۆژان کـۆمـەڵگا و بەتایبـەتی دەسـتـەڵاتدارانی ئێـرانی ڕێز لە مـاندووبوون و داهێنانە شیعرییەکانی بگرن و مافی خۆی بدەنێ، بەڵام تا زیندوو بوو ئەو ئارەزووەی نەهاتە دی. لە یاداشـتـێکیـدا بە نـاوونیـشـانی "دواڕۆژی من" دەڵێت: «کـلـۆڵی و چەرمەسەرییەکی زۆرم لەپێشدایە. دەبێ ئازار بچێژم و بمرم. تەنانەت مـردنی منیش نابێ ئاسـان بێت. ئەو ئومێدەم کە هەیە، لە ناو کیسـەکاندایە. شیعرگەلێکم هەیە. بەڵام چۆن!(٦)» دواجـاریش هەر بە هەژاری و نەداری لە سـاڵی ١٩٥٩ سـەری نایەوە و مـاڵاوایی لە ژیان کرد(٧).

سەختی ژیان و ڕەفتـاری نابەجێی نەیاران و تەنانەت هەندێ لە هەڤاڵانیشی، نیمایان تووشی بێ باوەڕییەکی زۆر کردبوو. وای لێهاتبوو کە ئیتر کەم کەس هەبوو جێی مـتـمـانەی بێت. هەر لەبەر ئەوەش تووشی نائومێـدی، خەمۆکی و غـەمباری ببوو و زیاتر حەزی لە دوورەپەرێزی و گۆشـەگیری دەکرد. ئەم ڕاسـتییەش لە نامەکانیـدا و بەتایبـەتی لە یاداشـتـە تایبـەتییـەکـانیـدا بۆمـان ڕوون دەبێتەوە. نووسینەکانی پڕن لە گلە و گازندە لەوانەی بە شـێـوەیەک لە شـێـوەکـان بوونەتە هۆی ئازارچێـشتن و ڕەنجـانی. وا نەبێ کـە لە ژیانی نیـمـادا هیچ دۆست و برادەرێ بەدەوریدا کۆ نەبووبێتەوە، بەڵام سەیر ئەوەیە کە لە نووسینەکانیدا بەدەگمەن نەبێت، بە دڵێکی خۆشەوە باسـیـان لێـوە ناکـات و دۆسـتـایەتیـیـان بە بوونی بەرژەوەندییـەکی تایبـەت بۆ ئەوان لەو پێـوەندییـەدا دەگەڕێنێـتەوە(٨). لە یاداشـتێکیـدا بە ناوونیـشـانی "لاوەکان" دەڵێت: «گەلێ گـەنج شوێن پێی من کـەوتن. گـەلێ گـەنج ناوی منیـان زڕاند. زۆر زۆر لەم گـەنجـانەم بینی کە پێڕەوییان دەکردم و دواتر تفیان لێکردم(٩)..»

### دۆستێکی جیاواز

لە دوا سـاڵەکـانی ژیانیـدا نیـمـا لەگـەڵ کـەسـێکدا ئاشنابوو و دۆستـایەتیی لەگەڵدا کرد کە لە هەمـوو ئەو کەسانەی تا ئەو کاتە ناسیبوونی، جیاواز بوو. تەنیا کەسە کە ناوی هەمیشە لە نووسینەکانی نیمادا بەباشی و ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆرەوە هاتووە و چەندین جار لە یاداشـتـەکـانیـدا یادی لێ کـردۆتەوە. دیارە نیـمـا بەڕاستی باوەڕی پێی هەبوو و جێی ئارامی و متمانە و دڵخۆشی بوو. ئەو کـەسـە گـەنجێکی کـورد بوو بە ناوی "ئازەر ئەنجیری" کە نیما هەندێ جار بە (انجیری آذر)یش ناوی بردووە و پێ دەچێت شێوەی یەکەمی ڕاست بێت.

ئازەر ئەنجیـری کێ بوو؟ لە دووتوێی نووسـینەکـانی نیـمـاوە نەبێت، ئەم لاوە هیچ شـوێنەوارێکی تری لێ بەدیار نیـیـە. منیش هەوڵ دەدەم هەر لەمـیـانەی یاداشـتـەکـانی نیـمـاوە هەندێ ڕووناکی بخـەمـە سـەر کەسایەتییەکەی. جێی ئاماژەیە ئازەر ئەنجیری تەنیا لە یاداشـتـە تایبـەتییـەکانی نیـمادا ناوی هاتـووە و لە کۆی دەق و نامـە چاپکراوەکـانی تری نیـمـادا تەنانەت یەک جاریش ناوی نابینرێت.

نیـما لە یەکێک لە یاداشتـەکانیـدا دەڵێت: «ئەم لاوە تێگەیشـتـوو و ئاگـادار و ئەدیبـە لە سـاڵی ١٩٤٨ هاتە تاران و بـوو بە مـامـۆسـتـای سـەرەتایی. دواتر دایک و باوکی خۆی هێنایە تاران. برایەکی مـرد و برایەکی تری ئێـستـا خوێندکارە. خۆی بەخێوکەری خێزانەکەیەتی. لە ژوورێکی ڕووەو هەتاو بە چەرمـەسـەری ژیان دەباتە سەر.(١٠)»

پێ دەچێت یەکترناسینیان لەو کاتەدا بووبێت کە نیما کـارمەندی وەزارەتی مەعـارف بوو. ئازەر ئەنجیریش هەر لەوێ کـارمـەند و هاوکـاری نیـمـا بووە. ئەمـەش لەم نووسـینەی خـوارەوەدا بۆمـان دەردەکـەوێت: «ئەمـڕۆ لە مـەعـارف لای ئازەر بووم. شـاهروودی و چەند کـەسی تریش لەوێ بوون. داوای پشـووەکـەم دایە دەست ئازەر. داوای خـانەنشـینیـشم بە هەمـان شێـوە. طلاییش(١١) هات و وەریگرتن.(١٢)». لە شـوێنێکی تردا دەڵێت: «ئەگـەر ئەم لاوە پاک و هۆشـمـەندە کـوردە نەبووایە، من زۆر دڵتـەنگـتـر دەبووم. زۆر تێگەیشـتـووە. زۆر حەسـاسـیـشـە. باشـتـر وایە بڵـێم زۆریش خـوێندەوار و کارکردووە.(١٣)»

لە یاداشـتـێکی تردا زیاتر هۆکـاری بایەخ و خۆشەویستی خۆی بەرانبەر بە لاوە کوردەکە دەخاتەڕوو: «هەندێ کـەس لە چۆنیـەتی هونەری من تێگەیشـتـوون، بەڵام یەک کەس بە شیعرەکانمەوە هەستی بە هەمـوو دەرد و ڕەنجی من کـردووە، کـەچی ئەوانەی ژیانی منیـان

دەناسی، نەیانتوانی بەهۆیەوە لە ئازارە شاراوەکانی ناو شیعرەکانم تێبگەن. ئەو کەسە ئازارەکانمی بەو شێوەیە ناسی کە بۆ خۆم جێی سەرسوڕمان بوو. باشتر لە خۆم منی ناسی. باشتر لە هەموو کەسێ. تەنانەت [باشتر] لە ئال ئەحمەدیش(١٤). ئاخر ئەویش زۆر لە ئازارەکانمی بەهۆی کارە[شیعرییە]کانمەوە ناسی، بەڵام ئەم کەسە وا دەمناسێت کە خۆم دەبێ لێی بپرسم من کێم. ئەم کەسە لاوێکی کوردە و پەرێشانحاڵ. ناوی ئەنجیری ئازەرە. وابزانم چەند جارێ لە یاداشتەکانمدا ناویم بردووە. ئەگەر بە شەووڕۆژ بمتوانیبایە لەگەڵ ئەم لاوە کوردە لە یەک شوێندا بم، شەووڕۆژ دەمتوانی کاربکەم.(١٥)»

لە یاداشتێکی تردا بە ناوونیشانی "من لە چاوی خەڵکدا چەند سووکم" نیما بە شێوەیەکی ڕوونتر باسی خەم و خەفەتەکانی دەکات کە لە دەستی خەڵک دەیچێشت. لەو بەینەدا تاکە هاوخەم و هاوڕێی دیسانەوە ئەنجیری بوو: «ساڵی شەستەمی تەمەنمە. چەند سووکم. بەقەدەر فەراشێک مووچە وەردەگرم. بەتایبەتی لەم دووسێ ساڵەی دواییدا (پێشتر مووچەکەم شەست تومەن بوو). بە هەموو سەربەستیمەوە دەبێ بڵێم بۆ تێرکردنی ورگ، دەبێ چەند خەفەت بخۆم. من بە خزمەتی فەراشییەوە لەم فەرمانگەیەدا زۆر سووکتر بوومەتەوە. ڕاستە هدایەتیش(١٦) بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە، بەڵام هەندێ پشتویەنا و پاڵپشتی بێ شەرەفی هەبوو(١٧). لێرە لەگەڵ چەند کەسانێکی سەیر و سەمەرە ئاشنا دەبم کە زۆر کەم ئینسانیان لەنێواندا دەبینرێت. پێم دەڵێن تەمەڵ. هدایەتیش هەمان گلەیی دەکرد. چەند خەڵک بۆ ناوبانگی خۆی خەڵکی تر بەدناو دەکات [!] من بوومەتە قاڵدرمەی سەرکەوتنی خەڵکانێک. برسییەکم لە گۆڕستان. بێ سەروسامانێکم کە هیچم لەم دنیایەدا نییە. هەموو ژیانی خۆم بۆ خزمەتکردن تەرخان کرد. هەندێ شتی [سەیر] دەبینم؛ من ئوستادم(١٨)، بەڵام نەک لەو شوێنەی بۆنی پارەی لێ دێت. من ئوستادم لەو شوێنەی دەتوانن بە ناوی منەوە سەریان بەرزکەن. من ئوستادم لەو شوێنەی دەتوانن بە کاری منەوە پارە وەچەنگ بێنن. من ئوستادم بۆ ئەوەی هەندێ بەرهەمیان بدەمێ چاپی بکەن و بە ناوی منەوە ناوێکیان هەبێت. من ئوستادم بۆ مردن. من ئوستادم بۆ ئەوەی نەزانن چی منی تێک شکاندووە. ئازەر تێدەگات. ئەنجیری ئازەر تاقانە پیاوێک بوو بینیم. من ئوستادم بۆ ئەوەی خانلەری بیردۆزەکانم بدزێت (١٩).. من ئوستادم کە برسی بمرم و برسی خزمەت بکەم. ئازەر ئەنجیری تێدەگات. ئەنجیری ئازەر تاقانە پیاوێک بوو بینیم، لەبەر ئەوەی کوردە(٢٠)»

دیارە لە ڕاستیشدا ئەنجیری زۆر نیمای خۆش دەویست و خاتری دەگرت و لەم لاو لەولا پاڵپشتیشی لێ دەکرد: «پێرێ ئازەر لە پێش چاوم بە شاهروودی گوتبوو: با ئازاری نیما نەدەین، حاڵی خۆش نییە... زۆر پێی داخبار بووم. حەزم دەکرد شەو و ڕۆژ ئەم لاوە کوردە نەجیبە ببینم. ئەم گەنجە زانا و تێگەیشتووە کە من تەنیا بە نەجیب و ئینسان ناوی دەبەم. کە دەبینێ لە حاڵی گریاندام، یەکسەر ئەویش دەکەوێتە حاڵی گریانەوە. من لەو گەنجەدا ڕەنگدانەوەم نییە. ئەو لە من ڕەنگ دەداتەوە... ئەو ئاوێنەی پاکی دەردە مرۆڤایەتییەکانە(٢١)»

دۆستایەتی ئەنجیری و نیما نەتەنیا لەڕوانگەیەکی مرۆڤ دۆستانەوە بوو، بەڵکو هاوڕێیەتی نێوان نووسەر و خوێنەرێکی شەیدای بوو. ئەنجیری تیۆری و شیعری نیمای دەناسی و بە باشی لە فەلسەفە و شێوازی ڕوانینی نیما لە شیعر و شاعیری تێگەیشتبوو و بەرزی دەنرخاند. لە یاداشتێکی تردا لەبارەی هونەری شیعری خۆیەوە نیما دەڵێت: «شێوازی کارەکە[م] نابینن. نازانن بۆچی کێشم شکاندووە. نازانن هەروا بۆ خۆشی نەبووە. بۆ ئەوە بووە کە لە شێوازی مۆسیقایی قسەی ئاسایی بچێت، بەڵام کەسانی تر لە بنەمای کاری من تێگەیشتوون. ئاخر شێوازی دەربڕین، شێوازێکی ترە. هەروەکو ئەنجیری دەڵێت، ئەوەی پێویستە ببینرێت، دید و فەلسەفەی ژیانی نیمایە(٢٢)».

لە یاداشتێکی دیدا هەندێ لە ڕەوشتە باشەکانی تری ئەنجیریمان بۆ باس دەکات و پێمان دەڵێت لە چ ساڵێکدا یەکتریان ناسیوە: «ئەم لاوە کوردە لێهاتووترین پیاو بوو کە ئەمساڵ شانازی ناسینیم هەبووە. ناڵێم ئەم لاوە چەند زمان دەزانێت(٢٣). ناڵێم لە هەر شاعیرێکی تر باشتر لە شیعری ئەمڕۆ و شیعری دوێنێ و شیعری هەر ڕۆژە تێدەگات. ناڵێم شیعر ناڵێت، بەڵام دەزانێ شیعر چییە. ناڵێم چەند تێگەیشتنی مەنتیقی لەلایە. ناڵێم چەند لە هەڵسەنگاندنەکانیدا پێگەیشتووە. ناڵێم چ

کەسایەتییەکی هەیە و چی دەکات. ئەو گەورەترین ئینسانێکە کە من لە ماوەی هەموو ژیانی خۆمدا ناسیبێتم. من ڕاستی خەڵکانێکی زۆری هاوئاسۆ و هاوبیری خۆم هاتووم و ئەو لە سەرووی هەموو ئەوانەدا بوو. ئەم لاوە کوردەی بەتایبەتی کورد بەمانای ئینسانی تەواو لە ساڵانی ١٩٥٤ و ١٩٥٥ بووە هۆی دڵنەواییم. ئەم کوردە ئەوەندە تێگەیشتوو بوو کە تێگەیشتنی لە سەرووی هەموو دانایییەکە و دانایییەکەی لە سەرووی هەموو تێگەیشتنێ. لەبارەی زانینیەوە هیچیتر ناڵێمەوە. ئەو شتی یەکجار زۆری خوێندووەتەوە و دەزانێ و باشتر لەوانی تر دەزانێت. بە دەربڕینێکی سۆفیگەریانە، گەیشتووە بە (حق الیقین)ی زانینەکانی خۆی؛ ئەوپەڕی زانینە؛ زانستێکە کە دەبێت مەعریفەی پێ هەڵبسەنگێنرێت و کەموکورییەکانی مەعریفەی بەشەری بەهۆیەوە بخرێنە ژێر پرسیارەوە(٢٤)».

## ئاکامی دۆستایەتییەکە

پێشتر نیما و ئەنجیری لە یەک ژووردا کاریان دەکرد و دواتر ئەنجیری لەوێ نەما و ئێمە لەوە زیاتری لێ نازانین. لە یاداشتێکی کوردتدا بە ناوونیشانی "ئەنجیری ئازەر" دەڵێت: «ئەم لاوە کوردە، تاقانە پیاوێک بوو ناسیم. ئێستا لە ژوورەکەمان ڕۆیشتووە(٢٥)». ئەم نووسینە هیچ مێژوویەکی لەسەر نییە. هەموو یاداشتەکانی سەرەوە مێژوویان بۆ دانەنراوە. بینیمان کە خودی نیما لە یاداشتێکیدا پێوەندییەکەیان بۆ ساڵانی ١٩٥٤ و ١٩٥٥ دەگەڕێنێتەوە. یاداشتەکانی ترکە لەبارەی ئەنجیرییەوە شتێکیان پێیە و مێژوویەکیان لەسەرە، لە سنووری ساڵی ١٩٥٥ تێناپەڕن. لەو ساڵەشدا تەمەنی نیما ٥٧ ساڵ بوو. جا ئاکامی ئەم دۆستایەتییە بێ وێنەیە چی بوو؟ ئایا وەکو خۆی بە بەردەوامی مایەوە، یان تێکچوو؟

نیما لە ساڵی ١٨٩٧ لە دایک بوو و لە ساڵی ١٩٥٩ کۆچی دوایی کرد. واتا نزیکەی ٦٢ ساڵ ژیا. بینیمان لە سەرەتای یەکێ لە یاداشتەکانیدا کە تێیدا دووجار ناوی ئەنجیری هێناوە، پێمان دەڵێت کە لە شەستەمین ساڵی تەمەنیدایە. کاتی فرمانی ئەو ڕستانەی تێیدا باسی ئەنجیری دەکات هەندێ جار ڕابردووە و هەندێ جاریش ڕانەبردوو: "تێدەگات؛ تاقانە پیاوێک بوو بینیم؛ کوردە"، بۆیە لەوانەیە ئەم دۆستایەتییە تا ئەو ساڵە و تەنانەت تا دواساڵی ژیانی نیماش بەردەوام بووبێت.

دیارە ستایش و پیاهەڵدانەکانی نیما لەبارەی ئەنجیرییەوە بێ هۆ و ئەگەر نەبوون. پێدەچێت جگە لە ڕەوشتێکی باڵا و هەڵسوکەوتێکی بەرزی مرۆڤانە، ئەو لاوە کوردە خاوەن ئاستێکی بەرزی هزری و مەعریفی بووبێت. بەو هیوایەی ئایندە ڕۆشنایی زیاترمان بۆ بخاتە سەر کەسایەتیی ئازەر ئەنجیری «زانا» و «تاقانە».

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(١) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی شیعری نوێی نیماوە بڕوانە: ئامر طاهر، *نیما یوشیج و عەبدوڵلا گۆران، نوێکردنەوە و دابڕان*، دهۆک، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، ٢٠٠٦، ل ٢١ - ٧٤.**

**(٢) ملک الشعراء بهار، *بهار و ادب فارسی، مجموعه یکصد مقاله از ملک الشعراء بهار*، به کوشش محمد گلبن، جلد اول، تهران، مؤسسه انتشارات فرانکلین، ١٣٥١/١٩٧٢، ص ١٣٤ - ١٤٢.**

**(٣) بە فارسی بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: [پەرڤیز ناتێل خانلەری].**

**(٤) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ژیانی شاعیرەوە بڕوانە: سیروس طاهباز، *زندگی و هنر نیما یوشیج، کماندار بزرگ کوهساران*، تهران، نشر ثالث، ١٣٨٠/٢٠٠١.**

**(٥) بۆ نموونە بڕوانە: اردلان پازند، «نیما و دهن کجیهای او بشکوه شعر پارسی»، *ارمغان*، ش ١، ١٣٣٧/ ١٩٥٨، ل٧ - ٩.**

**(٦) نیما یوشیج، *برگزیده آثار نیما یوشیج (نثر)*، انتخاب، نسخەبرداری و تدوین سیروس طاهباز، تهران، انتشارات بزرگمهر، ١٣٦٩/ ١٩٩٠، ص ٢٧٧. شایانی وتنە هەر ئەو شیعرانە دواتر لە ساڵی ١٣٦٢/١٩٨٣ بە بڕی حەوت ملیۆن تومەنی ئەوکات لە لایەن کوڕی نیما "شراگیم یوشیج"ەوە فرۆشرانە فەرهەنگستانی ئەدەب و زمانی فارسی و سازمانی میراتی فەرهەنگی. بڕوانە: سیروس طاهباز، (١٣٨٠/٢٠٠١)، ص ٤٩٣.**

(٧) بڕوانە: شمس لنگرودی، *نیما یوشیج*، چاپ دوم، تهران، نشر قصه، ١٣٨٤/ ٢٠٠٥.

(٨) بڕوانە: نیما یوشیج، *نامەهای نیما، نسخە بردار: شراگیم یوشیج*، تهران، مؤسسه انتشارات نگاه، ١٣٧٦/ ١٩٩٧.

(٩) نیما یوشیج، (١٣٦٩/ ١٩٩٠)، ص ٢٦٨.

(١٠) هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٦.

(١١) پێ دەچێت "طلایی" ناوی کارمەند، یان بەرپرسێکی وەزارەت بوو بێت.

(١٢) نیما یوشیج، (١٣٦٩/ ١٩٩٠)، ص ٢٥١.

(١٣) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٩.

(١٤) مەبەستی نیما هەمان "جەلال ئال ئەحمەد"ە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

(١٥) نیما یوشیج، (١٣٦٩/ ١٩٩٠)، ص ٢٤٥.

(١٦) مەبەستی "صادق هدایت" ڕۆماننووسی بەناوبانگی ئێرانییە کە هاوچەرخی بووە و یەکتریان چاک ناسیوە.

(١٧) مەبەستی "خانلری"یە. لە یاداشتێکی تردا ئاماژە بە هاودەستبوونیان دەکات. بڕوانە: نیما یوشیج، (١٣٦٩/ ١٩٩٠)، ص ٢٠٦ - ٢٠٧.

(١٨) واتا "مامۆستا". نیما دەیەوێ بڵێت: پێم دەڵێن "مامۆستا" (واتا ڕێزم لێ دەگرن) لەو شوێنەی...

(١٩) نیما هەمیشە پێی وابوو کە "خانلری" بیروڕا ئەدەبی و شیعرییەکانی لێ دەدزێت و بەناوی خۆی بڵاویان دەکاتەوە. بڕوانە: نیما یوشیج، (١٣٦٩/ ١٩٩٠)، ص٢١٥.

(٢٠) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٣ - ٢٣٥.

(٢١) هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٤.

(٢٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٠.

(٢٣) "ناڵێم" لەم ڕستەیە و لە ڕستەکانی دوای ئەویشدا بە مانای "دەمەوێت بڵێم" دێت و شێوازێکی ڕەوانبێژییە کە نیما بەکاری هێناوە بۆ بەهێزترکردنی کاریگەری قسەکانی.

(٢٤) نیما یوشیج، (١٣٦٩/ ١٩٩٠)، ص ٢٥١ و ٢٥٢.

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٣.

# ئەدەبیاتی ئیتاڵیا
# لە سەردەمی ڕێنیسانسدا (١٣٢١ - ١٦٠٠)

**لە فارسییەوە: حەمە کەریم عارف**
**(سلێمانی)**

**(٢ - ٢)**

### داستانی ڕۆمانتێک

بابەتی سییانی ڕۆمانسەکانی سەدەکانی ناڤین (حیکایەتی بریتانیایی، فەرەنساوی و ڕۆمی) لە ئیتاڵیادا، بە تایبەتی لە لۆمباردی و تۆسکاندا لە نێو جەماوەری خەڵکدا ڕەواجێکی زۆر پەیدا دەکات. شایەرانی گەڕۆک کە لەگەڵ زیارەتکەران و سەربازانی شەڕی سەڵیبیدا بۆ وڵاتی فەلەستین (خاکی پیرۆز- Holy Land) دەچن، ڕەواج بەحیکایەتی قارەمانانی کۆن، دلاوەران و سوارچاکانی ئارتۆرشا و بت پەرستان دەدەن. لە سەدەی پازدەیەمدا ئەم حیکایەتانە، ئاوێتەی چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز و سەربوردێن مێژوویی و ئەفسانەیی دەکران و دەبوون بە سەرچاوەی شانۆنامەکانی ئەو شایەرانەو لە مەیدانەکانی شاردا بۆ خەڵکیان دەنواندو دەگێڕایەوەو بە گۆرانی و ئاوازەوە دەیانگوتن و زۆر جاریش بۆ ئەنجامدانی بەرنامانی شانۆیی بۆ کۆڕو ئەنجوومەنانی کۆمەڵایەتی تایبەتی بانگهێشت دەکران. هەندێک لە بابەتە هەرە باوو پەسەندەکانی چیرۆکێن شارلمانی بریتێن لە (کارلۆ)، ڕولان (ئۆرلاندۆ) ئولیڤەر"٤٣" (ئۆلیویێر و گانلۆن"٤٤"، گانۆ). کەسایەتی شارلمانی لە زەمانی سروودی ڕولان (١١٠٠) بەدواوە ئاسیوێکی فرە دەبینێ، شایەرانی گەڕۆک لە شێوەی پاشایەکی پیری بێ دەسەڵاتدا بەرجەستەی دەکەن کە زۆر زوو باوەڕ بە بانگەشەی شەڕانیەتی پەیڕەوانی خۆی دەکات - تەنانەت ئەو بانگەشانەش کە پەیوەستن بە ڕولانەوە- کە خانەوادەکەی (کلرمۆن) لەگەڵ خانەوادەی گانلۆندا لە دژمنایەتی بەردەوامدایە.

جا ئەم نەقڵ و حیکایەتە ڕۆمانتیکییانە میراتی پۆلچی، بریاردۆ و ئاریۆستۆ بووە، ئەوانەی کە یەکەم کەس بوون لە ئیتاڵیا لەم هەواڵ و نەقڵانەوە دەکەونە داهێنانی ئەدەبیاتی واقیعی.

### لۆئیجی پۆلچی ١٤٣٢- ١٤٨٤

حەنەکچی و شۆخیبازی کۆڕو مەجلیسی لۆرنتسوی شکۆمەندە"٤٥". زانیارییەکی کەم دەربارەی ژیانی وی لە دەستدایە. وەکو دیارە ڕۆژێ لە ڕۆژان خانەوادەیەکی دەوڵەمەندی هەبووە، بەڵام پۆلچی خۆی زۆربەی کات هەر قەرزارو گرفتار بووە. تاقە بەیتی گەورەی خۆی، واتە "مورگانتە ماجورە"ی (مۆرگانتەی ئەعزەم) لەسەر داوای

دایکی لۆرنتسۆ نووسیوە.

### مۆرگانته ماجوره

(ئەم بەیتە گەورەیە لە ٢٣ بەش پێکهاتووە، لە نێوان ساڵانی ١٤٦٠- ١٤٧٠دا دانراوە، لە ساڵی ١٤٨٢دا پێنج بەشی دیکەی بۆ زێدە دەکرێ، ساڵی دواتر بەیتەکە بە تەواوەتی بڵاودەکرێتەوە). ئەم بەرهەمە لە قاڵبی "ئوتاڤاریما"دا (بەندی هەشت بەیتی) هونراوەتەوە. پوختەی چیرۆکەکە بەم جۆرەیە: ئۆرلاندۆ کە بە خۆی تاراوگەی هەڵبژاردووە رووبەرووی سێ بت پەرست دەبێتەوە، دووانیان دەکوژێت و داوا لە نەفەری سێیەمی، مۆرگانتە دەکات کە بچێتە سەر ئایینی ئەو، ئەویش دەبێ بە غولامی گوێڕایەڵ و وەفاداری. مۆرگانتە کۆمەڵێک سەرکەوتنی گەورە بە دەست دێنێ، لەوانە: دەبێ بە سەرۆکی کەشتییەکی بازرگانی، نەهەنگێک دەکوژێ، بەتاقی تەنێ گەلە بەرازێکی کێوی ڕاو دەنێ، لە ئەنجامدا قرژاڵێک پەنجەی پێی مۆرگانتە دەگەزێ و دەیکوژێ، دۆستەکەی وی، واتە مارگوتە، پاڵەوانێکی شەمولەیە، بوونەوەرێکی عەنتیکەیە کە لەزەت لە خواردن و گێڕانەوەی تاوانەکانی خۆی دەبینێ، ئەمە لە نەوەی ئەدەبی سوسیا-ی"٤٦" پلاوتوس و نیای پانورژ ڕابلیەیە. ئەم بونەوەرە بە دیتنی بارودۆخی سەیری مەیموونێک لە پێکەنیندا نیوە مەرگ دەبێ، ئۆرلاندۆ، بە کۆمەکی دۆستە شەیتان سیفەتەکەی خۆی، واتە ئەستارۆت، کە ئەسپێکی باڵداری بۆ پەیدا دەکات و ئامۆژگارییەکانی ئەفلاتوونی بۆ دەگێڕێتەوە، جارێکی دی بۆ پاریس دەگەڕێتەوە. دوا پێنج بەشی بەیتەکە جدی ترەو باسی شکستی ئۆرلاندۆ لە ڕۆنسوڤ و تۆڵەکردنەوەی کارلۆ لە گانون دەکات.

"مۆرگانتە ماجورە" لە سێ لقی سەرەکی پێکدێت: ١- چیرۆکی سەرەکی مۆرگانتە کە زیاتر لە چیرۆکێکی شیعری ئیتاڵیایی ئاخرو ئۆخری سەدەی چواردەیەمەوە وەرگیراوە. ٢- چیرۆکی ڕۆنسوڤ"٤٧" کە لە بنچینەدا لە چیرۆکێکی ئەسپانیاییەوە وەرگیراوە. ٣- قسە تەنزئامێزو شۆخبازییەکانی خودی پۆلچی و دوو پاشکۆی گەورەی وی دەربارەی مارگۆتەو ئەستاروت.

ئەم بەیتە لەبەر سێ هۆ مایەی سەرنجە: یەکەم کارێکی سەرگەرمکەرە، بە تایبەتی لە ڕووی تەنزو حەنەکچیاتییەوە. دووەم زەوق و سەلیقە و دابونەریتی خەڵکی فلۆرەنسای ڕۆژگاری لۆرنتسۆ مدیچی بە باشی دەنوێنێ. سێیەم کاریگەری گەورەی خودی بەیتەکە ڕەنگە چیرۆکە لاوەکییەکانی مارگوتە ئیلهامبەخشی چیرۆکنووسانی پیکارسک بووبێ، ئاریۆستۆ، ڕابلیە، سیرڤانتس، سپنسەر هەموو لە ژێر کاریگەری ئەم چیرۆکەدا بوونە لەگەڵ بایرۆن. بایرۆن بەشێکی مورگانتەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و ئەم بەیتەی کردووە بە نموونەو سەر مەشقی خۆی لە "بیوو دۆن جوان"ەکەیدا.

### ماتیۆماریا بویاردۆ ١٤٣٤- ١٤٩٤

کۆنتی سکاندیانۆ، حاکمی ڕیجۆ و مۆدینا و "هۆمەری سەردەمی سوارچاکی"یە. لە دەف ماڵباتی ئەستەی دۆکی فرارا، پایەیەکی گرنگ بە دەست دێنێ. لە ساڵی ١٤٦٩دا حەز لە ئانتۆنیا کاپرارا دەکات و کۆمەڵە غەزەلیات و بەیتی ئۆرلاندۆی ئاشق بە سرووشی ئەوەوە دەنووسێت و دروشمی (ئەشق سەرکەوتووە) هەڵدەگرێ- ئەو دروشمەی کە لە سەر کێلی ڕاهیبەی "سەرۆکی دێر"ی چاسر-ش هەڵدەکەنرێ.

ئەڤینی دڵخوازی بویاردۆ (ڕەنگە دڵخوازی ڕاهیبەی سەرۆکی دێر بێت) ئەڤینێکی ڕۆمانتیکییە نەک ڕوحانی. بە هەر حاڵ تاقە بەرهەمی زیندووی بویاردۆ بەیتی ڕۆمانتیکی (ئۆرلاندۆی ئاشق)ە.

### ئۆرلاندۆ-ی ئاشق

بەیتێکە لە قاڵبی بەندێن هەشت بەیتیدا، بۆیاردۆ لە ساڵی ١٤٨٤دا دوو کتێبی (٦٠ بەشی) بڵاودەکاتەوەو تەنیا نۆ بەش و چەند بەندێک لە کتێبی سێیەم تەواو دەکات و بەسەریدا دەمرێت.. هیچ قەواڵەو بەڵگەنامەیەک لە بەر دەستدا نییە کە گەواهی ئەوە بدات بۆیاردۆ ئاگای لە مۆرگانتەی پۆلچی بووە و بەیتەکەی بۆیاردۆ لە ڕووی تۆن و شێواز و ناوەرۆکەوە هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ بەیتەکەی (پۆلچی)دا نییە، لە ئۆرلاندۆ-ی ئاشقدا کەسایەتییەکەی بەیتەکە قارەمانێکی شەیدای ئەشقە، کە لەبەر خاتری ئانجلیکا-ی دۆتشا-ی دڵڕەق و بێ دینی چینی، دەست لە هەموو شتێک، تەنانەت لە بەرەڤانی لە شاو وڵاتەکەشی

هەڵدەگــرێ، بۆیاردۆ هەقی تەواوی دەداتێ و ئەشق لە هەموو شتێک بە گەورەتر دەزانێ. بەڵام تەنیا ئۆرلاندۆ گیـرۆدەی ئەفسوونی ئانجلیکا نابێ، تەقریبەن هەموو دەرباری فــەرەنســا، کــە یەکـێک لەوانە ڕینالدۆ-ی پســـامی ئۆرلاندۆیە، شــەیدای ئەڤــینی ئەو دەبن. ئۆرلاندۆ و ڕینالدۆ هەردووکیان کەمەندکێشی ئەڤینی کیژێ دەبن- و لەم پێناوەدا تەنانەت دەچن بۆ وڵاتی چین و دەگەڕێنەوە. لە ڕێگەدا جووتە سوارچاکی ئاشق لەگەڵ ژنان و پیاوانی جەنگی، سیحربازان و دێو و درنجانی زۆر و زەبەندەدا گیرۆدەی شەڕ دەبن.

ئەم ڕووداوە پڕە لە واریقاتی جادوو ئامێز و ئامێر و کەرەستەی ئەفسووناوی- کانیاو، موستیلە، شمشێر و زۆر شتی دیکە. ئەم بەیتە لە پاریس، کە کارلۆ دەکەوێتە ئابلۆقەی ساراسنەکان (عەرەبەکان)ەوە، کۆتایی دێت.

هەرچەندە زمانی ناوچەیی بۆیاردۆ درشت و زبرە، بەڵام شیعرەکانی لایەنی ئیجابی زۆریان هەیە. هێڵی چەند ســەرەی پلۆتی بە پێچ و پەناو ئاڵۆزی چیــرۆکــەکــە هۆشـیــارانە دەهێنرێنەوە ســەر یەک و پێکڤــە گــرێ دەدرێنەوە. کـاراکـتــەرسـازی بە جـوانی ئەنجـام دراوە، ئەگەرچی هەندێ جار موبالەغە ئامێز دەنوێنێ.

ئۆرلاندۆ-ی ئاشق لە ڕۆژگارێکدا یەکجار بەناوبانگ دەبێ، بەڵام گـۆڕانی زەمـانەو لاوازی زمـانی بەیتـەکـە، دەکەنە کارێک کە لە سەدەی شازدەیەمدا تەواو بکەوێتە بۆتەی فەرامۆشییەوە. فرانچسکۆ برنی"٤٨" لە ساڵی ١٥٤١دا شێوەو شێوازی ئەم بەیتە مشتوماڵ دەداتەوەو تۆن و ئاوازەکەی بە تەواوی دەگـۆڕێت. وادیارە بۆیاردۆ کاریگەری بەسەر ئاریۆستۆ سپنسەرەوە هەبووە.

### لۆدۆڤیکۆ ئاریۆستۆ ١٤٧٤- ١٥٣٣

بە گەورەترین هەڵبەستـەوانی داستـانی ڕۆمـانتیک دەژمـێـررێ، لە ڕیجـۆ-ی نزیکی فلۆرانس چاو بۆ دنیـا هەڵدێنێ. لە سـاڵی ١٥٠٠دا بابی دەمرێ و بە ناچاری ئەرکی خێزانێکی گەورە لە ئەستۆ دەگرێت. هەوەڵجار دەبێ بە وابەستەی کاردینال ئیپۆلیتۆو پاشان لە فرارادا دەچێـتــە لای دۆک ئالفـۆنســۆ- کــە هەردووکـیــان لە بنەماڵەی ئەستەو پەنادەرانی تا ڕادەیەک ڕژدو ڕەزیلن.

ئالفۆنسۆ لە ساڵی ١٥٢٢دا ئاریۆستۆ بۆ حوکمڕانی گـارفـانیـانا دەنێـرێ، کە گـوندێکی دوورە دەست دەبێ و هەمـیـشــە لەبەر ڕەحـمــەتی هێـرش و پەلامـاری چەتەو ڕێگراندا دەبێ. ئاریـۆســتــۆ پاش سێ ســاڵان بۆ فــرارا دەگەڕێتەوەو خانوویەک دەکڕێ و تا لەژیاندا دەبێت تێیدا دادەنیشێ.

ئاریۆستۆ شیعرە لیریکی و لاواندنەوەکانی بەزمانی لاتینی و شـــیــعــرە شـــوانکارەیی، غــەزەل، تەنزو شـانۆنامــەکــانی بە زمــانی ئیــتــاڵیــایی دەڵێت. بەناوبانگترین شانۆنامەی ئاریۆستۆ (جێ نیشینان)ی ناوە کە گاسکوین شانۆییەکی بەناوی (خەیاڵات)ەوە لێ ئامادەکات. پێدەچێ ئەم شانۆنامەیەی ئاریۆستۆ سرووش بەخـشی شـانۆنامــەی (ڕامکردنی ژنی ســەرکـێش)ی شەکسپیر بووبێ. بە هەر حاڵ ناو و شۆرەتی ئاریۆستۆ بە (ئۆرلاندۆی تووڕە)وەیە.

### ئۆرلاندۆ-ی تووڕە

درێژەی "ئۆرلاندۆی ئاشقی" ئاریۆستۆیە. چل بەشی ئەم بەیتــە لە ســـاڵی ١٥١٦دا بڵاودەبێـــتــەوە، دەقــە بژارکـراوەکـەشی (کـە چل و شـەش بەشـە) لە سـاڵی ١٥٣٢دا بڵاودەبێـتـەوە. ئاریۆسـتـۆ جگە لە بۆیاردۆ لە ڤـیـرجـیل، ئۆڤـیـد، سـتـایـتـۆس، بوکـاچۆ، پۆلچی و ڕۆمانسەکانی سەدەکانی ناڤین-یش سرووشی وەرگرتووە.

### نێوەرۆک

لە بەیتی ئۆرلاندۆی تووڕەدا سەدان ڕووداو و چیرۆکی ژێراوژێر هەن کــە بە داوی کــەم و زۆر ســـست بەسێ ناوەرۆکی سەرەکی بەیتەکەوە گرێ دەدرێن (١) یەکەمین ناوەرۆک (تیمە)و چیرۆک بریتییە لە گەمارۆدانی پاریس لەلایەن سارانسـەکـانەوە بە فـەرمـاندەیی ئارگـامـانت-ی پاشـای ئەفــریقــیـا، کـە هاوپەیمانانی ســەرەکی وی مـارسیلیۆی شای ئەسپانیا، جەنگاوەرانی ڕادۆمۆنت-ی حاکمی جەزایرو ڕۆجرۆ-ی پاشای ساراسنەکانن. (٢) ناوەرۆکی دووەم، شـێت بوونی ئۆرلاندۆیە. ئانجلیکا لە نێـو فەرەنسـاییـەکـان هەڵدێ و خـۆی دەگەیەنێـتـە دەرێی شــوورەکــانی شــار. لەوێندەر تووشی مــدرۆرۆ-ی لاوی مــوســوڵـمــانی زامــدار دەبێ، دەکــەوێتــە پەرسـتــاری و تیمارکردنی زامەکانی و لاوەکە چاک دەبێتەوە. ئانجلیکا حەزی لێدەکات و شووی پێ دەکات. ئۆرلاندۆ کە بەمە دەزانێ لە تووڕەیی و بەغیلیدا تێک دەچێت. بەڕووت و

قـووتی دەکـەوێتـە ناو شـارو گـوندان و بەگـژ مـرۆڤ و گیاندارانددا دەچێت. (٣) ناوەرۆک و حیکایەتی سێیەم سەربهوردەی ئەشقی ڕۆجرۆ و برادامانت-ە. ڕۆجرۆ دەبێ بە مـەسـیـحی و گـیـرۆدەی داوی ئەشـقی برادامـانت-ی خـوشکی سـوارچاکی فـەرەنسـاوی ڕینالدۆ دەبێ. ئەم چیرۆک و ناوەرۆکە بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە- بە تایبەتی بۆ ئاریۆسـتـۆ- چونکە ڕوجرۆ و برادامـانت بە نەوەی مـالّبـات و خـانەدانی گـەورەی ئەسـتـە دەزانێ و شـاعـیـر تا ڕادەیەکی زۆ لەبەر خـاتری ئەوان ئەم بەیتەی خۆی دەهۆنێتەوە. ئەم سێ زنجیرە ناوەرۆک و حیکایەتە لە کۆتایی بەیتەکەدا یەکدی دەگرنەوە. ئۆرلاندۆ ئەقڵ و ئاوەزی خـۆی بە دەست دێنێـتـەوە؟ ئەشق و ئەڤـینی ئانجلیکا لە بیـر دەباتەوە- ئاسـتـۆلفـۆ-ی دلاوەرو سـوارچاکی بریتـانیـایی سەفەرێک بۆ مـانگ دەکـات، لەوێندەر ئەقڵ و هۆشی ئۆرلاندۆ دەدۆزێتـەوەو ئەوسا بۆ سـەر زەوی دەگـەڕێتـەوەو هۆشـە دۆزراوەکـە بە کـەپووی ئۆرلاندۆدا دەکـات. ئۆرلاندۆ، ئاراگـامـانت دەکـوژێت، ئابلـۆقـەکـە دەشکێنێ و ڕوجـرۆ و برادامـانت زەمـاوەند دەکەن.

## کورتەیەکی ڕەخنەکان

بەیتـەکـەی ئاریۆسـتـۆ نە لاسـایی کـردنەوەیەکی تەنزئامێزی سوارچاکییە (بەو جۆرەی کە لە مۆرگانتەی پوچی داهاتووە) نە لە ڕووی هاوسۆزییەوە دەکەوێتە بەر ئایدیالی کـردنی (وەکـو بۆیاردۆ لە ئۆرلاندۆی ئاشـقـدا ئەمەی کردووە).

ئاریۆسـتـۆ، وەکـو سـیـمـۆندز دەڵێت: "دەکـەوێتـە مـوجـامـەلەو مـدارا... فـەلسـەفـەی وی ئەوەیە کـە بە زەردەخەنەیەکی هەموارو ڕیشخەنێکی قـووڵ، بەلاّم نەک تیـژ تیـرەی مـرۆڤ... ئەو وێنەی مرۆڤ دەگـرێ نەک بەو جۆرەی پێویستە وابێ،بەڵکو بەو شێوەیەی کە دەیبینێ.

ئۆرلاندۆ-ی تووڕە، لاوازی و کـەمـوکـوڕیشی هەیە، ڕەنگە دیارترینیـان ئەو ماسـتاوە خەستە بێ کە ساکارانە بۆ مـالّبـاتی ئەسـتـە- سـارد دەکـرێتـەوە، یان لە هەمـوو بەندێکی ئەم بەیتـەدا بە ئاشکرا سـتـایشی ئەسڵ و فـەسـڵی ئەم خـانەدانە دیارە و ئاریۆسـتـۆ لەم ڕووەوە دەچێتە ڕیزی ئەو شاعیرانەوە کە ڕەسەنترین بەهرەیان لە ستایشی دەربارێدا بە فیرۆ داوە.

کـێـمـاسی دووەمی بەیتـەکـە دووبارە کـردنەوەیە. ئۆرلاندۆی تووڕە، وەکـو((مـەلیکەی پەرییـان))ەکـەی سپنسـەر، داستـانێکی مەزنی تەواو نەکراوە، بە وەسفی بێ شـومـاری خـانمانی بێکەس و نەبەردانی هۆڤـیـانە، خوێنەر بێ تاقـەت و بێزار دەکات، جـا وەسفـەکـانیش هەمـوو دەشوبهـێنە سـەر یەکتـر. کێـماسی سـێـیـەمی بەیتـەکە، خالّی بوونیەتی لە ناوەرۆکی مـەعنەوی، یان ئەخلاقی. ڕەخنەگرێک دەڵێت ئەگەرچی شێـوازی ئەو لە وەسـفی جـوانی بەسـەر ژیانەوە قـوولە، بەلاّم ڕەگ و ڕیشەی لە ژیاندا نییە. ڕەخنەگرێکی دیکە دەڵێت کە ئەم ئیـرادە هەر لە ئاریۆسـتـۆ ناگـیـرێ، بەڵکو لە بۆیاردۆو پۆلچی-ش دەگـیـرێ و لە دوا ئەنجـامـدا شـاکـارەکـانیـان جـامـعـیـەتیـان نیـیـەو زەمـانە ژاکـاندوونی. لە بەرهەمی ئەواندا هیچ هاوارێکی دڵتـەزێن لە ناخی مـرۆڤـەوە نابیـسـترێ، هیچ دڵە خورپەیەک لە هەنبەر ختـووکەی ویژدانی ئەخـلاقـیـدا ڕیتم و ئاهەنگی ئەم بەرهەمـانە ناشڵەقێنێ.

بەیتەکەی ئاریۆستۆ ئیجابیاتی خۆیشی هەیە، کێشی خێراو بەلەز، بەرزە خـەیاڵی، ڕۆح سووکی و دڵخۆشی، هەمە ڕەنگی، شوخیبازی و ئیستێتیکای داهێنەرانەی بەیتەکە هەمیشـە مایەی پەسن و ستایش بووە. نووسەر نوڕینێکی قوولّی کەڵکەڵەکانی مرۆڤ بە زەردەخەنەیەکی پـر تـوانج-ەوە لـێـی دەڕوانـێ. یـەکـێـک لـە لایـەنـە ئیجابییـەکانی ئەم بەیتە کە هەموو توێژەرەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە شێوازە پوختەکەیەتی . ئاریۆستۆ ماوەی بیـسـت و شـەش سـالّ بە نووسین و پاکنووسکردنەوەی ئۆرلاندۆی تووڕەوە خـەریک دەبێ، ئەوەندە بەسـە بۆ سـەرکـەوتنی نووسـەر کـە لـەم داسـتـانـە پەنجـا هەزار بەیتییـەدا، ناتوانرێ تاقە یەک بەند، یان کۆپلەی لاوازو ناپوختە و نەهاوئاهەنگ بدۆزرێتەوە، ئاریۆستۆ ناوەرۆکی داسـتـانەکـەی بە هەڵبەسـتـێکی گـونجـاو دەگـێـڕێتـەوە: هەڵبـەسـتـێکی خـۆش ڕیتم، بێ گـرێ و دوور لە ڕازانەوە (بە پیشەکاری جوانکاری)، هەڵبەستێکی بێ زۆرەملێ بەلاّم نەک بێ سەروبەر. پیاوانە، بەلاّم نەک ڕەق.

## کاریگەری ئۆرلاندۆ-ی تووڕە

ناوبانگی بەیتی ئۆرلاندۆی تووڕە لە نێـو خـەڵکی و کـاریگەری و ئیعـتوباری مایەی سەرسامییە، تەنیا لە

سەدەی شازدەیەمدا سەدو هەشتا جار چاپ دەکرێتەوە. بۆ هەموو زمانانی دنیا وەردەگێڕرێ و دەبێ بە سەرمەشقی ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتانی دنیا، گەلێک لە نووسەران قەرزارباری ئەم بەیتەن: تاسۆ، سێرڤانتیس، سپنسەر، شەکسپیر، میلتن، بایرۆن و شیللی.

## بەیتێن شوانکارەیی

### پاکۆپۆ ساناتسارۆ ١٤٥٨ - ١٥٣٠

شاعیرو چیرۆکنووسە، لە ماڵباتێکی ئەسپانیایی نەژاد لە ناپولی هاتووەتە دنیاوە. لایەنگری دڵسۆزی شاهانی خانەدانی ئاراگۆن بوو، بە تایبەتی هی فدریک-ی دوایین شای ئەوان- ساناتسارۆ لە ساڵی ١٥٠١دا کاتێ کە فدریک بۆ فەرەنسا دوور خرابووەوە لەگەڵیدا چوو بۆ ئەوێندەر، وەختێ فدریک لە ساڵی ١٥٠٤دا مرد، ئەویش (ساناتسارۆ) بۆ ناپولی گەڕایەوەو تا مردن هەر لەوێندەر مایەوە. ساناتسارۆ کۆمەڵێک بەستەی شوانکارەیی، ژمارەیەک هۆزانی لیریکی و یەک بەرهەمی داستانی بەزمانی لاتینی نووسیوە، زۆر شیعری لیریکیشی بە زمانی ئیتاڵیایی داناوە. بە ڕۆمانسی "ئارکادیا" ، کە ڕۆمانسێکی شوانکارەییە، بەناوبانگە.

### ئارکادیا

لە ساڵی ١٥٠٤دا بڵاوبووەتەوە. بەشێکی بە هۆزانەو بەشێکی بە نەزمە (هەڵبەست). ساناتسارۆ لەم بەیتەیدا قەرزارباری شێوازو گوزارشت و تیمەو ناوەرۆکی چیرۆکی فیلۆکۆلۆ و بەیتی ئامیتۆ-ی بوکاچۆیە. هەروەها لە کاریگەری ئەمانەش بەدەر نەبووە! تیۆکریتۆس، بیۆن، کاتۆلۆس، ڤیرجیل، ئۆڤید، ئاپۆلیۆس و پترارک. لە ڕاستیدا وا دێتە بەرچاو کە بەیتی (منظومە) ئارکادیا بەو بونیادە ئاڵۆزەوە کە هەیەتی، لە کۆمەڵە بەندو کۆپلەیەکی بچووک بچووک پێکهاتبێ و هەر کۆپلەو بەندێکی لە شوێنێکەوە کۆکرابێتەوە. سینسرۆ-ی قارەمانی ئەم بەیتە ئاشقی ئامارانتایە و ئامارانتاش گوێی ناداتێ. ئەو هەوڵ دەدا ئەم ئەشقە بێ ئاکامە فەرامۆش بکات و هەر بەو مەبەستە ڕێگەی سەفەر دەگرێتە بەرو لە ئارکادیادا گۆشەنشین دەبێ، هەستی ڕوودانی کارەساتێک بەرەو ناپولی بەکێشی دەکات و لەوێندەر هەواڵی مەرگی ئامارانتا دەژنەفێ، ساناتسارۆ لەم قاڵبە چیرۆکڤانییە لاوازەدا وەسفە جوانەکانی خۆی بەرجەستە دەکات- وەسفی ئارکادیای ئارام، وڵاتی دیهاتیانەی خەیاڵ ئەنگێز کە زێدی شوانانی شایەرو ئەڤیندارو ئاشقی پیشەیە.

ئەم بەرهەمە ڕێچکەیەک دەکاتەوە کە زۆر زوو لە سەرانسەری ئەورووپادا برەو دەسێنێ و لە هەندێک وڵاتاندا تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەمیش بەردەوام دەبێ. "شوانی وەفادار" نووسینی گوارینی، "دیانا" نووسینی مونتمایەر، "ئارکادیا"ی نووسینی سیدنی و "ئاسترە" نووسینی ئورفە، هەر هەموو لە بەیتەکەی ساناتسارۆوە سرووشیان وەرگرتووە. نووسەری دیکەش لە کاریگەری ساناتسارۆ نەخەلەسیون، لەوانە: تاسۆ: سپنسەر، مارلۆ، شەکسپیر، فلچەر، میلتن و کیتس.

## فەلسەفەی ڕامیاری

### نیکۆلۆ ماکیاڤیلی ١٤٦٩- ١٥٢٧

هزرڤانی سیاسی، مێژوونووس و شانۆنامەنووسە، لە فلۆرەنسا لە دایک بووە. بابی مافناس و داکی شاعیر بووە. نیکۆلۆ بەشی زانستە مرۆڤانییەکانی خوێندووە. لە ساڵی ١٤٩٨دا بووە بە ئەندامی شورای دەنەفەری، کە دەستەیەکی تایبەتی قانوون دانانی کۆماری فلۆرەنسا بوو. نیکۆلۆ بۆ زۆر سەفەری سیاسی بۆ دەرەوەی فلۆرەنسا نێردرا، لەوانە چەند ماموریەتێک بۆ دەرباری تزار بورجا"٤٩". لە ساڵی ١٥١٢دا کاتێ مدیچی دووبارە لە فلۆرەنسا دەسەڵاتی وەرگرتەوە و هەڵبژێردرا نیکۆلۆ پایەکەی خۆی لە دەست داو پەنای بۆ مەزراکەی خۆی، لە نزیکی فلۆرەنسا، برد، لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەی کە لەوێندەر مابووەوە، کتێبی (میرو چەند وتارێک دەربارەی یەکەمین دەیەی تیتۆس لیڤی) نووسی. لە ساڵی ١٥١٩دا جارێکی دی بەر لوتفی مدیچی کەوتەوەو ڕاسپێررا کە بەرنامەی ڕیفۆرمی سیاسی فلۆرەنسا ئامادە بکات. لە ساڵی ١٥٢٠ەوە تا ١٥٢٥ خەریکی نووسینی مێژووی فلۆرەنسا بوو. دوو ساڵی دواتری بۆ تەواو کردنی بەرنامەی هێزی سوپایی شار تەرخان کرد. لە مانگی مایسی ساڵی ١٥٢٧دا جارێکی دیکە مدیچییەکان لە فلۆرەنسا ڕاونران، جارێکی دی حکوومەتی شار بووەوە بە حکوومەتی کۆماری و ماکیاڤیلی دیسان بەر غەزەب کەوت و ئەوە

بوو دوای یەک مانگ کۆچی دوایی کرد.
ماکیاڤیلی وەکو زۆربەی نووسەرانی ئاخرو ئۆخری ڕێنیسانس، لە زەمینەو مەیدانی جۆراوجۆردا خۆی جەرباندووە- واریقاتنامەیەکی شیعری، چەند نامەیەک، چەند ڕاپۆرتێک، کتێبێکی مێژوو، کۆمەڵە وتارێکی سوپایی و چەند شانۆنامەیەک دەنووسێت (ماندرا گۆلا، یەکێکە لەشانۆنامە نائەخلاقییە ڕەشبینەکانی وی، کە بە چاکترین شانۆنامەی سەردەمی ڕێنیسانس دێتە ژماردن). بەڵام شۆرەتی ماکیاڤیلی تەنیاو تەنیا بە کتێبی (میر)ەوەیە.

## میر

(لە دەوروبەری ساڵی ١٥١٣دا نووسراوە و لە ساڵی ١٥١٦دا بڵاوبووەتەوە) ڕەنگە یەکەمین نووسینی سەردەمی تازە بێ لە مەیدانی فەلسەفەی سیاسیدا، ماکیاڤیلی لەم نامەیەدا ئەوە ڕادەگەیەنێ کە حکوومەتی کۆماری باشترین جۆری حکوومەتە، لە جیهانێکدا کە فێڵ و تەڵەکەبازی و خۆپەسندی و بەغیلی بڵاودەبێتەوە، هەندێ جار ڕابەرێکی دەسەڵاتدار (میر) ناچار دەبێ هێز بەکاربێنێ و بە ئاگر وەڵامی ئاگر بداتەوە و هەموو ڕاپەڕینێک بە توندی سەرکوت بکات. میری ئاقڵ دەبێت چاکەو فەزیلەتی ئاسایی بکات بە پیشەی خۆی، بەڵام لەو کاتانەدا کە بەرژەوەندی وڵات پێویست بکات، بێ چەندو چوون لەو چاکەکارییە لابدات و پشتگوێی بخات. لە پێناوی گەیشتن بە مەبەستی خۆی کە دامەزراندنی حکوومەتێکی بەهێزە، هەموو ڕێگەیەک بگرێتە بەر، ئەگەر پەیمان شکێنی و کوشت و کوشتاریشی تێدابێ، ماکیاڤیلی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە وڵات هێزی پەیداکردو سەقامگیر بوو، ئەوە میر دەبێ مل بۆ سەقامگیری کۆمار، یان بەلای کەمەوە پەرلەمانی پاشایەتی بدات.
لە ڕۆژگاری ماکیاڤیلییەوە تاکو ئەمڕۆ خەڵکانێک نامەی (میر)یان بە بەرهەمێکی شەیتانی و ناوی نووسەرەکەیان بە هاوتای ناوی ئیبلیس لە قەڵەم داوە. ئەو خەڵکانە هەندێ دەستەواژەو پەرەگرافیش دەکەن بە نموونەی دەستیان بۆ سەلماندنی کەچڕەوی و گەندەڵی ئەخلاقی نووسەرەکەی. هەرچەندە ئەم بۆچوون و نۆڕینە هەندێ لە ویژدانەوە دوورەو سەبارەت بە هەموو تیۆرییەکانی ماکیاڤیلی دادوەرانە نییە، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ماکیاڤیلی ئەوەندەی بایەخ بە سستمی حوکمڕانی دەدات، ئەوەندە بایەخ بە تاک نادات و خەڵکانی وەکو ناپلیۆن بۆناپارت "٥٠"، بسمارک"٥١"، ئادۆلف هیتلەر، مۆسۆلینی و ستالین بە دیارترین نوێنەری تیۆرییەکانی وی دەژمێررێن و لە حکوومەتەکەی ویدا چ هەواڵێک لە ئەرک و تەکلیفی مەزهەبی و ئەخلاقی لە گۆڕێدا نییە، بەڵام نابێ ئەوە لە یاد بکرێ کە مەبەستی بنچینەیی ماکیاڤیلی ئیتاڵیای یەکپارچەو بەهێزەو میر لە ڕۆژگارێکدا دەنووسرێ کە ئەم نیمچە دوورگەیە بەسەر کۆمەڵێک ویلایەتی بچکۆلەی سەربەخۆدا دابەش ببوو کە بەردەوام دژی یەکتر وەستاون و لەلایەن دەرو دراوسێیانی بێگانەی بەهێزەوە گەمارۆ درابوون و چاوی تەماحیان تێ بڕابوو.
دوا فەسڵی ئەم کتێبە، بە تۆنێکی تەواو جیا لە فەسڵەکانی پێشوو، دەکەوێتە داکۆکی و بەرەڤانییەکی پڕ هەست و سۆز لە ئیتاڵیایەکی سەربەخۆو یەکگرتوودا.
شێوازی پەخشانی ماکیاڤیلی ڕوون، ڕاشکاو، دڵگیرو تەواو لە هەر ئارایشتێکی جوانکاری بەدەرە.

## ئەدەبیاتی ئەتەکێت٥٢

## بالداسارە کاستیلۆنە ١٤٧٨- ١٥٢٩

لە مانتوا"٥٣". هاتووەتە دنیاوە و سەر بە دەرباری دۆک-ی ئۆربینۆ"٥٤" بوو، بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێکی سیاسی چوو بۆ ئینگلیستان، پاشان بە پلەی باڵیۆزی دۆکی ئۆربینۆ لە ڕۆم داخڵی دەرباری پاپالیۆسی دەیەم بوو"٥٥". دوای ماوەیەکی دی چووە دەرباری پاپ کلیمنس-ی حەوتەم"٥٦"، وەختێ ڕۆم لە لایەن لایەنگرانی ئیمپراتۆریەتەوە تاڵان کرا، پاپ بە کورتبینی و لاوازی سیاسی تاوانباری کرد. کاستیلۆنە هەرچەندە بێ تاوانی خۆی سەلماند، بەڵام بە ڕادەیەک دڵی شکا کە دوای ماوەیەکی کەم لە داخاندا مرد. کاستیلۆنە لە دیدو نۆڕینی هاوچەرخانی خۆیەوە نموونەی هەموو ئەو سیفەتانەیە کە بە "مرۆڤی دەرباری" یەکەی خۆیی بەخشیوە.

## دەرباری ١٥٢٨

ئەم بەرهەمە بریتییە لە ڕاپۆرتێک دەربارەی ئەو

گفتوگۆو دیالۆگە خەیاڵییانەی کە لە دەرباری دۆک ئوربینۆدا ئەنجام دەدرێن، لەم گفتوگۆیەدا باسی ئەو تواناو بەهرانە کراوە کە پێویستە لە هەر نەجیبزادەیەکی دەرباریدا هەبێ. ئەمە جگە لەوەی گفتوگۆیەکان پەل بۆ پاکرەوشتی خانمانی نموونەیی دەرباریش دەهاون.

کاستیلۆنە سیفەتی هەمەلایەن بە مرۆڤی دەرباربیەکەی خۆی دەبەخشێت، وەکو مرۆڤێکی دووربین، ژیرو کارزان تەقریبەن لە هەموو بوارێکدا، وێنەی دەگرێت، مرۆڤی دەرباری، لەشکری، پێشەنگ، سیاسەتوان، وەرزشکار، هونەرمەند و ئەدیبێکی تەواوە، دەبێ نەفس بەرزو سەرفرازو نەجیب و هەستیار و بە زەوق و سەلیقە بێ. ئەشقی ژنێکی جوان دەیگەیەنێتە لووتکەی کەماڵ، ئەم ئەشقە بە هەموو مانایەک ئەشقی ئاسمانییە و ژنەی دلبەر دەبێ یەجگار میانڕەو بێ- نەلاسارو چاو قایم و نە شەرمن بێ، نامەی دەرباری باسی ئەشق و ئەشقی بێ ڕتووشیشی کردووە و کاردینال پیترۆ بمبۆ (لە گفتوگۆیەکان)دا بە باشترین شرۆڤەکاری ئەم نامەیە دەژمێررێ.

کتێبەکەی کاستیلیۆنە زۆر زوو لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا شۆرەتی پەیدا کرد، پاش سی و سێ ساڵ لە دانانی وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی و لە هەموو کەس پتر کاری کردووەتە سەر بەرهەمەکانی سیدنی و سپنسەر.

### ئۆتۆبیۆگرافی

### بنۆنۆتۆ چلینی ١٥٠٠- ١٥٧١

لە فلۆرەنسا لە دایک بووە لە واری مسکاری و پەیکەرسازیدا (بەنووسینی خۆی) خوازیارانی زۆری هەبووە، وێڕای ئەمەش قۆناغی لاوی بە ئاوارەیی و دەربەرەدەری لەم شار و لەو شار بەسەر بردووە و بە زۆری لە ڕۆم، فلورەنساو پاریس سەرگەردان بووەو هەر لە فلۆرەنساش کۆچی دوایی کردووە.

### ئۆتۆبیۆگرافی چلینی (تا ساڵی ١٧٢٨ بڵاونابێتەوە)

یەکێکە لە گەورەترین و جوانترین ئۆتۆبیۆگرافییەکانی جیهان. بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە بە فیشاڵبازی و درۆیان تاوانبار بکرێ، بێباکانە هەر هەموو قۆڕیاتەکانی خۆی، لە دزی و هەرزەکارییەوە تا دەگاتە ڕەفتاری هۆڤیانە دەگەڵ ماشوقەکانیدا ئاشکرا دەکات، لە بندێر و پەنای وێنەکانیدا، سیمای ئیتاڵیای سەردەمی ڕێنیسانس بەرجەستە دەکات- هەندێ لایەنی متمانە بە خۆبوونی ئەم وڵاتە، کە هەندێ جار توندەو هەندێ جار دێتە خوارەوە بۆ ئاستی فیشاڵبازی و هەندێ ساتی پڕ جۆش و خرۆشی بۆ جوانی حەقیقەت، جوامێری و جەنگاوەری و ستەمکاری و دڵڕەقی نیشان دەدات. ئەم ئۆتۆبیۆگرافە زێدەباری ئەمانە، ڕاپۆرێکی بەهادار دەربارەی بارودۆخی ئیتاڵیاو فەرەنسای ئەو ڕۆژگارە بەدەستەوە دەدا، حاڵ و ئەحواڵی ناودارانی وەکو فرانسوای یەکەم"٥٧" و دۆک کۆزیمۆ مدیچی فلۆرەنسی دەگێڕێتەوە کە هەردووکیان لە هاندەران و پشتیوانانی گەورەی هونەر بوونە.

### شانۆنامە

لە ئیتاڵیای سەردەمی ڕێنیسانسدا، هاوچەشن نموونەی وەکو شانۆنامانی سەدەکانی ناڤین یەجگار کەم بوو. وەک زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواش هەر بەو جۆرە بوو، لە دوا دوای ساڵی ١٤٧٢دا ئانجیلۆ پۆلیتسانۆ، بە لاسایی کردنەوەی ئەفسانەی کۆنی ئۆرفیۆس شانۆنامەیەکی نەمەزەبی بەناوی (ئەفسانەی ئۆرفیۆ) نووسی، کە بە نوقلانەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی شانۆنامەی شوانکارەیی دادەنرا و بۆیاردۆ لە ساڵی ١٤٩٤دا "تیمونە"ی نووسی، کە ئامادەکردنەوەیەکی درامیانەی چیرۆکی بەناوبانگی (تیمۆنی ئاتینی)بوو"٥٨"، ئەم شانۆنامەیە چەند کاراکتەرێکی مەجازی (وەکو "هەژاری"و "دەوڵەمەندی") تێدایە، کە دەیخەنە ریزی دوا نەوەی شانۆنامانی ئەخلاقییەوە.

وێڕای ئەم شانۆنامە کۆن و ئاساییانە کە نیشانەی قۆناغی گۆڕانی شانۆ بوون لە شانۆنامەی مەزەبییەوە بۆ شانۆنامەیێن نە مەزەبی، شانۆنامانی تراژیدی، کۆمیدی و شوانکارەییش هاتنە ئاراوە.

### تراژیدیا

لە مەیدانی تراژیدیادا هیچ بەرهەمێکی بەڕاستی گەورە پەیدا نەبوو. زۆربەی تراژیدیانووسان شانۆنامەکانی "سنکا"یان دەکردە سەرمەشقی خۆیان و لە دابونەریت و ڕەفتارو هەڵسوکەوتدا پەیڕەوی پرەنسیپەکانی هۆراس-یان دەکرد. پلۆت و نەخشەی

شانۆنامەکان بە زۆری لاوازو میلۆدرامی بوون و زیاتر هەڵگەڕانەوەی بەخت و یەغباڵی بەرجەستە دەکرد- کەوتنی نەجیبزادەیەک لە لووتکەی عیزەت و سەرفرازییەوە بۆ قووڵایی ڕۆژ ڕەشی و نەگبەتی، بەزۆریش ڕووداوانی چیرۆکی شانۆنامەکە لە پشتی پەردەوە ڕوویان دەداو لە ڕێگەی جارچییەوە ئەمە دەگێڕدرانەوە. ئەم جۆرە شانۆنامەیە بە (تراژیدیای زانایانە) بەناوبانگ بوو، کۆنترین نموونە تراژیدیای (سۆفۆنیسبا)یە (١٥١٥)"٥٩" لە نووسینی تریسینۆ"٦٠". چەند نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە شانۆنامەیە بریتییە لە: (ئوربیکە- ١٥٤١) نووسینی چینیتۆ، (ئۆراتسیۆ- ١٥٤٦) کە تراژیدیایەکی شیعرییەو لە نووسینی پیترۆ ئارتینۆیە"٦١"، (ماریانا- ١٥٦٥) لە نووسینی دولچەیە"٦٢" و (تۆریسمۆندۆ- ١٥٨٦) لە نووسینی تاسۆ-یە.

### کۆمیدیا

بارودۆخی کۆمیدیا، لە چاو تراژیدیادا پوختەتر بوو. سێ جۆرە کۆمیدیای گرنگ باوبوون.

### کۆمیدیای ڕەفتاران (کۆمیدیای زانایانە)

ئەم جۆرە کۆمیدیایە لاسایی کردنەوەیەکی شانۆنامەکانی پلاوتۆس و ترنس بوو. (کاساریا- ١٥٠٨)ی ئاریۆستۆ بە یەکەمین کۆمیدیای ڕەفتاران لە سەردەمی ڕێنیسانسدا دەژمێردرێ، کە دوا بە دوای ئەوە چوار کۆمیدیای دیکەشی نووسی: (جێنشینان- ١٥٠٩، جادووباز- ١٥٢٠، لینا- ١٥٢٩ و خوێنکاران- کە تاکو مردنی خۆی لە ساڵی ١٥٣٣دا هەر تەواو نەبوو). کۆمیدیا گرنگەکانی دیکە بریتین لە: (ماندراگۆلا- ١٥١٢، لە نووسینی ماکیاڤیلی)، (کالاندریا- ١٥١٣، لە نووسینی دۆڤیزی"٦٣")، کە لە بابەتی کۆمیدیای هەڵەکان-ی شەکسپیرە و (خانمی دەرباری- ١٥٢٥، لە نووسینی ئارتینۆ، کە هەجوویەکی "کۆمەڵگەی دەرباری"ی کاستیلیۆنەیە.

### فارس

جۆرە شانۆنامەیەکی سووکەڵەیە و لە "نیو پەردەی" شانۆنامانی ئینگلیستان دەچێت. فارس لە سەرەتادا شانۆنامەیەکی خۆش بووە کە لە بنچینەدا بە شێوەی شانۆنامەیەکی جدی ڕەمزئامێز نمایش دەکراو کاریگەرییەکی کۆمیدی هەبووەو پاشان شێوەیەکی سەربەخۆی پەیدا کرد. نوکتەو حەنەکی نێو فارس ڕاستەوخۆو زبرە، کاراکتەرەکانی لە سەرەتادا دێهاتیانی ڕەق، یان لێبووک بوون، لە فارسان-ی دواتردا نموونانی (وەکو سەربازی فیشاڵباز و ئادەمیزادی خۆهەڵکێش) جێی کاراکتەرەکان دەگرنەوە. یەکەمین شانۆنامەنووسێک کە دەکەوێتە نووسینی هەوەڵین فارسانی ئیتاڵیایی، جۆڤانی ماریاچککی (١٥١٨- ١٥٨٧) بوو.

### کۆمیدیای دیل ئارتەئا-ی ڕاستەوخۆ

لە ڕووی مێژوویی و لە باری کاریگەرییەوە، گرنگترین شێوەی کۆمیدیای سەردەمی ڕێنیسانسە. یەکەمین جار گرووپێکی کۆمیدیێن-ی پیشەیی ئەم شێوەیەیان داهێنا، ئەوانە تیمە و ناوەرۆکی گشتی شانۆنامەکەیان وەردەگرت و هەموو دیالۆگ و گفتوگۆیەکانیان بە شێوەی ئیرتیجالی و ڕاستەوخۆ لەسەر شانۆ ئەنجام دەدا، پلۆت و تیمەی شانۆنامەکانیش لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە وەردەگیرا. کاراکتەرەکانیش هەندێک جار وەکو ئەو نموونانە بوون کە لە کۆمیدیای ڕەفتاراندا هەبوون. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە شانۆنامەیە، سوودوەرگرتنی بەرە بەرە بوو لە کەسایەتییانی پێکەنیناوی ئیتاڵیای تازە، لە جیاتی کەسایەتییانی تەقلیدی و قەرارداری کۆمیدیانی دێرین. کۆمیدێنەکان جۆرە دەمامکێکیان لەسەر دەکرد کە ڕەنگدانەوەی ڕەوشت سروشت و خوو خولقی خۆیان بوو. کەسایەتییە بەناوبانگ و خۆشەویستەکانی کۆمیدیای دیل ئارتەئا (ئیرتیجالی) بریتین لە: پانتالۆنە، وەکو نموونەی باوکێک و کابرایەکی بازرگان ڕەفتارو دوو ئاشق بەناوی ئارلکینۆ و کۆلۆمبینا، پانتالۆنە لە شانۆنامەکاندا بە پانتۆڵێکی دەڵب و جلی ڕەنگاوڕەنگ و دەمامک لە سەر و شمشێرێکی دارین بە قەدەوە دەردەکەوێ.

کۆلۆمبینا-ی کیژی شۆخ و شەنگی ویژی ڕۆڵی پێچەوانەی ئارلکینۆ- دەبینێ. لیۆنکا ڤالۆ"٦٤" بە ئۆپرای پالییاچی ئەم دوو کەسایەتییەی جاویدان کردووە. کۆمیدیا-ی دیل ئارتەئا کاری کردووەتە سەر (لۆپە دۆڤگا، شەکسپیر، سیمۆئیل جۆنسن و مۆلێر.

## دراماى شوانكارەيى

شـانۆنامـانـى شـوانكارەيى لە ناوەڕاسـتى سـەدەى شـازدەيەمـدا هاتە ئاراوە، چينيـتـۆ لە سـاڵى ١٥٤٥دا شـانۆنامـەى "باز"ى (لەبەر ڕۆشنايى سـيكلۆپەكـان-ى يۆرپيـدس و هەندێک تيـمـەى شانۆنامـەكـانى ئۆڤيـد)دا نووسى، كـە ديمەنـەكـەى بێـشـەيە، بەڵام ئەكـتـەرێكى لە دەورى شـواندا نييـە. ئاگۆستـينۆ بكارى"٦٥" لە سـاڵى ١٥٥٤دا شانۆنامەى (قـوربانى) نمايش كرد كە زۆربە بە يەكـەمين شـانۆنامـەى شـوانكارەيى تەواوى دەزانن. لەم جـۆرە شـانۆنامـەيەدا ئەڤين دەبێ بە تەوەرى هەر هەمـوو پێـچـوپەناى بوويەرەكـان و بەگـرێى شـانۆنامـەكـە، ئەو خەڵكەى كە نابێ ئاشقى يەكتر بن، حەز لێكدى دەكەن و دەبێ گـرێى كـارەكـانيـان بكرێتـەوە. لە بونيـادو پێكهـاتەى شـانۆنامـەى شـوانكارەييـدا گـرێچن و گرێكردنەوە بە شێوەيەكى ئاسايى بە كۆمـەكى تەگبيرى وەكو لێكچـوون، ناسينەوەو جێنشين سازى كەسێک لە جێى كەسێكى دى ئەنجام دەدرێ.

جگە لە "ئامـينتـا"ى تاسـۆ، گـرنگـترين شـانۆنامـەى شوانكارەيى ئيـتـاڵيـايى (شوانى وەفـادار- ١٥٩٠)ى باتيسـتـاگوارينى-يە. لەم شانۆنامە ئاڵۆزو زيرەكانەيەدا پێشـبينى ئەوە دەكرێ كە سيليـۆيڤ و ئامـاريلى پێكڤە زەماوەن دەكەن، وەكو چۆن لە ڕابردووى دووردا پێشبينى كـراوە. لێ سـيـليـۆيڤ تەنيـا ئاشق و دڵبـەندى ڕاوە و ئامـاريلى و مـيـرتيلۆش حەزيان لە يەكـتـرييـە، مـيـرتيلۆ شوانكارەيەكى وەفادارە، كاتێک كە ئاماريلى (بە فێڵ و دەهۆى كۆرسيكا، كە حەزى لە ميرتيلۆيە) مەحكووم بە مـەرگ دەبێ، مـيـرتيـلۆ بۆ ڕزگـارى ئەو تەنانـەت بەرەو پيرى مەرگيش دەچێت، لەم حاڵەدا پەى بەوە دەبەن كە ميـرتيلۆ و سيليـۆيڤ بە منداڵى لەگەڵ يەكـترا گۆڕاون. سيليـۆيڤ لەگـەڵ دۆريندادا- كە سـاڵانێكى دوورو درێژ ئاشقى بووە- زەمـاوەند دەكـات. ئامـاريلى-ش دەبێ بە هاوسەرى ميرتيلۆ و كۆريسكا-ش عەفو دەكرێ.

ئەم شانۆنامەيە ڕەواجێكى ميللى وەهاى پەيدا كرد كە لە مـاوەى سـاڵانى ١٦٠٠و ١٨٠٠دا هەشـتـا جـار چاپ كرايەوە. لە دەرێى ئيـتـاڵيـاشدا ناوبانگێكى زۆرى پەيدا كرد و ئەو شانۆنامانەى دوا بەدواى ئەو لە ئيـتـاڵيـا هاتنە ئاراوە، باڵى كاريگەرييان بەسەر ئەدەبياتى شوانكارەيى ئينگليـسـتـانى سـەردەمى ئەليـزابێتى يەكـەم (١٥٣٣- ١٦٠٣)و جيـمز-ى يەكەم (١٦٠٣- ١٦٢٥)دا كێشا. جـان فلچـەر شـانۆنامـەكـەى گـوارينى كـرد بە نموونەو سەرمەشقى كارەكەى خۆى (ژنە شوانى وەفادار). گرين، مارلۆ و شەكسپير-ش ڕاستوخۆو ناڕاستەوخۆ قەرزاربارى ئەو كارەن.

## تاسۆ

### تۆركواتۆ تاسۆ ١٥٤٤- ١٥٩٥

شاعـيـرى ليريكى، شانۆنامەنووس و داستانبێژە. لە سـۆرينتـۆ"٦٦" هاتە دنيـاوە، لە قـوتابخـانەى يەسـووعـيـان"٦٧" دەسـتى بە خـوێندن كـردووە و لە بيرگامۆ"٦٨"و ئوربينۆ و ڤينيسيا و ڕۆمادا درێژەى پێ داوە، ئەويش وەكـو پتـرارک و بوكـاچۆ، بە زۆرى بابى كـەوتە خـوێندنى مـاف، بەڵام زۆر زوو ئەم بەشـەى تەرک كـردو ڕووى كـردە ئەدەبيـات، تاسـۆ لە سـەرەتاوە چووە خزمـەتى كاردينالّ لوئيجى كە لە خانەدانى ئەستە بوو، بەڵام پاشان بوو بەشاعـيرى دەربارى ئالفۆنسۆ-ى دۆكى فـرارا. لە سـاڵى ١٥٧٥دا داسـتـانى مـەنگ و مـەندو پڕ جۆش و خرۆشى (ئۆرشەليمى ئازاد)ى نووسى، ئەو چوار ڕەخنەگرەى كە هەڵسەنگاندنى ئەم بەيتەيان پێ سپێردرا بوو، هێندە بە بێ ويژدانى لايەنە ئەدەبى و مەزهەبييەكانى ئەم بەرهەمـەيان هەڵسـەنگاند ناسكى و هۆشى تاسـۆ تەواو تێكچـوو و دووچارى شێـتى بوو، كـە تەبيعـەتى مەيلەو شێتى بوو. ماوەى سێ ساڵان ئاوارەو سەرگەردان بوو و سـەرەنجـام بۆ فـرارا گـەڕايەوە. لێـرەدا هێندەى دى ناڕەحـەت بوو و لە سـاڵى ١٥٧٩دا بە تەواوەتى شـێت بوو. مـاوەى حـەوت ساڵان لە نەخۆشـخانەى سانتـائانادا خرايە ژێر چاودێرى، پاشان مەرەخەس كرا، لەو مـاوەيەدا داسـتـانەكـەى چەندين جـار چاپ كـرابووەوە و تەواو ناوداری كـردبوو. دوا سـاڵەكـانى تەمـەنى شـاعـيـر لە ئاوارەييـدا بەسـەر براو ڕێى دەكـەوتە هەر شـوێنێ بە شانازييـەوە پێشـوازى لێ دەكرا. تاسۆ بە چەند ڕۆژێک بەر لە وەرگرتنى تاجى ميرى شاعيران- كە پێشتر تەنيا بە پترارک درا بوو- كۆچى دوايى كرد.

### بەرهەمەكانى تاسۆ

تاسـۆ نووسـەرێكى پڕ بەرهەم بوو، لە بوارى هۆزانى ليـريكى، ديالۆگ، باس، شـانۆنامـە، بەيت و داسـتـان و

نامــــەنووســــیندا خــــۆی تاقی کـــــردبووەوە، لە نێـــو بەرهەمـەکـانیـدا تەنیـا دوانیـان شـایسـتـەی باسی تێـرو تەسەلن:

**ئامینتا- ١٥٧٣**

شانۆنامەیەکی شوانکارەییە، بە تیمەو ناوەرۆکێکی سادەو ڕۆمـانتـیکییـەوە: ئامـینتـا بە بێـهـوودە حەز لە سیلۆیا دەکات و تەنانەت کاتێ کە لە چنگی ساتیرێکی هەرزەش"٦٩" ڕزگـاری دەکـات، سـیلۆیا گـوێی ناداتێ. ئامـینتــا-ی هێـڤی براو خـۆی لە هەڵدێرێکی بەرزەوە هەڵدەدێرێ، سـیلۆیا پەشـیــمـان دەبێـتــەوەو تازیەی بۆ دەگرێت. لەم حاڵ و بارەدا هەواڵێک دەگات کە دەوەنێک گیانی ئامینتا-ی ڕزگار کردووە، ئیدی جووتە ئاشق بە یەکـدی دەگـەن و هەمـوو شـتـێک بە خـۆشی و شـادی دەبڕێتـەوە، ئامـینتـا، ئەگەرچی شـانۆنامـەیەکی سـادەو ساکـارە، کاراکـتەرەکانی قەراردادی و تەقلیـدین، بەڵام تەژی ئیستێتیکاو ناسکی شاعیرانەیە، ئەم شانۆنامەیە لە ڕۆژگـاری تاسـۆدا سـەرکـەوتنێکی گـەورەی بە دەست هێناوە- هێـشـتـاش هەر جوانە و دەخوێنرێتـەوە- چونکە ڕەنگدانەوەی ئەو جـۆش و خـرۆشـەیە کـە سـەبارەت بە سـەردەمـێکی زێڕین لە ئارادا بووە، جـیـاوازی لەنێـوان دنیـای واقـیـعی ئارەزووەکـان و خـیـانەت و شەڕ، لەگـەڵ جـیــهــانی ئایدیالیــسـتی شــادییــەکـان، وەفـاداری و ئاسوودەیی نیشان دەدات. وا دیارە ئەم شانۆنامەیە کاری لە گوارینی، سیدنی، سپنسەر، گرین، شەکسپیر، فلچەر و میلتن کردووە.

**ئۆرشەلیمی ئازاد ١٥٧٥**

شاکاری تاسۆیە، داستانێکی بیست بەشییە لە قاڵبی بەندێن هەشت بەیتـیـدا (ئۆتاڤاریما) ، ئەو کـاتانەی کـە شاعیر بە هۆی شێتییەوە لە نەخۆشخانە بوو، ئەم بەیتە دوو جـــاران بەبێ مــــۆڵەت چاپ کــــرایەوە، دەقـــــە مـۆڵەتدراوەکـەی تاسـۆ-ش لە ساڵی ١٥٨١ دا چاپکرا. تاسـۆ لە سـاڵی ١٥٩٣دا گـێـڕانەوەیەکی تازەی هەمـان بەیتی بەناوی «ئۆرشەلیمی یەخسیر» بڵاوکردەوە- کە لە چاو بەیتەکەی پێشوودا لە ئاستێکی نزمتر دایە.

ناوەرۆک و بابەتی بەیتی (ئورشەلیمی ئازاد) بریتییە لە بوویەری گرتنی ئۆرشەلیم لە ساڵی ١٠٩٩دا، لەلایەن گـۆدفـروا دۆبۆیۆن و پەیڕەوانیـیـەوە لە یەکـەمین جـەنگی سەلیبیدا" ٧٠". ئەم مـەسـەلەیە لە دوا چارەکی سـەدەی شـازدەیەمـدا مـەسـەلەی ڕۆژ بوو، چونکە تورکـەکـان جـارێکی دی بە هەڕەشـە بۆ سـەر ئەورووپای ڕۆژئاوایی دەژمـێردران و هەندێک جار هێـرشـیـان بۆ سەر ئیـتـالیـا دەبرد، تاسـۆ بەیتـەکـەی خـۆی بە داسـتـانی دنیـای مەسیحیەت ناو دەبرد. ئەم داستانە، وەکو خوێنەرانی چاوەنۆڕم، زنجیرە شەڕێکی دلێرانە دەگێڕێتەوە. هەڵبەتە ئەم شـەڕانە تاقــە جـازیبــەی ئەم بەیتــە نین، بەڵکو جەزابیەتی چیرۆکەکە لە باسی سێ بوویەری ئاشقێنیدا پەنهانە: بوویەری ئەڤینی سۆفرۆنیاو ئۆلیندۆ، دۆریندا و تاکردۆ، ئارمیداو ڕینالدۆ.

**سۆفرۆینا و ئۆلیندۆ**

ئەم جووتە مـەسیحییـە کە لە ئۆرشەلیم دەژین ئاشقی یەکـتـرن. کـاتێ کـە سـۆفـرۆنیـا بڕیار دەدات لە پێناوی ڕزگاری مەسیحیانی شاردا بمرێ و خۆی دەخاتە سەر دار ئەستوونەکـان تا بیسـووتێنن، ئۆلیندۆ بە درۆوە دەڵێ کە لە جیاتی سـۆفرۆنیا بیسـووتێنن، هەردووکـیان مەحکوم بەمەرگ دەبن، بەڵام لە دوا ساتدا بەمیـانچـێتی دۆریندا ڕزگار دەبن.

**دۆریندا و تانکردۆ**

دۆریندا، ئافـرەتێکی سوارچاکی ساراسنە (عەرەب) و تانکردۆی مەسیحی گیرۆدەی ئەڤینی وی دەبێ و دۆریندا گـوێ بە ئەڤـینی ئەو نادات، تانکردۆ بێ ئەوەی دۆریندا بناسێت، لە شەڕێکی تەن بە تەندا بە خەستی برینداری دەکـات، لێ دۆریندا لەسـەرە مـەرگـدا دەیبـەخـشـێت، غـوسـڵی تەعـمـیـد دەکـرێ و پاش گـەیشـتـنە بەهەشت زەماوەندی لەگەڵدا دەکات.

**ئارمیداو ڕینالدۆ**

ئارمـیـدا-ی جـادووبازی مـوشـریک، ڕادەسـپـێـررێ کـە سیحر لە پەنجا سەرکردەی سوارچاکانی مەسیحی بکات. لە کـارەکەیدا سـەرکـەوتـوو دەبێ، بەڵام گـیـرۆدەی ئەڤـینی ڕینالدۆ دەبێ کـە یەکـێکە لە ئازاترین سـوارچاکـەکـان. ژنەی جادووباز ڕینالدۆ دەفرێنێ و دەیبات بۆ شـوێنێکی چەپەک لە دوورگـەیەکی دوورە دەسـتدا. گـۆدفـروا دەزانێ

کە تەنیا ڕینالّدۆ (کە ئەوی بە تاوانی کوشتنی مەسیحییەک لە شەڕی تەن بە تەندا نەفی کردووە) دەتوانێ ئۆرشەلیم بە گرتن بدات، پەیک و تەتەران بەملاو بەولادا دەنێرێ تا ڕینالّدۆ بدۆزنەوەو ڕزگاری بکەن و ڕینالّدۆ بۆ خەتی ئابلّۆقە دەگەڕێتەوە. ئیدی شار دەکەوێ و سوپای میسری کە بۆ شکانی ئابلّۆقەکە نێردراوە شکست دێنێ. ڕینالّدۆ و نەفەرەکانی ئارمیدا-ش، کە بە تەمای کوشتنی ئەون، ڕاو دەنێ و ئارمیدا بەگیر دێنێ و دەیهێنێتە سەر ئایینی مەسیحی و دەیکات بە هاوسەری خۆی.

## کورتەیەکی ئیرادو ڕەخنەکان

ڕەخنەی ئەوە لە تاسۆ دەگیرێ کە ڕێگەی داوە ئەڤینی ڕۆمانتیکی لەسەر حیسابی فەرامۆشکردنی کاروباری سوارچاکی و قارەمانیەتی، بەشێکی فراوان لە بەیتەکەی داگیر بکات. وێڕای ئەمەش خوێنەرانی ئەمڕۆی بەیتەکە، گەمارۆی ئۆرشەلیم وەکو بابەتی شانۆنامەیەکی ئاشقانە تەمەشا دەکەن و ڕەنگە هەر ئەمەش مایەی ڕەزامەندی و پەسەندی ئەنجوومەنانی دەرباری- کە بەیتەکە بۆ ئەوانەو ئەوان دەدوێنێ- بووبێ، بە هەر حالّ، بەهرەو بلیمەتی تاسۆ پتر لە قەلّەمڕەوی هەستی ناسک، داهێنانی دیمەنێن جوان و کەشوهەوای خەیالّاویدایە تا لە دەربڕین و نیشاندانی گەورەیی و شکۆدا و لە ئورشەلیمی ئازاددا بە تەواوی ڕێگەی بەم بلیمەتییە داوە.

ڕەخنەی ئەوە لە تاسۆ دەگیرێ کە وەسواسە لە مشتو مالّدان و ڕازاندنەوەی بەرهەمەکانی، هەستی شۆخیبازی و حەنەکچیاتی نییە، شاخ و بالّی خەیالّی لەبەرهەمەکانی نەناوە. لەلایەکی دیکەوە شێوەی مامەلّە کردنی لەواری وێنەگرتندا، بە تایبەتی وێنەی سیمای ژنان، هاوئاهەنگی و گونجانی لۆژیکی بوویەرێن بەیتەکە، ناسکی و سەنگینی تۆن، هەستی قووڵی مەزەبی، دلّگیری پەیڤ و ئاخافتن و ڕیتمی شیرینی شیعرەکانی مایەی ستایش بووە... کاری کردووەتە سەر سپنسەرو بایرۆن.

**پەراوێزو ژێدەران:**

**١- فیرارا- Ferrara: شارێکی باکووری ئیتالّیای ناوەندییە.**

**٢- ئاڤینیۆن: شارێکی باشووری ڕۆژهەلّاتی فەرەنسایە، لە پرۆڤانس.**

**٣- شارلی یەکەم (١٥٠٠- ١٥٥٨): لە خانەدانی شاهانی ئەسپانیایە (١٥١٦- ١٥٥٦)، ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆم بوو (١٥١٩- ١٥٥٦).**

**٤- بارتۆلۆمیۆدیاش (دیاز): لە سالّی ١٥٠٠دا مردووە، دەریاوانێکی پورتوگالی بوو، یەکەمین ئەورووپایی بوو کە بە دەوری "ئمیدنیک"دا لە سالّی ١٤٨٨دا سووڕایەوەو بەم جۆرە ڕێگەی دەریایی هیندی کردەوە.**

**٥- مانیتس: شارێکە لە ڕۆژئاوای ئالّمان.**

**٦- یەکەمین گوناح- Orginal sin: لە خواناسی مەسیحیدا، گوناهی ئادەمی بابی بەشەرەو لە ئەنجامی ئەم گوناحەوە تیرەی بەشەر لە فەیزی دراوسێیەتی خوا لە بەهەشتدا بێ بەش بووە، هۆی ئەم بێ بەش بوونە بۆ یاخی بوون لە فەرمانی خواو خواردنی میوەی قەدەغە دەگەڕێتەوە (کە لە مەسیحیەتدا سێوەو لە ئیسلامدا گەنمە). لە قورئانی پیرۆزدا چەندین جار باسی ئەم یاخی بوونە کراوە. بۆ وێنە لە سوورەتی پیرۆزی بەقەرەدا، ئایەتێن ٣٥و ٣٦و، سوورەتی تەها، ئایەتی ١٢١.**

**٧- کاردینال- Cardinal: لە کلّێسای کاسۆلیکی ڕۆمیدا، بەو کەسانە دەگوترێ کە پایەی ئایینیان یەکسەر لە دوای پاپاوەیە.**

**٨- مایکل ئانجیلۆ (١٤٧٥- ١٥٦٤): پەیکەرساز و تەلارساز و نیگارکێش و شاعیرێکی ئیتالّیاییە.**

**٩- ڕۆفائیل (١٤٨٣- ١٥٢٠): نیگارکێشێکی ئیتالّیاییە، یەکێکە لە گەورەترین نیگارکێشانی سەردەمی ڕێنیسانس.**

**١٠- ئاندرێ دلسارتۆ (١٤٨٦- ١٥٣١): نیگارکێشێکی فلۆرەنسییە، کە نازناوی نیگارکێشی بێ غەل و غەشیان لێنابوو.**

**١١- کۆردجۆ (١٤٩٤- ١٥٣٤): نیگارکێشێکی ئیتالّیاییە.**

**١٢- تینتۆرتۆ (١٥١٨- ١٥٩٤): نیگارکێشێکی ئیتالّیاییەو یەکێکە لە مامۆستا گەورەکانی سەردەمی ڕێنیسانس.**

**١٣- فیچینۆ (١٤٣٣- ١٤٩٩): فەیلەسووفێکی ئیتالّیاییە.**

**١٤- پۆلیتسیانۆ (١٤٥٤- ١٤٩٤): شاعیرو هۆمانیستێکی ئیتالّیاییە.**

**١٥- میراندۆلا (١٤٦٣- ١٤٩٤): هۆمانیستێکی ئیتالّیاییە.**

**١٦- مدیچی (١٤٤٩- ١٤٩٢): بە لۆرنتسۆی مەزن**

ناسراوە، پیاوی سیاسەت و ئەدەبی ئیتالیا بوو.

١٧- فیۆرنتینۆ (سەدەی چواردەیەم): چیرۆکنووسێکی مەیدانی کورتە چیرۆکی، ئیتالیاییە.

١٨- فرانکۆ ساکیتی (١٣٣٠- ١٤٠٠): نووسەرو شاعیرێکی ئیتالیاییە.

١٩- ماتیۆ باندۆلۆ (١٤٨٠- ١٥٦٢): کەشیش و چیرۆکنووسێکی ئیتالیاییە.

٢٠- جیرالدی چینتیۆ (١٥٠٤- ١٥٧٣): چیرۆکنووس و تراژیدیا نووسێکی ئیتالیاییە.

٢١- ئارتسۆ: شاری توسکان، ئیتالیا.

٢٢- ئاڤینیۆن: شارێکە لە باشووری ڕۆژهەلاتی فەرەنسا، لە پرۆڤانس.

٢٣- زانکۆی مۆن پلێ (لە ساڵی ١٢٨٩ دامەزراوە): دەکەوێتە شاری مۆن پلێ، لە باشووری فەرەنسا.

٢٤- زانکۆی پۆلۆنیا (لە سەدەی یازدەمی زایینی دامەزراوە) کەوتووەتە شاری پۆلۆنیاوە لە باکووری ئیتالیای ناوەندی.

٢٥- لۆمبە: گوندێکە لەباشووری ڕۆژئاوای فەرەنسا، کە کلێسایەکی گەورەی سەدەی چواردەمی تێدایە.

٢٦- ڤۆکلۆز: ناوچەیەکە لە پرۆڤانس-ی باشووری ڕۆژهەلاتی فەرەنسا.

٢٧- میری شاعیرانی ڕۆم: پترارک دەیگێڕێتەوە کە لە هەمان ئەو ڕۆژەدا کە دەگاتە پایەی میری شاعیرانی ڕۆمی، پێشنیاری بۆ دەکەن کە ببێ بە میری شاعیرانی فەرەنساو ئیتالیاش. لێ دڵبەندی ئەو بە بەرهەمێن لاتینی و ڕۆمییەوە، وای لێ دەکات پایەی میری شاعیرانی ئیتالیا هەڵبژێرێ.

٢٨- کۆلادارینسی (١٣١٣- ١٣٥٤): یەکێکە لەپیاوانی ڕۆم کە هەوڵێکی زۆری لە پێناوی چەسپاندنی دیموکراتیەت لە ولاتەکەیدا، داوە.

٢٩- کارتاژە- **Carthage**: شارێکی کۆنە لەسەر کەناری باکووری ئەفریقایە، لە کەناری کەنداوی توونس. کارتاژە (قرطاجە) ئەمڕۆ بەشێکە لە قەڵەمڕەوەکانی توونس.

٣٠- ئافریکانۆس (٢٣٤- ١٨٣ پێش زایین): یەکێک بووە لە سەردارانی ڕۆم.

٣١- ترزاریما- **Terzarima**: شیعرێکە لە فۆرمی بەندی سێ بەیتیدا (بە زۆری لەسەر کێشی یامبیک-ی پێنج سێلابییە) کە بەیتی دووەمی هەر بەندێکی لەگەڵ بەیتی یەکەم و سێیەمی بەندی دواتردا هاوقافیەیە. ئەم فۆرمە شیعرییە لە داهێنانی دانتییە.

٣٢- شارۆبیر (١٢٧٤- ١٣٤٣): بە ڕووبیر-ی دانا ناسراوە، شای ناپولی بووە (١٣٠٩- ١٣٤٣).

٣٣- چیرۆکانی ڕۆمیان: ئەو کۆمەڵە حیکایەت و چیرۆکە لاتینیانەن کە لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەمدا، ڕەنگە لە ئینگلیستان کۆکرابنەوە.

٣٤- ئەفسانەیێن زێڕین: کۆمەڵە ئەفسانەیەکە دەربارەی ژیانی ڕوحانیان، بوویەرەکانی ژیانی حەزرەتی مەسیح و مریەم، لەگەڵ کۆمەڵە زانیارییەکدا دەربارەی ڕۆژانی پیرۆز. دانەری ئەم بەرهەمە **Jacobusde Vogarine (1228- 1292)**ـە کە نووسەرێکی ئیتالیاییە.

٣٥- سەد چیرۆکی کۆن: کۆمەڵە چیرۆکێکە کە لە ماوەی ساڵانی ١٢٨١- ١٣٠٠دا نووسراون و زۆربەی هەرە زۆری لە کتێبی پیرۆزەوە، یان لە ئەفسانانی کلاسیکەوە وەرگیراوە.

٣٦- ئۆتاڤاریما **Ottavarime**: بەندێکی هەشت بەیتییە، کە بەیتی یەکەم و سێیەم و پێنجەم، بەیتی دووەم و چوارەم و بەیتی حەوتەم و هەشتەم هاوسەروان و هەر بەیتێکیش یازدە برگە (سێلابە).

٣٧- دیکتۆس کرتی: نووسەرێکی خەڵکی کریتە کە لە جەنگی تەرواده بەشداری کردووەو واریڤاتنامەیەکی ئەم جەنگەی دراوەتە پاڵ و یەکەم جار لە سەدەی چوارەمی زایینیدا بە زمانی لاتینی دەرکەوت و بوو بە سەرچاوەی چیرۆکەکانی سەدەکانی ناڤین دەربارەی جەنگی تەرواده.

٣٨- دارس فریگیە: نووسەرێکی گریانەیی کتێبێکە لەمەڕ مێژووی جەنگی تەرواده.

٣٩- فیەزۆگە- **Fiesoge**: ناوچەیەکە لە ئیتالیای ناوەندی، لە توسکان.

٤٠- لیدگیت (١٣٧٠- ١٤٥١): شاعیر و ڕەبەنێکی ئینگلیزییە.

٤١- فیرەرز- (١٥٠٠-١٥٧٩) **Ferrers**: سیاسەتوان و شاعیرێکی ئینگلیزییە.

٤٢- باڵدوین (١٥٤٧): نووسەرێکی ئینگلیزە.

٤٣- ئۆلیڤەر: لە حیکایەتەکانی شارلمانیدا، دۆستی نزیکی ڕۆلانە.

٤٤- گانلۆن: لە حیکاتەکانی شارلمانیدا، خیانەتکارێکە کە بۆ شکستی پاشینەی قۆشەنی شارلمانی لە ڕۆنسۆفدا پیلان دەگێڕێ.

٤٥- لۆرتسۆی شکۆمەند (١٤٤٩- ١٤٩٢): سیاسەتوان و زانایەکی فلۆرەنسایییە، هاندەرو پەنای شاعیران و نووسەران بوو.

٤٦- سۆسیا- **Sosia**: ناوی خزمەتکارێکە لە یەکێک لە

شانۆنامەکانی پلاوتۆسدا.
٤٧- رۆنسۆڤ: ملەیەکە لە پیرنەی رۆژئاوایی، نێوان فەرەنساو ئەسـپـانیـا، بە گـوێرەی حـیکایەت و نەقـلان رۆلان لەوێندەر دەکوژرێ.
٤٨- فـرانچـسکۆبرنی (١٤٩٧- ١٥٣٦): شـاعـیـرو تەنزنووسێکی ئیتاڵیاییە.
٤٩- تزار بۆرجـا: (١٤٧٥- ١٥٠٧): کـاردیناڵێکی ئیتاڵیاییەو کوڕی پاپا ئەلکساندەری پێنجەمە.
٥٠- ناپلیـون پۆناپارت (١٧٦٩- ١٨٢١) لە سـالانی (١٨٠٤- ١٨٠٥)دا ئیمپراتۆری فەرەنسا بوو.
٥١- بسمارک (١٨١٥- ١٨٩٨): یەکەمین پێشەوای مەزنی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا بوو.
٥٢- ئەدەبیـاتی ئەتەکێت: جۆرە ئەدەبیاتێکە کە هەوڵ دەدات یاسـاو رێسـاو پێـوەرو پێـوانەی رەفـتـار و دابونەریتی تاک لە کۆمەڵگەیەکی ئارام و پەروەردەکراودا بچەسپێنێت.
٥٣-مانتوا: ناوچەیەکە لە باکووری ئیتاڵیا لە لۆمباردی.
٥٤- ئۆربینۆ: ویلایەتێکە لە ئیتاڵیای ناوەندی.
٥٥- پاپالیـۆیسی (١٤٧٥- ١٥٢١): لە سالانی (١٥١٣- ١٥٢١) پاپا بوو. لە بنەماڵەی مدیچی بوو ئەنجوومەنێکی ئەدەبی گەورەو بەناوبانگی هەبوو و پشـتـیـوانیـیـەکی زۆری لە روفـائیل دەکرد.
٥٦- پاپ کلیـمنس (١٤٧٨- ١٥٣٤): پاپای سـالانی (١٥٢٣- ١٥٣٤) بوو، لە خانەوادەی مدیچی بوو.
٥٧- فرانسوای یەکەم (١٤٩٤- ١٥٤٧): شای فەرەنسا بوو لە (١٥١٥- ١٥٤٧).
٥٨- تیـمۆنی ئاتینی (٤٥٠ پێش زاین): کەسێکی نیـمچە ئەفـسـانەیی ئاتینی دوورەپەرێز بوو. پاش ئەوەی کـە سـەروەت و سامانەکەی لە دەست دا، دۆستەکانی لێی دوورکەوتنەوەو ئەویش گۆشەگیری هەڵبژاردو جگە لە ئالکیبادس، کە وای دەزانی دەبێتە هۆی وێرانی ئاتین، تێکەڵاوی کـەسی دی نەدەبوو، ئەمـە تیـمـەو ناوەرۆک و هەوێنی شانۆنامەی "تیمۆنی ئاتینی"یە کە دەیدەنە پاڵ شەکسپیر.
٥٩- سۆفۆنیسبا (سەدەی سێیەمی پێش زایین): سۆفۆنیسبا- ی خانمی کارتاژی، دەزگیرانی ماسی نیسا-ی میری نۆمیدیا بوو. بابی بە زۆری دای بە سۆفاکس-ی شای نۆمیدیا- ماسی نیسا، بەسـەر پاشادا زاڵ بوو و سـۆفـۆنیـسـبـا کـەوتە دەستی ئەو. مـاسی نیسـا ویستی بیـخوازێ، بەڵام رۆمیـیـەکان وەکو دیلێک داوایان کردەوە. ماسی نیسا-ش بۆ ئەوەی رۆمییەکان سۆفۆنیسبا بە دیلی نەبەن، پیاڵەیەک ژەهری بۆ نارد، ئەویش بێ دوو دڵی خواردییەوە. سـەربوردە و بەسـەرهاتی وی بووە بە تیـمـەو ناوەرۆکی چەندین تراژیدیا.
٦٠- تریسینۆ (١٤٧٨- ١٥٥٠): نووسەرێکی ئیتاڵیاییە.
٦١- پیـتـرو ئارتینۆ (١٤٩٢- ١٥٥٦): هەجـوونووسـێکی ئیتاڵیاییە.
٦٢- دۆلچە (١٥٠٨- ١٥٦٨): نووسەرێکی ئیتاڵیاییە.
٦٣- دۆڤیزی (١٤٧٠- ١٥٢٠): نووسەرێکی ئیتاڵیاییە.
٦٤- لیـۆنکاڤـالۆ (١٨٥٨- ١٩١٩): مـۆسـیـقـازانێکی ئیتاڵیاییە.
٦٥- ئاگـۆسـتـینۆبکاری (١٥٤٠- ١٥٩٠): شـاعـیـرێکی ئیتاڵیاییەو بێژەری هۆزانین شوانکارەییە.
٦٦- سـۆرینتـۆ (بەندەرێکە لە باشووری ئیـتـاڵیـا، لە کـەناری کەنداوی ناپولی).
٦٧- ڤـوتابخانەی یەسووعـیـیـان: تیـمـێکی ئایینیـیـە بە ناوی یاوەرانی مـەسـیـح کـە لە سـاڵی ١٥٣٤دا دامـەزراو خـەریکی کاروباری بانگەشەیی و مەزەبی بوو.
٦٨- بیرگامۆ: شارێکە لە باکووری ئیتاڵیا، لە لۆمباردی.
٦٩- ساتیر- Satyr: لە ئەفسانانی یۆناندا، بوونەوەرانێک بوون کـە لە بێشـەو جـەنگەڵاندا بوون و بە خـواوەندانی بچـووکی فـەرو بەرەکـەت دەژمـێـرران، لەپەیرەوانی دیۆنۆسـۆس و خـوازیاری عەیش و نۆش و رابواردن بوون.
ساتیر-یان لە شێوەی پیرەمێردێکی تووکنی ئەندام وردیلەی بە کلک و گـوێی وەکـو بزن بەرجـەسـتـە دەکردو دەیهـێنایە بەر چاوی خەیاڵ.
٧٠- گۆدفرواد بۆیۆن (١٠٥٨- ١١٠٠): دۆکی لۆرنی ژێرییە و لە رابەرانی جەنگی سەلیبییە.


سەرچاوە:
تاریخ ادبیات جـهـان (جلد اول)، باکنرب- تراویک/ عـربعلی رضائی، ویراسـتـار: سعـید حمـیـدیان ، چاپ اول ١٣٧٣، تیـراژ: ٣٠٠٠ نسخە.

# هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک لە ژیان و جیهانی شیعریی فازڵ عەززاوی

**کەمال غەمبار**

«من بەو واتایەی فیرجل بەم گوزارەی بەخشیوە گۆرانی دەڵێم:

– گۆرانی بەچەک و مرۆڤ دەڵێم، ناکرێ سترانەکەم ڕەت بکرێتەوە کە ببێ، چونکە چەکێکە لە دەستی مرۆڤی بێ چەکدایە، چونکە خودی مرۆڤە و ژیان هۆی بوونیەتی... من گۆرانی دەڵێم، چونکە گەرداوەکە ئەوەندە توندوتیژ نییە بەجۆرێ بەسەر گۆرانییەکەمدا زاڵ ببێ.

ئاینده هەر چۆنێک بێت

دەتوانن ژیانم لێ بستێنن، بەڵام گۆرانییەکەم ناکوژێننەوە»

**(لویس ئەراگۆن)**

**دەسپێک**

بەر لە شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژی ساڵی (١٩٥٨)، چەند نووسەرو هونەرمەندێک لە شاری کەرکووک جاروبار ناویان دەهات، بەڵام دوای شۆڕش وەکو بزاڤێکی ڕۆشنبیری ناوی (فازڵ عەززاوی و موئەیەد ڕاوی و سەرگۆن پۆڵس و جان دەمۆو جەلیل قەیسی و یووسف حەیدەری و ئەنوەر غەسسانی و زوهدی داودی) پتر دەرکەوتن و درەوشانەوە، بەتایبەتی فازڵ عەززاوی، ئەوەبوو ساڵی خویندنی (١٩٦٠– ١٩٦١) ئەو حەلە من پۆلی سێیەمی کۆلێژی پەروەردەبووم، ئاشنایەتیم لەگەڵ (فازڵ) پەیدا کرد، کە ئەو تازە پێی نابووە خوێندنی پۆلی یەکەم و لە ڕێگەی ڕێکخستنی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە کۆلێژەکە پێوەندیمان بەهێزتر بوو، ماوەیەک بەرپرسی ئەو شانەیە بووم کە فازڵ تێیدا ئەندام بوو، ئەو ماوەیە دوای هەڵگەڕانەوەی (عەبدولکەریم قاسم) لە



**فازڵ عەززاوی**

ڕەوتی دیموکراتی و ژیانی حزبایەتی، کەسانی چەپ و دیموکراتیخواز کەوتنە بەر شاڵاوی بەعسییەکان و نەتەوەخوازەکان و ئەوانەی سەر بە «الأخوان المسلمون» بوون لە ئەنجامی شەڕو لێکدانی نێوان چەپڕەوەکان و ڕاسترەوەکان ژمارەیەک لە ئێمەی قوتابی چەپڕەو گیراین و لە گرتووخانەی سەرای لە بەغدا توندکراین، کە ببووە کاروانسەرای ئەوانەی لە هەموو لایەکەوە دەگیران، بەتایبەتی ئەوانەی بە چەندین تۆمەتی ناڕەوا دەگیران، لە نێویاندا هەبوو بەتۆمەتی سەر بە شۆڕشی ئەیلوولی (١٩٦١) و چەپڕەوی و ئاشتیخواز بوون، ئێمەی قوتابی کۆلێژی پەروەردە ژمارەمان زۆربوو، کە ماوەیەکی زۆر لەوێ ماینەوە کەسایەتیی ناوداریان دەهێنایە هەمان گرتووخانە لەوانە: (شەهید ساڵح یووسفی، دکتور بەدیع نەزمی، موزەففەر نەواب، هاشم چەللاب) کە سەرۆکی کۆمەڵەی جووتیارانی عیراق بوو، شەوانە لەو ژوورە تەنگەی گرتووخانەدا کۆڕی وتووێژی سیاسی و ئەدەبی دەگیرا، جاروباریش (موزەففەر نەواب) بە دەنگە بەسۆزەکەی گۆرانییەکانی (ئوم کەلسووم)ی دەچڕی، هەندێ جاریش کە لە ژوورەکاندا جێی گیراوەکان نەدەبووەوە حەوشەکەیان پڕ دەکرد لە گیراوی هەمەجۆر، سیاسی و نا سیاسییان تێکەڵی یەکتر کردبوو، زۆر دیمەنی هەست بریندار کار (موزەففەر نەواب)یان دەورووژاند و بەشێوەیەکی هێڵکاری وێنەی ئەو کڵۆڵ و داماوانەی دەکێشا کە ڕاپێچی گرتووخانەکە کرابوون، ئێمە بە حوکمی ئەوەی درابووینە دادگایەکەی (شەمسەددین عەبدوڵلا) کە لە دادگایەکی عورفی دەچوو، (ڕاغیب فەخری) کە کەسێکی داخ لە دڵی کۆنەپەرست بوو، جێگری داواکاری گشتی بوو، هاتوچۆیان زۆر پێ دەکردین و قوتابیانی بەعسی و قەومی و ئیخوان دەهاتن شایەدییان لەسەر دەداین، دوای ماوەیەک بە دەستەو بەرنامە ئازاد کراین و دوای ماوەیەکی تر ژمارەیەکی کەمتر لە هی پێشوو گیراین و لە گرتووخانەی (عیوازیبە) توندکراین. لە هەردووجاردا فازڵ لەگەڵ ئێمەدا بوو.

ئەو دوو ساڵەی کە لەگەڵ (فازڵ)دا بەیەکەوە بووین چ لە کۆلێژ و چ لە دەرەوەیدا وێڕای ڕاونانی ئاسایش و تەنگەتاو کردنمان بە خۆشیش ڕامان دەبوارد، لەبەر بارودۆخی ناهەمواری کوردستان هاوینان لە بەغدا دەماینەوە، شەوانە دەچووینە (ئەبوو نوواس) و درەنگانێ دەگەڕاینەوە بەشی ناوخۆ...

فازڵ بە پێچەوانەی قوتابییەکانی ترەوە ئەوەندە بایەخی بە جلوبەرگ نەدەدا، زۆرجار کە براکەی لە کەرکووک پارەی بۆ دەنارد یەکسەر چاکەتێکی لە لەنگە دەکڕی و ئەوی تری بەمەی نۆشین خەرج دەکرد. کە گیرفانیشی بەرەو کزی و بەتاڵی دەچوو، لەلای مەی فرۆشەکانی سەر شەقامی لای چەپی گۆڕەپانی (تەحریر) بەرەو گۆڕەپانی (سەعدوون) بەپێوە خەریکی خواردنەوە دەبوو.

لە ڕاستیدا ئەگەر سەیری (فازڵ عەززاوی)ت بکردایە هەستت بەوە نەدەکرد کە چ جۆرە وزەیەکی داهێنەرانەی ئەدەبی لە شیعرو چیرۆک و ڕۆماندا لەو جەستەی کە وای دەرنەدەخست، دایە، خۆی لەکاتی مانگرتنی قوتابییان و بۆنە تایبەتەکاندا شیعری دەخوێندەوە، جاروباریش بێ کاغەز لەبەر شیعری دەخوێندەوە، بەو دەنگە دلێرەی کاری خۆی هەبوو، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بڵێم کە ئەوەندە سەرسام بوو بەخۆی تاڕادەیەک خۆی لە (جەواهیری) پێ شاعیرتر بوو. جارێکیان لە بەشی ناوخۆ لەگەڵ برادەرێکی هاوبیری خۆی کە خەڵکی بەسرە بوو، ناوی (عەبدولزەهرە) بوو لە بەشی بیرکاری پێی وت: «ڕۆژێک دادێ ناوت لە مێژوودا دەنووسرێ کە تۆ شەڕت لەگەڵ فازڵ عەززاوی کردووە» برادەرەکە زڕتێکی بۆ کێشاو گاڵتەی پێ هات، بەڵام قسەکەی فازڵ هاتە دی.

دوای دەرچوونم ساڵی ١٩٦٢ بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوولی (١٩٦١)، ئێمەی کوردیان قەدەغە کرد کە لە کوردستاندا دابمەزرێین، هەریەکەمان لە شارێکی ناوەڕاست و باشووری خۆمان دۆزییەوە، کە کوودەتای

ڕەشی (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) ڕووی دا، ژمارەیەک لە ئێمە ڕامانکرد و چووینە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوول، فازڵ کەوتە بەر شاڵاوەکەو گیرا و ئازار درا ڕۆمانی «القلعة الخامسة» بەڵگەی ئەوەن. دوای کوودەتایەکەی تشرینی (١٩٦٤) کە عەبدولسەلام عاریف دژ بە (حەرەس قەومی) بەرپای کرد و بەتایبەتی دوای ئەوەی کە عەبدولڕەحمانی برای بوو بەسەرۆک کۆمار، کەشوهەوایەکی تر هاتە کایەوە و فازڵ ئازاد کراو کەوتەوەسەر ژیانی ڕۆژنامەگەری، دوای کوودەتای (١٩٦٨) سەرەتاکانی حەفتاکان، فازڵ هەرچەندە بوو بە سەرنووسەری گۆڤاری (ألف باء)، بەڵام خەریک بوو بەرەو ڕێبازی بێ هوودەیی هەنگاوبنێ و لە هێڵی چەپڕەوی دەرچێ، شەهید (دکتۆر سەفاء ئەلحافیز) هەستی بەوە کردبوو، بۆیە لە گۆڤاری (الثقافة الجدیدة)دا بابەتێکی جوانی بلاوکردبووەوە بێ ئەوەی ناوی فازڵ بهێنێ، ئاماژەی بەوە کردبوو کە وێرای هەڵوێستی فازڵ ڕەوا نییە ئەویش وەکو (بەدر شاکر ئەلسەیییاب) وای لێ بکرێ کە بەرەو هەڵدێرە هزرییەکەی سەیییاب بچێ، واباشە بایەخی پێ بدرێ و باوەشی بۆ بکرێتەوە.

دوای ماوەیەک من ئاگام لە فازڵ برا، دیار بوو ڕووی کردبووە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و لەوێ پێوەندی بەیەکێتی نووسەرانی ئەڵمانیاوە کردبوو، شیعرێکی بە ئینگلیزی نووسیبوو کە بۆ منی گێڕایەوە، لەوێندەرێ سەرنجی ڕاکێشابوون و لە ئەنجامدا لەوێ خوێندی و دکتۆرای لە ڕۆژنامەگەری نهێنی لە عێراق وەرگرتبوو. دوای ئەم پێشەکییە بە پێویستی دەزانم لە جیهانی شیعریی شاعیر بدوێم و پاشان چەند نموونەیەکی بکەم بە کوردی

## بەیانی شیعری چوارقۆڵی

فازڵ عەززاوی لەگەڵ سامی مەهدی و خالید عەلی مستەفا و فەوزی کەریم بەیانێکی شیعرییان دەرکرد، بەر لەوەی گرووپی (ڕوانگە) بەیانی خۆیان دەربکەن و گۆمی مەییوی شیعری کوردی بشلەقێنن، ئەو بەیانەی چوار کەسەکە بە (بەیانی لاکێش- البیان المستطیل)یش ناوبرا، کە بەڕاوبۆچوونی ئەوان دەست هەڵگرتن بوو لە درێژبوونەوەی شیعری پێشوو، بەتایبەتی ڕابەرانی شیعری ئازاد: «نازک و سەیییاب و بەیاتی و بلند حەیدەری و هیتر و شاعیرانی شەستەکان کە پێداچوونەوە بوو بە قۆناغی نوێ و دەستپێکردنی قۆناغێکی تازە، هەرچەندە درێژبوونەوەی ڕەوتی شیعری شاعیرانی عێراقی پێشوو نەبوو، بەڵام درێژبوونەوەی شیعری (ئەدۆنیس) بە پلەی یەکەم و (یووسف ئەلخال و ئینسی ئەلحاج) بوو، کە لە گۆڤاری «شیعر» کە لە لبنان دەردەچوو شیعریان تێدا بلاودەکردەوە، بە پلەی دووەم بوو، بەڵام لە ئاکامدا لەوانیشی تێپەڕاند و بوو بە خاوەنی دەنگێکی تایبەت بە خۆی.

شیعرەکانی فازڵ لە ڕەوتی شیعری سوریالی و بیروباوەڕی ڕۆژئاوا دوور نین.

شیعری فازڵ عەززاوی، شیعری جیهانی سەیرو سەمەرەیە، شیعری تژی لە ئەفراندن و داهێنانە، هەروەکو پیکاسۆ دەڵێت: **«داهێنان بەرامان دەست پێدەکات»**، بۆیە بۆ ئەوەی لە شیعرەکانی بگەین دەبێ قووڵ بیر بکەینەوە و بە ناخیاندا شۆڕ ببینەوە. دەبینین وشەو گوزارەی وای بەکارهێناوە کە لە جیهانی واقیعدا نامۆن، لە کرۆکی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە، مانای تری پێ بەخشیون، بوێرانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، ڕەنگە ئەگەر بەدیدێکی سادەوە سەیریان بکەین. بە دوورکەوتنەوە و شتە بێ سەروپایەکانی سوریالیییەکانیان تێ بگەین، بەڵام جیهانی فازڵ جیهانێکی ترە کە خۆی بنیادی ناوەو بنیادی دەنێ.

لە شیعری **«ئا ئەوە منم لە شەقامەکانی دوورگەی عەرەبیدا هاواردەکەم»**دا دەڵێ:

**«دەریا لەولاتەکەی مندا نیشت، جادووکارەکە لەسەرمدا ڕاپەڕی**

**دوورگەکانم داخراون، چەند دارستانێک لە ئاودا نقوم بوون: من دڵدارم**

**لمی بیایان لەسەر جەستەی گیا لەبەردەم شەو، لە بارانەکانی جیهاندا.**

**ئێمەی شاعیرانی دڵشادی پڕ ئاشتی بۆ سەیران لە دۆڵی دوورخراوەکاندا دەردەچین، وەک منداڵان سرووەدەکەت دەچڕین، ئەی بیابانی عەرەبی بەندکراو لە خەونەکاندا»**

لە کۆتاییدا دەڵێ:

**«خاچی خۆشەویستی لەبەردەم هەژاراندا، دیم شەو لە چاوی ئەژدیهادا کۆچ دەکات**

**پیاوەکانم بە ئاگا هێنا، لە فرۆکەخانەدا گەشتمان بۆ نیشتمانەکانی هەژاران کرد**

**دیان دەریا ئافرەتێکی دوو گیانە، پاشا شێتە. بە شمشێر دەمرێت (١)**

لەو نموونەی بەر چاومان خست دەبینین، شاعیر زمانێکی ئاسایی بەکار ناهێنێ (خاچ، ئەژدیها، دەریا) لە واتای فەرهەنگی خۆیان دەردەچن و ڕەهەندێکی تر

دەبەخشن، خاچی لە خاچدانی مەسیح، دەبێتە لە خاچدانی خۆشەویستی، شەو لە چاوی ئەژدیهای ڕەمز و هێمای ترس و لەرز ڕادەکات و ون دەبێ، دەریا دەبێتە مۆڵگەی لە دایکبوون، بیابانی عەرەبی ئەوە نییە کە لەسەر زەمینی واقیعدا بوونی هەیە، لای شاعیر لەناو خەونەکاندا بەندکراوە.

فازڵ عەززاوی دەرەوەی واقیع ڕەت دەکاتەوە و بە ڕوانینێکی تازەوە، بەناخی خۆیدا شۆڕ دەبێتەوە، پەنا دەباتە بەر شتە ناڕوون و نادیارەکان، ڕوون و دیارەکانیش هەڵدەگێڕێتەوە، بە جۆرێک ڕووبەڕووی ژیانی باو، جیهانی بەرچاو دەبێتەوە کە لە شاعیرانی دەوروبەری خۆی تێپەڕ دەکات، خۆی دەخاتە جیهانی لێڵ و تەماوی، بۆ ئەوەی یەکبوونێکی ویژدانی لەگەڵ شتەکاندا جێبەجێ بکات. بۆیە دەبینین بوونەوەرەکانی ئاسایی نین، سەیروسەمەرەن، کە دەتوانین ناویان بنێین بوونەوەرەکانی فازڵ عەززاوی کە بەشێوەیەکی تایبەتی خۆ دەنوێنن، سەر بە خەون و خولیاکانی شاعیرن.

ئەگەر فیرجل گوتوویێتی: «دەتوانن ژیانم لێ بستێنن، بەڵام گۆرانییەکەم دانامرکێنن..» ئەوە فازڵ عەززاوی لە شیعری **«سەیری ئەم پیاوە بکەن»دا** لە سایەی شیعرەکانیدا ئەگەر بشمرێ نامرێ، بۆ ئەوەش شیعر دەنووسێ تاکو نەمر بێ» ئەوەتا لەم هۆنراوەیەدا کە وێنەی خۆی لەگەڵدا بڵاوکردووەتەوە دەڵێ:

**دەزانم لە یەکێ لەم ڕۆژانەدا دەمرێ:**
**شەممە، یەک شەممە، دووشەممە، سێ شەممە، چوارشەممە، پێنج شەممە، هەینی و.**
**لە یەکێ لەم مانگانەدا:**
**کانوونی دووەم، شوبات، ئادار، نیسان، مایس، حوزەیران، تەمووز، ئاب، ئەیلوول، تشرینی دووەم، کانوونی یەکەم.**
**سەیرکەن... خۆی شیعر دەنووسێ**
**بۆ ئەوەی نەمرێ**
**لە ڕۆژانی هەفتە یان مانگەکانی ساڵدا.**

**تێبینی: بۆ کورتکردنەوەی ئەم بڕگەیە تکا لە خوێنەران دەکەم کە مێژووی ئەو ڕۆژ و مانگە بنووسن کە تەنیا تێیاندا دەمرم (هەڵبەتە لە دوای مەرگم) لە باتی باسکردنی هەموو ڕۆژانی هەفتەو مانگەکانی ساڵ(٢)**

دوای ئەم هەڵوەستەکردنە چەند نموونەیەکی شیعرەکانی شاعیر دەکەین بە کوردی.

**شەپۆل**

**شەپۆل بەرز، بەرز، بەرز گەورە دەبێ، هەتاکو گشت دەریا دەگرێتەوە، لە سەرەخۆش شەوە لە ئێسقانەکانمدا ساتمەی دەکات، هەورە تریشقە و باران لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ**
**بەڵام ڕاستییەکان لە لمدا بە بەجێهێشتراوی دەمێننەوە منداڵەکان لە جۆگەکاندا بە چەند یارییەک بۆ پیرییەتی دەیانهێنن و چەند باڵێک هەمیشە لە ژوور سەرمانەوە لێک دەدەن باڵی قەلەڕەشێکی ونبووە**
**ڕەنگە غەڵبەغەڵبی دیلەکان بێ لە فارسەوە**
**یان ڕەنگە سروودی ئافرەتێک بێ**
**کێ مێژوو بۆ سەر مێز دەگەڕێنێتەوەو**
**بیکا بە سووپ و دەرخواردی دزانی بدات؟ (٣)**

**دوا هۆنراوە**

**ئیمروئولقەیس گوتی:**
**ئەی دەروون بەسییە ئاژاوە**
**ئەمە خوێنی منە بە لمی دەبەخشم**
**با تەمەن بەفیڕۆ بڕوات**
**باشەو لە ژوور نێو چەوانم گردبێتەوە.**
**لە زەمینێکەوە بۆ یەکێکی تر بەڕێکەوت**
**لەسەر دڕک و وشتر ئالووک خەوت**
**لمەکان پێیەکانی شەکەت کرد**
**دەروون هاواری لێکرد..**
**ئەی شاعیر چیت گەرەکە؟**
**هەی بەدمەست لە لم و بادا**
**چیت دەوێ؟**
**- دەمەوێ**
**دوا هۆنراوەم بنووسم**
**پاشان سواری ئەسپە بۆرەکەی بوو و**
**بەرەو بیابان بای شەق کرد. (٤)**

**بەیانی شەپۆلێک لە دوایین سەنگەری شۆڕش**

**لەگەڵ ئێمەدا لە پێناو جیهانێکی بەختەوەرتر بجەنگن.**
**ئوتێلی بەخۆڕایی**
**وەرن لەگەڵ ئێمەدا لەسەر قەرەوێلەی یەککگرتوودا بخەون**
**شۆڕشێکی جیهانی لەشارو دێیەکاندا بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای کۆمەڵگەی ئازاد و خاوەن بەشداریکردنی سنووردار)**
**ئێمە جاڕی دەدەین و لە پێناو:**
**١-**
**٢-**

٣-
٤-
کاردەکەین
سپییەکە بەپێی ئەو ئامانجانەی بۆتان دەگونجێ پڕ بکەنەوە، ئێمە باوەڕتان پێ دەکەین.
هەژارانی نیشتمانی عەرەب(٥)
لە کۆشیعری «ئامۆژگارییەکانی ف عەززاوی بۆ جیهان» لە هۆنراوەی ژمارە (٦)دا دەڵێ:
چونکە من پەڵە هەورێکم لە ژوور تەرمی دەریادا دادەبارم، لەم ساتەدا لەنێوان زەندیقی و بادا
لەسەر کورسییەکانی شارەکان دادەنیشم، کەچی ڕشانەوە دراوەکانی پاشەکەوت دەکات
بۆ کڕینی میللەتێک، کۆتەڵەکانی هەموو جیهان دەبینم دادەبەزنە شەقامەکان و لەگەڵ منداڵەکانیاندا جووت دەبن بۆ ئەوەی نەوەیەکی بێ چەند جیاووکێک لە دایک بێ، شیزۆفرینیا خەونەکانیان گەرم بکاتەوە.
لە پێناو ئەمەدا، ئەمەنا و بۆ ئەوەی لە داواکانماندا زێدەڕۆیی نەکەین
لەناو سەدەیەکی تازەدا
بڕیارم دا ئەم نامەیە بۆ سەرم بنووسم
(نامۆ بە
جەنگاوەران لە هەزار لاوە دەتپەڕێننەوە) و دەریا لەهەر مەبەستێ بانگی لەکان دەکات کە نیشتمانی منن
بێ گەردە
کە کەفەکەی بازنەکانی زەمەن پێکدێنێ دابمرکێننەوە
کەوا بەختیاری کڵۆڵی هەژاران قانگ دەدات و فەیلەسووفەکان لە بارەی
* پیشەسازیی باڵندان
* پرۆلیتاریا لە شارە بەختەوەرە تازەکان
* مرۆڤی بێ چوار پەل و
ژیاریی خۆشەویستی دەنووسن.
هەلەو فازڵ عەززاوی
ئەوە منم لە لێواری قەیرانەوە لەگەڵتدا دەدوێم
پڕم بە ماسی و لاشەو دەنبووس
کەوا تونێل لە ئارادا نییە
وەرە با بچینە لای دیگۆل، لە بارەی ئایاری (١٩٦٨)ەوە لەگەڵیدا بدوێین.
وەرە بابڕۆینە لای ژەنەراڵەکانی یۆنان و گوێ لە مۆسیقای زۆربا بگرین
وەرە با بچینە لای ناسیتیۆن کە شیوعییەکان دەخوات
وەرە با بڕۆینە عەممان و لە هەموو پایتەختەکانی عەرەبی بڕوانین
وەرە بابچینە بەندیخانەیەک و لە بارەی گشت بەندیخانەکانەوە قسەی لەگەڵدا بکەین.
بێرە با بڕۆینە نا شوێنێک.(٦)
لە هۆنراوەی ژمارە (٧)دا دەڵێ:
سەرلەبەیانی لەخەو هەڵسام، چەند ڕاوڕەوێکی داخراو، چەند جۆگەلەیەکم بینی لە بیابانەوە هاتبوون
چۆلەکەکانی دارستانم گرت
زانستەکانی شۆڕشم پێشکەش بە منداڵان کرد
ڕووبارەکانم لە دوای خۆم جێهێشت
دلبەرێک لە زەمەنەکانی گەلدا ڕادەکات
گوێم لێ بوو درەختەکان گۆرانییان
بۆ شەو دەگوت و
گوێم لێ بوو مرۆڤ لەناو خەڵکدا دووچاری تەنیایی دەبێ و
دەریاش منداڵەکانی لەبادا یەک دەخات
ئەی نیشتمانە داڕژاوەکەم بەسەر خەمی ڕۆژهەڵات پێم بڵێ:
بەشەو ڕۆیشتن بێ باڵ چۆن دەبێ؟
لە دایکبوون بێ بەڵگەنامەی مەرگ چۆن دەبێ و لەسەر
شۆستەکانی خەونەکان، باڵندەکانت چۆن دارستانەکانی دڵ جێ دێڵن؟ (٧)

**تێبینی:** ئەم کۆ شیعرەی فازڵ عەززاوی (الأسفار) بەیارمەتی یەکێتی نووسەران لە عیراق لە چاپدراوەو شیعرەکانی ساڵانی لە (١٩٧٠)وە تا (١٩٧٤) لەخۆ دەگرن، بەرگی کتێبەکە هونەرمەندی ئەڵمانی (سگفرید نۆینهاوزن) نەخشەی کێشاوە.

پەراوێزەکان:
(١) گۆڤاری «الف باء» ژمارە (٧٦) ساڵی دووەم ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩.
(٢) فاضل العزاوي- الأسفار- قصائد- مطبعة اوفسيت الحديثي- بغداد- العراق- ١٩٧٦ ل(٦٥).
(٣) سەرچاوەی پێشوو ل (١٢٨).
(٤) سەرچاوەی پێشوو ل (١٢٩ و ١٣٠).
(٥) سەرچاوەی پێشوو ل (٦٦).
(٦) سەرچاوەی پێشوو ل (٦٢ و ٦٣).
(٧) سەرچاوەی پێشوو ل (٦٤).

### بیرەوەری ٢٥ ساڵ لەمەوبەر

### (٢)

# نالی و گۆرانی محەمەد عەبدولوەهاب و سیمینارەکەی سلێمانی

مارف خەزنەدار

(١)

مانەوەم لە بەغدا لەبەر ئەوە نەبوو کە بۆ من باشتر بوو، چونکە لەپێش چاو نەبووم. ئەوکاتەش یاسای دەوڵەت وای دەخواست کەسێکی وەکو من لە مووچە خۆرە گەورەکانی دەوڵەت بێ و بە بڕیاری سەرۆکی کۆمار خانەنشین بکرێ. دەبوو تا ساڵێک بەسەر فەرمانی دەوڵەت تێدەپەڕێ، هیچ کاروبارێکی ناگەیەنرێتە ئەنجام، تەنانەت ڕێگەی نادرێ سەفەری دەرەوەی وڵاتیش بکا. من لەبەر ئەوە لە بەغدا نەمابوومەوە، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەی میدیای کچم ساڵێکی مابوو کۆلێژی پزیشکی لە بەغدا تەواو بکا.

بەم جۆرە ئێستا و ئەوساش هەوڵی ئەوەم نەدا بگەڕێمەوە زانستگا، چونکە لەوکاتەدا چاکەی منی تێدا نەبوو و ئامادە نەبووم سەرم بۆ هیچ جۆرە هێزێک شۆڕ بکەم. بێ گومان پیاوچاکیش هەبوون قسەی باشیان بۆ من دەکرد. لە دەرەوە ئەم هەواڵانەم دەبیست و ڕۆژێ لە ڕۆژان هەوڵ و تەقەلایان بە ڕووی مندا نەدەدایەوە. لە مانە یەکێکی وەکو بابەکر پشدەری. ئەوەشم بیستەوە گۆیا جێگری سەرەک کۆمار تەها محیەدین لە دانیشتنێکدا کە بیستبووی منیان خانەنشین کردووە نازانم چۆن وێرا بووی لای خزمێکی بڵێ: بۆ خۆیان باش نەبوو، ئەمە مامۆستایەکی باش بوو. من و تەها محیەدین قەت بە یەکتری نەگەیشتووین، دوور بە دووری ناوبانگی یەکتریمان بیستووە.

ساڵێک و پێنج- شەش مانگ لە بەغدا لەماڵ نەهاتمە دەرەوە. خەریکی ڕێکخستنی ئەرشیڤ و دانانی بەرنامە بۆ کاری زانستی و داهێنانی ئەدەبی ڕۆژانی ئایندەی



**نالی**

ژیانم بووم. بنیادی کوڕم لە تەمەنی شەش ساڵیدا بوو. پێویستی بە پەروەردەکردنێکی تایبەتی هەبوو بۆ ئەوەی ئەو ئاواتەم بێتەدی کە لە ناو مێشکمدا چەسپ ببوو لە بابەت دوارۆژی ئەوەوە. بەم جۆرە لەماڵ کارم زۆر بوو، لەگەڵ ئەوەش کاتم دەدۆزیەوە بۆ تێرکردنی ویستەکانی دەروون و خەیاڵم. لەوانە تۆمارکردنی گۆرانییەکانی گۆرانیبێژی میسری محەمەد عەبدولوەهاب بوو.

(٢)

من لە نەوەیەک بووم لەسەردەمی فام کردنمان، واتە پێش جەنگی دووەمی گیتی گوێمان بە گۆرانی و مۆسیقاکانی عەبدولوەهاب و فەرید ئەترەش و ئوم کەلسووم گۆش کرابوو. هەریەکە مەیلی بۆ یەکێک، یان زیاتر لەم گۆرانیبێژە میسرییانە هەبوو. بەلای منەوە سازگارترین مۆسیقا و ئاوازی گۆرانی ئەو بەرهەمانە بوون، کە عەبدولوەهاب دروستی دەکردن. هەر لە منداڵییەوە هەستم دەکرد ئەم هونەرمەندە گەورەیە توانایەکی بێ پایانی وای هەیە ئاوازی میللی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا وەربگرێ و هەناسەیەکی ناوچەیی بداتێ و بەشێوەیەکی عالەمی بیخاتە ڕوو.

لە سەردەمی مێرد منداڵی و هەرزەییمدا ئاگاداری لە دایک بوونی گەلێ لەبەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە بووم. ئەم دەم و کاتانەم لەبیر ماوە کە ئێستگەی بێ تەلی قاهیرە گۆرانییەکی تازەی عەبدولوەهابی پێشکێش دەکرد، دەیگوت: بۆ یەکەم جارە ئەم گۆرانییە، یان ئەم ئاوازە پێشکێش دەکەین.

جار ناجار و تائێستاش لەسەر ئاوازی گۆرانییەکانی عەبدولوەهاب بەدەنگێکی نزم شەوان چاوم دەچێتە خەوەوە. بەتایبەتی لەو ڕۆژانەی خانەنشینی کردبوومی بە گۆشەگیر، بیرم لەوە دەکردەوە جارێکی تر بە هەموو بەرهەمەکانی عەبدولوەهاب دابچمەوە. ئەوی ڕاستی بێ هەموو گۆرانییەکانیم بەتۆمارکراوی نەبوو، ئەوەی هەشمبوو زۆربەیان سوابوون، ئیتر هەموو کاسێت و قەوانی گۆرانییەکانی عەبدولوەهابیان لەسەر تۆمارکرابوو بەسەریان داچوومەوە. سەرلەنوێ ئەوەی دەستم کەوت تۆمارم کرد.ئەنجام دوازدە کاسێتی هەریەکەی دوو سەعاتی بوو. ئەم گەنجینە بێ هاوتایە مایەی ئارامی گیان و خۆشی ژیانم بوو، هەر ساتێکی ئارەزووم بکردایە دەمتوانی ئەو گۆرانییەی خواستی دلم بوو، بیهێنمە دەرەوە و گوێی لێ بگرم. ئەوە ڕاستە هەر جۆرە خواردنێکی حەزم بۆی بچووایە خێزانی بەڕێزم بۆی ئامادە دەکردم، بەلام ئەو ئارەزووە جیاواز بوو لەگەڵ خواستی گیانیدا کە بۆ من مۆسیقا و کتێب بوو. ڕەنگە پیاو وا بیر بکاتەوە ئەگەر کتێبێکی خوێندەوە ئیتر پێویستی پێی نامێنێ، کەچی من ئەو کتێبەی دەمخوێندەوە ئەگەر نەبوومایە بەخاوەنی لەناو نامەخانەم دانەنایە و هەموو دەم لەپێش چاوم نەبووایە، وام دەزانی مێشکم خاوەنی ئەو زانیارییانە نییە کە لەناو کتێبەکەدایە، لەبەر ئەوەیە بەلای منەوە کەرەستەی ناو نامەخانە لە کتێب و کاسێتی گۆرانی و مۆسیقا لە کەرەستەی ناو مەتبەخ گرنگتر و بایەخدارتر بوو لە ماڵی ئێمە.

(٣)

تۆمارکردنی تەواوی دیوانی نالی لەسەر کاسێت هەوەسێکی دیکەم بوو. من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەگەر شیعرێک شیعر بێ، وەکو غەزەل و قەسیدەکانی نالی،

چەند ڕوویەکی هەیە. شاعیر خۆی بەجۆرێک تێی دەگا، خــوێنەریش بەجــۆرێک. ئەمــە لە خــوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر جیایە. خوێندنەوە لە ڕووی فۆنێتیک و فۆنێمەوە هەزار سەری هەیە. من لام وایە خوێندنەوەی نالی بۆ شیعرەکانی خۆی وەکو ئەو دەیخوێنێتەوە دووبارە نابێتەوە، واتە ئێمە هەرچەندە هەوڵ بدەین ناتوانین وەکو خۆی شیعرەکان بخوێنینەوە. کەسی شارەزا دەتوانێ لە شاعیر نزیک ببێتەوە، بەڵام کارێکی قورسە بتوانێ وەکو ئەو بیخوێنێتەوە.

من ناڵێم شــیــعــری نالی وەکــو شــاعــیــر خــۆی دەیانخوێنمەوە، بەڵام ڕێگە بەخۆم دەدەم ئەوە بڵێم با ئەو خوێندنەوەیەی من بۆ شیعرەکان تۆمار بکرێن ڕەنگە بۆ دوارۆژ کەڵکیان هەبێ. خۆ ئەگەر هیچ نەبێ یادگارێکی گیانییە، فەرامۆشی دڵ و دەروونە بۆ خۆم و نزیکەکانی خۆم. لەسەردەمێکی توانەوە لەناو گێتی نالی-دا دەتوانم بە دەنگی خۆم گوێ لەنالی بگرم، دەنگی وێنە کێشراو لەسەر کاغەز جۆرە کارێک دەکاتە سەر مێشک و دڵ. دەنگی بێژراویش جۆرە کارێکی تر دەکاتە سەر هەست و نەست و دەروون.

هەرچۆنێ بێ تــۆمــــارکــــردنی تەواوی غـــەزەل و قەسیدەکانی نالی بەدەنگی خۆم لە هەر سێ کاسێتی نەوەد دەقــیــقــەیی گــەنجــینەیەک بوو هەر کــاتێکی کاسێتەکان بهاتنایەوە بیرم و گوێم لە دەنگی خۆم بگرتایە توانەوەی خۆمم لەناو نالی دەدی. ئێــســتــاکــە بەدەنگی خۆم گوێ لە شیعری نالی دەگرم، لەجۆری خوێندنەوەکەمدا هەست بە تاقیکردنەوەی خۆم دەکەم. شێوەی خوێندنەوە تێم دەگەیەنێ لەکامە ڕستەی نالی گەیشتووم و کامەیان هێشتا نهێنی و داپۆشراوە بە لای منەوە. ژیانی زیندوو لەناو گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە دایە، ســادەیی لە مــێــشــکدا چەند ناڕەوایە، گــرێی سایکۆلۆژی لە ڕەوشتدا ئەوەندە نالەبارە.

من بەزەییم بەو مامۆستایە دێتەوە ئەگەر شیعرێکی خستە بەردەم قوتابییانییەوە وا زەن بکا هەرچی لە بابەت شیعرەکەوە هەیە پێی ساغ کراوەتەوە ئەو بەستەزمانە لەگوێی گادا نووستووە، قوتابییانی بێ بەختیش تووشی کۆڵکە مامۆستا بوون. ئەم دیاردەیە لەم سەردەمی قات و قڕییەدا کارێکی ئاساییە، خودا ڕۆشنبیرییان بپارێزێ.

خــێــزانی خۆشەویستم ئەم کارەی پێ ناخۆش بوو، بەگاڵتە و تەوسەوە دەیگوت: بۆ دوکانێکی تۆماری ئاواز و گۆرانی دانانێن، بەتایبەتی خانەنشینی و کاتت زۆر بەدەســتــەوەیە! دەمگوت: خــودا کــارت ڕاست بێنێ! دەیگوت: پیاوەکە ئاخر من لەوە دەترسم ئەم کاسێتە بکەوێتە دەست کەسی واوە بازرگانی پێوە بکەن، نالی دۆست زۆرن، تۆمارگاکانی گۆرانی پارەی پێ قازانج دەکەن. دەمگوت: کارێکی وا دەکەم نەکەوێتە دەست ئەم جۆرە کەسانەوە، خۆ ئەگەر ئەمە ڕووشی دا، چی تێدایە!

(٤)

ساڵێک پێش ئەو سەردەمە، واتە لە بەهاری ساڵی ١٩٨٠ کاتێک لە گەشتێکی سلێمانیمدا لای مەحمود تۆفیق لە کارگێڕی گشتی پەروەردە دانیشتبووم، دیار بوو کارگێڕی گشتی محەمەد پیرۆز ڕۆستەم چاوی بە من کــەوتبــوو لەوکــاتەی هاتبــوومــە ژوورەوە. من ئەوم نەدەناسی، مــەڵێ لەکــاتی خــوێدا (١٩٥٧- ١٩٥٨) قوتابی قوتابخانەی ئامادەیی ئێوارانی عەلی حیکمەت بووە لە کەرکووک، بەڕۆژیش لە کۆمپانیای نەوت کرێکار بووە. لەو سەردەمەدا من مامۆستای زمانی عەرەبییان بووم. ئیــتــر وابوو جــێی خــۆی بەجێ هێــشــت و هاتە ژوورەکەی مەحموود تۆفیق بۆ سڵاوکردن لەمن. هەرچەندە جــارێکی تر خــۆی پێ ناســاندمــەوە، بەڵام من ئەوم نەهاتەوە بیر.

هەر لەو دانیــشــتنەدا بوو پێــشــنیــاری ئەوەی کــرد ســیــمــینارێک ڕێک بخا بۆ ئەوەی لە بابەت کــوردەوە دوانێک بکەم بۆ مامۆستایانی قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان، بەتایبەتیش بۆ ئەو مامۆستایانەی زمانانی کــوردی و عــەرەبی و ئینگلیــزی دەڵێنەوە. لەپاش گەڕانەوەم بۆ بەغدا چەند جارێک لەسەر دیاری کردنی کاتی سیمینارەکە ڕێک دەکەوتین، بەڵام دوا دەخرا.

جاری وا هەبوو من دەبوومە هۆی دواخستنەکە، هی واش هەبوو ئەوان. لەپاش خــانەنشین کــردنم من وام دەزانی پێــشنیــارەکــە لەگــەڵ دوورخــســتنەوەی من لە زانستگا چووە گۆڕەوە، کەچی هەمووی مانگێک لەسەر ئەم ڕووداوە تێپەڕی نەکردبوو، کارگێڕی گشتی پەروەردە سوور بوو لەسەر ئەوەی سیمینارەکە بهێنرێتە دی. بەڕاستی لە هەڵوێستێکی سەیردا بووم. منێکی باوەڕ پێ نەکــراو لەلایەن دەســەڵاتەوە چۆن دەبێ بە قــســەی

لایەکی تری دەسەڵات بکەم! کەچی گوتیان بەڵێنە و پێش ڕووداو دراوە، مەسەلە پێوەندی بە کورد و مامۆستایانی کوردەوە هەیە و لە شاری سلێمانی خۆشەویستدایە، لەبەر ئەوە ناچار بووم بەڵێنەکەم بهێنمە دی.

لەو ڕۆژانەدا بە تەواوی لەژیانی گۆشەگیریدا دەژیام، نووسینم نەبوو بۆ بڵاوکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە پێشان زیاتر ناوم لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆوارەکاندا لەناوەوە بوو. وابزانم چاپەمەنییەکان شەڕیان پێ دەفرۆشتم، لەلایەک هەندێ نووسینیان لێم دەدزی بۆ ئەوەی لەسەر خۆم بکەمەوە، یان نووسین و چیرۆک و کتێبە کۆنەکانمیان هەڵدەسەنگاند و بڵاویان دەکردەوە، بەڵام من هەر بێ دەنگ بووم. حەزم دەکرد مەندی گۆمی ئەو بڕیارەی کە دابووم لە هەموو ڕوویەک و بارێکەوە نەشڵەقێنم، کەچی بۆم نەکرا دەست لە سیمینارەکەی سلێمانی بدەم.

لەو ڕۆژگارەدا دوو کتێبی گرنگم لەژێر چاپدا بوون، یەکەمیان بەزمانی کوردی «نالی لەدەفتەری نەمریدا»، دووەمیان بە زمانی عەرەبی «الرحالة الروس في الشرق الاوسط= گەڕۆکە ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا». ئیتر وابوو بڕیارم دا لێکۆڵینەوەیەک لە سیمینارەکەدا پێشکێش بکەم لە بابەت ئەو زانیارییانەی پێوەندییان بە کوردەوە هەیە و لەناو کتێبەکەدا تۆمار کراون.

بەهار دەمێک بوو شوێنەواری لە بەغدا ون ببوو، هاوین بە هەموو هێزێکییەوە خۆی لەناوەڕاستی مایسدا دەنواند، لەگەڵ ئەوەش هەرچەندە لە بەغداوە بۆ بەرەو ژوور سەردەکەوتین بۆنی بەهار زیاتر گەشەی بە دەمارەکانی ناو لەشمان دەدا. کە گەیشتینە قەرە هەنجیر و دەربەندی بازیان و تاسلووجە و دەشتی سلێمانی دیمەنی سروشتمان لە زۆرانبازی نێوان بەهار و هاویندا بەدی دەکرد. بەهار هێشتا زاڵتر بوو، سەوزی لە زەردی زیاتر بوو، چونکە نێوەندی کوردستان مایس و حوزەیرانیشی بە بەهار دەبەخشی.

کارگێڕی گشتی پەروەردە بایەخێکی تەواوی بە سیمینارەکەی من دابوو، کۆمەڵێکی زۆر لە مامۆستایانی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی و دۆست و برادەرانیان بانگ کرابوون. هۆڵە گەورەکە جمەی دەهات. زۆریان قوتابی خۆم بوون لە وانەی لە بەشی زمانی کوردی زانستگاکانی بەغدا و سلێمانی لای من خوێندبوویان، بەتایبەتی کچ و ژنەکان لە هەڕەتی شۆخیدا بوون، لەسەرەتای حەفتاکاندا کە قوتابی بوون بۆنی کچی عازەبییان لێ دەهات، بەڵام لەو ڕۆژەدا هەندێکیان بۆنی شۆڕە ژنیان لێ دەهات. دیمەنی هەموو هۆڵەکە خوێن گەرمن و گەنجی و لاوی و هەڕەتی بەرهەمی گیانی و مەتریاڵی بوو بۆ دوارۆژی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم دیمەنە جوانە پڕ لە ژیانە هۆیەکی گرنگ بوو بۆ خاوێن کردنی خەیاڵ و دەرهێنانی بیری ژیر و وتەی ڕەنگین و قسەی بەجێ لەناو کەلێن و کون و کەلەبەرەکانی مێشکم. دیمەنی بزەی لێوی ناسکی نازەنینێک، یان هەڵدانی چاوی پەری ئامێزێک، یان ئاوردانەوەی پڕ لە شانازی گەنجێک هەوێنی شەوق و گوشادی من بوون، هانیان دەدام قسەکانم جوان و ڕێکوپێکتر بن، چونکە من زانیارییەکانم نەکردبوو بەباس و نەمنووسیبوونەوە. تەنیا سەرە قەڵەمی درشتم لەسەر هەندێ لە وردە کاغەز تۆمار کردبوو، بەسەربەستی بێ نووسینەوە قسەم دەکرد.

# باسێکی ئەوین و تاریکی

ئامووس ئۆز
لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس
(کەرکووک)

لە هەموو جێیەک، کەرەستەی هەمەجۆری ئەورووپا، خاکی بەڵێن پێ دراو، دەبینران. بۆ نموونە، ئامێرێکی میتاڵ کە لەسەر شێوەی مرۆڤ دروست کرابوو، بە ڕۆژەوە پەنجەرەی بە کراوەیی دەهێشتەوە، کە بەشەویش پەنجەرەکە دادەخرا، ئامێرەکە بە درێژایی شەو سەرەوخوار دەبوو. بە هەمان ئەو شێوەیەی کە مۆسۆلینی و کلارا پاتاشیای دۆستی لە کۆتایی دووەم شەڕی جیهانیدا هەڵواسران.

شتێکی زۆر ناحەز و ترسهێن بوو. ئەوەش لەبەر ئەوە نا کە هەڵواسران، چونکە شایانی هەڵواسین بوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی سەرەوخوار هەڵواسران. وەختە بڵێم بەزەییم پێیاندا دەهاتەوە، ئەگەرچی ماڵی بەزەیی نەبوون: چییە؟ تۆ شێتیت؟ بەزەییت بە مۆسۆلینیدا دێتەوە؟ وەک ئەوەیە بەزەییت بە هیتلەردا بێتەوە! بەڵام من تاقیکردنەوەیەکم ئەنجام دا. لاقم لە بۆڕییەک گیرکرد کە بە دیوارەکەوە بوو و خۆم سەرەوخوار هەڵواسی و دوای چەند دەقیقەیەک هەموو خوێنەکەم بەرەو سەرم داگەڕا و خەریک بوو ببووریمەوە. مۆسۆلینی و دۆستەکەی، ماوەی سێ ڕۆژان، نەک تەنیا چەند دەقیقەیەک، ئاوها هەڵواسران، ئەوجا کوژران! ئەوە بە لای منەوە توندترین سزابوو. تەنانەت بۆ مرۆڤکوژیش توندە. تەنانەت بۆ ژنە دۆستێکیش توندە، ئەگەرچی کەمترین زانیاریشم لەسەر دۆست نەبوو. لەو سەردەمەدا، تاکە یەک ژنە دۆست لە هەموو ئۆرشەلیمدا نەبوو. «هاودەمێتی» و «هاولف» و «ژنە هاوڕێ» هەبوون و لە واتایاندا جۆرە ئەویندارییەک بەدی دەکرا. خەڵک بە چپە دەیانگوت: لە نێوان جەنابی شیرینانسکی و دەزگیرانەکەی لۆپاتیندا «شتێک قەوماوە». منیش بە گوتنی «شتێک قەوماوە» دڵم بە

توندی لێی دەدا، ئەوەش بە نهێنی و بایەخەوە و شاردنەوەی شتێکی زەق و ترسناک و شەرمەزاری بوو، بەڵام «ژنە دۆست»؟ بە تەواوی ئینجیلانە و ناواقیعی بوو. شتێک نەبوو بیری لێ بکرێتەوە. بیرم لەوە دەکردەوە کە دەشێت لە تەل ئەڤیڤ شتی وا ڕوو بدات، چونکە زۆر شتی تر لەوێ هەبوون، بەڵام لە ئۆرشەلیم نەبوون، یان ڕێیان پێ نەدەدرا.

هێشتا زۆر بچکۆلە بووم، سەربەخۆ کەوتمە خوێندنەوە، شتێکی دی نەبوو بیکەم. ئەو سەردەمە، شەوگار زۆر درێژ بوو، چونکە زەوی زۆر هێواشتر دەخولایەوە. ئەوەش لەبەر ئەوەی کۆخۆر لە ئێستا ئارامتر بوو. گڵۆپی ئەو دەمە، زەردباوێکی کز بوو و کارەبا زوو زوو دەبڕا. ئێستاش کە بۆنی زەیتی چرا دەکەم، یان چرای هیساوی دەبینم، حەزی خوێندنەوەم دەوروژێت. دەبوو بەهۆی قەدەغەبوونی گەڕانەوە کە بە فەرمانی ئینگلیز بوو، لە سەعات حەوتەوە لە ماڵەوە بین. خۆ ئەگەر گەڕان قەدەغەش نەبوایە، ئەو کاتە کێ دەیویست لە ئۆرشەلیم لە دەرەوە بێت؟ هەموو جێیەک داخرابوون و شەقامەکان چۆڵ بوون. هەر تارماییەک بە شەقامەکاندا ڕەت بوایە، سێ یان چوار تارمایی دووی دەکەوتن.

ئەگەر کارەباش نەبڕایە، ئێمە هەر لە مەیلەو تارکیی بەردەوامدا بووین، چونکە پاشەکەوت کردنی کارەبا زۆر گرنگ بوو: باوک و دایکم، گڵۆپی چل واتییان بە بیست و پێنج واتی گۆڕیبوو. ئەوەش تەنیا بەهۆی باری ئابوورییەوە نەبوو، بەڵکو بیروباوەڕیش بوو، چونکە تیشکی بەهێز خەرجکردنی وزە بوو و ئەوەش نابەجێ بوو. شوقە بچکۆلەکەمان، هەمیشە پڕ بوو لە ئازاری ڕەگەزی مرۆڤایەتی. دەبوو بۆ منداڵە برسییەکانی هیندستان، هەموو خۆراکی ناو قاپەکەم تەواو بکەم. ئەوانەی لە دۆزەخی هیتلەر دەرباز ببوون و ئەوانەی بەریتانییەکان خستبوویاننە ئۆردووگای قوبرسەوە. ئەو منداڵە تێکشکاوە بێ دایک و باوکانە، کە هێشتا بە دارستانە پڕ لە بەفرەکانی ئەورووپادا دەخولانەوە. باوکم، هەمیشە لەسەر مێزی نووسینەکەی دادەنیشت و تا دووی شەو کاری لەبەر ڕۆشناییەکی کزی بیست و پێنج واتیدا دەکرد و چاوی خۆی ئازار دەدا، چونکە بەلایەوە هەڵە بوو تیشکی بەهێزمان هەبێت. گیانبازە دانیشتوانەکانی کامپەکان لە گالیلین شەو لە دوای شەو دادەنیشتن و لەبەر ڕۆشنایی چرادا شیعر و فەلسەفەیان دەنووسی. چۆن ئەوانمان لەبیر بچێت و وەک ڕوتسلە لەبەر چرای چل واتیدا دانیشین؟ ئەدی ئەگەر دراوسێکان، ماڵەکەمان وەک هۆڵی باڵێ ببینن چی دەڵێن؟ پێی خۆش بوو چاوی خۆی سەقەت بکات، نەک قسەی خەڵکی بێتە سەر.

ئێمە لە خەڵکە هەرە هەژارەکان نەبووین. کارەکەی باوکم لە کتێبخانەی نەتەوەیی، ئەگەرچی داهاتێکی کەم بوو، بەڵام بەردەوام بوو. دایکم، تا ڕادەیەک وانەی تایبەتی زۆری هەبوو. من، هەموو هەینییەک بە یەک شلینگ، باخچەکەی (کۆهێن)م لە تەل ئارزا ئاودەدا. ڕۆژانی چوارشەممەش، شووشەی بەتاڵم لە دوکانەکەی ئاوستەر دەخستنە سنووقەوە و بەوەش چوار پێیستم دەستکەوت دەبوو. کوڕەکەی پلکە (ڤینستەر)م بە دوو پێیست فێرە خوێندنەوەی نەخشە دەکرد (بەڵام ئەوەیان بە قەرز بوو و تا ئێستاش پارەکەیان نەداوەتێ).

لەگەڵ ئەو سەرچاوە داراییانەشدا، بەردەوام دەستمان بە پارەوە دەگرت. ژیانمان لەو شوقە بچووکەدا، بە ژیانی ناو ژێرئاویی دەچوو، کە جارێک لە فیلمێکدا، لە سینەما ئیدیسۆن پیشان درا. سەرنشینانی ژێرئاوییەکە، کە لە بەشێکەوە دەچوونە بەشێکی دی، ناچار دەبوون قەپاغی نێوانیان دابخەن. بۆ ئەوەی دەست بە کارەباوە بگرم، مۆمم لە ئاودەستەکەدا پێ دەکرد و مۆمەکەم بە دەستەوە دەگرت و بە دەستەکەی ترم گڵۆپی کۆریدۆرەکەم دەکوژاندەوە. کە ئاوم بە ئاودەستەکەدا دەکرد، بە کاوەخۆ زنجیرەکەیم ڕادەکێشا، چونکە ئەگەر تەنیا میزم کردبا، بەتاڵکردنی هەموو ئاوی سستمی پاککردنەوەکە هەڵە بوو. شتی تر هەبوو کە (هەرگیز باسمان نەدەکرد) پێویستی دەکرد هەموو ئاوەکەی پێدا بکەین.

بەڵام تەنیا میز؟ هەموو ئاوی نیاگارا؟ لە کاتێکدا گیانبازەکان لە بیابانی نێگەڤ کە ددانیان دەشووشت گوڵەکانیان پێ ئاو دەدا؟ لە کاتێکدا سەرلەبەری خێزانێک لە ئۆردووگای پەنابەرانی قوبرس ناچار بوون سێ ڕۆژ بەیەک سەتڵە ئاو گوزەران بکەن؟ کە لە ئاودەستەکە دەردەچووم، مۆمەکەی دەستە چەپم دەکوژاندەوە و بەدەستە ڕاستم گڵۆپەکەم پێ دەکرد. ئاخر نەدەبوو لە بیرمان بچێت کە ڕاونان تا دوێنێ بەردەوام بوو و هێشتا ئەو جوولەکە بێ پەنایانەی کە لە ئۆردووگا وەدەر نرابوون و سواری قایەغی بێ کەڵک کرابوون، ناچار بوون بە کارپاتەکانی ئەلپ و بەردەڵاندا

بسووڕێنەوە. ئەوانە وەک هەیکەلە ئێسک لاواز بوون و شڕەوپڕەیان پۆشیبوو. جگە لەوەش، قاتوقڕیی لە زۆر جێی جیهاندا هەبوو. بۆ نموونە، کرێکارە کولییەکانی چین، پەمووچێنەکانی مسیسیپی، منداڵی ئەفریقیا، ماسیگرەکانی سیسیلیا. ئەرکی سەر شانمان بوو کەم مەسرەف بکەین.

جگە لەوانەش، کێ دەیزانی داهاتوو چی لە هەناوی خۆیدا بۆ هەڵگرتووین؟ هێشتا کێشەکانمان کۆتاییان نەهاتبوو و دڵنیاش بووین کە خراپتر لە پێشمانەوەیە. ڕەنگە نازییەکان تێکشکابن، بەڵام هێشتا جوولەکە لە پۆڵۆنیا ڕاودەنران و لە ڕووسیاش، ئەوەی بە عیبری قسەی کردبا تاقیب دەکرا و لێرەش بەریتانییەکان هێشتا دوا قسەی خۆیان نەکردبوو. موفتی گەورە فەتوای سەربڕینی جوولەکەی دابوو و کێ دەیزانی وڵاتە عارەبییەکان چییان بۆ ئێمە لەبن سەردا بوو. لەلایەکی تریشەوە، بەهۆی نەوت و بازاڕی ترەوە، زۆربەی وڵاتانی جیهان پشتی عارەبیان دەگرت. پێ نەدەچوو پاشەڕۆژمان باش بێت. تەنانەت منیش ئەوەم دەفامی.

ئەوەی بە ڕاستی هەمانبوو، کتێبی زۆر بوو. کتێب لە هەموو شوێنێک هەبوو: قەد دیوارەکان پڕ بوو، لە کۆریدۆرەکە و لێواری پەنجەرەکان هەبوو. لە مەتبەخەکە و لە هەموو کونجێکی ماڵەکەدا هەزاران کتێب هەبوون. ئەو هەستەم هەبوو کە مرۆڤ دێن و دەچن و لە دایک دەبن و دەمرن، بەڵام کتێب بۆ هەمیشە دەمێننەوە. حەزم دەکرد کە گەورە بووم، ببمە کتێب. نووسەر نا، کتێب. مرۆڤ وەک مێش دەمردن، تەنانەت نووسەرانیش دەمردن، بەڵام کتێب، ئەگەرچی هەوڵی لەناوبردنیشی بدرێت، ڕێی تێ دەچێت چەند نموونەیەکی بمێننەوە و لە بووندا بەردەوام بێت و لە ڕەفتێکی قوژبنێکدا، لە کتێبخانەیەکی دووردا لە ریکیاڤیک، ڤالادۆلیک یان ڤانکۆڤەر بمێنێت.

ئەگەر جارێک لە جاران پارەمان بۆ کڕینی خواردنی شەممە (سەبات- سەبت) نەبوایە، دایکم تەماشایەکی باوکمی دەکرد، باوکیشم یەکسەر تێدەگەیشت کە کاتی ئەوە هاتووە شتێکی ناو ڕەفتی کتێبەکان بکرێتە قوربانی. باوکم پیاوێکی وشیار بوو و دەیزانی نان لە کتێب بە نرخترە و بەرژەوەندی منداڵ لە پێش هەموو شتێکەوە دێت. پشتە چەماوەکەیم لە بیرە کە بە دەرگەکەدا دەڕۆیشت و دوو سێ بەرگی کتێب بە بن هەنگڵییەوە بوون، تا بیانباتە دوکانی ئەنتیکەی جەنابی مەیەر، پەژارەشی گەیشتبووە مۆخی. دەبێت پشتی ئیبراهیم، ئەو بەیانییە زووەی کە ئیسماعیلی بە شانیدا دا و بۆ چیای مۆریەی برد تا بیکاتە قوربانی، ئاوها بووبێت.

دەمهێنایە بەر چاوی خۆم، چەند خەفەتخان بوو. باوکم پێوەندییەکی ڕوحی لەگەڵ کتێبەکانیدا هەبوو. حەزی دەکرد دەستیان پێدا بێنێت و بۆنیان بکات. دڵخۆشییەکی فیزیکی لەگەڵ کتێبدا هەبوو. خۆی پێ ڕانەدەگیرا، دادەچەمی و دەستی لێیان دەدا. تەنانەت بۆ کتێبی خەڵکیش وابوو. لە ڕاستیدا، کتێبی ئەو کاتە لە هی ئێستا بە نرختر بوو: زۆر خۆش بوو بۆنیان بکەیت و دەستیان پێدا بێنیت. بە زێڕ کفت نووسرابوون و بە پێستی بۆنخۆش و نەرم بەرگ گیرابوون و کە دەستت پێدا دەهێنان، وات دەزانی دەست بە پەڕی قازدا دێنیت. شتێکی بێ سنووری تایبەتی کە دەستی لێ دەیت ڕەق هەڵگەڕێت و بلەرزێت. کتێبی تر هەبوون کە بە جۆرە چرێشێک جزوبەند کرابوون، بۆنێکی هەستیاری خۆشیان لێ دەهات. هەر کتێبە و بۆنی ڕاکێشەری تایبەتی خۆی هەبوو. هەندێک جار، چینە بۆنی کتێبەکان، دابەش دەبوون. چۆن کە تەنوورە با هەڵیدەداتەوە زەحمەتە حەزی ڕوانین ڕاگریت، نەدەکرا بۆنی نێوان بەرگەکان و پەڕەکان نەکەیت.

باوکم ڕاهاتبوو، دوای یەک دوو سەعات بە بێ کتێبەکان، بەڵام بە کیسەی قاوەیی پڕەوە دەهاتەوە. کیسەکان، نان و هێلکە و پەنیر و هەندێک جار قوتووە گۆشتیشیان تێدا بوو. هەندێک جار، لە جێی قوربانییەکەوە، بە بزەی سەر ڕوخسارییەوە دەهاتەوە، نە کتێبە ئازیزەکانی پێ بوون نە خۆراک. کتێبەکانی فرۆشتبوون، بەڵام کتێبی دیکەی بە پارەکەیان کڕیبوو، چونکە گەوهەری نایابی لە لای ئەنتیکفرۆشەکە چنگ کەوتبوو. پیاو لە هەموو ژیانیدا یەک جار دەرفەتی وای بۆ هەڵدەکەوێت و ئەویش خۆی پێ ڕانەگیرابوو. دایکم لێی خۆش دەبوو، هەروەها منیش، چونکە من جگە لە شیرینی و ئایس کریم، حەزم لە خواردنی دیکە نەبوو. ڕقم لە کریم و گۆشتی قوتوو بوو. هەندێک جار، تەنانەت بەخیلیم بە منداڵە برسییەکانی هیندستان دەهاتەوە کە ناچار نەدەکران هەموو خۆراکی ناو قاپەکانیان بخۆن.

کە تەمەنم گەیشتە شەش ساڵ، شتێکی زۆر گرینگ لە

ژیانمدا رووی دا. باوکم جێیەکی لە ڕەفتەی کتێبەکانی خۆی بۆ من چۆڵ کرد و ڕێی دام کتێبی خۆمی لێ دانێم. نیزیکەی چواریەکی ڕیزی خوارەوە بووە هی من. هەموو کتێبەکانی خۆم، کە تا ئەو دەمە لەسەر تەختەیەکی لای قەرەوێڵەکەم دامەدنان، کۆکردنەوە و بە باوەش بردمنە لای ڕەفتەکانی باوکم و ئەوجا بە ڕێکی، پشتیان لە دەرەوە و ڕوویان لە ناوەوە، دامنان. ئەوە بەرپرسیاری و گەورەبوون بوو. ئەگەر یەکێک کتێبی بەشێوەی ڕاست و قیت دانا، چی دی منداڵ نییە. ئیدی گەورەیە. منیش وەک باوکمم لێ هات. کتێبەکانم لەسەر پێ بوون.

بەڵام هەڵەیەکی کوشندەم کرد کە باوکم چوو بۆ کار، بە مافی خۆمم زانی هەر چییەک لە بەشەکەی خۆم، لە ڕەفتەکان بکەم. منیش چەند ڕەفتارێکی منداڵانەم ئەنجام دا. کتێبەکانی خۆمم بە گوێرەی بەرزی و قەبارە ڕێکخستن. هەرە گەورەکان کە بە لامەوە بایەخدار بوون، دامنان، کتێبی منداڵان، لێکچووەکان بە وێنەوە، ئەوانەی کە منداڵتر بووم بۆم خوێنرابوونەوە. ئەو کتێبانەی هەر بۆ ئەوە لەوێ بوون تا بەشەکەی خۆم لە ڕەفتەکەدا پڕ بکەمەوە. دەمویست بەشەکەی منیش وەک ڕەفتەکانی باوکم سیخناخ بێت و لێی زیاد بێت. کە باوکم لە کار گەڕایەوە، هێشتا لەوپەڕی بەختەوەریدا بووم. ئەویش بە بێزارییەوە تەماشای بەشەکەی منی کرد و دوای ئەوە بەساردییەکی واوە لێمی ڕوانی، کە قەت بیرم ناچێتەوە. تەماشاکردنێکی سڵ، تاڵ و دەسخەڕۆییانەی وا کە بە وشە باس ناکرێت. دەتگوت لە توانا بنچینەییەکانم دەسخەڕۆ بووە. لە ئەنجامدا، لێوە پێکەوە نووساوەکانی لێک ترازاند: چییە، بە ڕاستی شێتیت؟ کتێب بە گوێرەی بەرزی و قەبارە ڕیز دەکەیت؟ پێت وایە ئەمە ڕیزبوونی سەربازە؟ جۆرە حەرەسایەتییەکی شەرەفە؟ دەستەی تەواوی ئاگرکوژاندنەوەیە؟

دوای ئەوە بێ دەنگ ما. ماوەیەکی زۆر، بێ دەنگییەکی سامناک دایگرت. جۆرێک بوو لە بێ دەنگی گریگۆر سامسا و لە بەرانبەریدا دەبوومە قالۆنچە. منیش لەلایەن خۆمەوە وەک خەتابارێک بێ دەنگ بووم. دەتگوت، هەر بە ڕاستی جۆرە جانەوەرێکی بەستەزمان بووم و نهێنیم ئاشکرا بووە و هەموو شتێکم لە دەست چووە.

دوای بێ دەنگییەکی دوور و درێژ، باوکم دەستی بە قسان کرد و لە ماوەی بیست دەقیقەدا، بۆی روون کردمەوە کە دەبێ چۆن بێت. هیچی نەپەڕاند و گەیاندییە قووڵترین نهێنییەکانی کتێبخانە. ڕێگەی باوباپیرانی کوتایەوە، هەروەها ڕچەڕێی دارستان و بۆچوونی هەمەجۆری شێوازی جیاواز و هەمەڕەنگ و خەیاڵ و شێوەی پێشینان، جگە لە پرۆژەی ئازایانە و شێوازی کتوپڕی لابەلا. دەشێت کتێب بە پێی بابەت ڕێک بخرێن، بە پێی ناوی نووسەر، ساڵی لە چاپدانی، جۆر و تەنانەت زنجیرە، یان دەزگای لە چاپدانی. شێوازی یەکجار زۆر هەیە. بەو شێوەیە هونەری هەڵبژاردن فێربووم. ژیان لە هەڵبژاردن پێکهاتووە.

دەشێت هەموو شتێک بە شێوازی جیاواز ڕوو بدات، بە دوای یەکدا یان هاوتەریب. هەر یەکە لەو گۆڕانکارییە هاوتەریبانە، لە ئامانج و بەرهەمی گۆڕانکارییە سەربەخۆکانی دیکەوەیە. چەندین سەعاتی ڕۆژانی دواترم بۆ ڕێکخستنی کتێبخانە بچکۆلەکەم تەرخان کرد. بیست- سیی کتێبم تێکەڵ بە یەکتر دەکردن و دوایی بەهەر شێوەیەک خەیاڵ بۆی بچێت، ڕێکم دەخستنەوە.

کەواتە لە ڕێی کتێبەوە هونەری جێگۆڕکێ فێر بووم، ئەوەش بەهۆی ناوەرۆکیانەوە نا، بەڵکو لە ڕێی بوونی فیزیکییانەوە. لەوانەوە، «خاکی بێ لایەن»ی ئاڵۆز یان ناوچەی نارِوونی نێوان قەدەغە و ڕێ پێ دراو، ئاسایی و نائاسایی تێگەیشتم. هەرگیز ئەو وانەیەم بیر نەچووەوە. دوایی کە شتێک لە ئەوین تێگەیشتم، چلێکی سەوز نەبووم. دەمزانی هەڵبواردنی هەمەجۆر هەیە. دەمزانی شارێییەک هەیە و ڕچەڕێی سروشتیش هەیە و دەمزانی شوێنی وا هەیە بە دەگمەن پێی مرۆڤی پێ کەوتووە. زۆر شت هەبوون ڕێیان پێ دەدرا، بەڵام هەر ئەوە بوو قەدەغە نەبوون و شتی دیکەی قەدەغە هەبوون و هەبوون هەر ئەوەتا ڕێیان پێ نەدەدرا. شێوازی جیاوازی زۆر هەبوون.

هەندێک جار کتێبم لەوانەی باوکم دەبردنە باخچەکە تا تۆزیان بتەکێنم. هەر جارە و ئەوپەڕی سێ کتێبم دەبرد تا دوایی شوێنەکانیانم لێ تێکنەچێت و لە جێی خۆیان دایاننێمەوە. ئەرکێکی قورس بوو، بەڵام خۆشیش بوو، چونکە بۆنی تۆزی کتێبەکان ئەوەندە بە لامەوە خۆش بوون، مەستیان دەکردم و هەندێک جار ئەرکەکەی لەبیر دەبردمەوە و هەر دەمامەوە تا دایکم بۆم دەکەوتە پەرۆشەوە و باوکمی بە دوادا دەنارد تا دەربازم بکات، نەک گەرما خستبێتمی یان سەگێک گرتبێتمی. ئەویش

هەموو جارێک لە قوژبنێکی باخچەکەدا دەیدیم، خۆم کرژ کردبووە و نوقمی ناو کتێب ببووم، ئەژنۆم خستبوونە ژێر چەنەم و سەرم بەلایەکدا خوار کردبوو و کەمێک دەمم داپچڕیبوو. کە باوکم بە نیوە پەشۆکاوی و نیوە خۆشییەوە لێی دەپرسیم ئاخۆ چۆنم و چی قەوماوە، ماوەیەکی پێ دەچوو تا دەگەڕامەوە ناو جیهانی واقیعی. وەک یەکێک بووراببێتەوە یان نوقمی ئاو بووبێت، بە بێزاری و بە کاوەخۆ، بە ناچاری لە بێ هۆشی و دووریییەوە دەگەڕامەوە ناو ژیانی ڕۆژانەی بێزارکەر.

لە هەموو تەمەنی منداڵیمدا حەزم دەکرد شت ڕێکبخەمەوە، هەموو جارێکیش بەشێوەیەکی نوێ. سێ یان چوار بنە هێلکەی بەتاڵ دەبوونە ڕیزێک سەنگەر یان دەستەیەک ژێرئاوی یان چەند سەرکردەیەکی زلهێزەکان لە کۆبوونەوەی ماڵتادا. جاروبار، لەو مەملەکەتی بێ سەروبەرییەدا، مەودایەکم بەخۆم دەدا، کە شتێکی بوێرانەی خۆشی پێدا تێدەپەڕی. پێم خۆش بوو شقارتەیەک بەتاڵ بکەمە سەر زەوییەکە و پێوەندییە ڕێکەوتە بێ کۆتاییەکان بژمێرم.

لە کاتێکدا دووەم شەڕی جیهان گەرم بوو، نەخشەیەکی بەرەی شەڕەکانی ئەورووپامان لە کۆریدۆرەکە هەڵواسیبوو تیر و ئاڵای ڕەنگاوڕەنگی لەسەر بوون و هەموو ڕۆژێ، یان دوو ڕۆژ جارێک، باوکم تیر و ئاڵاکانی دەگواستنەوە، ئەوەش بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە ڕادیۆوە دەیبیسن. منیش ڕاستییەکی هاوتەریبی تایبەتیم بۆ خۆم دروست کردبوو: بەرەی شەڕم لەسەر مافوورە دڕاوەکەمان، ڕاستییە خەیاڵییەکەم، دادەنا و سوپاکانم پێدا بڵاودەکردنەوە. چالاکی ئاڵۆز و تێکشکاو و پێشڕەوکردنی تاکتیکی، داگیرکردنی سەرە پرد، دوژمنی پەرشوبڵاو، کشانەوەی تاکتیکی کە دوایی دەبووە پێشکەوتنی ستراتیژی.

من منداڵێک بووم حەزێکی سووتێنەرم بۆ مێژوو هەبوو. هەوڵم دەدا ئەو هەڵانە ڕاست بکەمەوە کە فەرماندەکان، لە ڕابردوودا ئەنجامیان دابوون. ڕاپەڕینە گەورەکەی جوولەکەم لە دژی ڕۆمەکان دووبارە دەکردەوە. ئۆرشەلیمم دەپاراست و لێنەدەگەڕام لەشکری تیتۆس وێرانی بکات و شەڕم دەگواستەوە ناو ماڵی دوژمن. جەنگاوەرەکانی بار کۆچبام دەگەیاندە دیوارەکانی ڕۆما. هێرشم دەکردە سەر کۆلسیۆم و ئاڵای عیبریم لە هەرە بەرزایی کاپیتیۆلیۆم هەڵدەدا. بۆ ئەو ئامانجە، لەشکری بەریتانیام دەگێڕایەوە سەدان ساڵی پێش زایین و سەردەمی دووەم جێی پیرۆز و بەو چارەنووسە دادەکەوتم کە یەک دوو دەسڕێژی ڕەشاش بەسەر هاوپەیمانانی قەیسەر، هاریانۆ و تیتۆسیدا دەهێنا. فڕۆکەیەکی سووکەڵە ئیمپراتۆریەتی لووتبەرزی ڕۆمای دەهێنایە سەر چۆک. بە یەک نارنجۆکهاوێژ و چەند نارنجۆکێک، چارەنووسی تێکشکانی ئەو ململانێیەی بەردەلانی مەسادم دەگۆڕی و بۆ جوولەکانم دەکردە سەرکەوتن.

هەمان ئەو پەرۆشییەی کە بە منداڵی هەمبوو- ئارەزووی ئەوەی دەرفەتێکی دیکە بە شتێک بدرێت کە قەت پێی نەدراوە- ئێستاش وزەیەکی بزوێنەرە و هەر کاتێک بێت دادەنیشم و چیرۆکێکی لە بارەوە دەنووسم.

لە ئۆرشەلیم زۆر شت ڕووی دا. شارەکە وێران کرا و دروست کرایەوە و دیسان وێران کرا و دروست کرایەوە. داگیرکەر بە دوای داگیرکەردا دەهاتن و ماوەیەک حوکمیان دەکرد، ئەوجا چەند دیوار و بورجێکیان لە دوای خۆیانەوە جێ دەهێشت، هەروەها هەندێک پارچە گۆزە و چەند دۆکیومێنتێک... و دەڕۆیشتن. وەک تەمی بەیانیانی گردە لێژەکان دەڕۆیشتن و نەدەمان. ئۆرشەلیم عەشقبازێکی کۆنە و یەک بەدوای یەکدا، عاشقەکانی خۆی لە ئامێز دەگرێت تا دەیانتاسێنێت. ئەوجا بە باوێشکێک دووریان دەخاتەوە. بێوەژنێکی ڕەشە و ئەوانە قووت دەدات کە لە گەڵیدا جووت دەبن و خۆیانی تێ دەپەستن.

لەو کاتانەدا، کیشوەری نوێ و دوورگەی نوێم لە جێیە دوورەکانی ئەودیوی جیهان دەدۆزییەوە. دایکم دەیگوت: «کوریژگە. زۆر دواکەوتیت، لە بیری خۆتی بەرەوە. ماگلهایس و کۆلۆمبس، تەنانەت دوورترین دوورگەشیان دۆزیوەتەوە». منیش بەرپەرچم دەدایەوە «چۆن دەشێت ئەوەندە دڵنیا بیت؟ پێش کۆلۆمبسیش، خەڵک لەو باوەڕەدا بوون کە هەموو جیهان دۆزراوەتەوە و هیچی دی نەماوە بیدۆزنەوە».

لەسەر مافوورەکە، لە نێوان لاقی مۆبلیاتی ماڵ، لە بۆشایی بن قەرەوێڵەکەم، هەر دوورگەی نەناسراوم نەدەدۆزینەوە، بەڵکو ئەستێرەی نەناسراو و کۆمەڵە خۆری نەناسراو و گالاکسی نەناسراویشم دەدۆزینەوە.

ئەگەر جارێک لە جاران بکەومە بەندیخانەوە، بە دڵنیاییەوە بیری ئازادیی خۆم و شتی تریش دەکەم، بەڵام هەتا قوتوویەک پوولی دۆمینە و دەستەیەک وەرەقەی

یاری و هەندێک دەنکە شقارتە یان گوێلێک قۆپچەم هەبن، بە دڵنیاییەوە بێزار نابم. ئەوانەم هەبن، بە درێژایی ڕۆژ ڕێکیان دەخەم و ڕێکیان دەخەمەوە.

تێکەڵیان دەکەم و جیایان دەکەمەوە و شێوازی بچووکیان لێ دروست دەکەم. ڕەنگە ئەمە لەبەر ئەوە بێت من تاقانە بووم، چ برا و خوشکم نەبوون و برادەرەکانم زوو لێم بێزار دەبوون، چونکە ئەوان پێیان خۆش بوو شت ڕووبدات و نەیاندەتوانی لەگەڵ گەمە باسئامێزەکانی مندا بگونجێن.

هەندێک جار ڕۆژی دووشەم یارییەکم دادەهێنا، هەموو پێش نیوەڕۆی سێشەممە لە قوتابخانەدا بیرم لێی دەکردەوە و یەک دوو گۆڕانکاریم تێدا دەکرد و لێی دەگەڕام و هی دیکەم بۆ چوارشەم هەڵدەگرت.

هاوڕێکانم ڕقیان لە شتی وابوو. ئەوان دەچوونە دەرێ و لە باخچەی پشتەوە یەکتریان هەڵدەبڕی، بەڵام من، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەیارییە مێژووییانەکانی خۆمدا دەچوومەوە و لەشکرم دەگواستەوە و قەڵا یان شارێکم دەورە دەدا. پلانم جێبەجێ دەکرد. هێرشم دەبرد. سەرکردایەتی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاریم دەکرد. ئەو سنوورانەم دەبەزاند و داگیرم دەکردن و فراوانترم دەکردن کە بە دەنکە شقارتە دروستم کردبوون. ئەگەر گەورەساڵێک بە هەڵە پێی بە جیهانە بچووکەکەمدا نابا، یاخی دەبووم و لە نانخواردن مانم دەگرت، یان ئەو ڕۆژە ددانم نەدەشوشت، بەڵام وردە وردە ڕۆژی قەیامەت هەستا. دایکیشم کە پێی خۆش نەبوو خۆڵ و تۆز گردبێتەوە، هەموو شتێکی ڕامالی. کەشتی و لەشکرەکان و شارەکان، شاخ و بەندەر و هەموو کیشوەرەکەی ڕادەماڵی و دەتگوت بۆمبی ئەتۆمیان بەر کەوتووە.

جارێکیان، تەمەنم نۆ ساڵ دەبوو، مامێک کە ناوی نەهەمیە بوو، گوتەیەکی فەرەنسی فێرکردم: «لە جەنگ و ئەوینداریدا، هەموو شتێک ڕەوایە». ئەو دەمە، ئەگەر ئەو تۆزە پێوەندییەی نێوان کوشتنی هیندییە سوورەکان و ئەوینی لێ دەرکەی کە لە سینەما ئەدیسۆن دیبووم، هیچم لە بارەی ئەوینەوە نەدەزانی، بەڵام لەو قسەیەی مام نەهەمیەوە بەو ئەنجامە گەیشتم کە نابێت پەلە بکەم. دوایی بۆم دەرکەوت کە زۆر هەڵە بووم، بەتایبەتی لە مەسەلەی جەنگدا. دەڵێن لە شەڕدا، دەستوبردکردن ڕۆڵی یەکلایکەرەوەی هەیە. ڕەنگە هەڵەی من لەوەوە بووبێت کە مام نەهەمیە خۆی، پیاوێک بوو بە کاوەخۆ دەبزوا و ڕقی لە گۆڕان بوو. ئەگەر بە پێوە بوایە، تا دادەنیشت بەرد شەقی دەبرد و ئەگەر دانیشتبا، تا هەڵدەستا خوا هاوار. «نەهەمیە بۆ خاتری خوا هەستە! ئەوە تۆ چیتە؟ هەستە درەنگمان بەسەردا هات! نیازت هەیە تا کەنگێ دانیشیت، تا بەرەبەیان، یان ساڵێکی دی، یان هەتا مردن؟» وایان پێ دەگوت.

ئەویش وەڵامی دەدایەوە: بەلای کەمەوە...

دوای ئەوە خۆی گورج دەکردەوە و وەک ئەوەی شتێکی بیر کەوتبێتەوە بزەیەکی دەکرد و گردەبڕ دەیگوت: «ئەرێ پەلەی چیتانە؟» جەستەی ئەویش وەک هەر جەستەیەکی دی، دەیویست لەو جێیە بێ کە لێیەتی.

من وەک ئەو نیم. زۆرم حەز لە گۆڕانکارییە. دیدار و سەفەرم پێ خۆشن. مام نەهەمیەشم خۆش دەوێ. ماوەیەکی زۆر نییە، بە بێ هوودە لە گۆڕستانی گیڤات شاول، بە دوایدا گەڕام. گۆڕستانەکە گەورە ببوو و زۆری نەمابوو بگاتە دەریاچەی بەیت نەقوونەی لای موستا. ماوەی نیو سەعات لەسەر لاتەختێک دانیشتم. ژەنگەسوورەیەک بە دەوری پنچکە (سێپریس)ێکدا بەردەوام دەخولایەوە و گیزەگیزی بوو، پەلەوەرێکیش بە یەک ئاواز پێنج شەش جار خوێندی. منیش تەنیا کێلە قەبر و دار و بەرد و هەورەکانم دەبینی. ژنێکی لاوازی جلڕەش، کە پارچەیەکی ڕەشیشی بەسەریدا دابوو و منداڵێکی پێنج شەش ساڵان چمکێکی کراسەکەی گرتبوو، بەلامدا تێپەڕی و هەردووکیان دەگریان.

(٤)

ئێوارانێکی درەنگی زستانێک، بە تەنیا لە ماڵەوە بووم. سەعات پێنج، یان پێنج و نیو بوو. دەرەوە سارد و تاریک بوو و باران لە شیشی پەنجەرەکانی دەدا. دایکم و باوکم، بۆ چا خواردنەوە لەگەڵ مالا و ستارزێک ڕودنیشیدا، چووبوونە شەقامی چانسەلۆ، قوژبنی شەقامی پێغەمبەران، بەڵام بەڵێنیان دابوو زوو، سەعات هەشت، یان ئەوپەڕەکەی هەشت و بیست دەقیقە بگەڕێنەوە. ئەگەر دواشکەوتن، پێویست بە دڵەڕاوکێ ناکات، چونکە لادەدەنە لای ڕۆدنیشی، کە یەک چارەکە سەعات لە ماڵی ئێمەوە دوور بوو.

مالا و ستارزێک، لە بری منداڵ دوو پشیلەی فارسییان بەخێو دەکرد. ناویان شۆپین و شۆپنهاوەر بوو.

له قوژبنێکی سالۆنەکەشیاندا، قەفەزێک دانرابوو و پەلەوەرێکی پیری مەیلەو کوێری تێدا بوو. بۆ ئەوەی ئەو پەلەوەرە هەست بە تەنیایی نەکات، باڵندەیەکی دارینیان بۆ دانابوو. پارچە دارێکی بۆیەکراو، بەسەر دوو لاقی چیلکەوە، دەسکردی مالا ڕۆدیشی بوو. باڵی لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ بوو و هەندێک پەڕی ڕاستەقینەشی پێوە کرابوو. «تەنیایی وەک ئەوەیە بە چەکوش بەسەرتدا بکێشن. شووشە ورد دەکات، بەڵام کار لە پۆڵا ناکات «دایکم وای دەگوت. باوکم شتێکی فێر کردین. وردبوونەوە لە وشەی «چەکوش» لە هەموو زمانەکاندا.

باوکم بە خۆشییەوە پێوەندی نێوان وشەکانی بۆ ڕوون دەکردمەوە. سەرچاوە، پێوەندی و خزمایەتی وەک ئەوەی وشە خێزانێکی ئاڵۆزی وەک خێزانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بێت. بە کۆمەڵێک تێکئالاوی بنعامی سەر و سەودا و شووکردنی پوور و پلک و برازا و خوشکەزا، یان کچەزای خوشک و هاوسەرگیری خزم و منداڵ و منداڵی ئەوانیشەوە. تەنانەت وشەیەکی وەک پوور، پلک، یان ئامۆزا، مێژووی خزمایەتی خۆیان و تۆڕی پێوەندی خۆشیان هەیە. دەمزانی، بۆ نموونە «ئانت»ی ئینگلیزی لە «ئەنیتە»ی لاتینی کەوتووەتەوە کە لە ڕاستیدا خوشکی باوکە، کەچی «ئەنکڵ» لە «ئاڤانکولەس»ی لاتینییەوە هاتووە کە دەکاتە برای دایک. لە عیبریدا، لە بری «ئەنکڵ»، «دود» بەکار دێت کە ئەویندار‌یش دەگەیەنێت، ئەگەرچی من دوودڵم لەوەی هەمان سەرچاوەیان هەبێت. باوکم گوتی: «دەبێت بیرمی بخەیتەوە تەماشایەکی قامووسە گەورەکە بکەین تا بزانین سەرچاوەی ئەو وشانە لە کوێوەیە و نەوە دوای نەوە، چ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا هاتووە. نا، بیرم مەخەرەوە، هەر ئێستا بچۆ قامووسەکە بێنە بزانین چۆنە. کە دەشچی، ئەو کووپە نەشۆراوەش لەگەڵ خۆتدا ببەوە مەتبەخەکە».

لە باخچەکەی دەرەوە و لە شەقامەکان، بێ دەنگییەکی وا بوو، دوور نەبوو پیاو گوێی لە دەنگی ئەو هەورانە بێت کە بە نزمی بە نێوان سەربانەکاندا دەکشان و خۆیان لە (سێپرس)ەکان دەسوو. شێرەی بۆڕییەکەی گەرماوەکە دڵۆپ دڵۆپ ئاوی دەدا. ئەو خشەخش یان زڕەیەی کە لە نێوان دۆڵابەکان و دیوارەکانەوە دەهات، دەگەیشتە دەماری بیستنی گرێمل.

مۆمێکم لە ژوورەکەی دایکم و باوکم داگیرساند بەرەو مێزەکەی باوکم چووم و هەشت یان نۆ پەڕە و قەڵەمتەراشێک و یەک دوو دەفتەری بچووکی سەرنج و شووشە مەرەکەبێکی ملدرێژی پڕ لە مەرەکەبی ڕەش و لاستیکێکی خەتکوژاندنەوە و دەمبووسم هێنان و دەستم کرد بە دروستکردنی کیبۆزێکی نوێ. دیوار و تانکییەکی بەرز لە ناوەندی بیاباندا. لەسەر فەرشەکە، بە کاغەزەکان شوورەیەکی نیوە بازنەییم بۆی کرد. لاستیکی خەتکوژاندنەوەکە و قەڵەمتەراشەکە، هەر یەکەیان لەملا و ئەو لای شووشە مەرکەبەکە، کە تانکییە ئاوەکە بوو، جێیان گرت. بە دەوری هەمووشیاندا شوورەیەکم بە قەڵەمی قوڕقوشم و جاف دروست کرد و پشتیم بە دەفتەرەکان قایم کرد.

هاکە زانیت هێرشێکی کتوپڕ کرا: دەستەیەک تاڵانچی خوێنڕێژ (چەند دەرزەنێک قۆپچە) لە ڕۆژهەڵات و باشوورەوە هێرش دەبەنە سەر بنکەکە، بەڵام گەمەیەکیان لەگەڵدا دەکەین. دەروازەکان دەکەینەوە و وایان لێ دەکەین بێنە ناو بنکەکەوە. ئەوجا دەروازەکانیان لێ دادەخەین و گەرماوی خوێن دەست پێ دەکات. لە هەمان چاوترووکاندا کە فەرمانی دەستڕێژم دا، گیانبازەکان کە کەرەستەی سپی شەترەنج ڕۆڵیان تێدا دەبینی، لە هەموو سەربانەکان و لەسەر تەنکییەکەوە، کە شووشە مەرەکەبەکە بوو، هەروەها چەند پاکەتە هەتوانێکی کۆن، بۆیان هاتن. هێزی دوژمن، کە دەرگەیان لەسەر داخراوە، قڕی تێ دەکەوێت. لە هەمان کاتدا کە هاواری سەرکەوتنمان لێ هەڵدەستێت، گۆرانییەک دەبێتە خەڵاتی ئەو قەسابخانە خوێناوییە. ڕایەخە شڕەکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ڕەفتی کتێبەکان کەناری دەریای سپی ئەورووپایە. قەنەفەکە ئەفریقیایە. ڕووباری هیبرالتەر بە نێوان لاقی کورسییەکاندا دەڕوات. کارتە پەرتکراوەکان قوبرس و سیسیلیا و ماڵتان و دەفتەری سەرنجەکان دەبنە کەشتی جەنگ و خەتکوژێنەوەکە و قەڵەمتەراشەکە بەلەمی هێرشبەرن و نووکە قەڵەمەکان مین و کاغەزەکانیش ژێر ئاوی.

ناو شوقەکەمان سارد بوو. لە بری ئەوەی وەک پێم گوترابوو، فانیلەیەکی زیادە لەبەر بکەم تا کارەبا پاشەکەوت بێت، هیتەرەکەم بۆ ماوەی دە دەقیقە پێ کرد. هیتەرەکە دوو تێلی بوو، بەڵام سویچێکی لە سەر بوو وای لێ دەکرد تەنیا یەکێکیان کار بکات. ئەو درێژەکەیان. پێم کرد و چاوم لێ بوو چۆن تێلەکە، وردە

ورده سوور بووەوە. لە سەرەتاوە هیچ نەدەبینرا، بەڵام چکەچکێکی لێوە دەهات، دەتگوت کەسێک بەسەر گوڵەقامیشی شەکردا ڕێ دەکات. دوایی، لە هەردوو سەری تەلەکەوە ڕووناکییەکی مۆر دەرکەوت. ئەوجا بەسەر تەلەکەدا کشا و ڕەنگی بە پەمەیی گۆڕا. دەتگوت ڕەنگی سەر ڕوومەتی کەسێکە شەرم بکات. ڕەنگەکە، لەو تاریکییەدا و لە بەرەوە، تۆختر بووەوە و ڕەنگدانەوەیەکی بێ ئابڕووانەی شەهوانی زەردی ئامالسەوزی دایەوە و لە ئەنجامیشدا، بووە تیشکدانەوەیەکی بەردەوام و وەک خۆرێکی بێ بەزەیی لەسەر میتالێکی درەوشەدار ڕەنگ بداتەوە. مەحاڵ بوو تەماشای بکەیت و چاو کز نەکەی. ئیدی هیتەرەکە وەک پشکۆ گەرم بوو و کاریگەریی لەسەر چاو هەبوو. مەترسی ئەوەش هەبوو لە هەر چاوترووکانیکدا بێت، وەک گڕکان بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەکەمدا بتوێتەوە و پارچە و لافاوی گڕ هێرش بەرن و کۆتایی بە بەلەمە هێرشبەرەکان و ژێر ئاوییەکانم بێنێت.

لە هەموو ئەو ماوەیەشدا تەلەکەی سەرەوەی هیتەرەکە، وەک ئەوەی خەوتبێت سارد و بێ کاریگەر بوو. ئەوی خوارەوە چەند گەشتر دەبوو، ئەوەی سەرەوە بێ باکتر دەبوو. پێ دەچوو شانی بێ خەمیی هەڵتەکێنێت بێ باکانە تەماشا بکات. کتوپڕ تەزوویەکم پێدا هات. دەتگوت لە پێستەمدا هەست بە هەموو پەیوەندییەکی نێوان ئەو دوو تەلە دەکەم. بۆم دەرکەوت دەکرا خێرا و بە شێوەیەکی ئاسان تەلەکەی دیکەیش بخرێتە کار و سووربوونەوە نەبێت، چ ڕێیەکی دیکەی نەبێت، بەڵام ئەوە قەدەغەیەکی گردەبڕ بوو و بە هیچ شێوەیەک ڕێی پێ نەدەدرا. مەسەلەش هەر پاشەکەوتکردنی کارەبا نەبوو، بەڵکو ئەوەش بوو کە کارەبا تەوژمی لەسەر زیاد دەبوو و دوور نەبوو شۆرت بکا و ماڵەوە نوقمی تاریکی بێت. ئەوجا بەو شەوە، باروخە دەستزێڕین لە کوێ بێنم؟

مەگەر شێت بم گوێ بە ئەنجامەکەی نەدەم، ئەوجا تەلەکەی دی بخەمە کار. بیر لەوەش بکەوە، بەر لەوەی بیکوژێنمەوە، دایک و باوکم بگەڕێنەوە. یان فریا دەکەوتم، بەڵام هیتەرەکە هێشتا گەرم بێت و وەک خۆی لێ نەهاتبێتەوە. ئەوجا چۆن بەرگری لە خۆم بکەم؟ لەبەر ئەوە، ناچار بووم پێش لە ئارەزووەکەی خۆم بگرم و خۆ ڕاگرم. بە خۆشیشەوە، ئەو بەزمەی نابوومەوە، هەمووم کۆکردنەوە و هەموو شتەکانم لە جێی خۆیاندا دانایەوە.

(٥)

هەندێک جار حەقیقەت هەڕەشەیە لە ڕاستی. جارێکیان هەندێکم لەسەر هۆی مردنی نەنکم (دایکی باوکم) نووسی. نەنکم، گەرمای هاوینی ساڵی **١٩٣٣** ڕاست لە ڤیلناوە هات و لە ئۆرشەلیم گیرسایەوە. تەماشایەکی دوو دڵانەی بازاڕە عارەقاوییەکانی کردبوو و لە بارودۆخە ڕەنگتۆخەکە و کۆڵانە تەنگ و چاڵاویەکان ورد ببووەوە کە لە فرۆشیاران جمەیان دەهات و هەموویان هاواریان دەکرد. سەرنجی دابوو کەر دەزەڕین و بزن دەیانباڕاند و فڕووج سەرەوخوار بە لاقیان هەڵواسرابوون و مریشک سەربڕابوون و خوێن لە ملیانەوە دەتکا. شان و پیلی پیاوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دیبوو، هەروەها مێوجاتی ڕەنگاوڕەنگ و سەوزەی هەموجۆر و گردەکانی دەوری شار و هەوراز و نشێوە بەردەڵانەکان، یەکسەر حوکمی گردەبڕی خۆی دابوو: «ڕۆژهەڵات پڕ لە بەکتریایە».

نەنکم، نزیکەی بیست و پێنج ساڵ، زۆرجار بە خۆشی و هەندێک جار بە ناخۆشی، لە ئۆرشەلیم ژیا، بەڵام تا مردن لە حوکمەکەی خۆی پاشگەز نەبووەوە. دەیانگوت هەر لە ڕۆژی دوای گەیشتنییەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی هاوینە یان زستان، هەموو ڕۆژێک فەرمانی بە باپیرم دەدا، بەیانی زوو، سەعات شەش یان شەش و نیو، هەستێت و بە دەرمانی پاککەرەوە هەموو کون و کەلەبەرێکی شوقەکە خاوێن بکاتەوە تا بەکتریا نەهێڵێت بن قەرەوێڵەی دەڕشاند، هەروەها پشت دۆڵاب و تەنانەت دەرگا و قاچی بۆفیەکەش. دۆشەک و چەرچەفەکانیشی دەتەکاندن. بە بیرم دێت منداڵ بووم، باپیرم، ئەلیکسەندەر، بەیانی زوو بە فانیلە و نەعلەوە لە باڵکۆنەکە وەستابوو و چۆن دۆن کیشۆت بەرمیلە شەرابەکانی داکوتا، ئەویش ئاوها بە حەیزەرانێکەوە و بە تووڕەیی بەربووە گیانی دۆشەکێک و دارکاری دەکرد و حەیزەرانەکەی دەستی، بە هەواوە گیزەی دەهات. نەنکە (شلومیت)یش، کە لە باپیرم کەڵەگەتتر بوو، بە ڕۆبێکی گوڵگوڵی بەیانییەوە کە تا سەرەوەی داخرابوو، وەک فەرمانبەری مەیدانی شەڕ کە چاوەڕوانی سەرکەوتن بێت، لە پشتییەوە وەستابوو.

لە مەودای ململانێی بەردەوامدا لەگەڵ بەکتریا، نەنکم هەمیشە و بەبێ جیاوازی، هەموو جۆرە میوە و

سەوزەیەکی دەکوڵاند. بەو پارچەیەی کە لە دەرمانی دژە هەوکردندا کە ناوی (سالی) بوو، نوقمی دەکرد، دوو جاران نانەکەی دەسڕی. دوای نانخواردن قاپەکانی نەدەشوشت، بەڵکو وەک جەژنی ڕابوون، هەمووی دەکوڵاندن. (شلومیت)ی نەنکم ڕۆژی سێ جار خۆشی دەکوڵاند. بۆ ئەوەی بەسەر بەکتریادا سەرکەوێت، چ هاوین و چ زستان، ڕۆژی سێ جاران بە ئاوی کوڵاو خۆی دەشوشت. نەنکم زۆر ژیا، چونکە بەکتریا و ڤایرۆس کە لە دوورەوە چاویان پێی دەکەوت، دەپەڕینەوە ئەوبەری شەقامەکە، بەڵام کە تەمەنی لە هەشتا ساڵی ڕەت دا و یەک دوو جار جەڵتەی دڵ لێی دا، دکتۆر کرۆمهۆڵتز ئاگاداری کردەوە: خانمی ئازیزم، ئەگەر واز لەو سێ جار خۆشوشتنە گەرمە نەهێنیت، بەرانبەر ئەنجامی خراپ و ترسناک بەرپرسیار نابم، بەڵام نەنکم دەسبەردار نەبوو. ترسی لە بەکتریا، یەکجار زۆر بوو. لە گەرماوەکەدا مرد.

جەڵتەی دڵ حەقیقەتە، بەڵام نەنکم زیادەڕۆیی لە خۆپاریزی دەکرد. پاکژیی کوشتی. ئەگەرچی ڕەنگە ڕستەکەی ژیانی نەنکم لە ئۆرشەلیم «ڕۆژهەڵات پڕ لە بەکتریایە»، گەواهی لە ڕاستییەکی قووڵی ڕابردووی تەندروستی و ڕوحی نەبینراویش بکات. نەنە شلۆمیت، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوە هاتبوو و ئەوێش بە قەدەر ئۆرشەلیم بەکتریای لێ بوو، شتە بێزارکەرانەی دیکەیش سەربار.

لێرەوە گۆشە نیگایەکمان هەیە و دەتوانین لێیەوە لە ڕۆژهەڵات و ڕەنگەکانی و بۆنەکانی بڕوانین کە ڕێی تێ دەچێت کاریگەری زۆریان لەسەر نەنکم و کۆچبەرەکانی تریش هەبووبێت. کۆچبەر و ڕەوکەرەکانی دیکەیش کە لە (شتێتل)ە ناخۆشەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوە هاتبوون، ئەوەندە لە گەرموگوڕیی ڕۆژهەڵات بێزار بوون، بڕیاریان دا گێتۆ (گەڕەک)ی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن تا خۆیان لەو هەڕەشەیە بپارێزن.

هەڕەشە؟ ڕەنگە هەڕەشەی ڕۆژهەڵات نەبووبێت وای لە نەنکم کردبوو بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە، لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە لە ئۆرشەلیم ژیا، بە ئاوی مەیلەو کوڵاو جەستەی خۆی ئازار بدات و بیچەوسێنێتەوە، بەڵکو گەرموگوڕییە بەهێزە ڕاکێشەرەکەی و شێوەی کاریگەری لەسەر جەستەی، ئەو ڕاکێشانە بەهێزەی بازاڕە مەیلەو کوڵاوەکان، بە خۆیان و سەوزە و میوە و پەنیری هەمەتام و هەمە بۆن و خۆراکی تەڕ وایان لێ کردبێت بە جارێک تەنگەتاو بێت و ئەژنۆی شل بێت و خۆی تەریک بگرێت تا باسی ئەو دەستە هەوەسبازانە نەکات کە بەناو کەلەبەری تەڕە و میوەدا دەهاتن و دەچوون. ئەو میوە تیژ و زەیتوونە توونانە و ئەو گۆشتە ڕووتە تازانەی کە بە قووڵابی قەسابەوە هەڵواسرابوون و بێ شەرمانە خوێنیان پێدا دادەچۆڕا، هەروەها بەهاراتی مەستکەر و گوێزەمەنی و ئاردەوات، ئەو جیهانە نەوس بزوێنە ڕەنگاوڕەنگ و تیژە و باسی بۆنی قاوەی تازەبرژاو و شەربەتی هەمەڕەنگ، کە پڕ بوو لە پارچە سەهۆڵ، یان لیمۆی ترش و ئەو حەماڵە تووکنە خۆرانگەستە پشت بە ماسوولکە بەهێزانەی بازاڕ هەر مەکە کە تا ناوقەدیان ڕووت بوون و ماسوولکەیان لەناو عارەقەی بەر خۆردا دەبزوان. تۆ بلێیت هەموو پاکژییەکەی نانکم جلوبەرگێکی نەفەسبڕی گەشتکەرانی ئاسمان بووبێت؟ پشتێنی خۆپارێزی لە دژە سامی، کە لەیەکەم ڕۆژی هاتنییەوە لە پشتی دەکرد، ئەوجا بە ئارەزووی خۆی، دوای ئەوەی کلیلەکانی شکاندن، بە حەوت قفڵ لە پشتی خۆی قایمی کرد.

خۆ ڕەنگیشە ئەوەی نەنکمی کوشت، نەتەندروستی بووبێت نە ئارەزوو یان ترس لە ئارەزوو، بەڵکو ئەو تووڕەبوونە نهێنییە بووبێت کە بەردەوام بەرانبەر ئەو ترسە هەیبوو. ڕەنگە تووڕەبوونێکی زەق و توند کوشتبێتی. تووڕەبوونێکی هەوکردوو کە نەدەتەقییەوە. تووڕەبوون لە جەستەی خۆی و ئارەزووی خۆی.

تووڕەبوونێکی لەوەش کاریگەرتر، لەو قێزبوونەوەیە کە بەری بە ئارەزووەکانی گرتبوو. تووڕەبوونێکی تاریک و ژەهراوی کە ئاڕاستەی بەندکراو و بەندیوان کرابوو. خەمێکی نهێنی لەو کاتە بێ بەزییە لە دەستچووەی کە ساڵ بە دوای ساڵدا پەرەی دەسەند، سیسبوونەوەی خۆبەخۆی جەستە و ئارەزووی جەستەی. ئەو ئارەزووەی کە دەیشوشت و دەیکڕاند و دەیتەکاند و بە دژەبەکتریا خاوێنی دەکردەوە و هەزار جار دەیکوڵاند، خەمێک لەو ڕۆژهەڵاتەی ئەوەندەی پیس و عارەقاوی و کێویانە بوو، ئەوەندەش وروژێنەر بوو، پیاوی دەبووراندەوە، بەڵام پڕ لە بەکتریاش بوو.

نزیکەی شەست ساڵ تێپەڕیوە و ئێستاش بۆنیم لەبیر ماوە. کە بیری لێ دەکەمەوە، ئەو بۆنەم بۆ دێت.

بۆنێکی ساکار و تۆزاوی، بەڵام تیژ و خۆش، کە تەلیسی شاش بیر دەخاتەوە. بۆنێک لە پێستی ئەوەوە، بەخۆی و سمێڵە هەڵگەڕاوە پڕ و قیتەکەیەوە پەیوەستە،

که جاروبار بەر ڕوومەتم دەکەوت و هەستێکی خۆشی پێ دەبەخشیم؛ وەک ئەوەی ڕۆژێکی ساردی زستان بچیتە مەتبەخێکی گەرموگوڕ و کۆنەوە.

پایزی ساڵی ۱۹٤۳ لە کاتێکدا تەمەنم چوار ساڵان دەبوو، یان نەدەبوو (ساول شێرنۆگۆڤسکی)ی شاعیر کۆچی دوایی کرد. ئەو بیرکەوتنەوە هەستیارە، بە چەند ئاست و پلەیەکدا تێپەڕی، بۆیە بە زیندوویی لە بیرم ماوە. دایک و باوکم، زۆر جار ئەو ساتەوەختانەیان بیر دەخستمەوە، چونکە زوو زوو بۆ خزم و ئاشنایان باسیان دەکرد، کە منداڵەکەیان لە باوەشی شێرنۆکۆڤسکی دانیشتووە و گەمەی بە سمێڵی کردووە. ڕوویان لە منیش دەنا تا قسەکەیان بسەلمێنم: «خۆ ئەو ئێوارەیەی شەممەت لە بیرە کە مامە ساوڵ هەڵیگرتی و لەسەر چۆکی خۆی داینایت و بە (ساختەچی بچکۆلە) ناوی هێنایت؟ وایە، ها؟»

ئەرکی من دووپاتکردنەوە بوو: «ئا، ڕاستە. زۆر باشم لەبیرە».

هەرگیز باسی ئەو نیگارەم نەدەکرد کە لە خەیاڵی مندا هەبوو و کەمێک جیاوازی لەگەڵ قسەکانی ئەواندا هەبوو. نەمدەویست خەیاڵەکەیان لێ تێکبدەم.

ڕاهاتنی دایک و باوکم لەسەر گێڕانەوە و دووبارەکردنەوەی ئەو باسە و شایەدیدانی من لەسەری، ئەوەی بە زیندوویی لە هۆشی مندا هێشتەوە. ئەگەر شانازییان بەو چرکەساتەوە نەکردبا، دەشیا کاڵ بێتەوە و بسڕدرێتەوە، بەڵام وێنەکەی خەیاڵی من هەر ئەوە نەبوو ڕەنگدانەوەی باسەکانی ئەوان نەبێت، بەڵکو دیمەنەکە ژیانی سەربەخۆی خۆشی هەبوو. دانیشتنە لەبیر نەکراوەکەی دایک و باوکم لەگەڵ ئەو شاعیرە گەورەیەدا، لەگەڵ خەیاڵی ئەو منداڵە بچکۆلەیەدا جیاواز بوو و بەڵگەش بوو کە وێنەکەی من لەوانەوە نەبوو. بۆ دایک و باوکم، منداڵێکی قژ زەرد بوو لەسەر چۆکی ئەو پیاوە گەورەیەی بواری شیعری عیبری دانیشتبوو و دەستی بە سمێڵیدا دەهێنا و ئەویش پێی دەگوت «ساختەچی» و وەڵامی ساکاری منداڵەکەش، هەر بە دراوی خۆی بوو: «ناوەڵا خۆت ساختەچیت!» و نووسەری «بەرانبەر نەگۆڕەکان» بەم وشانە وەڵامی دەداتەوە: «ڕەنگە هەردووکمان ڕاست بکەین» و ماچێکی سەریشی کرد و باوک و دایکم ئەو ماچەیان بەو تاجە زانی کە پوشکین خستییە سەر تۆلستۆی.

بەڵام بە پێی ئەو نیگارەی کە لە هۆشی مندایە، ئەو نیگارەی کە تیشکی گێڕانەوەی دایک و باوکم دەیخستە سەری، دەبووە هۆی مانەوەی نیگارەکە بە زندوویی. هەرگیز لەسەر چۆکی ئەو شاعیرە دانەنیشتم. قەتیش سمێڵە بەناوبانگەکەیم ڕانەکێشاوە، بەڵکو ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو کە لە ماڵی مام یووسف پێم هەڵکەوت و بە دەمدا ڕمام و زمانم بەر ددانەکانم کەوت و کەمێک خوێنی لێ هات. گریام.

شاعیرەکەش کە پزیشکی منداڵانیش بوو، پێش دایکم و باوکم فریام کەوت و بە دەستە گەورەکانی هەڵیساندمەوە و تەنانەت ئەوەشم لە بیرە کە لە پشتەوە گرتمی و ڕووە گریاناوییەکەم لە ژوورەکە بوو.

ئەوجا سووڕاندمییەوە و شتێکیشی گوت، بەڵام قەت باسی تاجی پوشکین و تۆلستۆی نەکرد. من هێشتا لە باوەشیدا باسک و لاقم ڕادەوەشاند و ئەویش سەری بەرز کردمەوە و تەماشای دەمی کردم و داوای سەهۆڵی کرد. بەر لەوەی دەسکاری برینەکەم بکات گوتی: «هیچ نییە، کەمێک ڕووشاوە. ئێستا چەند بگرییێن، دوایی ئەوەندەش پێدەکەنین.»

نازانم لەبەر ئەوە بوو کە شاعیرەکە بەشێوازی (ئێمە) قسەی کرد یان لەبەر ئەوەی وەک خاولییەکی زبر و گەرم، ڕوومەتی بە ڕوومەتدا خشاندم یان بە ڕاستی بەهۆی بۆنە سروشتییەکەیەوە بوو کە تا ئێستاش هەستی پێ دەکەم (بۆنی کرێم و سابوون و توتن نەبوو، بە بۆنی فرووجاوی ڕۆژێکی زستان دەچوو) بەڵام من زوو ئارام بوومەوە و وەک هەموو جارێکی ئاوها، هێندەی سەرسام بووم، ئەوەندە زامدار نەبووم.

سمێڵە لوولە نیتشەییەکەی ختووکەی دام. بەو پێیە لە بیرم ماوە، بەر لەوەی بە وریایی بەڵام بەبێ شڵەژان هەڵمگرێت و لەسەر قەنەفەکەی مام یووسف (پرۆفیسۆر یووسف کلاوسنەر) درێژم بکات، دکتۆر- شاعیر یان دایکم بە کەمێک لەو سەهۆڵەی کە پوورە زیپوورە بە پەلە هێنای، زمانی سارد کردم.

ئەوەندەی لە بیرم بێت، لەو دیدارەی نێوان گەورەی شاعیرانی نەوەی بنیاتنەرەوەی ئیسرائیل و نوێنەرە گرینۆکەکەی ئەو نەوەیەی کە پێی دەگوترێت «نەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل» باسی بابەتی بنەڕەتی و ڕۆحی نەکرا.

دوو سێ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، ئەوجا توانیم بە

تەواوی ناوی (شێرنۆکۆڤسکی) بڵێم. چ بەوە سەرسام نەبووم کە بیستم شاعیرە. ئەو دەمە، نێزیکەی هەموو کەسێکی ئۆرشەلیم، یان شاعیر، یان نووسەر، یان لێکۆڵەر، یان بیرمەند، یان پیاوی زانست، یان جیهان چاککەرەوە بوون. بە نازناوی (دکتۆر)یش سەرسام نەبووم: ماڵی مام یووسف و پوورە زیپوور، بە هەموو مێوانە پیاوەکانیان دەگوت دکتۆر، یان پرۆفیسۆر.

بەڵام ئەو، دکتۆر، یان شاعیرێکی پیری ئاسایی نەبوو. پزیشکێکی منداڵان بوو. قژێکی لوولی هەبوو، چاوی بە بزە بوون، دەستی گەورە و گەرم بوون، سمێڵی بەقەد بنچکێک دەبوو، ڕوومەتی وەک جاجم زبر بوو و بۆنێکی توند و نەرمی هەبوو.

هەتا ئێستاش، هەر جارێک وێنەیەک یان پۆرترێتێکی (ساول)ی شاعیر، یان پەیکەرە دیوارەکەی، کە بە بەر دەروازەی بنکەی ڕۆشنبیری (شێرنۆکۆڤسکی)یەوە ببینم، هەست بە بۆنە ئارامبەخشەکەی دەکەم و دەڵێیت خۆم دەخزێنمە بن جاجمێکی زستانەوە.

باوکیشم وەک زۆر کەس لە زایۆنستەکانی سەردەمی ئێمە، ڕەگێکی دەچووەوە سەر کەنعانییەکان و شەرمی بەو بنەچەیەی خۆی دەهات، وەک شەرمی بە هەموو شتێک دەهات کە لە نووسین و ئەدەبی مۆدێرن و (بیالیک) و (ئاگنون)دا بۆ ئەو سەرچاوەیە بچووبایەتەوە. پێی خۆش بوو گشتمان، سەرلەنوێ بە قژی زەرد و ماسولکەی زۆری خۆرانگەستەوە، وەک عیبرییە ئەورووپاییەکان لە دایک ببینەوە، نەک ڕۆژهەڵاتی ئەورووپایی بین. هەمیشە قینی لە زمانی (یدی)بوو و بە (یارگۆن) ناوی دەبرد و وەک شیعری قوربانی لە (بیالیک)ی دەڕوانی... شیعری ئەوانەی «مل بە مەرگ شۆڕ دەکەن»، لە کاتێکدا شیعری شێرنۆکۆڤسکی، بەرەبەیانی تازەی پێ بوو و هاکە لێمان بە دەرکەوت. بەیان، لە «سەرکەوتنەکەی کەنعان، بە گەردەلوولەوە.» شیعری «ڕووبەڕووبوونەوەی حەقیقەتی ئەپۆلۆ»ی بە جۆش و خرۆشەوە لەبەر بوو، بێ ئەوەی سەرنجی ئەوەش بدات کە شاعیرەکە، بێ ئاگایانە سروود بۆ «دایۆنیس» دەڵێت و لە هەمان کاتدا بۆ ئەپۆڵۆ بە چۆکدا دێت. لە هەموو ئەوانەی من دیبوومن، پتر شیعری شێرنۆکۆڤسکی لەبەر بوو.

ڕەنگە شێرنۆکۆڤسکی بەخۆی، هەندە شیعری خۆی لەبەر نەبووبێت. بە جۆش و خرۆشەوە پێیدا هەڵدەدا و خواوەندی شیعر و هونەری بۆ بە بەڵگە دەهێنایەوە. ئەو شاعیرە مۆسیقاییەی کە خۆی لەو ئاڵۆزی و گرییانە دەرباز کردبوو کە لەگەڵ جیهانی (شتێتل)دا یەک دەهاتەوە و بێ شەرمانە باسی ئەوین و تەنانەت لەزەتی هەست پێ کردنیان دەکرد. باوکم دەیگوت: شێرنۆکۆڤسکی، هەرگیز ناخزێتە ناو (تسورس) و (کرتچزن)ەوە.

لە بارودۆخی وادا، دایکم بە وردیی سەرنجی دەدا و دەتگوت لە بۆچوونە کاڵوکرچەکەی لە بارەی هەستەوە، سەرسام بووە، بەڵام هیچ ڕایەکیشی دەرنەدەبڕی.

باوکم، بە دڵنیاییەوە مجێزی لیتوانی هەبوو و زۆری حەز لێ بوو وشەی «ڕوون» بەکاربێنێت (بنەماڵەی کلاوسنەر لە ئۆدیسەوە هاتبوون، بەڵام پێشتر لە لیتوانیا بون و ڕێی تێدەچوو پێش ئەوەش لە «ماتێرسدۆفت، کە ئێستا پێی دەڵێن ماتێرسبۆرگ» بووبن، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی نەمسا، نێزیک سنووری هەنگاریاوە).

باوکم کەسێکی زیادەڕۆ و توندوتیژ بوو، بەڵام زۆربەی ژیانی دژی هەموو جۆرە سیحر و جادوویەک بوو و پێی وابوو گشت ئەوانەی سەرقاڵی ئەو کارە ناسروشتییانەن، فێڵباز و ساختەچین. باسە (جاسیدی)یەکانی بە داستانی میللی دەزانین و ئەو وشەیەشی بە جۆرە وریاییەکی واوە دەگوت کە هەمیشە لە گوتنی وشەی یاگور «ئاراستە» و «حەشیش» یان «دەسبەجێ»دا هەیبوو.

دایکم گوێی لێ دەگرت، بەڵام لە بری ئەوەی وەڵامی بداتەوە، زۆربەی کات بزەیەکی خەماوی بۆ دەکرد. هەندێک جاریش بە منی دەگوت: «باوکت پیاوێکی زیرەک و ڕێکوپێکە، تەنانەت لە خەویشدا ڕێکوپێکە».

دوای مردنی دایکم بە چەند ساڵێک، باوکم خۆشبینییە ئارامەکەی و شێوازی تەمێکردنی کاڵ بوونەوە و بارودۆخیشی گۆڕا و پێ دەچوو لە شێوازی دایکم نزیک بووبێتەوە. لە پەنایەکی ژێر خانی کتێبخانەی نەتەوەییدا، دەسنووسێکی تا ئەو کاتە نەناسراوی (ی. ل. پێرێتز)ی دۆزیبووەوە. دەفتەرێکی ڕەشنووسی سەردەمی لاوێتی ئەو نووسەرە بوو و جگە لە هەندێک سەرەقەڵەم و هەوڵی نووسینی شیعر، شیعرێکی نەناسراویش بە ناوی «تۆڵە»ی تێدا بوو. ئیدی باوکم سەفەری لەندەنی کرد و ماوەی چەندین ساڵ لەوێ مایەوە و نامەی دکتۆرای لەسەر ئەو تازە دۆزراوانە پێشکەش

کرد. ئەو پێکگەیشتنە سەیرەی لەگەڵ پیرێتزدا وای لێ کرد لە «ستورم ئوند درانگ»ی شیرنۆکۆڤسکی دوور بکەوێتەوە. دەستی بە خوێندنەوەی داستان و چیرۆکی گەلان کرد. هەروەها ئەدەبی یدی و ئەوجا خۆی دایە دەست نهێنی چیرۆکەکانی پیرێتز و بەشێوەیەکی گشتی، چیرۆکە بە بنەماکانی دی(١). دەتگوت دەستبەرداری گۆچانی رێنمایی بووە، کە تا ئەو دەمە بە توندی دەستی پێوە گرتووە.

بەڵام لەو ساڵانەشدا کە هێشتا بە پیاسە دەچووینە تاپیوت، بۆ لای مام یووسف، هێشتا باوکم هەوڵی دەدا وانە بە هەمووبان بڵێ و دەیویست ئێمەش وەک خۆی تێبگەین. دایکم و باوکم دوو بۆچوونی جیاوازیان لە جیهانی ئەدەبدا هەبوو. باوکم، شەکسپیر و بالزاک و تۆلستۆی و ئیبسن و شیرنۆکۆڤسکی پێ خۆش بوون. دایکیشم، شیلەر و تۆرگنیڤ و چیخۆڤ و سترینبێری و گنیسن و بیالیک و جەنابی ئەگنونی بەدڵ بوون. ئەوەی دواییان ماڵەکەی لە تالپیوت بەرانبەر ماڵی مامە یووسف بوو، ئەگەرچی هەستم دەکرد گونجانێکی وا لە نێوان ئەو دووەدا نەبوو.

ئەگەر ئەو دووە، پرۆفیسۆر یووسف کلاوسنەر و جەنابی ی. ل. ئەگنون بە رێکەوت تووشی یەک بوایەن، سەنگینییەک ئەو شەقامەی دادەگرت، بەڵام سەنگینییەکی ساردوسڕ. هەر یەکەیان، چەند سانتیمەترێک شەپقەکەی بۆ ئەوی دی بەرز دەکردەوە و کەمێک سەری رێزی نەوی دەکرد و لە قووڵایی ناخیشەوە، هیوای بنەبانی دۆزەخیان بۆ یەکتری دەخواست.

رای مامە یووسف بە ئەگنون باش نەبوو و نووسینەکانی بە لاوە درێژدادڕی و دەشتەکیانە بوون و بە هەموو جۆرە بابەتێکی بەسەرچوو و ناوچەیی بار کرابوون و رازێنرابوونەوە. ئەوەی جەنابی ئەگنونیش لە بەرانبەردا کردی، رمێکی تیژ بوو و وەشاندی. کەسایەتی گاڵتەجاڕی (پرۆفیسۆر یاخلام)ی خستە رۆمانی (شیرا)وە، بەڵام خۆشبەختانە، بەر لەوەی شیرا بڵاوبکرێتەوە، مامە یووسف کۆچی دوایی کرد و ئاوها لە تووڕەبوونێکی بێ سنوور دەرباز بوو. جەنابی ئەگنونیش، چەندین ساڵی تر ژیا و بووە ناودارێکی جیهانی و خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا پێ بەخشرا، ئەگەرچی بە ناچاری بەرگەی ئەوەشی گرت کە ئەو شەقامە بچکۆلەیەی تالپیوت، کە ئەو دوو بەڕێزەی لێ دەژیان، ناوی (شەقامی کلاوسنەر)ی لێ نرا. لەو رۆژەوە هەتا مرد، ناچار بوو بەو شەرمەزارییە رازی بێت و ببێتە ناودارێکی شەقامی کلاوسنەر.

چارەنووس وای خواستووە کە هەتا ئێستاش ماڵەکەی ئەگنون لە شەقامی کلاوسنەر بمێنێت و چارەنووسی لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ماڵەکەی کلاوسنەر بڕووخێنرێت و بکرێتە بینایەکی چوارگۆشەی شوقە بۆ نیشتەجێبوونی خەڵکانێکی زۆر ئاسایی، بەڵام رووی لەو خەڵکەشە کە بە خانووەکەی ئەگنوندا تێدەپەڕن.

**تێبینی: باسێکی ئەوین و تاریکی کتێبێکە بەشی یەکەمی لە ژمارە(١٢٣)ی رامان بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش بەشێکی دیکەی ئەو کتێبەیە.**

**«وەرگێر»**

**(١) یدی زمانی گرووپێکی جوولەکەی ئەورووپا بووە، زمانەکەیان سەر بە گرووپی زمانی ئەڵمانی بووە.**

# فەلسەفە و تیۆری ڕەخنەگرانە

هێربێرت مارکوزە
لە ئەڵمانیەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

تیـۆری ڕەخنەگـرانەی کـۆمـەڵگە هەمـیـشـە و هەر لە سەرەتاوە سەر گەرمی بابەت و کێشەکانی فەلسەفە بووە. لەسەردەمی پەیدابوونیدا: لە سییەکان و چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمـدا، فـەلسـەفـە پێـشکەوتووترین ڕوخـسـاری هۆشـیـاری بوو؛ ڕەوشـە ڕاسـتـەقـینە هەڵکەوتەکـان لە ئەڵـمــانـیــادا هەر لە پشت ئەم ڕوخـــســـارەی ژێردا بەدواکەوتوویی مـابوونەوە. لێرەدا ڕەخنەگرتنی ڕەوشی لە ئارادا بوو، بە ڕەخنەگـرتنی ئەو هۆشـیـارییـە دەسـتی پێکردووە، چونکە ئەگەر وای نەکـردبایە دەبوو لەژێر ئەو ئاسـتـە مـێـژووییـەوە کـە وڵاتانی دەرەوەی ئەڵەمـانیـا بەڕاستی پێگەیشتبوون و پێشتر ڕووبەڕووی بابەتەکەی ببێـتەوە. دوای ئەوەی تیـۆرییـە ڕەخنەگرەکە پێوەندی و دۆخە ئابوورییـەکـان بۆ تێکڕای جیـهـانی لە ئارادا بوو، هەڵکەوت بە بەرپرسیارییەوە دەزانێ و تێکڕای پێوەندی دەستـیـاوی کـۆمـەڵایەتی هەڵکەوت (واقیع) تێدەگات، نەک فەلسەفە هەر تەنیا وەک زانستێکی سەربەخۆی ئەم تێکڕای پێوەندییـە دەستـیـاوییە گرنگ نامێنێ، بەڵکو دەکرێ ئەو کێشانەش کە پێوەندییان بە شیاوەکییەکانی مـرۆڤ و ژێرەوە هەبووە لەلایەنی ئابوورییـەوە بەبابەت دەکرێن.

بەم جۆرە فەلسەفە لەنێو چەمکە ئابوورییەکانی تیۆری مـەتریالیـسـتیـدا بە دەردەکـەوێ. هەر تاکـێک لەوان، بەواتای زانسـتی ئەکادیمیـانەی ئابووری، لە چەمکێکی ئابووری پترە. هێز و توانای هەمەکی تیۆرییەکە ئەوەیە، تێکڕای مـرۆڤ و جـیـهـانەکـەی لە چوارچێـوەی بوونی کـۆمـەڵایەتیـدا ڕوون بکاتەوە. لەگـەڵ ئەمـەشدا چەوت و هەڵەیە، بەپێی ئەمە، چەمکە ئابوورییـەکان جارێکی تر

ببرێنەوە نێو فەلسەفەییەکان. پتر ئەوان بەپێچەوانەوەن، فاکتە فەلسەفەییەکان ئەوانەی بۆ تیۆرییەکە گرنگن، دەبێ لە پێوەندی ئابوورییەوە پەرە پێ بدرێن. ئەوان چەند ئاماژەیەکیان بۆ چەند پێوەندییەک تێدایە، لە یادکردنیان لەتیۆرییەکە وەک تێکڕاییەک هەڕەشە دەکات.

تیۆری ڕەخنەگرانە بەپێی قەناعەتی دامەزرێنەرەکانی لە جەوهەر و بنەڕەتدا بە ڕێبازی مەتریالیستییەوە گرێدراوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو خۆی بەمە وەک سیستمێکی فەلسەفە دژی سیستمەکانی تری فەلسەفە دادەنێ.

**تیۆری کۆمەڵگە سیستمێکی ئابوورییە و هیچ سیستمێکی فەلسەفەیی نییە. پێش هەموو شتێک دوو لایەن مەتریالیزم بە تیۆری ڕاستەقینەی کۆمەڵگە دەبەستنەوە: خەمی بەختەوەری مرۆڤ و ئەو قەناعەتە کە ئەم بەختەوەرییە تەنیا هەر بەهۆی گۆڕینی پێوەندی و ڕەوشە ماددییەکانی بوون بەدەست دەهێنرێت.**

ڕێگەی گۆڕینەکەو پێوەندی بنەڕەتی ڕێکخستنی ژیریانەی کۆمەڵگە تەنیا هەر بەهۆی شیکردنەوەی تایبەت بە پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان کراوە. دوا ڕوخساری کۆمەڵگەی نوێ ناکرێ هیچی تر بابەتی هیچ تیۆرییەک بێت، دەبێ ئەو وەک کارێکی ئازادی تاکە ئازاد بووەکان ڕووبدات. ئەگەر هاتو ژیر- وەک ڕێکخراو و ئۆرگانێکی ژیرەکی مرۆڤایەتی- بەڕاستی بەدی هاتبێ، ئەوە فەلسەفەش بێ بابەت دەبێ، ئینجا فەلسەفە، ئەوەندەی ئەو پتر لە خۆ خەریک کردنێکە Geschaft، یان بابەتێکە Fach لە چوارچێوەی دابەشکردنی کاری پێدراودا، تائێستا لەسەر ئەوە ژیاوە، ژیر تائێستا هەڵکەوتی ڕاستەقینە نەبووە.

ژێر ئەو چەمکە بنەڕەتییەی هزری فەلسەفەیە کە تەنیا هەر بەهۆی ئەوەوە خۆی بە چارەنووسی مرۆڤایەتییەوە گرێ داوە. فەلسەفە ویستوویەتی لەدواترین و گرنگترین بنەماکانی بوون بکۆڵێتەوە. لەژێر ناوی ژیردا ئەو بیرۆکەی بوونێکی تایبەتی لە ئەندێشەدا وێنا کردووە کە تێیدا هەموو دژە بەلایەکدا خەرەکان (لەنێوان خۆ و بابەت، جەوهەر و ڕووکەش، هزر و بووندا) یەکیان گرتۆتەوە. قەناعەتێک بەو بیرۆکەیەوە بەند بووە کە بوونەوەر نەک ڕاستەوخۆ ژیرەکییە، بەڵکو پێویستە لە پێشدا بەرەو ژیر ببردرێ. ژیر دەبێ بەرزترین شیاوەکی مرۆڤ و هی بوونەوەر خۆی نیشان بدات. هەردووکیان سەر بەیەکترین. خۆ ئەگەر ژیر بەجەوهەر دابنرێت، واتای ئەوەیە کە لەوپەڕی بەرزی ئاستدا: هەڵکەوتی ڕاستەقینە، جیهان هیچی تر وەک بابەتێکی شمەکی ڕووت لەبەرانبەر هزری ژیرەکی مرۆڤ ڕاناوەستێ، بەڵکو لەلای ئەوەوە لێی دەگەیشترێ، بۆتە چەمکێکی ئەو. جیهان بەپێی بنەما پێکهاتووەکەی ژیر دەستی دەیگاتێ، پشتی بە ئەو بەستووە، لەلایەن ئەوەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. فەلسەفە بەم شێوازە ئایدیالیزمییە، ئەو بوون دەخاتە ژێر باری هزرەوە. بەپێی ئەم یەکەم دەستەواژەیەوە کە فەلسەفەی کردووە بە فەلسەفەی ڕەخنەگری، ئەگەر جیهانی لەبەردەستدا gegebene Welt بە هزری ژیرەکییەوە بەند بێت و بەپێی بوونەکەی پشتی پێ بەستبێ، ئەون دەبێ هەموو شتێک دابنرێت کە دەبێ ببەزێنرێت، ژیر وەک لایەنێکی ڕەخنەگرانە دامەزرێنراوە. لە فەلسەفەی سەردەمی بۆرژوازیدا ژیر ڕوخساری خۆبەتی ژیرەکی پێ براوە: مرۆڤ، تاکەکان دەبوو هەموو پێدراوێکی لەبەردەستدا بوو لە ڕێگای هێز و توانای زانینەکەیەوە تاقی بکاتەوەو بڕیار لەبارەیەوە بدات. ئیتر ئاوەها چەمکی ژیر چەمکی ئازادی تێدا بووە، ئەم جۆرە تاقیکردنەوە و بڕیاردانە بێ واتا دەبوون ئەگەر مرۆڤ بە ئازادی لەتوانایدا نەبووایە بەپێی زرنگی خۆی کار بکات و handeln ئەوەی لەبەردەست و لە ئارادایە لەگەڵ ژیردا نەهێنێتەوە و نەگونجێنێ.

**«فەلسەفە فێرمان دەکات کە هەموو تایبەتمەندییەکانی گیان بەهۆی ژیرەوە دروست دەبن، هەموویان تەنیا ئامرازن بۆ ژیر، هەموویان بەدوای ئەوەدا سەرگەرمن و بەرهەمی دێنن، ئەمە زانینێکی فەلسەفەی سەرنجدانی ڕووتە کە ئازادی تاکە شتی ڕاستەقینەی گیانە» (١)**

هیگڵ تەنیا هەر ئەنجامێکی لە تێکڕای میراتی فەلسەفە خستۆتەوە، ئەگەر ئەو ژیر و ئازادی بکات بەیەک.

**«ئازادی ڕوخساری ژیرەکییە، ئەو ڕوخسارەیە کە تەنیا بەهۆیەوە دەکرێ ژیر هەبێ» (٢)**

بە چەمکی ژیر وەک ئازادی، فەلسەفە وادەردەکەوێ گەیشتبێتە دوا سنوورەکەی: ئەوەی ماوەتەوە بۆ بەدی هێنانی Verwirklichung ژیر هیچی تر ئەرکی

فەلسەفە نییە. هیگڵ مێژووی فەلسەفەی وادیوە کە لەم خاڵەدا بە یەکجارەکی تەواو بووە، بەڵام ئەو تەواو بوونە واتای پاشەڕۆژێکی چاکتر ناگەیەنێ، بەڵکو ئێستایەکی بەدی مرۆڤایەتی کە بەهۆیەوە هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت، ڕاستە کانت چەند بیرۆکەیەکی دەربارەی مێژوویەکی تێکڕاییی بە نیاز و مەبەستی هاووڵاتییەکی جیهانی و دەربارەی ئاشتی هەتا هەتایی نووسیوە.

فەلسەفە ترانسندێنتاڵەکەی توانیویەتی ئەو قەناعەتە دروست بکات کە بەدی هێنانی ژیر بەهۆی گۆڕانی کردەکی ڕاستەقینەوە پێویست نییە، چونکە تاکەکەسان لەچوارچێوەی ڕێژیمی لەئارادابوودا دەتوانن ژیر و ئازادبن، ئەم فەلسەفەیە لە چەمکە سەرەکییەکاندا بەدەست نەزمی ordnung قۆناخی بۆرژوازییەوە شکست و هەرەسی هێناوە. ژیر تەنیا ڕوخسارێکی ڕووکەشی ژیرەکییە لە جیهانێکی بێ ژیردا و ئازادیش تەنیا ڕواڵەتێکی ئازاد- بوونە لە نا ئازادی گشتیدا. ئەم ڕووکەشییە ڕواڵەتییە کاتێک دەکەوێتەوە و پەیدا دەبێ ئەگەر ئایدیالیزم ببێ بە بابەتی خۆی؟

نێو ناخی دەروونەوە Verinnerlcht:

ژیر و ئازادی کاتێک دەبن بە ئەرکی سەرشان دەبێ تاکەکەس لە ناخی خۆیدا جێبەجێی بکات و دەتوانێ ئەمە جێبەجێ بکات بەبێ گوێ دانە ڕەوشە دەرەکییەکانی هەر چۆنێک بن.

ئازادی دژ و پێچەوانەی ناچاری نییە، بگرە وەک هەلومەرجی خۆی دەیکات بە پێویست. ئەوکەسە ئازادە کە ناچاری وەک ناچاری دەناسێ و دەزانێ، بۆ ئەوەی ناچارییە ڕووت و پەتییەکەی شکست پێ بهێنێ و لە کایە و پلەی ژیردا بەرزی بکاتەوە. ئەگەر یەکێک بە ئیفلیجی لە دایک بووبێ و بەپێی ڕەوشی زانستی پزیشکی هیچ توانایەکی چارەسەرکردنی لە ئارادا نەبێ، ئەو بەسەر ئەو ناچارییەدا زاڵ دەبێت کە ئەگەر ئەو لە چوارچێوەی بوونە ئیفلیجەکەیدا دەرفەتی ژیر و ئازادییەکەی بدات دەست بەکاربن، واتە پێداویستییەکانی، ئامانج و کردارەکانی هەمیشە هەر لە سەرەتاوە تەنیا وەک پێداویستی و ئامانج و ڕەفتاری ئیفلیجێک دابنێ. فەلسەفەی ژیرەکی ئیدیالیستی بەو جۆرە دژایەتی پێشیانە داد و لە ئارادابووی نێوان ئازادی و ناچاری لادەدات کە ئازادی بەهیچ جۆرێک بەسەر ناچاریدا تێناپەڕێ، بەڵکو بە سادە و ساکاری لەنێو ناچاریدا ماڵێک بۆ خۆی بنیاد دەنێ. هیگڵ جارێکیان وتوویەتی: ئەم هەڵپەساردنەی Aufhebung ناچاری «پایە و پلەی ناچاری بەرەو ئازادی بەرز دەکاتەوە» (٣).

ئازادی تەنیا هەر ئەوکاتە دەتوانی ڕاستی ناچاری بێت ئەگەر ناچاری «لەخۆیدا» ڕاستی بێ. دەستنیشانکردنی پێوەندی نێوان ئازادی و ناچاری پەیوەستی فەلسەفەی ژیرەکی ئایدیالیستییانە بە ڕەوش و نەزمی لە ئارادابوو نیشانە دەکات.

ئەم پەیوەست و گرێبەستە ئەو بەهاو فیاتەیە کە تەنیا دەبێتە مایەی ئەوەی بتوانێ زانین و ناسینەکەی ڕاست بێت. ئەم پێوەندییە پێشتر لەگەڵ بەکاربردنی خودی فەلسەفەی ئیدیالیستی دراوە. ئەو خودە تەنیا ئەو کاتە ژیرە کە ئەگەر خۆی پشت بە خۆی ببەستێ و هەموو «ئەوانی تر» بەلایەوە بیانی و دەرەکین و وەک ئەمە لە پێشەوە جێگای گومانە، بۆ ئەوەی شتێک بتوانێ ڕاستەقینە بێت، دەبێ دڵنیا بێت، ئینجا بۆ ئەوەی دڵنیا بێت، ئەوە پێویستە لەلایەن خودەوە وەک داهێنانێکی تایبەتی خۆی دابنرێ. ئەمە بنەما لەرزیوەکەی دیکارت، هەروەها بڕیارە لێکدراوە پێشییانەکانی کانت دەگرێتەوە. هەروەها تەنیا بەخۆ بەسبوون (قەناعەت)، سەربەخۆ بوون لە ئاقار هەموو ئەوانی تر و بیانیدا ئازادی خودگەرەنتی دەکات. ئازاد ئەوەیە ملکەچی هیچ کەسێکی تر و هیچ شتێکی تر نەبێ، خۆی بەدەست خۆیەتی. ئەمە ئەوی تری دوورخستۆتەوە. پێوەندی بەوانی ترەوە، لەوەدا کە خود بە ڕاستیی دەچێتە لای ئەوی تر خۆی لەگەڵی دەکات بەیەک، وەک لەدەست دان و بێ سەربەخۆ بوون دادەنرێ. کاتێک هیگڵ بزووتنەوەی «لەلای خودی خۆ ماوەوە» وەک ڕاستەقینەیەکی تایبەتی ڕەسەن بەژیر بەخشیوە، ئەوە توانیویەتی پشت بە ئەرستۆتالس ببەستێ. لەسەرەتاوە لەلای فەلسەفە ساغ بۆتەوە، شێوازی بەرزی بوون «لەلای خودی خۆ بوون»ـە.

ئەم وەک یەک بوونە لە دیار و دەستنیشانکردنی ڕاستەقینەی تایبەتی ڕەسەندا، ئاماژەی هاتنەوە سەر وەک یەک بوونێکی قووڵە: نووسەر تایبەتمەندێتی (موڵک و ماڵ) Eigentum. شتێک لەپێشدا ڕەسەنی تایبەتی دەبێ ئەگەر سەربەخۆیی بوو، خودی خۆی بپارێزێ، پشتی بە هیچ شتێکی تر نەبەستبێ. هەروەها

بوونێکی لەم جۆرە بەلای ئایدیالیزمەوە بەدەست دێت، ئەگەر خۆیەک جیهانی بەو شێوەیە هەبێ کە نەتوانرێ لێی بستێندرێت، هەروەها بەردەوام لەبەر دەستیدا بێت و بە جۆرێک بیکات بە موڵکی خۆی، لە هەموو ئەوانی تردا لەلای خودی خۆی بێت. ئازادی لەگەڵ ئەمەشدا، هی خودی بیرکەرەوەی دیکارت مۆنادی لایبنیتس هی منی کاتیگۆرییەکان لای کانت، خودی لە بنەڕەتدا بە کردەوە چالاکی فیختە و گیانی جیهانی هیگڵ، ئازادی لەبەردەستدا بووی چێژتن نییە کە ڕەبی ئەرستۆتالسی لە بەختەوەرییە تایبەتییەکەیدا هێناوەتە بزواندن. ئەمە پتر ئازادی کاری دەستی ماندوو و شەکەتی بێ کۆتاییە. دەبێ ژیر، چۆن لە فەلسەفەی نوێدا خەت و خاڵی تایبەتی خۆی داوە، خۆی و هەڵکەوت و ڕاستەقینەیی خۆی هەمیشە لە کەرەسەیەکی نا بەدڵی بەرهەم بهێنێ؛ ئەو تەنیا لەم داهێنانەدا هەیە. ئەوەی دەبێ ژیر بەدی بهێنێ، لەوە کەمتر و پتر نییە جیهان بۆ من بنیاد بنێ. پێویستە ژیر ئەو هەمەکییە Allgemeinheit دابین بکات کە تێیدا خودی ژیر لەگەڵ خودە ژیرەکانی تر خۆیان پێکەوە دەبیننەوە. دەبێ ئەو بنەمای ئەو شیاوەکییە بێت کە تەنیا هەر خۆی مۆنادە بەردەوامەکان بگرێتەوە، بەڵکو دەبێ ژیانێکی هاوبەش لە جیهانێکی هاوبەشدا پەیدا ببێ، بەڵام هەروەها ئەم بەدی هێنانە ئەو تایبەتمەندییەی نابێتە مایەی تێپەڕاندنی ئەوەی هەیە؛ ئەو هیچ شتێک ناگۆڕێ. بنیادنانی جیهان پێش هەر کردارێکی ڕاستەقینەی تاکەکەس بەدی دێت: تاکەکەس هەرگیز ناتوانێ بەدی هێنانە تایبەتیەکەی خۆی بەدەست بهێنێ. هەمان بزاوتی تایبەتمەند، کە لە هەمانکاتدا ترسی هەیە لە یەکێکی ڕاستەقینەوە شتێکی تر دروست بکرێت، دەست بەسەر هەموو دەستنیشان کردنەکانی ئەم فەلسەفەیەی ژیرە دابگرێت. پڕۆپاگەندە بۆ پەرەسەندن دەکرێت، بەڵام پەرەسەندنی ڕاستەقینە ئەوەیە: «نەک گۆڕانێک یەکێک ببێ بە یەکێکی تر» (٤) لە کۆتاییەکەیدا ناگاتە شتێک کە لە «خۆیدا» لە سەرەتاوە هەبوو نەبووبێ. ئەم کەموکوڕییە لەو فەلسەفەیەدا وەک دەسکەوتێکی گەورە دەرکەوتووە. ڕاستەوخۆ لە پێگەیشتووترین ئاستیدا هەموو ئامارە ناوەکییەکانی هەموو چەمکە دێنامیکییە دیارەکانی ڕوون و ئاشکرا دەبن.

هەموو ئەو دەستنیشان کردنانە بێ ئەگەر و گومان فەلسەفەی ژیرەکی ئایدیالیستی دەکەن بە فەلسەفەی بۆرژوازی. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو بەهۆی تاکە چەمکی ژیرەوە پترە لە ئایدیۆلۆژی، هەروەها پێوە خەریک بوونی پتر لە تێکۆشانێک دژی ئایدیۆلۆژییەک. تەنیا ئەوکاتە چەمکی ئایدیۆلۆژی واتابەخش دەبێ ئەگەر بێتو ئەو لە گۆڕینی بنیادی کۆمەڵایەتیدا بە سوود و قازانجی تیۆری ئاراستە کردبێ. ئەو نە چەمکێکی زانستی کۆمەڵایەتییە (سۆسیۆلۆژی) نە یەکێکی فەلسەفییە، بەڵکو چەمکێکی سیاسییە (٥). ئەو قسە لە ڕێبازێک دەکات نەک سەبارەت بە مەرجی کۆمەڵایەتی هەر ڕاستییەک، یان سەبارەت بە ڕاستییەکی ڕەها، بەڵکو تەنیا هەر سەبارەت بەسوود و قازانجەکەی ئەو. لە ژمارە بەدەر تیۆری و ڕێبازی فەلسەفەیی هەیە کە تەنیا ئایدیۆلۆژی ڕووتن و وەک چەند وەهمێک دەربارەی چەند هەڵکەوتێکی کۆمەڵایەتی گرنگ ئامادەن لەنێو ئامرازی گشتی دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردن بگونجێن. فەلسەفەی ئایدیالیستی ژیرەکی سەر بەم ئاراستەیە نییە ئەوەندەی بەڕاستی ئایدیالیستی بێت. بیرۆکەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی ژیر بەسەر بووندا تەنیا هەر داواکارییەکی ئایدیالیزم نییە، بەهێزێکی پاڵنەری زگماکی ئەگەر هەڵنەگر دەوڵەتی ئۆتۆریتێر بەگژ ئایدیالیزمی کلاسیکیدا چۆتەوە. فەلسەفەی ژیر پێوەندییە بەلایەکدا خەرەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی دیتووە: منە ئەبستراکتەکە، ژیرە ڕووتە پەتییەکە، ئازادی ئەبستراکت و پەتی، تاوەکو ئەو ڕادەیە ئەو هۆشیارییەکی ڕاستە. ژیری بێگەرد دەبێ ئەو ژیرە بێ کە پابەندی هیچ ئەزموونێک نییە، وا دەردەکەوێ بیەوێ ژیر پابەند بکات abhangig، ئەو کارەکتەری «بیانی شێوازی» (٦) بەخۆی هەیە. سنووردارێتی ژیر لە چالاکی بێگەردی تیۆری و پراکتیکیدا نیشانەی دان پێدانانە بەدی هەڵکەوت Faktizit. هەروەها نیشانەی خەمخۆرییە بەرانبەر بە مافی تاکەکەس و ئەوەی کە لە خودێکی ئابووری پترە، بەرانبەر بەوەی لەپێوەندی گشتی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگەدا مافی خۆی پێ نەبڕاوە، بەلای کەمەوە ئایدیالیزم هەوڵی داوە هزر «بیر» بەپاکی بمێنێتەوە. ئەمە ڕۆڵە دەبڵەکەیەتی کە لەوەدا مەتریالیزمی ڕاستەقینە بەرانبەر تیۆری ڕەخنەگری کۆمەڵگە و

مەتریالیزمی هەڵە و چەوت بەرانبەر بە پراکسیسی بۆرژوازی دابنێ. لە ئایدیالیزمدا تاکەکەس، لەوەدا کە خۆی و جیهان لە هزر و بیردا دەکات بە ئازاد و ژیر دژی جیهان نارەزایی دەردەبڕێ. ئەو بە واتایەکی تێکڕایی جەوهەری تاکرەوییە. هەرچۆنێک بێت، ئەو لە تاکرەوی تاکەکەس لە سۆنگەی بەخۆبەسبوون «موڵکداریێتی»دا تێی گەیشتراوە لە جیهانی نێو خودەکانەوە پێک بهێنرێ، بە گومان و ئەگەر هەڵگر دەمێننەوە. منەکەی تر تەنیا بە ئەبستراکت و پەتی نەبێ بەخودە (Ego) گرێ نادرێ: ئەمە بەکێشەیەکی زانینی ڕووت، یان بەهی ئاکاری بێگەرد ماوەتەوە. پاکی و بێگەردی ئایدیالیزم جێگەی ئەگەر و گومانە. بەرزترین ڕاستییەکان ژیری تیۆری، هەروەها هی پراکتیکی دەبێ بێگەرد و ڕووت بن، نابێ بەهەڵکەوت پشت ئەستووری، یان دەربازکردنی ئەم بێگەردییە بەو مەرجە دەبێ هەڵکەوتەکە لەنێو ناکردنی بێگەردیدا بهێڵرێ، تاکەکەس دەدرێتە دەست ناڕاستییەکە. لەگەڵ ئەمەدا بایەخدان بەتاکەکەس ماوەیەکی درێژ ڕێگای لە ئایدیالیزم گرتووە قوربانیدان بەتاکەکەس لەپێناوی خزمەتی کۆمەڵەی هەڵەدا پەسند و پیرۆز بکات.

پرۆتێستی «نارەزایی دەربڕینی) فەلسەفەی ژیرەکی، پرۆتێستێکی ئایدیالیستیانەیە و ڕەخنەکەشی هەر ئایدیالیستییە: پێوەندییە مەترياليیەکانی بوون ناگرنەوە، هیگڵ مانەوەی فەلسەفەی لەجیهانی هزر و بیردا بە دەستنیشان کردنێکی جەوهەری نیشانداوە: فەلسەفە دژەکان لەژێردا ئاشت دەکاتەوە و ڕێکیان دەخات، بەڵام نەک ئاشتکردنەوەیەک لە هەڵکەوت و واقیعدا، بەڵکو لەجیهانی ئیدیالیدا(٧). پرۆتێست و نارەزایی دەربڕینی مەتریالیستی و ڕەخنەگرتنی مەتریالیستیانە لەنێو خەبات و تێکۆشانی تاقمە چەوساوەکانەوە لەپێناوی هەلومەرجێکی باشتری ژیان پێگەیشتووە. هەمیشە بە پرۆسەی ڕاستەقینەی ئەم خەباتەوە بە گرێدراوی دەمێننەوە. فەلسەفەی خۆرئاوا ژیری بە ڕاستەقینەیەکی ڕەسەنی تایبەتی داناوە. لە قۆناغی بۆرژوازیدا burgerlich ڕاستەقینەیی ژیر بووە بە ئەرکێک کە دەبوو تاکەکەسی ئازاد بەدی بهێنێ. خود ئەو مەڵبەندەی ژیر بووە: لەوەوە دەبوو بابەتیەتی ببێ بە ژیرەکییانە. پێوەندی و هەلومەرجەکانی بوون تەنیا لە هزری بێگەرد و لەخواستی بێگەرددا ڕێگای ئازادی ژیری ئۆتۆمیان داوە. ئێستاش هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی هاتۆتە پێشەوە، تێدا بە ڕێئالیستی کردنی ژیر هیچی تر هەر بەشی بیرو هزری ڕووت و خواستی بێگەرد نابێت. ئەگەر ژیر مەبەستی بێ ژیان بەپێی بڕیاری ئازادانەی مرۆڤی شت زانین ڕەنگە بڕێژرێ، ئەوە داخوازییەکانی ژیر پتر داهێنانی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی دەگرنەوە کە تێیدا تاکەکەسان بەپێی پێداویستییەکانیان پێکەوە ژیانیان ڕێک دەخەن. لە کۆمەڵگەیەکی ئاوەهادا لەگەڵ ڕێئالیستی کردنی ژیر فەلسەفە هەڵدەگیرێ aufheben.

تیۆری کۆمەڵگە دەبێ ئەم شیاوەکییە نیشان بدات و بنەماکانی گۆڕانێکی بنەڕەتی ئابووری ڕوون بکاتەوە. ئەو توانیویەتی خەباتی ئەو چینانەی بەپێی ڕەوش و مەڵبەندی مێژووییان دەبوو گۆڕانە سەرتاپاگیرییەکە بکەن، تیۆرییانە ڕابەری بکات. مەبەست و نیازی فەلسەفە: خەمی مرۆڤی هەبێ، لە مەبەست و نیازی تیۆرییەکەدا فۆرمە نوێیەکەی خۆی دۆزیوەتەوە. شان بەشانی ئەم تیۆرییە فەلسەفەیەک نییە. بنیادنانی فەلسەفییانەی ژیر بەهۆی داهێنانی کۆمەڵگەیەکی ژیرانەوە بەدی دێت. نموونەی فەلسەفەیی، دنیای باشتر و بوونی ڕاست لە ئامانجی پراکتیکی (کردەیی) مرۆڤایەتی خەباتگێڕدا بەرجەستە دەبێت، ئینجا بەم پێیە ناوەرۆکێکی مرۆڤانەشی دەستگیر دەبێ.

هەرچۆنێک بێت، ئەگەر ئەو پەرەسەندنەی لەلایەن تیۆرییەکەوە پێشەکی نیشان دراوە نەهاتەدی، ئەگەر ئەو هێزانەی دەیانەوێ گۆڕانەکە بەدی بهێنن دەستی ئەوتۆیان لێ بوەشێنرێ پاشەکشە بکەن و وادەربکەون کە شکاون چی دەبێت؟! ئەگەرچی بەو هۆیەوە ڕاستی تیۆرییەکە زۆر بە کەمی پووچەڵ دەکرێتەوە، ئەوە پتر دەکەوێتە بەر تیشکی نوێ و لایەکان و بەشە نوێیەکانی بابەتەکەی ڕوون دەبنەوە. زۆر لە داخوازی و نیشاندانەکانی تیۆرییەکە کێش و قورساییەکی گۆڕاو بەدەست دەهێنن. ئەرکە گۆڕاوەکەی تیۆرییەکە لە هەڵوێستە نوێیەکەدا، بەواتایەکی ورد و ڕێکوپێک کەسایەتی و خەسڵەتی «تیۆری ڕەخنەگرانە»ی پێدەبەخشێ(٨). ڕەخنەکەی هەروەها ڕووبەڕووی ئەو لادانانەی بە تەواوەتی لە داخوازییە ئابووری و سیاسییەکانی لە هەندێک لەو شوێنانەدا کە پشتی پێ دەبەسترێ دەکرێن دەبێتەوە. ئەم

هەڵوێستە جارێکی تر بە تۆبزی تیۆرییەکە ناچار دەکات بە توندی ئەو مشووورە بخوات کە لەهەموو شیکردنەوەکانیدا هەیە، ئەویش: **خەمی شیاوەکێتی مرۆڤ، هی ئازادی و بەختەوەری تاکەکەسان. ئەوانە بۆ تیۆرییەکە دوا شیاوەکێتی سەرتاپاگیری هەڵوێستی کۆنکرێتی کۆمەڵگەن:**

**ئەوان تەنیا وەک کێشە و پرسی ئابووری و سیاسی گرینگ و بایەخدار دەبن و وەک خۆیان پێوەندییەکانی مرۆڤ لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، لە بەکاربردنی بەرهەمی کاری کۆمەڵایەتی و لە بەشداری کاریگەری مرۆڤ لە بەڕێوەبردنی تێکڕای ئابووری و سیاسیدا دەگرنەوە.**

چەند بەشەکانی تیۆرییەکە ببن بەڕاستەقینە، نەک ئەوە تەنیا هەر پەرەسەندنی دیسپلینە کۆنەکەی پێشبینییەکانی تیۆرییەکە پشت ڕاست دەکاتەوە، بەڵکو گوێزرانەوەشی بەرەو دیسپلینی نوێ دەکەوێتە بەردەست و ئەوەندە پرسیارەکە لەبارەی ئەوەوە کە تیۆرییەکە بە ئامانجی خۆی دادەنێ ناچارتر دەبێت. بەجۆرێکی دی لەوەی کە لە سیستمە فەلسەفییەکاندا هەیە ئازادی مرۆڤ لێرە فانتۆم و خێو و ناوەکییەکی هەڕەمەکی بێ پابەندبوون نییە کە هەموو شتێک لەجیهانی دەرەوەدا لە ڕەوشە کۆنەکەیدا دەهێڵێتەوە، بگرە شیاوەکییەکی ڕاستەقینەیە، پێوەندییەکی کۆمەڵایەتییە و جێبەجێ کردنەکەی چارەنووسی مرۆڤایەتی پێوە بەندە. بەپێی ئەو قۆناغانەی پەرەسەندن کە باس کران کارەکتەری بنیادنەرانەی نوێی تیۆری ڕەخنەگرانە دەردەکەوێ. هەر لە دەستپێکی کۆنەوە لەوە پتر بووە تەنیا تۆمارکردنێکی ڕووت و پەتی بە سیستمکردنی فاکتەکان بێت، پاڵنەرەکەی لەو هێزەوە پەیدا دەبێ کە بەهۆیەوە دژی فاکتەکان قسەی کردووە، ڕاستەقینە بەدەکان لە باشترینی شیاوەکییەکانی بێبەش دەکات. وەک فەلسەفە دژی دادپەروەری ڕاستەقینە دژی پۆسیتیڤیزمی ڕازیبوو دەوەستێ، بەڵام جیاوازتر لە فەلسەفە ئەو ئامانج دانانەکەی هەمیشە تەنیا هەر لە پرۆسەی لەبەردەستدابووی کۆمەڵگەوە بەدەستی دەهێنێ. ئیتر بۆیە ئەو هیچ ترسی لە یۆتۆپی نییە، کاتێک نەزمی نوێ گازندە بکرێت. ئەگەر ڕاستی لەنێو چوارچێوەی نەزمی کۆمەڵایەتی پێکهاتووی دواڕۆژدا جێبەجی نەکرێت، ئەوە بەلای ئەوەوە بێ چەند و چۆن کارەکتەری یۆتۆپی ڕووت و پەتی هەیە. ئەو ترانسندێنسە نەک لە دژی، بەڵکو بە سوود و قازانجی ڕاستییەکە قسە دەکات. ئەو کەرەسە و ڕەگەزە یۆتۆپییە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە فەلسەفەدا تاکە ڕەگەزی پێشکەوتنخواز بووە: لە بنیادنانەکانی چاکترین دەوڵەت، لەهی بالاترین چێژ، لەهی بەختەوەری تەواوەتی، لەهی ئاشتی هەتاهەتایی وایە، سەرکێشی، کە لە پێداگرتنی لەسەر ڕاستی دژی هەموو دیاردەیەک کەوتۆتەوە، لەم سەردەمەدا لە فەلسەفە جێگای بۆ شتی بیانی و سەیر و هەلپەرستی سەرەڕۆ خۆش کردووە. لە تیۆری ڕەخنەگردا سەرکێشی وەک خەسڵەتی ڕەسەنی هزری فەلسەفەیی پێی لەسەر دادەگیرێ.

هەڵوێستی سەردەم ئەو خەسڵەتە پتر و توندتر دووپات دەکاتەوە. پاشەکشێیەکە لە قۆناخێکدا دێت کە هەلومەرجە ئابوورییەکانی گۆڕانکارییەکە لەبەردەستدا بوون. ڕەوشە نوێیە کۆمەڵایەتییەکە، دەوڵەتە ئۆتۆریتێرەکان دەربڕەکەین، بە ئاسانی دەکرێ بەهۆی ئەو چەمکانەی تیۆرییەکە کاریان لەسەر دەکات تێی بگەیشترێ و پێشبینی بکرێت. نەک لە پەککەوتەیی چەمکە ئابوورییەکانەوە ئەو پاڵنەرانە پەیدابوون کە مایەی پێداگرتنی نوێی تیۆرییەکە بووە لەسەر داواکارییەکانی: لەگەڵ گۆڕانی پێوەندییە ئابوورییەکان تەواوی بوونی مرۆڤایەتی دەگۆڕدرێ. ئەو داواکارییە پتر دژی لێکدانەوە و جێبەجێکردنی تێگەیشتنێکی شێواوی ئابووری کە لە وتووێژی پراکسیس و تیۆریدا دێتە پێشەوە، ئاراستە دەکرێن. وتووێژەکە دەچێتەوە سەر ئەو پرسیارە: بەچی تیۆری لە ئابووری بایەخدارترە. ئەو پتر بایەخە بەو هۆیەوە بووە هەر لەسەرەتاوە، ڕەخنەگرتنی ئابووری سیاسی ڕەخنەی لە تێکڕای بوونی کۆمەڵایەتی گرتووە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە تێکڕاییەکەی بەهۆی پێوەندییە ئابوورییەکان دەستنیشان بکرێ و دەستنیشان کرابێ، ئابووری لەژێر دەسەڵاتدا نەبوو دەسەڵاتی بەسەر هەموو پێوەندییە مرۆڤییەکاندا هەبێ، ئەوە ئەوەی ئابووریش- نییە لەنێو ئابوورییەکەدا هەیە. ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بشکێت وادەردەکەوێ:

**ڕێکخستنی ژیرانەی کۆمەڵگە کە تیۆری ڕەخنەگرانە پابەندیەتی، پترە لەوەی فۆرمێکی نوێی ڕێکخراوی ئابووری بێت.**

ئەو پترە بەلایەکداخەرەکە دەگرێتەوە کە بەهۆیەوە کۆمەڵگە دەبێت بە ژێرەکی: ئابووری لەپێناوی پێداویستییەکانی تاکەکەساندا بێت.

لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگەدا پێوەندی بنەڕەتی نێوان سەرخان و Uberbau ژێرخان Unterbau خۆی جێگیر کردووە. لە هەڵکەوتی ژێرەکیدا نابێ هیچی دیکە پرۆسەی کارکردن لە بارەی بوونی تێکڕایی مرۆڤ، بەڵکو دەبێ پێداویستییە گشتییە تێکڕاییەکان لە بارەی پرۆسەی کارکردنەوە بڕیاربدات.

**نەک ئەوە کە پرۆسەی کارکردن بەپێی پلانی تەواوەتی ڕێک دەخرێت، بەڵکو ئەوە، ئەو ڕێکخستنە چ سوود و قازانجێک دیار و دەستنیشان دەکات، ئایا لەو سوود و قازانجەدا ئازادی و بەختەوەریی کۆمەڵانی خەڵک دابین و دەستەبەر دەبێ گرنگە و بە بایەخە.** پشتگوێ خستنی ئەو بابەتە لایەنێکی بنەڕەتی جەوهەری لە تیۆرییەکە زەوت دەکات: لەوێنەی مرۆڤی ڕزگاربوو بیرۆکەی بەختەوەری زەوت دەکات، ئەو وێنەیەی بەهۆیەوە دەبێ لە هەموو مرۆڤایەتی تا ئەو سەردەمە خۆی جیابکاتەوە.

**بەبێ ئازادی و بەبێ بەختەوەری لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکدا، ئەوە لەگەڵ پترکردنێکی مەزنی بەرهەمهێنان و هەڵوەشاندنەوەی موڵکداریتی تاکەکەسان لە ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا نادادپەروەرییە کۆنە هەر دەمێنێتەوە.**

ئەوی ڕاست بێ تیۆرییە ڕەخنەگرەکە قۆناغە جیاجیاکانی جێبەجێ کردن و بەدیهێنانەکەی لە یەکتری جیاکردۆتەوە، هەروەها بۆ لای نائازادی و نایەکسانی کە قۆناغی نوێ گیرۆدەی بووە، سەرنجی ڕاکێشاوە. بوونە گۆڕاوە کۆمەڵایەتییانەکە تەنانەت لە دەستپێکەکەشیدا دەبێ لەلایەن دوا ئامانجەوە دیار و دەستنیشان بکرێت. تیۆرییە ڕەخنەگرەکە بەو دوا ئامانجە لە جێگەی لاهووتێکی ئەودیو دنیاوە ئیدیالێکی کۆمەڵایەتی بەهزری خۆیدا ناهێنێ، کە لەنێو نەزمی نوێدا بەهۆی بەپێچەوانە بوونی تەواوەتی دەستپێکەکەو دوورییە هەمیشە دوورکەوتنەوەکەی وەک شتێکی ئەودیو دنیاش بە دەربکەوێ. لەوەدا ئەو توانای گەف لێکراو و قوربانیدانی مرۆڤ بەرانبەر بە نەوێری و خیانەت دادەنێ، تیۆری ڕەخنەگرانە بەهۆی فەلسەفەوە خۆی تەواو ناکات. ئەو تەنیا ئەوە دەردەخات کە لەکۆنەوە بنەڕەتی هەموو چەمکەکانی بووە: ئەو داخوازییە کە بەهۆی هەڵگرتنی پێوەندییە مەتریالییەکانی بوون کە تائێستا لە ئارادابووە تێکڕای پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان ڕزگار دەبن، ئەگەر تیۆرییە ڕەخنەگرەکە لەنێوەندی نائومێدییەکەی ئەم ڕۆژانەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشێ، کە مەبەستی لە شێوەی هەڵکەوت (واقیع) بریتییە لە ئازادی و لە بەختەوەری تاکەکەسان، بەمەش ئەو تەنیا پەیڕەوی داخوازی چەمکە ئابوورییەکانی دەکات. ئەوان چەند چەمکێکی بنیادنەرانەن کە نەک هەر هەڵکەوتی دراو و لە ئارادابوو، بەڵکو لەهەمانکاتدا لادانی و هەڵکەوتی نوێ دەگرێتە خۆی. لە جارێکی دی بنیاد نانەوەی تیۆرییانەی پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا، ئەو ڕەگەز و لایەنانە پێوەندییان بەدوارۆژەوە هەیە چەند بەشێکی گرینگ و ناچارەکی ڕەخنەگرتنی پێوەندییەکانی سەردەم و شێکردنەوەی ئاراستەکانی پێک دەهێنن. ئەو گۆڕانەی ئەو پرۆسەیە ئاراستەی دەکرێت، ئەو بوونە، کە مرۆڤی ڕزگاربوو دەبێ بۆ خۆی بەدەست بهێنێ دانان و گەشەکردنی یەکەمین چەمکەکانی ئابووری دەستنیشان دەکەن. بۆ ڕاگیرکردنی ڕەگەز و بابەتە تیۆرییەکان کە ئاراستەی ئازادی دوارۆژ دەکرێن، تیۆرییەکە ناتوانێ پشت بەهیچ فاکتێک ببەستێ، ئیتر بەلایەوە هەموو ئەوانەی پێیان گەیشتووە تەنیا وەک چەند هاوردەیەکی لەبەرچاو و ون بوو هەڕەشە لێکراون، فاکتێکی پۆزێتیڤ، ڕەگەزێکی کۆمەڵگەی دوارۆژ تەنیا کاتێک دەبێت ئەگەر بێتو وەک گۆڕاوێک لە بنیادی تیۆرییەکەدا وەربگیرێ. ئەم بنیادنانە تیۆرییە نە تەواوکار و نە فراوانکردنی ئابوورییەکەیە. ئەو ئەمە خۆی دەبێ، ئەوەندەی ئەو ناوەرۆکانە کە لەسنووری دەقەری پێوەندییە پێکهاتووە ئابوورییەکاندا تێدەپەڕن بگرێتەوە.

پابەندبوونی بێ قەیدو مەرج بە ئامانجەکەیەوە کە تەنیا هەر لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا دەکرێ پێی بگەیشترێ، دەرفەتی بەتیۆرییەکە دەدات هەمیشە دووبارە ئەوەی بەدەست نەهاتووە و ئەوەی سەرلەنوێ گەف و هەڕەشەی لێدەکرێت بەرانبەر بەوەی کە پێی گەیشتووە، دابنێ. ئەو ئارەزووەی تیۆرییەکە لە فەلسەفەی مەزندا هەیە لەم کایە پێوەندییەدا وەک بەشێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوەی لە ئارادایە، وایە. بەڵام تیۆری ڕەخنەگرانە پێوەندی بەجێبەجێ کردنی چەند ئیدی و بیرۆکەیەوە نییە، کە لە

دەرەوە دەخرێنە نێو خەباتە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەو لەو خەبات و تێکۆشانانەدا لەلایەک بابەتی ئازادی و لەلایەکی ترەوە بابەتی چەوساندنەوە و باربەرای دەزانێ. ئەگەر ئەوەی دوایی وا دەربکەوێ کە لە هەڵکەوتدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، ئەوە دەکرێ بە ئاسانی وا بێتە بەرچاو وەک ئەوەی تیۆری و ڕەخنەگرانە ئیدیالێکی فەلسەفەیی دژی پەرەسەندنی ڕاستەقینە و دژی شیکردنەوە زانستییانەکەی بەکاربهێنێ، زانستی کلاسیکی ئەوی ڕاست بێ لە چاو فەلسەفەی مەزن بە بارستاییەکی توند و پتەو لەژێر باری لە ئارادابوودا بووە. نەک لە زانستدا، بەڵکو لە فەلسەفەدا تیۆرییە کلاسیکییەکە چەمکەکانی ڕەنگ ڕشتووە، ئەوانەی پێوەندییان بە تواناکانی مرۆڤەوە لەودیو ڕەوشە ڕاستەقینەکەیەوە هەیە. لە کۆتایی ڕەخنەگرتنی ژێری بێگەرددا کانت سێ پرسیاری خستۆتە بەر دەست کە تێیاندا «هەموو ئارەزووەکانی» ژێری مرۆڤ «یەک دەگرن»:

- دەتوانم من چی بزانم؟
- دەبێ من چی بکەم؟
- ڕێگام دەدرێ چ ئاواتێک بخوازم؟(٩)

هەروەها لە پێشەکی وانەکەی دەربارەی مەنتیق، پرسیاری چوارەم کە لە هەموویان سەرەتاپاگیرترە، خستۆتە سەر ئەو سێ پرسیارە:

- مرۆڤ چییە(١٠)؟!

وەڵامی پرسیارەکە نەک وەک باسکردنی جەوهەری بەکردەکی لەبەردەستدا بووی مرۆڤ بگرە، بەڵکو وەک نیشاندانی توانا شیاوەکییە بە کردەوە لە ئارادابووەکانی مرۆڤێن بیری لێکراوەتەوە. لە قۆناغی بۆرژوازیدا فەلسەفە پرسیار و وەڵامەکانی شێواندووە بەوەی کە تواناکانی مرۆڤی وەک هەمیشە شتێکی ڕاستەقینە لەنێو ڕەوشی لە ئارادابوودا داناوە. ئیتر ئەوان توانیویانە تەنیا هەر چەند شیاوەکی و توانایەکی زانینی ڕووت و بێگەرد و هی خواستی بێگەرد بن.

**ئێستاکە ئەوی ڕاستی بێت گۆڕینی ڕەوشێکی دراو و لەبەردەستدابوو ئەرکی فەلسەفە نییە.** لەتێکۆشان و خەباتی کۆمەڵایەتیدا فەیلەسووف دەتوانێ ئەوەندەی ئەو فەیلەسوفێکی پسپۆڕ نەبێت، تەنیا هەر بەشداری بکات: ئەو جۆرە «کار دابەش» کردنەش ئەنجامێکی جیاکردنەوەی مۆدێرنی ئامرازە گیانییەکانی بەرهەمهێنانە لە مەترياليیەکان. فەلسەفە ناتوانێ ئەوە لاببات. ئەگەر کاری فەلسەفەیی ئەبستراکت بووبێ و ئێستاش وایە ئەوە لە پێوەندییەکانی بوونی کۆمەڵایەتییەوە کەوتۆتەوە. پابەندبوون بە ئەبستراکتەوە لە فەلسەفەدا لەگەڵ ڕەوش و دۆخی بابەتی شتەکاندا دێتەوە و پتر لە ڕاستییەوە نزیکە لەچاو ئەو کۆنکرێتییە نیمچە فەلسەفەییە کە خۆی لەسەرەوە بۆ ململانێی و خەباتە کۆمەڵایەتییەکان دێنێتە خوارێ. ئەوە وەک ڕاستی لە چەمکە فەلسەفەییەکاندا هەیە بەهۆی ئەبستراکت کردنی ڕەوشی کۆنکرێتی مرۆڤەوە بەدەست هاتووە و ئەو تەنیا هەر لەو جۆرە ئەبستراکتییەدا ڕاستییە. ژیر، گیان، ئاکار، زانین، بەختەوەری تەنیا هەر چەند چەمکێکی فەلسەفەی بۆرژوازی نین، بەڵکو چەند کاروبارێکی مرۆڤایەتین. وەک ئەوە دەبێ ئەوان بپارێزرێن و هی نوێ بەدەست بهێنرێ. ئەگەر تیۆری ڕەخنەگرانە خۆی لەگەڵ ڕێبازە فەلسەفەییەکان، کە تا ئێستا دەکرێ تێیاندا قسە لەمرۆڤ بکرێت، خەریک بکات، ئەوە هەر لەسەرەتاوە خۆی بە چەند داپۆشین و بەهەڵە لێکدانەوەیەک لە قۆناغی بۆرژوازیدا قسەی پێ لە مرۆڤ کراوە خەریک دەکات.

بەو نیاز و مەبەستە چەند چەمکێکی بنەڕەتی فەلسەفەیی لەو ڕۆژنامەیەدا لێک دراونەتەوە:

ڕاستی و ساغ کردنەوە، ژیرەکی و ناژیرەکی، ڕۆڵی مەنتیق، میتافیزیک و پۆسیتیڤیزم، چەمکی جەوهەر. هیچ جارێک ئەوە تەنیا هەر بریتی نەبووە لە شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی بۆ ئەوەی بیروبۆچوونە فەلسەفەییەکان بە ڕەوش و دۆخی کۆمەڵایەتییەوە ببەسترێنەوە. هیچ جارێکیش هەوڵ نەدراوە چەند ناوەرۆکێکی دیاریکراوی فەلسەفەیی لەنێو چەند فاکتێکی کۆمەڵایەتیدا بتوێنرێنەوە. چەندە فەلسەفە پتر لە ئایدیۆلۆژی بێت، پێویستە هەموو جۆرە هەوڵێکی لەم جۆرە سەرنەکەوێ. وتوویژی تیۆری ڕەخنەگرانە لەگەڵ فەلسەفەدا بریتییە لە بایەخدان بە ناوەرۆکی ڕاستی چەمک و کێشە فەلسەفەییەکان: پێشەکی ئەو گریمانەیە دەکات، ڕاستی بە ڕاستی لەواندا هەیە. چالاکی سۆسیۆلۆژی زانین بەپێچەوانەوە هەمیشە خەریکی ناڕاستییەکان بووە نەک ئەو ڕاستییانەی ئەو فەلسەفەی

تا ئەو ســـەردەمـــەوە لە ئارادا بووە. بەدڵنیـــاییـــەوە کاتێگۆرییە باڵاکانی فەلسەفە خۆیان بە فاکتەرەکانی کۆمەڵایەتییەوە گرێ داراون، تەنانەت تەنیا هەر لەگەڵ فاکتە هەرە هەمەکییە (گشتییەکە) وتوویژی نێوان مرۆڤ و سروشت نەک لەلایەن مرۆڤایەتی وەک خۆیەکی ئازاد بەڕێوە دەچێ، بەڵکو لەنێو کۆمەڵگەی چینایەتیدا جێبەجێ دەکرێت. لە زۆر «جیاوازی ئۆنتۆلۆژیدا» ئەوەی کە فەلسەفە دایناوە ئەو فاکتە دەردەبڕدرێ. شوێنەوارەکەی دوور نییە خۆی لە فۆرمەکانی هزری بۆچوونی خۆیدا بدۆزێتەوە، ئەگەر مەنتیق بەلای کەمەوە وەک مەنتیقی- دەستەواژەکان وەک چەند بڕیاردانێک لە بارەی چەند بابەتێکی لەئارادابوو، کە بارەکانی (Pradikate) بە چەند شێوازێکی جیاواز پەسند و ڕەت دەکرێنەوە، دەستنیشان بکرێت. مەنتیقی دیالێکتیکی لەسەرەتاوە ئەو کەموکوڕییەی نیشان داوە کە لەو جۆرە تێگەیشتنەی بڕیارداندا شاردراونەتەوە. پێشبینی کردن «ڕێککەوتە»، لە «یەکچوونی» پرۆسەی بڕیاردان، بەو جۆرە کە بنەی بڕیاردانەکە «وەک ئەوەی لەدەرەوە» بۆ خۆی هەبێ و بار وەک ئەوەی لە مێشکی ئێمەدا بێ دەردەکەوێ(١١). پتر لەوە: زۆر لە چەمکە فەلسەفەییەکان چەند «بۆچوونێکی تەمومژاوین» بەهۆی دەسەڵاتی لە بەزاندن نەهاتووی ئابوورییەوە بەسەر بووندا گەشەیان کردووە و پێگەیشتوون، ئینجا دەبێ لە ڕێگەی پێوەندییە مەتریالییەکانی ژیانەوە لێک بدرێنەوە.

فەلسەفە لە فۆرمە مێژووییەکانیدا چەند دیدێکی لە پێوەندییە مرۆڤی و بابەتییەکان تێدایە، ڕاستییەکەیان ئەودیو کۆمەڵگەی پێشوو نیشان دەدەن بۆیە ناکرێ بەبێ کەموکوڕی بەهۆی ئەوەوە ڕوون بکرێتەوە. نەک تەنیا لەنێو ئەو چەمکانەی وەک: ژیر، گیان، ئازادی، ئاکار، هەمەکی، جەوهەر کە ناوەرۆکەکانیان قسەیان لێ دەکرێت، بگرە دەسکەوتە گرنگەکانی تیۆری زانینیش، دەروونناسی و مەنتیق پێوەندییان بە ئێرەوە هەیە. ناوەرۆکە ئەوپەڕی بەرزەکەی ڕاستی کە سروشت و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی هەیە هیچ هۆشیارییەکی هەتاهەتایی وەک مەرج پێشەکییانە ناسەپێنێ، هۆشیاری تاکەکەسی خودی کۆمەڵایەتی بە ترانسندینتالییانە ڕەنگ برێژێ. ئەو پتر تەنیا هەر ئەو بنە تایبەتییە مێژووییە بە مەرج دادەنێ کە هۆشیارییەکەی خۆی لەتیۆری ڕەخنەگرانەدا دەردەبڕێ. بۆ ئەو دەکرێ هەر ئەو ناوەرۆکە «سنووربەزێنە» لە ڕاستییە ڕاستەقینەکەیدا بەچاو بدیترێ. ڕاستی، ئەوەی لە فەلسەفەدا دەزانرێ نابڕێتەوە سەر پێوەندییە لەئارادا بووە کۆمەڵایەتییەکان. ئەوە لە ڕوخساری بوونێکدا دەکرێ وابێ کە هۆشیاری هیچی تر لە بوون جیا نەکرابێتەوە و کە لە ژێرەکی بوونی کۆمەڵایەتییەوە ژێرەکی بوون بکەوێتەوە. تاوەکو ئەوکاتە کە ڕاستی پترە لە ڕاستییەکی فاکتی بوون دژی پێوەندییە لە ئارادابووەکانی کۆمەڵایەتی بەدەست دێت و مەبەست دەبێت؛ ئەو ملکەچی ئەو جۆرە مەرجە نەرێییەیە.

پێوەندییە کۆمەڵاییەکان لە ڕابردوودا واتای ڕاستییان شاردبۆوە، ئەوان لە هەمان کاتدا ئاسۆیەکی ناڕاستییان دامەزراندبوو کە ڕاستی کاریگەرییەکەی لێ سەندراوەتەوە نموونەیەک: چەمکی هۆشیاری گشتی کە تێکڕای ئایدیالیزمی ئەڵەمان خۆی پێوە خەریک کردووە، کێشەی پێوەندی بنەی لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگەدا تێدابووە؛ چۆن دەکرێ بنەی گشتی هەبێ بەبێ ئەوەی تاکەکان دەستبەرداری خودی خۆیان بن؟! پەی بردن بەوەی لێرە ئەوپەڕی پتر لە تیۆرییەکی زانینانە، یان کێشەیەکی میتافیزیکی لەبەردەستدایە، دەکرێ تەنیا هەر لەدەرەوەی هزری بۆرژوازیدا بەدەست بێت و دوا سوودی لێوەربگیرێ و هەڵبسەنگێنرێ. چارەسەرە فەلسەفەییەکان، کە کێشەکەیان داهێناوە لە کێشەی مێژووی فەلسەفەوە پەیدا دەبن. پێویست بەهیچ شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە ناکات بۆ ئەوەی ڕێبازەکەی کانت دەربارەی سێنتێزەی ترانسندێنتالی تێ بگەیشترێ. ئەوە ڕاستییەکی تیۆری زانینانەی تێدایە.

شرۆڤەکردنەکان کە تیۆری ڕەخنەگرانە دەربارەی هەڵوێستە کێشەکەی کانت دەیداتە دەست(١٢)، دەست ناخاتە نێو ناوەوەی کێشە فەلسەفەییەکە خۆی. ئەگەر ئەو پرسین دەربارەی گشتێتی زانین پرسین دەربارەی کۆمەڵگە وەک بنەیەکی هەمەکی قەدەغە بکات، ئەوە ئەو بەوە هیچ چارەسەرێکی باشتری فەلسەفە ناخاتە بەردەست. دەیەوێ نیشان بدات لە کام پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دەستنیشان کراوەکان پێک هاتووە، کاتێک فەلسەفە لە خستنەڕووی سەرتاپاگیرانەی کێشەیەکدا نەتوانێ بەرەو پێش بچێ و چارەسەرێکی دیکە

لەدەرەوەی برکردنی فەلسەفە بێت. ناڕاستی کە لەگەڵ هەمـوو ئەو کێشـانەیە کە بە ترانسندینتـالی چارەسـەر دەکرێن، وا دێت کە هەر وەک ئەوەی لەدەرەوە بێتە نێو فەلسەفەوە، هەروەها ئەو دەبێ لە دەرەوەی فەلسەفەدا ببەزێنرێ. مەبەست «لەدەرەوە» ئەوە نییە کە فاکتە کۆمەڵایەتییەکان لەدەرەوە کار لە هۆشیاری دەکەن هەروەک ئەوەی فۆرمێکی سەربەخۆی بوونی هەبێت. پتر لە یەکتری جیاکردنەوە لەنێو تێکڕای قەوارەی باسکراوی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات. بەمەرج بوونی هۆشیاری بەهۆی بوونی کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیەکی دەرەکییە هەروەک چۆن لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا پێوەندییەکانی بوونی کۆمەڵایەتی تاکەکەسان دەرەکین، لە دەرەوەوە دەکرێ بەسەریاندا زاڵ ببێ، ئەو جۆرە دەرەکییە ئازادی رووت و پەتی خودی بیرکەرەوە شیاوەکی دەکات. لە پێشەوە بە لابردنی ئەو دەرەکییە لە هەمانکاتدا لەگەڵ گۆڕانی گشتی پێوەندی نێوان بوونی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری ئازادییە ئەبستراکتەکەش لەبەرچاو ون دەبێ.

بۆ ئەوەی نەخشە بنەڕەتییەکەی تیۆرییەکە لە بارەی پێوەندی نێوان بوونی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری جێگیر بکرێت، پێویستە ئەو لە دەرەوە بوونە لەبەرچاو بگیرێ. لە مێژوودا هیچ جۆرە هارمۆنییەکی پێشبییانە لەنێوان هزری راست و بوونی کۆمەڵایەتیدا نەبووە. پێوەندییە ئابوورییەکان هزری فەلسەفەیی لەقۆناغی بۆرژوازیدا بەو جۆرە دەستنیشان دەکەن تا کەسی ئازادبووی پشت بەخۆبەستوو بیردەکاتەوە. ئەو بەراستی چۆنە، نەک شیاوەکی و پێداویستییەکانی چین- بگرە بەدەستبەرداربوونی لە تاکیەتییەکەی- تەنیا هەر وەک هەڵگری توانای کارکردن، وەک ئەرک و فەرمانە سوودبەخشەکان لە پرۆسەی بەدیهێنانی سەرمایەدا دەژمێردرێ، ئەو لەفەلسەفەدا تەنیا هەروەک بنەمایەکی رووت بەدەردەکەوێ: بەدەستبەرداربوونی تەواوەتی لە مرۆڤێتییەکەی. ئەو ئەگەر سەرگەرمی بیرۆکەی مرۆڤ بێت، پێویستە بەپێچەوانەی ڕاستەقینەییەوە بیربکاتەوە. ئەگەر ئەو بیەوێ لە بێگەردێتی و هەمەکێتی فەلسەفەدا بیر لەو بیرۆکەیە بکاتەوە، دەبێ ئەو لە ڕەوشی لەبەردەستدا بوو دابماڵرێ. ئەم ئەبستراکتە ئەو خۆ کێشکردنە ڕیشەییەی ئەوەی هاوردەیە لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا ڕێگایەکی بۆ دەکاتەوە بەبێ شێوان بەدوای ڕاستیدا بگەڕێ، کە دەست بە زانراوەکانەوە بگرێ. شان بە شانی کۆنکرێت و ڕاستەقینەکان بنەمای بیرکەرەوە کلۆڵییەکەی لە «دەرەوە» دادەنێ. ئەوی ڕاست بێ ناتوانێ بەسەرخۆیدا بازبدات. لە دەستپێکی بیرکردنەوەیدا گۆشەگیری مۆنادییانەی تاکەکەسی بۆرژوازی وەرگرتووە، ئەو لەو ئاسۆیەی ناڕاستی بەرەو ناوەوە بیر دەکاتەوە کە ڕێگای ڕاستی لێ دەگرێت.

چەند تایبەتمەندییەکی فەلسەفەی بۆرژوازی دەبێ لەو ئاسۆیەوەی روون بکرێنەوە، یەکێک لەوان پێوەندی بە بیرۆکەی ڕاستی خۆیەوە هەیە و وادەردەکەوێ هەموو ڕاستییەکانی لەپێشەوە سۆسیۆلۆژییانە بە ڕێژەیی دابنێ: ئەوە بەیەکەوە بەندکردنی ڕاستی و دڵنیایی کردنە. ئەو بەیەکەوە بەندکردنە دەچێتەوە سەر فەلسەفەی ئەنتیک، بەڵام لە قۆناغی نوێدا ڕوخسارە تایبییەکەی پێ براوە: ڕاستی خۆی وەک موڵکێکی لەدەست نەچووی تاکەکەسی ساغ بکاتەوە، ئەو ساغ کردنەوەیە ئەوکاتە وەک تەواو بوو دادەنرێ کە تاکەکەس هەمیشە بتوانێ ئەو ڕاستییە وەک داهێنانی تایبەتی خۆی بەرهەم بهێنێ. پرۆسەی زانین هیچ کاتێک کۆتایی نەهاتووە، چونکە تاکەکەس لە هەموو کاری تاکی زانیندا پێویستە «بەرهەمهێنانی جیهان»، فۆرمولەکردنی چەمکییانەی شارەزایی و ئەزموون سەرلەنوێ بەدی بهێنێ، بەڵام پرۆسەکە هیچی تر بەرەو پێش ناچێ، چونکە سنووردارکردنی زانین «بەرهەمهێنەرەکە» بە قۆناغی ترانسندینتال هەموو فۆرمکردنی جیهان ناشیاوەکی دەکات. بنیادنانی جیهان لە پشت سەری تاکەکەسانەوە ڕوودەدات لەگەڵ ئەوەشدا کارو بەرهەمی ئەوانە.

فاکتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئەوانە ڕوون و ئاشکران. ساتە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو بنیادنانەی زانین: دامەزراندنی زانین لەنێو ئۆتۆنۆمی تاکەکەسدا و بەکارهێنانی زانین وەک هەمیشە کارێکی سەرلەنوێ جێبەجێکراو و ئەرک و فرمان لە ژیانی کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن، بەڵام ئایا مەرجی سۆسیۆلۆژی کارێکی نالەبار لە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی بنیادنان، پێوەندی بنەڕەتی نێوان زانین، ئازادی و پراکسیس دەکات؟! نەک لە پابەند بوونی هزردا و نەک لە (ئەبستراکێتی) سەربەخۆیی ناوەرۆکەکەیدا

دەسەڵاتی کۆمەڵگەی بۆرژوازی خۆی ڕادەگەیەنێ، ئەو بەو جۆرە هۆشیاری دەستنیشان دەکات کە چالاکی و ناوەرۆکەکەی لە ڕەهەندی ژێری ئەبستراکت و ڕووت و پەتیدا دەژین. ئەو ئەبستراکت و پەتیەتییە ڕاستییەکەی ڕزگار دەکات، ئەو لەسەرەتاوە دەیکات بە شیاوەکی. ئەو تەنیا کاتێک ڕاستی دەبێت ئەوەندەی ئەو دەربارەی هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی ڕاستی نەبێت. لەبەر ئەوەش کە ئەو ئەوە نییە، چونکە ئەو هەڵکەوتەکە تێدەپەڕێنێ، ئەو دەتوانێ تەنیا هەر بابەتی تیۆری ڕەخنەگرانە بێت. سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) کە خۆی تەنیا بەو مەرجانەوە خەریک دەکات، پێوەندی بەڕاستییەوە نییە، لە هەندێک کاروباری سوودبەخشدا سوود و قازانج و ئامانجی تیۆری ڕەخنەگرانە دەشێوێنێ. ئەوەی لە زانینی ڕابردوودا پێوەندی بە بنیادی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لەگەڵ کۆمەڵگەدا کە پێوەندی پێوە هەیە لەبەرچاو بزر دەبێت. ئەمە بریتی نییە لەوەی خەمی تیۆری ڕەخنەگرانە بخورێ، بەڵکو ڕاستییەکان کە زانینی پێشوو کاری لەسەر کردوون، لەناو ناچێ.

ئەوە ئەو مەبەستە ناگەیەنێ کە چەندین ڕاستی هەتا هەتایی هەبێت کە خۆیان لە فۆرمە ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵایەتیدا بەدەردەخەن بەو جۆرەیە کە دەبێ مرۆڤ تەنیا تویکڵەکە لێ بکاتەوە بۆ ئەوەی کاکڵەکەی بەدەست بێت، ئەگەر ژیر، ئازادی، زانین، بەختەوەری بەڕاستی لە چەند چەمکێکی ڕووت و پەتییەوە بێن بەڕاستەقینە، ئەو ئەوکاتە ژیر، ئازادی، زانین، بەختەوەری بەتەواوەتی شتێکی دیکە دەبن. ئەوان کەم تا زۆر لەگەڵ یەکتری شتی هاوبەشیان هەیە وەک بەدوایەکتری داهاتنی مرۆڤی ئازاد لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕکەبەری شتومەک بەرهەمهێنەر. ئەوی ڕاست بێ وەکیەکی بنیادی بنەڕەی کۆمەڵایەتی لەمێژووی تاوەکو ئەم سەردەمە لەگەڵ وەکیەکی چەند ڕاستییەکی گشتی دەستنیشان کراودا دێتەوە. ڕاستەوخۆ کارەکتەرە تێکراییەکەی سەر بەناوەرۆکی ڕاستییەکەیەتی: فاکتێک، ئەوەی کە تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی ئۆتۆریتێر دژی گشتییە ئەبستراکتەکان جارێکی تر بە ئاشکرا دەخاتە بەرچاو، لەوەدا کە مرۆڤ گەوهەرێکی ژیرە، لەوەدا کە ئەو گەوهەرە ئازادی پێویست دەکات، لەوەدا کە بەختەوەری ئەوپەڕی چاکەکارییە بەرزەکەیەتی: ئەمە

هەمووی چەند هەمەکییەکن کە بەهۆی ئەو هەمەکییەیانەوە هێزی بەرەو پێش پاڵنەرن. هەمەکییەکە سروشتێکی شۆڕشگێڕی پێدەبەخشێ: نەک ئەمە، یان ئەوە، بەڵکو دەبێ هەموویان، ژیر، ئازاد، بەختەوەربن. لەکۆمەڵگەیەکدا هەڵکەوت و ڕاستەقینەکەی هەموو ئەو هەمەکییانە بەدرۆ دەخاتەوە، فەلسەفە ناتوانێ ئەوان بکات بە کۆنکرێت. دەستگرتن بە هەمەکییەوە لە سێبەری ئەو ڕەوشانەدا پترە لە تێکشکاندنی فەلسەفەییان.

ئارەزوومەندی تیۆری ڕەخنەگرانە بە ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بە چەند ڕاستییەکی کۆن کە دەبێ پێیانەوە پابەند بێت، دەبیەستێتەوە. لەوەدا کە مرۆڤ دەبێ پتر بێ لەوەی خودێکی بەسوود بێ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی چینایەتیدا، بەهۆی ئەو بڕوا پێ بوونە تیۆری ڕەخنەگرانە بەوپەڕی قووڵییەوە بە فەلسەفەوە گرێدراوە. ئەوەندەی فەلسەفە لێرەدا هێمن بێ لەبەرانبەر ئەوەدا پێوەندییە ئابوورییەکان بەڕاستی لە بارەی مرۆڤەوە بڕیاریان دابێ لەگەڵ چەوساندنەوەوە ڕێک کەوتووە. ئەوە بەدترینی مەتریالیزمییە کە لەسەر بنەمای تێکڕای ئایدیالیزم وەستاوە: دڵدانەوە، بەوەی لەجیهانی مەتریالیدا هەموو شتێک ڕێکوپێکە (دڵدانەوەیەک کە ئەگەر بڕوا پێ بوونی کەسێتی فەیلەسووفەکەش نەبێ، ئەوە بەهۆی شێوازی هزری ئایدیالیزمی بۆرژوازی خۆیەوە پەیدابووە تایبەتمەندییەکەشی لەسەردەمی خۆیەوە دامەزراوە)، لەوەدا کە گیان لەو جیهانەدا داواکاری نییە و دەبێ ڕوو لە یەکێکی تر بکات، کە لەگەڵ مەتریالییەکە دووچاری ململانێ نەبێت. بەوە دەتوانێ مەتریالیزمی پراکسیسی بۆرژوازی قایل بێت. مەتریالیزمی بەدی فەلسەفە لەتیۆری مەتریالیستی کۆمەڵگەدا دەبەزێنرێت. ئەو خۆی تەنیا هەر دژی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان ئەو بەرپا دەکات، بەڵکو دژی هەر ڕوخسارێکی بەرهەمهێنان کە ئاغایەتی لەسەر مرۆڤ دەکات، لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ ئاغایەتی لەسەر بکات، ئاراستە دەکات. ئەوە ئەو ئایدیالیزمەیە کە لەسەر بنەمای مەتریالیزمەکەی بەندە، هەروەها چەمکە بنیادنەرەکانی ئەوەندە پاشماوەی ئەبستراکتییان هەیە ئەگەر هەڵکەوت کە ئەوان پشتی پێدەبەستن لەبەردەستدا نەبێت، بەڵام ئەبستراکتییەت نەک لە خۆلادان لە ڕەوشی

له ئارادابوودا، بەڵکو لەڕووکردنە ڕەوشی دوارۆژی مرۆڤ پێکدێت، ئەو هیچی تر بەهۆی یەکێکی ترەوە بەهۆی تیۆری ڕاستەقینەی ڕەوشی لە ئارادابوو لانادرێ و هەڵناگیرێ (وەک چۆن ئەبستراکتی ئیدیالیستی لەرەخنەگرتنی ئابووری سیاسیدا وایە) بەپێی ئەو هیچ تیۆرییەکی نوێ نییە، بەڵکو تەنیا هەر هەڵکەوتی ژیرەکی خۆی هەیە. کەلەبەر لەنێوان ئەو ئەوەی تائێستا هەبووە بەهیچ بیرکردنەوەیەکی بۆچوونانە پڕ ناکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەو سەردەمەدا ئەوەی لە ئارادا نییە بپارێزرێ و ڕاگیر بکرێت پێویست بە ئەندێشە (فەنتازی) هەیە. فەنتازی لە بنەڕەتدا پێوەندی بە فەلسەفەوە هەیە لەو ئەرک و فەرمانەوە کەوتۆتەوە ئەوەی لەژێر ناوونیشانی (هێزی ئەندێشەوە) لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە، بەتایبەتی لەلایەن ئەریستۆتالس و کانتەوە پێی بەخشراوە. بەسایەی ئەو هێزە تایبەتییەوە، بابەتێک بەبێ ئەوەی لەبەردەستدا بووبێ سەرنج بدرێت، پشت ئەستوور بە کەرەسەی هاوردەی زانین شتێکی نوێ دابهێنرێ، هێزی ئەندێشە پلەیەکی بەرزی پەک نەکەوت لەسەر کەرەسە، هی ئازادی لەناوەڕاستی جیهانێکی نائازادیدا نیشان دەدات. بە بەزاندنی سنووری لەئارادابوو دەتوانێ ئەو دوارۆژ پێشبینی بکات، ئەگەر کانت ئەو «هێزە بنەڕەتییەی نەفسی مرۆڤ»ی بەوە دەستنیشان کردبێ کە هەموو زانینێک(١٣) پێشییانە پشتی پێ دەبەستێ، ئەوی ڕاست بێ بەهۆی ئەو سنووردارکردنە بە پێشییانە apriori جارێکی تر لەدوارۆژەوە بەرەو ڕابردوو لادەدرێت. ئەو هێزەی ئەندێشە دووچاری دەستی لە پلە و پایە کەم بوونەوەی فەنتازی دەبێت. ئازاد کردنی بۆ بنیادتنانی جیهانێکی جوان و بەختەوەر وەک مافێک بۆ زاروو گێلەکان دەمێنێتەوە. بگرە ئەوی ڕاست بێ لە فەنتازیدا مرۆڤ دەتوانێ هەموو شتێک بە ئەندێشەدا بهێنێ، بەڵام لە تیۆری ڕەخنەگرانەدا هیچی تر چەندین شیاوەکی ئاسۆیی بێ کۆتایی نییە. ئازادی ئەندێشە بەو پلەیە ون دەبێت کە ئازادی ڕاستەقینە دەکرێت بە شیاوەکی ڕێئالی، سنوورەکانی فەنتازی هیچی دیکە چەند قانوونێکی جەوهەری هەمەکی نین (وەک کامە بەدواتیۆری زانینی بۆرژوازی کە لە دەلالەت و واتای فەنتازییەکەی بە ئاگایە(١٤)، جێگیری کردووە)، بگرە بە واتا قووڵەکەی چەند سنوورێکی تەکنیکین: ئەوان بەهۆی ڕەوشی پەرەسەندنی تەکنیکی دانراون. بەگشتی لەتیۆری ڕەخنەگرانەدا بابەتەکە بریتی نییە لە وێناکردنی ئەندێشەیی جیهانێکی دوارۆژ، ئەگەرچی وەڵامی فەنتازی بەرانبەر ئەو جۆرە گەڤە دوور نییە بە تەواوەتی هیچ بێت، وەک چۆن مرۆڤ حەز دەکات لەو باوەڕەدابێ ئەگەر فەنتازی پشت ئەستوور بەو مەتریالییە تەکنیکییەی لەم سەردەمە دراوەکە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە بنەڕەتییە فەلسەفەییەی لە لایەن کانتەوە کراوە ئازاد بکرێت: سۆسیۆلۆژی لە کارەکتەرە یۆتۆپییەکەی وەڵامەکەی زراوی دەچێ، لەگەڵ ئەوەدا وەڵامەکە کە دەکرێ فەنتازی بیداتەوە زۆر لە ڕاستییەوە نزیک دەبێ، نزیک وەک ئەوانەی بەهۆی وەڵامی وردی بۆچوونیانەی شیکردنەوەی فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە کەوتوونەتەوە. ئایا مرۆڤ چییە بەهۆی ئەوەوە کە دوارۆژ دەتوانێ بەڕاستی چی بێت، دەستنیشان دەکرێن. لەو پرسیارەدا: «دەکرێ بەهیوای چی بم؟» کەمتر بەختەوەری هەتاهەتایی و ئازادی ناوەکی نیشان دەدرێ لەچاو کرانەوە و بەدیهێنانی پێداویستییەکان. لە هەڵوێستێکدا کە ئەو دوارۆژە هەڵکەوتێکی شیاوەکی دەنوێنێ، فەنتازی ئامرازێکی گرنگی ئەو ئەرک و فرمانە دەبێت ئامانجەکە هەمیشە دووبارە لەبەرچاو بگیرێ. فەنتازی بەرانبەر بەتواناکانی زانین وا خۆی نانوێنێ وەک دیاردە بەرانبەر بە ڕاستی. بەبێ ئەو هەموو زانینێکی فەلسەفەیی هەمیشە لەبەردەست سەردەم، یان لەبەردەست ڕابردوودا دەبێ، لەدوارۆژ کە بەتەنیا خۆی فەلسەفە لەگەڵ مێژووی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دادەبڕدرێ.

بەتوندی بەدەرخستنی ڕۆڵی فەنتازی لەگەڵ سروشتی وردی زانستییانەی تیۆری ڕەخنەگرانە کە هەر لەکۆنەوە کردوویە بە پێودانگی چەمکەکانی، ناکۆکە. ئەو داواکارییەی بە زانستی بوون وای لەتیۆری مەتریالیستی کردووە بەشێوەیەکی ناباو و سەیر لەگەڵ فەلسەفەی ئایدیالیستی ژیردا بگونجێ: لەکاتێکدا ئەمەیان لە ئەبستراکت کردن و دابڕین لە فاکتی دراودا دەتوانێ خەمی مرۆڤ بخوات، ئەوە هەوڵی داوە ئەو دابڕینە بەوە بکێشێتەوە، خۆی ئەوەندەی بکرێ بە زانستەوە ببەستێتەوە. لە زانستەکاندا بە تەواوەتی بەهای

بەکارهێنان جێگای گومان نین. لە خەمی زانستیدا بوون کانتیانیزمی نوێ لەگەڵ کانت و هۆسەرڵ لەگەڵ دیکارت یەکن. چۆن زانستەکان جێبەجێ کراون، ئایا توانای بەکارهێنانەکە و بڕشت و سوودەکەیان ڕاستییە بەرزەکەیان دەستەبەر بوون و خۆیان جارێکی تر نیشانەی نامرۆڤە گشتییەکە نین، بۆیە فەلسەفە هیچ بایەخی پێنەداون: ئەو بە جۆرێکی بەرچاو ئارەزوو و مەیلی تیۆری میتودەی زانستەکانی هەبووە. تیۆری ڕەخنەگرانەی کۆمەڵگە لە سەرەتادا لەو باوەڕەدا بووە کە بۆ فەلسەفە تەنیا هەر کارکردن لەسەر ئەنجامە گشتییەکانی زانستەکان ماوەتەوە. هەروەها لەوەوە هەنگاوی ناوە کە زانستەکان بەپێی پێویست توانای خۆیان نیشان داوە خزمەتی سوود و قازانجی کرانەوە و گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان بکەن، دەرفەتی بوونێکی بەپێز و بڕشت بدەنە دەست، بەڵام لەکاتێکدا کە هاوپەیمانی نێوان فەلسەفەی ئیدیالیستی و زانست هەر لەسەرەتاوە بەو گوناهانە بارگران کرابوو کە پابەندبوونی زانست بەپێوەندییەکانی زانستەکانی لەو نەزمە پێشەکیانە بەمەرج داناوە. ئیتر لێرەدا بەبێ کردنی بەدبەختی هێنەری زانست بەکردەوە خۆی لێ پارێزراوە، بەڵام ئەوە تیۆرییەکە لەوە نابوێرێ بەردەوام هەڵوێستی نوێی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگرێ و ڕەخنە لە پەیڕەوی زانستیانە بگرێت.

پەیڕەوی زانستییانە وەک خۆی هیچ جارێک بۆ ڕاستی گەرەنتی نەبووە و لەگەڵ هەڵوێستێکی وادا نەبووە کە ڕاستی دژی فاکتەکان بدوێ و لە پشتیەوەی فاکتەکان بووە هەروەک ئەمڕۆ وایە. پێشبینی کردنی زانستییانە لەگەڵ ڕەوشی دوارۆژ کە ڕاستییەکەی تێدایە نایەتەوە. لەگەڵ کرانەوەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی تەکنیک هیچ پێشکەوتنێکی نەپساوە لەکۆنەوە بەرەو کۆمەڵگەی نوێ نەبووە لێرەدا دەبێ مرۆڤ خۆی دەربارەی پێشکەوتن بڕیار بدات، نەک «ئەو» مرۆڤەی کە لەنوێکردنەوە گیانی و ئاکارییەکەی نەخشەی نەخشەدانەران چاوەڕوان دەکرێت. (ئەوە دیدێکە لەوە چاو دەپۆشێ کە تاکە نەخشەکێشان، ئەوی مەبەستە، بزربوونی جیاکردنەوەی ڕووت و پەتی بنەیە لە چالاکییەکەی و بنە وەک گشتییەک لە تاکە بنەکان کە پێشیانە بە مەرج دادەنرێت)، بەڵکو بەیەکەوە بەسترانەوەی ئەو مرۆڤانەی گۆڕانەکە دەهێننە کایەوە، لەبەر ئەوەی پێوەندی بەوانەوە هەیە لە زانست و تەکنیک چی دەبێ بکەوێتەوە، زانست و تەکنیک ناتوانن پێشیانە وەک مۆدێلێکی بۆچوونیانە خزمەتی تیۆری ڕەخنەگرانە بکەن.

تیۆری ڕەخنەگرانە لەکۆتاییدا بەرانبەر بە خۆی و لەبەرانبەر ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی بنەڕەتەکەی پێک دەهێنن ڕەخنەگرە.

**کەرەستەی فەلسەفەیی لەنێو تیۆرییەکەدا فۆرمێکی پرۆتێستە دژی «ڕێبازی نوێی ئابووری»: دژی دابڕینی خەباتی ئابوورییانە، دژی ڕاگیرکردنی دابڕینی کایەی ئابووری لەهی سیاسی.** لە قۆناغێکی پێشوودا ئەوەی بەرانبەر دادەنرا کە ڕەوشی تێکڕای کۆمەڵگە، پێوەندییەکانی گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەرانبەر یەکتری پێوەندییەکانی هێزە سیاسییەکانی هۆکاری بەلایەکداخەران. گۆڕانی بنەماکانی ئابووری پێویستە ڕەوشی تێکڕای کۆمەڵگە بە جۆرێک بگۆڕێ کە لەگەڵ لابردنی ناکۆکییەکانی ئابووری نێوان گرووپ و تاکەکان پێوەندییە سیاسییەکان بە پلەیەکی بەرز سەربەخۆبن و پەرەسەندنی کۆمەڵگە دیار و دەستنیشان بکەن. لەگەڵ نەمانی دەوڵەتدا پێویستە پێوەندییە سیاسییەکان بەواتایەک کە تا ئێستا نەزانراوە بەچەند پێوەندییەکی گشتی مرۆڤییانە: ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی سامانی کۆمەڵگە بۆ سوود و قازانجی مرۆڤایەتی ڕزگاربوو.

تیۆری مەتریالیستی کۆمەڵگە بەپێی بنجوبناوانەکەی تیۆرییەکی سەدەی نۆزدەیەمە. ئەگەر ئەو جارێک پێوەندی خۆی لەگەڵ فەلسەفەی ژێردا لەژێر وێنەی «میرات»دا نیشاندابێ، ئەوا ئەو «میراتەکەی» لەژێر ئەو ڕەوشەدا وێناکردووە چۆن لەسەدەی نۆزدەیەمدا لە ئارادابووە. ئەو ڕەوشە لەو نێوانەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. جاران ڕاستە تیۆرییەکە لەنێو خۆیدا توانای قووڵی سەرهەڵدانی بەربەرێتی هاتووی تۆمارکردووە، بەڵام نزیکتر لەو توانا و شیاوەکییە ئەو لادانە پارێزەری ئەوە بووە کە سەدەی نۆزدەیەم بەرجەستەی کردووە. دەبوو ئەو میراتە ئەوە ڕزگار بکات کە کولتووری کۆمەڵگەی بۆرژوازی بە هەموو کوێرەوەری و ناڕاستییەکانیەوە بگرە بۆ گەشەکردن و بەختەوەری تاکەکەسان هاوردوویەتی. ئەوەی پێی گەیشتراوە و ئەوەی توانراوە بکرێت لەبەردەم

هەمـوو چاوێک بـوون: هاندەری تێکڕای تیـۆرییـەکـە لەو بایەخـدانە بە تاکـەکـەسـانەوە هـاتووە و هیـچ پێـویست نەبووە فـەلسـەفـیـانە قـسـەی لێـوە بکرێت. هەڵوێسـتی میـراتەکە لەو نێوانەدا خۆی گۆڕیوە. نێـوان هەڵکەوتی تا ئێسـتای ژێر و جێبەجێ کردنەکەی لەو ڕوخسـارەدا وەک تیـۆرییەکە مـەبەسـتی بـووە، بەشێک نیـیە هیـچی تر لە سەدەی نۆزدەیەم، بەڵکو بەربەرێتی ئۆتۆریتێرە. پتر و پتر ئەو کـولتـوورەی دەبوو لابـبـردرێ سـەر بە ڕابردووە. بە فـاکـتێک داپۆشراوە لەوەدا کە قـوربانیـدانی تەواوەتی بە تاکەکەس بووە بەشتێکی ئاسایی لە نەزمی ڕۆژانەدا، ئەو کولتووره بەو جۆرە لەبەرچاو بزربووە کە خۆ خەریک کردن پێـوەی هیـچی تر بـابەتی سـەربەرزی نیـیـە، بگرە بـابەتی خەمبارییە. تیـۆری ڕەخنەگرانە بەڕادەیەکی نەزانراو دەبێ سـەرگـەرمی بایەخـدان بەڕابـردوو بێ- هەمـان ئەرکـیـشی دەربارەی پاشـەڕۆژ لەسـەرشـانە- بە ڕوخـسـارێکی گـۆڕاو جـیـاواز هەڵوێسـتـەکە لەو سـەردەمـەدا ئەوەی کە تیـۆری کـۆمـەڵگە لەسـەدەی نۆزدەیەمـدا دووبـارە دەبێـتـەوە. جارێکی دی دۆخە ڕاسـتـەقینەکان لەژێر ئاسـتی گـشـتی مـێـژوودان. دەست بەسـتنی هێـزەکـانی بەرهەمـهـێنەر و هێنانە خوارەوەی ستانداردی ژیان نیشانەی ئەو وڵاتانەن کە لەکایەی ئابووری پێشـکەوتوون. ئەو ڕەنگدانەوەیەی کە ڕاسـتی دوارۆژ لە فـەلسـەفـەی دوارۆژدا دۆزیویەتەوە، چەند فـاکـتێک نیـشـان دەدات کە سنووری ڕەوش و دۆخە نامـێژووییـەکـان دەبەزێنن. بەم پێـیـە تیـۆری ڕەخنەگـرانە لەگەڵ ئەوەشدا بەو ڕاستییانەوە بەندە. ئەوان لەودا وەک هۆشیارکەرەوەی توانا و شیاوەکییەکانە کە لە هەڵوێستی مـێـژووی پێگەیشـتـوودا دەردەکـەون و ئەوان لە چەند چەمکێکی ئابووری و سـیـاسی تیـۆری ڕەخنەگـرانەدا دەپارێزرێن.

**پەراوێز:**

**1- Hegel, Vorlesungen uber die Philosophie der Geschichte, Einleitung, werke, Originalausgabe, Bd.9. S.22.**

**2- Hegel, Vorlesungen uber die Geschichte der Philosophie, Einleitung. a.a.o., Bd. 13, S.34.**

**3- Hegel, Encyclopade der Philosophischen Wissenschaften im Grundriss, Par. 158, Zusatz., a.a.o., Bd.VI, S.310.**

**4- Hegel, Vorlesungen uber die Geschichte der Philosophie. Einleitung. a.a.o., Bd. 13, S.41.**

**5- Vgl. Max Horkheimer, Ein neuer Ideologiebegriff? In- Grunbergs Archiv, Jahrdang 15. (1930), S.38f.**

**6- Kant, Nachlass Nr. 4728. Ausgabe der Preussischen Akademie der Wissenschaften, Bd. 18.**

**7- Hegel, Vorlesungen uber die Geschichte der Philosophie, a.a.o., Bd. 13., S.67.**

**8- Vgl. Max Hork heimer, Traditionelle und kritische Theorie. in: Zeitschrift fur Sozial forschung, Jahrgang VI (1937), S.245.**

**9- Kant, Werke., (Hrsg) von Cassirer, Berkin 1911.**
**Bd.3. S.540,**

**10- Kant, a.a.o., Bd. 8. S.344.**

**11- Hegel, Encyclo padie 1. Para.166. a.a.o., Bd. 6. S.328.**

**12- Vgl. Zeitschrift fur Sozialforschung, Jg. 4. (1937). S. 257.**

**13- Kant, Kritik d. v. Vernunft, a. a.o., S.625.**

**14- Husserl. Formale u. transzendentale Logik Halle 1929. S.219.**

**سەرچاوە:**

**- Marcuse, Herbert., Philosophie und Kritische Theorie. In: Zeitschrift fur Sozialforschung. (Hrsg) von M. Horkheimer Jg.6. Hefte.3. Paris 1937. S.631-647.**

# هۆزی هۆرمزیار لە مێژوودا

عەباس سلێمان سمایل

هۆزی هۆرمزیار بڵاوترین هۆزی کوردییە، ئەوی من ئاگاداربم لە چەندین ناوچەی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات و باکوور بە پەرت و بڵاوی لەگەڵ هۆزی دیکە نیشتەجێن، سەرەڕای ئەوەی چەندین بنەماڵە لە شاری بەغدا و فەلووجە و ڕەمادی و حللە نیشتەجێن، هەروەها بە قسەی ئەو کەسانەی کە چوونەتە کوێتەی پاکستان لە (١٢٣) گوندەکەی کوردانی ئەوێ گوندی هۆرمزیار نشینیشی تێدایە، هەروەها بە قسەی کوردێکی گورجستان، جاران واتە بەر لەساڵی ١٩٤٤ و گواستنەوەی کوردانی گورجستان بۆ کازاغستان، هۆرمزیار گوندیان لە ناوچەی (ئەرگیڤ)ی ئەم وڵاتە هەبووە کە بەرانبەر ئەردەهانی کوردستانی باکوور هەڵکەوتووە.

لە کوردستانی باشووردا لە دەشتی هەولێر، دەشتی کۆیە، ناوچەی بازیان، کفری، کەلارو خانەقین، کەرکووک، گوندی وەرمزیاری پارێزگای کوت و گوندی شاقولی ناو شەبەکان و ناوچەی بەردەڕەشی ئاکرێ نیشتەجێن.

مێژووی نیشتەجێ بوونیان لە هەولێر بۆ زیاتر لە ٢٥٠ ساڵ دەگەڕێتەوە و جاران لە بەڕانەتی بەدەشتی مولکییە دەگوترا دەشتی ئۆرمزیاران و دوای ئەوەی بەشێک لە زەویەکانی تاپۆ دەکرێت، ناوەکەی دەبێتە مرکییە (موڵکییە)، گوندەکانی هورمزیارانیش لەم دەشتە بریتی بوو لە: سۆربەش، قورشاغلوو، سمایلاوە، میراوە، قۆڕیتان، هێلەوە، دووگرکان، چەندین بنەماڵەی هۆرمزیار لە نێو شاری هەولێر و ئەم گوندانە و گوندانی دیکەی مرکییە و شەمامک و کەندێناوە و قەراج نیشتەجێن.

سەرجەلەیان لێک ترازاوە، هۆرمزیارەکانی شارۆچکەی کۆیە (٥) بنەماڵەن لە شارۆچکەی کۆیە و گوندی ساتوقەرا، تیمارۆک، دۆندار، قۆڕیتان، سوێرەلە نیشتەجێن، بەشێک لە دانیشتوانی گۆمەشین هۆرمزیارن، هەروەها لە چەند گوندێکی نێوان باواجی و ئیزۆپ دەبینرێن.

لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هۆرمزیارەکانی گوندی وەرمزیار و زەرباتیەی کوت، نازانن لە کەیەوە لەوێ نیشتەجێن کە بۆ زیاتر لە ٣٥٠ ساڵ دەگەڕێتەوە، بە قسەی خوالێخۆشبوو مام سەمین هۆرمزیارەکانی گوندی مەحموو قەجەر لە بنەڕەتەوە لە سەردەشتەوە هاتوون.

سولتانی لە گۆڤاری سروەی ژمارە (٦٣)دا دەڵێت: هۆزی کەلهوڕ (٢٣) تیرەیە و لە باشووری کرماشان تا دەگاتە خانەقین جێوارن، دوو تیرەیان لەم تیرانە بە ناوی شیرگە و ورمزیارە، کە محەمەد ڕەحیم بەگی کەلهوڕ سەردەستەی سوارەکانیان بووە.

قادر جیهانگیری لە گۆڤاری سروەی ژمارە (١٥٨)دا دەڵێت: وەرمزیار لەسەرەتادا لە کوردستانی تورکیاوە هاتوونەتە ناوچەی کرماشان دەگەڵ تایفەی (شارەک)ی کەلهوڕ تێکەڵ بوونە و ئیتر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر لە ماکۆ و سەرسنووری ئەرمەنستانەوە تا دەگاتە ئیلام و باشووری کرماشان هۆرمزیار دەبیندرێت، هۆرمزیارەکانی دەوروبەری سەقز دوو تیرەن: هۆرمزیاری زێڕ یستە و هۆرمزیاری دەرەسەر، هەروەها چەندین گوند هەیە بە ناوی هۆرمزیار وەک: گوندی وەرمزیاری نزیک بەدرە، وەرمزیاری نزیک ورمێ، وەرمزیاری بازیان، وەرمز ئاوای نزیک ڕەبەت،...

**ناوی هۆرمزیار لەچییەوە هاتووە:**

هۆرمزیار بە ئۆرمزیار و وەرمزیار ناوی دێت، ئەمەش لە دوو برگەی هۆر، ئۆر، وەر (خۆر، ڕۆژ+ یار (پیر)= یەزدان یار، پیراتی خودای خۆر، خۆرپەرستان، ڕووناکی پەرستان، پیرانی خودای ئاهورامەزدای زەردەشت. وشەی هۆرمزیار لە فەرهەنگی سانسکریتی و ئاوێستا واتای ڕووناکی گەورە، یان میری ڕووناکی، یان ڕۆژمێر دەگەیەنێت، کە ناوی خودای میترا پەرستییە، ئایینی میترا پەرستی کە ڕووناکی پەرستن بووە، کۆنترین ئایینی هیندو ئەورووپییە، کەوابێ هۆرمزیار پێوەندی بە ئایینی (میترا پەرستی) میهرپەرستییەوە هەیە.

جا دوور نییە هۆرمزیارەکانی ئەمڕۆ، جاران لەسەر ئایینی میهرپەرستی بووبن دواتر بوونەتە زەردەشتی و درەنگیش بوونەتە ئیسلام، بۆیە پاڵەپەستۆیان خراوەتە سەر لە زێدی خۆیان کە دەوروبەری ئاتەشکەدەی شێر (تەخت سلێمان)ی هەوشارەو بەهۆرمزیار ناویان هێناون، واتە زەردەشتییەکان، یان پیری ئاهورامەزدا وەک بن دیان و بن جوو و داسن و بافلە.

دووریش نییە ئەم ناوە پێوەندی بەخوداوەندی (هۆرمز)ی سۆمەرییەوە هەبێت یان پێوەندی بە (هۆرمس)ی حەڕانییەوە بێت.

حەڕانییەکانیش لە حەڕانی ئورفە تاسەردەمی عەبباسییەکان هەر مابوون و ڕۆژیان دەپەرست، برگەی ئور لە زمانی سۆمەری واتای (شار، هەوار، هەرێم) دەگەیەنێت و ڕەنگی لە ناوێکی زۆری ئاوەدانی و ناوی هۆز و بنەماڵە داوەتەوە وەک: (ئور، ئورک)ی، ئورفە، ئوربلوم، ئورامان، ئورمیە، ئورشەلیم، ئورەماری.

بە گوێرەی بەڵگەنامەکان و قسەی مێژوو نووسان و لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان، هۆرمزیاران لە هۆزە هەرە کۆنەکانی کوردستانن و تا درەنگ لەسەر ئایینی زەردەشتی مابوون، شوێنی نیشتەجێ بوونی کۆنیان دەوروبەری ورمێ تا دەگاتە نەخچەوان و هەرێمی سەرحەد.

جا بەهۆی مانەوەیان لەسەر ئایینی زەردەشتی بەردەوام تیر و توانجیان تێ گیراوە تا ساڵانی سەرەتای بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم لە هەندێ ناوچە هۆرمزیاریانیان بە بەرازخۆر ناوهێناوە، هەروەها هۆرمزیار بە بڕینی دەستی کەری وەیسی نازدار تاوانبارکراوە، ئەم وەیسە کەسێک بووە ئایینی ئیسلامی لە کوردستان بڵاودەکردەوە، گوایە سێ کەس هەریەک لە هۆزی هۆرمزیار و لەک و کورد دەستی کەرەکەی دەبڕن تا هورمزیار نەتوانێ کارەکەی ئەنجام بدات، دیارە ئەوکاتی بەشێک لە هەریەک لەم هۆزانە نەبوونەتە موسڵمان و دژی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکەیان هاوپەیمان بوونە.

جا بەهۆی ئەوەوە تاکو ئەمڕۆ پشتاوپشت ماوەتەوە و دەڵێن: لەک و کورد و هۆرمزیار، بە نەعلەت بن هەزارجار بڕییان دەستی کەری وەیسی نازدار.

ئیــتــر ئەم هۆزە بە درێژایی مــێــژوو بەرەبەرە دەبن بە موسڵمان و بەهۆی جەنگە درێژخایەنەکانی ئێرانییەکان و عوسمانییەکانەوە ئاوارەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەری کـــوردســـتـــان دەبن، بەم هۆیەوە بەشێک دەبن بە سوننەو بەشێک بە شیعە.

زۆر کەسیش لە هۆرمزیاران وا دەزانێ هۆزی هۆرمزیار لە نەوەی سـوپای (هورمـزان)ی فـەرمـاندەی ویلایەتی خوزستانن، کەچی لەساڵی (١٩)ک (٦٤٠)ز هۆرمزانی فـەرمـاندەی خـوزسـتـان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سـوپای عەرەبی موسڵمان داوای یارمەتی لە کوردانی ئازربایجان و هەمەدان و کرماشان کردووە، ئەنجام چەکدارێکی زۆری چوار هۆزی کورد بە ناوی (ڕاوەند، شول، زودلان، گیل) بە پیری داواکاری هورمزانەوە چوون.

لە چەند بە تـەمـەنێکی ئەم هۆزەم بیسـتـووە کە دەڵێن: ئێمـە نەوەی ئیبراهیم پێغەمبەرین و زێدی هەرە کۆنمان دەشـتـی هەولێـر بووە، کـەوابێ دەبێ هۆرمـزیار ناوێکی ئایینی بێ و لە نەوەی سکاییـەکان بن کە سـەدان ساڵی بەر لەزایین لە هەولێـــر نیـــشـــتـــەجێ بوونە و لە ١٠٠٠پ.زدا میرنشینی (حدیاب)یان دروست کردووە و پایتـەخـتـەکـەیان حـەزەری ئەمڕۆ بووە (حدیابی کـۆن)، دوای ئەوەی پاشـاکـەیان بەناوی هیلینا دەچێـتـە سـەر ئایینی جوولەکە ژمارەیەکی زۆر لە سکاییـەکـان دەبن بە جـــوولەکـــە و دوای بڵاوبوونەوەی ئـایـیـنی مـەسـیــحی زۆربەیان لە ئاییـنی جـــوولەکـــە دەچنە ســـەر ئاییـنی مەسـیحی، جا دوور نییـە هۆرمـزیارە مەسـیحییـەکانی شــەقـــڵاوەش لەمـــانـە بن، هەڵبــەت بەشــێـکیش لە سکاییـەکـان چوونەتە سـەر ئاییـنی زەردەشتی بەتایبـەتی لەسـەردەمی ساسـانیـدا، چونکە لەوسـەردەمـەدا ئاییـنی زەردەشـــتی ئاییـنی ڕەســـمی ئێـــران بووە و دژایـەتی ئایینەکانی دیکە دەکرا.

**پەراوێز:**

* لە ئاوێســـتـــادا (هۆرمـــزد) واتای ڕۆژی خـــودا دەگـەیەنێت، هەروەها یەکـەم ڕۆژی مـانگی فـەروەردین (خاکە لێوە)یەو لەو ڕۆژەدا هەوا لە ساردی بەرەو فێنکی گۆڕاوە و بووە بە جەژن، کە ڕێکەوتی (٢١) ئادارە.

* لە گـوندی وەرمـز ئاوای سـەردەشـتی شـوێنەواری ئاتەشکەدەیەک ماوە.

* ژمـارەیەک لە بنەمـاڵەی هۆزە جیـاجیـاکـانی وەک بڵـــبـــاس، ســـورچی،.. لەناو بۆتەی هۆزی هۆرمـــزیار تواونەتەوە بەهۆی ئەوەی هۆزی هۆرمـزیار کۆنتـرین هۆزی دەشتی هەولێرە کە لە زۆربەی گوندەکانی نێوان بەرڕێ و ملکییـە نیشـتـەجێ بوون و هەر بنەمـاڵەیەکی هاتبێـتـە ناویان و بوونەتە پشت و پەنای. هی وا هەبووە ژنیـــان داوەتێ، بەڵام دوای ئەوەی ئاغـــاکـــانی دزەیی توانیـــان ناوچەکە کۆنتـرۆڵ بکەن و بەشێک لە گوندەکانیان لەژێر دەست دەربهێنن و سەروەری جارانیان نەمێنێ، بەرەبەرە هەندێک لەم بنەمـــاڵانە شـانازی بەهۆزی هۆرمـــزیارەوە نەکەن و شانازی بەهۆزە سەرەکییەکەیانەوە دەکەن لەوانە بنەماڵەیەکی سورچییە کە کاتی خۆی لە ساڵانی سەرەتای بیســـتـەکـانی سـەدەی ڕابردوو لە دەشـتی هەولێـرەوە بە مەڕداری دەگەنە خۆرئاوای کەرکوک و گوندێک بە ناوی حەوێجە ئاوەدان دەکـەنەوە و دواتر حەوێجە بە عـەرەب دەکرێت و لە گوندەوە دەبێت بە ناحیە و دواتر دەبێت بە قـــەزا و چەند مـــانگێک دوای ئازادبوونی عـــیـــراق دەوروبەری ٨٠٠ مـالە کـورد لە ترسی تیــرۆرســتـــان حەوێجەیان بەجێ هێشت و لەوانە (٧٥) ماڵیـان لەم بنەماڵە سورچییەن کە ئەمڕۆ زۆربەیان چوونەتە کەرکووک و ئەوانی دیکەش هاتوونەتە نێو شاری کەرکووک.

**پەراوێز:**

(*) مـز واتای گـەورە، مـەزن دەگـەیەنێت و لە ناو زۆربەی ناوە کۆن و نوێیـەکـانی گـەلانی ئێـرانی ڕەنگی داوەتەوە لەوانە هورمز = خۆری گەورە.

مزگەفت = گفتاری مرۆڤی مەزن.

مـازیار کە ناوی کەسایەتیـیەکی مازەندەرانییـە و دژی سـوپای ئیسـلام جەنگاوە، واتای یاران و پێڕی مـرۆڤی مـەزن دەگـەیەنێت، هەروەها ئایینێکی ئێـران بە ناوی مەزدەک هەبووە...

(*) کـوردا ئەمـڕۆ هۆزێکی ڕەوەند بە نـاوی کـورد لە دەشتی کـۆیە دەبینرێت بۆ نموونە لە گوندی سوێرە (١٦) مـــاڵ لەم هۆزە نیـــشـــتـــەجـــێن و بەهار و هاوین بەرەو کـــوێســـتـــان دەڕۆن، بەڵام هۆزی (کـــوردە)ی ناوچەی کەسنەزان سەر بە هۆزی جافن.

(*) چۆن پلار لە سێ هۆز دراوە بەهۆی بێ هێـــزی باوەڕیان بە ئاییینی ئیـــسلام هۆزی (بلّــبــاس)یش پەلارێکی وای لێــدراوە و دەڵێن جــارێکیـــان دەبینن پیرەمێردێکی موسڵمانی بڵباس وا نوێژ دەکات، پێی دەڵێن ئەوە دەستت بە نوێژان کردووە ئەویش لە وەڵاما دەڵێت:

**نماز دەکەم نماز دەکەم**
**بۆ مامەنداغەی بڵباس دەکەم**
**لەسەر کەوڵی بەراز دەکەم**
**خودایە قەبووڵی نەکەی**

(*) ئور: شـــارێکی ســـۆمـــەریـیـــان بووە، ئەمـــڕۆکـــە شوێنەوارەکەی ماوە نزیک شاری ناسریەیە، شاری ئور واتای شاری ڕۆژ دەگەیەنێت.

ئوربلوم. (هەولێـــر) واتای شـــاری خـــوداوەندی ڕۆژ دەگەیەنێ

(*) دوور نییە وشەی ئور لە بنەڕەتدا واتای (ئاگر)ی گەیاندبێ، کە بووەتە هۆی کۆبوونەوەی مرۆڤ لە دەوری ئاگر و دواتر هەر لە دەوری ئەم ئاگرە نیشتەجێ بوون.

ئورمیە: ئاتەشکەدەی ماد، ڕۆژی میدییەکان

(*) لە بابەتێکدا لە ڕۆژنامـــەی خـــەباتی عـــەرەبی هورمـــزیار و چەند هۆزێکی دیکە بە بەشـــێک لە هۆزی پیران دادەنێت و دەڵێت: پیران لە نێوان هۆزی مامەش و سنووری عیراق نیشتەجێن کە بریتین لەم تیرانە:

أ- نانەکەلی ب- باوە ج- حەسەن ئاغا ء- مەمەند نشـینە ه- هورمـزیار و- مـوخـانە ر- وەسـتـا پیـر ز- بەرچەم (پەرچەم)

(*) ئورمشتا بە زمانی ئیلامی باستان هەمان واتای ئاهورامـەزدای گـەیاندووە، جـا دوور نیـیـە هورمـزیار پێوەندی بە خودای ئورمشتاوە هەبێت.


**سەرچاوەکان:**

**(١) معانی بعضی از اسامی کهن و ایرانی در زبان کردی/ رحیم اشنوئی/ تهران/ ١٣٨٣**

**(٢) العشـائر الكردية في شـرق كـوردسـتـان، جريدة خبـات الاربعاء، عدد ٧٠٧، ٢٩/ ١٢/١٩٩٣.**


ئەزمورونی ڕیژیسۆر

# یارییەخەونێک لە ڕەباتەوە بۆ زانستگای کەمبریا

د. فازیل جاف
(سوێد)

ئەکتەر خۆی ڕادەهێنێت و خۆی پەروەدە دەکات تاکو کەرەستەی پێویست بۆ ڕاهێنانی ڕۆڵەکەی خۆی بە دەست بهێنێت، بۆیە ئەکتەر هەمیشە بە دوو پرۆسەی ڕاهێناندا دەڕوات، یەکەمیان لەگەڵ خودی خۆی و دووەمیان لەگەڵ کەسایەتی(ڕۆڵ)یەکەیدا، بەڵام بێ ڕاهێنانی یەکەم دووەمیان نایاتە دی، ئەویش وەکو ستانیسلاڤسکی دەڵێت: «بوارێکی گەلێک فراوانە و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و تەکنیکێکی سەربەخۆی دەوێت».

سەرەڕای هەموو بایەخ پێدانێکی ستانیسلاڤسکی بە جەمسەری ناوەوە و باری دەروونی و هەست و سۆز، مەسەلەی کردار و دەستنیشانکردنی کردار و شیکردنەوەی، بەردی بناخەی سیستەمەکەیەتی، بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم بۆچوونەم، دیارە ڕێبەرانی سیستمی ستانیسلاڤسکی و یارانی بەناوبانگی ئەم قوتابخانەیە، لە سەرووی هەموانەوە ڕیژیسۆری ڕووسی " گیورگی تۆڤستۆنۆگۆڤ" پێیان وایە شیکردنەوەی کردار بەردی بناغەی نواندنە، بەڵام پێداگرتن لە سەر بایەخی کردار و جەختکردن لە شیکردنەوەی بە مەبەستی دیقەت و کارامەیی لە بەجێگەیاندنیدا، هەروەها فەراهەم کردنی وەکو خاڵی دەستپێک، بە هیچ شێوەیەک لە بایەخی لایەنی سایکۆلۆژی کەم ناکاتەوە، بە پێچەوانەوە ئەکتەر دەبێت بە کردار باری دەروونی خۆی بەرجەستە بکات، هەر بەکرداریش کاردانەوە سایکۆلۆژییەکان ببزوێنێت. بۆ ئەمەش دیارە ئەوی بەلای ستانیسلاڤسکییەوە گرنگە سروشتی فیزیکی کردارە.



## دەبێت چۆن لە سروشتی فیزیکی کردار بگەین؟

کەرەستەی سەرەکی ئەکتەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی کۆنکریت و بەکار، بەکارهێنانی هەستەوەرەکانە، بەکارهێنانێکی داهێنەرانە و کارزانانە، بۆیە ئەکتەر دەبێت هەمیشە هەستەوەرەکانی خۆی جوان پەروەردە بکات و نەهێڵێت زیانیان پێ بگات، لە هەموو هۆکارێکی سستی و لاوازی بیانپارێزێت.

ڕاهێنانی هەستەوەرەکانی ئەکتەر مەیدانێکی فراوانە لە ڕاهێنانی ئەکتەردا و گەلێک میتودی جۆراوجۆر هەن کە دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت، هەموو خزمەت کردنێکی باری دەروونی و جەستەیی و ڕوحی و زەینی خزمەت کردنی هەستەوەرەکانی ئەکتەرە، هەموو جۆرە خۆپاراستنێک لە سەرخۆشی و جگەرەکێشان و خۆ بێ هۆش کردن و قەڵەویی بێ ئەندازەو گرژی و پەستی، خزمەت بە هەستەوەرەکانی ئەکتەر دەکەن.

گشت خۆ ڕاهێنانیکی جوان بە شیعر و مۆسیقا و چێژ وەرگرتن لە سروشت و تابلۆی نایاب و بێ دەنگی و ڕامان و گوێ لە ناخی خۆگرتنێک... هەستەوەرەکانی ئەکتەر پەروەردە دەکەن. ئەگەر پاراو و بێگەرد و بێ خەوش بن، کاردانەوەکانی بەرانبەر کردار هەر کردارێک بێت، تەنانەت ئەوانەی کە زۆر بچووکیشن، ناسک و ڕوون خۆیان دەنوێنن.

هەستەوەرەکان وا لە ئەکتەر دەکەن لە تەماشاکەرەوە ببێت بە کەسایەتییەکی بەشدار و کاریگەر. بە لای ستانیسلاڤسکییەوە هەستەوەرەکانی ئەکتەر و هەستەوەرەکانی ڕۆڵ تا دێت دەبێت لە یەکدی نزیک ببنەوە، ئەویش بە مەبەستی بەرجەستەکردن و گەیشتن بە حەقیقەتی واقیعی ژیانی کەسایەتی ڕۆڵەکە لە سەر شانۆدا. هەر بە گوزارشتی خۆی بۆ گەیشتن بە ڕاستگۆیی هونەری.

من پێم وایە ئەم لایەنەی ستانیسلاڤسکی خزمەتێکی گەورەی هەموو میتودێکی شانۆیی دەکات. هەموو میتود و ستیلێک لە شانۆدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پەنا دەباتە بەر هەستەوەرەکان و بەکاریان دەهێنێت، تەنانەت لە پۆست مۆدێرنیزمیشدا، بەڵام کەی و لە کوێ و چۆن؟ ئا لێرەدا جیاوازییەکان دەردەکەون.

لە بیۆمیکانیکدا جووڵەو کردار پێش دەکەون، دەبێت بە دیقەت و بێ زیاد و کەم ئەنجام بدرێن، هەروەها دەبێت لە باری ئێستێتیکییەوە هونەریانە بن و جووڵەو کرداری ڕۆژانەی خودی ئەکتەر نەبن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەبێت مەبەست و پەیامی هەموو جووڵەو کردارێک لای بینەر ئاشکرا و ڕوون بن. لای مییرهولد پاشتر هەستەوەرەکان

دەکەونە کار و هەست و سۆز و باری دەروونی تەنیا لە حاڵەتی جووڵەی ڕاستەقینەو بەدیقەت ئەنجامدراودا دێتە کایەوە. ئەوسا بزانە ئاستی بەکارهێنانی هەستەوەرەکان لەشانۆنامەیەکی شیعری و تەعبیری پڕ لە ڕەمز و هێمای سوریالیستانەی وەکو یاریبەخەونێکدا، بە بەراورد لەگەڵ شانۆنامەیەکی واقیعیدا دەبێت چەند ئاڵۆز و چڕ بێت؟

دیارە ئاستەکانی هەستەوەرەکان لەم شانۆنامەیەدا، ئەوەندە دەوڵەمەندە، کە هەر دیمەنێکی خەزێنەیەکی لە بن نەهاتووی هەست و نەستە بۆ ئەکتەر، هەروەها بۆ ڕیژیسۆریش کلیلی دەرهێنانی شانۆنامەکەیە، ئەگەر ئەم کلیلە بدۆزینەوە و ئاستەکانی هەستەوەرەکان و کاردانەوەکانی بە قووڵی شیتەڵ بکەینەوە، ئەوە دنیای ڕەنگاوڕەنگی شانۆنامەکەو تابلۆیە خەونئامێزەکانی بە ئاسانی لە فۆرمی فیزیکی بینراودا بەرجەستە دەکەین.

بۆ نموونە دیمەنی دووەمی شانۆنامەکە لە زیندانی ناو قەڵایەکی سەختەوە یەکسەر دەچێتە سەر دیمەنی ماڵی ئەفسەرەکە، کە ئەویش خۆی لە خۆیدا واقیع نییە و خەونە. خەونەکەش هەر لەوەوە دێت یەک خەون نەبێت، چونکە هەر لە خەونەکەدا ئەفسەرەکە تەماشای دۆڵابێک دەکات و تووشی سەرسوڕمان دەبێت، باشە کە منداڵ بوو ئەم دۆڵابە لەو جێگایە بوو، پاشتر چەند جار باریان کرد و جێگایان گۆڕی، بۆ دەبێت ئەو دۆڵابە هەر لەوێدا بێت؟ ئەگنێس کچی خواوەند لە ماڵی دایکی ئەو چی دەکات؟

**بەکارهێنانی هەستەوەرەکان لە ڕاهێنانی ئەکتەردا، لە دیمەنێکی ئاوهادا چەند ئاستی جیاجیاو دەوڵەمەندی هەیە؟ تۆ بڵێی ئەکتەر بێ میتودێکی کاریگەر بگاتە ئەنجامێکی داهێنەرانە؟**

من پێم وابوو هەردوو میتودی ستانیسلاڤسکی لە "شیکردنەوەی کردار"دا لەگەڵ میتودی مییرهولد لە بەرجەستەی فیزیکی"جووڵە و ڕیتم "دا ئەکتەر دەگەیەنێتە ئەنجامێکی گونجاو و سوودبەخش.

**ڕاهێنان**

ڕاهێنانەکانمان لە سەر ئاستی هەستەوەرەکان و کردار و کاردانەوەکانیان، لە سەر دوو هێڵی تەریب دەڕۆیشتن.

ڕەگەزەکانی بینین، بیستن، بۆن کردن، کاریگەرترین هەستەوەرەکانی کارەکتەرەکانن. هەموو بیرەوەری و یادەوەرییەکیان پێبەندن بەم دوو هەستەوە، هەمیشە یادەوەرییەکانیان دەهەژێنێت، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە جیهانی خەون و جیهانی واقیعیان دەبێت بە یەک، یان هەردووکیان هەر لە یادەوەریدا بوونیان هەیە، بۆیە زەمان و کات و جێگا بێ سنوورن، دیمەنەکانیش بێ دەرگاو پەنجەرەن، چونکە هیچ دیوار و شوورەیەک لە یەکیان جوودا ناکاتەوە، بەڵام دەبێت لە زمانی وۆرکشۆپ و ڕاهێناندا ئەم قسەو بۆچوونە چۆن ڕاڤەبکەین؟ چۆن لە پراکتیکدا بێتە ئەنجام؟

بۆ چوونە ناو هەر وۆرکشۆپێک سەرەتا ناوەرۆکی وۆرکشۆپەکە باس دەکەم، هەموو لایەنە تیۆرییەکانی بە پێی توانا شی دەکەمەوە، ئەمە خاڵێکی گەلێک گرنگە، ئەکتەران، یان قوتابیان دەبێ باش تێبگەن، کە چی دەکەن و خۆیان لە سەر چی ڕادەهێنن، دەبێت هەر لە سەرەتاوە لە ڕاهێنانەکە و مەبەست لە وۆرکشۆپەکە بگەن، نەک پاش تەواوبوونی وەکو لە هەندێ حاڵەتدا ڕوو دەدات.

ئەمجا هەوڵ دەدەم وا لە بەشداران بکەم کە خۆیان جۆرە مەشق و ڕاهێنانێکی گونجاو لەلای خۆیانەوە پێشنیار بکەن، ئەمە ئەگەر بکرێت، خۆ ئەگەر ئەم داهێنانە لە سەرەتادا هەندێک سەخت بێت، ئەوە پاشتر ئەنجامی باشی دەبێت، وەکو هاندانێک دەبینیت کە بەشداران لە قۆناغی کۆتاییدا داهێنانی خۆیان لە بواری خوڵقاندنی میتودی شەخسی دەخەنە ڕوو.

**تەرزەکانی کارکردن لە وۆرکشۆپدا**

لە هەر وۆرکشۆپێکدا سێ ئاست کار دەکەنە سەر هەڵسووڕاندنی ڕاهێنانەکان: کارکردنی تاکە کەسی، کارکردنی گرووپ، ڕاهێنان و مەشقی چەسپاوی ڕاهێنەرەکە خۆی کە دەکرێت بە پێی پلەی شارەزایی و ئەزموونی گرووپەکە پێش بخرێت، یان دوا بخرێت. واتە ڕاهێنەر هەر لە سەرەتاوە هەوڵ بدات بەشداران بە ڕاهێنانەکانی خۆی جۆش بدات، یان پاش چەند دەست پێشخەری و پێشنیارێکی ئەوان ئەمجا مەشقەکانی خۆی بخاتە ڕوو.

بێ گومان دەستنیشان کردنی ئەم خاڵە، پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەزموونی پێشووی تیپەکەو تواناو شارەزایی و ئاستی هونەرییانەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ



ئەوەشدا هەندێ جار شێوازی مەشق و ڕاهێنانی تاکە کەسی دەبێت لە شێوازەکانی دیکە پتر لە بەرچاو بگیرێت، بۆیە لە وۆرکشۆپەکانی یاریبیە خەونێک چ لە ڕەبات و چ لە کەمبریادا، شێوازی ڕاهێنانی تاکە کەس زیاتر بالاّ دەست بوو، هەموو ڕۆژێکیش کارەکەمان بە ڕاهێنانی هەموو گرووپەکە تەواو دەبوو.

ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ کتێبەکەم " فیزیاء الجسد" دەبینیت لە باسی " شانۆی شەهرەزاد"ی سوێدیدا لەسەر میتودی کارکردن لە سەر تەکنیکی گرۆتۆڤسکی و باربادا و پاشتریش لە سەر سیستمی بیۆمیکانیکدا وێنەیەکی ڕوونتری شێوازی ڕاهێنانی تاکە کەسیت دەست دەکەوێت.

## قۆناغی پاش خوێندنەوەی دەق

پاش خوێندنەوەی دەق و شیکردنەوەی لایەنەکانی دراماتۆرگی و ڕەگەزی ئەدەبی شانۆنامەکە، دەستت بە کاری ڕاهێنانی کارکردن لەگەڵ تێکستدا کرد. مەبەستی ئەم وۆرکشۆپە ئەوە بوو قوتابییەکان بزانن چۆن کار لەگەڵ دەقێکی تەعبیری بکەن، چۆن خەیاڵ بەکار بهێنن، چۆن وێناکردن و بەرجەستەکردنی وێنەی ئەو دیوی هۆش لە چەشنی خەون و هێمای کتوپڕ بەرجەستە بکەن، چۆن چەمکی جەستە و فەزا فەراهەم بکەن، بۆ ڕاڤەکردنی ئەم ئەرکانە ئەکتەر تا بڵێی پێویستی بە فەزایەکی شەخسی و سەربەستییەکی تەواو هەیە، لەوەش زیاتر پێویستی بە پێوەندییەکی شەفاف و بەتین لەگەڵ ڕاهێنەر و ڕێژیسۆرەکەیدا هەیە. دیالۆگی قووڵ و گەرمی ڕێژیسۆر لەگەڵ ئەکتەردا، دیالۆگێک بە مەبەستی سۆراخ و پشکنین و قووڵبوونەوە، مەرجی سەرەکییە لە وۆرکشۆپدا.

## ڕێنماییەکانی ڕێژیسۆر بۆ ئەکتەران

دیمەنێک لە شانۆنامەکە دەست نیشان بکە، لەو دیمەنەشدا کەسایەتی ڕۆڵەکەی خۆت هەڵسەنگێنە، بزانە دەتوانیت چەند کرداری جەستەیی سادەو بەرچاوی بە ئاسانی دەستنیشان بکەیت، ئەمجا لە سەر چەمکی بینراو و نەبینراودا، ئەو چەمکەی کە پیتەر برووک پێی دەڵێت نەبینراو بکە بە بینراو، کار بکە و بزانە چ نەبینراوە، تۆ خۆت چۆنیان دەکەیت بە بینراو؟ چەند کرداری فیزیکی لە یەکەیەکدا دەچەسپێنیت؟ جۆر و شێوەی بە ئەنجام گەیاندنیان تاقی بکەوە، کاریان لە سەر بکە، بە مەرجێک ئاست و مۆرکی جێبەجێ کردنیان لە فۆرم و شێوازی ڕیالیزمەوە دوور بێت، ئێمە کار لە سەر

دەقێکی ئینتیباعی دەکەین، واتە پێوەندی تەواوی بە دەروونەوە هەیە، هەوڵ بدە فـۆرمی لا مـەعـقـوول" ئەبسێرد" و گروتێکسیان بۆ بدۆزیتەوە.

**پرسیارەکانی گرووپ لە زمانی یەک ئەکتەرەوە**

گەلێ پرسیار هاتنە پێشێ.

**ئەکتەر:** جێبەجێ کردنی کردار دوور لە فـۆرمی ڕیالیستانە، یانی چی؟

**ڕیژیسۆر:** هەر کردارێک، تەنانەت لە لامەعقوولترین شانۆنامەی وەکو" بەدەم چاوەڕوانی گـۆدۆ"وە، ناوەرۆکێکی واقیعیانەی هەیە، دەکرێت لە فۆرمێکی ڕۆژانەدا ئەنجام بدرێت، بەڵام تەنانەت واقیعیترین ئەکتەر، یان ڕیژیسۆر کە شانۆنامەکە نمایش دەکات، دەبێت بۆ شێواز و فۆرمی ئەبسێردانەی کردارەکە بگەڕێت، باشترین کەرەسە و شێواز بە شێوازکردنی کردارە" اسلبه"، شێوازگەرێتی خۆی لە خۆیدا ناوەرۆکە و تەکنیکیشە، ناوەرۆکە، چونکە لە شێوازگەریدا یەکسەر پەنا دەبەینە بەر جەوهەر، هەرچی توێکڵ و وردەکاری ڕۆژانە هەیە هەمووی فـڕێ دەدەین، وەکو تەکنیکیش هەموو کـردارێک لە چوارچێوەی زەمان و شـوێندا بەرجەستە دەکەین، واتە کۆمپۆزیسیۆن، بە زمانی مۆسیقاش کومپۆزیسیۆن پێکهاتە و ڕیتم دەگەیەنێت، بەم هەنگاوە سەرەکییە، هەردوو مەودای زەمان و شوێن فۆرمێکی هونەری دەدەنە هەر کردارێک تۆ مەبەستت بێت. ئەمـجـا هەنگاوی دیکەت دێتە پێشێ بۆ گـۆڕانکاری و گەشەپێکردنی کردارەکە، ئەم هەنگاوە دەکەوێتە سەر ئاستی هۆشمەندی و کەسایەتی هونەری خۆت، هەروەکو چۆن نیگارکێشێک دەتوانێ تەکنیکی خـۆی بۆ کـەسـانی دیکە شی بکاتەوە، بەڵام هەندێ فـاکـتـۆری دیکە هەیە هونەرییە و ناچێتە ژێر ڕکێفی تیۆرییەوە، لەوانەی کە بە تیۆری پاساو نادرێن..

**ئەکتەر:** دیسانەوە وا بزانم پێویستمان بە پێوەر و ئامرازی ڕوونترە لە بەرجەستەکردنی کردار و بەستنەوەیان بە وێناکان.

**ڕیژیسۆر:** مەبەستی سەرەکی ئەم بەشەی ڕاهێنانەکان، کارکردنە لەگەڵ ناوەوە و دنیای دەروون. تەقاندنەوەی سەرچاوەکانی خەیاڵ و ئیلهامە، سەبارەت بە دەقیش ئەوەیە کە نەبینراو بکرێت بە بینراو، بەڵام لەمەشدا چەند سەربەست و ئازادیت، ئەوەندەش پێبەندیت بە ڕیتم و فەزاوە، تێرمەکانی کۆمپۆزیسیۆنی مۆسیقا گەلێک یارمەتیمان دەدەن: هارمۆنیا، کۆنتراست، ڕیتم و تیمپۆ ڕیتم، ئەمجا بنەماکانی گروتێسک وەکو کێشە و دژاودژی نێوان ناوەرۆک و فۆرم.

**ئەکتەر:** هارمۆنیا و کۆنتراست، لە تیۆریدا ئاسانە تێیان بگەین، بەڵام جێبەجێ کردنیان لە پراکتیکدا ڕوون نییە.

**ڕیژیسۆر:** وایە، بەشی زۆری کارەکەتان شەخسییە، پێوەندی بە فەنتازیا و دنیای ناوەوەی خۆتانەوە هەیە، بەڵام وەنەبێت لە جەمسەری ئێستێتیکی دوور بن.

بۆ نموونە تاکو ئێستاش زۆر کەس مانای ئەبسێرد" لامەعقوول"، یان گرۆتێسک بەو مانایە وەردەگرن کە ڕۆژانە بەکار دەهێنرێن، بێ ئەوەی لەوە بگەن کە ئەمانە بە گشتی چەمکی هونەری و ئێستێتیکین، لە شانۆشدا ڕێباز و ڕێچکەی تایبەت پێک دێنن، ڕێبازێک کە بە بێ بنەما ئێستێتیکییەکەی ناکرێت. ڕاست و دروست لێیان تێ بگەین.

**کرداری ئەبسێرد، کرداری گرۆتێسک**

لێکدانەوە و بەرجستەکردنی کردارێکی ئەبسێرد لە ژیانی ڕۆژانەدا جوودایە لەگەڵ کردارێکی ئەبسێردی شانۆنامەکانی بیکێت، یان یۆنسکۆ. ئەمە بۆ خۆی زۆر جار دەبێتە کۆسپ و کێشە لە بەردەم ئەوانەی کە کرچوکاڵ بیر دەکەنەوە، بەتایبەتی مارکسیستەکان، چونکە کەسێک کە پێی وایە بەیانی بەر لەوەی ماڵ بە جێ بهێڵێت، کلیلی ئۆتومبیلەکەی پێ بوو، پاشان بۆی دەردەکەوێت کە کلیلەکەی پێ نییە، خۆی بە خۆی دەڵێت: مەعقوول نییە، کلیلم پێ بوو. ئەورووپاییەکان بە شتێکی سەیروسەمەرە و نادروست دەڵێن گرۆتێسکە، دیارە ئەم وشەیە ڕۆژانە ئاوها بە کاردەهێنرێت.

ئەم ڕەوشە ڕۆژانەیە، ناوەرۆکێکی فەلسەفی وجوودی نییە، ناکرێت لەگەڵ کردارێکی ناو شانۆنامەکانی یۆنسکۆ بەراورد بکرێت.

کۆنتراستی گروتێسک لە ڕەهەندی کردارەکاندا خۆی دەنوێنێت، کە چەند ڕەهەندێکی دژ بە یەک و پێچەوانەی یەکدییە و هاوکات لە فۆرمێک، یان وێنەیەکی هونەریدا خۆی دەنوێنێت. ئەمەش هەر تەواو بە پێچەوانەی

ڕیالیزمەوەیە، کە تێیدا هەمیشە یەکەی بابەت لە سەر یەک ڕەهەند هەڵچنراوە، لە گرۆتێسکدا یەک بابەت، یان یەک سیما باڵادەست نییە، بگرە ڕەش لە تەک سپیدایە، ئازا لەگەڵ ترسنۆکدایە، بەرز لەگەڵ نزمدایە، گۆڕانکاری و گواستنەوە لە میانەوە بۆ ئەوی دی، نەک ڕەوا و ئیمکانە، بگرە پێداویستی و مەرجە، چونکە گوزارشت لە کۆنتراست و دژاودژی ڕەهەندەکانی ژیان دەکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جەوهەری ژیان و بوونە.

دیمەنەکانی یارییەخەونێک پڕن لە وێنە و کرداری هەڵچنراو لە سەر بناغەی هارمۆنیا و کۆنتراست، بینراو و نەبینراو، بەڵام دەبێت سەرەتا لە سەر میتودی هەڵوەشاندنەوە" تفکیک" کاریان لە سەر بکەیت، ئەوەش بە مەبەستی دروستکردنی یەکەی بچووک" ئەبسێرد"، وەکو بەردی بناغە، خشت خشت لە شێوەی پێکهاتی سەرەکی "ترکیب" نمایش بینا بکرێت.

### وێناکردن و لۆژیکی ڕۆژانە

وەکو لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد، ئێکسپرۆسیۆنیزم کانگای شانۆی ئەبسێردە، بۆیە لە بینای وێنەکاندا دەبێت مەنتیقی ڕۆژانەو واقیعی تەواو پشتگوێ بخرێت، هەستی ئەکتەر، کاردانەوەی تێکست و بۆچوون و هێماکان، لە سەرووی هەموو شتێکەوە مەبەست و هۆیەکان" ستانیسلاڤسکی گوتەنی" بە پچڕ پچڕی وەربگیرێن، پاشان بەستنەوەیان بە یەکدییەوە بەشێوەیەکی هونەری کاری وۆرکشۆپەکەیە، کە دواتر نمایشەکەی لە سەر دەڕوات.

ئەم وۆرکشۆپە سۆراغ و پشکنینە بە دوای شێواز و دۆزینەوەی ستیل و زمانی شانۆیی. هەستی ئەکتەر بەرانبەر بە دەقەکە، دیداری یەکەم لەگەڵیدا گەلێ گرنگە، ئەم هەستە، یان ئەم دیدارە دەبێت ڕەنگ بداتەوە. ستانیسلاڤسکی دەڵێت" دیداری یەکەم لەگەڵ تێکستدا دەکرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ دیداری یەکەمی ئادەمی لەگەڵ یەکتردا، کە وایان لێ دەکات وەکو دڵدار بمێننەوە، یان وەکو ژن و مێرد، ساتێکە لە یاد ناچێت". جا ئەم دیداری یەکەمە بە چاوپۆشی لەوەی کە دیدارێکی خۆشە، یان ناخۆش دەبێت بەرجەستە بکرێت و وەکو یادەوەری یەکەم لە ڕۆڵەکەدا ڕەنگ بداتەوە. لێرەدا کەسایەتی ئەکتەر گەلێک گرنگە. ئەکتەر گرنگە خۆی لە بۆچوونی کەسانی دیکە، ڕای ڕەخنەگران بپارێزێت، هەر بۆیە وەکو ڕاهێنەر بۆچوونەکانی خۆم دەبارەی کەسایەتییەکان نە دەدرکاند، دەمویست ئەکتەران خۆیان ڕامان و هزر و وێنە دروست بکەن، پاشان سەربەستانە بێ هیچ ڕێنماییەک لە فەزای ڕاهێناندا بەرجەستەیان بکەن.

کلیلێکی دیکەی ئەم شێوازگەرییە، بۆچوونێکی گەلێ گرنگی کەڵە ئەکتەری ڕووسیا" یڤگینی لێبیدێڤ"ە کە دەڵێت "نواندن چەند خاڵێکە" ئەم گوزارشتە لە کاکڵەدا زۆر نزیکە لە "زنجیرەی کرداری جەستەیی" ستانیسلاڤسکییەوە، بەڵام بە دارشتنێکی جیاواز، ستانیسلاڤسکی لە بری خاڵ، وێستگە بەکار دێنێت

ئەرکی سەر شانی ئەکتەر ئەوەیە، بزانێ لە دیمەنێکدا ڕۆڵەکەی بە چەند وێستگەدا دەڕوات، لە زۆر شوێندا وشەی لە بری وێستگە و وشەی گرفت، یان مەبەست بەکاردەهێنرێت. بەستنەوەی ئەم وێستگانە بە یەکدییەوە زنجیرەی کردار لە سیستمی ستانیسلاڤسکیدا پێک دێنن. بە گشتی لە سیستمی مێیرهولددا تەونی ئەپیسۆرد/ یەکەی ڕووداو جێگای ئەم میتودە دەگرێتەوە.

### ڕاهێنان لە سەر دیمەنێکی شانۆنامەکە
### مرۆڤ بەستەزمانە

ئەگنیس دەڵێت: مرۆڤ بەستەزمانە. پارێزەر دەڵێت" ئەو کەسەی کە لەو بڵندییە دەژییت،پێویستە دابەزێتە خوارێ تاکو بزانێت مرۆڤ چەند بەستەزمانە. لە ناکاوێکدا ئەفسەر بە دەردەکەوێت، هەمان پرسیار دووبارە دەکاتەوە: ڤیکتۆریا ڕۆیشتووە؟ پەنجەیشی ئیشارەت بۆ دۆلابی پارێزەر دەکات کە پێی وایە لە دەرگای شانۆکە دەچێت، ئەویش پێی دەڵێت : نەخێر نەخێر.

زەنگی ناقووس دەبیسترێت، ئەفسەر وا دەزانێت کەسێک مردووە و زەنگەکە زەنگی ناشتنە، پارێزەر دەڵێت : نەخێر، بڕوانامەی دکتۆرا دابەش دەکەن، دەبێت بڕۆم ببم بە دکتۆر لە یاسادا، ڕەنگە تۆش حەزت لێ بێت ببی بە دکتۆر و ئیکلیلێکت بەرکەوێت؟

ئەفسەر خۆی ئامادە دەکات بۆ دکتۆرا وەرگرتن.

ئەمجا دیمەن یەکسەر دەبێت بە کلێسا، ئۆرگۆنێکی گەورە و ئاوێنەیەکی لێیە. بەشەکانی زانستگا،

فەلسەفە، ئایین، پزیشکی و یاسا لە بنەوەی شانۆدا دیارن. ئاهەنگی دابەشکردنی بڕوانامەی دکتۆرا ساز دەکرێت، بەڵام تەنیا پارێزەر بڕوانامەی پێ نادرێت. هەموو بەشداران ئیکلیلی دکتۆرایان بەر دەکەوێت، ئەو نەبێت!

لەم نەهامەتییەدا ئەگنێس دێت بۆ لای پارێزەر، ئێستا شاڵێکی سپی پێیە: تەماشاکە شاڵەکەم شۆردووە، بەڵام بۆچی وا لێرە وەستاوی؟ چییە ئیکلیلت بەر نەکەوت؟

**پارێزەر:** نەخێر، شایستەی ئەوە نەبووم.

ئەگنێس بەرەو ئۆرگۆنەکە دەڕوات، ئیکلیلێکی لە دڕک پێدەبەخشێت کە پێی وایە زیاتر لەگەڵ ئەودا دەگونجێ، بە ئۆرگۆنەکە ئاوازێکی بۆ دەژەنێت کە هیچ دەنگێکی لێوە نایەت، تەنیا سەدا و نووزەی کەسانێکی ستەمدیدە دەبیسترێت:

" ئەی نەمر، ئەی نەمر، بمانپارێزە، بە دلۆڤانی خۆت بمانپارێزە. منداڵانی خۆت بپارێزە... خودایە لێمان تووڕە مەبە:".

لە وێناکردن و بەرجەستە کردنی ئەم دوو دیمەنەی شانۆنامەکەدا چۆن دەتوانیت تەکنیکی خەون بکەیتە زمانێکی درامی کاریگەر بۆ دەرخستن و پیشاندانی سیمای ئەبسیۆرد و گرۆتێسک ئامێزی شانۆنامەکە، چەند دەتوانیت بنەماکانی قوتابخانەی ئێکسپرۆسیونیزم بکەیت بە میتودێکی شانۆیی بۆ ڕاهاتن لەسەر زمانی هونەری شانۆنامەکە. شێوازگەری و مەجازییەت بکە بە فۆرمی کۆتایی ڕاهێنانەکەت.

پاش دەستنیشان کردنی وێستگەکان، ئەمجا کردارە فیزیکییەکانی کەسایەتییەکەت دەستنیشان بکە، سەرەتا ئەوانەی زۆر سادە و درشت و زەقن، پاشتر ئەوانەی کە ورد و بچووکن.

دەستنیشان کردنی مەبەستەکان دوو تەرزیان هەیە، مەتریاڵ (مادی) بۆ نموونە دەتەوێت چیت دەست بکەوێت؟ چی وەربگریت؟ نموونەیەک: ئەگنێس دەیەوێت شیرەکە لە دەستی ئەفسەرەکە دەربێنێت. ئەگنێس دەیەوێت دەرگاوانەکە شاڵەکەی پێ بدات، تەرزی دووەمی مەبەست، سایکۆلۆژییە: بۆ نموونە ئەفسەر وێڵی دوای ڤیکتۆریایە و سۆراغی خۆشەویستەکەی دەکات، یان ئەگنێس دەیەوێت هەموو شتێک تاقی بکاتەوە.

کردار لێرەدا بە هۆی کردارەکەوە پەیوەستە، بە پاکانە و مۆتیڤەوە، بۆ نموونە کردنەوەی دەرگا خۆی لە خۆیدا کردار بەس نییە، کردنەوەی دەرگا تەنیا چالاکییەکەو هیچی دی، بەڵام کردنەوەی دەرگاکە بە مەبەستی گەڕان بەدوای ڤیکتۆریادا، کردارێکی شانۆیییە. هەروەک چۆن ئەگەر پەنجەرەیەک لە خۆڕا بکەیتەوە، هیچ ناگەیەنێت و تەنیا چالاکییەکی فیزیکییە، بەڵام ئەگەر پەنجەرەکە بۆ ئەوە بکەیتەوە تەماشای دەرەوە بکەیت بۆ ئەوەی کەسێک، یان شتێک ببینت، ئەوە چالاکییەکی جەستەیی شانۆییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بینینی ئەو کەسە، یان ئەو شتە، دەبێت لەناو زنجیرەی ڕووداوەکانتدا هەڵقەیەک بێت، بەم شێوەیە ئەکتەران لە کردارەکانیاندا مۆتیڤی سایکۆلۆژی دەستنیشان دەکەن، هەستەوەری و زەین تێکەڵ بە کرداری جەستەیی دەبێت و کاریگەرییان دەردەکەوێت.

# گەمە، یان ئامادەبوونەوەی یادەوەرییەکان

## «لە دوا نمایشی (ئاکۆ ئەحمەد حەمەڕەش) لە سویسرا»

**وەهبی ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

سەرهەڵدانەوە و دەرکەوتنی کارایییەکانی نەست و خۆپیشاندانەوەی یادەوەرییە خەفەکراوەکان، بەشێکی باش لە مێژووی کارکردنی هونەر بەسەرجەم و هونەری مۆدێرنە بەتایبەت پێک دەهێنێت، دۆزینەوە و تیشک خستنە سەر ئەم لایەنەشە وا دەکات و کردوویەتی کە فرۆید وەک پێشەنگێکی هزری پۆست مۆدێرنە بدرێتە قەڵەم و سەرلەنوێ و پشت بە تیۆرییەکان و بەرەنجامەکانی ئەو پێودانگ و ڕاڤەکارییە بۆ مرۆڤ و ڕەهەندەکانی بوونی بکرێت، پێچەوانە بوونەوەی ئەم حاڵەتەش لە شابەرهەمێکی مرۆڤدا بایەخی پێ بدرێت کە ئەویش هونەرەو بوارە هەستیارەکەیەتی، فرۆید دەڵێت نەست وەک گێژاوێکی هەڵقوڵاو وایە کە بەردەوام حەزو ویست و خواستە خەفەکراو و چەپێنراوەکان دێنێتەوە سەرەوە (١) زۆرجار سەرچاوەکان نادیارو دەستنیشان نەکراون، ئەم پرۆسێسەش بەدەر لە خواستی مرۆڤ ڕوودەدات و مرۆڤ پێ بزانێ، یان نەزانێ هەردەم کارایی و ئامادەیی خۆی ئاراستە دەکات، ئەم ئاراستەکردنەش لەلای هونەرمەند لە دووتوێی کارەکانیدا لە یەک کاتدا خۆ دەشارنەوەو دەردەخەن.

خۆ دەشارنەوە، چونکە ناکرێت بە بینینێکی ساناو ساکار و سەرپێی و ڕووکەشانە پەی پێ بەرین، هاوکات خۆ دەردەخەن، چونکە بەرەنجامی سەیرکردن و تێڕامانێکی وردو قووڵ خۆیمان پیشان دەدات، ئەم پرۆسێسی کەشف کردن و خوێندنەوەیەش لە ئەستۆی بینەردایە، هەڵبەتە کە دەڵێین بینەر مەبەست لە بینەرێکی ئاسایی نییە، زۆرجار تایبەتمەندانی بواری هونەر و لێتوێژەر و ڕەخنەگران لە خۆدەگرێت.

بە هەرحاڵ جێی بایەخدانی ئەمێستای ئێمە لەو پێگەیەدایە بەرانبەر دوا نمایش و کارەکانی هونەرمەند (ئاکۆ ئەحمەد حەمەڕەش) کە دەڵێین دوانمایش و



ئاکۆ حەمە ڕەش

بەرهەمی ئەو هونەرمەندە مەبەستمان ترازان و لێک جودایی بینینمان و پێودانگ کردنمان نییە بۆ کارەکانی پێشووتری ئەم هونەرمەندە، بەڵکو دوانمایش و کارەکانی پێشووی هونەرمەند زنجیرە ڕێزەیەکی کارکردنن کە ناکرێت لێکتر جودا بکرێنەوە، بەتایبەت ئەم حاڵەتە، لە حاڵەتێکی وەک ئاکۆدا خۆی زیاتر بەرجەستە دەکات.


ئەوەی ئاشکرایە، کە دەڵێین بە دەگمەن ئەوە بە سانایی دەتوانین بڵێین کەمتر ڕوودەدات هونەرمەندانێ یان تەنانەت بیریارانێ بیروبەرهەمیان بەرجەستە و پێچەوانەیەکی ڕاستەوخۆ (یان نیمچە ڕاستەوخۆ)ی ژیانی خودی خۆیان بێت، بە وتەیەکی تر چۆن دەوترێت مومارەسەی هزرو بیروبۆچوون و ڕوئیاکانیان لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا بکەن(*). ئەم حاڵەتەشدا لە هونەر بەو دیوە تایبەتەدا دەکەوێتەوە کە هونەرمەندانێ بە شەفافی، یان بە شەفافییەتێکی زۆرەوە ژیان و کەسایەتی و باری دەروونییان بە هونەرەکەیانەوە دیارە، نموونەی ئەم حاڵەتەش لە هونەردا زۆرەو ڤان کوخ و گۆگان و دیلاکرواو کەسانێکی دی نموونەکەیانن.

هەڵبەتە ناوەندی هونەریی خۆشمان لە دیاردەیەکی وەها بەدەر نییەو نابێت، بەشێوەیەک، یان بە چەند شێوەیەکی جیاجیا، ئەم دیاردەیە ڕەنگ دەداتەوە و ڕەنگی داوەتەوە.

دەستپێکی جیدییانەی ئاکۆ، بۆ سەرەتای کارکردنەکانی لەنێو گرووپی هاوڕێیانی شێوەکار دەگەڕێتەوە، ئەویش لە دوای تەواوکردنی خوێندنی هونەری لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا ساڵی (١٩٨٨)، وەک سەرەتا ئاکۆ لە کارکردن لە بزاڤی تەعبیرییەتەوە نزیک بوو، بە دەستنیشان کراوی لەنێو تەعبیرییەتیشدا لەو جۆرە کارکردنانەی هونەرمەندانێک، کە سرووش وەرگرتنیان زیاتر لە کاری منداڵان و هونەری میللی و خۆرسک و سەرەتایی نزیک بوو، ئەم جۆرە کارکردنە بۆنی گەمەی لێ دێ، ئامادەبوونەوەکانی ڕوانگەو بینینی منداڵانە (سادەیی و سەرەتایی لە بینینداو خستنەسەری ئەندێشەیەکی خۆڕەسی) لە خەسڵەتەکانی کارکردنی ئەو بوو، ئەو دەمە زیاتر بە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ کاری دەکرد (وەک زۆرێک لە ئەندامانی ئەو گرووپە) ئەم سەمتە لە کارکردن، بە هۆکاری چوونە دەرەوە و سەفەرکردنی ئاکۆی هونەرمەند پچڕانێکی بەدواداچوونی بۆ ئێمەی بینەر دروستکرد، بەڵام بەم نمایشەی هونەرمەند کە زیاتر پشت بەستە بە تەکنیکی کۆلاج، سەر لە نوێ پشتێنەکانی کارکردنی خۆی لە لامان ئامادەکردەوە، گەمەی ئەم جارەی هونەرمەند بە پارچە کاغەزەکانە، هەرچەند خودی پرۆسەی ڕیزکردنەوە و گونجاندنی پارچە کاغەزەکان پرۆسەیەکە زیاتر سیمای دەستێوەردانی عەقڵی تێدا بەشدارو زاڵە، بەڵام بە ڕوانگەی گشتی کارەکەو مامەڵەکردنەکەوە تا دەگاتە تەسەڕوف بە فۆرمی ئاسایی شتەکانەوە بۆ دەرچوون لەو ئاسایی بوونە، سەرانسەر ئەمانە لە خۆڕەسی و لایەنە نەستییەکاراکانی هونەرمەندەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم حاڵەتە لە شێوەی (١)دا، (تابلۆی بنیادنانەوەی یەک) بە جووڵاندنێکی زێدەڕۆی فۆرمی خانووەکانەوە دیارە تا ئاستی کەوانەیی بوونەوەیان.

ئەمانە گشتیان سەرباری ئەوەی لە تێڕامانماندا بۆ فۆڕمی خانووکان، هەرگیز ڕەوانەی ژێدەری ئاسایی و ڕاستەقینەی خودی خانوو نابینەوە لە واقیعدا، بەڵکو ئەم تێڕامانە، دەمان گەیەنێت بەو گەمانەی لە منداڵیدا بۆ دروست کردنی خانووەکان (خانوو ماڵی منداڵانە) کردوومانە.

بە واتایەکی دی (ئاکۆ) کۆپی ناکات، وەک چۆن نیگاریش ناکێشێت، بەڵکو لە ڕێی نیگارکێشانەوە یاری دەکات، ئەو ئەمێستاش (بە وتاری تابلۆکانی) حەز دەکات ژیان و دنیا گشتی گەمەیەکی منداڵانە بێت و زەمەنیش زەمەنێکی والا و بێ کۆتا، بەدوور لە جدییەتە



**تابلۆی بنیادنانەوەی (١)**

وشک و سارد و پڕ ڕۆتینەکەی واقیع.

لە تابلۆی (بنیـادنانەوەی دوو) (شـێـوەی -٢-) سیمای گەمە، تا دەگاتە ئامرازەکانی گەمە، بەسانایی دەردەکەون، ئەم کارە سەرجەم لێوان لێوە لە هەژموونی یادەوەری منداڵی، هێڵێکی ستوونی کورت و فۆرمێکی بازنەیی لەسەری، دەمان نێرێتەوە بۆ گەڵێ ژێدەر، گەر بە نزیکی لە ناوونیشانی کارەکەوە وەری بگرین، ئاماژەیە بۆ سەوز بوونەوە و دەستپێکی نوێ، کە ئەویش نیشانەی (گوڵ)مان لەلا ئامادە دەکاتەوە. جارێکی تر دەبێتە ئاماژە بۆ ئەو ئامرازی یاری کردنەی منداڵی، کە بریتی بوو لە چەرخە و پارچەدارێک، یان شیشێکی باریکی دەم چەماوە، هەر چۆن لە جارێکی تردا، ئەو خواردنانەی منداڵیمان لا دەهەژێنێ، وەک (عەنبەروەری- چیلکە دارێک و تۆپەڵێکی خڕی توند لە شیلەی ترش و شیرینی ڕەنگاوڕەنگ) (فۆرمی پەشمەک- چیلکە دارێک و تۆپەڵێ پەشمەک لەسەری)، یان (فۆرمی مژمژە) و... تاد.

هونەرمەند ئەم کارەی وەک یەکەیەکی سەربەخۆو تەواو بنیادناوە، چەقی کارەکە ئامادەیی خۆی هەیە و وای کردووە لە هێندایی پانتایی کارەکەدا، هەست بە بە کەسایەتی بکەین.

ئەم خەسڵەتانە پێشتر لە تابلۆی (بنیادنانی یەک) دواتریش لە تابلۆی (دارە پیرۆزەکە)دا هەمان شتە کە بۆ خۆیان خەسڵەتگەلێکن، ئامادە و هەبوو لەکاری نیگارکێشانی مۆدێرنەدا، بەڵام ئەم خەسڵەتانە، لە تابلۆی (بەهاری پراگ)دا، بەدی ناکرێ، هونەرمەند فرە خولگەیی و نەمانی یەک سەنتەری و والآیی و ناکاملی و ئاراستە کردنەکانی ڕووەو دەرەوەی تابلۆ، جێبەجێ کردووە. ئەمانەش خەسڵەت گەلێکن، پشت بە ڕوانگەیەکی پۆست مۆدێرنەیی لە نیگارکێشاندا بە گشتی دەبەستێ، بەدیاریکراویش لەو خەسڵەتانەن کە نیگارکێشانی (ئەبستراکتی ئێکس پرێشنیزم- تەعبیرییەتی تەجریدی) جێبەجێی دەکات. سەرباری هەندێک سیمای تر، کە سروشتی ئەم سەمتە کارکردنەی هونەرمەند یارمەتیدەری نەبووە، ئەمە جگە لەوەی ڕادەی بە ئاگایی خودی هونەرمەندیش لەم ڕووەوە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.

تەنیا خەسڵەتێک کە سەرجەم کارەکانی هونەرمەند پێکەوە گرێ بداتەوە، سوود وەرگرتنی هونەرمەندە لە کەرەستەیەکی کارکردن کە کەرەستەیەکی فەرامۆش کراوە (پارچە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی گۆڤارو ڕۆژنامە)، هەڵبژاردنی ئەم کەرەستەیە، لە خزمەت بەسەنتەرکردنەوەی مادەیەکی پەراوێزکراو، مادەیەک کە ڕۆژانە بەدەیان جار بەلایدا کەمتەرخەمانە ڕادەبوورین. هونەرمەند دێت و زەمەن و شوێن (شوێنکات)، ئەرک و پێکهاتە و گوتارەکەی دەگۆڕێت و جارێکی تر بەشێوازێکی تر ئاراستەمانی دەکاتەوە. هونەرمەند بە بەخشینی ئەم بارگە نوێیە بە کەرەستەی کارکردنەکەی، پێ بزانێ، یان نا، خۆی لە سنووری کارکردنی هونەری (ئارتە پۆڤێرا)وە نزیک دەکاتەوە.

لە تابلۆی (دارە پیرۆزەکە)دا (شێوەی- ٣-) هەمان شت ئەو یادەوەرییە نەستییانەیەی هونەرمەند ئامادەیە، کە دەربارەی پیرۆزی ئەو درەختانەیە، کە لەناو (شەخسەکان)دا هەن، یان درەختی وەک (داری زەرد) کە بۆ خۆی تایبەتمەندییەک وەردەگرێت. بە پیرۆز ڕاگرتنی یەکەیەکی سروشت، جا درەختێک بێت، یان بەردێک، یان هەر یەکەیەکی تری سروشتی، ئەو دیاردەیەیە کە خۆی لە نەستی دەستە جەمعی (اللاشعور الجمعي)ەوە بە پێدزکێ ئامادە دەکاتەوە، ئەمە دیاردەیەکی نەستی منداڵی سەراپای مرۆڤایەتییە، خۆی لە نەستی



**تابلۆی بنیادنانەوەی (٢)**



**تابلۆی دارە پیرۆزەکە**



**تابلۆی بەهاری پراگ**

هونەرمەندەوە وەک تاکێک لە کارێکی وەهادا بەرجەستە دەکات، هەموو ئەو پارچە پەرۆ پیرۆزەییانەی کە بە لقوچڵی درەختە پیرۆزەکانەوە کراوە، لێرەدا خۆی ئامادە دەکاتەوە.

هونەرمەند ژیانی ڕاستەقینەی خۆی، یان دیوی نادیاری ژیانی کە دیوە هونەرییەکەیەتی.

لە ڕەهەندێکی شوێنکاتییەوە کە (تاراوگەیە) وەک چۆن لە ڕەهەندێکی تریشەوە، کە ڕەهەندێکی مەعنەوی و تەمەنییە، لە منداڵییەوە، لەم ڕەهەندانەوە گشتی، هونەرمەند بە حسێبی منداڵی خۆی دەژی و بیردەکاتەوە و ئەفراندن ئەنجام دەدات.

بەخشینی سەنتەر بە درەختەکە، بەخشینی سەنتەری ئەو دەمەی بیرکردنەوە و هەست کردنی هونەرمەندە بەم فۆرمە و بەهاو ڕەهەندەکانی، درەختەکە تاکە خولگەیە و سەرجەمی بەشەکانی تری کارەکە، لە خزمەت و دەوری ئەم فۆرمەدان، چاومان ڕووەو دەرەوەی تابلۆ ئاراستە ناگرێت، بەڵکو ئەم کارەش وەک دووکارەکەی پێشووی خۆ لە یەکەیەکی کامڵبوودا دەنوێنێ.

ئەم سێ کارەی هونەرمەند نموونەی ئەو کارانەیەتی، کە هونەرمەند فۆرمێکی دەستنیشان کراو، یان نیمچە دەستنیشان کراوی بەخشیوەتە یادەوەرییەکانی (خانوو- ماڵ، درەخت، گوڵ، یان فۆرمەکانی تری هەڵگری ڕاقە جیاجیاکان)، بەڵام ئەم ڕێتمی کارکردنە بەسەر هەموو کارەکانیدا جێبەجێ نەکراوە، دەبینین هونەرمەند لە تابلۆی (بەهاری پراگ)دا، (شێوەی-٤) پشت بەستە بە بنیادنانێکی یادەوەرییانە، واتە هێڵی کارای کارکردنی هونەرمەند، بە ئاراستەی خودی یادەوەرییەکانییەتی بەرانبەر بەهاری ئەو شارە، هێندەی خودی شارەکە بێت، بە واتایەکی تر، هێندەی فۆرمی شارێک دیاربێت (بە لایەنی کەمەوە) وەک چۆن دەستبەرداری گەمە کردنەکەی بووە، بۆ جۆرێک لە گەمەکردنی ئیستێتیکی، کە ئەمەیان تایبەتمەندە بە هونەرمەند خۆیەوەو چێژ وەرگرتنی ساتەوەختی کارکردنە، واتە ئاراستەی جۆری گەمەکەی گۆڕیوە بە ئاقارێکی تردا، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی تر، جا ئەو ئامانجە مەبەست گەرابووبێ لەلای هونەرمەند یان نە.

ئەم کارانە درێژکراوەو چوونە پێشەوەیەکی ئاسایی و تەندروستی ڕیتمی کارکردنی هونەرمەندە، گەر ئەو ترازانە زەمەنییە (نەک هونەری) نەبووایە کە هونەرمەندی سەرقاڵی ماوەیەکی کارکردنی خۆی کردووە، ئەوە ئێستا ئاست و بینین و بەرجەستەکردنی هونەرمەند باڵاییەکی زیاتری بەمەی ئەمڕۆی دەدا.

بەهەر حاڵ ئەرکی ژیان و بەردەوامی لە هونەردا لە دەرەوەی وڵات گەورەترو قورسترە وەک لەنێو وڵات، بەڵام ئەمە هەرگیز هەنجەتی خاوبوونەوە و پاشەکشێ کردن نییە، بەڵکو کاریگەری وەختی جێ دێڵێ و ناتوانێت کار لە سەرجەمی جووڵەی کارکردنەکان بکات.

بە ئامانجی کاری زیاتری هونەرمەند و بەردەوامییەکی بە بەهاو مانا، بۆ کارکردن و نمایشەکانی لەمەودوای هونەرمەند، دەستخۆشی و دەست گوشینی ئەم ڕێژنە کارە نوێیەی لێ دەکەم و پیرۆزبایی تایبەتیش بۆ نمایشەکەی.

*** وەک ئەم حاڵەتە لە ژیانی فەیلەسوفێکی وەک نیچەدا، بە ئاشکرایی دەردەکەوێت و بەو فەیلەسوفانە ناوزەد دەکرێت کە موممارەسەی هزری خۆیان دەکەن لە ژیانی ئاسایی خودی خۆیاندا.**

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**مەجید ئاسنگەر**

مامۆستا مەجید ئاسنگەر ساڵی (١٩٣٢) لە گەڕەکی (بەفری قەندی) لە شاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە. بەو پێیەی منیش هەر لەو گەڕەکە چاوم بۆ دنیا هەڵهێناوە، لە ماڵی حەمە مەلای باپیرمەوە بەرەوخوار دەچوویت و ئینجا بەرەو ڕاست ماڵیان چەند هەنگاوێک ئەولاتر بوو، خۆ ئەگەر بەدەستی چەپیش بڕۆیشتبای، ئەوە گۆڕەپانی (کەریم ئاغای) بوو، مامۆستا ئاسنگەر سەرەتا چەندین هۆنراوەی لەلایەن هونەرمەند باکووری ئەو کاتەی قوتابی کۆلێژ بوونە لە بەغدا کراونەتە ئاواز، بۆ نموونە هۆنراوەی گۆرانی:

**گوڵ و بولبول من و یار**
**لەناو باخا بەختیار**
**تامی شادی ئەچێژین.......... تاد**

لە لایەن باکوورییەوە ئاوازی بۆ دانراوە، هەروەها لە لایەن هونەرمەندی گەلەوە نەمر (تایەر تۆفیق)یش لە (١٩٧٤)دا هۆنراوەیەکی وەک مەقام تۆمارکراوە، ئەو کاتە مامۆستا ئاسنگەر لە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوول بووە، کاک تایەر بە دزییەوە لە ماڵان گوتوویەتی کە دەڵێ:

**کوردە ئەم هەلەی مێژوو داویە پێت ......تاد**

جگە لەوانە چەندین هۆنراوەشی لە لایەن گۆرانیبێژی کۆچکردوو (فوئاد ئەحمەد)، کراونەتە گۆرانی و ناودارترینیان هۆنراوەی:

**ئەمیرەکەم دڵگیرەکەم**
**بەهارت لێ شەرمەزارە ...تاد**

کە دواتر لەلایەن گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (محەمەد دانش)ەوە دووبارە گوتراوەتەوە.

گوتم: زانیومانە لە گەڵ چەند کەسایەتییەکی دیکەی شاری کۆیە خەریکی نووسینەوەی مێژووی شارەکەن، دەکرێت بزانین چەند کەس لەو پرۆژەیەدا بەشدارن و بە ناوی چییەوەیە؟



**مەجید ئاسنگەر**

گوتی: بەڵێ دەمێکە لەگەڵ مامۆستایان: کەریم شارەزا، عوسمان خۆشناو، نازم حەویزی، جگە لەو بەڕێزانە خەڵکی دیکەشمان لەگەڵدا بوون: بۆ نموونە مامۆستا عەبدولخالق عەلائەدین کە ئێستا لە (بەریتانیا)یە و هەردوو بەڕێزان: کەمال و سدیق عەبدولقادر کە لەبەر باری تەندروستیان وازیان هێناوە، خەریکی ئەو پرۆژەیەین، پرۆژەکە کتێبێکە بەناوی (مێژووی کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتیدا).

گوتم: بەو پێیەی لەو پرۆژەیەدا بەشدارن، حەزمان کرد نەختێ باسی مێژووی کۆنی ئەو شارەمان بۆ بکەیت؟

گوتی: لەو پرۆژەیەدا مێژووی کۆیەمان هەر لە پێش هاتنی ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ هێناوە، جا کۆیە وەک شارێکی دێرین خاوەنی مێژوویەکی زۆر کۆنە، لە دێرزەماندا کۆیە کاروانسەرا و سەرەڕێی قافڵەکان بووە، خاوەنی چەندین خان و تەکیە و خانەقا و گەرماو و مزگەوت و بازاڕی جۆراوجۆر بووە، جموجۆڵی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، زانستی، بازرگانی، ئابووری، ڕامیاری تێدابووە، زانا و شاعیر و بازرگان و سیاسی و هونەرمەند و دەنگخۆش و مەقامزانی گەورەی تێدا هەڵکەوتوون، جگە لەوە لە سەدەی ڕابردووشەوە، لە بیستەکانی ئەو سەدەیەوە کۆیە بەشداری چڕوپڕی لە بواری نیشتمانپەروەری و ڕامیاریدا هەبووە، زۆربەی پارتە سیاسییەکانی ئەوکاتە سەرەتا لە کۆیە دامەزراون، یانیش کۆیە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی لە دروستبوونیاندا گێڕاوە.

گوتم: مامۆستا بەو پێیەی خۆتان شاعیرن، دەکرێت هەر لە کۆنەوە ناوی شاعیرانی کۆیەمان بۆ بژمێریت؟

گوتی: حاجی قادری کۆیی، کەیفی جوانڕۆیی، قاسید، ئەختەر، جەنابی مەلای گەورەی کۆیە، محەمەد تۆفیق وردی، عاسی، عەونی، سافی هیرانی، حوسەینی، (مسکین - بە گەنجی مرد)، دلدار، دلزار، سامی عەودال، زەکی هەناری، ڕۆستەم حەویزی، عوسمان مستەفا خۆشناو، عەبدولڕەزاق بیمار، فازڵ شەوڕۆ، کەریم شارەزا، سەید برایم، جەلال جۆبار، کەمال غەمبار، قوبادی جەلیزادە، ئازاد دلزار، جەوادی حەمەد بەگ، ئارام سالح. جگە لەوانەی سەرەوە کەسایەتییەکی وەک مامۆستای کۆچکردوو (حەمەدەمینی مارفی کامەلای) لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لە ناو قوتابییاندا ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە، ئەو مامۆستا نەبەردە خۆی بە هەوڵی تاکە کەسی، خۆی فێری زمانەکانی ئینگلیزی و ڕووسی کردووە، شایانی گوتنە لە زمانی عەرەبیشدا وەک زمانی دایک پسپۆڕ بوو، دواتر بەرهەمی ئەدەبی لەو زمانانەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

کەسایەتییەکی وەک (حەمە زیاد ئاغا)ی کوڕی (حەماغای) کۆیە، کە ماوەیەک لەناو (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا جێگری سەرۆک بارزانی بوو، ئەمڕۆش (مام جەلال) کە سەرۆک کۆماری عێراقە، (عەلی عەبدوڵڵا) کە ماوەیەکی زۆر لە پارتیدا جێگری سەرۆک بارزانی بووە، جگە لەوانە ڕەحمەتی (عومەر دەبابە) و (کەریم تۆفیق) و هیتر بوونەتە کەسایەتی ناوداری کورد. مامۆستا (مەسعوود محەمەد) لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و هەڵوێستی کوردانەی و (عەلی مەولوود) کە کۆییەکی کۆمۆنیست بوو، ساڵی (١٩٧٤) لە ناو شۆڕشی ئەیلوولدا لەگەڵ دەیان کەسی نیشتمانپەروەری دی، بەر بۆردومانی فڕۆکەی دوژمن کەوت و شەهید بوو. خەڵکێکی زۆر لە کۆیە خزمەتیان بە کوردایەتی و هەتا عێراقیەتی کردووە، بۆ نموونە (بزووتنەوەی ئاشتی عێراق و جیهان) کاکەزیاد ئاغا و عەونی شاعیر و خەڵکی دیکەش تێیدا ئەندام بوون.

گوتم: کاک ئازاد عەبدولواحید لە کۆیە لە خزمانی بەساڵاچووی خۆیەوە زانیویەتی و بۆی باس کردووم ، ئەمین ئاغای ئەختەر زیاد لە (٢٠) ئەندامی کۆرسی لای خۆی لە دیوەخانەکەیدا هەبووە، لەناو ئەوانەدا ژنیش هەبوونە، ژیانیشیان لەسەر ئەختەر بووە، واتە بەرانبەر

بەو کارەیان وەک ئەندام لە کورسی دیوەخانەکەیدا بەخێوی کردوون، وەک گوتمان لە پرۆژەی کتێبی (مێژووی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتیشدا) بەشداریت، بێ شک لەوێشدا کەم تا زۆر باسی مێژووی گۆرانی و مەقام و ئەوانە کراوە، لەم ڕووەوە چی دەڵێیت؟

گوتی: ئەمین ئاغای ئەختەر ئەو کەسایەتییە بووە، حاجی قادری کۆیی لەو شیعرەیدا کە بۆ (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە)ی ناردووە، ناوی ئەختەری بە (ئەمینول دەولە) ناوزەد کردووە:

**ئەی موحەممەد وەی (ئەمینول دەولە) ئیمڕۆ کۆیی تۆ.**

ئەگەر کەسێک شایانی باسکردن نەبوبێت، حاجی قادر لە خت و خـۆڕایی، یان بۆ بەرژەوەندی ناوی نەهێناوە، دیارە وەک گوتت کاک ئازاد ئەو قسەیەی لە خزمانی بەسالاچووی خۆیەوە بیستووە و ڕەنگە بەڵگەشی بۆ ئەو قسەیەی هەبێت، ئەمین ئاغای ئەختەر وەک کوڕی بنەماڵەیەکی ناودار و دەست ڕۆیشتوو، هەروەها کوڕی پیاوێکی وەک حاجی بەکر ئاغای قاسید، هونەرە بۆ کەسێکی وا کە لە پلەوپایەیەکی ئاوا بەرزدا بووبێت، لە سەردەمێکی ئاوا کۆندا کە بەداخەوە ئەوکاتە هونەر بە چاوێکی نزم سەیرکراوە، هەموو کەسیش نەیوێراوە خۆی لە قەرەی بدات(١). کەچی ئەختەر نەک تەنیا بە دیوەخانەکەی چووبێتە پێش، بەڵکو خودی خۆی کە لەو هونەرەدا بالادەست بووە، لەمەشدا تەنیا بە هاندانی ئەو هونەرە نەوەستاوە، بەڵکو بەشداریشی تێدا کردووە، ئەختەر لەوەش زۆرتری لێ دەوەشێتەوە، ئەوەتانێ تا ئەمڕۆش باسی گۆرانی (شلەوخانان) دەکەن و وەک ئاواز و هۆنراوەی ئەختەری لە قەڵەم دەدەن، ڕەنگە لەم بارەیەوە من بیروبۆچوونی ترم هەبێت، بەڵام مایەی شانازییە کە ئاواز و هۆنراوەی (شلەوخانان) هی ئەویش نەبووبێت، ئەوە ئەختەر بووە، یان دیوەخانەکەی کە وەک پەیمانگە و کۆلێژی ئەمڕۆ بووە، هانی پەیدا بوون، یان هیچ نەبێ تەوش و تراش کردنی ئەو بەرهەمانەی داوە، من خۆم گومانم هەیە هۆنراوەی ئەو گۆرانییە هی ئەختەر بێت؟ چونکە خەڵکی کۆیە بۆ نموونە ناڵێن: (میرێ مە) بەڵکو دەڵێن (میری مە)! ئەوەی یەکەمیان بە دانانی (حەوتی) سەر (یای) (میرێ) ئەوە دیالێکتی ناوچەی (خۆشناوەتییە)، ڕەنگە لە سەردەمێکی دواتر ئەو (ێ)یە زیاد کرابێت، یان گۆرانییەکە هی سەردەمی زۆر کۆن بێت و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێت(٢)، بەدووری نابینم ئەو گۆرانییە لە موکریانەوە بەرەو ئێرە هاتبێت، یان بە پێچەوانەوە، بەڵام دیسان دەڵێم شانازییە بۆ ئەختەر کە ئەو ئاوازە و دەیانی دی نوێ کردبێتەوە لە لایەک و لە لایەکی دی هانی دەستەیەک بەهرەمەند و مەقامزان و گۆرانیبێژ و غەزەل و مەقامخوانی داوە، شەوانە لە دیوەخانەکەیدا کۆببنەوە و چالاکی هونەری بنوێنن و ئەو بەرهەمە ڕەسەنانەش سەرلەنوێ دابڕێژنەوە.

گوتم: ئەی مامۆستا مەسعوود محەمەد؟

گوتی: کاک مەسعوود کەسێکی زۆر بلیمەت بووە، بیری بۆ هەندێ شت چووە، مایەی سەرسوڕمانە! بۆ نموونە کاتێک باسی (گەرماوی پیسکان لە کۆیە) دەکات، دەڵێت: (ماقووڵ نییە خەڵکی کۆیە لەو سەردەمە کۆنانەدا گەرماوێکی ئاوایان لە سەر ڕۆخی شاردا دروست کردبێت، کە دیارە ژن و کچ و خوشک و دایکیان بۆ ئەوێ چوونە، کە شوێنێکی چۆڵە، بگرە ئەوکاتە .... ئەمە قسەی کاک مەسعوودە: ئەو گەرماوە لە ناوەڕاستی شاردا بووە.)

ئەو بەڵگەیەی کاک مەسعوود سادە و ساکارە، بەڵام زۆر زیرەکانەیە، ویستوویەتی بڵێ شارەکە لە کۆندا زۆر لە ئەمڕۆ گەورەتر بووە.

گوتم: ئەو گۆرانییە تایبەتمەندانەی کۆیەی وەک (ئاهویار، شلەوخانان، دەماغم وەزنە، بازان باز قەتار، لەو کوڵبەیی ئەحزانە، دیسان بارانە، سام سام، بۆ فریبی ئاشقان، مەلا بانگدان....تاد) بۆ لە شارەکانی وەک هەولێر، یان کەرکووک(٣) بوونیان نییە؟

گوتی: من لایەنی (جیۆگرافی) وەردەگرم و لایەنی هونەری بۆ ئێوە جێ دێڵم، من حەز لە گۆرانی دەکەم، بەڵام لێی نازانم، بەڵکو تەنیا گوێگرم. کۆیە مەڵبەند و سەرەڕێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بووە، بە تایبەتی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، خەڵکی ئەوێ بۆ ئێرە و هی ئێرەش بۆ ئەوێ چوونە، بۆیە بەو پێیە ئەو گۆرانی و مەقام و بەرهەمی دیکەی ئەم بوارە کە لە کۆیە هەبووە، فێریان بوونە و لەگەڵ خۆیاندا بردوویانەتەوە، بە پێچەوانەشەوە خەڵکی ئێرە لەو سەفەرانەیاندا بۆ ئەوێ شتیان لێ فێر بوونە و لەگەڵ خۆدا بۆ ئێرەیان هێناوەتەوە، بە تایبەتی لە (مەهاباد، سەردەشت، سنە، موکریان بە گشتی)، مەبەست ئەوەیە هونەر و ڕۆشنبیری و زۆر شتی دیکەیان لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانەدا ئاڵوگۆڕ کردووە.

گوتم: سەردەمی منداڵیت لە کۆیە چیت بیر ماوە؟ مەبەستمان گۆرانی و مەقام و بەرهەمی هونەرییە؟

گوتی: لە چلەکاندا (ڕادیۆ) هەبوو، خەڵکی زۆر گوێیان دەدایە، بە تایبەتی گوتنەکانی (عەلی مەردان) و (تایەر تۆفیق)، بۆ نموونە گۆرانییەکانی وەک: هەی ئاغەوئاغەو ئاغە، ئامینێ و نازەنینێ، ساقی دەروێشان، بزمارە و بزمارە، جگە لەوانە لە کۆیە ئەو سەردەمە هەندێ گۆرانی تورکیش دەگوتران(٤). جگە لەوانەی

باس کران مەقامەکانی (سێوە) و (مەلا ئەسعەد)یش هەبوون.
گوتم: ئەو سروودانەی سەردەمی قوتابخانەی سەرەتایی چی بوون، کە لە قوتابخانەکانی کۆیەدا دەگوترانەوە؟
گوتی: من ساڵی (١٩٣٩) لە قوتابخانەی (ئولا) لەکۆیە لە پۆلی یەکی سەرەتاییدا وەرگیراوم، لە بیرمە بەیانییان لە کاتی ڕیز بووندا سروودمان دەگوت، مامۆستایان: سابیر ئیسماعیل، حەمەدەمینی مارفی کامەلای، عوسمان حەسەن، مەجیدی شێخ نووری، شایانی باسە محەمەد تۆفیق وردی مامۆستامان نەبوو، ئەوکاتە قوتابی قوتابخانەی ئامادەکردنی مامۆستایان بوو لە بەغدا، هەروەها مستەفا خۆشناو ئەویش مامۆستامان نەبوو، جا ئەوانە دەهاتنە ناو پۆلەکان و لە قوتابییانیان دەپرسی: تۆ کە لە قوتابخانە دەرچوویت دەتەوێت ببیت بە چی؟ لە بیرمە (محەمەد تۆفیق وردی) سەرەتا سروودێکی فێرکردین بە ناوی (کەزی زیوی)، یان (کەزی زێڕی) بوو، وردی کەسێکی سوورەی قژ زەرد بوو، دەنگی خۆش بوو، زۆرمان خۆش دەویست! دواتر هەر وردی سروودی دیکەشی فێرکردین.
گوتم: مامۆستا ئەدی هونەرمەند (جەلال حەوێز) کە هەردوو مامۆستایان (کەریم شارەزا) و (باکووری) باسی دەکەن و وەکو یەکەم مامۆستا لە شاری کۆیەدا، کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەو شارەدا بە یارمەتی ئامێرێکی موزیکەوە، هەر لە یەکەم دامەزراندنییەوە، لە قوتابخانەی (ئولا)ی سەرەتایی کۆیەدا لە ساڵی (١٩٣٠)یەوە، قوتابییانی بە یارمەتی ئامێری موزیکەوە فێری سروود کردووە؟ ئەمە بەر لەو ساڵەی جەنابتان بۆ یەکەمین جار بچنە قوتابخانەوە؟
گوتی: ئەوکاتە واتە ساڵی (١٩٣٩) من بەوە ڕانەگەیشتم، ئەو کاتەی من بۆ قوتابخانەی ئولا چووم، ئەو مامۆستایە لەوێ نەمابوو.
گوتم: ناوی هەندێ لەو سروودانەی ئەوکاتەتان بیرنەماوە؟
گوتی: تا دەست لە مل هیوا نەکەم، دەمی ڕاپەڕینە، ئەی کوردینە ئەی مەردینە.
گوتم: مامۆستا ئەگەر بیرت مابێت، ئەوکاتە لە کۆیە لە چ بۆنەیەکدا گۆرانی یا مەقام و غەزەل دەگوتران؟
گوتی: لە کاتی جیاجیادا بۆ نموونە لەکاتی بووک گواستنەوە کەسانی وەک: تایەر تۆفیق، باقی سەرتاش، حەمەدەمین عەباس، لەسەر سوانده، یان سەربانی ماڵی زاوا، لەسەر دەرگای ماڵی زاوای دەوەستان و کاتێک کەژاوەی بووک بە پێیان و هەندێک جاریش بە سواری نزیک دەبووەوە، گۆرانی (لەبەر نازی چاوبازان)یان دەگوت. بۆنەی تر کە گۆرانی و غەزەلی تێدا گوتراوە، لە کاتی مەولوودان و لە سەیرانان و بە تایبەتی لە (جەژنی نەورۆز)دا گۆرانی و سروود دەگوترا، شایی دەگەڕا، شانۆگەری ئامادە دەکرا، لە کاتی شین و پرسەشدا ژنان لاواندنەوەی جوانەمەرگ و کەسایەتی ناودار و ئاغا و دەسەڵاتدارانیان دەکرد.
گوتم: دەربارەی گرووپی باوکم (ئەحمەدی حەمە مەلا) و هاوەڵانی هیچت بیر ماوە؟(٥)
گوتی: باوکت و کاک عومەر عەبدوڵڵا و کاک عەونی شاعیر و مام ساڵحی ڕیخەڵۆک و هەندێ جار حەمە سەرەخۆرەش و هەندێ جاری دی خەڵکی دیکەش، جا ئەوانە دەچوون لە جێگەی تایبەتی دەیانخواردەوە و گۆرانییان دەگوت، گەلێ جار (سێوە)شیان بۆ ئەو دانیشتنە تایبەتیانە داوەت دەکرد. ئەوانە لە کۆیە ناونرابوون تاقمی (مونەوەر - ڕووناکبیر) یەکەم کەسانێک بوون لە کۆیە وشەی (ڕۆژباش) و (بەیانی و شەوباش) و ئەوانەیان لە جیاتی (سەلام) بەکارهێنا، دەچوونە سەیرانگەکانی کۆیەی وەک: گۆمی کەونە پردێ، گەرمووکێ، سەروچاوی حەمامۆکێ، ناو ڕەزەکانی شەمە و ئەوانی (سەرتەمتەمان)، بن دار زەیتوونەکانی گوندی (هەرمۆتە)، شاخی مشکە، کانیلە، ئۆمەرخوچان.. تاد. لە عەسرەوە تا درەنگانی شەو کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕامیاری بە دەم مەینۆشییەوە، ڕەنگە مەینۆشییەکەیان بۆ ئەوە بووبێ کەس شوبهەی سیاسەتیان لێ نەکات! من دەزانم (شیرین بەهارە) پێش تایەر تۆفیق باوکت بەو ئاوازە گوتوویەتی. بەڕای مامۆستا ئاسنگەر ئەو تاقم و گرووپانەی کۆیە ڕۆڵیان هەبووە لەوەی نەیانهێشتووە، ئەو گۆرانی و غەزەل و مەقامە تایبەتمەندانەی کۆیە بزربن، یان لەبیر بچنەوە!
گوتم: قەت ڕوویداوە لای باوکم و هاوەڵانی دانیشیت؟
گوتی: بەڵێ زیاد لە جارێک لایان دانیشتووم، من وەکو قوتابییەک لایان دانیشتووم، لە دوو سەرەوە پێوەندیم پێیانەوە هەبووە، یەکەم وەک خزمایەتی، دووەم وەک بیروباوەڕیش لێیان نزیک بووم، لە ڕاستیدا زۆر شتیان لێوە فێربووم، وەک: کوردایەتی، سیاسەت، ئەخلاق.
گوتم: شایی لە کۆیە چۆن بەڕێوە دەچوو؟
گوتی: بە دەهۆڵ و زوڕنا و هەندێ جاریش بە گوتنی شایەران، شایی جاران حەفت شەو و حەفت ڕۆژی دەخایاند! مامۆستا ئاسنگەر لێرانەدا شتێکی کەوتەوە بیر و گوتی: باکووری هەندێ گۆرانی خۆی لەو دۆمە شایەرانە وەرگرتووە، ئەو کاتەی دۆم هاتبوون لە ناو

شاییدا گۆرانییان دەگوت، بۆ نموونە گۆرانی:

**(ئەی مەلەنگێن مەلەنگێن مەلەنگێنە - سووک برۆ گوارەکانت مەلەرزێنە)**

دیارە باکووری دوای مۆسیقا بۆ زیادکردن و جوانکاری ئەو گۆرانییەی ئەوانی بە دەنگی خۆی لە ئێزگەی کوردی لە بەغدا تۆمار کرد.

گوتم: مامۆستا لە بیرمە سەردەمی منداڵیم لە کۆیە لەو گۆڕەپانەی بەردەمی مزگەوتی (مەلا مەعسووم) دارێک دەچەقێنراو گڵۆپی پێوە دەکرا و پیاو و ژن و منداڵ و پیر لەوێ کۆدەبوونەوە، شایی (فەقێکان) بە بۆنەی (ئیجازە) واتە بوونیان بە مەلا و (بڕوانامە) وەرگرتنیان دەگەڕاو تۆز بەری ئاسمانی دەگرت. ئایا ئەوکاتە لە تەکییەکاندا مەقام و غەزەل گوتراوە؟

گوتی: لە تەکییەکاندا بە تایبەتی ئەو ڕۆژانەی زیکر هەبوو، ستایش و غەزەل بە تێکستی ئایینی و گۆرانیش گوتراوە. جگە لەوە لە بیرمە کاتێک (کەبار) دەکرا لە مزگەوتی گەورەی کۆیە، بەتایبەتی بەیانیان پێش بانگدان، هەستی گوێگرانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە دەنگخۆش بوایە.

گوتم: سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵیت لە کۆیە چەند جۆرە ئامێری موزیکت دیوە؟

گوتی: دەفم لە دەست شێخەکان و لە مەولوودان دیوە، هەروەها کەسێکی دی بەناوی (سمایل سەرما بردوو) دەهاتە کۆیە دەفزەن بوو. شمشاڵی قەمیش و دواتر ئاسنم دیوە، زوڕنای عەزیز زەینەل و دەهۆڵی حەمە عەبۆشم دیوە.

گوتم: پێت گوتین هونەرمەندی شاری کۆیەی دێرین عوودژەن (جەلال حەوێز)ت لە قوتابخانە نەدیوە؟ ئایا لە کۆیە لە بۆنەی تریشدا ئەو هونەرمەندەت نەدیوە؟

گوتی: پێش جەلال حەوێز و باکووری و ئەوانە کەسێکی دی هەبوو لە کۆیە، بەناوی (سەید حوسێنی سەید ئەمینی) باوکی (عەلائەدین و دڵشاد) و ئەوان ئامێری (عوود)یان هەبوو، لە چلەکاندا(٦) (حسامەدین شەعب) دەچووە لای تا لێی فێربێت، مەحموود ئاغای کاکە زیاد ئاغاش ماوەیەک هاتوچۆی ماڵی بۆ هەمان مەبەست دەکردن، ئەوکاتە جارێ کۆیە جادە و شەقام و ئەوانەی بۆ نەبڕابوو، ماڵیان لە گەڕەکی (بایزئاغا) بوو، لەو شەقامەی ئەمڕۆ لە چوارڕیانی پەیکەری (حاجی قادری کۆیی) کە بۆ سەر ڕەزان دەچێت، ماڵیان لە ناوەڕاستی ئەم شەقامەدا بوو، لە پشت تەکیەی تاڵەبانی بوو، لە وەڵامی پرسیارێکی من گوتی: نەمدیوە ئەو سەید حوسێنە لە دەرەوەی ماڵەکەیان عوود بژەنێت! لەوەڵامی پرسیارێکی تردا گوتی: وا بزانم سەید حوسێن کاتێک لەگەڵ (عەبدولواحید حاجی ئاغا مستەفا) و ئەوان بۆ (تورکیا) بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئەفسەری چوونە، لەوێ فێرە ژەنینی ئەم ئامێرانە بووە، سەید حوسێن کەسێکی سوورەی موو زەرد بوو.

**پەراوێزەکان:**

**(١) ئەختەر لەو سەردەمە تاریک و نووتەکانەدا، لە ناو کۆمەڵگەیەکی داخراوی نەخوێندەواردا، دیوەخانی خۆی وەک یانەیەکی ئەمڕۆ، یان مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری هونەر و گۆرانی و مەقام فێربوون، یان سەنتەرێک، یانیش وەک پەیمانگە و ئەکادیمیای ئەمڕۆ لێکردووە و بەهرەمەندانی ئەو بوارەی لە شوێنێکدا کۆکردوونەتەوە و دەرسی داون و دەستی گرتوون و نانی هەندێکیشیانی داوە.**

**(٢) من وەک ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر و هەم دەستەی بەڕێوەبەری (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە)، چ وەک ئاوازدانەر و موزیکژەنی ئەو تیپە، ئەوەش وەک پاڵپشتی بۆ ئەو ڕایەی مامۆستا ئاسنگەر دەڵێم: لە حەفتاکاندا کاتێک گۆرانی (شلەوخانان) لەلایەن هونەرمەند (زاهیر محەمەد)ەوە ئامادەکرا و دواتر بە هاوکاری تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەوە بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکرا، لەو شوێنەی هۆنراوەی ئەو گۆرانییە کە دەڵێ: (هەو هەوێ میرێ مە) کە مەبەست لەو دێرەش ئەوەیە: هەر کاتێک میر لە ڕاووشکار گەڕابێتەوە و بەرەوشوێنێک هاتبێت، جارێ لە پێشەوە (هەوە هەوی) توولە و تاژی و سەگەکانی میر و دەستەی سوارانی هاتوونەتە بەر گوێی خەڵکی ئەو ناوچانە! جا کاک (زاهیر محەمەد) کاتێک ئەو (شلەوخانان)ەی بۆ تەلەفزیۆن ئامادە کردبوو، وشەی (هەو)ی یەکەمی لەو بەیتەدا فڕێدا بوو، واتە لە جیاتی ئەو دێرەی سەرەوە کرابوو بە: (هەوێ میرێ مە!)گوایە بۆ (ڕەزم) گونجاندن ئەمەی کردووە. ئەم کارە هەمووی (٣٠) ساڵێکە و لەوانەیە نەوەی ئەمڕۆ وابزانێت (شلەوخانان) لە ئەسڵەوە بەو شێوەیە بووە کە دەسکاری کراوە! جا ئەگەر ئەو ماوەیە چەند سەدەیەک بێت، دەبێ چی بەسەر ئەو گۆرانییەدا، یان ئەوانی دیکەی ناوچەی کۆیەدا هاتبێت؟**

**(٣) ئەو کاتەی ئێمە باسی لێوە دەکەین جارێ شاری سلێمانی هێشتا بنیاد نەنراوە.**


**(٤) دیارە مامۆستا ئاسنگەر مەبەستی ئاوازەکانە، کە هۆنراوەی کوردییان بە بەردا بڕاوە.**

**(٦) لە چاوپێکەوتنێکدا خاڵە (حەمە ڕەشیدی شیرزادی) بۆی باس کردم، کە ئەوانیش وەک باوکم و ئەوان لەو جۆرە گرووپەیان هەبووە، جگە لە خۆی (ڕەسووڵ و مەحموودی فەقێ) و خەڵکی تر بوونە. مامۆستا ئاسنگەریش باسی تاقمی (حەمەدەمینی عەباس و باقی سەرتاش) و ئەوانەی هەر لە کۆیە کرد، خۆشم تاقمێکی ترم لەیادە کە زۆر نزیک شار، بگرە جاری وایە لە ناوشار دادەنیشتن و دەیانخواردەوە و مەیان دەنۆشی، ئەندامانی ئەو تاقمە بریتی بوون لە: عومەری حاجی کاکەمینی، جەلەی قالە بزنی، غەفوورە و هەندێک جار مامۆستا فارووقی جەنابی مەلای، بەڵام ئەوانەی دوایی نەمبیستووە دەخلیان بە سیاسەت و نیشتمانپەروەرییەوە هەبووبێت.**

**(٦) بەڵام وەک مامۆستا (کەریم شارەزا) باسی کردووە، هونەرمەند و مامۆستای عوودژەن (جەلال حەوێز) هەر لە ساڵی (١٩٣٠)یەوە، لە گەڵ یەکەم دامەزراندنییەوە لە قوتابخانەی (ئولا) قوتابیانی بە یارمەتی ئامێری (عوود)ەوە فێرە گوتنی (سروود) کردووە. کەواتە دەبێ ئەمەیان کۆنتر بێت لە (سەید حوسێن) کە مامۆستا ئاسنگەر دەڵێ لە (سییەکان و چلەکان)دا لە کۆیە لە ماڵەوە عوودی ژەنیوە.**

# ڕێگا دوورەکانی چاومان

**سەباح ڕەنجدەر**



جەلالی میرزا کەریم لە قۆناخی حەفتایەکانی شیعری کوردیدا گوڕێکی بەخشندە بوو. ئەوەی لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا خەسڵەتێکی بەهێز و دیارە و سەرنج قووڵ دەکاتەوە؛ کەم و دەگمەن سەروا دەمێنێت. بەچوونە ناویەکی ئیقاعی گەرم و ڕەگەزە بنیادنەرەکانی زمان مۆسیقایەک دادەهێنێت خوڕ و سەرپەڕتر لە تەواوی مۆسیقای شیعری کوردی. ئاوازێکی بەجۆش بەسەر ڕۆحی وێنەکاندا دەڕێژێت. ڕۆحەکان دەجمێن و ئامادە دەبن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و نیشتەجێ بوون لە ماڵی شیعر و واقیعی زیندوو. مۆسیقاش هاوسەنگ دەبێت بە واتا.

وێنە و تۆڕی چاو توانای فراوانبوونەوەیەکی کاریگەریان لێ پەیدادەبێت و دێتە ڕوو بۆ بەکارخستنی زمان و دیارخستنی واتا و سەقامگیرکردنی وێنە لە هەندێک باردا و ناسەقامگیرکردنی لە هەندێک باری دیکەدا.

لەلایەنی مۆسیقا و ئاوازی شیعرییەوە بلیمەتێکە بێ هاوتا. بینینێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ دۆخگۆڕین و جوانناسی ژیان پێشکێش کردووین. لەسەر هێڵی شیعرەوە دێت و لەناو ژیان نیشتەجێ دەبێت، ئاڵوگۆڕی هەستەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا دەکات و دەیانهێنێتەوە ناو بوونی خۆی. لە هێڵی ژیانیشەوە شیعر بەچنینێکی کارامەوە پەیامدار دەکات بەهونەر و نەریتی هەستیار و جوان، بەڵام لەلایەنی واتا و تێگەیشتنەوە تا ڕادەی ساکارییەکی دوو دیوی هونەری و پڕ ئەفسوون، ڕوونێکی لە خشتە بەرە. بەردەوام لە بارێکەوە دەتگوازێتەوە بارێکی دیکەوە. نێوانی بارەکانیش دەخاتە بەر پێوانە و نیشان، وەک خاڵێکی ناوەند بیر و هەستی لەسەر دەگیرسێنێتەوە و گەمە زمانییەکانی خۆی تێدا بەکاردەخات. گفتوگۆی ڕۆژ وەک

بەکارهاتوویەکی ئەندازەیی بەبێ کەم و زیاد بەکاردەهێنێ و توانا زەینییەکانی خۆی تێدا نیشان دەدا، هەروەها دەچێتە ناو قەوارەی زاندراوی کولتوور و مێژوو بۆ دۆزینەوەی خەیاڵ و پڕ وزەکردنی زمانی هەستیارکراو بەشیعرییەت. تێگەیشتنیشمان بۆ چالاکبوونی ژیان لە واقیعی زیندوو توندوتۆڵ دەکاتەوە و ئاماژە دەدات لێی بکۆڵینەوە و تێی بگەین. ئەوجا لەناو واقیعی زیندوو ببین بە کەس و کەسایەتی کارا و دۆخگۆڕ لە بارە جوانناسییەکاندا.

(ڕێگا دوورەکانی چاومان)، ناوونیشانی کتێبێکی شیعریی (جەلالی میرزا کەریم)ە. ساڵی (١٩٩٢) لە دوو تویی (١٤٥) لاپەڕەدا بەشێوەیەکی سەرەتایی و هەژارانە لە سلێمانی چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (ڕازەکانی هەفتە، تەمەن، نەخشەی خەونەکان، لە کوێم، پێشکەشە بەو شۆڕشگێڕانەی هێشتا نەمدیون، ئاوێنەی هیوایەکی سەرهەڵگرتوو، ڕێگا دوورەکانی چاومان، تێگەیشتنی یادگارییەکان، وەرزەکان، دووری، زەماوەندی باوەش پیاکردنەوە، ڕۆژگارە سەرگەردانەکان، ڕێگا، وەرام، هەنگاوی زام، هەڵوێست، نەورۆزی خۆزگە، گەشتە هەڵوێست، ناوونیشانی یادێکی کۆچکردوو، حەزنامەیەکی ئاوارە، چرپەی ژانێکی نوقم بوو، سەرەتای حەیرانی تەمەنمان، گریە شیعر، هاوڕێ، لە خەمی هەڵەبجەی ژاردا، پەیامەژێ.)

**ڕازەکانی هەفتە**

**دڵداری**

**من لە وانەی دڵداریدا**
**لە دوا ڕیزی قوتابییەکانی پۆلا**
**بووم**
**چونکە تەنیا لەگەڵ ژانی**
**ئاوارەیی خۆشەویستەکەی خۆما**
**بووم**

**نهێنی**

**ئەزانن من پاسەپۆرتی**
**ڕەشکراوەی فرمێسکم لە**
**گیرفاندایە**
**یەک یەک ئێستگەکان جێ دێڵم**
**بەبێ ئەوەی بزانن چی لە دڵمدایە**

**شەرم**

**بە ڕێکەوت کە لە ڕێگادا تۆ**
**ئەبینم**
**شیعرەکانم شەرمەزارن**
**کە ناتبینم**
**چاوەکانی بینینەوەی وشەکانم هەر**
**بێدارن**

**نیشتمان**

**کە هەست لەناو ئاگری دوور**
**وڵاتیدا**
**ڕازەکانم ئەسووتێنێ**
**بەهاری ڕێ گوڵی دەنگم**
**لە پاییزی بەستەکانمدا ئەپروێنێ**

**پەشیمانی**

**دڵدارەکەم چەقۆی ڕقی زیزبوونی**
**خۆی**
**بست بست بەناو گیانمدا گەڕاند**
**هەتا لەناو پەڕەی دڵمدا**
**لە خوێنی خۆی دەریای پەشیمانی**
**هەستاند**

**دڵ**

**من ئێستا کە لە دڵ دوورم نازانم**
**هەم**
**یان ڕێگای نەمان ئەگرم**
**کامتان لە دڵتان نزیکن**
**ئاشکرای کەن تا دەستتان لەگەڵدا**
**بگرم**

**شۆڕش**


**ئەتانەوی من بناسن**
**من عاشقی ڕێگایەکم مەرگی تیا**
**بێ**
**کە هەڵوێست مرد بۆچی نابێ**
**دەروون شیعری شۆڕشێکی تری**
**تیا بێ**

شاعیرانی حەفتایەکان وەک سەرەتایان بەبێ هیچ دەرهاوێشتەیەک هەموویان سوودمەند بوونە لە ڕووبەری بیندراوی ئەم شاعیرە. دەکرێت وەک (دیاردە) و (دامەزرێنەر)ی ماوەیەکی دیاریکراو (١٩٧٠-١٩٧٥) ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردی کاری زانستیانەی خۆی لەسەر بکات و کارایی و کاریگەری لەسەر شاعیرانی دەوروبەری دیاری بکات، بەڵام دوای ئەو ماوە دیاریکراوە ئەزموونی بەرەو کزی دەڕوات تا ڕادەی لە کورتیدان و شکست هێنان.

# کتێبی ڕۆژی کوردی لە مێژوودا و چەند تێبینییەک

**کەریم شارەزا**

ڕۆژی کوردی لە مێژوودا کتێبێکی بە نرخی کاک(حەمید گەردی)یە و وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و ڕۆژنامەگەری و دابەشکردن و بڵاوکردنەوە- لە هەولێر لەساڵی ٢٠٠٥دا بە چاپی گەیاندووە. دەکەوێتە **٢٦٣** لاپەڕەی قەبارە گەورە و نووسەر لە نووسین و کۆکردنەوەی هەواڵی ڕووداوەکانی پشتی بە گەلێک سەرچاوەی مێژوویی و ڕۆژنامەگەریی کوردی بەستووە و کتێبێکی بە کەڵکی بەرهەم هێناوە و شیاوی خوێندنەوە و سوود لێ وەرگرتنە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەی کە داویەتی کتێبەکەی بەبێ ناتەواوی دەربچێت، هەندێ هەڵە و بەسەرچوونێکی هاتۆتەڕێ، لێرەدا هەوڵی ڕاستکردنەوەیان دەدەم تاکو خوا یاربێ لە چاپی دووەمی کتێبەکەیدا بە دروستی بخرێنەوەڕوو و ئەمانەش چەند تێبینیەکن لە بارەی ڕووداوە سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی نێو کتێبەکە:




**تێبینیەکان:**

* نووسەر لە ڕووداوەکانی ڕۆژی ١٥١٥/١/١دا نووسیویەتی: [لویسی شازدەهەم پاشای خۆشەویستی فەرەنسا کە بە (باوکی میللەت) بەناوبانگ بوو کۆچی دوایی کرد.] ل(١١).

ڕاستییەکەی ئەوەیە بڵێ (لویسی دوازدەهەم کە ناونرابوو بە (باوکی میللەت) لە ساڵی ١٥١٥دا کۆچی دوایی کردووە، کەچی لویسی شازدەهەم بۆ میللەتەکەی خراپترین شای فەرەنسا بووە و میللەتەکەی لە ١٤ی تەمووزی **١٧٨٩**دا شۆڕشیان لە دژی کردووە و لەساڵی **١٧٩٣**دا خۆی و ماری ئەنتوانێتی هاوسەری بە گلۆتین سەریان پەڕێنراوە.

* نووسەر لە لاپەڕە (١١)دا نووسیویەتی: [بە فەرمانی سەرۆک کۆماری عێراق عەبدولکەریم قاسم مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی

١٩٦٠/١/٦دا درا...]

لە ڕاستیدا دەبێ ئەو هەڵەیە ڕاست بکەمەوە کە دەڵێ عەبدولکەریم قاسم سەرۆک کۆماری عیراق بووە، بەڵکو سەرۆک وەزیران و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان بووە و لە جیاتی سەرۆک کۆمار ئەنجوومەنی سیادە هەبووە و پێکهاتبوو لە:

١- محەمەد نەجیب ڕوبێعی (عەرەب) سەرۆک.

٢- محەمەد مەهدی کوبە (عەرەب) ئەندام.

٣-خالید نەقشبەندی (کورد) ئەندام.

* لە لاپەڕە (١٧)دا هاتووە [لە ڕۆژی ٨/ ١/ ١٩٢٤دا زاری کرمانجی (گۆڤار) بڵاوبۆتەوە] لە ڕاستیدا لەو مێژووەدا حوزنی موکریانی خاوەنی گۆڤارەکە جارێ لە شاری (حەڵەب)ی وڵاتی شام بووە و هێشتا نەگەڕابووەوە کوردستان. بۆ ساڵی ١٩٢٥ گەیشتە ڕەواندز و لە ڕۆژی ١٩٢٦/٥/٢٥دا یەکەمین ژمارەی لێ دەرکرد [بڕوانە ژمارە (یەکی)ی گۆڤاری زاری کرمانجی] ئەوەی شیاوی گوتنیشە نووسەر خۆیشی لە لاپەڕە (١٤٥)دا بەڕاستی نووسیویەتی لە ١٩٢٦/٥/٢٥ یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکە دەرچووە. نازانم بۆ هەر جارە ڕۆژ و مانگ و ساڵێکی جیاوازی بۆ داناوە؟

* لە لاپەڕە (٣٠)دا هاتووە: [لە ١٩٤٧/١/٢١ دوا یەکگەیشتنی بارزانیی نەمر و عەبدولکەریم قاسم لە بەغدا] کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە بڵێ لەو ڕۆژ و مانگە و لە ساڵی ١٩٦١دا دوا بەیەکگەیشتنیان بووە، چونکە لە ساڵی ١٩٤٧دا جارێ لە ئێران بووە و بیری لە چوونە وڵاتی سۆڤیەت کردووەتەوەو دوای ١١ ساڵ و نیو ئینجا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ڕووی داوە و عەبدولکەریم هاتووەتە سەر شانۆی حوکم و سیاسەت.

* لە لاپەڕە (٤٤)دا هاتووە [١٨٠٩/٢/١٢ لە دایکبووونی نووسەری بەناوبانگی جیهانی دکتۆر (چارلز دارڤین)ە و لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٢دا کۆچی دوایی کردووە].

کەچی لە ڕاستیدا [چارلس داروین] زانایەکی سروشتی ئینگلیز بوو نەک نووسەری بەناوبانگی جیهان و خاوەنی تیۆری [پەرەسەندنی ڕەگەزی زیندووە] کە ناونراوە بە (داروینیزم) و ڕاستە لە ساڵی ١٨٠٩دا لە دایک بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨دا نەمردووە، بەڵکو لە ساڵی ١٨٨٢دا لە تەمەنی (٧٣) ساڵی نەک لە تەمەنی ١٧٩ ساڵیدا وەک لە کتێبەکەدا هاتووە!!

«بڕوانە- المنجد في اللغة والاعلام»

* لە لاپەڕە (٤٥)دا هاتووە [١٩١٢/٢/١٢ دامەزراندنی کۆماری چینی کۆمۆنیست] وا ڕاستە بڵێ: [دامەزراندنی چینی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی پێشەوای چین (سن یات سن). کەچی چینی میللی کە بە کۆمونیست ناو دەبرێ لە ١٩٤٩/١١/١دا بە سەرۆکایەتی ماوتسی تۆنگ دامەزراوە.

«بڕوانە- المنجد في اللغة والأعلام- ط ١٧، ص٥١٨»

* لە لاپەڕە (٤٦)دا هاتووە [(سکرتێری حزبی شیوعی عیراق یووسف سەلمان) لە ١٩٢٥/٢/١٤دا لە سێدارە دراوە] کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ١٩٤٩/٢/١٤دا لە سێدارەدراوە و لە ساڵی ١٩٢٥دا جارێ حیزبی شیوعی عیراق دانەمەزرابوو، لە ١٩٣٤/٣/٣١دامەزرا.

* لە لاپەڕە (٦٥)دا نووسراوە [لە ١٩٤٦/٣/٨ پیلانی عەبدولوەهاب شەواف لە مووسڵ بە مەبەستی دەستەڵات بە دەست گرتن جێبەجێ کرا.]

لە ڕاستیدا ئەو پیلانەی لە ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٨دا دەستی پێکرد و بۆ ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٩ لەناوبرا و شەواف کوژرا. سەیر لەوەدایە لە لاپەڕە (٦٦)دا نووسەر ئەم هەواڵەی بەڕاست و دروستی نووسیوە. دەبوایە هەواڵی یەکەم بسڕێتەوە.

* لەلاپەڕە (٦٩)دا هاتووە [لە ١٩٥٧/٣/١٢دا کۆچی دوایی عەبدولجەبار ئاغای (کانی)ی شاعیر] کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە وەک لە دیوانەکەیدا نووسراوە لە ١٢/ مایسی/١٩٥٧دا کۆچی دوایی کردووە و خۆیشی لە لاپەڕە (١٣٠)دا نووسیویەتی لە ١٩٥٧/٥/١٢ کۆچی دوایی کردووە، دەبوایە هەواڵی یەکەم بسڕێتەوە.

* لە لاپەڕە (٧٢)دا نووسراوە [١٩٨٥/٣/١٤ کۆچی دوایی شاعیری کورد (حیلمی) کە ئەمە ڕاست و تەواوە، بەڵام چووە وێنەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەگەڵدا بڵاوکردۆتەوە کە ئەمەیان هەڵەیە.

* لە لاپەڕە (٧٣)دا هاتووە [١٩٣٢/٣/١٥ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (هاوار) لە دیمەشق] کەچی

هەر خۆی لە لاپەڕە (١٣٤)دا نووسیویەتی لە ڕۆژی ١٩٣٢/٥/١٥ یەکەم ژمارەی (هاوار) لە لایەن (ئەمین جەلادەت بەدرخان) لە شاری دیمەشق دەرچووە، کە ئەمەیان ڕاستە و هەواڵی یەکەم هەڵەیە و ناوی خاوەنەکەشی (میر جەلادەت بەدرخان)بووە نەک (ئەمین) کە ناوی باوکی بووە و پێی گوتراوە (ئەمین عالی بەدرخان).

* لە لاپەڕە (٨٤)دا هاتووە [لە ١٩١٤/٣/٢٤دا شێخ مەحموودی نەمر سلێمانی بەجێ دێڵێ و خەزێنە و سوپای خۆی لەگەڵ خۆی دەبات و دەچێتە ئەشکەوتی سوورداش] کەچی لە ڕاستیدا شێخ مەحموود لە سەرەتای ئاداری ١٩٢٣دا چووەتە ئەشکەوتی (جاسەنە) لە چیای سوورداش و لە ڕۆژی ١٩٢٣/٣/٨دا ڕۆژنامەی (بانگی حەق)ی لەو ئەشکەوتەدا دەرچوواندووە، چونکە لە ساڵی ١٩١٤دا تازە جەنگی یەکەمی جیهانی لە مانگی ئابەوە دەستی پێ کردبوو و شێخ مەحموودیش هیچ ڕاپەڕینێکی بەرپا نەکردبوو.

* لە لاپەڕە (٩١)دا هاتووە [١٩٢٣/٤/١ بڕیاری بوونی هەولێر بە پارێزگا و جیابوونەوەی لە پارێزگای کەرکووک]. کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ڕۆژی (١٩١٩/١١/١)ەوە قەزای هەولێر لە پارێزگای مووسڵ جیا کرایەوە نەک لە پارێزگای کەرکووک و قەزاکانی کۆیە و ڕانیە و ڕەواندز و مەخموور و زێباری خرایە سەر، ئەمەش لەسەرچاوە مێژووییەکانی شاری هەولێردا هاتووە.

* لە لاپەڕە (٩٥)دا هاتووە [لە ڕۆژی ١٩١٧/٤/٦دا هێزەکانی بەریتانیا شاری بەغدایان داگیر کرد] کەچی لە هەموو سەرچاوە مێژووییەکانی عێراقدا هاتووە، هێزەکانی بەریتانیا بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵ مۆد لە ١٩١٧/٣/١١دا بەغدایان داگیر کرد و ئەم مێژووە لەژێرەوەی پەیکەرەکەی (مۆد) نووسرابوو.

* لە لاپەڕە (١٢٤)دا هاتووە [لە ١٩٧٤/٥/٤دا لەیلا قاسم و هەڤالانی لە بەغدا لەسێدارەدران] کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە و لە هەموو سەرچاوەکاندا هاتووە کە لە ١٩٧٤/٥/١٣دا لە سێدارەدراون و هەموو ساڵێ لەو ڕۆژەدا یادیان دەکرێتەوە.

* لە لاپەڕە (١٣٩)دا هاتووە: [لە ١٩١٩/٩/٢٠دا (یانەی سەرکەوتن) دامەزراوە، کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خۆی لەلاپەڕە (١٥١)دا نووسیویەتی لە ١٩٣٠/٥/٣٠ ئەو یانەیەی کوردان لە بەغدا دامەزراوە، چونکە لە ساڵی ١٩١٩دا جارێ عێراق دانەمەزرابوو.

* لە لاپەڕە (١٤٢)دا هاتووە [لە ١٩٧٢/٥/٢٢دا یەکەمین میهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکووک ئەنجام درا] کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ڕۆژانی ٢٢ و ٢٣ی ئاداری ١٩٧٢دا سازدرا و خۆم بەشداریم تێدا کردووە.

* لە لاپەڕە (١٦٢)دا هاتووە [لە ١٩١٩/٦/٩دا شێخ مەحموودی نەمر لە شەڕێکی قورس لە دەربەندی بازیان بریندار دەبێت و لەلایەن هێزی دوژمن بەدیل دەگیرێت.] کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە وەک نووسەر خۆی لە لاپەڕە (١٧١)دا نووسیویەتی لە ١٩١٩/٦/١٩دا لەشەڕی دەربەندی بازیان لەنێوان هێزەکانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان و سوپای عێراق دەستی پێکرد. لێرەدا ئەوە ڕاست دەکەمەوە کە سوپای بەریتانیا بوو، چونکە تا ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢١ سوپای عێراق دروست نەببوو.

* لە لاپەڕە (١٧٧)دا هاتووە [لە ١٩٩٥/٦/٢٤دا پەنجا ساڵ بەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوی وڵاتە یەکگرتووەکان تێپەڕی (یۆبیلی زێڕین) کەچی لە ڕاستیدا دەبێ بڵێ (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان) نەک (وڵاتە یەکگرتووەکان) و ئەو بۆنەیەش وەک نووسەر خۆی لە لاپەڕە (٢٩٢)دا دەری خستووە لە ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/٢٤دا دروست بووە و لە ١٩٩٥/١٠/٢٤ یادی پەنجا ساڵەی کرایەوە.

* لە لاپەڕە (١٨٧)دا هاتووە [لە ١٩٥٦/٦/٤دا کۆچی دوایی محەمەد عەلی عەونی]یە کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە وەک لە لاپەڕە (١٩٢)دا هاتووە لە ١٩٥٢/٧/١١دا کۆچی دوایی کردووە و ئەمەی یەکەم بسڕێتەوە. (چونکە لە هەموو سەرچاوەکانی ژیانی محەمەد عەلی عەونی سویرکی ڕۆژی ١١/تموز/١٩٥٢ بە ڕۆژی کۆچی دوایی ئەو مێژوونووسە گەورەیەی کورد چەسپاوە و بۆ جاری سێیەمیش نووسەر ڕۆژی ١٩٥٢/٧/١٥ی داناوە بۆ ڕۆژی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە واتە: سێ جار مراندوویەتی و مێژووی دووەمیان لە هەموویان ڕاستترە.

* لە لاپەڕە (١٩٧)دا هاتووە

[١٦/٧/١٩٧٢ پیلان لە دژی گیانی بارزانی نەمر لە لایەن ڕژێمی عێراق (بەهۆی مەلاکانەوە) ئەنجامدرا.]

ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و ڕاستییەکەی ئەوەیە وەک نووسەر خۆی لە لاپەڕە (٢٧٠)دا هەستی پێ کردووە و نووسیویەتی [٢٩/٩/١٩٧١ پیلانی بەعسییەکان دژی گیانی بارزانی نەمر لە حاجی ئۆمەران بووە و پێویستە مێژووی یەکەم بسڕێتەوە].

* لە لاپەڕە (٢٠٣)دا هاتووە [٢٣/٧/١٩٢٢ گرتنی شێخ مەحموودی نەمر لە لایەن ئینگلیزەوە] شێخ مەحموودی نەمر لە شەڕی دەربەندی بازیان لە پاڵ بەردەقارەمان بە برینداری گیراوە و حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچووە و لە دواییدا حوکمەکەی سووک کراوە و دوورخراوەتەوە بۆ هیندستان و لە ٣٠/٩/١٩٢٢ دوای ئازادکردنی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و کابینەی دووەمی حکومەتەکەی داناوە و بووەتە مەلیکی کوردستان.

* لە لاپەڕە (٢٣٠)دا هاتووە [١٦/٨/١٩٤٢ دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ک) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات] کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە وەک خۆی لە لاپەڕە (٢٦١)دا نووسیویەتی لە ١٦/٩/١٩٤٢دا دامەزراوە. نازانم بۆ دوو مێژوو بۆ یەک ڕووداو دادەنێ؟!

* لە لاپەڕە (٢٢٩)دا نووسراوە (١٥/٨/١٧٦٩ ڕۆژی لەدایکبوونی ژەنەراڵ ناپلیۆن بۆناپارتە لە شاری (ئەژاکیۆ) کە دەکەوێتە دوورگەی (کریس) و لە ڕۆژی ١٥/٥/١٩١٥دا لە دوورگەی (سەنت هیلین) کۆچی دوایی کردووە] ڕاستییەکەی ئەوەیە: ناپلیۆن لە شاری (ئەژاکسیۆ) لە دوورگەی (کۆرسیکا) نەک (کریس) لە دایک بووە. لە ساڵی ١٨١٥دا بۆ دوورگەی سەنت هیلین دوورخراوەتەوە نەک لەو مێژووەدا مردووە، بەڵکو وەکو هەموو سەرچاوەکانی ژیاننامەی ناپلیۆن ئاماژەی پێ دەکەن لە ساڵی ١٨٢١دا لەو دوورگەیەدا کۆچی دوایی کردووە.

* لە لاپەڕە (٢٧٨)دا هاتووە (٦/١٠/١٩٩٨ دامەزراندنی پارتی (ئینقازی تورکمانی) بە سەرۆکایەتی (شێرزاد حوێزی) کەچی ڕاستییەکەی (شێرزاد عوزێر)یان (عوزێری)یە نەک (شێرزاد حەوێزی).

* لە لاپەڕە (٢٨٥)دا هاتووە: [لە ١٥/١٠/١٩٩١ کۆنگرەی حەفتەمی (یەکێتی ئەدیبە کوردەکان) لە شەقڵاوە بەسترا] ڕاستە لە ڕۆژانی ١٥-١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا ئەو کۆنگرەیە بەسترا، بەڵام ناوی تەواوی ڕێکخراوە ئەدەبییەکە (یەکێتی نووسەرانی کورد)ە نەک (ئەدیبە کوردەکان) و بەو کۆنگرەیەش گوترا [کۆنگرەی ڕاپەڕین].

* لە لاپەڕە (٢٨٠)دا هاتووە [لە ١٠/١٠/١٩٤٥دا بۆمبابارانی سەختی لەندەن لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بە هاوبەشی فڕۆکەکانی ئیتاڵییی.]

کەچی لە ڕاستیدا لەو مێژووەدا پێنج مانگ و ڕۆژێک بوو جەنگی دووەمی جیهانی لە ٩/٥/١٩٤٥دا بەشکانی ئەڵمانیای نازی و ئیتاڵیای فاشی کۆتایی هاتبوو و ساڵانە یادی ئەو ڕۆژەی ٩ی مایس دەکرێتەوە.

* لە لاپەڕە (٢٩١)دا هاتووە [لە ٢٢/١٠/١٩٧٠دا دەرچوونی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد] کەچی لە ڕاستیدا یەکەم ژمارەی ئەو گۆڤارەی کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی ١٩٧٣دا دەرچووە وەک لەسەر بەرگەکەی نووسراوە.

* لە لاپەڕە (٣٠١)دا هاتووە [لە ٣/١١/١٩٨٤دا سێ حزبی کوردستانی و عێراقی تر دێنە ناو بەرەی کوردستانی] لە ڕاستیدا بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٤دا نەبووە، بەڵکو لە ١٩٨٨دا دامەزراوە، دیارە نووسەر دەبێ مەبەستی (بەرەی جوود) بووبێ.

* لە لاپەڕە (٣٠٦)دا هاتووە [لە ٨/١١/١٩١٩دا یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە شاری سلێمانی دەرچووە] کەچی وەک لەسەر بەرگی ژمارە (١)ی ڕۆژنامەکەدا نووسراوە لە ڕۆژی ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠دا دەرچووە.

* هەر لە لاپەڕەی (٣٠٦)دا هاتووە [لە ٨/١١/١٩٣٣دا مەلیک فەیسەڵی پاشای عێراق کۆچی دوایی کردووە] کەچی ڕاستییەکەی وەک خۆی لە لاپەڕە (٣٥٤)دا نووسیویەتی لە ٨/٩/١٩٣٣دا کۆچی دوایی کردووە. مرۆڤ یەکجار دەمرێ نەک دووجار و مێژووی یەکەم هەڵەیە و بسڕێتەوە.

* لە لاپەڕە (٣٠٩)دا هاتووە: [١١/١١/ ١٩٢٠ دامەزراندنی

یەکەمین کابینەی حکومەتی عیراق بەسەرۆکایەتی محەمەد گەیلانی] کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە وەک لە هەموو سەرچاوەیەکی مێژووی وەزارەتەکانی عیراقدا هاتووە لە ڕۆژی ١٩٢٠/١٠/٢٥دا بە سەرۆکایەتی (عەبدولڕەحمان نەقیب) نەک (محەمەد گەیلانی) دامەزراوە و نووسەر خۆیشی لە لاپەڕە (٢٩٣)دا ئاماژەی پێ کردووە، بەڵام نووسیویەتی دەوڵەتی عێراق و ڕاستییەکەی حکومەتی عێراقە، چونکە دەوڵەتی عیراق بە تاج لەسەرنانی مەلیک فەیسەلی یەکەم لە ١٩٢١/٨/٢٣دا ئینجا دامەزراوە.

* لە لاپەڕە (٣١٥)دا هاتووە: [لە ١٩١٧/١١/١٧دا بەرپا بوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنی سۆسیالیستی لە ڕووسیا بە سەرۆکایەتی لینین] کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ١٩١٧/١١/٧ی ساڵنامەی زایینی ڕۆژ ئاوایی بەرانبەر بە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ساڵنامەی زایینی ڕۆژهەڵاتی کە ئەوکات ڕووسیا لەسەری دەڕۆیشت، شۆڕشەکە بەرپاکراوە، بۆیە ناسراوە بەشۆڕشی ئۆکتۆبەر.

* لە لاپەڕە (٣١٨)دا هاتووە [لە ١٩٤٨/١١/٢٠دا کۆچی دوایی شاعیری کورد (زێوەر) کەچی ڕاستییەکەی وەک لە دیوانەکەی و سەرجەم سەرچاوەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، هاتووە لە ڕۆژی ١٩٤٨/١١/١٠دا کۆچی دوایی کردووە و نووسەریش لە لاپەڕە (٣٠٨)دا بەڕاستی نووسیوە و نازانم بۆ دووجار دەیمرێنێ؟]

* لە لاپەڕە (٣٢٥)دا هاتووە [لە ١٩٤٧/١١/٢٩دا سەربەخۆیی ئیسرائیل ڕاگەیەنرا] کەچی لەو ڕۆژەدا تەنیا بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە دابەش کردنی فەلەستین لە نێوان عەرەب و جوولەکە دەرچوو و دوای نزیکەی شەش مانگ لە ١٩٤٨/٥/١٥ دەوڵەتی ئیسرائیل ڕاگەیەنرا،ساڵانە ئەو دەوڵەتە یادی ئەو ڕۆژە دەکاتەوە و نووسەریش لە لاپەڕە (٣٢٦)دا ئەو ڕۆژەی ١٩٤٧/١١/٢٩ی بە ڕۆژی بڕیاردانی دابەشکردنی خاکی فەلەستین لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان داناوە، کە ئەمەیان ڕاستە.

* لە لاپەڕە (٣٣١)دا هاتووە لە ١٩٧١/١٢/٦دا کامەران بەدرخان کۆچی دوایی کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێ: بە ڕوانگەیەکی دیکەش (لە ڕۆژی ١٩٧٨/١٢/٤دا بووە). ئەمەی دواییان ڕاست و تەواوە.

* لە لاپەڕە (٣٥٠)دا هاتووە [لە ١٩٢٩/١٢/٢٦دا بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی (ژین)ە لە سلێمانی] کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە بڵێ یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (ژین) لە ١٩٣٩/١/٢٦دا دەرچووە، نەک لە ساڵی ١٩٢٩، چونکە ئەو کات ڕۆژنامەی (ژیان) دەردەچوو و دوای پتر لە ١٠ ساڵ ئینجا ڕۆژنامەی ژین لەلایەن پیرەمێردەوە دەرچوو [بنوارە- د. کەمال مەزهەر- تێگەیشتنی ڕاستی- بەغدا ١٩٧٨ ل٢١٨].

* لە لاپەڕە (٣٨)دا هاتووە [١٩١٧/٢/٢ ڕۆژی لە دایکبوونی شاعیری بەناوبانگی کورد یوونس ڕەئووف (دڵدار) لە شاری کۆیە] کەچی ڕاستییەکەی وەک لە ڕوانگەیەکی ترەوە چنگی کەوتووە لە ڕۆژی ١٩١٨/٢/٢٠دا لە شاری کۆیە لە دایک بوو و مرۆڤیش یەک جار لە دایک دەبێ.

* لە لاپەڕە (٢٥)دا هاتووە [١٧٠٦/١/١٧ لە دایک بوونی زانا و فەیلەسووفی ئەمریکی (بنیامین فرنیکن) کەچی ڕاستییەکەی ناوی ئەم زانایە (بنجامین) یا (بنیامین فەرەنکلین)ە نەک (فرنیکن).

ئەمانە بوون چەند تێبینییەکم بەرانبەر بە ڕووداوەکانی ناو ئەم کتێبەی کاک حەمید گەردی و مەبەستیشم تەنیا ڕاستکردنەوەی هەڵە و دەرخستنی ڕاستییە. بەو ئومێدەی لە چاپی دووەمی کتێبەکەدا ڕاست بکرێنەوە و بەدروستی بخرێنە بەرچاوی خوێنەران و دەست خۆشی لە نووسەرەکەی دەکەم.

# بواری لێکسیکی – Le champ lexical

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**
**(زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی زمان)**

هەروەکو لە زاراوەی ژمارەی ڕابردووی ڕاماندا (ژ- ١٣٣) تێبینی ئەوەمان کردبوو کە ئێمە بەرانبەر بە Champ- بوار- دادەنێین، نەک: کێڵگە، چونکە کێڵگە وەرگێڕانێکی وشە بە وشەیە و دواتر وشەی کێڵگە لە زمانی کوردیدا بۆ هیچ بوارێکی دیکە بەکارنایێ لە غەیری کێڵگە خۆی، بەڵام ئەم سیفەتە لە زمانی عەرەبیدا بەپێچەوانەوەیە، عەرەبەکان دەمێکە ڕاهاتوون وشەی (حقل- Champ) بۆ زۆر مانا بێجگە لە مانای ڕاستەوخۆی خۆی بەکاربهێنن، هەمان شت لەفرەنسیش باوە، بۆیە ئێمە زۆر بە گونجاوی دەزانین وشەی [بوار] بەکاربهێنین، چونکە لەلای ئێمە بۆ مانای خۆی و مانای دیکەش بەکاردێ. دەتوانین بڵێین: لە بواری زمانەوانی، دەتوانین بڵێین بوارەکانی ناوەوەی زمانەوانی... تاد. سەرەنجام:

مەبەست لە بواری لێکسیکی، کە لە هونەری شیعر و ئەدەب و زانستی زمانیشدا بەکاردێ، ئەوەیە: دەشێ لەناو تێکستێکدا گەلێک وشە و زاراوە هەبن پێوەندییان بەیەک چەمکەوە هەبێ، وەک بۆ نموونە، لە شیعری «گەشتی هەورامان»ی گۆران، کۆمەڵە وشەی گابەرد، لاڕێ، دارستانی ڕەش، سێبەر، دارگوێز، چەم، ژن، شاخ،.... خەیاڵمان جیهانی بەرینی ڕۆمانسی و ئینتیباعی گۆران ڕادەکێشێ، لە هەمان کاتدا چەند وشە و وێنەیەکی دیکە خەیاڵمان بۆ جیهانێکی تەسکتر دەباتەوە وەک: گوند، ڕێگای دێهاتی، ولاخ، مزگەوت... تاد. بواری لێکسیکی بریتییە لە هەموو ئەو وشەو زاراوانەی پێوەندییان بە واقیعێک، ئایدیایەک، چەمکێکەوە هەیە.

گرینگی بواری لێکسیکی: پیشاندانی- بواری لێکسیکی تێکستێک بایەخێکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی ئەدەبی کە یارمەتیمان دەدا ئەو بابەت- تێم- Theme-انە دیاری بکەین کە لەناو تێکستێکدا زاڵن، بەڵام هەر تەنیا دیاری کردنی ئەم تێمانە هەموو شتێک نین، بەڵکو دەبێ شی بکرێنەوە، بەتایبەتی لە ڕووی پێکهاتە و پێوەندی دوور و نزیکی خۆیان لەگەڵ ئەو چەمکانەی پیشانی دەدەن. بۆ نموونە لە ڕۆمانی «بێگانە»ی ئەلبێر کامو- A. Camus، کە دەڵێین: بواری لێکسیکی ڕۆژ، یان (خۆر)، ئەم بوارە زۆر لایەنی دیکە دەگرێتەوە کە پێوەندییان بەهەمان

چەمکی (خۆر)ەوە هەیە، وەک: سێبەر، گەرمایی، ئارەقە. ماندوێتی، پیاسە، ئاو، دەریای ناوەڕاست... تاد شیکردنەوەی بواری لێکسیکی بەپێی تێم و بابەت دەگۆڕێ.

* بواری سێمانتیکی- Le champ semantique
بواری سێمانتیکی زۆر لە بواری لێکسیکی جیایە، بواری سێمانتیکی بریتییە لە هەموو ئەو مانایانەی کە وشەیەک دەشێ پێشکەشمانی بکا، وەک وشەکانی ناو فەرهەنگێک کە دەشێ بەرانبەر هەر وشەیەک چەند مانایەک هەبێ، بەڵام لە ئەدەبیاتدا- بۆ نموونە: وشەی (جوانی) لەلای گۆران دەشێ زۆر مانا بدا، وەک داهێنانی ئازاد و شاراوە، داهێنانێک کە بە ڕێگا کلاسیکییە ئاساییەکان دروست نەبووە، بەتایبەتی لە ڕوانگەی ڕۆمانسیزم و ئینتباعییەت: Ex-pressionisme، ئینجا کە زاراوەیەک کۆمەڵێک مانا دەدا دەوترێ: پۆلی سێمێک، Polysemique.

**سیمای ئێپیکی- La Tonalite Epique**

بەرانبەر بە Tonalite وشەی (سیما)م داناوە، ئەگەرچی ئەم وشەیە لە تۆن- Ton-ەوە هاتووە، کە وەک تایبەتمەندی ئەدەب بەگشتی و شیعر و گێڕانەوەی ئێپیکی (ملحمي) دێتە بەرچاو، وشەی (سیما) لە کوردی بە زۆر مانا دێ وەک: تایبەتمەندی شتێک، ڕواڵەتی شتێک، خاسیەتی دەرەوەی شتێک کە ناوەوەی پێ بناسرێتەوە، ئەدەبی ئێپیکی بە گێڕانەوەیەکی پڕ لە کردەی زۆر تایبەتمەند ناسراوە کە جێگای باوەڕکردن نەبێ، پڕە لە ئەفسانە و شتی ناوێزەی دوور لە واقیع و تەواوی ئەم کردانە پاڵەوانێکی خەیاڵی یان سەرەوەی مرۆڤ- surhumain ئەنجامیان دەدات. کردەکان و ڕووداوەکان، هەردەم فۆڕمێک وەردەگرن کە ناکۆکی نێوان جیهانی چاکە و جیهانی خراپە دەردەبڕن.

بابەتەکانی ئەدەبی ئێپیک، کەسایەتییەکانی، شێوازی نووسین، هەرهەموویان خاسیەتی هاوبەشیان هەیە و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. هەندێ جار لە ئەدەبی ئێپیکی کۆمەڵە خەڵکێک، یان کۆمەڵێک پاڵەوان بە دەردەکەون، هەندێ جاریش، یەک پاڵەوان کە نوێنەرایەتی میللەتێک دەکا و وەک ڕەمزێک دێتە بەرچاو. نموونە، داستانی قەڵای دمدم لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، کۆمەڵە خەڵکێک وەک کەسایەتییەکانی ناو ئەم داستانە نوێنەرایەتی تەواوی کورد دەکەن، لە هەمان کات، خانای لەپزێڕین-یش بە تەنیا وەک پاڵەوانێک نوێنەرایەتی کورد و میللەتی کورد دەکا، وەک ڕەمزێک دێتە بەرچاو.

لەو ئەدەبەی کە سیمایەکی ئێپیکی هەیە، بە پلەی یەکەم لە بەیت و داستانە ئەفسانەییەکان دەدۆزرێتەوە، پاڵەوانی سەرەکی کەسایەتی سەرەکی تێکستی ئێپیکی-یە، ئەم کەسایەتییە، نیوە مرۆڤە و نیوە خوداوەندە، هەردەم نوێنەرایەتی جیهانی چاکە دەکا، لە داستانە کوردییەکان دێوی سپی و دێوی ڕەش هەیە، ئەمەش هەردەم وەک جیهانی چاک و جیهانی خراپ دێتەبەرچاو، ناکۆکی جیهانی، لە هەمان کاتدا وێنەیەکیشە بۆ ئەو دوالیزمە فەلسەفییەی کە لە بنچینەی بووندا هەیە. نوێنەری جیهانی چاکە، توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە و قەت هەڵە ناکا و ڕووداو و دیمەنی ئەفسانەیی و دوور لە واقیع پیشان دەدا. بابەتی سەرەکی ئەدەبی سیمای ئێپیکی هەردەم جەنگە، تێکەڵ بوون و ناکۆکی نێوان جیهانی واقیعی و جیهانی سەرەوەی واقیع. بە درێژایی مێژوو، لە ئیلیادە و ئۆدێسەوە ئەم پێکهاتەیە بەردەوام بوونی هەبووە کە وەک سیمایەک خۆی پیشان دەدا.

**سەرنج:**

**خوێنەری بەڕێزی ئەم گۆشەیە ئاگادار دەکەمەوە کە دەستنیشان کردن و نووسینی سەرچاوەکانی ئەو زاراوانەی سوودم لێیان وەرگرتووە لە کۆتایی زنجیرەکە بەسەریەکەوە دەنووسرێن.**

# ڕاست کردنەوەی چەند هەڵەیەک

**دلزار**

لە ڕۆژی (٢٠٠٨/٣/٢٣)دا هونەرمەندی ناسراو کاک وریا ئەحمەد هاوپەیڤینێکی لەگەڵدا سازدام لەماڵی خۆمان لە گەڕەکی رووناکی هەولێر، لە ژمارە (١٣٢)ی گۆڤاری ڕاماندا بلاوکرایەوە، بەڵام بەداخەوە گەلێ هەڵەی تێکەوتووە کە ئەمانەن:

١- لە لاپەڕە «١٣٨» ستوونی یەک دێری شەشەمدا ئەمە نووسراوە: «لە دۆڵی سماقوڵیدا، کە ئەمڕۆ بەناوی دۆڵی ئەسحابان ناونراوە...»

- لە ڕاستیدا دۆڵی ئەسحابان، دۆڵی سماقوڵی نییە، دۆڵی ئەسحابان بەدەشت حساب دەکرێت و جگە لەچەند گردۆڵکەیەک، هیچ لەمپەرێکی لەپێش نییە، بەڵام سماقوڵی سەیدان کە (سماقوڵی گەلی)شی پێ دەڵێن لەوانەیە کیلۆمەترێک، یان پتر لە دۆڵی ئەسحابان دوور بێ و کەوتۆتە بن کلکەی سەفینەوە.

٢- دیسان لەلاپەڕە «١٣٨» ستوونی دوو، دێری هەشت نووسراوە: «سولەیمان بەگی گەورە..»

- دەبوو بنووسرایە «سولەیمان پاشای گەورە..»، چونکە والی بوو پلەی وەزیری هەبوو.

٣- هەر لەهەمان لاپەڕە و ستووندا لە دێری سێزدەوە ئەمە نووسراوە: لەشکرەکەی میرنشینی کۆیە بەسەرکردایەتی عوسمان پاشا... لەچیای ئاوەگردی دۆڵی سماقوڵی [!!] داکۆکییان لەخۆ کردووە..

- ئەمە ڕاست نییە و چیای ئاوەگرد لەناو دۆڵی سماقوڵیدا نییە، چیا چۆن لەناو دۆڵدا دەبێ!

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕووداوە فەرموون گوێ لەم چەند واتەیەم بگرن: کۆیێ تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمی زایینی تا ساڵی ١٧٥١ میرنشینێکی سەربەخۆ بووە، عوسمان پاشای برای قۆچ پاشا میری بووە، لە ساڵی ١٧٥١ی زایینیدا والی بەغدا (سولەیمان پاشای گەورە) بەفەرمانی سوڵتانی عوسمانی بە لەشکرێکی گەورەی پڕ چەک و تفاقەوە هەڵدەکوتێتەسەر میرنشینی کۆیە و عوسمان پاشاش لە قەڵای ئاوەگرد داکۆکی دەکات و مەردانە بەرانبەر سوپایەکی زۆری عوسمانی دەوەستێت و زیانێکی زۆریشیان لێ دەدا.

جا لەدوای بەرخودانێکی کەم وێنە لە ئەنجامی نەمانی تەقەمەنی و ئازووقە و ئاویش، قەڵایەکە دەگیرێت و عوسمان پاشا و ئیبراهیم بەگ و سولەیمان بەگی برای و حەسەن بەگی کوڕی بەدیل دەگیرێن لەپاشان وەزیر:

سولەیمان پاشای والی بەغدا، سەریان دەبڕێ و بەدیاری بۆ ئەستەنبۆلیان دەنێرێ!

{لە بەشی سێیەمی [بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم]ی دلّزار وەرگیراوە}

٤- لەلاپەڕە «١٣٩»، ستوونی یەک، دێری هەشت لەخوارەوە نووسراوە: «ئنجا کاک دلّزار گوتی: ئەختەر ئەگەر بەموتەسەریفی هەولێری بگوتبا: فلان کارمەند ستەم لە دانیشتوان دەکات و حەزدەکەین لای بەن، ئەوا بەقسەی دەکرد و کارمەندەکەی دەگۆڕی..»

- لە ڕاستیدا ئەگەر بە موتەسەریفی کەرکووکی بگوتایە... چونکە ئەوسا هەولێریش وەکو کۆیە قەزایەکی کەرکووک بوو، لەساڵی ١٩١٩ هەولێر کرا بە لیوا. (*)

٥- لەکۆتایی ستوونی یەک و سەرەتای ستوونی دووی لاپەڕە «١٣٩»دا نیوە شیعرێکی حاجی قادری کۆیی نووسراوە کە لە ئەستەنبۆلەوە وەک دیاری بۆ ئەختەری ناردووە بۆیە حەزدەکەم هەموو پارچە شیعرەکە بلاوبکەمەوە کە چلّەپۆپەی شیعری کلاسیکی کوردییە:

**ئەی محەممەد وەی ئەمین و الدولە ئەمڕۆ کویی تۆ**
**جەننەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوورکەوتەوە**

* * *

**مودەتێکە دەربەدەر گەردی وڵاتی غوربەتم**
**بەندە یادی ئاستان بۆسی ئەتۆی کرد هاتەوە**

* * *

**چونکە توحفە لازمە هەرکەس لە غوربەت بێتەوە**
**بەم دووفەردە من قەزای سەد گۆنە توحفەم کردەوە**

* * *

**قاوەچی بەزمی ئەتۆ دنیایە سینی ئاسمان**
**ئافتابی زەرفە، فنجانی مەهە، قاوەی شەوە**

* * *

**ئەو شەوە بۆ هەرکەسێ دنیا بکاتە ڕۆژی ڕوون**
**شەو لە خیتەی عومری ئەو عەنقایە دەربانی خەوە**

٦- لەلاپەڕە «١٣٩» ستوونی دوو دێری (١٠)دا ناوی دایکی ئەمین ئاغا هاتووە: «کچی حاجی یاسین ئاغا بووە، دیوەخانی تایبەتی خۆی لە تەنیشت دیوەخانی حاجی بەکر ئاغای هاوسەری بووە، هەرکەس سەردانی حاجی بەکر ئاغای بکردایە دەچووە دیوەخانەکە و دایکی ئەمین ئاغاش کە بە (ئۆیای) بانگ دەکرا...»

- لە ڕاستیدا دیوەخانی (ئۆیای) لە تەنیشت دیوەخانی ئەمین ئاغای کوڕی بووە.

٧- لەناوەندی ستوونی یەکی لاپەڕە «١٤٠»دا نووسراوە:

«ژێرزەمینی ئەو خانە گەورەیە تەویلەی وڵاغ و نهۆمی دووەمیشی میوانخانە بووە...»

- دەبوو بنووسێ نهۆمی یەکەمی تەویلەی وڵاغ و نهۆمی دووەمیش میوانخانە بووە.

٨- لەهەمان لاپەڕە «١٤٠» لەدێری دوازدەوە تا کۆتایی بڕگەکە بە هەڵە نووسراوە وەکو: «کاسبکاران و دوکاندارانی کۆیە هەموو بەیانیان چوونەتە ئەو کاروانسەرایە و فاتیحایان خوێندووە و چایەکیان خواردۆتەوە.. [!!!]، حەماغای کۆیە دوکانی لەو کاروانسەرایەدا هەبووە!»

بەڵام من گوتوومە:

شاری کۆیە ترانزێت بووە، کاروانسەرایەکی گەورەی هەبووە کە هێشتا شوێنەواری ماوە، کاروانی زۆر لەئێرانەوە بەڕێی تەورێز و سابلاغدا دەهاتنە کۆیە و لەوێشەوە دەچوونە مووسڵ و حەلەب و تا ئەستەنبۆلیش دەچوون زۆر جۆرە کالایان لەگەڵ خۆیان دەهێناو دەبرد، یان لەکۆیەوە بەڕێی ئاو دەچوونە تەق تەق و تکریت و بەغدا بەکەڵەک بەسەدان فەردەتووتن و مازوو و جەوت و گوێز و بەدەیان هیزەڕۆن و پیستە پەنیر و دۆشاو و هەنگوینیان دەگەیاندە بەغداو بەمووسڵ و حەلەبیش هەر بەم جۆرە.

باپیری منیش حەماغای مستەفاغای حەوێزی، نەک حەماغای مەحموود ئاغای غەفووری، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتایەکانی سەدەی بیستی زایینی توجارباشی کۆیەبووە، نووسینگە و شوێنی ڕۆژانەی لەیەکێک لە ژوورەکانی کاوانسەرای کۆیە بووە و هەموو ڕۆژێک سەر لە بەیانییان بازرگانەکانی کۆیە بەپێی یاسای ڕێسای ئەوسا چوونە تەلاری قاوەیەکیان خواردۆتەوە و فاتیحایەکیان خوێندووە و ئینجا چوون دوکانەکانیان کردۆتەوە.

٩- لەناوەڕاستی ستوونی یەکی لاپەڕە «١٤٠»دا ئەمە نووسراوە:

«گوتم مامۆستای بەڕێز لەسەردەمی منداڵی و

مێردمنداڵی خۆت لەکۆیە وەک مەقام و گۆرانیبێژ چ کەسێکت وەبیرە؟»

– وەرامی ئەم پرسیارەم زۆر بەکورتی دایەوە، بۆیە لێرەدا دەمەوێ باسی هەندێ گۆرانی تر بکەم:

– لەساڵانی سی و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێک دیانی مووڕێس لەباغی (شەمە) و (ئۆمەر خوچان)ی ئێمەدا خەڕەک ڕێس بوون وەک (مینەدیان میناس) و (شمون عەتار) و (عەبدەی سیبەی) و (پەلەی سێوە) و (شەعیەی مەڕبێن) و گەلێکی دی، ئەمانە بەدرێژایی ڕۆژ لەگەڵ مووڕێستندا زۆر جۆرە بەستە و گۆرانییان دەگوت و هەندێکیان مەقامیشیان دەگوت و دەنگیشیان خۆش بوو، میناس زۆر وەستایانە (شلە و خانان)ی دەگوت و خوشترین شایی پێ دەگێڕا. هەندێ لەو گۆرانیبێژانە لە شایی و زەمانەوەندی موسڵمانانیش هاوبەشییان دەکرد.

دیانەکانی کۆیە لەکاتی ژن گواستنەوەدا بووکیان بەدەوری گەڕەکەکەی خۆیاندا دەگێڕا لەکۆڕەوێکی خۆشدا بەگۆرانی و تاس مەعرف لێدان (صنج بەعەرەبی) کە ئامێرێکی مۆزیکییە لەشێوەی دوو لەنگەری لەکانزای برۆنز، یان مس دروست دەکرێ، کە لێکیان دەدان، ئاوازێکی خۆشی لێ دەردەچوو، ئەوجا گۆرانی (هێ ڕەوشەنێ، پێش قۆشەنێ)یان لەگەڵدا دەگوت و خوشکێکی زاواش دوو هێزاری زەرد و سووری بەهەردوو دەستییەوە دەگرت و تا ماڵی زاوا لەپێش بووکێ سەمای دەکرد.

لەسەرەتای شیعر دانانیشم لەساڵی ١٩٤٠ەوە دۆستایەتیم لەگەڵ (محەمەد مسکین) پەیدا کرد کە هاوتەمەن و هاوکارم بوو، بەیەکەوە شیعرمان دادەنا و لە شیعر دەدواین، جار جارە مەلاکەریمی نانەوا کە شاعیرێکی کلاسیکی بوو ناوبانگی شیعری [منتظری] بوو دەهاتە ساڵۆنەکەی مسکین و ئەویش شیعری خۆی دەخوێندەوە و پەسنی شاعیرە کۆنەکانی دەدا.

مسکین (محەمەدی حاجی بەگ) سەرتاش بوو، ساڵۆنێکی پاک و ڕووناکی لەبازاڕی ئەوقاف (بازاڕی نوێ) بەرانبەر مزگەوتی گەورە هەبوو، هەندێ شیعری گۆرانی دانا بوو کە یەکێکیان بەم کۆپلەیە دەستی پێ دەکرد:

**یارم ڕەش پۆشە بەپێچەو عەبا**
**بۆ لێم تۆراوی ناڵێی مەرحەبا**
**یاری بێ وەفا**

بەداخەوە مسکین لەهەڕەتی لاویدا، لەتەمەنی «٢١» ساڵی لە هاوینی ١٩٤١ لە کۆیە ئەستێرەی ژینی کشاو کوژایەوە.


هەر لە ساڵی ١٩٤١ دابوو کە دۆستایەتیم لەگەڵ (حەمە ڕەشیدی ئەمینی ڕەمکان) پەیداکرد، کە بە حەمە ڕەشیدی شێرزاد دەناسرا، حەمە ڕەشید لە ساڵانی (١٩٤١ و ١٩٤٢) بە شەو پاسەوانی قوتابخانەی ناوەندی کۆیە بوو دۆستایەتیم لەگەڵیدا خۆش بوو، زۆر شیعری منی کردە گۆرانی، لەماوەی ساڵێکدا شاعیریەتی منی بە هەموو کۆیە ناساند، تەنانەت ناوی کوڕەکەشی نا [دڵزار].

لەدوای کودێتایە شوومەکەی شوباتی ١٩٦٣ کە تێکڕای شیعر و دەسنووس و کتێبەکانم فەوتا، لە ڕێی کاک حەمە ڕەشیدەوە هەندێ شیعرم کەوتەوە دەست.

**(*) لە بابەتەکەی مامۆستا کەریم شارەزا کە هەر لەو ژمارەیەدا لە تەوەری (خوێندنەوەی کتێب)دا بلاوکراوەتەوە نووسراوە: لە ڕۆژی (١/ ١١/ ١٩١٩)ەوە قەزای هەولێر لە پارێزگای مووسڵ جیاکرایەوە، نەک لە پارێزگای کەرکووک و قەزایەکانی کۆیە و ڕانیە و ڕەواندز و مەخموور و زێباری خرایە سەر، ئەمەش لە سەرچاوە مێژووییەکانی شاری هەولێردا هاتووە.**

**(ڕامان)**



# کە دەمانەوێ گۆرانی بڵێین، دەبێ لە خۆمان بپرسین گۆرانی چییە؟

ئەحمەد حەقناس
(بۆکان)

که باسی گۆرانی دەکرێ. تەمەنێکی تایبەتی نییە تازە و کۆنییەکەی بۆ بە باشی و بەهێز وتنی دەگەڕێتەوە. بیستوومانە و دەبیستین چەندین گۆرانی کە لە مێژوویەکی زۆر کۆندا وتراون، کەچی هەروەک خۆر تیشک دەدەن. گۆرانی واش هەیە ئەم ساتە دەوترێ بۆ سبەی وەک مردووی ناو گۆڕی لێدێ، وێنەش بۆ ئەم ڕاستییە زۆرە، گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک و عەلی مەردان و هەزاران کەڵە هونەرمەندی تری وەکو ئەمانە، هەتاهەتایە دەنگ و گۆرانییەکانیان دەمێنێتەوە و دەوترێنەوە. ئەو گۆرانییەی بە ئیفلیجی لە دایک دەبێ، هەر ئەو ساتە بە گۆڕی لە بیرچوونەوە دەسپێردرێ، چونکە گۆرانی تەنیا وتن نییە، ئەگەر بمانەوێ سەرنجێکی ئەو پۆستەرانەی سەر شووشەی تۆمارگاکان بدەین، دەبینین هەر یەکە و بەجۆرێ باس لە خۆیان و لە گۆرانییەکانیان دەکەن. مزگێنی بڵاوبوونەوە دەدەن، بۆ خۆشیان لە تەمەنێکی گۆرانی زۆر کورتدان، ئەوەشی کە خستوویانەتە سەر شریت گۆرانییەکی کرچوکاڵە، یان جووینەوەی بنێشتی هونەرمەندانی ترە.

بێ گومان ئەمەش لە ڕووی نەزانین و پەلەکردندا هاتووەتە ئاراوە. زۆربەی ئەو خاوەن گۆرانیانە هونەرمەند نین، وەک پیاسەیەکی کات ڕابواردن بەسەر شەقامی گۆرانیدا تێدەپەڕن، گۆرانی لە لایان خۆ نواندنە و بەس. پێدەچێ وەک جگەرە کێشان لایان بە مۆد دابنرێ، من بە دڵنیاییەوە ئەم قسانە دەڵێم چون ئێستا گۆرانیبێژمان لە گوێبیس زیاترە.

گۆرانی خۆ نواندن و سەربانێکی بێ ئاوەڕۆ نییە، گۆرانی وەک شارەزایانی مەقامات و گۆرانی دەڵێن، تیشکی هیوا و باوەڕکردنە بە دوارۆژ، تەنیا زۆری و بۆری نابێ بە گۆرانی. لە گۆرانیدا ڕەسەنایەتی و خاوەنایەتی دوو بناخەی سەرەکین، ئەگەر ئەم دووانەی تێدا نەبوو، ئەوە هیچ تایبەتمەندییەکی تێدا نابینرێ.

دەپرسین: گۆرانیبێژ کێیە؟ گۆرانیبێژ ئەو کەسەیە کەوا لە پێناو ئاواتەکانی خەڵکدا بێ. دەبێ ئاوازی گۆرانییەکانی وا دابڕێژێ کە مۆرکی ڕەسەنایەتی و دەنگی خۆی پێوە دیار بێ، نە لاسایی کردنەوەی ئەم و ئەو. گۆرانیبێژ دەبێ هونەرمەند بێ، زۆر ئاگاداری جیهانی وتنی گۆرانی بێ، دەبێ خاوەن ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی بێ و بە چاکی لە گۆرانی تێگەیشتبێ و هەوڵی پێش خستنی بدا. بە بیروڕای من ئەگەر ئەو گۆرانیبێژە نەتوانێ بە ڕوونی تایبەتمەندی دەنگی خۆی بۆ ئەو سەردەمەی تێیدا دەژی، دیاری بکا و لە جیهانی گۆرانیدا شوێنێ بۆ خۆی دەستەبەر بکا، ئەو نابێ دوارۆژ مافی شەرەفی ڕێز گرتنی بدرێتێ، چونکە پێویستە لە وتنی گۆرانیدا پەلە نەکا و ئاگادار بێ، کە ئەوەی دەیڵێ تا گۆرانییەکی ڕێکوپێکی لێ دروست نەکا، بڵاوی نەکاتەوە، چونکە گۆرانییەکی ڕێکوپێک لە هەزار گۆرانی بەناو گۆرانی چاکترە و لە زۆر هونەرمەندی ڕاستەقینەمان بیستووە لە ئاواز دارشتن و بڵاوبوونەوە پەلە نەکرێ، جاری وا هەیە گۆرانییەک پتر لە ساڵێ لە مێشک و دەروونیاندا گینگڵ دەدا، ئەگەر ئەمە ڕای هونەرمەندانی وڵاتەکەمان بێ، ئەی ئیتر ئێمە قۆڵی خۆمانی بۆ لێ هەڵنەماڵین، بڕوا بکەن گۆرانییەکی باش لە چەندین گۆرانی کرچوکاڵ و ئاڵۆز باشترە. ئەگەر هەر بەم شێوەیە بڕۆنە پێش نەک هەر گوێبیس، خودای گۆرانیش لێتان نابووری.